حکومەتی هەرێمی کوردستان/ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زمان
بەشی زمانی کوردی

# بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری (سالم)دا

نامەیەکە

**مەریوان حمەکریم احمد**

پێشکەشی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت:

**پ.د. فازیل مەجید مەحمود**

(2722)ی کوردی (2022)ی زاینی

لەسەر ڕوو دانەیی خاڵت بە فەن داناوە، دەیزانم
بە قەصدی مورغی دڵ زوڵفت بە دەورا داوە، دەیزانم

خەریکی دڵنەوازیمی بە چاوی مەرحەمەت، ظاهیر
نیهانی بۆ سەرم تیغی بڕۆت ساو داوە، دەیزانم

گرانخێزی لە ڕفتارا، بەهانەت عوجب و تەمکینە
بە بالاتا لە گێسوو ئەژدەها ئالاوە، دەیزانم

سیەهدڵ مەردومان، چ بکەم، لە شەرعا شاهیدی نادەن
دزینی دڵ لە سینەمدا فوتووری چاوە، دەیزانم

وەکوو سینەم دەبێ تێک چێ، لە هەر جێ دڵ قەراری بێ
لە زوڵفا ئاشیانی بەستبێ، شێواوە، دەیزانم

لە ڕووی بەرقی تەجەللیی حوسنتا، موشکیل دڵم مابێ!
موجەسسەم گەر لە سەنگی خارە بێ، سووتاوە، دەیزانم

فەریبی دڵ دەدەم دایم بە مژدەی ڕوئیەتی حوسنت!
ئەگەرچی وەصڵی تۆ عەنقا صیفەت هەر ناوە، دەیزانم

قیامەت حەشرە بۆ عالەم، وەلێکین هەر لە ئێستاوە
خوداوەند بۆ ڕەقیبم دۆزەخی تاو داوە، دەیزانم

موبالاتی نەبوو دڵبەر بە حاڵی "سالم" ی مەظڵوم
بە حەرفی موددەعیی ظالم، بەدڵ تۆراوە، دەیزانم

**سالمی ساحێبقڕان**

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (**بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری سالمدا**) بە چاودێریی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادە کراوە و بەشێکە لە پێداویستیەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت

**پ. د. فازیل مەجید مەحمود**

ڕۆژ: / / ٢٠٢٢

هەواڵنامەی کتێب

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن ئەکەم.

پ. ی. د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕۆژ: / / ٢٠٢٢

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، نامەی (**بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری سالمدا**)مان خوێندەوە و پاش گفتوگۆ و تاوتوێکردنی نامەکە لەگەڵ خوێندکار (مەریوان حمەکریم احمد)دا، لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی ترەوە، بڕیارماندا شایەنی ئەوەیە بە پلەی

(                    ) بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا پێ بدرێت.

سەرۆکی لیژنە

پ.د. عبدالقادر حمە أمین محمد

ڕۆژی:      /     / ٢٠٢٢

ئەندام

پ.د. فەرهاد قادر کریم

ڕۆژ:      /     / ٢٠٢٢

ئەندام

پ.ی.د. سافیە محمد أحمد

ڕۆژ:      /     / ٢٠٢٢

ئەندام

پ.ی.د. سامان جلال عزیز

ڕۆژ:      /     / ٢٠٢٢

ئەندام

پ.ی.د. ئومێد رحیم شمس الدین

ڕۆژ:      /     / ٢٠٢٢

ئەندام و سەرپەرشت

پ. د. فازیل مەجید مەحمود

ڕۆژ:      /     / ٢٠٢٢

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زمانەوە پەسەند کرا.

ڕاگر: پ.د. شاخەوان جلال حاجی فرج

ڕۆژ:      /     / ٢٠٢٢

هەواڵنامەی کتێب

## پێشکەشە

پێشکەشە بە ڕۆحی پاک و پەپولەئاسای هەردوو جوانەمەرگی برام

١ – **هۆشیار حەمەکەریم ئەحمەد**

٢ – **بەختیار حەمەکەریم ئەحمەد**

کە لە چواردە بەهاری تەمەنیاندا بوون و ماڵئاوایی یەکجارییان لێ کردین.

هەواڵنامەی کتێب

# سوپاس و پێزانین

سوپاسی بێپایانم بۆ:

- مامۆستای ئازیزم بەڕێز (پ.د. فازیل مەجید مەحمود)، کە سەرپەرشتیی تێزەکەی گرتە ئەستۆ، دڵسۆزانە و هاوڕێیانە ڕێنماییی زانستی و ئەکادیمی کردووم و لەگەڵم ماندوو بوو، پڕبەدڵ سوپاسی هەوڵ و ماندووبوونی دەکەم.

- هاوڕێ و برایانی خۆشەویست: (م. بەختیار عەلی محەمەد، م. محمد کەلایی، م. سەیوان محەمەد، ڕەنجدەر حەسەن)، کە لە وەرگێڕانی سەرچاوەکاندا هاوکارییان کردووم، هەروەها برایانی بەڕێز: (پ.د. فەرهاد قادر، ساڵح هەلاج، کاروان عوسمان خەیات، دیلمان قادر)، کە بە سەرچاوە هاوکارییان کردووم.

- هاوڕێی ئازیز و بەڕێزم، مامۆستا (بژوێن یەحیا محەمەد)، کە لە هەڵەچنی ڕێنووسدا هاوکاری کردووم.

- خانەوادە خۆشەویستەکەم (دایک و باوکم، خوشک و براکانم)، کە هەمیشە لە تەواوی قۆناغەکانی خوێندنمدا پاڵپشتی سەرەکی سەرکەوتنەکانم بوون و زۆر پێمەوە ماندوو بوون.

- مامۆستایان و دکتۆرە ئازیزەکانی قۆناغەکانی خوێندنم، هاوڕێیانم و هەموو ئەو ئازیزانەی وشەیەکیان فێرکردووم، یان بە وشەیەک بوون بە پاڵپشتێکی مەعنەوی بۆ سەرکەوتنەکانم.

- سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی و ڕاگرایەتی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی، کە دڵسۆزانە و خۆنەویستانە هاوکارمان بوون.

هەواڵنامەی کتێب

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١ |
| **١/ (بەشی یەکەم) زاراوە و چەمک و ئەرک و ڕەگەزی وێنەی هونەری** | ٦ |
| ١/١. زاراوەی وێنەی هونەری | ٦ |
| ١/٢. چەمکی وێنەی هونەری | ١٠ |
| ١/٣. ئەرکی وێنەی هونەری | ٢١ |
| ١/٤. وشە و وێنەی هونەری | ٢٤ |
| ١/٥. وێنەی هونەری لە ڕەخنەی ئەدەبی ئەورووپی و عەرەبی و کوردیدا | ٢٩ |
| ١/٥-١. وێنەی هونەری لە ڕەخنەی ئەدەبی ئەورووپیدا | ٢٩ |
| ١/٥-٢. وێنەی هونەری لە ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا | ٣٣ |
| ١/٥-٣. وێنەی هونەری لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا | ٤٠ |
| ١/٦. ڕەگەزەکانی وێنەی هونەری | ٤٧ |
| ١/٦-١. زمان | ٤٧ |
| ١/٦-٢. بیر | ٥١ |
| ١/٦-٣. ئەندێشە | ٥٣ |
| ١/٦-٤. واقیع | ٥٧ |
| ١/٦-٥. سۆز | ٦٠ |
| ١/٦-٦. نەست | ٦٢ |
| **٢/ (بەشی دووەم) جۆرەکانی وێنەی هونەری لە شیعری (سالم) دا** | ٦٥ |
| ٢/ ١. وێنەی هونەری لەڕووی چۆنێتی بنیاتنانەوە | ٦٥ |
| ٢/ ١ – ١. وێنەی تاک | ٦٥ |

| | |
|---|---|
| ٢/ ١ – ١- ١. شێوازی هەستگۆڕکێ | ٦٦ |
| ٢/ ١- ١-٢.  شێوازی ئاڵوگۆڕکردنی درکپێکراو | ٦٩ |
| ٢/ ١-١-٢- ١. بەکەسکردن | ٧٠ |
| ٢/ ١-١-٢-٢.  بەرجەستەکردن | ٧٣ |
| ٢/ ١-١-٢-٣. بەتەنکردن | ٧٥ |
| ٢/ ١-١-٣. شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ | ٧٧ |
| ٢/ ١-١-٤. شێوازی لێکچواندن | ٨٠ |
| ٢/ ١-٢. وێنەی لێکدراو | ٨٣ |
| ٢/ ١-٢-١.  کەڵەکەبوونی وێنە | ٨٣ |
| ٢/ ١-٢-٢. لێکچواندنی لێکدراو | ٨٦ |
| ٢/ ٢. وێنەی هونەری لەڕووی هەستی و ژیرییەوە | ٨٩ |
| ٢/ ٢-١. وێنەی هەستی | ٨٩ |
| ٢/ ٢-١-١.  هەستی بینین | ٩١ |
| ٢/ ٢-١-٢. هەستی بیستن | ٩٣ |
| ٢/ ٢-١-٣.  هەستی بۆنکردن | ٩٦ |
| ٢/ ٢-١-٤. هەستی چەشتن | ٩٨ |
| ٢/ ٢-١-٥. هەستی بەرکەوتن | ١٠٠ |
| ٢/ ٢-٢. وێنەی واتایی | ١٠٢ |
| ٢/ ٣.  وێنەی هونەری لەڕووی بابەت (ناوەڕۆک)ەوە | ١٠٥ |
| ٢/ ٣-١.  وێنەی دەروونی | ١٠٥ |
| ٢/ ٣-٢.  وێنەی فەلسەفی | ١١٠ |


کتێبخانەی هەواڵنامە

| | |
|---|---|
| ٢/ ٣-٣. وێنەی ڕەمزی | ١١٣ |
| ٢/ ٣-٤.  وێنەی ئەفسانەیی | ١١٨ |
| ٢/ ٤.  وێنەی هونەری لەڕووی وەستان و جوڵانەوە | ١٢٢ |
| ٢/ ٤-١. وێنەی وەستاو | ١٢٢ |
| ٢/ ٤-٢.  وێنەی جوڵاو | ١٢٥ |
| ٢/ ٥.  وێنەی هونەری لەڕووی ڕوونبێژییەوە  (وێنەی ڕوونبێژی) | ١٢٨ |
| ٢/ ٥-١. وێنەی لێکچواندن | ١٣٠ |
| ٢/ ٥-٢.  وێنەی خواستن | ١٣٦ |
| ٢/ ٥-٣.  وێنەی درکەیی | ١٤٢ |
| **٣/ (بەشی سێیەم) سەرچاوەی وێنەی هونەری لە شیعری سالمدا** | ١٤٦ |
| ٣/ ١. سەرچاوەی خودی | ١٤٧ |
| ٣/ ٢. سەرچاوەی بابەتی | ١٥٠ |
| ٣/ ٢-١. سەرچاوەی خۆماڵی | ١٥٠ |
| ٣/ ٢-١-١. سەرچاوەی ئەدەبی پێشین | ١٥٠ |
| ٣/ ٢-١-٢. سەرچاوەی کەلەپوری میللی | ١٥٦ |
| ٣/ ٢-١-٢-١. شیعری فۆلکلۆری کوردی | ١٥٧ |
| ٣/ ٢-١-٢-١-١. گۆرانی فۆلکلۆری کوردی | ١٥٨ |
| ٣/ ٢-١-٢-١-٢. داستان | ١٦١ |
| ٣/ ٢-١-٢-٢. ئەفسانە | ١٦٥ |
| ٣/ ٢-١-٢-٣. پەندی پێشینان | ١٦٨ |
| ٣/ ٢-١-٢-٤. داب و نەریت | ١٧٠ |


کتێبخانەی هەولێر

| | |
|---|---|
| ٣/ ٢-١-٣. سروشت | ١٧٢ |
| ٣/ ٢-١-٤. واقیع (کەتوار) | ١٧٥ |
| ٣/ ٢-٢. سەرچاوەی مرۆڤایەتی | ١٧٨ |
| ٣/ ٢-٢-١. سەرچاوەی مێژوویی | ١٧٨ |
| ٣/ ٢-٢-١-١. ڕووداوی مێژوویی | ١٧٨ |
| ٣/ ٢-٢-١-٢. کەسایەتیی مێژوویی | ١٨٣ |
| ٣/ ٢-٢-٢. سەرچاوەی ئاینیی | ١٨٥ |
| ٣/ ٢-٢-٢-١. ئاینی زەردەشتی | ١٨٥ |
| ٣/ ٢-٢-٢-٢. ئاینی جوو (یەهوودی) | ١٨٩ |
| ٣/ ٢-٢-٢-٣. ئاینی مەسیحی | ١٩١ |
| ٣/ ٢-٢-٢-٤. ئاینی ئیسلام | ١٩٣ |
| ٣/ ٢-٢-٣. سەرچاوەی ئەدەبی دەوروو‌بەر | ١٩٧ |
| ٣/ ٢-٢-٣-١. ئەدەبی فارسی | ١٩٨ |
| ئەنجام | ٢٠٥ |
| سەرچاوە | ٢٠٩ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی | ٢٣٢ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | ٢٣٣ |


هەولنامەی کتێب

## پێشەکی

وێنە، ڕەگەزی هەرە گرنگی بەرهەمی ئەدەبی، بەتایبەتی شیعرە، چونکە ئەوەتەی شیعر هەیە پێبەپێی بە هاوکاری وێنە گەشەی کردووە و پێشکەوتووە. لە سەردەمە کۆنەکاندا شیعر بەتەواوی بە هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە لێیدەدوان، هەر کاتێکیش باس لە وێنە دەکرا هەر پەیوەست بە هونەرە ڕەوانبێژییەکان و بەتایبەتی ڕوونبێژییەکانەوە قسەی لەسەر دەکرا. لەسەردەمی نوێشدا، کە شیعر ڕەهەندی نوێ وەردەگرێت، وێنە دەبێتە یەکێک لە کلیلە گرنگەکانی پێشکەوتنەکانی، چونکە وێنەبوو توانی جەوهەری شیعرمان بۆ ئاشکرا بکات.

شاعیران لەڕێگەی ئەندێشەیانەوە و بەهۆی دەربڕاوەکانیانەوە بەشێکی گرنگی دەروونی خۆیانیان بۆ ئاشکرا کردوین، کە وای لێهات وێنەکان بوون بە ڕەمزێک بۆ ئاشکراکردنی دنیا پەنهان و پڕ لە نهێنییەکەی ناوەوەی شاعیر، یان لەڕێگەی وێنەکانەوە توانرا کەلەپووری میللی زیندوو بکرێتەوە و ئاوڕ لە مێژوو و سروشت و گەلێک لایەنی تری ژیان بدرێتەوە. هەموو ئەوانەش لەڕێگەی وێنەی هونەرییەوە و لەلایەن شاعیرەوە وێنادەکرێت، بێگومان لەوەشدا بوونی دەسەلاتی باشی شاعیر بەسەر وشەدا و دەوڵەمەندیی فەرهەنگی وشەکانی و شارەزایی لە بەکارهێنانی خوازەی زماندا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن. خوڵقاندنی وێنە لەلای شاعیر هەروا شتێکی لەخۆوە نییە و پێویستی بە دروستکردنی هاوسەنگییەکی باش هەیە لەنێوان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی وێنەدا، کە هەر ئەو هەموو بایەخەی وێنەش دواجار وادەکەن، کە وێنە لە شیعردا تەنها بۆ مەبەستی جوانکردن نەبێت، بەڵکوو گەلێک ئەرکی گرنگ جێبەجێ بکات و ببێتە هۆی خەڵقکردنی بنەمای ئێستاتیکی دەقی شیعری و پاراستنی شیعرییەتی دەق.

## ناونیشانی توێژینەوەکە

ناونیشانی توێژینەوەکە (بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری سالمدا)، تێیدا هەوڵدراوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، کە ئایا وێنەی هونەری لەڕووی بنیاتەوە، واتا بەتەواوی جۆرەکانییەوە و سەرچاوەکانی دروستبوونییەوە لە شیعری (سالمی ساحێبقڕان)[1]دا چۆن بووە؟ لایەنە

[1] سالم
ناوی عەبدوڕەحمان بەگی کوڕی محەمەد بەگی قەرەجەهەنمیی کوڕی ئەحمەد بەگی ساحێبقڕانە. (ساحێبقڕان: بە پیاوی خاوەن نگین و خاوەن سامان، یان کەسێک لە شەڕدا لێهاتووە بێت، دەوترێت. گوایە، ئەحمەد بەگی گەورە لە شەڕدا دەستێکی باڵای هەبووە، بۆیە ساحێبقڕانیان پێ وتووە. بە بۆچوونی عەلائەدین سەجادی ئەو (ئەحمەد بەگ)ـە یەکێک بووە لە دوانزە سوارەی مەریوان. بەڵام (پیرەمێرد) لە داستانی دوانزە سوارەی مەریواندا ناوی هەموویانی هێناوە، بەڵام ناوی (ئەحمەد بەگ)ی تێدا نییە. لەگەڵ ئەمەشدا (جەمال بابان) دەڵێت: ئەوەندەی بۆم دەرکەوتووە، ساحێبقڕانەکانی سلێمانی دەچنەوە سەر مەحموود بەگی ساحێبقڕان، کە یەکێک بووە لە دوانزە سوارەی مەریوان.) هەر بۆیە بە بنەماڵەی ساحێبقڕانی قەرەجەهەنمییەی نزیک سنە ناوبانگیان دەرکردووە. ئەم بنەماڵەیە، سێ شاعیری گەورەی پێشکەشی ئەدەبی کوردی کردووە، کە ئەوانیش (سالم، کوردی، حەمدی)، هەروەها سالم پوورێکی ئەبێت بەناوی (ئاتەخان)، کە گوایە شاعیرێکی بەناوبانگ و بەشەوق و سەلیقە بووە.

تیۆرییەکەی خستووەتە خزمەتی لایەنی پراکتیکی و دەرهێنان و شیکارکردنی وێنەوە لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە

یەکێک لە هۆکارە گرنگ و سەرەکییەکانی هەڵبژاردنی بابەتەکە، دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی خودی بابەتی وێنەی هونەری، کە نە شیعر دەتوانێت بەبێ وێنە بژێت و نە ڕەخنەی ئەدەبیش دەتوانێت فەرامۆشی بکات، بەتایبەتیش لە ڕەخنەی نوێدا، کە بووە بەباس و خواسی هەرە گرنگی ڕەخنەی ئەدەبی. هۆکارێکی تری گرنگ و سەرەکی ئەوە بووە، کە لەبەر درەنگ چاپبوونی دیوانێکی شیعری (سالمی ساحێبقڕان)، کە هەموو بەرهەمەکانی لەخۆگرتبێت، لە ناوەندی ئەکادیمی کوردییدا بە بەراورد بە هاوشانەکانی خۆی کەمترین توێژینەوەی زانستیی لەسەر کراوە و تاکوو ئێستا جەوهەری شیعریی و لایەنی هونەری و دنیای جوانی شیعری ئەو بەتایبەتی لەم لایەنەوە بە خوێنەری کورد ئاشنا نەکراوە.

---

سالم، بەپێی قسەی خزمەکانی خۆی لە ساڵی (١٢٢٠ ک)(١٨٠٥-١٨٠٦ ز) لە سلێمانی لەدایک بووە، دایکی کچی بنەماڵەی بەناوبانگ (سلێمان ئاغای ئەلیاس ئاغا) بووە. وەکوو هاوسەردەمەکانی خۆی لە حوجرەی فەقێیان خوێندوویەتی، بەڵام تەواوی نەکردووە. زۆر حەزی بە خوێندنەوەی ئەدەبیات بووە، بەتایبەتی شەیدای شیعری (نالی) و (مەولانا خالد) و شاعیرانی فارسی لە وێنەی (حافز، سەعدی، کەلیم) و هەندێکی تر بووە. ئەو بە لەشولار لاواز بووە و بەزۆری نەخۆش بووە و ساغی بەخۆیەوە نەدیوە و زۆرجار بێتاقەت و مات و بێدەنگ بووە و قەنگەکێش بووە. هەر بۆیە لە سەردەمی لاوێتییەوە، کە ئاشنای شیعرنووسین بووە، نازناوی (بیمار)ی بۆخۆی هەڵبژاردووە، بەڵام بەهۆی ئامۆژگاری دکتۆرەوە گۆڕیویەتی بۆ (سالم) تاکوو نوقڵانەی باشبوونی بێت، هەروەها بە نازناوی (ڕەنجوری)ش شیعری بڵاوکردووەتەوە. بنەچەی خێزانی سالم دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆیە زۆرجار لەگەڵ خێزانەکەیدا سەردانی ئەودیویان کردووە و زۆرجاریش بەهۆی شەڕ و ململانێی بابان و عوسمانییەکانەوە، ئاوارەی تاران بووە و لەوێ ماوەتەوە و بێزار بووە لە غەریبی. هەروەها لە کاتی ڕوخاندنی میرنشینی بابان لەلایەن عوسمانییەکانەوە دەیگرن و ئاوارەی شاری (حیللە) ی دەکەن و ماوەیەکیش لەوێ دەمێنێتەوە. سالم نیشتمانپەروەرێکی گەورە و هاوڕێ و دۆستێکی نزیکی (عەبدووڵڵا پاشای بابان) و (عەزیز بەگی بابان) بووە. هەر لەبەر خراپی بارودۆخی سیاسی کورد، لەو قۆناغەدا بەردەوام ئاوارە و سەرگەردان بووە و لە بارێکی دەروونی نائارامدا ژیاوە، کە ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی بووبێت، لەوەی هیچ بەڵگەیەک لەبەر دەستدا نییە، کە ژنی هێنابێت و ژیانی هاوسەرگیری دروست کردبێت، ئەگەرچی ئەوە وتراوە، کە (بەهێ) ناوێک، دڵبەری شاعیر و ئیلهامبەخشی شیعرەکانی بووە. بەڵام لە شیعرەکانیدا ئەوە بەدی ناکرێت.

دیوانی سالم چەند جارێک لەچاپ دراوە، یەکەمجار لە بەغداد لەلایەن (کوردی مەریوانی)یەوە لە ساڵی (١٩٣٣ ز) و دووەم جار لەلایەن (گیوی موکریانی) لە ساڵی (١٩٧٢ ز) لە هەولێر لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی یەکەمدا و دواتر لەم ساڵانەی دوایدا لەلایەن (بنکەی ژین)ەوە لەژێر چاودێری و لێکدانەوەی شیعری لەلایەن بنەماڵەی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسە)وە بە تایبەتی (محەمەدی مەلا کەریم)ەوە لەچاپ درا. سالم لە ساڵی (١٢٨٦ ک)(١٨٦٩-١٨٧٠ ز) لە سلێمانی وەفاتی کردووە و لە گۆڕستانی (گردی سەیوان) لە تەنیشت ئارامگای (مستەفا بەگی کوردی) ئامۆزایەوە بەخاک سپێردراوە. لە نووسینی ئەم بایۆگرافییەی شاعیردا سوود وەرگیراوە لە (فەیضی بەگ، ١٩٨٣: ٢٦)، (دیوانی سالم، ١٩٣٣: C، D)، (سجادی، ١٩٧١: ٢٦٢-٢٦٦)، (حیلمی، ٢٠١٠: ١٤٩)، (خەزنەدار، ٢٠١٠: ١٥٥-١٥٧)، (بابان، ٢٠١٨: ١٢٥، ٢٣٠)، ( دیوانی سالم، ٢٠١٥: م. ن).

## سنووری توێژینەوەکە

سنووری توێژینەوەکەمان، شیعرەکانی یەکێک لە ڕابەرانی ئەدەبی کلاسیکی قوتابخانەی شیعری بابانە، کە ئەویش (سالمی ساحێبقڕان)ە. بەدیاریکراویش سنووری توێژینەوەکە (شیعرە کوردییەکانی سالم)ە. سەرەڕای بەردەستبوونی تەواوی چاپکراوەکانی تری دیوانی سالم، ئێمە چاپکراوی (بنکەی ژین) ساڵی (٢٠١٥)مان کردووە بە سەرچاوەی سەرەکی و بنەڕەتی دەرهێنانی شیعرەکانی سالم.

## گرفتی بەردەم توێژینەوەکە

لەبەرئەوەی باسکردنی وێنەی هونەری لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردییدا لەژێر کاریگەری ڕەخنەی بیانییەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە مەبەستمانبوو باشترین و گرنگترین ئەو سەرچاوە بیانییانەمان دەست بکەوێت، کە لەم بوارەدا پێشڕەون. ئەمەش هەم دەستڕاگەشتن و دۆزینەوەی ئەو سەرچاوانە و هەمیش وەرگێڕانیان پێویستی بە کاتێکی زۆر و ماندووبوونێکی قورس هەبوو، بەتایبەتیش سەرچاوە ڕووسییەکان. یەکێکی تر لە گرفتەکانی بەردەم ئەم توێژینەوەیە، ڕێکەوتی دەستپێکی پرۆسەی نووسینمانبوو، کە هاوکاتبوو لەگەڵ سەرهەڵدانی (بەڵای نەگریسی کۆرۆنا)دا، کە هەم بە نائارامکرنی دەروونمان و هەمیش بە لەدەستدانی ئازیزانی ژیانمان، کارەکەی هێندەی تر بۆ زەحمەت کردین.

## ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانج لەم توێژینەوەیە، ناساندنی وێنەی هونەری و دەستنیشانکردنی پێگە و ڕۆڵی لە ڕەخنەی بیانیی و کوردیی و بەرچاوخستنی گرنگترین ئەرک و ڕەگەزەکانی و دیاریکردنی بایەخی گەورەی وێنە لە شیعردا و دواجاریش دەرهێنانی تەواوی جۆرەکانی و سەرچاوەکانی دروستبوونی لە شیعری (سالمی ساحێبقڕان)دا، ئەمەش بەو ئامانجەی ببێتە هۆی پڕکردنەوەی کەلێنێکی بچووک لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردییدا.

## میتۆدی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە سوود لە میتۆدەکانی (وەسفیی و شیکاری) وەربگرین و پرەنسیپ و بنەماکانی ئەو میتۆدانە بکەینە بنەما لە وەسفی لایەنە تیۆرییەکانی توێژینەوەکە و هەڵهێنجان و شیکردنەوەی لایەنە پراکتیکییەکەی توێژینەوەکە و دەستنیشانکردنێکی وردی جۆر و شێواز و سەرچاوەکانی وێنەی هونەری لە هەناوی شیعری شاعیرەوە.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە خۆی لە پێشەکییەک و سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکاندا دەبینێتەوە. ئێمە لە دیاریکردنی (بەش) و (تەوەر)ەکاندا و لەجێگەی ئەوان پشتمان بە ڕیزبەندی ژمارەیی (١، ٢، ٣، هتد) بەستووە، چونکە پێمان وایە ئەمە زیاتر لەگەڵ سیستمی (هارڤارد)دا دەگونجێت، کە لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوکراوە.

لە بەشی یەکەمدا، کە بەشە تیۆرییەکەیەتی و بەناونیشانی (زاراوە و چەمک و ڕەگەز و ئەرکی وێنەی هونەری)یە. سەرەتا باسمان لە (زاراوەی وێنەی هونەری)و دواتر (چەمکی وێنەی هونەری)کردووە، ئینجا ئەرکی وێنە و دواتریش پەیوەندی وێنەمان بە وشەوە باسکردووە. دواتریش وێنەی هونەریمان لە ڕەخنەی ئەوروپی و عەرەبی و کوردیدا خستووەتەڕوو، ئینجا ڕەگەزەکانی وێنە، کە خۆی لە (زمان، بیر، ئەندێشە، واقیع، سۆز، نەست)دا دەبینێتەوە، باسکراون.

لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا، کە بەشێکی پراکتیکییە و بە ناونیشانی (جۆرەکانی وێنەی هونەری لە شیعری سالمدا)یە. جۆرەکانی وێنەی هونەریمان لە هەناوی شیعری شاعیرەوە دەرهێناوە و بەپێی جۆر و تایبەتمەندییەکانی هەریەکەیان شیکاری وردمان بۆ کردوون. سەرەتا باسمان لە وێنەی هونەری لەڕووی چۆنێتیی بنیاتنانەوە کردووە، کە ئەمەش لە شیعری (سالم)دا دابەش دەبێت بۆ (بنیاتی وێنەی تاک)، کە ئەمەش شێوازەکانی (هەستگۆڕکێ، ئاڵوگۆڕکردنی درکپێکراو، وەسفی ڕاستەوخۆ، لێکچواندن) دروستی دەکەن، هەموویان خراونەتەڕوو لەگەڵ ئەو تەکنیکانەش، کە شێوازی ئاڵوگۆڕکردنی درکپێکراو دروستدەکەن، کە خۆیان لە (بەکەسکردن، بەرجەستەکردن، بەتەنکردن)دا دەبیننەوە. دواتر باسمان لە (بنیاتی وێنەی لێکدراو)، کە بە هەردوو شێوازی (لێکچواندنی لێکدراو) و (کەڵەکەبوونی وێنە) دروست کراون، کردووە. هەر لە بەشی دووەمدا باسمان لە جۆرەکانی وێنەی هونەری لەڕووی (هەستی و ژیریی)یەوە کردووە و جۆرەکانی وێنەی هەستیش، کە خۆیان لە هەستی (بینین، بیستن، بۆنکردن، چەشتن، بەرکەوتن)دا دەبیننەوە، خستوومانەتەڕوو. دواتریش جۆرەکانی وێنەمان لەڕوانگەی بابەت (ناوەڕۆک)ەوە، کە خۆیان لە جۆرەکانی وێنەی (دەروونیی، فەلسەفیی، ڕەمزیی، ئەفسانەیی)دا، دەبیننەوە، باسکردووە. دوای ئەوانەش جۆرەکانی وێنەی وەستاو و جوڵاومان خستووەتەڕوو. ئینجا وێنەی هونەری لەڕووی ڕوونبێژییەوە، کە خۆی لە وێنەی (لێکچواندن، خواستن، درکە)دا، دەبینێتەوە بە نمونەی شیعری شاعیرەوە شیکارمان کردووە.

لە بەشی سێیەمدا، کە دیسان بەشێکی پراکتیکییە و بە ناونیشانی (سەرچاوەی وێنەی هونەری لە شیعری سالمدا)یە. تەواوی ئەو سەرچاوانەمان دەستنیشان کردووە، کە سالم هەوێنی وێنە هونەرییەکانی لێوەرگرتوون. ئەو سەرچاوانەش بەسەر (خودیی، بابەتیی)دا، دابەش دەبن. سەرەتا

ئەو وێنانەمان شیکارکردووە، کە سەرچاوەکانیان ئەندێشەی خودیی شاعیر خۆی بووە، دواتر باسی سەرچاوەی بابەتیی، کە بەسەر (خۆماڵیی، مرۆڤایەتیی)دا دابەش دەبن، کردووە. لەناو سەرچاوە خۆماڵییەکاندا، سەرەتا باسمان لە ئەدەبی پێشین کردووە، ئینجا سەرچاوەی کەلەپووری میللی، کە بەشێکی (شیعری فۆلکلۆری کوردی)یە و ئەمیش (گۆرانی فۆلکلۆری کوردی) و (داستان) لەلای سالم بەکارهاتووە، دەگرێتەوە. دواتر هەر لە سەرچاوەکانی کەلەپووری میللیدا باسمان لە (ئەفسانە، پەندی پێشینان، دابونەریت) کردووە و لەدوای ئەوەش هەر لە سەرچاوە خۆماڵییەکاندا (سروشت، واقیع) خراونەتە بەرباس. لە سەرچاوە مرۆڤایەتییەکانیش، لەپێشدا باسی (سەرچاوەی مێژوویی)، کە (ڕووداوی مێژوویی، کەسایەتی مێژوویی) دەگرێتەوە، خستوومانەتە ڕوو. دواتر لەسەر سەرچاوە ئاینییەکان، کە (زەردەشتی، جوو، مەسیحی، ئیسلام) دەگرێتەوە دواوین و ئینجا لە کۆتاییدا لە سەرچاوەی ئەدەبی دەوروبەر، کە لای سالم تەنها (ئەدەبی فارسی) سوودی لێوەرگیراوە، بە نموونەی شیعری شاعیرەوە دەرهێنراوە و شیکاری وردی بۆ کراوە.

لە کۆتاییدا توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە، کە بە خاڵ خستوومانەتە ڕوو، ئینجا لیستی سەرچاوەکانمان بەپێی ڕیزبەندی ئەبجەدی ڕیزکردووە و لە کۆتایشدا پوختەی توێژینەوەکەمان بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێشکەش کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

## ١/ (بەشی یەکەم) زاراوە و چەمک و ئەرک و ڕەگەزی وێنەی هونەری

### ١/ ١. زاراوەی وێنەی هونەری

زاراوەی وێنەی هونەری، (یەکێک لە پڕبایەخترین دەستەواژەکانی ڕەخنەی ئەدەبیە، لەو ڕستە و دەستەواژانەیە، کە زیاتر لە مانایەک لەخۆدەگرێت.)(محمدی، بانیانی، ١٣٩٥ هـ: ٢٧٣) (د.نعیم الیافي) لەبارەی زاراوەی وێنەوە دەڵێت: ((زاراوەی وێنە (الصورة Image) لەزیاتر لەبوارێکی زانستە مرۆییەکاندا بەکاردەهێنرێت و لە هەمووشیاندا مانایەکی تایبەتی و ناوێکی دیاریکراوی هەیە. دەکرێت پێنج واتای دیاری زاراوەکە دیاری بکەین، ئەوانیش "واتای زمانەوانی، واتای زیهنی، واتای دەروونی، واتای ڕەمزی، واتای ڕەوانبێژی و هونەری"ن.))(الیافي، ١٩٨٢: ٤١) ئەم زاراوەیە، (چەمکە ڕەخنەییەکەی لە ئەورووپا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا.)(نصیرة، ٢٠٠٦: ١٦) (زاراوەی (image) لە ڕەخنەی ڕۆژئاواییدا پەیوەندی بە زاراوەی (خەیاڵ Imagination)ەوە هەیە.)(محمد، ١٩٩٩: ٣٠) هەر وەک ئاشکرایە (وشەی ئینگلیزی (Imagination) لە وشەی لاتینی (Imaginatio)ەوە وەرگیراوە، کە لە یۆنانیدا بەرانبەرە بە وشەی (Phantasia) و لەم وشە یۆنانییەشەوە ڕاستەوخۆ وشەی ئینگلیزی (Fancy) وەرگیراوە. هەروەها هەردوو وشەی (Imagination)،(Fancy) لە ئاماژەکردن و وەرگرتنی وێنە و توانای دروستکرنی وێنەدا بە هاوواتایی مانەوە تاکوو هاتنی ڕۆمانسییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی بە فەلسەفە ئایدیالیستە ئەڵمانییەکەی (کانت) و (شیلینگ) کاریگەربوون. ئەمەش دوای ئەوەی (کۆلریدج) جیاوازییە گرنگەکەی لەنێوان (ئەندێشە) و (وەهم)دا دیاری کرد، ئیدی ئەو دوو وشەیە بەتەواوەتی لێک جیاکرانەوە.)(عصفور، ١٩٩٢: ١٧)

وشەی (وێنە) لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییە ڕۆژئاواییەکاندا لەژێر کۆمەڵێک زاراوەدا بەکارهاتووە، زۆرجار ئەنجامی لایەنگیری مەزهەبێک، یان ئایدۆلۆژیایەک، تەوژمێکی هونەری، ئاڕاستەیەکی جوانی بووە. لە لێکۆڵینەوە ئەورووپییەکاندا ڕووبەڕووی زاراوەیەکی یەکگرتووی کۆتایی نابینەوە، لە فەرەنسا زاراوەی (وێنەی ئەدەبی Limage Litteraire) و لە ئینگلترا (وێنەی شیعری Image Poetry) و لە ڕووسیا (وێنە لە هونەردا Limage dans IArt) و هەروەها (وێنەی شیعری) بەکارهاتوون.(الطالب، ٢٠٠٧: ٢٩) هەروەها (لە زمانناسی و ڕەخنەی ئەدەبیدا، ئەم زاراوەیە ئاڵۆزە و تەنها یەک مانامان پێ نادات، بەڵکوو لەخۆیدا چەند تێگەیشتن و مانایەکی هەڵگرتووە، وەکوو لە زاراوەکانی (وێنەی هونەری Художественный образ)،(وێنەی دەربڕاو речевой образ)،(وێنەی وشە словесный образ) ئەمەش دەکرێ ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، کە ئەم زاراوەیە هەڵگری یەک مانا نییە.)(Бородина, 2018: 7)، هەروەها (زاراوەی وێنەی هونەری

((Imagery) چەندەها سەرواتا و مانای هەیە. وێنە وەکوو زاراوەیەکی گشتی، واتە بەکارهێنانی زمان بۆ خستنەڕووی شتەکان، کردارەکان، هەستەکان، بیرەکان، بیرۆکەکان، باری زیهنی و هەر هەستێک یان ئەزموونی زێدە هەستییەک.)(Cuddon, 1999: 414) هەر ئەمەش وایکردووە، کە (چەمک و زاراوەی وێنەی هونەری لە دەروونناسیدا جیاوازە لەوەی، کە لە فەلسەفەدا هەیە، ئەوەی فەلسەفەش لەوەی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، یان لە شیعردا هەیە، جیاوازە.)(الملكي، ٢٠٠٦: ١٦٧)

زاراوەی وێنەی هونەری لای (ڕەخنەگرە فۆرمالیستەکان، جیاوازی دەخەنە نێوان زاراوەی وێنە (Image) و وێنەی هونەری (Imagerry)، بەلای ئەم ڕەخنەگرانەوە وێنەی هونەری، هاوواتای شێوە ڕوونبێژییەکانی نمونەی لێکچواندن و خواستن و درکە و ڕەمزە، کە خۆیان زیاتر لە خواستن و لایەنە هەڵچووەکان و پەیوەندی نێوان جەمسەرەکانیان وورد دەبنەوە)(حەمەد، ٢٠١٢: ١١٨). دەبێت ئەوە بڵێین هەموو ڕەخنەگرانی ئەوروپا تێکڕا بۆ وێنەی هونەری زاراوەی (Image) یان بەکار نەهێناوە، ئەوەتا (جۆن دیوی J.Dewey) لەبارەی پێشکەوتنی وێنە لە هونەرە ئەدەبییەکاندا دەڵێت: ((زاراوەی وێنە فراوانە و شێوە (الشكل Form) دەگرێتەوە و وەکوو گیاندارێکی زیندوو لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا خۆی دەگونجێنێت.))(غيلان، ٢٠٠٣: ٧)

ئەگەر لەڕەخنەی عەرەبیدا سەیری زاراوەکە بکەین ئەوە دەبینین (پڕبەکاربراوترین زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبییە، کە لەکۆنەوە بە شێوە و دەربڕینی جیاواز لە ڕەوانبێژی عەرەبیدا بەکارهێنراوە و لە سەردەمی درەوشانەوەی ڕەخنەی نوێ لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا خۆشەویستییەکی زیاتری پەیداکرد.)(قائمی، طهماسبی، ١٣٨٩: ٧٦) بەڵام زاراوەکە بەم تێگەشتنە نوێیەوە (بۆ ڕەخنەی عەرەبی لەڕێگەی کاریگەریی بە ڕێبازە ئەدەبییەکانی ڕۆژئاواوە گواسترایەوە، بەتایبەتی ڕێبازی ڕۆمانسی، کە زیاتر جەخت دەکاتەوە لەسەر لایەنی وێنەگرتن لە شیعردا. بەڵام زاراوەکە لە کلتوری کۆندا بەم دارشتنە نوێیە نابینین.)(ياخي، ٢٠١٦: ٢١) هەر بۆیە سەرەتای (دەرکەوتنی زاراوەی وێنە (Image, Imagery) لە ڕەخنەی عەرەبیدا لە کۆتاییەکانی ئەم سەردەمەدا جیاوازی هەبوو لەنێوان ڕەخنەگران و خوێنەواران و توێژەرانی نوێی عەرەبیدا، لە تێگەیشتن و دیاریکردنی واتای ڕەخنەیی، بەتایبەتی لە هەندێ توێژینەوەی نامەی زانکۆیی وڵاتانی عەرەبیدا، زاراوەی وێنە وەکوو ناونیشانی هەندێ نامە بە شێوازی جیاواز دەرکەوت. وەکوو وێنەی ئەدەبی (الصورة الادبية)، وێنەی شیعری (الصورة الشعرية)، وێنەی هونەری (الصورة الفنية). لەوکاتەدا تێگەشتن لەو زاراوەیە لەسەر ڕوانگەی تایبەتی وەستابوو.)(غزوان، ١٩٩٤: ١١٣)

دکتۆر (احمد مطلوب) لەبارەی زاراوەی وێنەی هونەرییەوە دەڵێت: ((زاراوەیەکی ڕەخنەیی کۆنە و نوێیەکان زانیویانە، (جاحظ٧٧٥-٨٦٨،٨٦٩ ز) کۆنترینی ئەوانەیە، کە ئاماژەیان پێکردووە))(البصير، ١٩٨٧: ٣) کاتێک دەڵێت: ((شیعر پیشەیەکە، جۆرێکە لە هۆنینەوە و ڕەگەزێکە

له وێناکردن.))(الجاحظ، ١٩٦٥: ١٣٢) گەڕانەوە بۆ زاراوەی وێنەی هونەری لە ڕەخنەی هاوچەرخی عەرەبیدا (لەڕێگەی سوودوەرگرتن لە تیۆرە ڕۆژاواییە نوێیەکانەوە بوو، بەتایبەتی هێماگەری و ڕۆمانتیکی)(ذیاب، ٢٠٠٣: ١٦)، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا زاراوەی وێنە (("الصورة" لە عەرەبیدا، بە پێی چوارچێوەی بەکارهێنانەکەی واتایەکی تری هەیە، کە نزیکە لە شێوە"الشكل" ەوە، کە ئەمەش دەکرێت هاوواتای بێت.))(لابن منظور، بێ ساڵ: ٢٥٢٣) زۆربەی نووسەرە عەرەبەکان لەبەرانبەر وێنەدا وشەی (image) یان بەکارهیناوە جگە لە (احمد الشايب)، کە لە کتێبی (أصول النقد الادبی)دا وشەی (form) ی بەکارهێناوە. کاتێک دەڵێت: ((ئەو هۆکارەی کە لەڕێگەیەوە نووسەر هەوڵدەدات بیر و سۆزی پێکەوە بۆ خوێنەر یان گوێگر بگوازێتەوە، پێی دەوترێت: وێنەی ئەدەبی (Literar Form).))(الشايب، ١٩٩٤: ٢٤٢) بەمەش لەبەرانبەر وشەی (image)دا، وشەی (form) ی بەکارهێناوە.

ئەدەبی فارسی لەجێگای زاراوەی (وێنەی هونەری) زاراوەی (صور خیال، وێنەی خەیاڵ)ی بەکارهێناوە. دکتۆر (محمد رضا شەفیعی کدکنی) لە نووسەرە پێشینەکانی ئەدەبی فارسییە، کە لەمبارەیەوە دواوە و کتێبێکی بە ناونیشانی (صور خیال در شعر فارسی)(وێنەی هونەری لە شیعری فارسی)دا، نووسیوە، لە بابەتی (وێنەی هونەری)دا بووە بە سەرچاوەیەکی سەرەکیی لە ئەدەبی فارسیدا، لەوێدا دەربارەی وێنەی هونەری لە شیعری شاعیری گەورەی فارس (رودکی ٨٥٨-٩٤٠ز)دا دەڵێت: ((لە وێنەی خەیاڵی ئەودا نیشانەکانی کلتوری زەردەشتی بەباشی هەستی پێ دەکرێت، یان باشترە بڵێم، لە وێنەی خەیاڵی ئەودا ڕەگەزی ئێرانی کۆن زیاترە لە ڕەگەزی ئیسلامی و عەرەبی.))(کدکنی، ١٣٧٥: ٤١٥) بەو شێوازە لەبەرانبەر وێنەی هونەریدا زاراوەی (وێنەی خەیاڵ) بووە بە زاراوە پڕبەکارهاتووەکەی ناو ڕەخنەی ئەدەبی فارسی.

لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، نووسەران و ڕەخنەگران و شاعیران لەبەرانبەر زاراوەی (وێنەی هونەری)دا، زاراوەی جیاوازیان بەکارهێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەیان بۆ یەک مەبەست و یەک واتا بەکارهێنراون، کە ئەویش وێنەی هونەرییە لە شیعردا. لەوانەش شێخ نوری شێخ ساڵەح زاراوەی (سورەتی ئەدەبی)(م.نوری، ١٩٢٦: ١) و عەبدوڵڵا گۆرانی شاعیر زاراوەی (وێنەی هونەری)(ئاشنا، ٢٠٠٢: ٤٢)، ئیبراهیم ئەحمەد زاراوەی (وێنەی شیعری)(ساڵح، ٢٠٠٥: ٣٧)، عەلائەدین سەجادی زاراوەی (خەیاڵ وێنە)(سجادی، ١٩٧١: ٢٩٢)، ڕەفیق حیلمی زاراوەی (وێنەی فەنی، وێنەی شیعری)(حیلمی، ٢٠١٠: ٢٢٢)و د.عەزیز گەردی زاراوەی (وێنەی خەیاڵ)(گەردی، ١٩٧٢: ٨٠)، أ.ب. هەوری زاراوەی (وێنەی شیعری)(أ.ب. هەوری، ١٩٧٤: ٧)، کامل بەسیر زاراوەی (وێنەی هونەری، وێنەی ئەندێشەیی)(بەسیر، ١٩٨٠: ٥١) هەر خۆی زاراوەی (وێنەی شیعری)(بەسیر، ١٩٨١: ١٠٧)یشی بەکارهێناوە. کاکەی فەلاح زاراوەی (وێنەی هونەری)(کاکەی

فەلاح، ١٩٨٠: ٥١)و (وێنەی شیعری)(کاکەی فەلاح، ١٩٨٦: ٢٣)یشی بەکارهێناوە. د.مارف خەزنەدار زاراوەی (وێنەی هونەری)(خەزنەدار، ١٩٨٤: ٢٥٨)، مامۆستا مەسعود محمد زاراوەی (وێنەی هونەری)(محمد، ٢٠٠٧: ١٢١)، کەریم شارەزا زاراوەی (وێنەی شیعری)(شارەزا، ١٩٨٩: ١٨-١٩)، د.دڵشاد عەلی زاراوەی (وێنەی هونەری)(علی، ١٩٩٨: ٤٦) و زاراوەی (وێنەی شیعریی)(علی، ٢٠٠٧: ١٦٨) و د.فازیل مەجید زاراوەی (وێنەی شیعری)(مەجید، ٢٠٠٧: ١٤٥) و د.عادل گەرمیانی زاراوەی (وێنەی هۆنراوەیی)(گەرمیانی، ٢٠٠٤: ٥) یان بەکارهێناوە.

لەگەڵ ئەوانەی کە باسمانکرد زۆربەی ئەو نامە ئەکادیمیانەی لە بەشەکوردییەکانی زانکۆکانی کوردستان لە خوێندنی باڵادا پێشکەش کراون، زاراوەی (وێنەی هونەری، وێنەی شیعری)یان بەکارهێناوە، بەڵام گومانی تێدا نییە، لە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردییدا، لەبەرانبەر زاراوەی (وێنەی هونەری) زۆر لە زاراوەکانی (سورەتی ئەدەبی، وێنەی هونەری، نیگارخانەی خەیاڵ، خەیاڵ وێنە، وێنەی فەنی، وێنەی هۆنراوەیی، وێنەی ئەدەبی، وێنەی شیعری) بەکارهێنراون، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی لە هەموویان زیاتر زاراوەی (وێنەی شیعری) و (وێنەی هونەری) لە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا بەکارهێنراون. ئێمەش زاراوەی (وێنەی هونەری)مان لەلا پەسەندتربوو، چونکە پێمانوایە، لە دروستکردنی هەموو وێنەیەکی شیعریدا، هونەرێک بەکارهێنراوە، هەر خۆی دیارە ئێمە مەبەستمان لەو وێنانەیە، کە لەناو شیعردان، ئیتر چ پێویست دەکات بڵێین (وێنەی شیعری لە شیعری فلان شاعیردا)و دووجار وشەی شیعری دووبارە بکەینەوە، ئەمە جگە لەوەی کە دەڵێین (لە شیعری سالم)دا خۆی بۆخۆی دایدەبڕێت لە وێنەی هونەرەکانی تر، هەر بۆیە ئێمە زاراوەی (وێنەی هونەری)مان بەکارهێنا.

## ١/ ٢. چەمکی وێنەی هونەری

وێنەی هونەری بە پایەیەکی سەرەکی پایەکانی کاری ئەدەبی دادەنرێت، وەک (باشلار) دەڵێت: ((ئەدەبیش بەدیلی هیچ چالاکییەکی تر نییە، بەڵکوو وێنەی هەڵقوڵاوی خودی خەیاڵە))(الامام، ٢٠١٠: ٢٢٣)و بە ڕەگەزێکی گرنگ لە ڕەگەزەکانی بونیاتی شیعر هەژمار دەکرێت. وەک دەوترێت (شیعریش ڕووداو و بەهاکان وەکوو خۆیان پێشکەش ناکات، بەڵکوو لەڕێگەی خەیاڵەوە پێشکەشیان دەکات)(حمدان، ١٩٨٩: ٣٠٧)، چونکە شیعر (چالاکییەکی گشتی خەیاڵە.)(الماضي، ٢٠١٠: ٥٣) هەروەها (ڤیکتۆر ڤلادیمیرۆڤیچ ڤینۆگرادۆڤ Vinogradov) (١٨٩٥– ١٩٦٩ز) دەڵێت: ((وێنەی هونەری، جەوهەری ناوەکی گوتاری شیعرییە و جۆرێکە لە سیستەمی بەرجەستەکردنی خەیاڵ، ڕەنگدانەوەی جیهان لە تایبەتمەندی و ئەرکەکانی بونیاتە جوانییەکەیدایە)) (Виноградов, 1963: 155) تایبەتمەندێتی وێنە هونەرییەکان لەو ڕاستییەدایە، کە بە بەشداری چالاکانەی خەیاڵ دروست دەکرێن.(Чернец, 1999: 124)،(Шахбаз, 2010: 53) کەواتە: خەیاڵ گەوهەر و بنچینەی وێنەیە و بەبێ بوونی ئەو ناتوانرێت وێنەی هونەریی درووستبکرێت.

وێنەی هونەری، جەوهەری شیعرە و گرنگترین ئامرازەکانی شاعیرە بۆ گواستنەوەی ئەزموونە شیعرییەکەی و دەربڕینی واقیع. چەقی کۆبوونەوەی ئەزموون و بیرۆکەکانی شاعیرە و (ئامرازێکە دەمانگەیەنێتە درککردنی ئەزموونی شاعیر و هاوبەشیکردن لە هەست و سۆزەکانی، پاش ئەوەی بابەتی دەرەکی و بیرۆکە تایبەتییەکانی شاعیری جوانترکرد و نرخی دەربڕینێکی پێ بەخشی، کە پێشتر نەبوو، لەو بابەتەی، کە لەگەڵ ناخی شاعیردا ئاوێتەبووبوو لە شێوەی دەربڕینێکی تایبەتدا دایڕشتەوە.)(الخلیل، ٢٠١٤: ٢٥٨،٢٥٧)لە دەربڕین بە وێنەدا هەستەکان بەرجەستە دەکرێن و بیرۆکەکان بەکەس دەکرێن و دیدی تایبەتی جیهانی شاعیر دەربارەی پەیوەندییە شاراوە و ڕاستییەکان ئاشکرا دەبێت(السعدنی، ١٩٨٧: ٨٥).

وێنەی هونەری ئەو ئامرازەیە، کە شاعیر لەڕێگەیەوە هەوڵدەدات بیر و سۆز و تێبینی خۆی بۆ وەرگر بگوازێتەوە؛ بۆیە وێنە ((دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆیە دەربارەی کەسایەتی شاعیر، شاعیری داهێنەر ئەوەیە، کە شیعرەکەی بە وێنە دەڕازێنێتەوە، چونکە نەبوونی وێنە لە شیعردا ڕووتی دەکات و زۆرێک لە جوانی و ڕەسەنایەتی لەدەستدەدات.))(النصراوي، ١٩٩٠: ١٧٦) لەبەرئەوەی وێنە، تاکە شێوازی هونەرییە، (کە سۆز و بیرۆکەکانی هونەرمەند بەرجەستە دەکات، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە مرۆڤ بەوێنە نەبێت ناتوانێت ئەزموونی دەرببڕێت، بەڵکو شێوازی تر هەن، بەڵام ئەو کاتە قسەکردنە نەک هونەر و ئەدەب، ئەمە جەوهەری جیاوازییە لەنێوان دەربڕینی سادە و دەربڕینی هونەری. قسە نابێتە هونەر گەر وێنە نەکاتە شێوازی دەربڕینی ئەزموون، هەر بۆیە شیعر بەبێ وێنە نابێتە شیعر، چونکە وێنە سەنتەری بونیاتی شیعرە.)(کبابە،

١٩٩٩: ٧- ٩) وێنە، (پەردە هەڵماڵینە لەڕووی دنیابینی هونەریی نووسەر و تایبەتمەندییەکانی شێوازی نووسینی.)(Поплавская, 2010: 186) هەروەها (وێنەکانی درککراوە هەستییەکان لە زەیندا دەکێشرێن و تۆمار دەکرێن، هەروەکو چۆن ئامێرێکی وێنەگرتن وێنەکانی تۆماردەکات و دەیانپارێزێت، تا ئەو کاتەی مرۆڤ پێویستی پێیان دەبێت، ئەو کاتە دەیانگێڕێتەوە بۆ گۆڕەپانی هەست.)(البیطار، ٢٠١٠: ٢٩)

بە بۆچوونی (بۆریڤ یۆریسەڤیچ ١٩٢٥–٢٠١٩ز) وێنەی هونەری، بە شێوەیەکی کۆنکرێتی سیمای وێناکردنە، بە شێوەیەکی تایبەتیش وێناکردنێکە، کە کاراییەکی زیهنی دەوڵەمەند لە پشتییەوە هەیە(Борев, 2002: 115 ) ئەمە لەگەڵ ئەوەی، کە (وێناکردن، تەنها توانایەکی تایبەت نییە بەداهێنانی هونەرییەوە، تەنها پرۆسەیەکی تاکڕەوی داهێنەرانە نییە، بەڵکوو بەگشتی لای مرۆڤ دیاردەیەکی فیزیاییە، هاوشانی چالاکی عەقڵی و هەستییە.)(نوفل، ١٩٩٣: ٢٨) خالیزێف (Khalizev ١٩٣٠–٢٠١٦ز) دوو زاراوەی (نیشانە= دال) و (واتا = مەدلول) لە بەرانبەر هەر دوو وشەی (وێنە) و (وێناکراو)دا بەکاردەهێنێت و ئەوە دیاری دەکات، کە یەکەمیان هۆکاری درووستبوونی دووەمیانە.(Хализев, 2004: 102) بەو مانایەی هەموو وێنەیەکی هونەری نیشانەیەکە بۆ گەیاندنی واتایەک و وێنای شتێک یان چەمکێکمان بۆ دەکات، بەڵام هەروەکوو (هیگڵ)(Hegel ١٧٧٠–١٨٣١ز) دەڵێت: ((لە شیعردا گرنگە وێناکردنەکە پڕمانابێت.))( Гегель, 1968: 34)

(یاکۆبسن) لە ساڵی (١٩٣٦ز)دا، لە قسەکردنی لەسەر شیعرێکی شاعیری گەورەی ڕووس (پوشکین ١٧٩٩-١٨٣٧ز) باسی ئەوە دەکات، کە شیعر دەکرێ بە بێ وێنە بێت، بەڵام دواتر لەساڵی ١٩٥٨ جارێکی تر ئاوڕ لەو کێشەیە دەداتەوە و لەم جارەیاندا جەخت لەسەر بوونی دەکاتەوە. (Жерар, 1998: 99) هەر ئەم بایەخەی وێنە وایکرد، کە ڕێبازێکی ڕەخنەیی تایبەت بە وێنە بە ناوی ((ئیمەیجیزم) لە ئەورووپا سەرهەڵبدات، کە (ڕێبازێکی دیاری شیعری ئینگلیزی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمە و دەورێکی کاریگەری نەک لەگشت ئەدەبیاتی ئەورووپاییدا، بەڵکوو لە جیهاندا بینیوە)(عەزیز، ٢٠١٠: ٦)، کە پێوەری بنچینەیی لە دیاریکردنی ئاستی هونەری شیعردا، بریتیبووە لە وێنە. (ڤیکتۆر شکلۆڤسکی) لە ئاستێکی فراوانتردا لە وێنە دەڕوانێت و دەڵێت: ((بەبێ وێنە، هونەر بوونی نییە.))(Виктор, 1929: 8) (عەزرا باوەند)یش پەیوەست بە عەقڵ و سۆزەوە پێناسەی وێنە دەکات: ((ئامادەگییەکی بەرجەستەیی عەقڵ و سۆزە، بەشێوەیەکی تەواو لە چرکەیەکی لەناکاوی زەمەندا.))(الزهاوي، ٢٠٠٧: ٥٠) یان وێنەکان، (دەرئەنجامی کاری ئاوەز و زمان و ئاگایین)(Бразговская, 2019: 131 )، یاخود هەندێکجار بەتەواوی بە عەقڵەوە پەیوەست دەکرێت، باختین (Bakhtin ١٨٩٥– ١٩٧٥ز) هەوڵدەدات لەبارەی وێنەی هونەرییەوە زەمینەی هاوبەشی نێوان بریوسۆڤ (Bryusov ١٨٧٣–١٩٢٤ز) و بۆدلێر (Baudelaire ١٨٢١– ١٨٦٧ز)

بدۆزێتەوە، کە پێیان وایە: وێنە واقعییە تەواوبووەکە، هیچ نییە جگە لە گوزارشتکردن لە عەقڵ (Дубровская, 2016: 188). هەندێک جاریش لەیەک کاتدا بە عەقڵ و هەست و نەست و سۆزیشەوە پەیوەست دەکرێت، (وێنەی هونەری پلان و بەرجەستەکردنە، درککردنێکە ڕێژەی لۆژیکی و نالۆژیکی، عەقڵانی و هەستوسۆز، عەقڵانی و نەستی، لە بیرکردنەوەی زانستی و نوێنەرایەتیکردنی شێوە هونەریدا بەرجەستە دەکات.)( Малыгиной и Зориловой , 2015: 15) لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێکجار بە ڕۆحەوە دەبەسترێتەوە، ئەوەتا هیگل دەڵێت: ((دەکرێت وەها باس لە هونەر بکرێت، کە ڕۆح ئاشکرا دەکات، هەر وێنەیەک لە خاڵی ڕووکەشی خۆیدا دەگۆڕێت بۆ ناوچاو و وەرگریکی ڕۆحی پێکدەهێنێت.)(Гегель, 1968: 162) بە دەربڕینێکی تر، بەپێی تێگەشتنی (باشلار)، وێنە شیعرییەکان تەنها لە ئەنجامی وشیاریمان نییە بە جیهانی هزری و بابەتی، ئەو جیهانەی، کە خود و بابەت لەیەک جیادەکاتەوە، بەڵکوو ڕاستتر، وێنەکان ئەنجامی ڕاستەوخۆی ڕۆحە، کە لەگەڵ جیهاندا گفتوگۆ دەکات، ئەو گفتوگۆیەی، کە لەلای عەقڵ بوونی نییە.(الامام، ٢٠١٠: ١٥٧) هەر لەم بارەیەوە ژاکمارتین (Jacques Maritain ١٨٨٢– ١٩٧٣ز) دەڵێت: ((شیعری هاوچەرخ لەبواری وێنە و ژیانی نادیارییدا، لەنێو قوڵایی ڕۆحدا دۆزینەوەی گەورەی بەدیهێناوە.))(Левит, 2004: 342) هەر لەبەر ئەوەیە، کە لە شیکاری وێنەی هونەریدا دەتوانین دەستمان بە برینەکانی سەر ڕۆحی شاعیر بگات.

هەندێکجار نووسەران وێنەیان وەک ئامرازێکی گرنگ سەیرکردووە، ئەوەتا (پۆتێبنیا[١])(Potebnya ١٨٣٥–١٨٩١ز) لە پێشەنگترینی ڕەخنەگرانی ڕووسە، کە لەبارەی وێنەی هونەرییەوە دواوە، دەڵێت: ((وێنە شتێکی نەگۆڕە بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتی قابیل بە گۆڕان، ئامرازی ڕوونکردنەوەی شتەگۆڕاوەکانە. وێنە شتێکە دەبێت سادەتربێت لە ڕوونکردنەوە.))(Виктор, 1929: 7) بەو مانایەی وێنە ڕەگەزێکی گرنگی هەمیشەیی و نەگۆڕی شیعرە، کە دەکرێت وەکوو ئامرازێک ئەو شتانەی تر، کە قابیل بە گۆڕانن لە ئاستێکی سادەتر لە ڕوونکردنەوە بخاتەڕوو، هەروەها (محمد غنیمی هیلال) وێنەی هونەری بە ئامرازێک دەزانێت، کە جەوهەری هونەرە، دەڵێت: ((وێنە، ئامرازێکی جەوهەری هونەرییە بۆ گواستنەوەی ئەزموونی مرۆڤایەتی لە مانای بەشی و گشتی))(هلال، ١٩٩٧: ٤١٧) یان وێنەی هونەری، ئامرازێکە بۆ تێگەیشتن لە جیهان، ئەم تێگەشتنەشمان کاتێک دەستدەکەوێت، کە لێکۆڵینەوە لە وێنە

---

[١] پۆتێبنیا، ئەلێکسەندەر ئەفانەسیڤیچ: لە ساڵی (١٨٣٥ ز) لە کێڵگەی مانیڤ، لە پارێزگای پۆڵتۆڤای ئۆکرانیای سەربە ئیمپراتۆری ڕووسیای ئەو کات لەدایکبووە. پرۆفیسۆری زانکۆی خارکۆڤ، ڕەخنەگری ئەدەبی، فەیلەسوف، زمانزان و تیۆریستێکی گەورەی زمانەوانی ڕووسی بووە و خاوەنی گەلێک بەرهەمە و لە ڕەخنەگرە یەکەمینەکانی ڕووسە، کە باسی وێنەی هونەری کردووە. لە ساڵی (١٨٩١ ز) لە تەمەنی (٥٦) ساڵیدا لە خارکۆڤ کۆچی دوایکرد. بۆ ئەم بایۆگرافییە، سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە: https://www.livelib.ru/author/180316-aleksandr-potebnya، https://biographiya.com/potebnya-aleksandr-afanasevich/،

بکەین.(Серикова, 2010: 96) یاخود وێنەی هونەری، (ئامرازی مەعریفەی جیهانییە، لە کاری هونەریدا، دیاردەکە لەڕێگەی وێنەوە پێشکەش دەکرێت بەبێ لەدەستدانی بەهای هونەریی.) (Сергун, 2014: 3) واتا (وێنەی هونەری بە ئامرازێک دادەنرێت، کە بەسەر هەموو ئامرازەکاندا دەسەڵاتی هەیە.)(راشد، ٢٠٠٨: ١٣٤) زۆرجار وێنەی هونەری (بە ڕەنگدانەوە و وێناکردن و نواندنی لایەنە جیاوازەکان و شتەکانی واقیع، یاخود وێنەی گشتی، یاخود ژیانی تایبەتی مرۆڤ، یان بەرجەستەکردنی دیاردەیەکی واقیع لە شێوەیەکی هونەریدا، کە نرخێکی ئێستاتیکییان هەیە، لەقەڵەم دراون.)(Роднянская. и Кожинов, 1968: 363)( Тимофеев и Тураев, 1974: 241)(Мясников, 1974: 230)(Гринцер, 1983: 4)(Ожегов, 1994: 427)(Кононенко, 2003: 407)(Солодилова, 2004: 29-30)(Шахбаз, 2010: 8) (Аминева, 2014: 105) (Карпов. 2015. 26) یاخوود زۆرجاریش نووسەران بەوەوە نەوەستاون، کە بڵێن: وێنەی هونەری تەنها ڕەنگدانەوەی واقیعە، بەڵکوو (شێوەیەکی گشتگیری ڕەنگدانەوەی واقیعە لە هونەردا، بەڵام وەکوو خۆی کۆپی ناکات، بەڵکوو دەیگۆڕێت و جوانی دەکات.) (Наумова, 2009: 6 ) (Бертельс, 1935: 15)،(Безруков, 2009: 45)، ( Борисова, 2009: 20)، (Сергун, 2014: 6)، یاخود لۆتمان (Lotman ١٩٢٢–١٩٩٣ز) دەڵێت: ((وێنەی هونەری، بەشێوەیەکی گشتی تەنیا بەپیشاندانی ئەوەی لە واقیعدا هەیە خۆی سنووردار ناکات. کە بەهۆی بەرجەستەکردنی هەست و نەست و ناوەرۆکی هونەری تایبەت لای هونەرمەند شاکاری داهێنەرانەی لێ بەرهەم دێت.))(Янбаева, 2017: 13) بەڵکوو سنووری واقیع تێدەپەڕێنێت، بۆیە دەتوانێت شاکاری هونەری و ئەدەبی بخوڵقێنێت.

وێنەی هونەری پانتاییەکی فراوانی پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەز و بنەما هونەرییەکانی تری شیعردا هەیە، چونکە (فریشتەی کۆکەرەوەی هەموو تایبەتمەندییەکانە لە هونەردا)( Потебня, 1990: 39) و دەتوانێت ژیانی نووسەرەکەی لە چوارچێوەیەکی جواندا ڕێک بخات و نیشانی بدات. واتا (وێنەی هونەری بەهایەکی دیاری گشتگیری هەیە، تابلۆیەکی دیاریکراوە و لە هەمان کاتدا گشتێنراوی ژیانی مرۆڤە، کە بە یارمەتی بیر و سۆز دروستکراوە و بەهایەکی ئیستاتیکی پێدراوە.)(Аминева, 2014: 104) لە (لسان العرب)دا هاتووە: ((وێنە لە شێوەدا، کۆکراوەی وێنەکانە، وێنەی کرد و وێنای کرد، وێنای شتەکەم کرد، وەهمی وێنەکەیم کرد.))(ابن منظور، ١٩٩٩: ٤٣٨) هەروەها (عەزرا باوەند) کە نوێنەری بزوتنەوەیەکی شیعری نوێ بوو، پروپاگەندەی قوتابخانەی وێنەییان دەکرد، گوتی: ((وێنە، نواندنی وێنەگرە.))(صالح، ١٩٩٤: ٣٢) هەروەها (سۆکۆلۆڤ) لە کتێبی (وێنەی هونەری لە لیریکای لێرمەنتۆڤدا) دەڵێت: ((کەس نییە بتوانێت نکوڵی لەوە بکات، کە شاعیر دەتوانێت بە دێڕە شیعرێک تابلۆیەکی هونەری بنەخشێنێت و بە زیندوویی لە خەیاڵی خوێنەردا ڕایبگرێت.))(Соколов, 1964: 176) بەڵام دەبێت ئاگامان لەوەبێت، کە

ئەوەی شاعیر دەیکێشێت تابلۆ نییە، ئەوەتا (تینیانۆڤ) دەڵێت: ((وێنە، وەک شکاندنەوەیەکی واتایی بەدەستهاتووە، نەک وەک "تابلۆ" یەک.))(Тынянов, 1977: 264)

زۆر لە نووسەران کاتێک پێناسەی شیعریان کردووە، وتوویانە لەڕوانگەی وێنە شیعرییەکانی شاعیرانەوە دەتوانین بیرکردنەوەی شاعیران ببینین. بیرکردنەوە لەڕێگەی وێنەوە (نمونەیەکی سەردەمانی کۆنە، لەزۆربەردا دژ بە شێوەیەک لە شێوەکانی ستەم و کەموکوڕییەکانی زمان بووە.)(أمون ، ٢٠١٣: ١٣٦) بەو مانایەی هەندێکجار زمان لە ئاستە ئاساییەکەدا دەستکورتە لە گەیاندنی بیردا؛ هەر بۆیە (فریدریش شلیگڵ ١٧٧٢– ١٨٢٩ز) دەڵێت: ((شیعر بیرکردنەوەیە بەوێنە. ڕەخنەگری بەناوبانگی ڕووس (فیسارون گریگۆرەڤیچ بیلینسکی)(Belinsky ١٨١١– ١٨٤٨ز) دەڵێت: شاعیر بەیارمەتی وێنە بیردەکاتەوە.))(محمد، ١٩٩٠: ٨) یان دەوترێت: وێنەی هونەری، یەکێکە لە سەرەکیترین و ئاڵۆزترین جۆرەکانی هونەر و دڵی هونەرە. هونەریش خۆی لە خۆیدا شێوازی بیرکردنەوەیە لە وێنە هونەرییەکاندا.(Николаев, 2011: 5) هەروەها شکڵۆڤسکی (Shklovsky ١٨٩٣–١٩٨٤ز) دەڵێت: ((پۆتێبنیا و بەشێکی زۆری خوێندکارەکانی قوتابخانەکەی باوەڕیان بەوە هەبوو، کە شیعر بیرکردنەوەیە، بەڵام بیرکردنەوەیە بە یارمەتی وێنە.))(Шкловский, 1990: 59 )(Львов, 2014: 56) ژیرمۆنسکی (Zhirmunsky ١٨٩١– ١٩٧١ز) دەڵێت: هونەر بیرکردنەوەیە بە وێنە، وێنەش یەکسانە بە شیعر (Жирмунский, 1928: 349)، بەهەمان شێوە بیلینسکی لەو بڕوایەدابوو، کە هونەر بیرکردنەوەیە بە وێنە. (Ханифович, 2007: 7)

هەندێک لە نووسەران گیانیان کردووە بەبەر وێنەی هونەریدا و وەکوو گیانلەبەرێک سەیریان کردووە و دەڵێن: وێنە گیانلەبەرێکە وەکوو هەر گیانلەبەرێکی زیندوو، کە سیفات و ڕەگەزی تایبەت بە خۆی هەیە، واتا شاعیر جوڵە و دەنگ و ڕەنگ و ئاوازی بە بیرکردنەوەکانی بەخشیوە و کردوونی بە بوونەوەرێکی بێوێنە و بەهۆی ئەوەوە هەموو پارچەکانی پێکەوە بەستۆتەوە.(ذیاب، ٢٠٠٣: ١٨)(Ханифович, 2007: 7)(حمدان، ٢٠١١: ٢)

(د.محمد غەنیمی هیلال) دەڵێت: ((لە وێنە شیعرییەکاندا ئەو ئامرازە بەدیدێت، کە لە ڕێگەیەوە شاعیر دەگاتە جێگیرکردنی ئەو پەیوەندییانەی، کە لەنێوانی شتەکان و بیردا، یان لەنێوان هەستپێکراو و سۆزدا، یاخود لەنێوان مادده و خەوندا هەیە، ئەوەش ئەو خەیاڵەیە، کە تێیدەپەڕێنێت و دەیانگەیەنێتە یەک. وێنەکان لە بەراوردکاری نێوان دوو شتی کەم یان زۆر لەیەک دوور دروست دەبن))(هلال، ١٩٩٧: ٤٠٠). بەشێکی تریش لە ڕەخنەگران لەسەر ئەوە کۆکن، کە وێنە داهێنانی ڕووتی زیهنە، ناکرێت تەنها لە جیاوازی و چواندندا بەدیبێت، بەڵکوو ئەنجامی لەیەک نزیککردنەوەی دوو واقیعی لەیەک دوورە، دوو کەرەستەی دژ بەیەکە، هەتا ئەو دوو واقیعە، یان

هەولاتامەی کتێب

دوو کەرەستەیە لەیەکەوە دوورترین و ڕاستگۆیانەتربێت، ئەوە دەبێتە وێنەیەکی بەهێز و ئامانجی شاعیر بەدی دێنێت.(السعدنی، ١٩٨٧: ٩٦)(Левит, 2004: 324)(طه الطائي، ٢٠٠٥: ١٤٦)(Беляев, 2007: 175)(Борисова, 2009: 21)(کروش، ٢٠١١: ٦)(Озерова, 2017: 9)

زانایانی مۆدێرن چەمکی وێنە و وێنە بە ناڕوون لێکدەدەنەوە. (Озерова, 2017: 6) وێنەی هونەری لە شیعردایە، شیعریش وەک لۆتمان دەڵێت: ((سەر بەئەو بوارانەی هونەرە، کە جەوهەرەکەی بەتەواوی و هەتا کۆتایی بۆ زانست ڕوون نییە.))(Лотман, 1972: 3) (Лотман, 1996: 27) ئەو ناڕوونییەش کاریگەری لەسەر وێنە درووستکردووە، ئەوەتا ژیرمۆنسکی دەڵێت: ((وشەی وێنە، هەڵگری ناڕوونییە.))(Жирмунский, 1928: 28) ئەو ناڕوونییەش وا دەکات، کە پێویستی بە تێگەشتنی زیاتر هەبێت. وەک لوناچارسکی ئاناتۆلی (Lunacharsky Anatoly ١٨٧٥– ١٩٣٣ز) زۆر بەوردی ئاماژەی بەوە داوە، کە وێنە کێشەی سەرەکی هونەرە و نهێنییەکی تێدایە، کە پێویستی بە تێگەیشتنی زیاتر هەیە.(Гей, 1983: 68) هەروەها (عزالدین اسماعیل) لە کتێبی (الشعر العربی المعاصر) دا، ئاماژە بەوە دەکات، کە خودی ئەو بیرۆکەیەی، کە وێنەی پیکهێناوە، شتێکی شاراوەیە، دەڵێت: (("بیرۆکە" ی شاراوە، کە سروشتێکی تایبەتی هەیە دەرناخرێت لەڕێگەی پێکهاتەوە نەبێت، ئەوەیە کە پێی دەڵێین "وێنە".))(اسماعیل، ١٩٩٤: ١١١) بەڵام بێگومان تەنها شاراوەیی لە وێنەدا نییە، بەڵکوو شاعیران ئەوە بەپێی پێویستیی دەکەن، هەروەک ڤینۆکور (Vinokur ١٨٩٦–١٩٤٧ز) دەڵێت: ((مەبەست لە وێنە، گۆڕینی بابەتێک، شتێکە بە شتێکی تر، سادە بۆ ئاڵۆز و ئاڵۆز بۆ سادە. هاوکات پێویستە بەرزترین گرژی واتایی لەنێوان ئەو دوو خاڵەدا بەدیبێت. وێنە هەم دەتوانێت ئاسانکاری بکات و هەمیش دەتوانێت تێگەشتنی شتەکان زەحمەت بکات. شتگەلێک بۆ خەڵکانێکی نائاشنا ڕوونبکاتەوە، یان بەپێچەوانەوە.))(Винокур, 1991: 178)

وێنەی هونەری بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر خوێنەر دروستکات، دەبێت سادە و ساکار نەبێت، لەم بارەیەوە (هیگڵ) دەڵێت: ((دەبێت ئەوە ڕوون بێت، کە وێنە نابێت بە مانایەکی دیاریکراو و بێپێچوو پەنا گوێگر ڕازیبکات))(Гегель, 1969: 17) چونکە هەروەک شکلۆڤسکی (Shklovsky ١٨٩٣– ١٩٨٤ز) دەڵێت: ((وێنەی هونەری تاکە ڕێگەیە بۆ دروستکردنی کاریگەریی لەسەر بەرانبەر.))(Шкловский, 1990: 61) چەند شاعیر لێهاتووبێت لە بەکارهێنان و کێشانی وێنەکانی، ئەوەندە توانای زاڵبونی بەسەر خوێنەر و بیسەردا زیاتر دەبێت، چونکە وێنە شێوازی شاعیرە لە (گواستنەوەی بیرۆکە و سۆز لە یەککاتدا.)(الطرابولی، ٢٠٠٥: ١٦٤) بێگومان وێنەی هونەری بەوە کاریگەری لەسەر خوێنەر زیاتر دەبێت، کە توانای گەیاندنی چەند واتایەکی هەبێت، لەمبارەیەوە (پۆتێبنیا) دەڵێت: ((وێنەی هونەری یەکێتیی و یەکپارچەیی لەخۆیدا هەڵگرتووە و لەهەموو تێگەشتنێکی جیاوازدا واتایەکی نوێ دەدات.))(Потебня, 1976: 24) هەروەها

گەرشکۆڤ(Gorshkov۱۹۲۳– لەژیاندایە) دەڵێت: ((سروشتی وێنەی هونەری لەڕووی جەوهەرەوە لەیەکتری جیاوازن، وێنەی هونەری هەمووجارێک سەرلەنوێ دروستدەبێتەوە.)) (Горшков, 2018: 19) نابێت ئەوەمان لەبیربچێت، کە لەڕوانگەی (پۆتێبنیا)وە هەر وێنەیەک، پێویستە چۆنایەتی نوێکاری و تازەگەریی تێدابێت.(Сухих, 2001: 68) هەتا لەم بارەیەوە باوەڕی وایە، ئەگەر وێنەکە هەر بەتەنها دەربڕینی واتایەک بێت و شتێکی نوێی نەخستبێتە سەری، ئەوە نە دەربڕینی هونەرییە و نە وێنەی هونەریشە.(Потебня, 1990: 14) ئەگەرچی مەرج نییە هەموو ئەو وێنە نوێیانە تەواو لە وێنەکانی پێش خۆیان دابڕاوبن و هیچ پەیوەندییەکیان پێیانەوە نەبێت، ئەوەتا باختین دەڵێت: ((وێنەی نوێ، لە ئەدەبدا زۆر جار بە دووبارە کەڵەکەکردنەوەی وێنە کۆنەکان دروستدەبێت.))(Бахтин, 1975: 232) بەڵام بێگومان بەومەرجەی شاعیر توانای کۆکردنەوەی دژەکان و بینین و بایەخدانی بە گۆشەشاراوەکانی وێنەکانی پێش خۆی هەبێت و بەشێوازێک پێشکەشیان بکات، کە نەچنەوەسەر وێنەکانی پێشوو.

وێنەی هونەری بەهاو بایەخێکی گەورەی هەیە، نەک هەر لە شیعردا، بەڵکوو بەگشتی لە هونەریشدا، ئەوەتا ژیرمۆنسکی دەڵێت: ((بەهای هونەر بەتایبەتمەندی وێنە دیاری دەکرێت.))(Жирмунский, 1928: 24) واتا وێنە وەک پێوەرێک بۆ بایەخ و بێبایەخیی هونەر سەیر دەکرێت، ئەگەرچی ئەمە لە شیعردا چڕترە، چونکە شیعر تەنیا جۆرێک نییە لە داهێنان، بەڵکوو هونەرێکی پیرۆزی ئافرێنەری وێنەشە.(Гладилина, 2019: 207) لەم ڕوانگەیەوە (قدامة بن جعفر)، کە لە ساڵی( ۳۳۷ هـ)، (۹۵۱ ز) کۆچی دوایی کردووە، هەرزوو لەژێر کاریگەرییەکانی (الجاحظ)دا گوتوویەتی: ((گەر جەوهەری شیعر وێناکردن بێت، ئەوە واتاکان ماددەی شیعرن و شیعریش تێیدا وەکوو وێنەیە، ناکرێت داوەری لەسەر شیعر بدرێت بە ماددەکەی، واتە: بە واتاکەی، بەڵکوو بە وێنەکەی حوکمی لەسەر دەدرێت.))(هلال، بێساڵ: ٤٨-٤٩) هەر لەم بوارەدا ڤیساریۆن بیلینسکی دەڵێت: ((پێوەر بۆ شاعیر – وێنەیە.))(Белинский, 1981: 63)، هەروەها هەندێکی تر لە نووسەران باوەڕیان بەوە هەیە، کە وێنەی هونەری (یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکانی بڕیاردان لەسەر ڕەسەنایەتیی ئەزموون و توانای شاعیری پێدەپێورێت.)(الطرابولی، ٢٠٠٥: ٣٨١)(عواد، ٢٠٠٧: ٧٦)(حمدان، ٢٠٠٨: ١٧٠) وێنەی هونەری نەک هەر پێوەری هەڵسەنگاندنی شاعیرانە، بەڵکوو بۆ ڕەخنەگر کەرەستەیەکی گرنگە تاکوو بەهۆیەوە بە واتا قوڵەکانی قەسیدە بگات، لەم ڕوانگەیەوە (د.احسان عباس) لە کتێبی (فن الشعر)دا دەڕوانێتە وێنە بەوەی، کە گەورەترین پاڵپشتە بۆ ڕەخنەگر لە دۆزینەوەی واتا قووڵەکان، کە قەسیدەکە هێمای بۆ دەکات.(عباس، ١٩٥٩: ٢٣٠)

چەمکی وێنە، یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی ناو لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان، پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت، کە ئەم چەمکە بە تیۆرە کۆنەکانی هونەرەوە گرێدراوە، جوانیناسیی کلاسیکی ئەڵمانی چەمکی (وێنە)ی بەپشتبەستن بە جوانیناسیی هیگڵ بەتەواوی ئاشکراکردووە. چەمکی "وێنە" بەرجەستەکردنێکی هەستییانەی ئایدیای تێدایە، چونکە (لە سەرەتادا چەمکی "وێنەی هونەری" لە "جوانیناسی"یەکەی فریدریک هیگڵ ((Hegel, Friedrich ١٧٧٠–١٨٣١ز)دا باسکراوە) ,Сергун) (2014: 6، چونکە لەبناغەدا ئارەزووی دروستکردنی وێنە، (لە ڕاستییەکانی فەلسەفەی جوانی تیۆرییەوە سەرهەڵدەدات، ئەوەش بەپێی ڕۆشنبیریی شاعیر و ڕادەی وشیاریی دەربڕینە هونەرییەکەیەتی.)(اسماعیل، ١٩٨١: ٨٨) لەمەوە دەگەین بەوەی کە (وێنە، جۆرێکی گشتیی بەرهەمی هونەرییە، شێوەی کارێکی هونەری خودییە، لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی تایبەتییە بۆ ژیان لەژێر کاریگەریی جوانیدا.)(Николюкин, 2001: 669,670) بەڵام نابێت لەیادمان بچێت وەک (د.صلاح فضل) دەڵێت: ((وێنەی هونەری بۆ جوانکردن نییە، بەڵکوو ئەو جەوهەری هونەری شیعرە.))(فضل، ١٩٩٨: ٢٣١) هەر لەم بارەیەوە (ڤینۆگرادۆڤ) دەڵێت: ((وێنە وەک خەسڵەتێکی گوتاری شیعری، دیاردەیەکی پلان جیاوازە. دەرهاویشتی کرداری جوانیناسی زمانە.)) (Виноградов, 1963: 24) بوونی بنەمای ئێستاتیکی لە وێنەی هونەریدا هێندە گرنگە، کە (ناتوانین بە هەموو وێنەیەک بڵێین هونەریی، چونکە وێنەی هونەری ئاراستەیەکی ئێستاتیکیی هەیە،)(Маркина, 2017: 12) کە لەناو خودی زماندا شاعیر دەیخوڵقێنێت.

ئەگەر لەڕوانگەی زانستی زمانەوە لە چەمکی وێنەی هونەری بڕوانین، ئەوە لەوە تێدەگەین، کە (ڕەسەنایەتیی و چۆنایەتیی وێنەی هونەری لەو ڕاستییەوە بەرجەستەدەبێت، کە بە یارمەتی زمانی سروشتیی مرۆڤ دروستدەبێت.)(Янбаева, 2017: 13) زمان پێگەیەکی گرنگی لای (باشلار) هەیە و باوەڕی وایە، کە (دەرفەتی تێگەشتنی وێنەی شیعریمان نابێت بەبێ گەڕانەوە بۆ گرنگی زمان، کە ئامرازێکە بوونێکی سرووشتیی ماددی هەیە، لێرەدا مەبەست لە زمان، زمانی نمایشیی نییە، کە تێیدا زمان خودی خۆی لەدەستدەدات و دەبێتە ئامرازێک بۆ گەیاندنی واتا و ئەگەرەکان، بەڵکوو مەبەست لێی زمانی شیعرییە، کە بەبێ ئەو زمانە، شیعرییەت بوونی نابێت، وێنەی شیعری بە وشە دەردەبردرێت، کەواتە زمان بواری شیعرە، هەروەها شیعر بواری زمانە، واتا وێنەی شیعری لە زماندا جێگیر دەبێت، کەواتە ئەوەی بەرهەم دێت، بەرهەمی ڕاستەوخۆی خەیاڵە لەسەر زمان.)(الامام، ٢٠١٠: ٣١١–٣١٢) هەروەها چەمکی (وێنە) لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییە هاوچەرخەکاندا، (بە نوێبوونەوەیەکی قووڵی زمانی زانستیدا تێدەپەڕێت)(Тюпа, 2009: 6) و گرنگترین تایبەتمەندی وێنەش، پێکهاتە زمانەوانییەکەیەتی.(Озерова, 2017: 7) بەمەش هەتا شاعیر دەسەڵاتی زیاتر بەسەر زمانی شیعریدا بشکێت، باشتر دەتوانێت وێنەی هونەری داهێنراو بخوڵقێنێت.

هەندێک لە توێژەرە نوێیەکان پێیانوایە، کە هەر پێناسەیەک بۆ وێنە دەبێت لە زمانەوە دەستپێبکات، وەکوو دەستپێکێک لەوەی، کە دیاردەی شیعری "لە ڕاستیدا" دیاردەیەکی زمانەوانییە ((هیچ ڕێگەیەک نییە پێیبگەین، تەنها لەڕووی زمانەوە نەبێت، کە تێیدا بلیمەتی مرۆڤ دەردەکەوێت و گرنگی شیعری لەسەر دەوەستێت.))(مسعود، ١٩٩٩: ٢١) واتە: کەرەستە زمانییەکان بایەخی گەورەیان لە وێنەی هونەریدا هەیە. (ڤینۆگرادۆڤ) ئەوەی دووپاتکردەوە، کە (کەرەستەی زمانیی، سەنتەری پیکهێنانی وێنەیە.)( Виноградов, 1959: 389) وێنەی هونەری و وێنەگەرایی بە شێوەیەکی گشتیی چەمکە کلیلییەکەی لەبواری زمانەوانیدایە. (Бородина, 2018: 7) هەندێکیان پێناسەی وێنە لەڕوانگەی زمانەوانییەوە بە جیهانی هەستەوە پەیوەست دەکەن، وەک (د.علی البطل)، کە دەڵێت: ((وێنە پێکهاتەیەکی زمانەوانییە، خەیاڵی هونەرمەند لە زانیاریگەلێکی جۆراوجۆرەوە دروستیدەکات، کە جیهانی هەستیی لە پێشیانەوە دێت.))(بطل، ١٩٨١: ٣٠) ڕەنگە نزیکترین پێناسە بۆ تێگەیشتنی وێنە لەم بارەیەوە پێناسەکەی (صالح ابو صبعە)، بێت، کە دەڵێت: ((وێنەی شیعری: پێکهاتەیەکی زمانەوانییە بۆ وێناکردنی واتایەکی ژیری و سۆزەکی، خەیاڵکراوە بۆ پەیوەندی نێوان دوو شت، کە دەکرێت بە چەند شێوازێکی جۆراوجۆر چ لەڕێگەی لێکچوون، یان بەرجەستەکردن، بەکەسکردن، نوێگەری، بەربڵاوییەوە بێت وێنابکرێن.))(العکیدي، ٢٠٠٥: ٨)

شیکارکردنی وێنەی هونەری خۆی بۆخۆی کارێکی ڕەخنەییە، هەر بۆیە لەبواری ڕەخنەی ئەدەبی و هونەریشدا لە چەمکی وێنەی هونەری دەدوان. لە زانستی هونەردا، بەتایبەتی (لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، وشەی "وێنەی هونەری" واتای تری هەیە، لە شێوە هونەرییەکاندا وێنە، تەنها ڕەنگدانەوەی دیاردەیەکی ژیان نییە لە ئاگایی مرۆڤدا، بەڵکوو لە بەرهەمی هونەریدا، وێنە ڕەنگدانەوەی شتە مادییەکانە بە یارمەتی نیشانەکان)(Поспелова, 1988: 38) واتا قسەکردنە لەسەر شتە مادییەکان، کە وەک نیشانەیەک لەبواری ئەدەبیدا واتای نوێ بەرهەم دێنن، هەندێکجار (لە ڕەخنەی ئەدەبیدا وەها لە وێنە دەڕوانرێت، کە جۆرێکە لە هونەر.(Наумова, 2009: 7) بەم جۆرە پەیوەست بە هەردوو بواری ئەدەبی و زمانەوانی، ئەوە ئاشکرا دەبێت، کە (دەق لەلایەکەوە بە ئەدەبناسییەوە و لەلایەکی تریشەوە بە زمانناسییەوە پەیوەستە.) (слюсарева, 1982: 41) (تەوەری سەرنجی زانایانی بواری ئەدەب، لایەنی ناوەڕۆکە لە کارە ئەدەبییەکەدا، لەکاتێکدا بۆ زانایانی زمان، لەبەرچاوگرتنی گرنگترین پۆلێن، سیستەمی زمانە، واتە فۆرم.)( Янбаева, 2017: 15)

ئەگەر لەڕوانگەی دەروونییەوە لە وێنەی هونەری بڕوانین، ئەوە دەبینین کۆمەڵێک ڕەخنەگر هەن، کە کاریگەربوون بە بیرۆکەکانی فرۆید و خوێندکارەکانی لە شیکردنەوەی دەروونیدا. بۆیە مامەڵەیان لەگەڵ وێنەدا کرد لەسەر بناغەی ئەوەی، کە هێماگەلێکن بۆ کۆمەڵێک گرێی دەروونی، یان ئارەزووەکان، یان کۆمەڵێک غەریزەی چەپێنراو. (شیعر) لای ئەوان لە نەستەوە دەردەچێت و

لەسەر شێوەی وێنە و هێماگەلێک بە دەقدا بڵاودەبنەوە.(غیلان، ٢٠٠٣: ٢٦٧) کاتێک غەمەکانی نەست دەبێتە هۆی درووستبوونی وێنەیەکی شیعری، ئەوە درک بە هەستی ناوەکی دەکرێت، بەڵام لەم کاتەدا هەڵەیە ئەگەر هەڵسوکەوت لەگەڵ وێنەکەدا بکرێت لەسەر بنەمای واتا ڕووکەشییە راستەوخۆکە.(اسماعیل، ١٩٨٤: ٨٤) چونکە وێنەکە ئاماژەیە بۆ واتای تر، کە لە ئاستی ڕووکەشدا شاراوەیە. (د.عزالدین اسماعیل) لە لێکۆڵینەوەیەکی بۆ وتەکانی (فرۆید)دا، جەخت لەوەدەکاتەوە و دەڵێت: ((وێنەی شیعری هێمایە و سەرچاوەکەی نەستە.))(بوعامر،٢٠٠٢: ١٧) واتا لای دەروونناسەکان هەموو وێنەیەکی هونەری خۆی بۆخۆی هێمایەکە بۆ بارێکی دەروونی و لە نەستەوە سەرچاوەی گرتووە. یاخود دەوترێت (شتەکان لە گەردوون و هزر و بیر و هەستی شاعیردا بوونیان هەیە، بەڵام دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ئەو شتانە و نێوان باری دەروونی شاعیر، ئەرکی وێنەیە لە قەسیدەدا.)(بابکر، ٢٠٠٠: ٢٥) واتا وێنەی هونەری جارێکی تر گەڕانەوەی ئەو یادگارییانەیە، کە پێشتر چوونەتە ناو یادگەی شاعیرانەوە، بەڵام (یادگارییەکان جیاوازن، مەبەست لێیان هەموو ئەوانەن، کە لە مێشکدا هەڵدەگیرێن، لەڕووی دووری و نزیکییەوە، هەندێک وێنە هەن نزیکن و گەڕاندنەوەیان ئاسانە و هەندێکی تر دوورن و لەقوڵایی ناخدان و گەڕاندنەوەیان قورسە، هەندێکی تر دەچنە قوڵایی نەستەوە، ئەمەش پشت بە توانای خودی کەسەکان دەبەستێت لە بیرکردنەوە.)(الدایة، ١٩٩٦: ٢٨)

هەندێکجار دەروونناسەکان وێنەی هونەری شیکار دەکەن و دابەشیدەکەن بەسەر دەرەکی و ناوەکیدا. دەرەکی، بابەتی خەڵک دەگرێتەوە (دەرکەوتنیان، هاوژیانیی، پۆرترێت، دیمەنی سرووشتیی، جیهانی شتەکان) و ناوەکی (دەروونی)ش (دنیای ناوەوەی کەسەکە، جوڵە ڕۆحییەکان، بیرکردنەوە، هەست، ئەزموون، ئارەزوو ... هیتر.)(Коротких, 2007: 33) هەر لەم ڕوانگەیەوە (احسان عباس) لە دوو گۆشەوە دەڕوانێتە وێنە: ((یەکەم: وێنە دەربڕینە لە دەروونی شاعیر و لەو وێنانە دەچێت، کە لە خەودا دەبینرێن، دووەم: لێکۆڵینەوەی وێنە گشتگیرە و ڕەنگە بخوازێت واتایەکی قووڵتر ئاشکرا بکرێت تا واتای ڕووکەشیی قەسیدەکە.))(عباس، ١٩٥٩: ٢٣٨) بێگومان چواندنی وێنە بە خەون لای (ئیحسان عەباس) خۆی بۆخۆی پەیوەست کردنییەتی بەلایەنە نەستی و دەروونییەکانەوە.

زۆرجاریش نزیک لە ڕەوانبێژی چەمکی وێنەی هونەری ناسێنراوە و خراوەتەڕوو، بۆنموونە (د.نصرت عبدالرحمن) دەڵێت: ((لەو زاراوە بۆ ماوەییانەی، کە نزیکبێت لە مدلولی "واتای" وێنەوە، زانستی ڕوونبێژییە.))(الجهني، ١٤٢٥هـ: ٤٤) هەروەها (د.صلاح الدین عبدالتواب) دەڵێت: ((گومان لەوەدا نییە، کە جوانیی وێناکردن و سەرەنجڕاکێشیی ڕوونبێژی لەپشت هەموو کاریگەرییەکەوەن، کە وێنەی ئەدەبی لە دەروونەکاندا دەیوروژێنێت.))(عبدالتواب، ١٩٩٥: ١١) هەر لەم ڕوانگەیەوە

(سی. دی. لویس) دەڵێت: ((وێنە، لە سادەترین مانایدا تابلۆیەکە کۆڵەکەکەی وشەکانە، وەسف و خوازە و چواندن دەکرێت وێنە دروستبکەن، یان دەکرێت وێنە دەستەواژەیەک، ڕستەیەکمان پێشکەشبکات، کە بە تەواوی پەسنیی بێت، بەڵام شتێکی زیاتر لە ڕەنگدانەوەیەکی پوخت بۆ ڕاستیی دەرەکی دەگەیەنێتە خەیاڵمان؛ بۆیە هەر وێنەیەکی شیعری تاڕادەیەک خوازەیە.)) (Lewis, 1961: 18) ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە (شیکردەوەی وێنە لای"سی. دی. لویس" بۆخۆی بووەتە ڕێبازێکی سەربەخۆ)(عەلی، ١٩٩٨: ٣٩،٤٠) لە شیکارکردنی دەقی شیعریدا.

دکتۆر (احسان عباس) لە کتێبی (فن الشعر) دا دەڵێت: ((لێکۆڵینەوە لە وێنە دەڕوات بۆ ئاشکراکردنی مانای قووڵتر لە مانا ڕوکەشییەکەی قەسیدەکە، لەبەرئەوەی وێنە خۆی بریتییە لەهەموو جۆرەکانی خوازە.))(عباس، ١٩٥٩: ٢٣٨) بەو مانایەی زمانی شیعر زمانی خوازەیە و وشەش لە خوازەدا واتا ڕووکەش و فەرهەنگییەکەی ناگرێتەوە، شیعریش پێویستی بە خوازەیە، لەبەرئەوە وەک (کۆلریدج) دەڵێت: ((شیعر بەبێ خوازە وەکوو تەنێکی بێگیان وایە، چونکە وێنەی خوازەیی بەشێکە لەو وزەیەی، کە ژیان بە شیعر دەبەخشێت.))(أطميش، ١٩٨٢: ٢٢١) واتا هەر وێنەیەکی شیعری تاڕادەیەک خوازەیە.(دي-لويس، ١٩٨٢: ٢١) هەروەها (د.جابر عصفور) دەڵێت: ((وێنە بەجۆرێک لە ڕەوانبێژی هەژمار دەکرێت، کە گواستنەوەیە لە واتاوە بۆ پەیوەندییەکی لێکچوون، وەکو چواندن و خواستن بە جۆرەکانیانەوە.))(عصفور، ١٩٩٢: ١٠) بەڵام نابێت لەیادمان بچێت، کە بەڕێگای جیاواز لە خوازەش دەکرێت وێنەی هونەری دروستبکرێت، (وێنە بە ئەندازەی شیعر کۆنە، شێوازە ڕەوانبێژییەکەش، کە دروستی دەکات خوازەیە، بەڵام بە ڕێگای تری جیاواز لە خوازەش دەتوانین بەوێنە بگەین)(عبدالله، ١٩٨١: ٢٧) واتا هونەرە ڕوونبێژییەکان بەتایبەتی چواندن و خوازە ئامرازێکی گرنگن بۆ دروستکردنی وێنەی هونەری پشتبەستوو بە خەیاڵ. بێگومان دەکرێ بۆ دروستکردنی وێنە پشت بە واتای ڕاستەوخۆی وشەکانیش ببەسترێت، لەم کاتەدا ئەندێشە ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییەی نەبووە.

وێنەی هونەری لەڕوانگەی زانستی(سیمۆلۆژیا) نیشانەناسییەوە، گفتوگۆی زۆری لەسەر کراوە، بەوە لێکدراوەتەوە، کە (نیشانەیەکە لەناو سیستەمی نیشانەکاندا، کە مانای زیاتری خراوەتەسەر.)(Николаев, 2011: 11) (لۆتمان) لەمبارەیەوە دەڵێت: ((لە نیشانەناسیدا وێنەی هونەری، وەک نیشانەی هەندێک دۆخی ژیان و ڕووداوەکان دەبینرێت.))(Янбаева, 2017: 11) هەر (لۆتمان) پێیوایە: لەڕوانگەی نیشانەناسییەوە، وێنەی هونەری نیشانەیەکە، کە دیزاینێکی بەبایەخی بۆ کراوە. لەم ڕوانگەیەوە وێنە وەک بوونێکی خەیاڵیی دەردەکەوێت، کە هەرجارێ لە خەیاڵی وەرگردا دەردەکەوێت خاوەنی (کلیل) کۆدێکی کولتورییە بۆ ناسنامە و تێگەشتن لێی.(Янбаева, 2017: 11) چونکە هەروەک (ڕۆلان بارت)یش ئاماژەی پێداوە: ئەو نیشانەیەی

هەڵدەبژێردرێت و لە بوارێکی ڕۆشنبیریی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێت، دەتوانێت بە چەندین واتای جیاواز لێکبدرێتەوە. (Барт, 1989: 313) لەم زانستەدا ئەوە خراوەتەڕوو، کە وێنە بەهۆی ناکۆکییەوە لەسەر بنەمای نیشانەکان دروستدەبێت، (لە زانستی ئاماژە، یان نیشانەناسیدا، ئەوەیان دەرخستووە، کە وێنەی هونەری بە سیستەمی نیشانە، کە لەسەر بنەمای ناکۆکی یان خوازەیی دروستدەبێت.(Ханифович, 2007: 7)

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین: وێنەی هونەری ڕەگەزێکی هەرە گرنگ و کاریگەری شیعرە، کە وشە تێیدا لە ئاستیکی بەرزی زمانیدا بە هەست و سۆز بارگاوی کراوە و لە دروستکردنیدا پشت بە خەیاڵ بەستراوە، کە تێیدا لەڕوانگەیەکی ژیریی، یان هەستییەوە واقیعێکی دیاریکراو نیشاندەدات، یان دەکرێ باری خودیی و لایەنە دەرونییەکانی شاعیر بخاتەڕوو.

## ١/ ٣. ئەرکی وێنەی هونەری

وێنەی هونەری هەر بەتەنها بۆ جوانکردنی دەقی شیعری نییە، بەڵکوو بەهۆیەوە کاریگەریشی پێ دەخرێتەسەر وەرگر، بێگومان دروستکردنی کاریگەری هەروا شتێکی ئاسان نییە، بەڵکوو بەهۆی ئەوەی، کە وێنە کۆمەڵێک ئەرک جێبەجێ دەکات و بەهۆی ئەوانەوە دەتوانێت کاریگەربێت و لەسەر دڵ و دەروونی وەرگر بچەسپێت، ئەو ئەرکانەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١ – شاعیر کاتێک ئەزموونێک کاریگەری لەسەر دادەنێت لە ناخیدا بیرۆکە و هەڵچوون درووست دەبێت، بۆ ئەمەش بیگومان پێویستی بە ڕێگایەکە بۆ بەرجەستەکردنی ئەزموونەکەی، ئەو ڕێگایەش وێنەیە، کەواتا یەکەمین ئەرکی وێنە بەرجەستەکردنی ئەزمووني هونەرمەند و وێناکردنی جیهانی ناوەوەی شاعیرە بە هەموو هەست و ختورە و بیرکردنەوەکانییەوە و ڕوونکردنەوەی دید و قووڵکردنەوەی هەستێتی بەرامبەر شتەکان. چونکە شاعیر (بیرۆکە و هەڵچوون دروستدەکات و پێویستی بەڕێگایەکە بۆ بەرجەستەکردنی، ئەو ڕێگایەش وێنەیە.)(کبابە، ١٩٩٩: ٨) ئەمەش یارمەتی دەدات لەسەر وێناکردنێکی هەستیی بۆ بابەتەکەی، هەروەها یارمەتی دەدات لەسەر بەردەوامی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا ((لێرەدا ئەرکی وێنە سنوردار دەکرێت بەوەی، کە گۆڕەپانی تێکەڵکردنی دەروونی ئەدیبە بە جیهانی سروشتی.))(ذیاب، ٢٠٠٣: ٢١)

٢ – بێگومان ئەرکی وێنەی هونەری هەر بەوەوە ناوەستێت، کە شاعیرەکە ئەزموونەکەی خۆی بەرجەستە بکات، هەر بۆیە لێرەدا دەگەینە ئەرکی دووەمی وێنە، کە گەیاندنی ئەزموونە بەوانیتر، چونکە وێنە یەکەمجار شێوازی شاعیرە لە هەوڵدان بۆ دەرککردنی ئەوەی لە دڵ و عەقڵیدایە، دووەمجاریش گواستنەوەیەتی بۆ کەسانی تر. دەربارەی ئەوە "احمد الشایب" دەڵێت: ((ئەو شێوازانەی کە ئەدیب هەوڵدەدات لەڕێگەیەوە بیرۆکە و سۆزی خۆی بگوازێتەوە بۆ خوێنەر و

بیسەر، پێیدەوترێت وێنەی ئەدەبی.))(كبابە، ١٩٩٩: ٩) هەتا ئەو بیرەی لای شاعیر گەڵالەبووە لە ئاستێكی قووڵی واتایدابێت، ئەوە هەر بەئاسانی دەیگوازێتەوە، چونكە وێنەی هونەری (بەتواناترینی ئامرازەكانە لە گواستنەوەی بیرەقووڵ و هەستەچڕەكان لە كەمترین كات و كورتترین دەستەواژە و بەرتەسكترین بۆشاییدا، هەرچەند بینەر تێبیرِوانێت زیاتر بیرۆكەی نوێ و هەستی نوێكراو دەخوازێت.)(حمدان، ٢٠١١: ٥)

٣ – شاعیر نایەوێت لەڕێگەی وێنە هونەرییەكانییەوە تەنها بیر و سۆزەكانی بە وەرگر بگەیەنێت، بەڵكوو ئەو ئەركەش دەخاتە ئەستۆی وێنە، كە وەرگر لەسەر بیرۆكەكانی قەناعەت پێبكات، چونكە (شاعیر ئامانجی قەناعەتپێكردنی وەرگرە بەبیرۆكەیەک لە بیرۆكەكان، قەناعەتپێكردنیش شێوازی جۆراوجۆری هەیە: بەراڤە و ڕوونكردنەوە دەستپێدەكات، كە هاوشانی زیادەڕەوییە تا دەگاتە جوان و ناشرینكردن.)(كروش، ٢٠١١: ١٠) بەو شیوازە وێنە ئەركی قەناعەتپێكردنی بەرانبەریش جێبەجێ دەكات.

٤ – لەگەڵ ئەوانەشدا  وێنەی هونەری لە ڕەخنەی كۆندا ئەركێكی زۆری گێڕاوە، گرنگترینیان جوانی و سەرنجڕاكێشی، سەرسوڕمان و كاریگەریی و هەتا دوایی، لەو ئەركانەن، كە بەسترابوون بە ئارەزووی هەموو شاعیرێک و خواستی ژینگەكەیەوە. هەر لەبارەی كاریگەری و سەرسوڕمانەوە (ابن سینا) دەڵێت: ((عەرەب بۆ دوو مەبەست شیعری دەوت: یەكێكیان كاریگەربێت لە دەروونێک و لەبابەتێک لە بابەتەكان ئامادەكاری پێبكرێت بەرەو كردارێک یان هەڵچوونێک، دووەمیش تەنها بۆ سەرسوڕمان، بۆیە لەهەموو شتێک دەچوو بەهۆی سەرسوڕمانێک بەجوانیی چواندنەوە.))(نصیرة، ٢٠٠٦: ٣٩)

٥ –  یەكێكی تر لە ئەركەكانی وێنە، دەستكاریكردنی واقیعە، واتا (وێنە، ڕێگایەكە بۆ دووبارە درووستكردنەوەی واقیع)(Бертельс, 1935: 15) و گۆڕینێتی بۆ ئەو شێوەیەی كە شاعیرەكە دەیەوێت، هەندێكجار گۆڕینی (واقیعی هەستی سەخت و بیرۆكە پەتییەكان بۆ ڕۆحێک، كە ترپە بكات بە ژیان و سۆز و هەستی تێدا بتوێتەوە بەجوانی لەگەڵ ئاماژە قووڵەكان، خۆی دەبینێتەوە.)(نصیرة، ٢٠٠٦: ٤٢) بەو شێوازە (هەستپێكردنی شتەكانمان بۆ ئاسان دەكات و بەهۆی بەرجەستەكردن و بەقەبارەكردن و بەكەسكردنیانەوە وا دەكات هەستیان پێبكەین.)(گەردی، ٢٠٠٤: ٦١)

٦ – (د.صلاح فضل) لەبارەی یەكێک لە ئەركەكانی وێنەی هونەرییەوە  دەڵێت: ((ئەركی خواستن و وێنە شیعرییەكان بەزاندنی زمانی گەیاندنە بۆ زمانێكی ئیحا بەخش، ئەم گواستنەوەیش لەڕێگای دەلالەتی پشتی وشەكانەوە دەكرێت، كە ماناكەی لەئاستی زمانەوە دەگواسترێتەوە بۆ ئاستێكی تر، ئاستێک، كە بەوەی یەكەم ناتوانرێت پێیبگەیت.))(فظل، ١٩٩٨: ٢٤١،٢٤٠) واتا وشە لەناو وێنەی

هونەریدا مەرج نییە هەڵگر و گەیەنەری هەمان واتا فەرهەنگییەکەی بێت، چونکە هەروەکوو (بێرتیلیس) دەڵێت: ((لە وێنەی خواستندا، دەربڕاوەکان دوو واتا دەگەیەنن، واتایەک، ڕووکەش و بەرچاوە بۆ خوێنەر، واتای دووەمیش "وەرچەرخانە" لە واتای ئەدەبییەوە بۆ واتایەکی بێکۆتایی و گرنگتر بۆ شاعیر، ئەوەش واتایەکی نوێ و جیاواز و جوانە و خاوەنی بەهایەکی ئێستاتیکییە.))(Бертельс, 1935: 295)

٧ – یەکێکی تر لە ئەرکە سەرەکییەکانی وێنەی هونەری ئەوەیە، کە (واتا لە مێشک و دەروونەدا بەڕێگای کارتێکردنەوە بچەسپێنێت.)(عەبدورەحمان، ٢٠٠٦: ٣٢) واتا (دروستکردنی کاریگەری سۆزداریی لەسەر خەیاڵی بەرانبەر)(Коротких, 2007: 14) بەو مانایەی سۆز دەکاتە کەرەستەیەک بۆ جێگیرکردن و چەسپاندنی کاریگەرییەکانی.

٨ – ئەرکێکی تر لە ئەرکە گرنگەکانی وێنەی هونەری ئەوەیە، کە شاعیر لەڕێگەی ئەوەوە باشتر بەناو شتەکاندا ڕۆدەچێت و ئەزمونیان دەکات، چونکە (یەکێک لە ئەرکەکانی دەوڵەمەندکردنی ئەزمونی شیعری شاعیرە و پێوەندی شاعیر بە شتە دەرەکی و ناوەکییەکانی جیهانەوە پتەوتر دەکات)(کەریم، ٢٠٠٩: ٤٦). بەو شێوازەش باشتر دەتوانێت وێنایان بکات و ئاراستەی وەرگریان بکات.

٩ – ئەرکێکی تر لە گرنگی وێنەی هونەرییەوە دەردەکەوێت بەوەی ئامرازێکی ڕەخنەگری هاوچەرخە و قەسیدە و هەڵوێستی شاعیری لە واقیعەوە پێدەدۆزێتەوە. واتا ئەرکێکی گرنگی ئەوەیە، کە ( یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکانی بڕیاردان لەسەر ڕەسەنایەتی ئەزموون و توانای شاعیر لەسەر دروستکردنی بەشێوەیەکی ڕێک.)(عواد، ٢٠٠٧: ٧٦) بەمەش شاعیری باش و خراپی پێ لێکجیادەکرێتەوە، هەروەک (ڕۆلان بارت)(Барт, Ролан ١٩١٥–١٩٨٠ز) دەڵێت: ((تا شاعیر لە وێنەی شیعریدا لێهاتووتر بێت، ئەوە بە سەرکەوتووتر سەیردەکرێت)) (Барт, 1989: 53)، چونکە (وێنە لایەنی بڕیاردانە لەسەر شاعیر.)(حمدان، ٢٠٠٨: ١٧٠) هەر لەم بارەیەوە (بیلینسکی) دەڵێت: ((پێوەر بۆ شاعیر، وێنەیە.))(Белинский, 1981: 63) کەوایە وێنەی هونەری بۆ ڕەخنەگر ئەرکی جیاکردنەوەی شاعیری ڕەسەن دەبینێ.

١٠ – یەکێکی تر لە ئەرکە گرنگەکانی وێنەی هونەری ئەوەیە، ئەو شتانەی کە لە واقیع و باری گفتوگۆی ئاساییدا دژ و پێچەوانەی یەکن، ئەو کۆیان دەکاتەوە و پێکەوە دەیانگونجێنێت و وێنەیەکی بەهێزی وایان لێدروستدەکات، کە کاریگەری گەورە لەسەر وەرگر بەجێدێڵێت. لەم بارەدا (شاعیر دژەکان تێکەڵ دەکات: لەیەک گیاندا و لە چوارچێوەیەکدا دژەکان باوەش بەیەکدا دەکەن و کۆمەڵێک تایبەتمەندی و سیفاتی خۆی دەخاتەسەر و دەربڕینێک دەبێت لە دەروون و هەستە شاراوەکان، کە تێیدا سۆزە دژەکان ئاوێتەی یەک دەبن(السعدني، ١٩٨٧: ٩٦) چونکە هەروەک أندریە بروتون (Andre Breton ١٨٩٦– ١٩٦٦ز) دەڵێت: ((وێنە داهێنانی ڕووتی ئاوەزە، ناکرێت

تەنها لە جیاوازی و چواندندا بەدیبێت، بەڵکوو ئەنجامی لەیەک نزیککردنەوەی دوو واقیعی لەیەک دوورە، هەتا ئەو دوو واقیعە دوورتربێت و ڕاستگۆیانەتربێت، ئەوە دەبێتە وێنەیەکی بەهێز و ئامانجی شاعیر بەدیدێنێت.))(حمدان، ٢٠١١: ٣) ئەم جۆرە وێنانەش لەڕووی کاریگەرییەوە بەهێزترن، چونکە (چەند پەیوەندی نێوان ئەو دوو ڕاستییەی، کە شاعیر دەیەوێت لەیەکیان نزیک بکاتەوە، دوور و وردتربێت، ئەوە وێنەکە بەهێزتر و جوانتر دەبێت لە درووستکردنی کاریگەری و دەوڵەمەندتر دەبێت بەڕاستیی شیعریی.)(طه الطائي، ٢٠٠٥: ١٤٦) بێگومان ئەو (وێنە ئاڵۆزانە پێشکەوتوترن، کە توخمەکانیان ناتەبا و ناپەیوەستن بەیەکەوە.) (Озерова, 2017: 9)

## ١/ ٤. وشە و وێنەی هونەری

وشە کەرەستەیەکی سەرەکی و بنچینەیی پیکهێنەری زمانە، بێگومان ئێمە لێرەدا مەبەستمانە گرنگی وشە لە شیعر بەگشتیی و وێنەی هونەری بەتایبەتی بخەینەڕوو، کە لەم بارەیەوە (ساکۆلین) (Sakulin ١٨٦٨– ١٩٣٠ز) توخمەکانی فۆرمی شیعری دیاری دەکات بە (دەنگ، وشە، وێنە، ڕیتم، پێکهاتە، ژانر.)(Бахтин, 2000: 68) واتا لە دەنگەوە دەستپێدەکات، کە بنچینەیە بۆ دروستکردنی وشە، چونکە وەک (ڕۆمان یاکۆبسن) دەڵێت: ((دەنگەکان تاکە مادەن بۆ درووستکردنی وشەکان.)(Якобсон, 2011: 70) واتا وشە تەنها لە دەنگ پێکدێت. (پۆتێبنیا) دەڵێت: ((وشە ئەنجامی بیرکردنەوەیە لە ئاستێکدا، کە دەبێتە ئامرازێک بۆ پەیوەستکردنی دەنگ بە وێنەی هەستییەوە.))(Потебня, 1976: 11) هەر لەم بارەیەوە (ژیرمۆنسکی) باوەڕی وایە: وشە بۆ شیعر، کەرەستەی دروستکردنی هونەرییە و هەموو توخمەکانی وشە، پێکهاتەی دەنگی (فۆنەتیک)ن)(Жирмунский, 1928: 339). دواتریش وێنە لە وشەوە دروستدەبێت و ئینجا ڕییتم و پیکهاتە بە دوایدا.

هەر لەبارەی پەیوەندی دەنگ بە وشەوە (پۆتێبنیا) دەڵێت: ((ناوەڕۆکی وشە بە یارمەتی دەنگ چالاکبووە. شێوەی دەرەوەی وشەکە، دەنگ ڕوونی دەکاتەوە، شێوەی ناوەوەیشی هەمان ئەو شتەیە، کە شێوەی دەرەوە و ناوەڕۆکەکە پێکەوە گرێدەدات.)(Брик, 1919: 3) بەم شێوەیە بایەخی دەنگی هەم لە ناوەڕۆک، کە مەبەستی واتایە و هەم لە شێوەی دەرەوەی وشەدا بە گرنگ بەرچاوخستووە. بێگومان دەنگیش پێویستی بە ڕێکخستن هەیە، چونکە (ڕێکخستنی دەنگیی بەیتی شیعر، کاریگەری بەهێزی هەیە لەسەر واتای وشە و لەسەر دووبارە داڕشتنەوەی وێنە شیعرییەکان.)(Лидия, 1974: 251) بێگومان پەیوەندی نێوان دەنگ و واتا، هەروا هەڕەمەکی و لەخۆوە نییە، ئەوەتا (ڤیگۆتسکی لیڤ)(Vygotsky, Lev ١٨٩٦–١٩٣٤ز) دەڵێت: ((هیچ وشەیەک بە ڕووداو سەریهەڵنەداوە، لە هیچ شوێنێک پەیوەندی نێوان واتا و دەنگ هەڕەمەکی نییە، بە واتایەکی

تر، هەموو وشەیەک لە ساتی بنەڕەتییەوە وێنایەکی هەیە، وێنایەک کە تێگەشتن بێت بۆ واتا، وشەکە نەک تەنها واتا دەگەیەنێت، بەڵکوو نیشانیشی دەدات بۆچی واتای هەیە))( Кучукова, 2015: 560) چونکە (وشە، یەکەیەکی سەرەکی ناوەڕۆکدارە لەگەڵ بەرزترین هەگبەی واتاییدا)(Фомина, 1978: 9)و (واتای هەر وشەیەکیش لە ئەنجامی دراوسێیەتی لەگەڵ وشەکانی تردا دیاری دەکرێت.)(Тынянов, 1924: 85) بێگومان لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەروەک تۆماشیڤسکی (Tomashevsky ١٨٩٠–١٩٥٧ز) دەڵێت: ((لەهەر دەستەواژەیەکدا، وشە پەیوەندییەکی دەلالی تایبەتی هەیە.)(Томашевский, 1996: 32) بەو مانایەی وشە بەپێی سیاقەکەی ماناکەی دیاریدەکرێت.

(تینیانۆڤ) باوەڕی وایە، کە (هەر وشەیەک تایبەتمەندی فەرهەنگی خۆی هەیە) (Тынянов, 1924: 58)، هەروەک (هیگڵ) دەڵێت: ((پێویستە وشە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ دەربڕینێک بەکاربهێنرێت، کە گونجاوترینە بۆی))(Гегель, 1971: 355)، یان هەر وشەیەک لە شیعردا جۆرێک لە ئاوازی فەرهەنگییە(Тынянов, 1993: 86) واتا ناتوانین باس لە وشە بکەین بە شێوەیەکی دابڕاو لە فەرهەنگ، هەربۆیە (لە ڕوانگەی فەرهەنگییەوە، وێنەی وشە بەزۆری لە لێکدانەوەی یەکەمین واتای فەرهەنگیی وشەکەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت.)( Стернин и Розенфельд, 2008: 60) بەو مانایەی (لە سیستەمی زماندا دەکرێ لە واتاکانی هەموو وشەکاندا وێنەی هەستی بدۆزرێتەوە، چونکە هەر وشەیەک چەمکێک وەک یەکەیەکی بیرکردنەوە دەپاڵێوێت و وێنەش بنەمای ئەرکیی هەر چەمکێکە(Стручалина, 2018: 32) بەڵام (وشەی شیعری، هەمیشە وشەیەکە بە واتایەکی گۆڕاوەوە، کە ئەوەش بە شێوازی جیاواز دروست دەبێت، بۆنمونە لە خوازەدا، واتاکەی لەگەڵ ئەوانی تردا جێگۆڕکێ دەکات)(Лидия, 1974: 223) هەر ئەمەش وا دەکات، کە وشە واتاکەی بە تەواوی ڕوون نەبێت، ئەوەتا (گریگۆری سەڵگانیک Solganik) دەڵێت: ((هەموو وشەیەک تەنانەت ئەوانەش کە لە ڕووکەشدا خۆیان وا دەردەخەن، کە واتایەکی کۆنکرێتیان هەیە، ئەوە هەر ناڕوونییەک لە ماناکەیاندا ئەمێنێتەوە))( Солганик, 1987: 7) هەربۆیە (لۆتمان) دەڵێت: ((لەوپەڕی حاڵەتی زمانی شیعرییدا، هەر وشەیەک دەتوانێت ببێت بە هاوواتا لەگەڵ هەر وشەیەکی تردا.))(Лотман, 1998: 19) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (ڤینۆکور) (Vinokur ١٨٩٦– ١٩٤٧ز) دەڵێت: ((وشەی هونەریی، بە شێوەیەکی خەیاڵییە، واتە بەو شێوەیەیە، کە خوازە پێویستێتی. بەڵام واتای ڕاستەقینەی وشە هونەرییەکە هیچ کات بە مانا ئەدەبییەکەی داناخرێ))(Винокур, 1991: 27)( Роднянская. и Кожинов, 1968: 369)و هەمیشە واتا فەرهەنگییەکە بایەخی خۆی دەمێنێت.

وشە لە شیعردا بە دوو شێوەی جیاواز بەکار دەهێنرێت، جارێک بەکار دەهێنرێت بۆ واتایەکی جیاواز لە واتا بنەڕەتییەکەی، کە ئەمەش لە وێنەی هونەریدایە، جارێکیش بۆ واتا

بنەڕەتییەکەی بەکار دەهێنرێت، کە ئەمەش لە دەرەوەی وێنەی هونەریدایە(Брик, 1919: 4) بەم شێوەیە کاتێک وشە لە وێنەی هونەریدا بەکاردەهێنرێت بە واتایەکی جیاواز لە واتا فەرهەنگییەکەی بەکاردەهێنرێت و دەڕواتە ناو خانەی خوازە و ڕەوانبێژییەوە، هەربۆیە (لە یونانی کۆندا، دواین تواناکانی شارەزایی لە بەکارهێنانی وشەدا پێیدەوترا ڕەوانبێژی.)(Аверинцев, 1996: 115) هەر خۆی (ڕەوانبێژی، مەزهەبی پەروەردەکردنی کەسێکە لەڕێگەی وشەوە.)(Киров, 2017: 20) خوازەش مێژوویەکی کۆنی هەیە، چونکە (هەر لەو کاتەوەی مرۆڤ ئەفسانەکانی درووست کرد زمانی پڕکرد لە خوازە)(Потебня, 1990: 304) (خوازە و تەواوی پێکهاتەی دەقی کاری هونەری، لەسەر وشەکانی زمان داڕێژراوە.)(Кожин, 1985: 28) هەر بەهۆی خوازەوەیە، کە هەر وشەیەک و هەر توخمێکی زمان بە ژمارەیەکی بێشوماری جۆرە جیاوازەکانی سێبەری واتایی بارگاوی دەکرێت. تەنانەت وەکوو قسەکەرێک ئاگاشمان لەوەنییە، کە چەند لەو سێبەرانە لەناو وشەکانماندا هەن.(Стернин, 1985: 15) یاکۆبسن دەڵێت: ((پۆتێبنیا باوەڕی وابووە، کە وشە لە شیعردا تەنها ناولێنانێک نییە، بەڵکوو هێمایەکی نیشانەکراوە بۆ چەند مانایەکی جیاواز.))(Якобсон, 2011: 35-36) هەر (پۆتێبنیا) پێیوایە هەر وشەیەکی شیعری بۆخۆی هێمایەکە(Сухих, 2001: 49) بەڵام لە دەرەوەی وێنەی هونەری و بەتایبەتی وەک (ژیرمۆنسکی) دەڵێت: ((لە زمانی کرداریدا هەموو وشەیەک، واتایەکی لۆژیکی تەواوی هەیە.)) (Жирмунский, 1928: 36)

باسکردنی وشە، ئاوڕدانەوە لە بیر بەدوای خۆیدا دێنێت، چونکە (وشە بەرجەستەکردنی بیرە)(Киров, 2017: 21) و (ئەنجامێکی جێگیر لە بەرجەستەکردنی واقیع پیشان دەدات.)(Потебня, 1990: 15) هەر خۆی (زمان، سیستەمێکی ئایکۆنییە بۆ دەربڕینی بیر و پەیوەندیکردن بەکاردێت، لەسەر بنەمای دەنگ بنیاتنراوە، بۆ گەیاندنی بیر، وشە بەکاردەهێنێت.)(Кузьминой, 2005: 71) تینیانۆڤ (Tynyanov ١٨٩٤– ١٩٤٣ز) دەڵێت: ((وتنی وشەیەکی باش، نرخی بیرێکی باشی هەیە))(Тынянов, 1924: 80) یان دەوترێت : لەدایکبوونی وشە، گەشەی کۆرپەلەی بیری نووسەرە))(Ушакова, 2011: 9) واتا (وشە، ئامرازێکە بۆ گەشەپێدانی بیر.)(Брик, 1919: 3) هەروەها وشە تێگەشتنمان لە بیرۆکەی نووسەر بۆ ئاسان دەکات، چونکە (خاڵی دەستپێک لە پرۆسەی تێگەشتن لە بیرۆکەی نووسەر، هەمیشە بریتیبووە لە (وشە)و هەرواش دەمێنێتەوە.)(Солодилова, 2004: 28) بەگشتیش لە ئەدەبدا (وشە بۆ ڕوونکردنەوەی بیر و هەستەکانە.)(Нора Галь, 2001: 45) بەم شێوەیە ئەو وشانەی کە لە وێنەی هونەریدا بەشداری دەکەن، ڕووناکیمان بۆ دەخەنە سەر بیری نووسەرەکان.

ڕۆڵ و گرنگیی وشە لە دروستکردنی وێنەی هونەریدا وایکردووە، کە زۆرجار تەنها وشەیەکیش بە وێنەیەک لەقەڵەم دراوە. لەم ڕووەوە بەلای "پۆتێبنیا"وە، (تەنها وشەیەک بەجیا خۆی بۆخۆی وێنەیەکە، سیستەمی زمانیش دەتوانێ بە ڕێکخستنی جیاواز بە بێ کۆتا وێنە

پێکبهێنێت.)(Гей, 1983: 75) واتا (پۆتێبنیا وێنەی یەکسان کرد بە وشە)(Потебня, 1990: 153) و وشەی وەک قەڵایەک و زمانیشی وەک کلیلی وشەکان ناساند و گوتی: ((وشەکانی لێوم، ددان قوفڵیانە، وشەکانم وەک قەڵایە و کلیلەکەش زمانە.))(Потебня, 1914: 109) ئەمە بەو مانایەی وشە کاتێک گرنگە پێرەوێک بێت لە زمان، هەربۆیە (ڕۆمان یاکۆبسن) دەڵێت: ((وشە وەک یەکەیەکی واتایی لە شیعردا کارناکات، بەڵکوو تەنها کاتێک کاردەکات، کە وەک پێرەوێک لە پێکهاتەی زمان کاربکات.))(Якобсон, 1996: 7) هەروەها (ڤالێری بریسۆڤ) (Bryusov ١٨٧٣–١٩٢٤ز) باوەڕی وایە: هەموو وێنەیەکی هونەری بە واتایەکی بەرتەسک بریتییە لە وشەیەک.(Штайн, 2011: 444) بەڵام هەندێکی تر لە توێژەران باوەڕیان بەوەنییە، کە تەنها وشەیەک وێنە دروستکات، لەوانە (ڤینۆگرادۆڤ) نووسیویەتی: (وێنە، تەواوی پێکهاتەی فەرهەنگیکارێکی ئەدەبییە، ناوەڕۆک و واتاکەی لە وشەدایە، بەڵام بە تەنها وشەیەک وێنە نانوسرێتەوە.)(Виноградов, 1959: 157) (شتۆکمار) بە تێکەڵکردنی وشەکان ناویبردووە و وتوویەتی: (کاتێک ڕوو لە وێنە دەکەین، ئەوە ئێمە لەگەڵ سیستمێکی تایبەتی تێکەڵکردنی وشەدا مامەڵە دەکەین.)(Штокмар, 1933: 11) هەندێکی تر لە توێژەران باوەڕیان وەهایە کە (وێنەی وشەیی) بەسادەیی بوونی نییە، بەڵکوو بەتێکەڵی لەگەڵ ڕەمزدا دەکرێت هەبێت، لەوانە (ڕۆلان بارت) دەڵێت: (("وشە" و "ڕەمز" لە نێو یەک وێنەی تاکدا، بەتەواوی سەرسوڕهێنەرە، چونکە (وێنەی وشەیی) لە پاکترین شێوەیدا بەسادەیی بوونی نییە.))(Барт, 1989: 308) بەڵام بە شێوەیەکی گشتی (هەریەک لە وشەکانی نووسەر ڕێگە بە درووستکردنی وێنەیەکی گەش دەدات، کە لە ناوەڕۆکی تایبەتیدا جیاوازییان هەیە و ئەرکی هونەریی ئەنجام دەدەن.)( Томилиной, 2018: 40)

وشە یەکەیەکی بنچینەیی و گرنگی پێکهاتەی زمانە، کە ئەرکیشی هەیە. لەبارەی ئەرکی وشەوە ئیلینا کوبریاکۆڤا (Kubryakova ١٩٢٧–٢٠١١ز) دەڵێت: ((تەنها لە ڕێگەی وشەوە دەتوانین بگەین بە پیکهاتە هەمەجۆرەکانی مەعریفە.))(Стернин и Розенфельд, 2008: 4) بە شێوەیەک ئەگەر وشە نەبێت ناتوانین زانیاریمان لەسەر هیچ شتێک هەبێت، (نەک هەر ئەوە بەڵکوو هەر لەڕێگەی وشەوەیە، کە دەتوانین بزانین خودی وشە خۆی چییە.)(Винокур, 1990: 28) دەکرێ لەبارەی ئەرکی هونەری وشەوە لە ئەدەبدا بدوێین، کە (ئەرکێکی شیعری دەکەوێتەسەر و دەبێتە ئامرازێک بۆ بەرجەستەکردنی وێنەی هونەری)(Гей, 1983: 6) بەڵام (کاتێک دەچێتە ناو سیستمی درووستکردنی وێنەیەکەوە، ئەوە دەبێت بە ئامرازێک و خزمەت بە دروستکردنی وێنەکە دەکات.)(Борисов, 2013: 16) وشە ئەرکی جۆراوجۆری هەیە، (جەوهەر و ئامانجەکەی زانین و پیشاندانی قوڵایی دەروونە، هەڵگری بیر و جوڵەکانی ڕۆحی مرۆڤە و پەیوەندییەکی جەوهەری و قووڵی بە ڕۆحی مرۆڤەوە هەیە.)(Ушакова, 2011: 17)

وشە گرنگییەکی گەورە و بەرچاوی لە بنیاتنانی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتیدا هەیە، ئەم گرنگییەش بێگومان لە ڕەخنەی نوێدا زیاتربووە، بۆ نمونە هەروەک (میخایل باختین) دەڵێت: ((یەکەم بەڵگەنامەی مێژوویی شێوەگەری (فۆرمالیستەکان)، نامیلکەی (زیندووکردنەوەی وشە)ی ڤیکتۆر شکلۆفسکی (Shklovsky ١٨٩٣–١٩٨٤ز) بوو، کە لە ساڵی ١٩١٤ز دا بڵاو کراوەتەوە. (Бахтин, 1982: 77) هەر لەڕوانگەی ئەم گرنگیپێدانەیە، کە ڤیگۆتسکی (Vygotsky ١٨٩٦–١٩٣٤ز) دەڵێت: ((مادەی شیعر نە وێنەیە نە سۆزە، بەڵکوو وشەیە.))(Выготский, 1968: 67) ژیرمونسکی (Zhirmunsky ١٨٩١– ١٩٧١ز) دەڵێت: ((کەرەستەی شیعر وشەیە)) (Бахтин, 1982: 119)، باختین پێیوایە ئەوە سیمبولیزمەکان بوون، کە بەهای بنیاتنەری وشەیان پێشخست.(Бахтин, 1982: 82) هەروەها یونانییەکان وشە بەرانبەر بە ژیان تەماشادەکەن و (لەو باوەڕەدان، کە وشە، بریتییە لە ژیان.)(Фрейденберг, 1998: 48) بە هەمان شێوە لەلای نیکۆلای گومیلیۆڤ (Gumilyov ١٨٨٦–١٩٢١ز) مانای ژیان و ژوانی شاعیر دەگەیەنێت.(Гладилина, 2019: 210) هەروەها (سی دی–لویس) دەڵێت: ((وێنە، لە سادەترین واتایدا تابلۆیەکە کۆڵەکەکەی وشەکانە))(Lewis, 1961: 18) بەو مانایەی ئەوەی وێنەی ڕاگرتووە، بریتییە لە وشەکان. ئەمە جگە لەوەی خەیاڵ بۆ وێناکردن پشت بە وشەکان دەبەستێت، چونکە (لە خەیاڵی ئەدەبیدا ماددەی هەڵگرتنی وێناکردن بریتییە لە وشە.)(Крошнева, 2007: 17) میخایل باختین تایبەتمەندییەکانی وشەی لای ماتریالییەکان خستووەتەڕوو و دەڵێت: لەسەر ئەم بنەمایانە سەیر دەکرێت(Бахтин, 1975: 62):

١ – لایەنی دەنگیی وشەکە. ساتی ڕاستەقینەی موزیکی.

٢ – واتای فیزیکیی وشەکە، بە هەموو جۆرەکانییەوە.

٣ – پەیوەندییە زارەکییەکانی وشەکە.

٤ – پەیوەندی وشەکە لەڕووی دەروونیی و سۆزداریی و هێزەوە.

٥ – هەستکردن بە چالاکی زارەکیی وشەکە.

## ١/ ٥. وێنەی هونەری لە ڕەخنەی ئەدەبی ئەورووپی و عەرەبی و کوردیدا

لەم باسەدا هەوڵدەدەین بەجیا بڕۆینە لای ڕەخنەی ئەوروپی و عەرەبی و کوردی، بەسەربەخۆیی لەسەر هەریەکەیان لەبارەی وێنەی هونەرییەوە بدوێین.

## ١/ ٥- ١. وێنەی هونەری لە ڕەخنەی ئەدەبی ئەورووپیدا

گەر بمانەوێت باس لە وێنەی هونەری بکەین لە ڕەخنەی ئەورووپیدا ئەوە وەکوو هەر چەمک و هونەرێکی تر ناچارین سەرەتا ئاوڕ لە ئەو بابەتە لەلای یونانییە کۆنەکان (گریک) بدەینەوە، (چونکە ئەو وێژە تازەیەی ئەوروپا سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سامانە گرانبەهاکەی یۆنانییەکان)(گۆران، ١٩٧٠: ٣). ئەوان لە پێشینەی هەموو نەتەوەکانن، کە باسیان لە بیر و فەلسەفە و ئەدەب و هونەرە جیاوازەکان کردووە و بەشێکی باشی نووسین و بەرهەمەکانیشان بە پارێزراوی ماوەتەوە.

وێنە کۆڵەکەی سەرەکی شیعرە، شیعریش بەبێ وێنە نەیدەتوانی لەدایک ببێت، هەر وەک (احسان عباس) دەڵێت: ((شیعر لەو کاتەی سەریهەڵداوە تا ئەمڕۆ لەسەر وێنە وەستاوە.))(عباس، ١٩٥٩: ٢٣٠) پەیوەندی نێوان شیعر و وێنە و تابلۆ لە زۆر کۆنەوە قسەی لەسەر کراوە و جێگای باسوخواسێکی زۆربووە نەک هەر لای ئەدیبان بەڵکوو لەپێش ئەوان لای فەیلەسوفەکانیش بایەخی پێدراوە. یەکەمین کەسێک کە ئاوڕی لە شیعر دابێتەوە و پەیوەست بە وێنە و وێنەکێشانەوە باسی کردبێت (سیمۆنیدس کیوسی ٥٥٦-٤٦٨ پ.ز)بوو، کە دەڵێت: ((شیعر وێنەیەکی قسەکەرە، یان تابلۆیەکی دەنگدارە، تابلۆش شیعرێکی بێدەنگە.)(مکاوی، ١٩٧٨: ١٥) ئەمەش لەبەرئەوەی شیعر، لە هونەرە دەنگدارەکانە و تابلۆش لە هونەرە ڕەنگیی و بێدەنگەکانە. بەڵام بەگشتی کلاسیکییەکان کەوتبوونە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی (ئەفلاتون ٤٢٧- ٣٤٧ پ.ز)ەوە، کە لەمەڕ لاسایکردنەوە و جیهانی باڵا تیۆرەکەی داڕشتبوو و گەردوونی بۆ سێ جیهان دابەشکردبوو:

یەکەم: جیهانی نموونەیی: کە ڕاستی شتەکان و نمونەی بیرۆکەکان لە تەواوترین واتا و تایبەتمەندیدا لەخۆ دەگرێت.

دووەم: جیهانی هەستپێکراوەکان: کە ڕەنگدانەوەی جیهانی نموونەییە و لاسایی دەکاتەوە و لە ڕاستییەکان دوو هەنگاو دوور دەکەوێتەوە، لە ساختەیی شت و بیرۆکەکان بەشێوەیەک نزیک دەبێتەوە، کە وێنای جەوهەر و گرنگییەکەی ناکات.

سێهەم: جیهانی هونەر: کە لاسایی جیهانی هەشتپێکراوەکان دەکاتەوە و سێ هەنگاو لە جیهانی نموونەییەوە دوور دەکەوێتەوە، وێنای شت و بیرۆکەکان دەکات لە وێنەگەلێکی ساختەدان، کە جگە لە سێبەرەکانی وێنای ناکات و جگە لە تارماییەکانی ڕەنگ ناداتەوە.(البصیر، ١٩٨٧: ٥٩،٦٠)

ئەفلاتون لەبارەی وێنەوە دەڵێت: ((هەموو شتێک لەبووندا لەهەر لایەکەوە سەیری بکەیت پێویستە وێنەیەکی هەبێت، هەر ئەو وێنەیەش بەها جێگیرەکەی ئەو شتەیە.(بدوي، ١٩٧٩: ١٤٩) بەڵام کاتێک باسی وێنە لە شیعردا دەکات، ئەوە بەلاسایکردنەوەیەکی بێکەڵک و پەیوەست بە چواندنەوە باسی دەکات و دەڵێت: ((ئەو وێنەکێشەی وێنەی قەروێڵەیەک دەکێشێت، ئەوە لاسایی ئەو قەروێڵەیە دەکاتەوە، کە دارتاش دروستیکردووە، ئەو قەروێڵەیەی دارتاش دروستیدەکات لاساییکردنەوەی ئەو قەروێڵەیەیە، کە لە جیهانی نموونەییدا یان بیرۆکەکاندا بوونی هەیە. هەروەها شاعیریش کاتێک وێنای کارەکانی خەڵکی دەکات، ئەوە وێنەی ئەو شتەیە، کە لە شتێکی تر دەچێت، چواندنێکی گەورەیە، بەشێوەیەک دروستکەرەکەی لە لاساییکردنەوەی شتە بنەڕتییەکەدا زیرەکە، ئەو کارەش بەدەست دەکرێت لە دارتاشیدا و لە شیعریشدا بە زمان.(الملكي، ٢٠٠٦: ١٧٢) بەم شێوەیە (هونەرمەند بەلای ئەفلاتوونەوە هیچ ڕاستییەک بەهۆی هونەرەکەیەوە بەدەستەوە نادا، تەنیا ئیشوکاری لاسایکردنەوەی شت و کردەوەیە لە جیهانی هەستپێکراودا.(بەسیر، ٢٠١٥: ٧٥) ئەمەشی لە وێنەی شیعریدا پەیوەست کردووە بە ڕەوانبێژی و چواندنەوە.

لەدوای (ئەفلاتون)، (ئەرستۆ ٣٨٤- ٣٢٢ پ.ز) دێت، کە پێیوایە: (شیعر هونەرە، هونەریش لاسایکردنەوەیە، شاعیریش وەکوو وێنەگر و هەر لاسایکەرەوەیەکی تر لاسایی دەکاتەوە.)(مكاوي، ١٩٨٧: ١٢) بەڵام ئەرستۆ (بیرۆکەی لاساییکردنەوەی پێشخست و چەمکەکەی فراوانکرد، لە کاتێکدا لای ئەفلاتون دەلالەتی لە لاساییکردنەوە دەکرد، ئەوەی تێپەڕاند بۆ ڕفتار لە وێنەدا، وایلێهات داهێنەر مافی ڕەفتارکردنی لە وێنەدا هەبوو بۆ ئەوەی لایەنەکانی جوانی تێدا دەربخات، یان لایەنەکانی ناشیرینی دەربخات گەر ناشیرینی بوێت.)(الحمداء، ٢٠١٠:٣٠-٣١) هەروەها دەڵێت: ((وێنەکان جوان دەبن گەر گۆڕینێک لەخۆبگرن، ئەمەش واتا وێنە ڕەنگە گۆڕینێک لەخۆبگرێت، کە ئەوەش دەبێتە خواستن یان نا ئەوە دەبێتە چواندن.))(الطالب. ٢٠٠٧. ٥٩) بەم شێوەیە ئەرەستۆش وێنەی پەیوەستکرد بە ڕەوانبێژی بەتایبەتی هونەرەکانی(چواندن، خواستن)ەوە، هەروەها وێنەی هەر شتێکی پەیوەست کرد بە گرنگییەکەیەوە و گوتی: ((وێنەی شتێک گرنگییەکەیەتی، چونکە شت چییە بێ وێنەکەی، وێنە واتای وتەیەکە لەسەر گرنگی شتەکە.))(الزهاوي، ٢٠٠٧: ٧٦-٧٨) لەگەڵیشیدا تیۆری لاسایکردنەوەی لە ئاستێکی بەرزتر و پێشکەوتووتردا باسکردووە. ئەگەرچی هەندێکجار بیروڕای جیاوازیش لەسەر تیۆری لاسایکردنەوە لای ئەرەستۆ خراوەتەڕوو، بەرفراوانتر لە لاسایکردنەوە و نزیکتر لە (وێناکردن) باسی لێوەکراوە، واتا (ڕوونە کە ئەرستۆ شیعر و هونەری بە لاسایکردنەوەی سرووشت و جیهانی دەرەوە دادەنا. لەو بارەیەوە کە لە ڕاستیدا مەبەستی ئەرستۆ لە دەربڕاوی یونانی " میمسیس"" Mimesis" چی بووە؟ لەنێوانی خاوەن بۆچوونەکاندا جیاوازی هەیە، ئوستاد (شفیعی کدکنی) پانتایی تێگەشتنی وشەی "لاسایکردنەوە" لە واتازمانەوانییەکەی فراوانتر دەبینێتن، وشەی "ویناکردن" بە گونجاوتر

دەزانێت(مهدوی فر، ١٣٩٥: ١٠)، چونکە ڕووبەری تێگەشتنی وشەی لاسایکردنەوە لە واتا زمانەوانییەکەی فراوانترە، ڕەنگە وێناکردن لە دەربڕینەکانی تر گونجاوتر بێت، چونکە مەبەستی ئەرستۆ جۆرێک لە دەرکەوتن و ڕەنگدانەوەی وێناکردنی سرووشت، یان جیهانی دەرەوەیە.(کدکنی، ١٣٧٥: ٣١) هەروەها لە ڕەخنەی ڕۆمانیشدا (هۆراس ٦٥-٢٧ پ.ز) دەڵێت: ((قەسیدەش وەک تابلۆ وایە))(هۆراس، ١٩٧٩: ٣٢) یان دەڵێت: ((شیعریش دەبێت وەکوو وێنە بێت.))(مكاوي، ١٩٨٧: ١٥)

لە ڕەخنەی نوێی ئەوروپیدا وێنەی هونەری سەرەتاکەی لە جوانیناسییەکەی فەیلەسوفی ئەڵمانی (هیگڵ) دەستپێدەکات، کە دەڵێت: ((هونەر، وێنەی ڕۆحی دەکات بە وێنەی بینراوی دەرەوە، کە توانای بینین و بیستنی هەبێت.))(Гегель, 1973: 78) واتا لە وێنەدا دەبێت هەموو توخمە بیانییەکان لەناو ببرێن بۆ ئەوەی بتوانێت ناوەڕۆکی پێویستی خۆی دەربڕێت، لەلایەکی ترەوە بۆ ئەوەی هاوسێیەتی نێوان مانا و وێنەکە تەواو بێت.(Гегель, 1968: 84) هەر لەم ڕوانگەیەوە شاعیر و ڕەخنەگری ئینگلیزی (سامویڵ تایلەر کۆلریدج ١٧٧٢-١٨٣٤ز) دەڵێت: ((وێنە دەرەکییەکان دەبنە بیرۆکەگەلێکی خودیی و بیرۆکە ناوەکییەکانیش دەبنە وێنەگەلێکی دەرەکی، بۆیە سرووشت دەبێتە بیرۆکە و بیرۆکەش بە سرووشت.))(هلال، ١٩٩٧: ٣٩٢) هەر لە ڕەخنەی ئینگلیزیدا ئەگەر سەیری پێناسە باوەکەی (عەزرا باوەند ١٨٨٥-١٩٧٢ز) بکەین، کە خۆی ڕابەری بزووتنەوەی شیعری وێنەگەری (ئیماژیزم Imagisme )بوو، لە ساڵی ١٩١٢ لە (گۆڤاری شیعر)، کە لە شیکاگۆ دەردەچوو، ئەو زاراوەیەی بەکارهێنا(عومەر، ٢٠١٢: ٥٠- ٥١) و لە ساڵی ١٩١٣ دا دەڵێت: ((وێنە، ئامادەگییەکی بەرجەستەیی عەقڵ و سۆزە بەشێوەیەکی تەواو لە چرکەیەکی لەناکاوی زەمەندا))(Manuel, Goya, 1999: 5) و وێنەی بە هەردوو ڕەگەزی عەقڵ و سۆزەوە بەستۆتەوە. هەروەها ڕۆلان بارت (Barthes ١٩١٥-١٩٨٠ز) دەڵێت: ((هەندێک لە شارەزایانی وێنە، بە بەراوردکردنی وێنە بەزمانی نووسینی وێنەیی، وێنە بە سیستمێکی سەرەتایی دەبینن. (Барт, 1989: 297). بەڵکوو زیاد لەوەش (ڕۆمان یاکۆبسن) دەڵێت: (ڤێرسایڤ ١٨٦٧- ١٩٤٥ز) باوەڕی وایە، کە هەندێکجار، وێنە تاکە جێگرەوەی شیعری ڕاستەقینەیە.(Якобсон, 1977: 72) هەر لەم بارەیەوە (ڕۆبرت فرۆست) دەڵێت: ((گەڵێک شت هەن، کە لەوانەیە لە ناساندنی شیعردا بوترێن، بەڵام شتە سەرەکییەکە تێیدا خوازەیە.))(أطميش، ١٩٨٢: ٢٢١) هەروەها زانای دەروونی (سیگمۆند فرۆید ١٨٥٦-١٩٣٩ز) وێنەی بە هێمایەک ناساند، کە سەرچاوەکەی دەروونی مرۆڤ و بە تایبەتی نەستە، گوتی: ((وێنەی هونەری، هێمایەکە، کە سەرچاوەکەی نەستە.))(صالح، ١٩٩٤: ٣٢)

لە ڕەخنەی ڕووسیدا وێنەی هونەری زۆر دەمێکە جێگەی مشتومڕێکی زۆربووە، تینیانۆڤ (Tynyanov ١٨٩٤- ١٩٤٣ز) دەڵێت: ((لەبارەی وێنەوە، پۆتێبنیا (Potebnya ١٨٣٥- ١٨٩١ز) لەمێژە ڕێگاکانی پێشخستنی ئەم پرسەی بە (تیۆری وێنە) پێناسە کردووە، قەیرانی ئەم تیۆرییەشی

بەهۆی نەبوونی دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی وێنەوە دیاری کردووە.))(Тынянов, 1924: 6) لەڕوانگەی ( پۆتێبنیا) وە، وێنەی هونەری، ئامرازێکی ئاسانتر و ڕوونترە لە ڕوونکردنەوە، دەبێت لە ڕوونکردنەوەش باشتر بێت، چونکە لەڕێگەی ئەمەوە هونەرمەند دەتوانێت دیاردەیەکی ئاڵۆز لە شێوەیەکی جوان و ڕێکخراودا پێشکەش بکات.(Потебня, 1976: 19) هەروەها ژیرمۆنسکی دەڵێت: ((پۆتێبنیا شیعری وەک هونەری وێنەکان دەخوێند))(Жирмунский, 1928: 28)، پۆتێبنیا باوەڕی وایە، کە هەر وشەیەک بەجیا خۆی بۆخۆی وێنەیەکە(Гей, 1983: 74) و دەڵێت: ((کەلەپوری هاوبەشی هەموو جۆرە هونەرەکان تەنها وێنەیە،))(Тамарченко, 1999: 30) وێنە، پێویستە بۆ ئێمە ناسراوتر بێت لە ڕوونکردنەوە،(Виктор, 1929: 8) یان دەڵێت: ((لە هونەردا تەنها میراتێکی هاوبەش، کە هەبێت، وێنەیە، درککردنیشی لە هەموویاندا لەیەکتری جیاوازە.)) (Озерова, 2017: 8, 9)، هەروەها جەوهەری وێنە لای پۆتێبنیا مەبەست و واتاکەیە، کەمکردنەوەی ئاڵۆزییە بۆ سادەیی، نەناسراوە بۆ ناسراو و ناسینەوە.(Сухих, 2001: 67-68)

یەکێک لە گرنگترین جیاوازییەکانی تیۆری قوتابخانەی فۆرمالیستەکان، لەگەڵ پۆتێبنیادا، ئەوەبوو، کە وێنەی هونەری وەک تایبەتمەندی سەرەکی خۆی ڕەتکردەوە، واتا تیۆری وێنەی پۆتێبنیا بوو بە بەشی هەرە سەرەکی پەسەند نەکراو بۆ فۆرمالیستەکان، هەر لەبەر ئەمەش بوو، کە بەر ڕەخنەی توند کەوتبوون.(Сухих, 2001: 41) فۆرمالیستە ڕووسەکان لە شوێنی (چەمکی وێنەی هونەری) چەمکی (بنیاتی تەکنیکی)یان دانابوو.(Ханифович, 2007: 7) ئەگەر پۆتیبنیا باوەڕی بەوە هەبوو کە ( شیعر= وێنە) ئەوە فۆرمالیستەکان باوەڕیان بەوە هەبوو، کە شیعر یەکسان نییە بە وێنە، بەڵکوو وێنە تەنها یەکێکە لە توخمەکانی تری شیعر.( Бураго, 2013: 53) بۆ (پۆتێبنیا) شیعر داهێنانی وێنەیە، لەڕێگەی وێنەکەوە بۆ (فۆرمی ناوەوە)، بەڵام بۆ فۆرمالیستەکان شیعر بیناسازییە، بیناسازییەکە، کە وێنە تێیدا تەنها یەکێکە لە توخمە لاوەکییەکان، ئاشکرایە زۆر لە بیرۆکەی وێنە و قەبارە و چەمک و ناوەڕۆک لەلای فۆرمالیستەکان جیاوازبوو لە پۆتێبنیا، بۆیە سروشتییە تیرەکانی ڕەخنەی فۆرمالیستی بەپلەی یەکەم لە دژی پۆتێبنیا ئاراستەکران.(Сухих, 2001: 41)(Бураго, 2013: 53) دەکرێ بەتەواوی باوەڕ بەئەوە بکەین، کە فۆرمالیستەکان تیۆرەکەی (پۆتیبنیا) یان باش نەناسی، بەزۆری لەدەستی دووەمەوە بووە، هەربۆیە بە شێوازێکی ڕاستەقینە نەیانتوانی لێیتێبگەن.(Бураго, 2013: 53)

بەگشتی چەمکی وێنە سەرەتا لەلای ئەروپاییەکان خراوەتە بەرباس و گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، هەر ئەوانیش بوون ئەم ڕەگەزە گرنگەی هونەر بە گشتی و شیعر بەتایبەتیان پێشخست و بنەما و ئەرک و ڕەگەزەکانی وێنەی هونەرییان لە ڕەخنەکانیاندا پیشاندا، هەروەها لەژێر کاریگەری ڕەخنەی ڕۆژئاوادابوو چەمکی وێنەی هونەریی گواسترایەوە بۆ ڕەخنەی ڕۆژهەڵات.

## ١/ ٥ – ٢.  وێنەی هونەری لە ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا

وێنەی هونەری، ڕەگەزێکی گرنگ و سەرەکییە لە بنیاتی دەقی ئەدەبی بەگشتی و شیعر بەتایبەتی، هەر بۆیە لەلای زۆربەی گەلانی جیهان زۆرترین بەکارهێنانی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا هەیە. لەزۆر کۆنەوە لەژێر کاریگەری بیروبۆچوونەکانی گریکدابێت، یان بە سەربەخۆیی بەشێوە و زاراوەی جیاواز لە ڕەخنەی ئەدەبیاتی ئیسلامی بەگشتیی و عەرەبی بەتایبەتی جێگای مشتومڕ بووە و بەکارهێنراوە. مەبەست لە وێنەی هونەری لێرەدا باسکردنییەتی لە شیعردا، شیعریش لای عەرەبەکان مێژوویەکی کۆنی هەیە، چونکە (عەرەبەکان حەوت هەڵواسراوەکەی شیعریان لەپێش موعجیزەی ئاینی ئیسلام و شارستانییەکانی دەوری ئەمەوی و عەباسیدا هاتووە.)(ئاشنا، ٢٠٠٢: ٢٣)

لە ڕەخنەی ئەدەبیی عەرەبیی کۆندا یەکەم کەس زاراوەی وێنەی بەکارهێنابێت (فەراهیدی٧١٨-٧٨٩،٧٩١ ز)یە، کە دەڵێت: ((شاعیران ناحەق لە وێنەی حەقدا و حەقیش لە وێنەی ناحەقدا پیشان دەدەن.))(الجبوری، ١٩٨٧: ٤) هەندێک جاریش نووسەر و ڕەخنەگرانی عەرەب ناوی زاراوەکەیان نەهێناوە، بەڵکوو (ئاماژەیان بە دەربڕاو و واتا کردووە)(نصیرة، ٢٠٠٦: ١٨) و زیاتر لەمەودای شێوە و ناوەڕۆکدا قسەیان لەسەری کردووە، لەوانە (ابو سهل بشر بن المعتمر)( ؟ – ٨٢٥ ز) لە یەکەمین ڕەخنەگرانی عەرەبە، کە ئاگاداری شیعربووە، ئەو تەنها گرنگی بە دەربڕاو یان واتا نادات، بەڵکوو بایەخ بە هەردووکیان پێکەوە دەدات و لەیەک جیایان ناکاتەوە و دەڵێت: (( هەر کەسێک واتایەکی بەڕێزی دەوێت با بەدوای دەربڕاوێکی بەڕێزدا بگەڕێت و دەبێت بیانپارێزێت لەو شتەی ناشیرینیان دەکات.))(صبح، ١٩٧٣: ٤٨) ئەمەش بەو مانایەی، ئەگەر ئەدەبێکی باشت دەوێت ئەوە پێویستە دەربڕاو و واتا هەردووکیان لە ئاستێکی باشدابن.  واتا لەو کاتەدا (پێوەرەکانیان بریتیبوون لە درووستیی واتا و ڕوونیی دەربڕاو و پێکان لە وەسف و نزیکردنەوەی چواندن و گونجاندنی بۆ خواستراو.)(یاخي، ٢٠١٦: ٢٩)

یەکەم کەس ئەم بابەتەی وروژاندبوو عثمان عمرو بن بحر (جاحظ) بوو، کە وەکوو تیۆرێکی ڕەخنەیی و دیاردەیەکی ئەدەبیی زەقیکردەوە، ئەویش لە کتێبی (حیوان)دا دەڵێت: ((واتاکان لەسەر ڕێگا کەوتوون، عەرەب و غەیرە و کۆچەریی و لادێیی و شارستانیی دەیزانن، بەڵام گرنگی لە بنیاتنانی کێش و هەڵبژاردنی واژە و ڕەوانی دەرچوون و ئاوداری و هەروەها لە دروستی سروشت و چاکی شێوازەکەیدایە، شیعر پیشەیە، جۆرێکە لە چنین و ڕەگەزێکە لە وێنەگرتن.))(الجاحظ، ١٩٦٥: ١٣١-١٣٢) لیرەدا (جاحز) شیعر بە پیشە ناودەبات و دواتریش دەڵێت: ڕەگەزێکی وێنەگرتنە، بەمەش بوو بە ڕەخنەگرێکی ڕابەر لەبواری دیاریکردن و چەسپاندنی بنچینەی زاراوەی (وێنەی هونەری) لە ڕەخنەی عەرەبیدا و (بوو بە یەکەمین کەس، کە ئەم وشەیەی لە ڕەخنەی شیعریدا بەکارهێنابێت.)(الجهني، ١٤٢٥هـ: ٤٢)(صبح، ١٩٧٣: ٥٢)(البصیر،

١٩٨٧: ٣) لێرەدا دەتوانین بڵێین (ڕەنگە زاراوەی وێنەی هونەری، بەم دارشتنە نوێیە لەبۆماوەی ڕەخنەیی و ڕەوانبێژیی لای عەرەب نەبینین، بەڵام ئەو کێشە و لایەنانەی ئەم زاراوە نوێیە دەیورژێنێت و دەیخاتەڕوو لەلای جاحز دەیبینین.)(الفهداوي، ١٩٩٨: ١٨٢) بەو پێناسەیەی کردی ڕوون دەبێتەوە، کە جاحز (لە هەموو لایەنێک لە قسەکانیدا پلەی دەربڕاو بەرز دەکاتەوە و واتا بەکەم دەزانێت و بایەخی پێنادات، کاتێک دەڵێت: واتا پێشنیارکراوەکان، عەجەم و گوندنیشین و کۆچەریی دەیزانن، بەڵکوو پلەبەرزی لە دروستکردنی کێش و هەڵبژاردنی دەربڕاو و ئاسانی دەرهێناندایە و لە دروستیی سروشت و کوالێتی قسەکردندایە.)(الملكي، ٢٠٠٦: ١٧٦)

(جاحز) لە کتێبی (البيان والتبين)دا دەربڕاو و واتا لەیەک جیا دەکاتەوە، دەربڕاوەکان بە سنووردار و واتاکان بە فراوانتر نیشاندەدات و دەڵێت: (واتاکان بۆ هەر مەبەستێک بێت فراوانن و شۆڕ دەبنەوە بێ کۆتایی.)(الجاحظ، ١٣٣٢ هـ: ٤٣) (د.جابر احمد عصفور) وای دەبینێت، جاحز لە ڕەخنەی عەرەبیدا بە یەکەم کەس هەژمار دەکرێت، کە بیرۆکەی لایەنی هەستیی شیعر و توانای لەسەر وروژاندنی وێنەی بینین لە هزری وەرگردا خستەڕوو، ئەوەش لە دەستەواژە بەناوبانگەکەیدا: شیعر دروستکردنێکە و جۆرێکە لە وێناکردن. دواتر ڕەوانبێژان و ڕەخنەگران لەدوای جاحزەوە دەستیانکرد بە بایەخپێدان بە وێناکردنی ئەدەبی و بەتێڕوانینەوە گرنگییان دەدا بە تایبەتمەندییە هەستییەکانی و ڕێگە تایبەتەکەی لە وێناکردنی واتای هەستەکان.(عصفور، ١٩٩٢: ٢٨٠-٢٩٠)

(ابن قتيبة ٨٢٨ – ٨٨٩ ز) بایەخی دەربڕاوی بە واتاکەیەوە دەبینی و شێوەی بەبێ ناوەڕۆک لا گرنگ نەبوو، بۆیە دەڵێت: ((ڕەنگە جوان عەیبدار بکرێت بەهۆی ناشیرینی ناوەکییەوە، هەروەها ناشیرین، جوانی ناوەکیی سوودی بۆی دەبێت.))(ابن قتيبة، ١٩٨٢: ٧٠-٧١) ئەو جوانی و ناشرینی قەسیدەی بە ئاستی دەربڕاو و واتا دیاری کردووە، چونکە (مەبەست لە وێنەی هونەری ڕازاندنەوەی شێوە و گەشەکردنی دەربراوە.)(البدراني، ٢٠٠٥: ٦٩) لەڕوانگەی لایەنی واتا و لایەنی دەربڕاو لە شیعردا چوار جۆر شیعر دیاری دەکات و دەڵێت: یەکەم: دەربڕینەکە باشە و واتاکەش باشە.(ابن قتيبة، ١٩٨٢: ٦٤) دووەم: دەربڕینەکە باشە، بەڵام کە هەڵیدەسەنگێنین واتاکەی خراپە.(ابن قتيبة، ١٩٨٢: ٦٦) سێیەم: واتاکەی باشە و دەربڕینەکەی کورت دێنێت.(ابن قتيبة، ١٩٨٢: ٦٨) چوارەم: هەم واتاکەی و هەم دەربڕینەکەش کورت دێنێت.(ابن قتيبة، ١٩٨٢: ٦٩)

(قدامة بن جعفر البغدادى٨٧٣– ٩٤٨ز)، لە کتێبی (نقد الشعر)دا دەڵێت: ((گەر واتای شیعر لەپلەی بابەتە پێشکەشکراوەکەدا بێت و شیعر لە ناویدا وەکوو وێنەبێت، هەر وەک چۆن هەموو پیشەیەک دەبێ بابەتێکی دیاریکراوی هەبێت، کە کاریگەری وێنەکان قبووڵبکات، وەکوو دار لە دارتاشی و زیو لە زەڕەنگەریدا.)) (الكاتب البغدادي، ١٩٦٣: ٧) بەم شێوەیە شیعری کردە وێنەیەک بۆ واتاکان و وتی: واتاکان ماددەی شیعرن و داهێنانی شاعیرن، کە لە شێوە و دەربڕاودا

دەردەکەون. ئەو وێنەی (وەکو ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی شیعر و بەستنەوەی بە ڕەگەزەکانی ترەوە دانپێداناوە.)(صبح، ١٩٧٣: ٥٧) هەروەها (علي بن عبد العزيز الحسن بن علي القاضی الجرجاني ٩٣٣–١٠٠١ز) لە کتێبی (الوساطة بين المتنبي و خصومة) دا، لەبارەی شیعری شاعیرانەوە دەڵێت: ((کاتێک شوێنی دەنگەکان گوێکان و شوێنی بینراوەکانیش چاوەکان بوو، ئەوە تۆ وێنەیەک دەبینیت، کە مەرجە باشەکانی تێدایە.))(القاضی الجرجاني، ١٩٦٦: ٤١٢) واتا مەبەستێتی بڵێت: ئەو وشانەی بەر هەستی بیستنمان دەکەون، ئەگەر هاتوو لە هەمان ئاستی واتاییدا وێنەیەکیان نیشانی چاوەکانمان دا، ئەوە بێگومان شاعیرەکە وێنەیەکی باشی درووستکردووە.

(ابو هلال عسکري ٩٢٠– ١٠٠٥ز) لە کتێبی (الصناعتين)دا لە زاری (العتابی)یەوە دەڵێت: ((وشەکان جەستەن و واتاکان ڕۆحن، بەڵام بەچاوی دڵ دەیانبینین، ئەگەر کۆتاییەکەی پێشخرا و پێشەکییەکەی خرایە دواوە، ئەوە وێنەکە تێکدەچێت و واتاکەش دەگۆڕێت.))(عسكري، ١٩٥٢: ١٦١) هەروەها دەڵێت: ((ئەگەر واتا لە شوێنی خۆیدابوو، وەسف و دەربڕاوەکەش باشبوو، ئەوە لە باشترین حاڵەتدایە.(عسكري، ١٩٥٢: ١٦١) بەم شێوەیە دەبینین (ئەبوو هیلال عەسکەری) لە ئاستی دەربڕاو و واتادا قسەی لەسەر وێنە کردووە و هەردوو دەربڕاو و واتای لەیەک ئاستی گرنگیپێداندا داناوە، تاکوو وێنەیەکی باش دروستببێت.

لێرەدا پێمان باشە بڕۆینە لای (عبدالقاهر الجرجاني ١٠٠٩– ١٠٧٨ ز)، کە لەبارەیەوە وتراوە (پاش ڕێگایەکی درێژ، سوارێک دێتە مەیدانەوە، مامۆستای ڕەخنەی عەرەبی کۆن "عبدالقاهر الجرجانی" لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا دەمانگەیەنێت بەوەی، کە ڕەخنەی نوێ لە ڕوونکردنەوەی وێنەی ئەدەبیدا لە سەدەی چواردەیەمدا پێیگەیشت.)(صبح، ١٩٧٣: ٧٨) جرجانی لە کتێبی (دلائل الاعجاز)دا دەڵێت: ((ڕوونە، کە ڕێگای قسەکردن، ڕێگای وێناکردن و داڕشتنەوەیە، ڕێگای ئەو واتایەی کە دەری دەبڕێت، ڕێگای ئەو شتەیە، کە وێناکردن و داڕشتنەوەی تێدا دروستدەکات، وەکوو زیو و ئالتون، کە موستیلە و دەستبەنی لێدروستدەکرێت.))(الجرجانی، ١٩٨٤: ٢٥٤) (د.محمد غنيمی هيلال) دەربڕینی وێنەی هونەریی لای (عەبدلقاهر جرجانی) بە جوانی و بایەخەوە پەیوەست دەکات و دەڵێت: (بەتەنها دەربڕاوەکان لای عبدالقاهر نرخیان نییە، هەرچەندە ئەوانن، کە کەرەستەی یەکەمی پێکهێنانی وێنەن. پێگەیان لە ڕستەکاندا بەجوانی و ناشرینی وەسف دەکرێت، بەڵام لە هەڵسەنگاندنی جوانی و ناشریندا ڕەچاوی کاریگەرییان لە وێنەدا دەکات.(هلال، ١٩٩٧: ٢٧٣) لەسەر ئەمە، جوانیی لەڕووی وێناکردنی واتاوە هی هۆنراوەیە، یان هی وێنەیە لەڕووی ئەوەی لە هۆنراوەدا ئاماژەی بۆ کراوە، هەروەها مەرجی جوانی وێنەی ئەدەبی لای (عبدالقاهر) پێکەوەبوونی ڕستەیە لەسەر واتا، بۆئەوەی دانایی وێنە تەواوبێت و جوانی لە هۆنراوەدا بەدیبێت. هەروەها تێڕوانینی وایە، کە کۆمەڵێک جوانکاری هەیە لە دەربڕاوەکاندا بەدیدێن.(هلال، ١٩٩٧: ٢٦٧)

بەڵام (د.عیزەدین ئیسماعیل) باوەڕی وایە شیعری کۆن بەگشتی بۆ باسکردنی جوانی پشتیان بە هەستەکانیان بەستووە، هەر بۆیە دەڵێت: ((یەکەمین شتێک پەیوەست بە شیعری کۆنەوە هەم لای شاعیران و هەم لای ڕەخنەگرانیش دەبێت ئاگاداری بین، ئەوەیە، کە بۆ پیشاندان و باسکردنی جوانی بەتەواوی پشتیان بە هەستەکان دەبەست، هەر بە پشتبەستن بە هەستەکانیان ئازادانە وێنە شیعرییەکانی خۆیانیان دروستدەکرد.))(اسماعیل، ٢٠٠١: ٨٠)

عەبدلقاهر جرجانی توانی (جیاوازی لەنێوان سێ جۆر لە جوانیدا بکات: جوانی دەربڕاو ئەوەیە، کە دەربڕاوە، جوانی واتا ئەوەیە، کە واتای دەربڕاوەکەیە، جوانی داڕشتنەوە و وێناکردنە لە هۆنراوەدا، بەڵام جوانی داڕشتنەوە جوانییە و ئەوەیە، کە شاعیرە باڵاکان تێیدا کێبڕکێ دەکەن.)(عبدالتواب، ١٩٩٥: ١٩) ئەو دەڵێت: ((وێنە لە شیعردا ئەو (شێوە هونەری)یەیە، کە لە دەربڕاو و واتا پێک دێت، پاشئەوەی شاعیرەکە لە چوارچێوەیەکی دەربڕیندا ڕێکیخستووە.))(محمد، ١٩٩٠: ١٠) بەگشتی چەمکی (واتا) دەروازەی سەرەکییە بۆ تێگەیشتنی پێشبینییەکانی ڕەخنەی عەرەبی بۆ گرنگی و ئەرکەکانی وێنەی هونەری. خودی(واتا) زاراوەیەکە لە بوارە جیاجیاکانی نووسینە کۆنەکانی عەرەبدا بەکارهێنراوە، ڕەنگە هەرئەوە وایلێکردبێت، کە (واتا) ڕەهەندی جۆراوجۆری هەبێت. ڕوونترین واتاکانی زاراوەکە و زۆرترین بەکارهێنانی لە نووسینە کۆنەکاندا، ئەو واتایەیە کە (واتا) بەراورد دەکرێت بە (مەبەست) و دەیبەستێتەوە بەوەی، کە قسەکەر دەیەوێت بسەلمێنێت یان ڕەتیبکاتەوە.(عصفور، ١٩٩٢: ٣١٣) (عەبدولقادر ڕوباعی) وێنە لە ڕەخنەی کۆندا بە ڕەوانبێژی و بەتایبەتی بە چواندنەوە پەیوەستدەکات و دەڵێت: ((لێکچواندن لە تیۆری شیعری کۆندا ستوونی وێنەیە(الرباعی، ٢٠٠٩: ٥٠) و شاعیران وێنەی لەسەر بنیاتدەنێن و دیمەنەکانی خۆیانی پێ زیاددەکەن، چونکە (چواندن بە بناغەی وێناکردنی ڕوونبێژیی و سەرچاوەی دەربڕینی هونەریی دادەنرێت و بەربڵاوترینی هونەرەکانی ڕوونبێژییە لەڕووی بەکارهینان و واتاوە، کە تێیدا وێنە تەواودەبێت و دیمەنەکان زۆردەبن. (موسی، ٢٠٠٣: ٦٨) جگە لە واتا مەبەست لێی (ڕازاندنەوەی شێوە و گەشەکردنی دەربڕاوە.)(البدراني، ٢٠٠٥: ٦٩)(د.کامل البصیر) دەڵێت: (("عبدالقاهر جرجانی" نمونیەکی تری ئەم بناغەیەیە، کە لەبنچینەوە بنەماکانی ڕێبازەکە وەردەگێرێت و باس لە وێنەی شیعری دەکات، دواتر ڕێبازێکی لێ بەرهەم دێنێت، کە جیاوازە لەوەی لای (قدامە بن جعفر) بینیمان.))(البصیر، ١٩٨٧: ٣٥)

خەیاڵ، ڕەگەزێکی بنچینەیی بنیاتی وێنەی هونەرییە، لێرەدا (لەڕێگەی دوو بنەمای سەرەکییەوە، کە ژیریی و هەستییە دەتوانین کاریگەری خەیاڵی شیعریی لە تێگەیشتنی کۆندا چوارچێوە بکەین. بنەمای یەکەم پەیوەستە بە هێزی کاریگەر لە پرۆسەی شیعریدا، ئەویش عەقڵە، کە خەیاڵدان کۆنترۆڵ دەکات و لە چرکەساتی درووستکردنی وێنەی هونەریدا ڕێگری لە لادان و

هەڵە دەكات. بەڵام بنەمای دووەم پەیوەستە بە ماددەی كردارەوە، واتا بە وێنەی هەستەوەرەكانەوە، كە بیر پاش ئامادەبوونی خودی هەستەوەرەكان لەبواری دركی ڕاستەوخۆدا هەڵیگرتووە. هەردوو بنەماكە كۆمەڵێك بایەخیان هاتە سەر و بوونەهۆی دەركەوتنی كۆمەڵێك دەرئەنجام.)(عصفور، ١٩٩٢: ٨٥) بەڵام بەگشتی (چەمكی خەیاڵ لە كۆندا بەربەستێكبووە لەبەردەم تێگەیشتنی وێنە و لەدایكبوونی شیعری گۆرانی نوێدا، چونكە خەیاڵ و وەهم لای ئەوان یەک شت بوون و دەبوایە ئاگاداریبین لە ئەدەبدا.)(هلال، ١٩٩٧: ٣٨٨) نەک هەرئەوە بەڵكوو (تێڕوانینی ڕەخنەگرانی كۆنی عەرەب بۆ خەیاڵ، تێڕانینێكی مەترسیداربووە، چونكە گومانی هێزێكیان لێدەكرد، كە بەرانبەر دروستكردنی درۆ و دووڕوویی بێت.)(ابن سینا، ١٩٨٩: ٤) بەڵام ئەگەر سەیری ڕەخنەی عەرەبی نوێ بكەین، ئەوە دەبینین (خوێندنەوە نوێكان سوودیان لە تیۆری خەیاڵ لە ڕەخنەی نوێ بەتایبەتی لای (كۆلریدیج) وەرگرتووە بۆ جوانكردنی شیعر.)(الرباعي، ١٩٩٨: ٢٣) ئەوەتا (احمد الشایب) لە كتێبی (أصول النقد الادبی) دا دەڵێت: ((وێنەی ئەدەبی دوو واتای هەیە: یەكێكیان ئەوەیە، كە بەرامبەر ماددەی ئەدەبییە و لە خەیاڵ و دەستەواژەدا دەردەكەوێت. دوومیان ئەوەیە، كە بەرامبەر شێوازە و بە یەكگرتوویی بەدیدێت.))(الشایب، ١٩٩٤: ٢٥٩)

وێنەی هونەری لە ڕەخنەی نوێی عەرەبیدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بێگومان ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە، كە وێنە ڕەگەزێكی گرنگی شیعرە و پەیوەستە پێیەوە، هەركەی شیعر گۆڕانی بەسەردا هات و پێشكەوت، ئەوە وێنەش لەگەڵیدا برەودەسێنێت، ئەمەش بێگومان بەدەرنەبووە لە كاریگەرییەكانی پێشكەوتنی ئەدەبیاتی جیهانی و گرنگیدان بە زمان و خەیاڵ و شێواز و ڕووكردنە بنەماكانی شیعری ڕۆمانتیكی، چونكە (گەڕانەوە بۆ وێنە لەلای ڕەخنەگرە عەرەبە نوێكان لەڕێگەی سوودوەرگرتن لە تیۆرە ڕۆژئاواییە نوێكانەوەبووە، بەتایبەتی چەمكی وێنە لای هێماگەری و ڕۆمانتیكی.)(ذیاب، ٢٠٠٣: ١٦-١٧) هەر بۆیە ڕەخنەی نوێ وردە وردە هەوڵیدەدا، بۆ وێنە بنەمای تری جگە لە ڕەوانبێژیی گرنگی پێبدات، چونكە (ڕەخنەی نوێ خەریكە زۆرێک لە بەشەكانی ڕەوانبێژی عەرەبی و پێوەركانی پشتگوێ دەخات و لە هەڵسەنگاندنی كاری هونەریدا پشت بە پێوەری نوێ دەبەستێت.)(حمدان، ٢٠٠٨: ١٧١) ئەمەش لەبەرئەوەی (ڕەخنەگر و لێكۆڵەران لە كۆن و نوێدا جیاوازبوون لە تێگەیشتنی زاراوەی وێنە لە دیاریكردنی واتا ڕەخنەییەكاندا، تەنانەت پێناسەیەک نابینین، كە هەمووان لەسەری كۆكبن، نەک هەر ئەوە بەڵكوو شیعری نوێش لە شیعری كۆن لە شێوازی بەكارهێنانی وێنەكاندا جیاوازە.))(العكیدي، ٢٠٠٥: ٦) لەم بارەیەوە (حازم القرطاجنی) لە درووستبوونی وێنەی شیعریدا بۆچوونی وایە، كە شاعیر لە دەرەوەی هزر و لەڕێگەی دركردنەوە بە وێنەكان دەگات، چونكە (((واتاكان لە چواندندا، وێنە بەدەستهاتووەكانی هزرە لە شتە هەبووەكاندا، هەموو شتێک لە دەرەوەی هزردا بوونی هەیە، گەر دركی پێكرا وێنەیەكی لە هزردا بۆ بەدەستدێت، كە تەبایە لەگەڵ ئەوەی لێی درككراوە، گەر ئەو وێنە هزرییەی

دەربڕی ،کە ئەنجامی درککردنە، ئەو دەربڕاوەی کە پێی دەردەبڕێت شێوەی ئەو وێنە هزرییە لە تێگەیشتن و هزری بیسەراندا وەردەگرێت.))(نصیرة، ٢٠٠٦: ٢٤) هەروەها لەبارەی خەیاڵەوە سوودی لە بۆچوونەکانی (الفارابی) و (ابن سینا) وەرگرت لە جیاوازی لەنێوان خەیاڵ و باوەڕپێهێناندا و پێیوابوو شیعر بەشیعر هەژمار ناکرێت لەڕووی ڕاستی و درۆییەوە، بەڵکوو لەڕووی ئەوەی، کە قسەیەکی خەیاڵکراوە.(صالح، ١٩٩٤: ٥٧)

لە ڕەخنەی نوێدا ناساندنی وێنە گرێدەدرێتە خەیاڵەوە، ئەوەتا (د.داود سلوم) دەڵێت: ((تێکەڵبوونی واتا و دەربڕاوەکان و خەیاڵ هەمووی ئەو شتەیە، کە پێی دەوترێت: وێنەی هونەری.))(البصیر، ١٩٨٧: ١٧١) (د.کامل بەسیر) توێژەرە هاوچەرخەکانی عەرەب بە سەرجەم زاراوەکانییەوە لە لێکۆڵینەوەی وێنەی هونەریدا بەسەر سێ گرووپدا دابەشدەکات و دەڵێت: ((گرووپێک شوێنکەوتەی هەنگاوی پێشینانە و کۆپی دەکات. گرووپێک لە ئەوروپییەکانەوە وەردەگرێت و کۆپی دەکات. گرووپێکیش تێکەڵیان دەکات و خۆی دایدەڕێژێتەوە.))(البصیر، ١٩٨٧: ٥٥٠)

(د.نعیم الیافي) وێنە بە بنیاتی شیعریی دادەنێت و دەڵێت: ((وێنە ناوەند و جەوهەری شیعرە، هەموو قەسیدەیەک یەکێتییەکی ڕێکخراوی هەیە، کە لەناویدا ژمارەیەک یەکەی تری تێدایە و بنیاتی گشتییان دروستکردووە، هەموو یەکەیەک لە بنیاتەکە بریتییە لە وێنەیەکی پەیوەست بە وێنە گشتییەکەی قەسیدەکەوە، کە ئەوەش هەمان کارە هونەرییەکەیە. لێرەوەیە دەتوانین ئەوە ڕابگەیەنین، کە بنیاتی شیعری، بریتییە لە بنیاتی وێنەیی.))(الیافي، ١٩٨٢: ٣٩-٤٠) کردنی وێنە بە سەنتەری بنیاتی شیعر هەنگاوێکی گرنگە لە بایەخپێدانی گەورە و کاریگەر لە پیشاندانی وێنە وەک ڕەگەزی سەرەکی شیعر، هەروەها لە ڕەخنەی نوێدا بەشێک لە توێژەران وێنەیان بە بارێکی دەروونییەوە دەبەستەوە، لەوانە، (دکتۆر محمد ڤکی العشماوی)، کە دەڵێت: ((وێنەی شیعری دەربڕینی حاڵەتێکی دەروونی دیاریکراوە، کە شاعیر پێیەوە دەناڵێنێت، لەمەڕ هەڵوێستێکی دیاریکراو لە هەڵوێستەکانی ژیانی. هەر وێنەیەک لە کارێکی هونەریدا هەڵگری هەستگەلێکە و لە چەند بەشێک پێکدێت.))(الخلیل، ٢٠١٤: ٢٥٧) یان دەوترێت: ((بەرجەستەکردنی بیرۆکەی پەتیی و ختورە دەروونیی و دیمەنە سروشتییەکانە.))(النصراوي، ١٩٩٠: ١٧٦) یان دەوترێت: شیعر، وێنەی کۆمەڵگایە، تابلۆش وێنەیەکی ترە.(الطاهر، ١٩٧٩: ١٥) هەندێک جاریش توێژەران لەبەرانبەر عەقڵ و خەیاڵدا ئاماژەیان بە وێنەی هەستیی کردووە، هەروەک (د. میشال عاصی و د.امیل یعقوب) وەها پێناسەی دەکەن، کە (وێنەی شتێک، واتا کێشانی وێنەیەک و گواستنەوە و بەیانکردنی، یان بەنزیکی هاوشێوەیی و لێچوویی و لاساییکردنەوە. وێنەش یان ماددەیەکی هەستییە، یان ژیرییە و بەعەقڵ و خەیاڵ دردکەکرێت)(یعقوب و عاصي، ١٩٨٧: ٧٧٤) واتا دابەشی هەردوو جۆری هەستیی و ژیریی دەکەن.

دیوانییەکان پێورە کلاسیکییەکانی هەڵسەنگاندنی وێنەیان بەجێهێشت و بانگی تێپەڕاندنی وەسفی هەستییان بۆ ویژدانیی کرد، یان بەواتایەکی تر، هەوڵی وروژاندنی ناوەڕۆکی دەروونییاندا، وەکوو سەرچاوەیەکی شێوەکاریی بۆ وێنە و پاڵنەرێک بۆ بەدیهێنانی ڕێکخستن و گونجاندن لەنێوان ئەدای هونەریی و بابەتیی وێنەدا، ئەوەش بەتوانای شاعیر لەسەر دروستکردنی پەیوندییە تاکییە نەزانراوەکانی نێوان شتەکان بەدیدێت و بەئاستی هەستکردن پێی وێنایدەکات، بەشێوەیەک ڕەنگدانەوەی دید و هەڵوێستی ئێستای دەبێت و دەبێتە هاوکێشەیەکی دەروونیی  بۆ هێز و قووڵیی هەستکردنی.(صالح، ١٩٩٤: ٣٣) ئەمەش بەو مانایەی، کە وێنە لە ئەدەبی نوێی عەرەبیدا بوو بە ئامرازێکی گرنگی ئاشکراکردنی لایەنی دەروونیی. هەروەها (لەدوای ئەم کۆمەڵانەوە چەند هەوڵدانێکی تاکیی هات، کە لێکەوتەی بۆچونی ئەو ڕەخنەگر و شاعیرانەبوو، کە گۆڤاری (شیعر) لە ساڵی ١٩٥٧ کۆیانی کردەوە و دەستکرا بە دەرچوونی، لە دیارترین کەسەکانی ئەم گۆڤارە (یوسف الخالی) شاعیربوو، کە گرنگییەکی تایەبەتی بە وێنەی هونەریدا و بە کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی لە بنیاتنانی ئەزموونی شیعریدا هەژمارکرد.)(البیطار، ٢٠١٠: ٥٢) ئەمە جگەلەوەی هانی بەکارهێنانی دا، لەو شوێنەی کە (شاعیری کۆن چواندن و خواستن و دەربڕاوی پەتی و ڕوونبێژی پوختی بەکارهێناوە، چونکە شاعیر ئەو وێنانەی لانییە، کە پشت بە مێژوو یان ژیانی دەوروبەرمان و لێکەوتەی دەروونیی دەبەستێت تاکوو ئاڵەنگاری لۆژیک ببێتەوە و قاڵبە کلاسیکییەکان تێکبشکێنێت.)(الخال، ١٩٧٨: ٨٠) ئەمەش بێگومان وایکرد، شاعیرانی نوێی عەرەبەکان دەست بۆ مێژوو و بارودۆخی ژیان و هەڵچوون و بارە دەروونییەکانیان ببەن و وێنەی هونەری لە شیعرەکانیاندا پێبڕازێننەوە و جۆر و شێوازی نوێی وێنەی هونەری پێبخوڵقێنن.

## ١/ ٥ – ٣. وێنەی هونەری لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا

ئەدەبی کوردی بەگشتی و شیعر بەتایبەتی هەر لەو ڕۆژەی سەریهەڵداوە هەتاکوو ئەمڕۆ وەکوو هەموو گەلانی دنیا پشتی بە وێنەی هونەری بەستووە. شاعیرانی کورد بۆ گەیاندنی بیروباوەڕەکانیان و بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر خوێنەر وێنەی هونەرییان کردووە بە ڕەگەزی هەرە کاریگەری شیعرەکانیان و پشتیان پێی بەستووە. ئەگەرچی لەڕووی بایەخپێدان بە وێنەی هونەری وەک (کاکەی فەلاح) دەڵێت: ((یەکێکە لەو بوارە تازانەی کە بەنسبەت شیعری کوردییەوە ئاوڕی لێنەدراوەتەوە و ئەو بایەخ و گرنگییەی پێنەدراوە، کە هەڵئەگرێت.))(کاکەی فەلاح، ١٩٨٦: ٢٣) ئێمە لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی وێنەی هونەری لە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا، بۆچوون و تێڕوانییەنەکانی شاعیر و نووسەر ڕەخنەگرانی کورد لەم ڕووەوە دەخەینەڕوو.

(شێخ نووری) لەو شاعیر و نووسەرانەی کوردە، کە لەپێش ئەوانی ترەوە ئاوڕی لەم بابەتە داوەتەوە و (بۆ یەکەمجار لە مێژوویی ڕۆشنبیریی وێژەی کوردیدا ئەم نووسەرە کوردە درووشمی ڕێبازی زانستی لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەسازیی و وێژەییدا بە چەشنێکی تیۆریی پراکتیکی بەرزکردەوە.)(جەلالی، ١٩٨٤: ١٤٧) ئەو بۆ جیاکردنەوەی وێنەی هونەری و وێنەیەک، کە هونەریی نەبێت دوو نمونە دەخاتەڕوو و دەڵێت: ((مەحبووبە لە ڕەشماڵ هاتە دەرەوە. مانگ لە کۆشی هەوری ڕەش دەرچوو. لە مەوزوعی ئەوەڵدا حەقیقەتێکی عادیەی بە سوورەتێکی بەسیت ئیفادە کردووە بینا عەلەیهی لەمەدا ئەدەبیات نییە، وەقتێ ئەو کاتبە جملەی ئەوەڵی نووسیوە دەماغ ئیحتیاجی فەعالەتێکی ئیجادییەی حەس نەکردووە، مەعە مافیهی هەر ئەم فکرە کە ویستمان سورەتێکی ئەدەبی بکەین بەبەردا دەماغمان دەست دەکا بە فەعالەتییەکی بە شیدەت بە هەموو وزوح و شیدەتێکەوە دەکرێ بۆ تەشبیهات و سائیرە و تا جملەکە دەکات بە " مانگ لە کۆشی هەوری ڕەش دەرچوو " ئێستا لە جملەی ئاخیردا مناسەبەتی مەحبووبە بە مانگ و ڕەشماڵ بە هەور دۆزراوەتەوە و تەشبیهاتی موکمەلەی تێدا ئەجرا کراوە و ئەم جوملەیە هێنراوەتە وجوود.))(م.نوری، ١٩٢٦: ١) لەم دوو نمونەیەی (شێخ نووری) هێناویەتییەوە دەردەکەوێت، کە ئەو چەمکی وێنەی هونەری دەبەستێتەوە بە هونەرەکانی ڕەوانبێژیی و بەتایبەتی چواندنەوە و پێیوایە لەدەرەوەی ڕەوانبێژی ناتوانرێت وێنەی هونەری دروستبکرێت، چونکە (لە ئیزاحی فیکرێکدا بۆ ئەوەی کە قووەت بدرێ بە تەسویر، تەشبیهە، ئیستعارە، موبالەغە و زۆر ئەوساف دەهێنرێ زیکر دەکرێ.)(م.نوری، ١٩٢٧: ٣)

(کامل بەسیر) لە کتێبی (شێخ نوری شێخ صالح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی وێژەیی و ڕەخنەسازیدا) لە هەڵهێنجانی تێڕوانییەنەکانی شێخ نوورییەوە لەسەر دورووستبوونی وێنەی هونەری دوو بنچینە دیاریدەکات، کە ئەوانیش (یەکەم: بنچینەی تۆمارکردنە، کە شاعیر لە مێشکیدا

بەهۆی خوێندنەوە و تەماشاکردن و تاقیکردنەوەوە، وێنە و بەسەرهاتەکانی تۆمارکردووە، بنچینەی دووەم: بنچینەی یادکردنەوە، یان گەڕان بەدوای شتا لە مێشکدا، لەمەشدا وێژەر بە ڕستەیەکی ساکار مانایەک دەردەبڕێت، کە خۆی بە چەشەی وێژەییەکەی قایل نییە، هەر بۆیە مێشک و دەماغی دەکەوێتە ئیش و شریت و تۆمارگای یادگارە تۆمارکراوەکانی دەخاتە گەڕ هەتاوەکوو وێنەی ئەندێشەیی گونجاو بۆ ئەو واتایە دەدۆزێتەوە و دەیکات بەبەریدا.)(بەسیر، ١٩٨٠: ٥١) بەمەش شاعیر سەرەتا وێنە و تاقیکردنەوەکان وەردەگرێت و دواتر کە دەیەوێت بەیادیان بهێنێتەوە هەست دەکات لە ڕستەی ئاسایدا ناتوانێت؛ بۆیە بەیارمەتی ئەندێشە وێنەیەک دەکاتە بەری ئەو واتایەی دەیەوێت دەریببڕێت، کەوایە لەمەدا (مەبەستی کامل بەسیر ئەوەیە، کە (شیخ نوری) لە ڕوانگەیەکی نوێوە ڕەگەزەکانی خستۆتە بەردەست و لێیاندواوە.)(مەولود، ٢٠٠٩: ٣٠)

د.کامل بەسیر دەڵێت: ((مێژووی ڕەخنەسازی کوردی لەڕوانگەی پسپۆڕیی و ڕەخنەییەوە لە لێکۆڵینەوەی ڕەسەن بێبەش نییە، بەڵگەمان بۆ چەسپاندنی ئەم بیروڕایە کۆمەڵە وتارێکە لەلایەن ڕەخنەسازێکی کوردەوە بە نازناوی (سیاپۆش) بڵاوکراوەتەوە(بەصیر، ١٩٨١: ٣٠)، کە تێیدا دەڵێت: ((وەرە شیعرێکی دڵداری شاعیرەکانمان بخوێنەوە، کە ئەمە بەشی هەرە زۆری خەرمانی شیعریانە ئەگەر شێوەی ژنێکت هاتە یاد ئەوە پێم بڵێ چ ژنێکە چینی؟ هیندی؟ ئەفغانی؟ نازانم هەرچی بێ ژنێکی کوردنییە، بەڵێ ناحەقیان نییە ژنی کوردیان نەدیوە، نەیاندیوە (بەهێ) مەڕ بدۆشی (شیرین) مەشکە بژەنی (گوڵناز) بەشەدەی لاریەوە گۆزە لەسەرشان لە کانی بێتەوە(سیاپۆش، ١٩٣٣: ٤٠ ، ٤١). گومانی تێدا نییە (سیاپۆش) مەبەستی لەوەیە، کە شاعیرەکانمان لاسایی وێنە شیعرییەکانی گەلانی موسڵمانی ناوچەکە دەکەنەوە، داوایان لێدەکات وێنەی ژیان و واقیعی کوردەواری باڵ بکێشێت بەسەر هۆنراوەکانیاندا.

(عەبدوڵڵا گۆران)ی شاعیریش لە وتارێکیدا بە ناوی(تەرمۆکی و تەیران)، لە پەسنی شیعری تەرمۆکیدا بەبێ ئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیەک لەسەر وێنەی هونەری بدات، باسی شیعری تەرمۆکی دەکات و دەڵێت: ((ئەو وێنە هونەرییە زیندووانەی قسەی جوانیان پێخراوەتە جووڵە و بزووتن لەهی هەزار ساڵ لەمەوپێش، نە کورد نە هیچ نەتەوەیەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەچن.))(ئاشنا، ٢٠٠٢، ٤٢) لەو ڕوانگەیەوە بەستنەوەی قسەی جوان بە وێنەی هونەرییەوە وامان لێدەکات، کە هاوڕابین لەگەڵ ئەو قسەیەی (د.فەرهاد قادر) کە دەڵێت: ((گۆران زاراوەی (وێنە)ی بە واتای (ڕووخسار) بەکارهێناوە.))(کەریم، ٢٠٠٩: ٣٦) هەروەها (ڕەفیق حیلمی) لە وەسفی ئەدەبدا دەڵێت: ((ئەدەب دیارە کە سیفەتی ئەدیبە، لەبەر ئەمە بە وێنەکانی (ئینفعالات)ی ناو دەروونی ئەدیب، کە بەهۆی دەنگ و (تیپ)ـەوە دەکێشرێ و دەردەخرێ، دەڵێن (ئەدەب). بە کورتی (ئەدەب)

وێنەی (ئینفعالات)ێکە، کە لە نەفسی ئەدیبەوە بە هۆی قسە (واتە بەهۆی دەنگ و تیپ)ەوە دەگوێزرێتەوە نەفسی گوێگر، یا خوێنەوار.))(حیلمی، ١٩٥٨: ٢) بەپێی ئەم دەربڕینەی ڕەفیق حیلمی ئەدەب بە گشتی لە وێنە پێکدێت، بەڵام وێنەی هەڵچوونەکانی ناو دەروونی شاعیر، کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانییەوە پێی گەشتووە، ئەم وێنەیەش بەهۆی دەنگ و تیپەوە بۆ وەرگر دەگوازرێتەوە.

هەروەها (علاءالدین سجادی) لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا، لە لێکدانەوەی شیعرێکی مەولەویدا، کە گوایە مەولەوی مەبەستی ئەوەیە بڵێت: (ئا ئەم دۆستە، کە من قسەی لێوە ئەکەم دوو وێنەی هەیە، یەکێ لە دەرەوە " الشبح الخارجي"، یەکێ لەناو دڵی مندا " الشبح الذهني"، ئەوەی لە دڵمدایە دەستکردی خەیاڵە، هێناویە ڕاستەوڕاست پەیکەری ڕوومەتی ئەوی دروستکردووە و خستویەتە دڵی مەعدومی دڵ بریندارەوە، بەم قسەیە ئەوەی دەرخست کە خەیاڵ وێنەیەکی لە نمونەی دڵخواز دروستکردووە و لە دڵێکی تاریکا دایناوە.)(سجادی، ١٩٧١: ٢٩٢) بەم شێوەیە سەجادی لە ئەنجامی ئەو لێکدانەوەیەدا دوو وێنە باسدەکات، کە یەکێکیان: وێنەی دەرەوەیە، واتا وێنەی شت و کەرەستەکان. دووەمیش ئەو وێنەیەیە، کە بەهۆی خەیاڵەوە لە ناو ئاوەز و دڵی شاعیراندا دروستدەبێت. بەمەش سەرچاوەی ئەو وێنانە پەیوەستدەکات بە ئەندێشە و خەیاڵەوە و لەگەڵیشیدا هەردوو جۆری وێنەی هەستیی و وێنەی ئاوەزیی دەبینین.

مامۆستا (مەسعود محەمەد) لە کتێبی (چەپکێک لە گوڵزاری نالی)دا دەڵێت: ((هەستدەکەم نالی و سەرەڕای پڕاندنی ڕەنگ و بێنی بەهەشتی هەڵبەست بە ڕووماندا، وێنەیەکی هونەری ئەوتۆشی لە لوئلوئی وشە ئاوریشمی هۆنینەوە، نەخشاندووە، هاوتای تابلۆی ڕەسامە زلەکانی جیهان بێت، کورد کە کەسی نەبووە بە "ڕیشە" وێنە بکێشێت، نالی هاتووە بە هەڵبەست وێنەگری کردووە.))(محمد، ٢٠٠٧: ١٢١) ئەمەش دیسان هاوتاکردنی وێنەی هونەرییە بە تابلۆی هونەری، کە ئەویان وشە و ئەمیان ڕیشە و ڕەنگ بەکاردەهێنێت، ئەم تێڕوانینەش وەک پێشتر پیشانماندا لای ئەوروپاییەکان و عەرەبەکانیش بینراوە. لەم بارەیەوە (کەریم مستەفا شارەزا) دەڵێت: ((وێنەی شیعری وەک وێنەکێشانی هونەری شێوەکاریی نییە، بە هەموو جۆرە کەرەستەیەک و لە هەموو بوارێکدا بخوڵقێنرێ، بەڵکوو لە چەند بوارێکی وەکوو وەسف و لێکچواندن و خوازە و خواستن و هەندێ جاریش لەبەکارهێنانی ڕەمزدا دروستدەکرێت. جوانی وێنەی شیعریی لە جوانی وشە و ماناکەیدایە.))(شارەزا، ١٩٨٩: ١٩) بەمەش نووسەر باوەڕی وەهایە وێنەی هونەری وەکوو وێنەکێشان نییە، چونکە وێنەی هونەری بەیارمەتی هونەرەکانی ڕوونبێژیی دروستدەبێت، لەگەڵیشیدا وشە و واتا لەیەک ئاستی جوانیدا دەکاتە بنەمای گرنگی وێنەی هونەری، ئەمەش بێگومان دەکرێ لەژێر کاریگەری ڕەخنەگرە کلاسیکە عەرەبەکان بەتایبەتی (ابن قتيبه)دا بێت.

(کاکەی فەلاح) لەبارەی وێنەی هونەرییەوە دەڵێت: ((لە سایەی پیت و وشە و دەربڕین و هێما و لێچوون و مانا و خولیاوە، لەڕێگای زمان و هونەری بەرزی شیعرەوە، ئەو وێنە شیعرییە بەهرەدارەی شاعیر دەبینین و هەستی پێدەکەین.))(کاکەی فەلاح، ١٩٨٦: ٢٤) لێرەدا کاکەی فەلاح لەڕوانگەی کاریگەری بۆچوونەکانی ئەرەستۆ لە (هونەری شیعر)ەکەیدا لەبارەی جیاوازی وێنە لەلای (شاعیر، وێنەکێش)ەوە بەو شێوازە باسی لە وێنەی هونەری کردووە، بەڵام لەگەڵیشیدا باسی لە (هێما)و (لێ چوون) کردووە، کە ئەمەش بێگومان پەیوەستبوونی وێنەی هونەری بە هێما و ڕەوانبێژییەوە دەگەیەنێت. (د.کامل بەسیر) دەڵێت: ((وێنەی هونەری، تێگەشتنی گونجاو و وێناکردنی خەیاڵی و هەستە دەروونی و بۆچوونە ئەندێشەییە بەرجەستەکراوەکان دەگرێتەوە، کە لەڕێگەی زمانی ئەندێشەوە بۆ وەرگر و خوێنەر ئەنجام دەدرێ، بەمەش دەکرێ وێنەکە وشەیەک یان ڕستەیەکی لێکدراوبێت، یان تەواوی هەڵبەستەکە بەشێوەی وێنەیەک ئەنجام درابێ.))(بەسیر، ١٩٨٧: ٢٦٧) لە هەڵهێنجانی ئەم پیناسەیەی د.کامل بەسیردا، (د.دڵشاد عەلی) دوو جۆر وێنە دەستنیشان دەکات و دەڵێت: ((یەکەمیان: وێنەی ڕاستەوخۆ، کە بەتەنها واتای ڕاستەوخۆی وشە و دەربرینەکان خۆیان دەگەیەنن، بێئەوەی پشت بە زانستی ڕەوانبیژی بەسترابێ. دووەم: وێنەی هونەری، کە بریتین لەو وێنانەی کە بەمەبەست و بەشێوەیەکی کارامە و هۆشیارانە ئەنجام دەدرێن و بەهۆی بابەتەکانی لێکچواندن و خوازە و خواستن و درکەوە، کە زمانی دەربڕینی ئەندێشەن سازدراون.))(عەلی، ١٩٩٨: ٤٧) بەڵام گومانی تێدا نییە، کە هیچ شاعیرێک، ئەو وێنانەی بەر کامێرای چاوەکانی دەکەوێت، وەکوو خۆی نایانگوازێتەوە، بەڵکوو تێکەڵ بە هەست و سۆز و ئەندێشەی دەبێت و دواجار لە خوڵقاندنی وێنەکەدا، ئەگەر وەسفی ڕاستەوخۆش پەیڕەو بکات، ئەوەهەر هونەردەنوێنێت. (د.عادل گەرمیانی) دەڵێت: ((وێنەی هۆنراوەیی باشترین لایەنی دەرخستنی توانای ئەندێشەیی هۆنیارە لەبواری گەیاندنی بیر و ئامانجەکانی بە شێوەیەکی دوور لە زمانی ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ.))(گەرمیانی، ٢٠٠٤: ٥) واتا ئەو بیرەی کە لای شاعیر گەڵالە دەبێت بەهۆی توانا ئەندێشەییەکەیەوە لە چوارچێوەی زمانێکی ناڕاستەوخۆدا وێنەیەکی هونەری پێ دروستدەکرێت. چونکە (هونەر ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی واقیعە یان بیرکردنەوەیە بە وێنە.)(رسول، ٢٠١٠: ١٩١)

پەیوەندی نێوان ئەو وێنانەی شاعیر لەتەواوی شیعرەکەدا دروستیدەکرد لە شیعری کۆن و نوێدا جیاوازبوو، چونکە (لە شیعری کلاسیکدا، وێنەی شیعری زیاتر لەڕوانگەی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە سەیرکراوە و تەنیا بۆ ڕازاندنەوەی لایەنی جوانکاری شیعرەکە بەکارهاتووە.)(ئەحمەد، ٢٠٠٩: ٢٣٥) بێگومان ئەمەش واتای نەنگی ناگەیەنێت، چونکە (یەکێک لەو مەرجانەی کە هێز و توانا و گوڕی مانەوە، یا نەمریی بە شیعر ببەخشێ ڕەوانبێژییە، سۆز و ئەندێشەکان بە وێنەی جوان و ڕازاوە دەجووڵێنێ، وشە و کەرەستە و چوارچێوە کۆنەکان تازە

دەکاتەوە.)(مەولود، ٢٠٠٤: ١٤٧) هەروەها وێنە وەکوو (هۆکارێک بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی شاعیر تەماشادەکرا، شاعیر بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە زیاتر پەنای دەبردەبەر شتە هەستییەکان، تاوەکوو بیرەکەی لە وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرادا بەرجەستەبکات.)(کەریم، ٢٠٠٩: ٣٥) ئەمە جگەلەوەی (وێنەی هونەری بە گوێرەی داڕشتنی گشتیی هەڵبەستی دێرینی کوردیی، کە لەسەر بناغەی یەکییەتی دێڕدا بنیاتنراوە، زۆرجار بە سادە و ساکاریی نەخشەدەکێشرێ و بەدەگمەن لەسنووری نەخشێکی یەک دووری تێدەپەڕێ)(البصير، ١٩٨٣: ١٦٦) ئەمەش لەبەرئەوەی (لە شیعری کۆندا وێنە هونەرییەکان بەش بەش و پەرشوبڵاوبوون و لەبەرئەوەی شێوازی "وحدة البيت" بەکاردەهێنرا، وێنەکان لە سنووری دێڕێکدا دەجووڵان و یەکێتییەکی ئۆرگانی لەنێوان دێڕەکانی هۆنراوەکەدا دروستنەدەبوو، چونکە وێنە پچڕپچڕەکان لە خزمەتی وێنە گشتییەکەدا نەبوو، هەندێجار وێنەی وا لە سنووری هۆنراوەیەکدا کۆ دەبوونەوە، کە نەک پەیوەندییان پێکەوە نەدەبوو بەڵکوو هاودژی یەکدەبوون.)(عەبدوڕەحمان، ٢٠٠٦: ٣٩)

بەڵام لەشیعری نوێدا لە پەیوەندی بەهێزی نێوان سۆز و ئەندێشەدا وێنەی شیعری سازدەدرێ و لە بنیاتی دەقی شیعریدا وێنە سازدراوەکان پێکەوە گرێدەدرێن، تا پەردە لەسەر تاقیکردنەوە شیعرییەکە و سۆزەکەی هەڵدەنەوە.(عەلی، ٢٠٠٧: ١٦٩) ئەمەش بەو مانایەی لە شیعری نوێدا وێنە بەش بەشەکان پێکەوە بەستراون و بەپێی پێوەری دەروونی و ویژدانی وێنەکان هەڵدەسەنگێنرێن و شاعیر زیاتر بایەخ بە چنینی وێنە یەک لەدوای یەکەکان دەدا بە مەبەستی کارتێکردن نەک سەلماندن.(عەبدوڕەحمان، ٢٠٠٦: ٤٠) بێگومان ڕەخنەی نوێ لەچاو ڕەخنەی کۆندا گرنگییەکی زیاتری بە وێنەداوە، (بە ڕادەیەک لە لێکۆڵینەوەی وێنەی شیعریدا ڕەخنە ئەوەندە فراوانبووە گەیشتۆتە پلەیەکی ئاڵۆز و توانا و دۆزینەوە و قووڵی بەجۆرێکە، کە زۆر بەکەمی لە لایەنەکانی تری کاری هونەریدا هاوشێوەی دەبینرێت.)(گەردی، ٢٠٠٤: ٢٨)

وەکوو ئەوەی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا باسکراوە، گوایە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکان، کە بووەتەهۆی ئەوەی ڕەخنەی نوێ زیاتر گرنگی بە وێنە بدات تاکوو کلاسیک ئەوەیە، کە کلاسیکەکان کەمتر بایەخیان بە ئەندێشە و سۆزدەدا و زیاتر بیر بەلایانەوە گرنگبوو، ئەگەرچی لەم بوارەدا (د.دڵشاد عەلی) لەسەر شیعری کوردی دەڵێت: ((شیعری کوردی چ کلاسیکییەکە بێت چ نوێکەش" شیعری لیریک"ین و بۆخۆیان شیعری خودین و بە هەر بیرێکیش چەکەرەیان کردبێت لە بازنەی خودێتی ناچنەدەرەوە و هەر لەژێر ڕکێفی هەست و سۆز و ئەندێشەدا دەمێننەوە،))(ئەحمەد، ٢٠٢٠: ١٨٠-١٨١) چونکە (کلاسیزمی کوردی پڕە لە سۆز و دیدی ڕۆمانسیانە و توخمی ڕۆمانسیزم، ئەمەش بە پێچەوانەی کلاسیزمی ئەورووپایی، کە لەسەر بنچینەی عەقڵ و عەقڵگەرایی دامەزرابوو.)(پیرباڵ، ٢٠٠٤: ٤٦) هەروەها (خورشید ڕەشید) لەم

بارەیەوە دەڵێت: ((ئەدەبی کلاسیکی زۆرتر لەسەر بیر و هۆش چەسپابوو، کە لە دنیای ئەدەبیدا وەسف کرابوو بە ئەدەبێکی هۆش و بیر، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ببڕای بڕ بەلای سۆز و ئەندێشەدا نەچووە، بگرە جاری وابووە لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا سۆز و ئەندێشەیەکی وایان دەربڕیوە، بەزیادەوە لە ئەدەبی ڕۆمانتیکی، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم سۆز و ئەندێشەیە دیسان لەژێر چاودێری هۆشدا بوو.))(ئەحمەد، ١٩٨٩: ٢٠) بەڵام بێگومان (ئەو عەقڵانییەتە شیعری کلاسیکی کوردی لە خەیاڵی جوان و ناسک و وردی شاعیر بێبەش نەکردووە.)(مەلازادە، ٢٠٢٠: ٤٦٧)

گۆرانی شاعیر ئەو ئەندێشەی لە شیعری کۆندا هەبووە بەو جۆرەی نابینێت، کە تینوێتی خاوەن چێژی وێژەیی بشکێنێت، هەر بۆیە دەڵێت: (هەڵبەستی کۆن باڵی ئەندێشە (خەیاڵ)ی زۆر تیژبووە، بەڵام ئەندێشە کاتێک نرخی هونەریی ئەبێ، کە نیگارکێشی هەستەپەسەندەکان بێت، ئەندێشەیەک پاڵەوانەکانی ئەسکەندەرنامە و دێوەکانی کێوی مازەندەران بهێنێتەدی، تەنیا ئەتوانێ هاوتەمەن و هاومێشکی مناڵ ژێرکاتەوە، هەرگیز ناتوانێت تینوێتیی خاوەن چێژێکی وێژەیی بشکێنێ، ئەم جۆرە ئەندێشانە لەڕیزی کەڵکەڵە و ئەوهامدا ئەژمێردرێن، شیعری کۆن لە خەیاڵی لێکدانەوە دەوڵەمەندە وەک چواندنی چاو بە نێرگس، بەژن بە سەروی ڕەوان، ڕوومەت بە پەڕەی گوڵ، هەڵبەستی کۆن بایەخ بە ئەندێشەی لێکدانەوە "تفسیری" و هەڵبەستی نوێش بایەخ بە ئەندێشەی داهێنەرانە دەدات.)(گۆران، ١٩٦١: ١٠) واتە بەلای گۆرانەوە ئەم جۆرە ئەندێشانە زیاتر بەلای وەهمدا دەڕۆن تاکو ئەندێشەیەکی داهێنەرانە، بێگومان شاعیرانی کلاسیک تەنها ئەو جۆرە وێنانەیان دروستنەکردووە وەکوو ئەوەی کە گۆران دەیڵێت، ئەمە جگەلەوەی کە شیعری کلاسیکی کوردی بەپێی سرووشتی سەردەم و خاسییەتی شیعری و ژینگەی ئەدەبی قۆناغەکە ڕەگەزی ئەندێشەیان بەکارهێناوە و چێژی وێژەیی قۆناغەکەشی پێشکاوە، ئەمە جگەلەوەی دەبێت بەپێی سەردەمی خۆیان و پێویستی ئەدەبیی ئەو قۆناغە مێژووییە تەماشا بکرێن، چونکە ئەگەر لەو سەردەمەدا شاعیرێک (چاوی بە پیاڵە و زوڵفی بە مار و دووپشک و برۆی بە شمشێر و برژانگی بە تیر نەکردایە، ئەوە ئابڕوی نووسینەکەی دەچوو لە بازاڕی سەوداگەرانا نە خۆی و نە نووسینەکەی نرخێکیان بۆ دانەئەنا.)(سەجادی، ١٩٦٧: ٥٥)

لە قۆناغی ئەدەبی نوێدا شیعر ئاراستەی بەرەو ڕۆمانتیک بوو، هەر ئەمەش وایکردبوو شاعیران لە وێنە شیعرییەکانیاندا زیاتر بایەخ بە ئەندێشە و سۆز بدەن، هەربۆیە گۆرانی شاعیر لە نامەکەیدا بۆ پیرەمێرد، دەڵێت: ((بە تەما بووم شەهادەتنامەی جنسییەت بۆ ئەم جگەرگۆشە عەزیزەم بە هەیئەتی ئیختیارییەی "وڵاتی خەیاڵ" تەسدیق بکەم.))(گۆران، ١٩٦٣: ٦) بەمەش ئەندێشە بە وڵاتێک دەچوێنێ، کە بە بڕوای گۆران، شیعری نوێ دەبێ لەوێ بڕوانامەی بۆ

دەربکرێ. (د. دڵشاد عەلی) دەڵێت: ((هەر ئەم تێڕوانینەش لەدوای گۆران لەلای (سی. دی. لویس)ی شاعیر و ڕەخنەگری هاوچەرخ بەدی دەکرێت))(عەلی، ١٩٩٨: ٤٨) چونکە ئەویش دەڵێت: ((ئەندێشە ئەو وڵاتەیە، کە وێنەی شیعری تێدا دروستدەکرێت و بڵاودەکرێتەوە.))(Lewis, 1961: 65) هەر گۆران لە شوێنێکی تردا، ئەندێشەی بە (نیگارخانەی خەیاڵ)(گۆران، ١٩٧٥: ٢) بەکارهێناوە، بەو مانایەی کە ئەندێشە، خانە و شوێنی بەرهەمهێنانی نیگار و وێنەیە.

شیعری نوێی کوردی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و بەرەو پێشەوە چووە، بۆ نموونە (لەڕووی زمانی شیعرییەوە، هەروەها لەڕووی سەنعەتکاریی و بەکاربردنی ڕەمز و دروستکردنی وێنەی شیعری و هونەرەکانی تری شیعر و بەکاربردنی کەرەستەکان بە شێوەیەکی ئیستاتیکیانە بە مەبەستی چێژبەخشین و خستنەوەی وێنەی بەرزی هونەری.)(مەلازادە، ٢٠١٩: ١٢٤) واتا وێنە شیعرییەکان بەهۆی بەکارهێنانی ڕەمز و گرنگیدان بەلایەنی ئێستاتیکییان، ئاستی هونەرییان بەرزبووەتەوە، ئەمە جگەلەوەی هەندێ لە توێژەرانی تر فراوانبوونی وێنەی هونەری لە ڕەخنەی نوێدا دەگەڕێننەوە بۆ پێوەرە ڕەخنەییەکان و دەڵێن: ((وێنە وەک بزوتنەوەیەکی ئەدەبی لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە پێینایە قۆناغێکی بابەتی و پەیوەندییەکانی فراوانبوو، ئەویش بەهۆی ئەو پێوەرە ڕەخنەییانەی کە شتە نهێنییەکانی جیهانی ناوەوەی دەقیان ئەدۆزییەوە))(ئەمین، ٢٠٠٢: ٦) ئەمە جگە لەوەی هەرخۆی وێنەی هونەری (دەبێتە هۆی پەردە هەڵماڵین لەڕووی شتی شاراوە و ناسینی نەناسراوەکان.)(کەریم، ٢٠٠٩: ٢٢)

## ١/ ٦. ڕەگەزەکانی وێنەی هونەری

وێنەی هونەری لە کۆمەڵێک ڕەگەز پێکدێت، کە هەر یەکەیان بەشدارییەکی کارا لە پێکهاتەی وێنە هونەرییەکەدا دەکەن و لایەنێکی تەواودەکەن، بە کۆی ئەو ڕەگەزانەش دواجار وێنەیەک دروستدەبێت، کە ئاستی بەرزی بەشداریکردنی ئەو ڕەگەزانە دەنوێنێت، کە تێیدا بەشدارن. بەو مانایەی ئەگەر ڕەگەزێک یان چەند ڕەگەزێک لە وێنەکەدا بەلاوازی بەکارهاتبوو ئەوە وێنەیەکی ئاست نزم دروستدەکات. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر هەموو ڕەگەزەکان لە ئاستێکی باڵادا بەشداری بنیاتی وێنە هونەرییەکەیان کردبوو، ئەوە وێنەیەکی هونەری لە ئاستێکی بەرزدا پێکدەهێنرێت، کە ئاماژەیە بۆ لێهاتوویی شاعیرەکە لە ناسینی بەهای ڕەگەزەکان و بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی جوان و گونجاو. هەر ئەم وێنەیەش دواجار دەبێتە ڕەگەزێکی گەورەی هونەری لە بنیاتی دەقە شیعرییەکەدا. هەموو ڕەگەزەکان لە پێکهێنانی وێنەی هونەریدا بایەخێکی گەورەیان هەیە، کە لە هەمان کاتیشدا ڕەگەزە گرنگەکانی پێکهێنانی شیعرن و نابێت شاعیر گرنگی بە هەندێکیان بدات و هەندێکی تریان پشتگوێ بخات. ئەو ڕەگەزانەی کە وێنەی هونەری دروست دەکەن پەیوەندییەکی تۆکمە و بەهێز هەیە لەنێوانیاندا، کە ئەوانیش لەلای (عبدالله عساف) بە (واقیع، بیر، سۆز، نەست، خەیاڵ)(ذیاب، ٢٠٠٣: ١٨) هەژمار کراون، کە بێگومان ناکرێت ڕەگەزی (زمان) فەرامۆش بکرێت، چونکە هەروەکوو (ڕۆمان یاکۆبسن) دەڵێت: ((شیعر بەرزترین مانیفێستی زمانە.)) (Якобсон, 2011: 35)هەروەها دەتوانرێت ڕەگەزەکان لە شیکارکردن و هەڵوەشاندنەوەی وێنە شیعرییەکاندا لەیەکتری جیابکرێنەوە، کە بریتین لەمانە: (زمان، بیر، ئەندێشە، واقیع، سۆز، نەست).

## ١/ ٦ – ١. زمان

زمان هۆکاری پەیوەندیکردن و لەیەکتێگەشتنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگایە، بێگومان ئەو پەیوەندییەش لەڕێگەی "دەنگ"ەوە دروست دەبێت، چونکە (لە زۆر باردا "دەنگ"، تاکە کەناڵە بۆ درووستکردنی پەیوەندی لەنێوان ئەم و جیهاندا)(Иванов, 2003: 160) نەک هەر ئەوەندە بەڵکوو (هەندێ لە زانایان بە تایبەتی لایبنیز (Leibniz ١٦٤٦– ١٧١٦ز) و چارلس دی (Charles de ١٧٠٩– ١٧٧٧ز) بۆچونیان وەهایە، کە لە ڕێگەی لاسایکردنەوەی دەنگییەوە، زمانی مرۆڤ لەدایکبووە.)(Стручалина, 2018: 77) پەیوەندییەکانیش زۆر و هەمەجۆرن ئەمەش وردی و ئاڵۆزییەکی بە زمان بەخشیوە، بەڵام هەر ئەم زمانە کاتێک دەچێتە ئاستی خوازە و نووسینی شیعرەوە، پلەی بەرزتر و وردتر و چڕتر دەبێتەوە، کە جیاوازە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە، تەنانەت لە زمانی پەخشانیش بەرزترە، هەرئەمەش وامان لێدەکات بڵێین: زمانی ئاخاوتن لە زمانی ئەدەبیی جیاوازە، بێگومان ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە لەبارەیەوە بدوێین، ئەو زمانەیە، کە لە

شیعردا وەکوو ڕەگەزێکی گرنگ وێنەی هونەری پێبەخشێنراوە. (ئەرستۆ) دەڵێت: ((ئەو زمانە شیعرییەی وشەی ناباوی تێدا بەکار بێت بەرزی و شکۆمەندی تێدایە و لەڕووی ئاستی زمانی ڕۆژانەوە، مەبەستم لە بەکارهێنانی (وشەی ناباو) وشەی خوازراوە و وشەی درێژکراوە و هەرشتێکی ترە، کە لە حاڵەتی ئاسایی بەدەربێت.))(أرسطو، ١٩٧٧: ١٨٩) بەم شێوەیە زمانی شیعری بە زمانی خوازە ناو دەبات، کە جیاواز و بەدەرە لە زمانی ڕۆژانە و ئەوەش بە مافێکی شاعیر دەزانێت. واتا (ڕای وایە، کە زمانی قسەکردن لە زمانی شیعر جیایە، بۆ ئەوە دەچێت، کە شاعیر مافی ئەوەی هەیە زمانێکی تایبەتی بەکاربهێنێت، کە لە زمانە ئاساییە بڵاوەکە دووربێت.)(سابیر، ٢٠٠٦: ٢٨٢) ئەمەش بێگومان داهێنانە لەبواری زماندا. هەروەک (ڤینۆگرادۆڤ) دەڵێت: ((دەقی شیعری، بێگومان دەرئەنجامی هەڵوێستێکی داهێنەرانەیە بە ئاراستەی زماندا)) (Виноградов, 1927: 7) چونکە (شاعیران، زمان بە شێوە ئاساییەکەی بەکارناهێنن، بەڵکوو بەجۆرێ بەکاریدێنن، کە جۆرە ئەفسونێکی تایبەت ببەخشیت.)(قادر، ٢٠١٢: ٣٩)

بەکارهێنانی زمان لە نووسینی زانستیی و ژیانی ڕۆژانەدا، تەنیا بۆ گەیاندنی بیرە، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا هەروەک (لۆتمان) دەڵێت: ((وەک جۆرێک لە کۆد کاردەکات))(Лотман, 1998: 14) و بۆ پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕکردنی واتایە بە یارمەتی هەندێک نیشانە. (Евтюгина, 2019: 27) (د.سیروس شمیسا) دەڵێت: ((لەڕوانگەی تیۆری جەبری زمانییەوە "Linguistic determinism" هەروەها لەنێوان بیر و زماندا پەیوەندی ڕاستەوانە هەیە، هەر کەسێک بەرانبەری بنیاتە زمانییەکەی خۆی بیردەکاتەوە، لەدەرەوەی ئەو سنوورە ناتوانێت ڕوانگەی هەبێت.))(شمیسا، ١٣٧٣: ٥١) بەڵام لە شیعر (یان ئەدەب)دا زمان دەگۆڕێت بۆ ڕەمز.(حسێن، ٢٠٠٨: ٩٠) واتا شیعر (زمانێکی تایبەتی هەیە و شاعیر زمانی ئاسایی بە شێوەیەکی نائاسایی بەکاردەهێنێت و خۆی بە دەستوور و ڕێساکانی زمانە ئاساییەکەوە نابەستێتەوە. واتا مامەڵەکردنێکی تایبەتییە لەگەڵ زمانی ئاساییدا)(تلیمة، ١٩٨٧: ١٠٦-١٠٧) چونکە زمانی شیعریی ئەو دەربڕینە هونەرییەیە، کە بە ئەوپەڕی وردییەوە وشەی سادە و ڕستە و داڕشتن بەهەر چوار لایەنەکانییەوە، لایەنی واتا، ئاواز، سێبەری واتا، مۆسیقای لێکدراو بۆ وێنەکێشان و گەیاندنی ئەزموون بەکاردەهێنێت.(بەسیر، ٢٠١٥: ٣٣٥) (بۆریسۆڤ) دەڵێت: ((زمانی خەیاڵی ئەدەبیی، بەدەربڕینێکی تر زمانی شیعریی، ئەو شێوەیەیە، کە لە هەڵبژاردنی وشەکانەوە بەرجەستەدەبێت (Борисов, 2013: 15 -16) (فالێری) دەڵێت: ((شیعر هونەری زمانە.))(قادر، ٢٠١٢: ٢١) ئەگەرچی زمان یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی وێنەی هونەری، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا (ڤیکتۆر شکلۆڤسکی) وێنە بە بەشێک لە زمانی شیعری دادەنێت و دەڵێت: ((وێنەی هونەری، یەکێکە لە ئامرازەکانی زمانی شیعری.))(Виктор, 1929: 10) هەروەها (باختین) دەڵێت: ((تەنها لە شیعردا زمان هەموو ئەگەر و تواناکانی خۆی ئاشکرا دەکات))(Бахтин, 1975: 46) و وێنە لەسەر جەستەی خۆی هەڵدەکۆڵێت و ( لیی دانابڕێت،

چونکە لە زمانەوە هەڵدەقوڵێت))(حەمەکریم، ٢٠١٧: ٢٦) نەک هەر ئەوەندە بەڵکوو ("یاکۆبسن" سەلماندی کە کاری وێنە لە خودی زمانەکەدا چەسپاوە.)(Николаев, 2011: 11)

ئەگەر بێت و لە زمانی دەربڕین ورد ببینەوە، بە هەردوو بەشەکانی "زمانی ئاخاوتن و زمانی داهێنانی ئەدەبی"، دەبینین ئەو زمانانە بە بەراورد لەگەڵ زمانی چەسپاو، واتە ئەو زمانەی لە مێشکدا لە هەر چوار ئاستی دەنگ و وشە و ڕستە و واتادا، یاساوڕێسای تایبەتی خۆی هەیە، کەم تا زۆر جیاوازی هەیە، ئەوەش وامان لێدەکات بڵێین سێ جۆر زمانی سەرەکیمان هەیە بریتین لە: "زمانی سروشتی و زمانی گشتی و زمانی تایبەتی".(عەبدوڵڵا، ٢٠١٠: ٦٤) بێگومان (سەرهەڵدانی شیعر پەیوەندی بە قۆناغێ لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی زمانی مرۆڤەوە هەیە)(رسول، ١٩٨٩: ١٣) چونکە (ئەگەر زمان لە ئاراستەی یەکەمدا جۆگەیەکی ئەبەدییە بۆ ئاخاوتن، ئەگەرچی هیچ شتێک لەناویدا جێگیر و وەکوو خۆی نەماوەتەوە، ئەوە لە ئاراستەی دووەمدا، زمان پەلکەزێڕینەیەکە لەسەرووی بنمیچەکەوەیە و هەر بەرز دەبێتەوە.)(волошинов, 1993: 58)

(پۆتێبنیا) بۆچوونی وایە پەیوەندی شیعر بە وشەوە پێویستە لایەنی هاوبەشی نێوان زمان و هونەر پیشانبدات(Горшков, 2018: 34) بەرهەمی هونەریش (بە "دیاردەیەکی زمانی" لەقەڵەم دەدات)(Сергун, 2014: 4) بەو پێیەی نە شیعر دەتوانێت بەبێ وشە و نە هونەریش بەبێ زمان بوونیدەبێت. هەروەها (ڕۆمان یاکۆبسن) دەڵێت: ((شیعر زمانە لەئەرکی جوانیناسیدا))(Левинтон, 2017: 65) نەک هەر ئەوەندە بەڵکوو (میخایل باختین) ژیان لە زماندا کورت دەکاتەوە و دەڵێت: ((هەموو ژیان، زمانە))(Бахтин, 2002: 107) هەروەها لە شوێنێکی تردا دەڵێت: ((زمان و وشە، بە نزیکەیی هەموو شتێکن لە ژیانی مرۆڤدا.))(Штайн, 2011: 135) بەو مانایەی بەڕێوەچوونی ژیانی مرۆڤ لەڕێگەی وشەوەیە، بە وشە گفتوگۆ دەکەین و بە وشە شتەکانی دەوروبەرمان دەناسین و بە وشە زانست فێردەبین، تەنانەت هەر بە وشە خودی زمان و وشەش ڕوون دەکەینەوە. شیعر بە وشە دادەڕێژرێت و بەبێ بوونی ئەو ناتوانێت بوونی هەبێت، چونکە هەروەکوو (پۆتێبنیا) دەڵێت: ((هەر وشەیەک تا ئاستێک ئەزموونی ئێمە دریژدەکاتەوە، بەدڵنیاییەوە ئەمەش بەبارێکدا دەڕوات و لە وشەکەوە شیعر بەرهەم دێت))(Потебня, 1990: 16) یان وەکوو (ڕۆمان یاکۆبسن) دەڵێت: ((شیعر بەرزترین مانیفێستی زمانە، کە خودی وشە تێیدا گرنگترینە و هەمان ئەو تایبەتمەندیانەی لە هونەر و شیعردا هەن، لە خودی وشەشدا هەن، کەواتە وشە هونەرە، شیعرە.))(Якобсон, 2011: 35-36)

زمان ڕەگەزێکی هەرە گرنگی پیکهێنانی وێنەی هونەرییە و هەر بە وشەش دروستدەکرێت، چونکە (وێنەی هونەری لە کاری ئەدەبیدا لەنزیکەوە پەیوەستە بە وشە و بە زمانەوە.)(Стручалина, 2018: 41) هەر لەم بارەیەوە (پۆتێبنیا) دەڵێت: ((وشە، نوێنەرایەتی وێنەیەک

دەکات و وێنەی وێنەیەکە.))(Потебня, 1989: 131) واتا (وێنەی هونەری، کارەکانی لەڕێگەی ئەو زمانەوە دروستدەبێت، کە وەک مادەی توێژینەوە هەم بۆ زانستی ئەدەبی و هەم بۆ زمانناسان خزمەت دەکات.)(Озерова, 2017: 7) ئەمە جگەلەوەی لەبواری ڕەخنەشدا وێنەی هونەری ناوازە لە کاری ئەدەبیدا هەر لەڕێگەی زمانی شیعرییەوە هەستی پێدەکرێت.(Томилиной, 2018: 10) هەروەها دەتوانین بڵێین: وێنەی هونەری لە بنەڕەتدا بەهۆی هونەرە ڕوونبێژییەکانەوە دروستدەکرێت و (سەرچاوەی بەردەوامی خوازە و چواندنیش، جیهانی وشەکانە.)(Эпштейн, 1990: 264) هەر بۆیە (کاتێک زمان زمانێکی خوازەیە و لەسەر بنەمای خەیاڵ و هەست کاردەکات، ئەوە توانای بەیانکردنی وێنەی هونەری خۆی بەرز دەکاتەوە.) (Поплавская, 2010: 42)

شاعیر بەهۆی زمانەوە وێنەی هونەری دروستدەکات، بەڵام لەگەڵیشیدا واتایەک دەگەیەنێت، چونکە هیچ وێنەیەک نییە واتای نەبێت، واتا (زمان بەپێکهاتە و ئاماژە و واتا جۆراوجۆرەکانییەوە دەگاتە باڵاترین پلەکانی وێناکردنی واتا ژێرییەکان و پێشکەشکردنی لە وێنەیەکی هەستپێکراودا.(حمدان، ١٩٨٩: ٣١٦) بێگومان بۆ ئەوەی زمانیش واتایەک بگەیەنێت دەبێت لە بیرێکەوە سەرچاوەی گرتبێت، چونکە هەر خۆی لە بنەڕەتدا هەروەک (گراهام هۆف) دەڵێت: ((زمان بەرگی بیرە.))(کاکی، ٢٠٠٨: ١٣) زمان هەم بیرکردنەوە دروستدەکات و هەم ئامرازێکیشە بۆ گەیاندنی ئەو بیرە. بەو مانایەی (کاتێک زمانناسی پێناسەی زمان دەکات، لەسەر بنەمای دیاریکردنی کارە سەرەکییەکانی زمان ئەوە دەکات، ئەو کاتەش بەدڵنیاییی لەگەڵ سروشتی دوانەیی زماندا بەریەک دەکەون، جەوهەری ئەم دوانەییەش لەو ڕاستییەدایە، کە لەلایەکەوە زمان، جەستەی پێکهێنانی بیرە و ئامرازی بیرکردنەوەیە، واتە: ئەرکێکی تێگەشتنی هەیە، لەلایەکی تریشەوە زمان ئامرازی گەیاندن و گواستنەوەی ناوەڕۆکی ئاگاییە، واتە ئەرکێکی گەیاندنیی هەیە.) (Сухих. 2001: 24) کارڵ فۆسلەر (Karl Vossler ١٨٧٢– ١٩٤٩ز) هۆکاری ئەوەی کە بیر و زمان جوانییەکی مانادارییان هەیە دەگەڕێنێتەوە بۆئەوەی، کە (بیری زمان لە بنەڕەتدا بیرێکی شیعرییە و ڕاستی زمانیش حەقیقەتێکی هونەرییە.)(волошинов, 1993: 56)

زمان هەم خوڵقێنەری بیرە و هەمیش قاڵبێکە کە هزری تێدا دەردەکەوێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە (زمان میکانیزمێکە بیر دروستدەکات، هزریش لەڕێگەی زمانەوە بەرجەستەدەبێت)(Потебня, 1989: 5) چونکە (بیرکردنەوە بەبێ زمان مەحاڵە.) (Потебня, 1989: 38) هەر لەم ڕوانگەیەوە زۆر لە زمانەوانەکانی سەدەی (١٩) ئەوەیان وتووە، کە زمان مەرجی بیرکردنەوەیە، لە ناویاندا (شلیگڵ ١٨٢١– ١٨٦٨ز) ئەوەی نووسیوە کە (زمان بیرکردنەوەیە لەڕێگەی دەنگەوە)(Белянин, 2003: 11) هەر بەهۆی پێویستییەکانی بیریشەوەیە زمان بەردەوام لە پێشکەوتندایە، چونکە (یەکێکە لەو ڕەگەزانەی شیعر کە قابیلی سەرنجدانە، یەک

شێوەی دیاریکراو و نەگۆڕی نییە و هەرساتێک لە پێشکەوتن و گۆڕانکاریدایە.)(محمدی، ١٣٩٤: ٧) لەم بارەیەوە (پۆتێبنیا) لەو باوەڕەدابوو، کە (زمان تەنها بە بیرەوە دەتوانێت سەرهەڵبدا، ئەو هۆشیارییەی کە زمان بە بەردەوامی لە پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونیدایە تەنها بەهۆی پێویستییەکانی بیرەوەیە، کە بەبێ ئاگایی بەدوای درووستکردنی هاوپۆلی نوێدا دەگەڕێت، وەک ئامێری ئاگایی، گەرچی زمان خۆی درووستبوونی ناخودئاگاییە.) :Попова и Стернин, 2007 (15)

زمان دیاردەیەکە، کە هەم لە سرووشت و هەم لە کلتوور و هەم لە بایۆلۆجیدا بەشدارە. (Якобсон, 1996: 210) بەتایبەتی کاریگەری بەسەر کولتووری نەتەوەوە هەیە، ئەمەش لەبەرئەوەی (لەتەواوی ماددی و گەشەی خۆیدا لەنزیکەوە پەیوەندی بە پێکهاتنی (ڕۆحی نەتەوەیی) یەوە هەیە(Шпет, 2006: 11) و گومبۆلدت (Humboldt ١٧٦٩– ١٨٥٩ز) ئەوەی دیاریکرد، کە وا زمان بەشێکە لە کولتور، بە بۆچوونی ئەو، زمان نەک بە تەنیا کارایی سەرەکی مرۆڤە، بەڵکوو ڕۆحی میللییە، ڕۆحی خەڵکە(Белянин, 2003: 9) و لەگەڵ ئەوەشدا (وەکوو بوونێکی زیندوو دوارۆژ و شارستانی مرۆڤ و کلتوورەکەی بەرەو پێشدەبات، جەمسەری پەیوەندییەکانی ژیانیش پێکەوە دەبەستێتەوە.)(مەولوود، ٢٠٠٤: ١٣١) واتا زمانێکی ئاست بەرز، کولتورێکی پێشکەوتوو بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

## ١/ ٦ – ٢. بیر

بیر، یەکێکی ترە لەو ڕەگەزە گرنگانەی ڕۆڵێکی کاریگەری لە درووستکردنی وێنەی هونەریدا هەیە، هەر لە بنەڕەتدا وەکوو (پۆتێبنیا) دەڵێت: ((هونەر ئامرازێکە بۆ بەرهەمهێنانی بیر و درووستکردنی وێنە، نووسەر ئایدیایەکی ئامادە بەرجەستەناکات، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، بیر زەمینە بۆ وێنەیەکی داهێنراوی کارێکی هونەری خۆشدەکات.)) (Потебня, 1976: 21) هەروەها (هیگڵ) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((لە بەرهەمهێنانی شیعردا، سەرەتا بیرۆکەیەک ڕێکدەخرێت، پاشان لە وێنەیەکدا بەرجەستە دەکرێت و دادەپۆشرێت.))(Гегель, 1968: 46) بەوپێیە هەر وێنەیەک خۆی بۆخۆی بەرجەستەکردنی بیرێکە. دەتوانین بڵێین: بە ئەندازەی بیری جیاواز دەتوانرێت وێنەی جیاواز دروستبکرێت، چونکە (لەسەر سەکۆی بیری مرۆڤ و بە دەربڕینی جیاواز، وێنەی هونەری جۆراوجۆر و پڕ ناوەڕۆک دروستدەکرێت، کە نوێنەرایەتی هەزاران بیر دەکەن.)( ,Потебня 1990: 100) ئەمەش بەو مانایەی هەر وێنەیەک دەربڕی ناوەڕۆکێکی تایبەت بە خۆیەتی، نەک هەر ئەوە بەڵکوو هەر وەکوو (ڤیگۆتسکی) دەڵێت: ((دەتوانین لەجێگەی ناوەڕۆک وشەیەکی تر، کە زیاتر ناسراوە بەکاربهێنین، کە ئەویش (ئایدیا) بیرە.))(Выготский, 1968: 48) بە واتایەکی تر

لەپشت هەر ناوەڕۆکێکەوە (ئایدیا)یەک بیرێک هەیە، کە هەڵگری واتایەکە، ئەمەش لەبەرئەوەی وەکوو (پۆتێبنیا) دەڵێت: ((بە دڵنیاییەوە وێنە و واتا پێکەوە پەیوەستن، چونکە وێنەی دەربڕاو ئامرازی بەرهەمهێنانی بیر و گەیاندنی واتایە.))(Потебня, 1990: 14)

گەرچی هەر وەکوو (پۆتێبنیا) دەڵێت: ((بیر بە شێوەیەکی سەربەخۆ و دوور لە زمانیش هەر بوونی هەیە))(Потебня, 1989:19) بەڵام گومانی تێدانییە، (کە بیر لەنزیکەوە پەیوەستە بە زمان و ئاخاوتنەوە)(Сухих, 2001: 10) چونکە (بیر لەڕێگەی زمانەوە خۆی بەرجەستە دەکات.)(Потебня, 1989: 5) گومانی تێدا نییە، کە زمانیش لەڕێگەی وشەکانەوە خۆی نمایشدەکات، لەمبارەیەوە (بۆریس ئێیخنباوم)(Eichenbaum ١٨٨٦–١٩٥٩ز) دەڵێت: ((وشە، تەنیا فۆرمێک، یان توێکڵێکە بۆ بیر.))(Эйхенбаум, 1987: 331) بەو مانایەی هەروشەیەک پۆشاکێکە و لەبەری بیرێک کراوە. (ڤیگۆتسکی) دەڵێت: ((بۆ ئەوە وشە دەردەبرین تاکو بە باشی بیرەکانمانی پێ بگەیەنین.))(Выготский, 1968: 92) هەر لەم بارەیەوە (گراهام هوف) دەڵێت: ((یەکەم بەختیاری شاعیر ئەوەیە، کە بیرێک لە خەیاڵی خۆیدا دەدۆزێتەوە. بەختیاری دووەم لە وێنەکێشان و دیاریکردنی ئەو بیرەدایە. سێیەمیشیان لە ئاشکراکردن و دەربڕیندایە، یان لە هونەری پۆشاک و ئارایشتکردنی ئەو بیرەدایە، کە شاعیر بە وشەی گونجاوی بێدەنگ و واتادار دەیڕازێنێتەوە))(کاکی، ٢٠٠٨: ١٣) چونکە هەروەکوو (ئەلێکسییڤ) دەڵێت: ((بیری نووسەر وشە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەمەش بەخێرایی ڕوودەدات، کاتێک ساتی پێگەشتنی ڕاستەقینەی هونەرەکەدێت، بیرەکە لە وێنەکەدا بەرجەستەدەبێت.))(Алексеев, 1986: 311) واتا کاتێک بیر لە وێنەکەدا بەرجەستەبووە، کە هونەرەکە پێگەشتووە، هەموو ئەمانە وادەکەن، کە وێنە هونەرییەکە بیری نووسەرەکەی بۆ ئێمە ئاشکرابکات، چونکە (وێنەکان ڕۆشنایی بیرن.)(کبابە، ١٩٩٩: ٨)

(باختین) دەڵێت: ((بیر لە دەقدا وەک بنەمای وێنە لەگەڵ فۆرمدا ئاوێتەدەبێت و هەموو زاراوە ڕەسمییەکانیش دەناسێنێت، لە دوایشدا شێوازی هونەری و ئاوازی یەکپۆشیی کارەکە پێکدەهێنێت.))(Бахтин, 2002: 47) واتا بیر دوای ئەوەی دەبێتە بنەمایەک بۆ درووستکردنی وێنە ئینجا بنیاتی هونەری دەقەکەش پێکدەهێنێت و یەکێتییەکیش بە دەقەکە دەبەخشێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەگەر بیرەکە باڵابێت ئەوە دەقێکی باڵا بەرهەم دەهێنێت، چونکە (بیری باڵا مەرجی بەرهەمهێنانی ئەدەبی باڵایە.))(کریم، ٢٠١٧: ١٠١)

بیر(idea) ئەو شتەیە، خودا بە مرۆڤی بەخشیوە و لە کردارەکاندا بەرجەستەدەبێت. (Вербицкая, 2017: 63) واتا (شتێکە ڕوودەدات لەناوەوەی کەسێکی بیرکەرەوەدا)(Потебня, 1990: 113) یان (زاراوەکە بەشێوەیەکی ئاسایی ئاماژەیەکە بۆ بیری نووسەر و هەستەکان لەڕێگەی ئەوەوە بە شێوەی خوازە لە کارە هونەرییەکەدایە، ئەوێ سەنتەری ناوەڕۆکە سۆزدارییە

ڕەنگاو ڕەنگەکانی کاری هونەرییە،)(Борисов, 2013: 31) کە بەهۆیەوە ئایدیا و وێنە بەرهەمدێت.(Пригарина, 2011: 179) بەو مانایەی پەیوەندی بە کردەوەیەکی دیاریکراوەوە هەیە لە جیهانێکی تایبەتدا.(Будаев, 2006: 42) (ڕاڵف ئیمێرسن)(Emerson, Ralph ١٨٠٣–١٨٨٢ز) دەڵێت: ((کاتێک شاعیر بیرێکی نوێی بۆ دێت، دەتوانێت ئەزموونی ژیانێکی نوێ لەپێش ئێمە ئاشکرابکات. باسی ئەوە بکات، کە چۆن ئەم ئەزموونەی بەدەست هێناوە؟ (Левит, 2004: 151) هەر لەم ڕوانگەیەوەیە، کە دواجار دەتوانین لە ئەنجامی شیکارکردنی وێناکراوە شیعرییەکان بیری گشتی ئاشکرا بکەین، چونکە هەروەک (ڕۆمان یاکۆبسن) دەڵێت: ((مێژووی ئەدەب مێژووی بیری گشتییە لە ئەزموونی وێناکردنی شیعریدا.))(Якобсон, 2011: 44) ئەم دەربڕینەش لەژێر کاریگەری وتەیەکی (هیگڵ)دایە، کە دەڵێت: ((وێنەی هونەری، بەرجەستەکردنی بیری گشتییە لە تاکدا.))(Николаев, 2011: 18) ئەو بیرەش پێویستی بە ئازادی هەیە، هەر وەک (هیگڵ) دەڵێت: ((کاتێک بیر لە خۆیدا ئازادە، دەتوانێت ئازادی بە دیاردەکە بدات و بڕوابەخۆبوون و سرووشتێکی خودایی پێببەخشێت))(Гегель, 1973: 342) چونکە ئەگەر بیر لانی کەم لەڕووی تیۆرییەوە بێکۆتوبەند بێت، ئەوە شیعرەکە مەرجەکانی خۆی لە کولتورە جیاوازەکاندا دەسەپێنێت (Василькова, 2010: 26)بەم شێوەیە بیری ئازادی ناو وێنە هونەرییەکان وادەکات، کە دەقەکە سنووری نێوان کلتوورە جیاوازەکان ببڕێت و بەزیندوویی بمێنێتەوە. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین: بیر، ئەو ڕەگەزە گرنگ و پڕ بایەخەی وێنەی هونەرییە، کە شیعر ناتوانێت دەستبەرداری ببێت، چونکە هەموو وێنەیەک لە بیرێکەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەگەر ئەو بیرە نەبوایە وێنە هونەرییەکەش نەدەبوو.

## ١/ ٦ – ٣. ئەندێشە ( خەیاڵ)

ئەندێشە ئەو توانا سەرسورهێنەرەی مرۆڤە، کە لەڕێگەیەوە پێشکەوتنەکان و داهێنانەکان بۆ مرۆڤایەتی بەدیهاتوون. (جان جاک ڕۆسۆ) وایدەبینی (ئەندێشە تاکە شتێکە، مرۆڤایەتی جیادەکاتەوە لە سەرجەم بوونەکانی تری وەکوو گیانلەبەران، کە سەرەڕای بوونی زیرەکیشیان تەواونین، چونکە بەبێ بوونی ئەندێشە، تەواوبوون مەحاڵە.)(الامام، ٢٠١٠: ٢٢٩) هەروەها (سێرگێی ڕۆبینشتاین) (Rubinstein ١٨٨٩–١٩٦٠ز) ئاماژەی پێکردووە، ئەندێشە لە هەموو پرۆسەیەکی داهێنەرانەدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت، بەڵام بەتایبەتی لە دروستبوونی هونەریدا ڕۆڵێکی زۆرگەورەی هەیە و پارچەیەک لە خەیاڵ لەهەموو کارێکی هونەریدا بوونی هەیە( Рубинштейн, 1946: 372) چونکە هەروەک (هیگڵ) دەڵێت: ((دواجار سەرچاوەی کاری هونەری بریتییە لە چالاکی ئازادانەی ئەندێشە، کە لە دروستبوونی وێنە خەیاڵییەکاندا تەنانەت لە سرووشتیش

ئازادترە.))(Гегель, 1968: 11) هەربۆیە (هونەر ئەفراندنی دنیایەکی تازە، جیهانێکی خەیاڵییە.)(ئەحمەدی، ۲۰۰۸: ۳۲٤) بێگومان (بەرزترین شاکاری هونەری زادەی خەیاڵی هونەرمەندەکانە.)(ماردن، ۲۰۰۸: ۱٤٥) هەربۆیە (ڕەگەزی خەیاڵ، جەوهەر و بنچینەی هاوبەشە لە دروستکردنی جۆرە جیاوازەکانی هونەردا.)(عصمتی و صدری، ۱۳۹۸: ۲۷) (کۆلریدج) (خەیاڵ و وێناکردن بە بنەما سەرەکییەکانی هەر بەرهەمێکی ئەدەبیی داهێنەرانە دادەنێت.)(حوسێن، ۲۰۱۰: ۱٤۷)

سەرەڕای ئەوەی زاراوەی ئەندێشە (خەیاڵ) لە زاراوە نوێکانە، بەڵام گرنگیدان پێی و ڕۆڵی لە داهێنانی شیعریدا کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی وشیاریی بە تایبەتمەندییە هونەرییەکانی داهێنان(حمدان، ۱۹۸۹: ۱٤۱) هەروەها (گەر بگەڕێینەوە بۆ هەندێک لە فەرهەنگە ئینگلیزییەکان، یان فەرهەنگە دوو زمانییەکان، دەبینین هەردوو وشەی ((Fancy)) و ((Imagination)) دوو زاراوەی هاوواتان لە بەکارهێنانیاندا بەرانبەر بە زاراوەی ((ئەندێشە)) ئاماژە بەو چالاکییە هزرییە دەکەن، کە ڕەگەزەکان لە واقیع و خەیاڵدا ڕێکدەخات، ڕیکخستنێک، کە لە جەوهەریدا جیاوازبێت لە لۆژیک.(بابکر، ۲۰۰۰: ٦)

شیعر بە سەنتەری ئەدەبی خەیاڵکردن دادەنرێت، جەوهەری ژیانی ئەدەبی خەیاڵکردنە، ئەمەش واتا لە بنەڕەتدا پشت بە ئەندێشە دەبەستێت،(کبابە، ۱۹۹۹: ۷) چونکە ئەندێشە ڕەگەزی بنچینەیی شیعرە، لە هەموو پێناسە کۆن و نوێکاندا.(کدکنی، ۱۳۷٥: ۳) لەم بارەیەوە (ڕسکن) دەڵێت: ((شیعر پێشنیاری پاڵنەرە باڵاکانە لە لایەن ئەندێشەوە بۆ سۆزە باڵاکان))(الشایب، ۱۹۹٤: ۱۸٥) و توانای بەیانکردنی هەستەکانە، یان پێشنیهادە بەرز و جوانەکانی خەیاڵە بەهۆی وشەیەکی ئاوازەدارەوە.(Поплавская, 2010: 62) هەربۆیە (زانایانی ڕەوانبێژی وەها دەیانڕوانییە شیعر، کە دەربڕینێکی هونەرییە و شاعیر لە دوو ڕەگەزەوە دایدەهێنێت، کە هەر یەکێکیان بەبێ ئەوی تر تەواونابێت، ئەوانەش: زمان و ئەندێشەیە، بەشێوەیەک خەیاڵ، جگە لە بەردەوامی ئەرکێکی نوێ دەبەخشێتە زمان، ئەم ئەرکەش: داهێنانی هونەرییە.)(حمدان، ۱۹۸۹: ۲۷٥-۲۷٦) واتا (شیعر ڕووداو یان بەهاکان دەقاودەق پێشکەش ناکات، بەڵکوو لەڕێگەی خەیاڵەوە پێشکەشی دەکات.)(حمدان، ۱۹۸۹: ۳۰۷) هەر لەبەر ئەمەیە، کە (لە دیدی واقعگەرا و فەیلەسوفەکانەوە، ڕەگەزی ئەندێشە جەوهەری شیعرە.)(پشابادی، ۱۳۹٦: ۸٦)

یەکێک لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی دروستکردنی وێنەی هونەری بریتییە لە ئەندێشە، چونکە (وێنەی هونەری، دروستدەکرێت لەڕێگەی بەشداریکردنی کارای ئەندێشەوە.) (Борисов, 2013: 14) واتا (خەیاڵ، ئامادەگییەکەی ئەدیب و شاعیرانە، کە دەتوانن وێنەی شیعری پێبکێشن.)(الطرابولی، ۲۰۰٥: ٤۲٦) هەر لەبەرئەوە (ئەندێشە ئەو هێزەیە، کە توانای دروستکردنی وێنەی شت و کەسەکانی هەیە)(علوش، ۱۹۸٥: ۸۷) ئەو وێنانەش سەرەتا (لە خەیاڵی دانەرەکەیدا

بوونی هەیە.)(Крошнева. 2007. 8) بەو مانایەی (لە ئەندێشەی هونەرمەنددا لەدایکدەبێت)(Янбаева, 2017: 3) و (دواتر لە کاری هونەریدا بەرجەستە دەبێت و بۆ خەیاڵی بینەر دەگوازرێتەوە.)(Серикова, 2010: 96) بەڵام بێگومان هەر وەکوو (سۆکۆلۆڤ) دەڵێت: ((تا ئەو کاتەی وێنەی هونەری تەنها لە خەیاڵی داهێنەرانەی هونەرمەنددا هەبێت، هێشتا بەڕاستی وەک کاری هونەری بوونی نییە. ئەو وێنەیەی کە لە خەیاڵی هونەرمەنددا لەدایکبووە، دەبێت وەربگێردرێتەوە بۆ ماددەی هونەری پەیوەندیدار بۆ ئەوەی بتوانێت وەک دیاردەیەکی تەواوی هونەری، قسە لەسەر وێنە هونەرییەکە بکات.)(Соколов, 1968: 79) ئەمەش لەڕێگەی (خەیاڵکردن، واتا دووبارە بنیاتنانەوەی تێگەشتن)(ئادلەر، ٢٠٠٨: ٦٩)ەوە بۆ شتەکان دروستدەکرێت و بۆ خەیاڵی گوێگر دەگوازرێتەوە و لەوێشدا کۆتایی پێنایەت، چونکە هەر وەکوو (ڤیگۆتسکی) دەڵێت: ((ئەو وێنەیەی هونەرمەند دروستیکردووە، خوێنەر و گوێگر بە خەیاڵی خۆیان تەواویدەکەن.))(Выготский, 1968: 67) ئەمە جگەلەوەی (تەنها لەڕێگەی ئەندێشەوە دەتوانین بێینە ناو پەیوەندییەوە لەگەڵ وێنەی هونەریدا)(Ханифович, 2007: 6) چونکە هەر وەکوو (سۆلۆدیلۆڤا) دەڵێت: ((تێگەشتن لە وێنە پەیوەستە بە چەمکی فەنتازیا، یان هێزی بەرهەمداری خەیاڵەوە.))(Солодилова, 2004: 29)

(هیگڵ) لەبارەی هێزی ئەندێشەوە دەڵێت: هێزی خەیاڵ لە نێو خۆیدا سێ فۆرمی تێدا ئاشکرایە، کە لە ڕاستیدا پێناسەی ئەندێشە دەکەن: یەکەم: خەیاڵ لە سەرەتادا جگە لەوەی کە وێنە دەخاتە ناو چوارچێوەی بوونەوە هیچیتر ناکات، ئەمەش بێگومان تەنها لە توانای خەیاڵدایە. دووەم: هێزی خەیاڵ نەک هەر تەنها وێنەکان دووبارە دەکاتەوە، بەڵکوو پێکەوە پەیوەستیان دەکات و بۆ درککردنی گشتیی بەرزیان دەکاتەوە، لەم قۆناغەدا هێزی خەیاڵ چالاکییەکی وێنەیی هاوبەشە. سێیەم: ئەو قۆناغەیە، کە هۆشمەندەکان بیرۆکە هاوبەشەکانی خۆیان تێدا دیاریدەکەن و شێوەیەکی خەیاڵیی دەدات بە وێنەکان.(Гегель, 1973: 408) واتا لەڕێگەی هێزی خەیاڵەوەیە، کە وێنەکان وەردەگرێت و پێکەوە پەیوەستیان دەکات، لێرەشدا ڕۆڵی درککراوەکان زۆر گرنگە، دواتر شاعیر بیرۆکەی خۆیی تێکەڵدەکات و دەیگۆڕێت بۆ وێنەیەکی هونەری. بەم شێوەیە (هێزی خەیاڵ و توانای خەیاڵکردن خەسڵەتی داهێنان بە شاعیر دەبەخشێت، بەهۆیەوە لە تاکێکی ئاسایی یان شاعیرێکی ئاسایی جیادەکرێتەوە)(مەلازادە، ٢٠٢٠: ٤٦٤). ئەمە جگە لەوەی (هەر شتێکی نامۆ و نائاسایی هەیە لە دەروونندا وەقسەی دەخات.)(بارت، ٢٠١١: ٦٨)

(سی- دی لویس) دەڵێت: ((ئەندێشە، بریتییە لەو هێزەی، کە وێنەی شیعری دەخوڵقێنێت، یان دەگوازێتەوە،))(Lewis, 1961: 65) چونکە ( لەڕێگەی خەیاڵەوە، کە فریشتەی داهێنانە، وێنەگرتن بەدەستدێت.)(أمون ، ٢٠١٣: ٨٩) واتا (وێنە بەتۆکمەیی بە ئەندێشەوە بەستراوەتەوە، خەیاڵ

ڕەگەزی یەکەم و بناغەی بونیادنانی وێنەیە،)(احمدی، ١٩٩٦: ١٤٠) چونکە (خەیاڵ، بە توانای پێکهێنانی وێنەی شتەکان، کەسەکان و دیمەنەکانی بوون هەژماردەکرێت.)(علوش، ١٩٨٥: ٨٧) هەر لەبارەی خودی زاراوەی وێنەشەوە (د.شەفیعی کدکنی) دەڵێت: ((دەربڕینی " ئیماژ" بە مانای وێناکردن و سێبەر و خەیاڵ دێت.))(كدكني، ١٣٧٥: ١٠) هەروەها (ابن سينا) خەیاڵی شیعری بە جۆرێک لە هەڵچوون ناو دەبات و دەڵێت: ((هەڵچونێکە لە سەرسوڕمانێک، یان مەزنییەک، بچوک کردنەوەیەک، غەمێک، چالاکییەک.))(أرسطو، ١٩٥٣: ٦٩) هەروەها (ابن الزملكانی) باوەڕی وایە، کە خەیاڵکردن بۆ ئەوەیە تاکوو وا هەست بکرێت، کە بەڕاستی ئەو شتە دەبینرێت، کە خەیاڵی لەسەرکراوە، هەربۆیە دەڵێت: ((خەیاڵکردن: وێناکردنی ڕاستی شتەکەیە، تاکوو وا هەستبکرێت، کە وێنەیەکی بینراوە.))(ابن الزملكاني، ١٩٦٤: ١٧٨) ئەندێشە لە داهێنانی وێنەی هونەریدا ڕۆڵێکی لە ڕادەبەدەری هەیە، هەربۆیە (سی- دی لویس) دەڵێت: ((هەر وێناکردنێکی درووست بۆ وێنەی شیعری، دەبێت لەسەر تیۆرێکی دیاریکراو و ورد لە ئەندێشەدا بنیاتبنرێت.))(البيطار، ٢٠١٠: ٢١-٢٢)

هەموو ڕەگەزەکانی دروستکردنی وێنەی هونەری پەیوەندییان پێکەوە هەیە، لەنێویاندا ئەندێشە پەیوەندییەکی پتەوی بە سۆزەوە هەیە، چونکە (سۆز و خەیاڵ بەتۆکمەیی بەیەکەوە بەستراون، ئەندێشەیە، کە وێنای سۆز دەکات و لە ناخی خوێنەر و بیسەراندا جێی دەکاتەوە. هێزی ئەندێشە بەستراوەتەوە بەهێزی سۆزەوە، گەر سۆزەکە ڕاست و بەهێزبێت، خەیاڵێکی سەرەنجڕاکێش دروستدەکات و گەر خراپ یان دروستکراوبوو ئەوە خەیاڵیش هیچ و بێمانا دەبێت.)(الشايب، ١٩٩٤: ٢٢٣) هەر بۆیە (بێهێزی هەریەکەیان کاریگەری لەسەر ئەوی تر بەجێدەهێڵێت.)(قائمی و طهماسبی، ١٣٨٩: ٧٨) واتا ئەندێشەی بەهێز لەڕێگەی سۆزی بەهێزەوە جێگای خۆی دەکاتەوە. هەربۆیە (وۆردز وۆرث) لە بانگەوازکەرانی خەیاڵی پاڵپشتکراو بە سۆزبوو.(هلال، ١٩٩٧: ٣٨٩) ئەمەش بەو مانایەی (ئەندێشەش هۆکار و کۆڵەکەگەلێکی هەیە، کە تێیدا نەبێت گەشەناکات، یەکەمیان: هێز و ڕاستگۆیی سۆزە، کە لە دۆزینەوەی وێنەکان و بەشداری ویژدانی سروشتدا هێز دەبەخشێتە ئەندێشە، هێزی خەیاڵ پێوانە دەکرێت بە توانای دەربڕینی ئەو سۆزە بەڕاستگۆیی و دووەمیش: هێزی جوانییەوە.)(الروخان، ١٩٨٨: ٧) ئەمەش بێگومان لەبەرئەوەیە، کە (شیعر لە بنەڕەتدا سۆزدارانەیە و دەربڕینی جوانییە. (CONNELL, 1913: 30)

(د.محمد غنيمی هلال) دەڵێت: (("کۆلریدج" : ئەندێشە دەکاتە دوو بەشەوە: ئەندێشەی سەرەکی و ئەندێشەی لاوەکی، ئەندێشەی سەرەکی: هێزێکی زیندووە و یەکەمین فاکتەری هەموو درککردنێکی مرۆڤە و زانستییە لە ئەرکەکەیدا و بەرانبەر بە خەیاڵی بەرهەمییە، هەروەکو ((کانت)) دەڵێت: هەموو دررککردنێکی زانستی دەبێت ئەم جۆرە خەیاڵەی تێدابێت. خەیاڵی لاوەکی:

دەنگدانەوەی خەیاڵی پێشوترە و بەردەوام پەیوەستە بە وشیاری ئیرادییەوە و لەگەڵ خەیاڵی یەکەمدا لە جۆری کارکردندا هاوڕایە، بەڵام جیاوازە لە پلە و ڕێگەی کارکردنی، چونکە شتەکان شیدەکاتەوە، یان دەیانگونجێنێت، یان یەکیان دەخاتەوە، یان بەرزیان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی لەهەموو ئەو شتانە، نوێیەک دروستبکات. بواری ئەم جۆرە هونەرە و (کانت) ناوی (خەیاڵی جوانی) لێدەنێت.(هلال، ١٩٩٧: ٣٩٠) ئەمەش بەو مانایەی (خەیاڵی سەرەکی لە فاکتەرە سەرەکییەکانە لە پرۆسەکانی درکپێکردنی گشتیی، لە کاتێکدا خەیاڵی لاوەکی خەیاڵی هونەری یان هەستییە بەشێوەیەکی تایبەت.(صالح، ١٩٩٤: ٤٥) بێگومان ئەو دابەشکارییەی (کۆلریدج) بۆ خەیاڵی کردووە لەژێر کاریگەری (کانت)دا بووە.(میراودەلی، ٢٠٠٥: ٢١٨)

(د.کامل بەسیر) لە کتێبی (ڕەخنەسازی، مێژوو و پەیڕەویکردن)دا دوو جۆر ئەندێشەی دەستنیشان کردووە، کە ئەوانیش (ئەندێشەی داهێنراو یاخود خوڵقێنەر) و (ئەندێشەی سادە و پێکهێنراو)ن، دەڵێت: ((ئەندێشەی داهێنراو: ئەم جۆرە ئەندێشە بەوە دەستنیشان دەکرێ، کە هێزێکی قووڵ و بە تەوژمە، وێژەر بەهۆیەوە لە ڕەوانکردنگەکەی و تۆمارگای یادگارە تایبەتییەکانییەوە وێنەی هونەری تازەی وا ساز دەکات، کە وەکوو خۆیان بەرچاوی خوێنەران نەکەوتبێت و لە هەمان کاتدا لەگەڵ ڕاستییەکانی ژیاندا گونجاوبن و بەپێچەوانەی شوێنەوارە هەستپێکراوەکانی ئەم جیهانەمان نەبێ. ئەندێشەی سادە و پێکهێنراو: ئەو ئەندێشەیەیە، کە ڕووکەشانە وێنەی هونەری هەستپێکراوی ئاشنا لە ژیانی ڕۆژانەدا دووبارە دەکاتەوە و هەستیاری خاوەن ئەم ئەندێشەیە هیچ بەرهەمێکی تازە پێشکەش ناکات.))(البصیر، ١٩٨٣: ١٥٩،١٦١) بەو مانایەی وێنەی داهێنراو و نوێ سەرچاوەکەی ئەندێشەی خوڵقێنەرە و وێنەی لاسایکەرەوە و دووبارەش بەهۆی ئەندێشەی سادە و پێکهێنراوەوە دروستدەبێت. بەو شێوەیە ئەندێشە هێزی گەورەی خوڵقێنەری وێنەی هونەرییە، کە هەتا لە ئاستێکی بەرزی داهێنەرانەدابێت زیاتر دەتوانێت وێنەیەکی نوێی داهێنراو دروستبکات.

## ١/ ٦ – ٤. واقیع (کەتوار)

شاعیر وەکوو هەر تاکێکی تری کۆمەڵگا دەکەوێتە ژێر کاریگەری واقیعەوە، کە بێگومان ئەو واقیعەش هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە لە دەوروبەری شاعیرن بە خودیی و بابەتییەوە، چونکە هەروەک (بێرتیلس)(Bertels ١٨٩٠– ١٩٥٧) دەڵێت: ((وێنە، شێوەیەکی تایبەتی ڕەنگدانەوە و گشتاندنی واقیعە، کە بابەتی و خودی هەیە.)(Бертельс, 1935: 15) ئەمەش بێگومان لە کات و سەردەمێکی دیاریکراودایە، هەروەک بەگشتیی دەوترێت (ئەدەب ڕەنگدانەوەی ناخی سەردەمەکەی خۆیەتی.)(ئەحمەد، ٢٠١٧: ٨٩) لەم بارەیەوە (ڤیگۆتسکی) دەڵێت: ((هەموو نەوەیەک و هەموو

سەردەمێک بە شێوەی خۆی کاری هونەری بەکاردەهێنێت.))(Тамарченко, 1999: 31) ئەدەب لە جیهانی خەیاڵدایە و بە بەهرە و ئەندێشەی وشەی هونەرمەند دروووستکراوە، بە ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی زارەکییەوە گۆڕدراوە بۆ گەیاندنی وێنەی جیهانی ڕاستەقینە، بۆئەوەی بەهای ڕۆحی بۆ خوێنەر بگوازێتەوە. ئەوەش بۆ ڕەنگدانەوەی ژیانی راستەقینەیە لە هونەردا، واتە دروووستکردنی وێنەکانە لە ژیانەوە.(Борисова, 2010: 15) واتا وێنەی هونەری لە ئەنجامی وردبوونەوەی مرۆڤ لە شتەکانی دەوروبەری و دروستکردنی پێوەندی نێوانیان دروستدەبێت،(عەبدوڕەحمان، ٢٠٠٦: ٢٣) کە (بە شێوەیەکی تایبەتی ڕەنگدانەوەی گشتی جیهانە.)(ئەحمەد حەمە، ٢٠٠١: ٧) بەمەش دەتوانین بڵێین: (ئەو کەرەستە بەرجەستانەی لە دنیای حەقیقەتدا، مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەکانەوە درکیان پێدەکات و دەیانگوازێتەوە بۆناو خەیاڵی خۆی، دواتر شیدەکرێنەوە و لەگەڵ پێکهێنەرە ناوەکییەکانی ئەو مرۆڤە ئاوێتە دەبێت و خەیاڵی تایبەتی ئیشی لەسەر دەکات، شتی نوێ و وێنەی تازەی لێ دروستدەکات.)(مەلازادە، ٢٠٢٠: ٤٩٦)

کەرەستەکانی دەوروبەری شاعیر سەرچاوەیەکی گرنگن، کە شاعیر دەتوانێت بۆ دروووستکردنی وێنە هونەرییەکانی خۆی سوودیان لێوەربگرێت، چونکە (وێنە، ڕەنگدانەوەی واقیعی دەوروبەری مرۆڤە.)(Безруков, 2009: 145) بەو مانایەی (واقیع وەک ڕاستییەکی گونجاو، بەشداری لە کاری دروستکردنی وێنەیەکی تایبەتیدا دەکات.)(Тамарченко, 2008: 37) وێنەی هونەری تابلۆی ژیانی راستەقینەی مرۆڤ پێشکەشدەکات. واتا (وێنەیەکی گشتیی ژیانی مرۆڤە، کە بایەخی جوانی هەیە.)(Борисова, 2009: 22) (Шахбаз, 2010: 8) (Янбаева, 2017: 13) واتا (ماددەی ئەدەب هەموو ژیانە، بە دیمەنی و ئەزموونەکانییەوە.)(عبدالتواب، ١٩٩٥: ٩) بە مێژووی ژیانی تایبەتیی و سۆزدارییەکانی نووسەریشەوە.(Поплавская, 2010: 84) لەم بارەیەوە (باختین) دەڵێت: ((مرۆڤ، ژیان و چارەنووسی و جیهانی ناوەکیی، هەمیشە لەڕوانگەیەکی فیکرییەوە لە ئەدەبدا وێنادەکرێت، ژینگەی هزری و ئەو کەشوهەوایەی تێیدا دەژێت، دەبێت بە بابەتی وێنەی هونەری(Бахтин, 2000: 199) بەڵام بێگومان نابێت ئەوەمان لەیادبچێت، کە ئەدەب واقیع وەکوو خۆی کۆپی ناکات بەڵکوو گۆڕانی بەسەردا دەهێنێت، چونکە (وێنەی هونەری پۆلێنێکە لە جوانیناسی، کە شێوازی تایبەتی شارەزابوون و گۆڕینی واقیع دیاریدەکات.)(Ханифович, 2007: 6) بەو مانایەی (وێنە چەمکێکی نەگۆڕە، کۆمەڵێک تایبەتمەندییە، کە بە تەواوەتی لە شتە واقعییەکە ناچێت)(Наумова, 2009: 8) چونکە (وێنە ئەوەندە وابەستەی واقیعە تا ئەو کاتەی تایبەتمەندییە خودییەکانی لێوەردەگرێت، بە شێوەیەک لە شێوەکان وێنە واقیعی تایبەتی خۆی دەبێت.)(السعدني، ١٩٨٧: ٨٦) واتا وێنە واقیع وەکوو کەرەستە و ڕەگەزێکی گرنگی بنیاتنانی خۆی بەکاردەهێنێت، بەڵام شاعیر هەست و سۆز بیری خۆی ئاوێتە دەکات و گۆڕانی بەسەردا دێنێت.

واقیع بە لایەنە هەستی و ژیرییەکانییەوە دەبێتە یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی درووستکردنی وێنەی هونەری و (وەک یەکەیەکی سەربەخۆی دەقی شیعری لە زمانی هەموو جۆرە دەقێکدا ڕەنگ دەداتەوە.)( Штайн, 2011: 36) لەم بارەیەوە (هیگڵ) دەڵێت: ((هونەر وێنای جیهانێکی ڕاستی، یان ئایدیایەک دەکات، لە شێوەی بوونێکی هەستی یان وێنەیەکدا.))(Гегель, 1968: 412 ) واتا بە شێوەیەکی گشتی (کاریگەری واقیع بەگۆرانکارییە جیاوازەکانییەوە لەسەر شاعیر لە دوو لایەنەوە دەردەکەوێت: هەستیی: ئەو وێنانە دەگرێتەوە، کە بابەتەکانی دەگەڕێتەوە بۆ بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و سرووشت بەجۆرە جیاوازەکانییەوە. هزریی (واتایی): کە لە دوو لادا بەرجەستە دەکرێت، یەکەم: کاریگەرییە دەروونییەکان و هەڵچوونە جیاوازەکان، کە ئەزموونەکان و جوڵەی واقیع لە خودی شاعیر و هەڵوێستی تایەبەتیدا دروستیدەکات، دووەم: کاریگەرییە عەقڵییەکان، کە پەیوەستە بەڕۆشنبیریی شاعیر و ئەزموونە تایبەتەکانی و هەڵگیراوی نەست، کە لە هێمایەکدا وێنادەکرێت و سنوری شوێن و کات تێدەپەڕێنێت.)(صالح، ١٩٩٤: ٥٩)

واقیعی ژیانی شاعیرەکە خۆی لە بارودۆخی دەروونیی و ژیریی و لایەنە خودییەکانی لەگەڵ هەموو بوونە هەستییەکان بە سروشتیشەوە ڕۆڵی واقیع دەگێڕن و دەبنە ڕەگەزێکی گرنگی بەشداربوو لە دروستکردنی وێنەی هونەریدا، چونکە (وێنە ئەنجامی گەشەکردنی ئاگایی مرۆڤە لە واقعی دەوروبەر)(Коротких, 2007: 20) ئەو واقیعەش ، شتێکە لە ماددەی سروشت، کە هەموو کەسێک درکی پێدەکات(Егоровой, 2014: 148)و (هەموو وێنە خوازەییەکان پەیوەندییان بە تایبەتمەندی شوێنەوە هەیە.)(Плотников, 2019: 69) سروشتیش بەشێکی گرنگ لە واقیع پێکدەهێنێت، (شاعیر دەبێت سروشت وەک گەورەترین هونەرمەند ببینێت و لە کارەکانیدا لاسایی بکاتەوە.)(Надежкин, 2015: 18) بەتایبەتی لە سروشتدایە، کە شاعیر پاکترین سەرچاوەی ئیلهامی شیعری خۆی دەدۆزێتەوە،(Эпштейн, 1990: 14) چونکە (مرۆڤ و سروشت، پەیوەندییەکی جیانەکراوە و مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە.)(Борис, 1961: 123)

ڕاستە شاعیر واقیع دەکاتە ڕەگەزێکی گرنگ بۆ دروستکردنی وێنە هونەرییەکانی، بەڵام گومانی تێدانییە، کە وێنەکانی بەهۆی خەیاڵی هونەرییەوە دروستدەکات. (کۆنستانتین پاوستۆڤسکی) (Paustovsky ١٨٩٢- ١٩٦٨ز) دەڵێت: ((بیری مرۆڤ بەبێ خەیاڵ نەزۆکە، هەروەک چۆن خەیاڵیش بەبێ واقیع بێئاکامە.))(Ильин, 2009: 88) واتا شاعیر لە دروستکردنی وێنەدا خەیاڵ ئاوێتەی بیری خۆی دەکات، بەبێ ئەوەی بتوانێت دەستبەرداری واقیع ببیت و (زیادی و کەمیشی لە ڕەگەزایەتی وێنەی ناخات و زیادبوونی ڕێژەی خودییش ناتوانێ بەلاوەینێ و دەستبەرداری ببێت، چونکە خودییش بەشێکە لە واقیعی کۆمەڵایەتیی.)(گەردی، ٢٠٠٤: ٨٢) بەڵام گومانی تێدانییە، کە (هەرچەندە ڕێژەی ئەندێشەکە زۆربێ ئەوەندە لە سیفەتی واقیعی( Reality )

دوور دەکەوێتەوە و بەرەو جیهانی فەنتازییەت دەڕوات، هەرچەندە ڕێژەی ئەندێشەکە بەرەو کەمی و نەمان بڕوات ئەوەندە وێنەکە بەرەو وێنەیەکی بێچێژی هونەری دەڕوات و دەبێتە وێنەیەکی فۆتۆکۆپی بێگیانی هونەریی.)(گەرمیانی، ٢٠٠٤: ١٤٦)

## ١/ ٦ – ٥. سۆز

یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی دروستکردنی وێنەی هونەری، سۆزە. (نەک تەنها گرنگترین ڕەگەزی وێنەی هونەرییە بەڵکو بناغەی وێنەیە،)(حمدان، ٢٠٠٨: ١٧١) چونکە وەک ژاک مارتین (Jacques Maritain ١٨٨٢– ١٩٧٣ز) دەڵێت: ((سۆز، شتێکە یان ماددەی خامە بۆ درووستکردنی بەرهەم))(Левит, 2004: 115) یان دەوترێت (ئەو ڕێگایەیە، کە لە داهێنانی هونەریدا شوێنی کلاسیکی گرتەوە.)(المرعي، ١٩٩٦: ١٧٧) ئەگەرچی (تاکوو ئێستا زۆر ئاسان نییە پێناسەی سۆزێک بکەین، کە لە هەڵبەستێکدا دەربڕابێت، دەکرێت هەندێک جار وا بەیانکرابێت، کە حاڵەتێکی پایەبەرزی ڕۆحە بۆ بابەتێک.) (Connell, 1913: 15) بەڵام (د.کامل بەسیر) دەڵێت: ((لە زانستی دەروونیدا پێناسەی سۆز بەوە دەکرێ، کە دیاردەیەکی ویژدانی و دەروونییە لە هەست و نەستی خاوەنەکەیەوە لەبەر چەند هۆیەکی مادی و بیری و هەڵچوونی، شەپۆلدەدات و هەموو بوون و قەوارەی دەگرێتەوە و لە ڕەنگ و دەنگ و بزوتنەوەی لەشیدا خۆی دەنوێنێ. ئەم دیاردەیە ئەگەر هاتوو لە وێژەدا ئەنجامدرا پێی دەوترێت سۆزی وێژەیی. سۆزی وێژەیش بەوە دەناسرێ، کە هێزێکە لە دەروونی خوێنەری وێژەدا بەهۆی خوێندنەوەی تێکستی وێژەیی بەرپادەبێت.))(البصير، ١٩٨٣: ١٧١-١٧٢)

هەندێجار سۆز وەکوو کۆدێک سەیرکراوە و وتراوە (دەقی ئەدەبی سۆزی لە خۆیدا هەڵگرتووە، کە وەکوو (کۆدی ڕۆشنبیری) وایە بۆی، لە ڕێگەی وەرگرتنی ئەوەوە دەتوانین لە دەقی ئەدەبیی تێبگەین.)(Вербицкая, 2017: 532) بێگومان سۆز شتێک نییە تەنها تایبەت بێت بە شیعرەوە، چونکە (هەست و سۆزی مرۆڤ لەو دیاردانەن، کە زمانی دەربڕین هەیەتی.) (Константин, 2019: 315) واتا (ئاخاوتن، جگە لە ئەرکی پەیوەندیکردن و ڕێکخستن و زانیاری، یەکێکە لە ئامرازەکانی دەربڕینی هەست و سۆزیش.)(Артамонова, 2018: 258) بەڵام (سۆز، کاردانەوەیە لەبەرانبەر دیاردەیەکدا، بەڵام هەست دیاردەیەکی خودییە و پەیوەستە بە دەروونی مرۆڤەوە، لە کۆتایدا، سۆز جیاوازە لە هەست بەوەی دەربڕینە و لە ڕوخسارێکی ڕووندا خۆی دەنوێنێت.)(Камалова, 2019: 351) سۆز ڕۆڵێکی گەورە لە بەرهەمی ئەدەبیی بەتایبەتی وێنەی هونەریدا دەگێڕێت،(Выготский, 1968: 51) چونکە لەبنەڕەتدا (زمانی شیعر زمانی سۆزە.)(هلال، ١٩٩٧: ٣٥٧)

(کۆلریدج) باوەڕی وایە بوونی سۆز لە شیعردا نیشانەی بلیمەتییەکی ڕەسەنە و لەم بارەیەوە لەسەر شیعری شکسپیر دەڵێت: ((وێنەکان بەڵگەی بلیمەتییەکی ڕەسەنن، چونکە لە داڕشتنەوەیاندا ملکەچی دەسەڵاتی سۆزن.))(هلال، ١٩٩٧: ٣٨٩) هەروەها (د.شەفیعی کدکنی) دەڵێت: ((ڕەخنەگرانی هاوچەرخ لەبارەی پەیوەندی نێوان "وێنە" و "سۆز"ەوە بە دوورودرێژی دوواون، باوەڕیان وایە، کە هەر وێنەیەک دەبێت لەگەڵ هەست و سۆزدا هاوڕێبێت))(کدکنی، ١٣٧٥: ١٧) و سۆز و وێناکردن وەکوو دوو باڵ وان بۆ شیعر، دوو توخمی بنەڕەتی لە شیعردا، کە ڕەخنەگرانی هاوچەرخ پێوەی پەیوەستبوونە و جار لەدوای جار بەدوورودرێژی لەسەری دواون. بە باوەڕی ڕەخنەگران، هەر وێنەیەک دەبێت هەست و سۆز هاوڕێ بن لەگەڵی. بە دەربڕینێکی ڕەوانتر، خەیاڵ و ویناکردن، جۆرێک لە ئەزموون بەدەستدەهێنن، کە بەزۆری لەگەڵ سۆزدا هاوڕێن(بوشهر، ١٣٩٣: ٣٨) واتا تەکانی سۆز گەورەدەبێت، گەر بە خەیاڵ بارگاوی کرابێت.(خان محمدی، ١٣٩٤: ٥) لەم بارەیەوە (ڕسکن) دەڵێت: ((شیعر، دەرخستنی سۆزی بێگەردە لەڕێگەی خەیاڵەوە.))(أمین، ١٩٨٣: ٥٧) بەڵام تۆماس ئیلیۆت (Eliot, Thomas ١٨٨٨– ١٩٦٥ز) گەرچی هەر شیعر پەیوەست دەکات بە هەست و سۆزەوە بەڵام بە پێچەوانەی (ڕسکن)ەوە دەڵێت: ((شیعر مانیفێستی ئازادانەی هەست نییە، بەڵکوو هەڵهاتنە لە هەست، لەڕێگەی شیعرەوە دەتوانیت لە هەست و سۆزە ئاساییەکانت هەڵبێیت.))(Левит, 2004: 145) بەو مانایەی دیاردەیەک، یان ڕووداوێک شاعیری وروژاندووە و هەڵچوونێکی پڕ لە هەست و سۆزی بۆ دروستکردووە؛ بۆیە شاعیر، کە شیعر دەنووسێت دەیەوێت خۆی لەو هێزە هەڵچووەی هەست و سۆزی ناوەوەی ڕزگاربکات.

هەروەکوو پێشتر ئاماژەمان پێداوە، خەیاڵ ڕەگەزی یەکەمی وێنەی هونەرییە، بەم پێیە سۆز ڕەگەزی بنچینەییە لە کارتێکردن لەسەر وێنە و خەیاڵی شیعری تۆکمە دەکات و توانای گەیشتن بە ڕاستی و قووڵی دەقەکە بەهێز دەکات. بەم هۆیەوە وێنەکە لە دەروونی وەرگردا زیاتر کاریگەردەبێت؛ بۆیە سۆز بە تۆکمەیی بە خەیاڵەوە بەستراوەتەوە، چونکە سۆز (ئامرازی وێناکردنی خەیاڵی نووسەرە و جێکەوتەی لە دەروونی خوێنەردا هەیە.)(احمدی، ١٩٩٦: ١٥٠) هەر لەم بارەیەوە (جۆن ڕەسکین ١٨١٩– ١٩٠٠ز) دەڵێت: ((شیعر، ناردنی ستوونە سەرنجڕاکێشەکانی سۆزە لەڕێگەی خەیاڵەوە.))(الربیعی، ١٩٩٨: ٩) کەواتە (سەرکەوتوویی وێنە، لە توانای وروژاندنی هەست و سۆزی خونەردا دەردەکەوێت.)(حسێن، ٢٠٠٨: ٩٥)

(هیگڵ) باوەڕی وایە عەقڵ و بلیمەتیی پێویستی بە سۆز هەیە و دەڵێت: ((دەبێت عەقڵ و هەستی بلیمەتی، خۆیان بە ئەزموونە سۆزدارییەکان دەوڵەمەندبکەن.))(Гегель, 1968: 34) چونکە زمان هەوڵی دەربڕینی سۆز دەدات بەوەرگێڕانی سۆز بۆ وشەگەلێکی هزریی و ژیریی(أمین، ٢٠١٢: ٥٧) ئەمەش بێگومان بە ڕەچاوکردنی هاوسەنگی نێوانیان، چونکە هەروەک

(ت.س. اليوت) دەڵێت: ((شیعر درووستکردنە، ئەو دروستکردنەش بەرهەمی هاوسەنگی نێوان عەقڵ و سۆزە))(تليمة، ١٩٨٣: ٢٠١) و (شاعیر لە داهێنانی وێنە خەیاڵاویێکانیدا، بە گۆڕینی شتەکانی دەوروبەری بۆ وێنەی سۆزداری و مرۆیی، دەربڕینەکانی خۆی لەباری ئاسایی فراوانتر دەکات و سۆز بە دەربڕینەکانی دەدات و ناساندنێکی نوێ بەو شتانە دەدات،)(محمدی، ١٣٩٤: ٦) چونکە بایەخی وێناکردنێک لەسەر سۆزی وێناکردنەکەیە، وێناکردنێک لە سۆز دابڕاوبێت هەرچەند جوانیش بێت ئەوە ناگات بە نەمریی. ئەگەر وێناکردن نەتوانێت بارێکی سۆزداری هەبێت ئەوە شتێکی بێسوود دەبێت.(مبارک و حیدری، ١٣٨٩: ٩٧) بەمپێیە: وێنەی هونەری، بەبێ ڕەگەزی سۆز ناتوانێت هیچ کاریگەرییەک لەسەر بەرانبەر دروستبکات، بەمەش ئامانجێکی گەورەی پشت وێنە هونەرییەکان، کە دروستکردنی وروژاندن و کاریگەرییە لەباردەچێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی نەبوونی دەبێتە هۆی لاوازی ڕەگەزی خەیاڵ.

## ١/ ٦ – ٦. نەست

نەست یەکێکی ترە لەو ڕەگەزە گرنگانەی ڕۆڵێکی گەورەی لە دروستکردنی وێنەی هونەریدا هەیە، ئەمەش لەبەرئەوەی وێنەکان زۆرجار دەربڕی ژیانی شاعیرن بەشێکی ئەو ژیانەش بە شێوەی نائاگایی لەڕێگای هەستەکانی مرۆڤەوە لە خانە و کانگای نەستدا هەڵگیراون و پێویستیان بە دەرفەتی گونجاو هەیە تاکو سەربکەونەوە، ئەمەش لە لای شاعیران بە یارمەتی ئەندێشە لە شێوەی وێنەی هونەریدا خۆیان نمایشدەکەنەوە. (سی-دی لویس) دەڵێت: (("ای. سی. دالاس" یەکەم ڕەخنەگری ئینگلیزییە، کە دەستەواژەی (نەست)ی بەکارهێناوە، بەپێی ئەو تێگەیشتنەی، کە ئێستا فرۆید پێی بەناوبانگە، کە دەڵێت: هونەرمەند لەگەڵ لایەنی نەستماندا دەدوێت، یان بەرهەمهێنانی وێنە دەگەڕێتەوە بۆ کارە گشتییەکەی هۆش لەلایەنە شاراوەکەی نەستدا.))(Lewis, 1961: 39)

بێگومان ئەو وێنانەش هەر لە سەردەمی منداڵی شاعیرەوە هەڵگیراون، چونکە هەروەکوو (ئانتۆنی ئیستۆپ) دەڵێت: ((نەست لە تەمەنی منالییەوە سەرچاوە دەگرێت.))(ئیستۆپ، ٢٠١٩: ١٠٨) هەروەها شوێنێکی نادیارە بۆ ئێمە و زۆر شارەزایمان لەسەری نییە، چونکە هەروەکوو (ڤیگۆتسکی) دەڵێت: ((لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە (نەست) شتێکە لە دەرەوەی ئاگایی ئێمەوەیە، شوێنێکە، کە شاراوەیە لە ئێمەو ناروونە بۆمان.))(Выготский, 1968: 95-96) یان (باختین) دەڵێت: ((هەموو وێنەیەکی هونەری، بە تێڕوانینی فرۆید، کە دەربارەی هونەر نووسیویەتی، هەمیشە هەڵچوونێکی نەستیانەیە.))(Бахтин, 2000: 142) واتا (فرۆید) پێیوایە (وێنەی شیعری ڕەمزە، کە سەرچاوەکەی بێئاگاییە.)(حەمەد، ٢٠١٢: ١١٩) هەروەها (د.عیزەدین ئیسماعیل) دەڵێت: ((فرۆید بۆچوونی وایە وێنەی شیعری ڕەمزێکە لە نەستەوە سەرچاوەی گرتووە، دیارە ڕەمزیش پڕتر و ڕەوان و کاریگەرترە لە واقیعی، لە خورافات و لە ئەفسانە و حیکایەت و قسەی نەستەق و

هەموو جۆرەکانی ئەدەبی میللیدا دەردەکەوێت.))(اسماعیل، ١٩٨١: ٧٤) لەگەڵ ئەوەشدا (فرۆید) هەموو ئەو وێنانەی لە نەستەوە سەرچاوەیانگرتووە بە کەپتکراوی سێکسییەوە دەبەستێتەوە. هەربۆیە لە شیکردنەوەی وێنە هونەرییەکاندا فرۆید پێیوایە (تاکە ڕوانگە بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی زۆرینەی وێنە هونەرییەکان، سێکسە.)(أبو رضا، ١٩٨١: ٣٢) ئەمەش بێگومان لێکدانەوەیەکی بەتەواوی دروستنییە، چونکە نەست وێنەی زۆر لە لایەنەکانی تری ژیانی جگە لە سێکس تێدا هەڵگیراوە، ئەمە جگە لەوەی هەر فرۆید خۆی باس لە نەستی کۆمەڵ دەکات و دەڵێت: ((هەمیشە نەستی تاک و نەستی کۆمەڵ هەیە.))(Константин, 2019: 411)

سرووشتی وێنەی هونەری وەهایە، کە ئێستا بە ڕابردووەوە گرێدەدات، چونکە وێنە ناتوانێت خۆی بەتەواوی لە واقیع ببوێرێت، هەمیشە بەشاراوەیش بێت پێیەکی هەر لەناو واقیعدایە، جا ئەو شاراوەییەش لایەنە نەستییەکانی ژیانی تاک یان کۆمەڵە، کە دووبارە لە وێنەی هونەریدا لە شێوەی هێمادا دێنەوە، چونکە نەستی کۆمەڵ هەر وەکوو (کارل یونگ ١٨٧٥-١٩٦١ز) دەڵێت: ((کۆکەرەوەی ئەزموونە مرۆڤایەتییەکانە و لە پێشینانە سەرەتاییەکانمانەوە گەشتۆتە ئێمە و سەرەڕای سنووری کۆمەڵگاکان لای هەموو تاکەکان یەک شتە، هونەرمەندی ڕەسەن بە ڕاستەوخۆیی درکی پێدەکات و بە هێما دەریدەبڕێت.))(السعدني، ١٩٨٧: ٥٥) ئەمەش بەو مانایەی (نەستی کۆ هەموو ئەزموونەکانی ڕابردوو و ئەزموونەکانی پێشینان دەگرێتەوە. ئەمەش ڕوانگەی (یونگ)ـە لە شیکردنەوەی پڕۆسەی داهێنان بەشێوەکی گشتیی. ئەم پڕۆسەیە لە تێڕوانینی ئەودا بەڕاوێژکاریکردنی نمونە سەرەکییە کەڵەکەبووەکان لە نەستی کۆدا ئەنجامدەدرێت، بەنێوەندگیری ڕاکێشراو لە جیهانی دەرەوە و گەڕانەوەی بۆ ناوەوەی خود، هەروەها بەنێوەندگیری قەیرانە دەرەکییەکان، یان کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش دەبێتە هۆکاری شلەژانێکی دەروونی لای هونەرمەند و هەوڵدەدات هاوسەنگییەکی نوێ بۆ خۆی بدۆزێتەوە.)(المختاري، ١٩٩٨: ١٥)

لەڕوانگەی دەروونناسییەوە هەروەکوو (فرۆید) دەڵێت: ((هەرسێ بەشی زەین کۆمەڵە هەڵکشانێکی ناخود ئاگایان هەن، واتە ناخ یا id من یا ego و منی باڵا یا Super ego، هەریەکە بە شێوەیەکی نەستی کاردەکەن.))(ئەحمەدی، ٢٠٠٨: ٤١٣-٤١٤) ئەمەش بێگومان ڕۆڵیدەبێت لە دروستکردنی وێنەی هونەری لای شاعیر، چونکە (هەرسێ ئاستی کەسایەتی شاعیر، کە بریتین لە " هەست یان هۆش "، " نەست"، " نەستی ناوەکی " ، لە بنیاتنانی وێنەی شیعرێکدا بە کاراییەوە ڕۆڵدەبینن. ئەوەی لە هۆش و هەست و ئاگاییەوە دەڕژێتە سەر لاپەڕە، ئەو وێنانەن، کە دەقاودەق لە واقیعدا هەن و بە پێنج هەستەکەی (خود)ی شاعیر نامۆنین، بەڵام ئەو وردەکاریانەی کە تەلیسم و هونەرێکی سەرسوڕهێنەر بە داهێنانی شیعر دەبەخشن، زادەی نەست و هۆشی ناوەکی شاعیرن.)(ئەحمەد، هەرشەمی، ٢٠٠٤: ١٩٤). بەو مانایەی ئەو وێنە هونەرییانەی لە نەستەوە

سەرچاوە دەگرن، جوانتر و کاریگەرترن. بە دەربڕینێکی تر (توخمە هۆشیارەکان لە هونەردا بێبایەخن. گرنگییە بنچینەییەکە ئەوەیە نووسەر بە (نائاگایی) چ وشەیەک هەڵدەبژێرێت بۆ دەربڕینی بیرکردنەوەکانی و لە چ شێوەیەکی دەرەکیدا کارەکەی ڕێکدەخات.)( Хрусталева, 2018: 243)

نەست شوێنێکە بۆ ئێمە ناڕوونییەکی هەیە و باش شارەزایمان لەسەری نییە، ئەگەرچی وەکوو (ڕۆمان یاکۆبسن) دەڵێت: ((جاک لاکان (Lacan ١٩٠١– ١٩٨١ز) پێیوایە، نەست وەکوو زمانێک ڕێکخراوە))(Якобсон, 1996: 8) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەست وەکوو ڕەگەزەکانی تر و پێکەوە لەگەڵ هەست و خەیاڵ و هزر و ئەوانیتردا دەبێتە هۆی درووستکردنی وێنەی هونەری، بەڵام وێنەگەلێک، کە هەم ڕەمزی تێدایە و هەم پەیوەستە بە بەشە پەنهان و شاراوەکەی ناوەوە و دەروونی شاعیرەوە. هەر بۆیە ناڕوونی دەبەخشنە وێنەکان، چونکە بە شێوەیەکی گشتیی (ئەو ئەدەبەی، کە تێیدا هزر ئاوێتەی سۆزدەبێت، ئاوێتەبوونێک، کە زۆرجار دەبێتە هۆی لێڵبوونی وێنە و جووڵەکردنی لەنێوان عەقڵ و هەستدا و لەنێوان بیرۆکە و ئاڕاستە و ململانییە دەروونییەکاندا، بۆ ئەوەی ببێتە تێکەڵەیەک لە هەست و خەیاڵ و وەگەرخستنەوەی عەقڵی وشیار بە کرداری نەست.)(طبانە، ١٩٨٤: ١٢٣) دواجاریش ئەم جۆرە وێنانە هەمان ئەو کاریگەرییە دەروونییانە لەسەر خوێنەر دروستدەکەنەوە، چونکە (خوێنەریش لەڕێی شیکردنەوەی ئەم دەقە شیعرانەوە هەست و نەستە حەشاردراوەکانی بەم دێڕە شیعرانە دەسپێرێت و بە خەیاڵ خۆی ئازاددەکات لە هەموو شتە چەپێنراوەکان.)(عیسا، ٢٠٠٩: ٧٢) بەم شێوەیە نەست وەکوو ڕەگەزێکی گرنگ بەشداردەبێت لە درووستکردنی وێنە هونەرییەکاندا، بەو مانایەی لایەنە شاراوەکانی دنیا تایبەتی و گشتییەکەی شاعیر، کە کەوتوونەتە قوڵایی ناخی شاعیرەوە لە دنیا پەنهانەکەیدان، لە هەندێ باری تایبەتیدا سەردەکەونەوە و لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری وەکوو هەست و سۆز و خەیاڵ، پێکەوە بەشداری لە درووستکردنی وێنەی هونەریدا دەکەن.

دەبێت شاعیر ئاگای لەوەبێت، کە ئەم ڕەگەزانە هەموویان پێکەوە دەبنە هۆی دروستکرنی وێنەی هونەری. نابێت هەندێکیان بایەخێکی زیاتریان پێبدرێت و هەندێکی تریان فەرامۆش بکرێن، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی دروستکردنی وێنەیەکی هونەری تاڕادەیەک ئاست نزم.

## ٢/ (بەشی دووەم) جۆرەکانی وێنەی هونەری لە شیعری (سالم) دا

### ٢/ ١. وێنەی هونەری لەڕووی چۆنییەتیی بنیاتنانەوە

شیعر دەربڕی هەست و سۆزەکانی مرۆڤە، لەوەتەی مرۆڤیش بوونی هەیە خاوەنی هەست و سۆزبووە، ئەمەش بێگومان دەلیلی کۆنی شیعرە، واتا لەو کاتەوەی مرۆڤ لەم گەردوونەدا دەژی لەڕێگەی شیعرەوە هەست و سۆزەکانی خۆی دەربڕیوە، ئەمەش گومانی تێدانییە بۆ پێش سەردەمی خوێندەواری و نووسین دەگەڕێتەوە. ئەوەش ڕوونە، کە شیعر بەبێ بوونی وێنە خاڵی دەبێت لە شیعرییەت، چونکە (شیعر، بەبێ وێنە نابێتە شیعر و وێنە سەنتەری بنیاتی شیعرە)(کبابە، ١٩٩٩: ٧) و(ڕەنگدانەوەی واقیعی دەوروبەری مرۆڤە.)(Безруков, 2009: 14) بەو مانایەی (ئامرازی ڕەنگدانەوەی واقیعە، وێنەیەکی گشتیی ژیانی مرۆڤە، کە بایەخی جوانی هەیە.) (Шахбаз, 2010: 8) ژیانی مرۆڤیش هەمەڕەنگە و زۆرجۆر و شێواز و لایەنی جیاوازی هەیە، هەر ئەمەش وادەکات، وێنەش جۆری زۆر و شێوازی هەمەڕەنگی هەبێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە زۆریی و جیاوازی قوتابخانە و ڕێبازە ئەدەبییەکان، کە لە شیعر و وێنەی هونەرییان کۆڵیوەتەوە، وای کردووە، (چەمکی وێنە لە چوارچێوەی زانستی جیاوازدا دەرکەوتووە، کە هەموویان مێژوویەکی درێژیان لەگەڵ ڕێکخستنی ئەم چەمکەدا بڕیوە و بۆ شیکردنەوەی پشتیان بە ڕێبازی جیاواز بەستووە.)( Наумова, 2009: 8) دواجار جۆر و شێوازی جیاوازی وێنەی هونەری لەو شیکاریانەوە بەدەرکەوتوون. ئێمەش هەوڵدەدەین جۆرەکانی وێنەی هونەری لەشیعری (سالم)دا بخەینەڕوو. لێرەدا جۆرەکانی وێنە لەڕووی چۆنییەتیی بنیاتنانیانەوە باس دەکەین، کە لای توێژەران دابەشکراوە بەسەر هەرسێ جۆری (وێنەی تاک، وێنەی لێکدراو، وێنەی گشتی).

### ٢/ ١- ١. وێنەی تاک Singular image

ئەم جۆرە لەڕووی چۆنییەتی بنیاتنانەوە ساکارترین جۆری وێنەیە، بەوەی لە بنیات و پیکهاتنەوە تاکە وێنەیەکی بچوکی سەربەخۆی واتادارە و بە یەکگرتنی لەگەڵ وێنەیەکی تاکی تردا وێنەی لێکدراو دروستدەبێت. دواجاریش لە وێنە لێکدراوەکانەوە وێنەی گشتیی دەقەکە پێکدێت. ئەم جۆرە وێنە، بایەخێکی گەورەی هەیە، چونکە شاعیر سەرەتا بۆ باسکردنی واقیعی ژیانی خۆیی و لایەنە دەروونی و هەڵچوونەکانی لەڕێگەی پەیوەندییە هەستی و ژیرییە تایبەتەکانییەوە پەنا بۆ ئەم جۆرە وێنەیە دەبات و دواتریش بەهۆی یەکگرتنیانەوە لەگەڵ وێنەی تاکی تر، لە بنیاتی وێنەی لێکدراو و ئاڵۆز و گشتیی دەقەکەدا بەشداری دەکات. هەر ئەمەش وادەکات، کە سوودێکی زۆر لە

وێنەی تاک وەربگیرێت بۆ شیکردنەوە و تێگەشتن لە وێنە ئاڵۆزەکان، چونکە لە بنیاتی وێنە ئاڵۆزەکاندا وێنەی تاکی جۆراوجۆر هەیە. بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، کە وێنەی تاک لەدەرەوەی وێنەکانی تری دەقەکە هیچ بایەخێکی نییە، (چونکە وێناکردنێکی بەشیی دیاریکراو پێشکەش دەکات و دەچێتە ناو بنیاتی وێنەی گشتیی، کە لە کۆمەڵێک وێنەی تاک، بنیاتێکی توندوتۆڵی لەڕێگەی پەیوەندییە ژێریی یان دەروونی یان ئەندامی یان لۆژیکییەکانەوە پێکهێناوە، گەر وێنەی تاک لەکۆی وێنەکانی تر دابڕا، ئەو کاتە ئەم وێنەیە ڕۆڵە زیندووەکەی لە چوارچێوەی وێنە گشتییەکەدا لەدەستدەدات، چونکە وێنەی تاک بە کۆمەڵێک پەیوەندی دیاریکراوەوە لە چوارچێوەی گشتیی قەسیدەکەدا بە وێنەکانی ترەوە بەستراوەتەوە.)(محمد، ١٩٩٩: ٣٣)

ڕاستە وێنەی تاک وێنەیەکی بچوکی سادەیە، بەڵام وێنەیەکی چالاکە و ڕۆڵی گەورەی لە بنیاتی وێنەی گشتیی دەقەکەدا هەیە، ئەمەش لەبەرئەوەیە، کە ((ڕۆڵ دەبینێت بەگونجاندنی لەگەڵ وێنە تاکەکانی تردا، هەروەها لە درووستکردنی ڕووی کۆتایی وێنەی شیعری، کە لەڕێگەیەوە ئەزموونەکانی دەردەبڕێت، چونکە توانایەکی بەرزی لەسەر پێشکەشکردنی ناوەڕۆکە دەروونییەکان و ڕەهەندە ژێرییەکانی ئەزموونی شیعری هەیە.)(طه الطائي، ٢٠٠٥: ٢١٧) لە بنیات و پێکهێنانی وێنەی تاکدا چەند شێوازێکی جیاواز بەشداری دەکەن، کە بریتین لە:

## ٢/ ١-١-١. شێوازی هەستگۆڕکێ Correspondance (تراسل الحواس)

شاعیران وەکوو هەر مرۆڤێکی ئاسایی لەڕێگەی هەر پێنج هەستەکانیانەوە لەگەڵ دنیای دەرەوە بەرکەوتنیان دەبێت، بەڵام لەوەدا خۆیان لەگەڵ خەڵکی جودا دەکەنەوە، کە وەکوو ئەوان هەستەکانیان بەکارناهێنن و بەو شێوازە گوزارشت لە هەستەکانیان ناکەن، چونکە بەکارهێنانی زمان لەو ئاستە ئاساییەدا تینوییەتی شاعیران ناشکێنێت، هەربۆیە بەدوای شێوازی نوێی دیکەدا دەگەڕێن تاکوو بتوانن بەهۆیەوە تەعبیر لەبارە دەروونییەکانیان بکەن. بەم شێوازە دێن ئەرک و سیفەت و ڕۆڵی هەستێک بە هەستێکی تر دەبەخشن، واتا پیشاندانی بارێکی تایبەت، کە خۆی لەڕێگەی بینین (چاو)وەوە دەبێت، ئەو دێت لەڕێگەی بیستن (گوێ)، چەشتن (زمان)، هەر هەستەوەرێکی ترەوە نیشانیدەدات. واتا (وەسفکردنی هەستێک لە هەستەکان بەسیفاتی درککراوەکانی هەستێکی تر.)(بابکر، ٢٠٠٠: ٢٧) ئەمەش یەکێکە لە شێوازەکان، کە لە بنیاتی پێکهێنانی وێنەی تاکدا ڕۆڵ دەبینێت. ئەم شێواز و (ئامرازەش بە ئامرازەکانی هەردوو قوتابخانەی هێماگەری و سیریالی هەژمار دەکرێت.)(البطل، ١٩٨٠: ٢٠) هەروەها (هەستەکان بەو شێوەیەی، کە پێوەرێکی ڕەخنەیی بێت بەستراوەتەوە بە سەردەمی نوێوە، شاعیری فەڕەنسی شارل بودلێر (١٨٢١-١٨٦٧ز) بەیەکەم کەس هەژمار دەکرێت، کە بە تیۆری باسی کردبێت و لە شیعرەکانیدا

جێبەجێی کردبێت، دەڵێت: ((جێگەی سەرسوڕمانە، کە دەنگ لە توانایدا نەبێت ئاماژە بە ڕەنگ بکات و ڕەنگەکانیش نەتوانن بیرۆکەیەک بدەن دەربارەی ئاوازێک، دەنگ و ڕەنگیش نەگونجاوبن بۆ دەربڕینی بیرۆکەکان!))(فارس، ٢٠٠٥: ١٩٢) واتا پێدانی ئەرک و سیفەتی بینینە بە هەستەوەری بیستن، یان هەستەکانی تر. بەم شێوازەش سەرنجڕاکێشتردەبێت، چونکە ڕەنگ و دەنگ و بۆن هەمان سەرچاوەی ویژدانییان هەیە، بەڵام کاتێک ڕۆڵەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن، کاریگەری نوێی دەروونی بۆ وەرگر بەدیدێنێت.

شاعیر، لەڕێگەی پێنج هەستەکەیەوە ڕۆژانە ئەزموون و زانیارییەکانی لەسەر شتەکانی دەوروبەری زیاددەبێت، کە بێگومان هەستی بیستن لەپێش هەموویانەوە دێت، دواتر ئەم زانیاریانە لە دەروونیدا لەگەڵ هەست و سۆزی تێکەڵ دەبێت و لە ڕێگەی زمانەوە بە شێوەیەکی جیاواز لەوەی لە واقیعدا هەیە، وێنەی داهێنراوی لێدروستدەکات، بە شێوازێک، کە توانای وروژاندنی گوێگری هەبێت. کاتێک شاعیر بە شێوەی هەستگۆڕکێ بیروبۆچوون و هەڵچوونەکانی لە چوارچێوەی وێنەی هونەریدا دەخاتەڕوو، ئەوە لە بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی هەستەکان بۆ ڕۆڵی بنچینەیی خۆیان دوور دەکەوێتەوە، ئەمەش بێگومان دەبێتە هۆی بەخشینی شێوەیەکی هێمایی لە دەربڕینەکانیدا، چونکە هەرخۆی وێنەی هونەری بە زمان دروستدەکرێت، بەڵام بێگومان ئەو زمانە زمانێکی ئاسایی نییە، هەربۆیە وێنەی هەستگۆڕکێ چێژ و خۆشییەکی زۆر جیاواز بە گوێگر و پەیامەوەرگر دەبەخشێت، ئەمەش لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا بەهۆی لادان لە زمانی باوەوە دروستبووە. سالم یەکێکە لە کەڵە شاعیرانی ئەدەبی کلاسیکی کوردیی، کە توانا و سەلیقەیەکی بەرزی لە خوڵقاندنی ئەم جۆرە وێنانەدا هەبووە و لە گەلێک دێڕە شیعری دیوانەکەیدا ڕۆڵی هەستەکانی گۆڕیوەتەوە و بە سەلیقەیەکی بەرزی وەها پێکیهێناوە، کە هەم وێنەی تاکی پێخوڵقاندووە، هەمیش لە ئاستێکی بەرزدا کاریگەرە لەسەر دەروونی خوێنەر. ئەوەتا لە دێڕێکدا دەڵێت:

**ئەی طاسی بەدەن پڕ فەرەحی لەذذەتی نامت!**

**وەی داغی دڵی خەستە، نەمەک سوودی کەلامت!** **(سالم، ٢٠١٥: ٢٠١)**

لەم دێڕەدا شاعیر (نام) ناوی هێناوە، کە خۆی (وشە)یە و لە پیت درووستبووە و پیتیش بە دەنگ گۆدەکرێت و بەر هەستی بیستن دەکەوێت، بەڵام ئەو خستوویەتییە سەر وشەی (لەذذەت)، کە تامە و خۆشییە و بەر هەستی چەشتن دەکەوێت، هەر لەنیوە دێڕی یەکەمدا شاعر (بەدەن) لەشی ئەو کەسەی بە (طاس) پیاڵەی مەی چواندووە، دەبینین بەیارمەتی چواندنی ڕەوان و بەهۆی هەستگۆڕکێوە وێنەیەکی هونەریی تاکی خوڵقاندووە، کە لەزەتی ناوی (مستەفا بەگی کوردی) لە پیاڵەی بەدەنیدا و قسەکانیشی، کە وەکوو خوێ بەسوودن بۆ غەمی دڵ، دڵخۆشییەکی گەورەن بۆ سالم. لە دێڕێکی تردا دیسان (نەمەک) لە درووستکردنی وێنەیەکی هونەریدا بەکارهێناوە، دەڵێت:

**نەمەکی ڕیتە برینم نەمەکین ڕوویی مەلیح**
**لالّی کردم لە کەلاما بە عیباراتی فەصیح** **(سالم، ٢٠١٥: ٢٤٧)**

لەم دێڕەدا شاعیر، (نەمەکین ڕوو)ی بەکارهێناوە، کە درکەیە لە (ڕووخساری جوان). لە کوردەواریدا بۆ ئەو ڕووخسار و دەموچاوانە بەکاردەهێنرێت، کە مرۆڤ بۆ خۆیان ڕادەکێشن و تاسەت لێیانناشکێت، ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگ بێت ئەوەیە، کە ڕووخسار شتێکە بەر هەستی بینین یان بەرکەوتن دەکەوێت، بەڵام شاعیر خستوویەتییە سەر تامی (سوێر) شۆر، کە ئەمەش بەر هەستی چەشتن دەکەوێت. واتە ڕووخسار، کە خۆی دەبوایە بە هەستی بینین یان بەرکەوتن پەسنبکرایە، کەچی بە هەستی چەشتن وەسفکراوە، بەو شێوەیە، هەستگۆڕکێ لە هەستی بینینەوە بۆ هەستی چەشتن کراوە. بەمەش شاعیر بەیارمەتی هەستگۆڕکێ و درکە وێنەیەکی هونەری تاکی خوڵقاندووە. بەو مانایەی، کە لەیەککاتدا ئارامگرتن لەبەردەم ڕوخسارێکی جوان و دەربڕینێکی شیریندا ئەستەمە. لە دێڕێکی تردا هەستی بەرکەوتن و بیستنی بە چەشتن دەربڕیوە و دەڵێت:

**لە وەصڵا بۆسە شیرینە، لە هیجرا تەڵخە ئەحواڵم**
**لە چاوی عیشقی یارا قیسمەتم هەم زەهرە، هەم نۆشە** **(سالم، ٢٠١٥: ٧٧٢)**

شاعیر وشەی بۆسە (ماچ)ی بەکارهێناوە، کە خۆی بەر هەستی بەرکەوتن دەکەوێت، بەڵام ئەو داویەتییە پاڵ یەکێک لە تامەکان، کە (شیرین)ە، بەمەش هەستگۆڕکێی لەنێوان هەستی بەرکەوتن و چەشتندا کردووە. بێگومان لە دێڕەکەدا بەیارمەتی شێوازی ئاڵوگۆڕکردنی درکپێکراو و بەتایبەتی بەیارمەتی بەتەنکردن وێنەی تری دروستکردووە، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانبوو ئەو وێنە تاکە بوو، کە بەیارمەتی شێوازی هەستگۆڕکێ خوڵقاندبووی. شاعیر لەبارێکی بەراوردکاریدا زۆر بەجوانی بارودۆخی خۆیی لە دوو حاڵەتی دژ و پێچەوانەی یەکدا پیشانداوە، ئەوانیش لە کاتی (وەصڵ) بەیارگەشتندا، ماچ (شیرین)ە و کاتی (هیجر) لەیار دابڕاندا ئەحواڵی (تەڵخ)ە، بەمەش سوودی لە دژیەکی فەرهەنگیی وەرگرتووە و بە یارمەتی هەستگۆڕکێ وێنەیەکی هونەریی تاکی خوڵقاندووە. لە دێڕێکی تردا هەستی بینین و بیستنی بە چەشتن دەرخستووە و دەڵێت:

**دەدا هەردەم شەکەرخەندت، ئەمەرقەند**
**بە قوربانی شەکەرخەندت، سەمەرقەند** **(سالم، ٢٠١٥: ٢٥٦)**

شاعیر وشەی (شەکەرخەند)ی بەکارهێناوە، کە مەبەستی پێکەنینێکی جوانە، بەڵام نەهاتووە بڵێت: پێکەنینە جوانەکەت بەرهەمی شیرینی وەک قەندم پێدەدات، چونکە پێکەنین بە چاو دەبینرێت، بۆیە دەکرێ بە جوان یان ناشرین پەسنی بدرێتەوە، هەرچەندە دەکرێ لەهەمان کاتدا بەر هەستی بیستنیش بکەوێت، بەڵام لە جێگای جوان (شەکر)ی بەکار هێناوە، شەکریش بەر هەستی چەشتن

دەکەویت، بەم شێوەیە شاعیر هەستگۆڕکێی کردووە لە بینین و بیستنەوە بۆ چەشتن و وێنەیەکی تاکی پێ خوڵقاندووە. بەڵام لەراستیدا ئەمە لە داهێنراوی تایبەتیی شاعیر نییە و لە گفتوگۆی ڕۆژانەشدا خەڵکی بەکاری دەهێنن. شاعیر بۆ زیاتر ڕازاندنەوەی وێنەکە کۆتایی نیوە دێڕەکانی بە دوو وشەی (ئەمەرقەند، سەمەرقەند) هێناوە، کە یەکەمیان بەرهەمی وەک قەند و دووەمیشیان، شاری سەمەرقەندی تورکمانستانە و ڕەگەزدۆزییەکی ناتەواوی جودای جوانی لە نێوانیاندا درووستکردووە. لە وشەی (شەکەرخەند)دا لێکچواندن کراوە، (خەندە) چوێنراوە بە (شەکەر). بەم شێوەیە شاعیر بە پشتبەستن بە لێکچواندنی ڕەوان و بە سوود وەرگرتن لە هەستگۆڕکێ وێنەیەکی تاکی  داهێنراو و زۆر جوانی دروست کردووە. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمان کرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بە پێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ٣٢، د:  ١٣)، (ل: ٣٣، د: ١٦)، (ل: ٨٨، د: ٤)، (ل: ٩١، د: ٦)، (ل: ١٠٣، د: ٣)، (ل: ١٩٩، د: ٤)، (ل: ٢٠٢، د: ٥)، (ل: ٢٢١، د: ٧)، (ل: ٢٦٠، د: ٨)، (ل: ٢٦٨، د: ٤)، (ل: ٦٠٤، د: ١)، (ل: ٧٢٧، د: ٤)، (ل: ٧٣٦، د: ٢)، (ل: ٧٥٨، د: ٨)، (ل: ٧٦٥، د: ٢)، (ل: ٧٦٩، د: ٧)، (ل: ٨٥٨، د: ٩).

### ٢/ ١-١-٢.  شێوازی ئاڵوگۆڕکردنی درکپێکراو The reciprocate style (تبادل المدركات)

یەکێکی تر لەو ڕێگایانەی لە بنیاتی وێنەی تاکدا بەشداری دەکات، شێوازی ئاڵوگۆڕکردنی درکپێکراوە، واتا ئاڵوگۆڕ لەنێوان درکپێکراوە هەستی و واتاییەکاندا دەکات، بۆ ئەمەش پشت بە هونەری چواندن و خواستن و تایبەتمەندییەکانی ئەو دوو هونەرە، کە خۆیان لە بەکەسکردن و بەرجەستەکردن و بەتەنکردندا دەبیننەوە، دەبەستێت، (عبدالرحمن بدوی) دەڵێت: ((ئەرەستۆ، بەر لە هەمووان و بە نزیکەی ٢٥ سەدە پێش ئێستا درکی بە تواناى هونەری و جوانی و زیندوێتی خواستن کردووە، بەتایبەتی ڕۆڵی بەکەسکردنی شتە بێگیان و واتاییەکانی بە نموونەی شیعرەکانی هۆمیرۆس پیشانداوە.))(أرسطو، ١٩٨٠: ٢٢٤-٢٢٥)  شاعیر لەم شێوازەدا لادان لە زمانی باو، پەیرەودەکات و لە ئاستێکی بەرزتر و باڵاتر لە زمانی ئاسایی بەکاری دەهێنێت. وشە دوورە لە واتا فەرهەنگییەکەی، لێرەدا لادان لە ئاستی واتایی، شوێنی بەکارهێنانی واتای فەرهەنگیی دەگرێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی وروژاندنێکی زیاتری پەیامەوەرگر و خوێنەر. سەرئەنجامیش شێوازێکی سەرنجڕاکێشە، کە شاعیر لە بنیاتی وێنەی هونەری تاکدا، پشتی پێدەبەستێت. بۆ ئەوەی ئەمەش بەدیبێت شاعیر کۆمەڵێک شێواز و میکانیزم پەیڕەودەکات، کە لە خوارەوە دەیانخەینە ڕوو.

## ٢/ ١-١-٢-١. بەکەسکردن Personification (التشخیص)

لە زمانی ئینگلیزیدا، زاراوەی (Personification) لە چاوگی (Personify) وە وەرگیراوە، کە خۆی لە وشەی (Person) وە هاتووە و بە مانای (کەس، مرۆڤ) دێت.)(داراب پور و گبانچی، ١٣٩٥: ٦٠٧) بەکەسکردن، شێوەیەکە لە ئاڵوگۆڕکردنی درکپێکراو، کە لە بنیاتی وێنەی تاکدا بەشداری دەکات. بریتییە لە بەخشینی سیفەت و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ بە کەرەستەی سروشت و لایەنە ژیرییەکان و هەڵچوونە دەروونییەکان، کە ئەمەش لە ئەندێشەی شاعیردا ڕوودەدات و ڕۆحییەتی مرۆڤیان بەبەردا دەکات. بەمەش (یەکێکە لە جوانترین شێوازەکانی وێنەی هونەری لە شیعردا، کردارێکە لە ئاوەزی شاعیردا بەرانبەر بە شتە بێگیانەکان لەڕێگای هێزی وێناکردنەوە جووڵەیان پێدەبەخشێت)(کدکنی، ١٣٧٥: ١٤٩) و (لەئەنجامدا کاتێک لە دەرگای چاوی ئەوەوە سەیری سروشت و شتەکان دەکەین، لێوانلێون لە ژیان و جووڵە.)(بهمنی و شادی، ١٣٩٠: ١٩)

لەم جۆرە وێنانەدا شاعیر وەها هەڵسوکەوت لەگەڵ بوارە واتاییەکان و شتە سروشتییەکاندا دەکات، کە توانای ئازار و خۆشی چەشتنیان هەیە، ئەمەش بێگومان (توانای شاعیرە لە فراوانکردن و بەخشینی سیفەتە مرۆڤایەتییەکان و سیفەتی کەسە زیندووەکان بەسەر هەموو هەستپێکراوە ماددی و مەعنەوییەکاندا، هەوڵدانی شاعیرە، کە ژیان ببەخشێتە ئەوەی ژیانی تێدانییە و سیفەتە کەسییەکان لەبەری بێگیانەکان بکات و وا خەیاڵ بکات، کە مرۆڤن و قسەدەکەن و دەجوڵێن و ئازاردەکێشن و هەموو سیفەتی کەسەکانیان تیدایە.)(الخلیل، ٢٠١٤: ٢٧٢-٢٧٣) شاعیر ئەمە بۆ ئەوە دەکات، تاکو کار لە دەروونی پەیامەوەرگر بکات و واهەست بکات، کە وێنەکەی بینیوە. چونکە (بەکەسکردن، پرۆسەیەکی دەروونییە، پیشەی کاریگەرییە لە دەروونی وەرگر و وروژاندنی هەڵچوونەکانی لەڕێگەی بەکەسکردنی واتا پەتییەکان لە وێنەیەکی هەستیدا، کە وا لە وەرگر بکات خەیاڵی وێنەکە بکات.)(الطربولی، ٢٠٠٥: ١٨٠) بەکەسکردن، سیفەتێکی زۆر لە مێژینەی مرۆڤە و لە سەردەمی دروستبوونی ئەفسانەکانەوە مرۆڤ بۆ تێگەشتنی لە سروشتی دەورووبەری خۆی لە شیعر وچیرۆک و داستان و ئەفسانەکاندا کەرەستەکانی بەمرۆڤ کردووە و لەگەڵیاندا دوواوە و لایەنی دەروونی خۆی پێ ئارام کردۆتەوە، ئەمە جگە لەوەی ئەفسانەکان ئاستی تێڕوانینی کۆمەڵمان بۆ دەردەخەن، چونکە (ئەفسانە، گوزارشتی کۆمەڵە لەبارەی کۆمەڵگاوە و دەربڕینێکە، کە کۆمەڵگا خۆی دەیدات بە حەقیقەتی باوەڕپێنەکراو.)(Доманина, 2014: 12) هەربۆیە، بەکەسکردن، بەڕادەیەک لە قوڵایی مرۆڤدایە، کە زۆرجار وەکوو غەریزەیەکی مرۆڤ قسەی لەسەر کراوە، وەکوو ئەوەی مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە حەز بەوەدەکات، شمەک و کەرەستەکانی دەروروبەری خۆی بەقسە بهێنێت و ئازار و پێکەنین و گریانیان پێبدات و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات.

کاتێک شاعیر لەڕوانگەی بەکەسکردنەوە وێنە هونەرییەکانی بنیات دەنێت، ئەوە دەیەوێت بیر و هەڵچوونەکان و شتە هەستییەکانی دەوروبەری زیاتر ئاشکرابکات. هەتا شاعیر لەمەدا لێهاتووتربێت، ئەوە بە شاعیرێکی سەرکەتووتر دادەنرێت، چونکە (شاعیری ڕاستەقینە ئەو شاعیرەیە، کە توانای ئاشکراکردن و ناساندنی بگاتە ئەوپەڕی ڕادە)(ضیف، ١٩٧٦: ١٧١) و پەیامەرگر بەتەواوی هەست بەوەبکات، کە لە وێنە هونەرییەکەدا ڕووبەڕوی مرۆڤ وەستاوە. سالم توانایەکی بەرز و گەورەی لە پێدانی سیفەتی کەسیی بە درکپێکراوە هەستی و واتاییەکان هەبووە، توانیویەتی لە بنیاتی وێنەی تاکدا سوودی لێ وەربگرێت و گەلێک وێنەی هونەریی تاکی داهێنراوی پێبخوڵقێنێت. ئەو لە دێڕێکدا دەڵێت:

**بەدرەقەی میحنەت نومایە، شاطری تەقدیر مودام**

**دەستکەشمە و پێشڕە و، دەمبا بە مەنزڵگای بەڵا** **(سالم، ٢٠١٥: ٤٣)**

لەم دێڕەدا شاعیر وشەی (تەقدیر) قەدەر، یان چارەنووسی بەکارهێناوە، کە چەمکێکی واتاییە و لەڕێگای ژیرییەوە درکی پێ دەکەین و لێی تێدەگەین، بەڵام شاعیر چواندوویەتی بە (بەدرەقە) ڕابەر و (شاطر) تەتەر، کە (ناوی بکەر)ە، ئەمە جگەلەوەی سیفەتی (دەستکەشمە) دەستگرتنی خستۆتە پاڵی و بەکەسی کردووە. بەمەش لە ڕێگەی چواندنی کۆ و بە سوودوەرگرتن لە بەکەسکردن، وێنەیەکی هونەریی تاکی بۆ خوڵقاندووین. لە کۆتایی نیوەدێڕی دووەمدا، شاعیر (مەنزڵگای بەڵا)ی بەکارهێناوە، کە گوایە، قەدەری شاعیر وەکوو ڕابەر و تەتەر دەستیان گرتووە و بردوویانە بۆ شوێنێکی بچوک، کە بۆ ماوەیەکی کەم تێیدا ماوەتەوە، بەڵام چ شوێنێک؟ شوێنێک، کە بەڵا و ناخۆشیی بەسەر شاعیردا هێناوە. ئەمەش وەک لەتەواوی دەقەکەدا دەیبینین، شاعیر مەبەستی لە ماڵی ئەو عەرەبەی شاری حیللەیە، کە خۆی و ئەسپەکەی بۆ شەوێک لەوی ماونەتەوە. لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**گەردنی دڵ کەوتە ژێر سەنگی فیراق و "سالم"ە!**

**وای لە ژێر ئەم کێوەدا، چەند مەحکەمە و چۆن نانەوێ؟** **(سالم، ٢٠١٥: ١٠٢٨)**

شاعیر وشەی (دڵ)ی بەکارهێناوە، وەک ئاشکرایە، دڵ خۆی ئەندامێکی جەستەی مرۆڤە، بەڵام شاعیر لێرەدا گەردنی خستۆتە پاڵی، گەردنیش یەکێکە لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ. بەم پێیە دڵی بە کەس کردووە، بەم شێوەیە شاعیر لەڕێگەی خواستنی شاراوەوە، کە (دڵ) بۆخواستراوەکەیەتی و بەیارمەتی بەکەسکردن، وێنەیەکی هونەریی تاکی خوڵقاندووە، کە تێیدا ئاستی قورسی و نارەحەتی جیابوونەوەی لەگەڵ دڵبەردا پیشانداوە. ئەمە جگە لەوەی (فیراق) جیابوونەوە، کە چەمکێکی واتاییە و بەهۆی ژیریی و عەقڵەوە لێی تێدەگەین چواندووە بە سەنگ (بەرد)، بەهۆی بەتەنکردنەوە، وێنەیەکی هونەریی تاکی تری خوڵقاندووە. ئەوەی لەم دێڕەدا وێنە

هونەرییەکەی جوانترکردووە، وشەی (سالم)ـە، چونکە پۆشینێکی دروووستکردووە، کە لە چوارچێوەی پەیوەندی هاونشینیی نێوان وشەکانی دراوسێیدا واتای (تەندروست)ی وەرگرتووە، ئەمە جگە لەوەی، کە ئەم دێڕە کەوتۆتە کۆتا دێڕی شیعرەکەوە، وەکوو نەریتێکیش شاعیرانی کلاسیک (نازناو)ی خۆیان وەکوو مۆرێک بۆ ناسین و خاوەنداریێتیکردنی شیعرەکە لە کۆتا دێڕ دەدەن، ئەمەش وایکردووە، کە (سالم) لەوێدا واتایەکی دووریش وەربگرێت، کە مەبەستی خۆیەتی، ئەمە جگەلەوەی کە لە قوڵایی واتاکەدا شاعیر مەبەستیتی بڵێت: ئەو کەسەی دڵی کەوتۆتە ژێر زەخت و فشارێکی قورسی جیابوونەوە، ئەوە خودی (سالم)ی شاعیرە. هەندێکجار شاعیر غونچەی بە کەس کردووە و دەڵێت:

**لە باغا غونچە دڵتەنگە لە حەسرەت غونچەیی لێوت**

**گەریبان چاک ڕوواوە گوڵ لەبەر شەوقی گەریبانت** **(سالم، ٢٠١٥: ٢١٢)**

لێرەدا وشەی (غونچە)ی بەکارهێناوە، کە ڕووەکە. بەڵام (دڵتەنگی)، کە سیفەتی مرۆڤە، دراوەتە پاڵی، بەم پێیە غونچە بە کەسکراوە. لەمەشدا سوودی لە خواستنی ئاشکرا وەرگرتووە و بەیارمەتی بەکەسکردن وێنەیەکی هونەریی تاکی نوێی خوڵقاندووە. هەر لە نیوە دێڕی یەکەمدا شاعیر بەسوودوەرگرتن لە بەڕووەککردن لێوی یاری بە غونچە چواندووە. لە هەردوو نیوە دێڕەکەدا، هەم ئەوەی، کە غونچە لە حەسرەتی جوانی دەمی یاردا دڵی تەنگبووە، هەمیش ئەوەی نیوە دێڕی دووەم، کە گوایە، گوڵ بۆیە بە پارەپارەیی ڕوواوە، چونکە مووی جوانی سەر سینگی یاری لە یەخەی دادڕاوەوە بینیوە، (جوانی بایس)ن. بەمەش شاعیر بەیارمەتی ئەو هونەرانەی باسمانکرد دوو وێنەی تاکی خوڵقاندووە. شاعیر لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**ئەبەد وەک من غەمیش صاحیب وەفایە**

**ڕەفیق و هەمدەمی دێرینە بێ تۆ** **(سالم، ٢٠١٥: ٧٢٧)**

لە نیوە دێڕی یەکەمدا وشەی (غەم) هاتووە، کە چەمکێکی واتایە و بەهۆی ژیرییەوە دەتوانین لێی تێبگەین. شاعیر چواندوویەتی بە (من)، کە جێناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی یەکەمی تاک و مەبەست لە خودی شاعیرە. ڕووی لێکچوونی نێوان شاعیر و غەمیش، بوونی وەفایە لە ڕەفیقایەتیدا، بەو مانایەی لە غیابی دڵبەردا (غەم) هاوڕێیەکی وەفاداری شاعیرە و جێیناهێڵێت. بەو شێوەیە غەم بەیارمەتی لێکچواندنی درێژەی بەربڵاو بەکەس کراوە. واتا شاعیر بەهۆی بەکەسکردنەوە وێنەیەکی هونەریی تاکی خوڵقاندووە، کە تاڕادەیەک وێنەیەکی دووبارەیە. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمان کرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ٤٣، د: ٣)، (ل: ٩٠، د: ٣)، (ل: ٢٢٠، د: ١)، (ل: ٢٦٧، د: ٣)، (ل: ٢٩٧، د: ٣)، (ل: ٣٠٤، د: ٣)، (ل: ٤٣٩، د: ١٠) (ل: ٤٦٩، د: ١)، (ل: ٧٧٨، د: ٤)، (ل: ٧٨٧، د: ٩)، (ل: ٧٨٩، د: ٥)، (ل: ٨٠٤، د: ٨)، (ل: ٨٩٩، د: ٣).

## ٢/ ١-١-٢-٢. بەرجەستەکردن Anthro pomorphism (التجسيد)

بەرجەستەکردن، پێدانی سیفەتی هەستپێکراوێکی جەستەدارە بەو شتە ژیریی و هەستییانەی، کە خاوەنی جەستەیەکنین، واتا بەهۆی ئەندێشەوە چەمکە واتاییەکان جەستەیەکیان بەبەردا دەکرێت، کە خوێنی تێدا بسوڕێتەوە و توانای جوڵەی هەبێت و بەر هەستی بینین بکەوێت. بەو مانایەی (واتا ژیرییەکان بکرێتە هەستپێکراو لەڕێگەی زیادکردنی جووڵەیەک لەسەر ژیرییەکان، پاش بەخشینی سیفاتی گیانلەبەرە جوڵاوەکان پێی، کە شتە ژیرییەکە هەمان هەڵسەوکەوتی مرۆڤ و ئاژەڵ و گیاندارەکانی دەبێت و وەکوو هەستپێکراوەکان دەبێت، دەبینرێت، دەبیسترێت، دەستی لێ دەدرێت، بۆن دەکرێت، تام دەکرێت.)(احمدی، ١٩٩٦: ١٦٩) بەڵام بێگومان وەکوو پێشتر باسی بەکەسکردنمانکرد، کە تایبەتبوو بە (کەس، مرۆڤ)ەوە، ئەوە لێرە بەرجەستەکردن باشتروایە تایبەت بێت بە جەستەی گیانلەبەرانەوە جگە لە مرۆڤ، چونکە جەستە لێرەدا مەبەست لە جەستەیەکە، کە خوێنی تێدا بجوڵێتەوە و توانای جووڵەی هەبێت. لەلای زۆر لە ڕەخنەگران، ڕووەکیش لەناو ئەم خانەی بەرجەستەکردنەدایە، بەو پێیەی ڕووەکیش توانای گەشە و بەرزبوونی هەیە و ئەو خوێنەش کە بە جەستەیدا دەگەڕێ، بریتییە لەو ئاوەی کە لەڕەگەوە بە دەمارەکانیدا سەریدەخات بۆ قەد و پەل و گەڵاکانی. بەڵام ئێمە پێمان باشە ڕووەکەکان لەناو خانەی (بەڕووەککردندا)بێت باشترە تا لە خانەی بەرجەستەکردن، چونکە جەستەیەکیان نییە، کە توانای جوڵە و ڕۆشتنیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر هەبێت. شاعیر ئەمە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی واتا دەکات، چونکە (بەرجەستەکردن، ڕوونکردنەوەی واتا و ئاشکراکردنی بە وێنەی هونەری، دەگەڕێتەوە بۆ توانای داهێنانیی شاعیر لە دروستکردنی وێنەیەکی دوور لە ڕێکخستنی باو، لەپێناو بەدیهێنای ئەوەدا، شاعیر پەنا دەباتە بەر بەرجەستەکردن و سیفاتە هەستییەکان لەبەر ژیرییەکان دەکات، بەشێوەیەک واتا دەردەکەوێت و ڕوون دەبێتەوە.)(ابراهیم، ٢٠٠٠: ٢٧٩) لە دیوانی سالمدا گەلێک وێنەی تاکی هونەریی بەرز و جوان خوڵقێنراون، کە شاعیر لە بنیاتی دروستکردنیاندا پشتی بە شێوازی بەرجەستەکردن بەستووە. ئەوەتا لە دێڕێکدا دەڵێت:

**سەگی نەفست لەسەر ڕێی تەوبەتا ئامادەیی جەنگە**

**بە قەصدی قەتلی ئەو، چابوک بکێشە تیغی ((بسم الله))** **(سالم، ٢٠١٥: ٢٥)**

وشەی (نەفس)ی بەکارهێناوە، کە چەمکێکی واتاییە و لەڕێگەی ژیرییەوە لێی تێدەگەین، ئەوەی زۆرجار مرۆڤ ئاراستەدەکات بۆ بەدیهێنانی حەز و خولیاکانی، ئەمەش بێگومان پێچەوانەی پەیڕەوی ئاینە ئاسمانییەکان و بەتایبەتی ئاینی ئیسلامە، چونکە ئەم ئاینە هەمیشە داوا لە پەیڕەوکەرانی دەکات، کە نەفسی خۆیان بەند بکەن و نەهێڵن تووشی هەڵەیان بکات. (سالم)یش پەیڕەوکەری ئەو ئاینەیە و تەواوی ئەم دەقە شیعرییە، کە لە قەسیدەیەکی (٢٥) بەیتی پێکدێت،

دەقێکی ئایینییە. لە دێڕەکەدا شاعیر (نەفس)ی بە (سەگ) چواندووە، وەک دەزانین (سەگیش) ئاژەڵێکە لە ئاینی ئیسلامدا تەنها بۆ پاسکردن و پاراستن دەبێت ڕابگیرێت و بە گڵاو سەیر دەکرێ. بەو شێوەیە شاعیر (نەفس)ی بە ئاژەڵکردووە و لەڕێگای (لێچواندنی ڕەوان)ەوە و بەپشتبەستن بە (بەرجەستەکردن)، وێنەیەکی هونەریی تاکی خوڵقاندووە. هەروەها لە کۆتای نیوەدێڕی دووەمیشدا لێکچواندنێکی ڕەوانی دیکەی بەیارمەتی بەتەنکردن کردووە و (بسم الله)ی بۆ لەناوبردنی خراپە بە (تیغ) چواندووە. لە دێڕێکی تردا شاعر زوڵفی دڵبەر بەرجەستەدەکات و دەڵێت:

**ئۆف لە ماری حەلقەیی زوڵفی سیای پڕ سیلسیلەت**

**دڵ لە نێشا ڕۆژ و شەو حاڵی وەکوو کوشتەی حەیە (سالم، ٢٠١٥: ٨٦٠)**

لێرەدا شاعیر زوڵفی ڕەش و پێچ پێچی یاری بە (مار) چوواندووە، کە گیانلەبەرێکی خشۆکی مەترسیدارە. بەمەش بەیارمەتی لێکچواندنی جەختاو و سوودوەرگرتن لە بەرجەستەکردن وێنەیەکی تاکی دروستکردووە، کە تاڕادەیەک وێنەیەکی دووبارەیە و پێشتر زۆربینراوە. بێگومان شاعیر مەبەستییەتی بڵێت من کوژراوی دەستی زوڵفە ڕەشەکانی دڵبەرم، هەروەک چۆن کەسێکی مارانگەستە شەو و ڕۆژ بەدەستی ئازاری شوێنی گەستنەکەوە حاڵی نەبێت. شاعیر لە دەقێکی تردا لە نەبوونی دڵبەردا غەم وەکوو هەڵۆ هێرشی بۆ دێنێت و دەڵێت:

**لە چنگ غەم صەیدە سالم وەک کەبووتەر!**

**لە دڵیا میخلەبی شاهینە بێ تۆ (سالم، ٢٠١٥: ٧٢٨)**

لێرەدا وشەی (غەم) هاتووە، کە چەمکێکی واتاییە و لەڕێگەی ژیرییەوە دەتوانین لێی تێبگەین، بەڵام شاعیر کردوویەتی بە شتێکی بەرجەستەی زیندوو، کە چنگی هەیە، ئەویش (شاهین) هەڵۆیە. دەبینین لەم دێڕەدا لە غیاب و ڕۆشتن و نەبوونی یاردا (غەم) وەکوو هەڵۆ هێرش بۆ شاعیر دێنێت. بەمەش لەڕێگای بەرجەستەکردن و بەهۆی چواندنی ناڕاستەوخۆوە وێنەیەکی هونەریی تاکی بۆ درووستکردووین، کە تا ڕادەیەک وێنەیەکی دووبارەیە و پێشتر لای شاعیرانیتر بینراوە. هەر لە نیوەدێڕی یەکەمدا شاعیر خۆی چواندووە بە (کەبووتەر)کۆتر و وێنەیەکی تاکی تری خوڵقاندووە. لە دێڕێکی تردا شاعیر (قەڵەم)ی بەرجەستەکردووە و دەڵێت:

**قەڵەم سەرخۆشە "سالم" بۆ تەرەددود**

**لە تەعلیمی بەلاغەت، میثلی مەرکەب (سالم، ٢٠١٥: ١٥٨)**

شاعیر وشەی (قەڵەم)ی بەکارهێناوە، کە شتێکی هەستیی بێگیانە، دواتر (سەرخۆشی)، کە سیفەتێکی مرۆڤ و گیانلەبەرانە داویەتییە پاڵی، ئینجا لە کۆتایدا (قەڵەم)ی چواندووە بە مەرکەب (ئەوەی کە بۆ سواریی بەکاربهێنرێت لە چوارپێیان، بەتایبەتی ئەسپ)(عارف، ٢٠٠٩: ٨٦٠) کە

گیانداره، بەمەش بە یارمەتی لێکچواندن و بەهۆی بەرجەستەکردنەوە وێنەیەکی هونەریی تاکی جوان و نوێی داهێناوە، کە تێیدا وەسفی زمان و بەلاغەتی خۆی دەکات. قەڵەمی سالم، لە فێرکردنی بەلاغە بەوانی تر وەکوو ئەو ئەسپە ڕەسەنە سەرخۆشانە وایە، کە بە ئاسانی دێن و دەچن، ئەمەش بێگومان شانازیکردنێکی ئاشکرایە بە توانای بەلاغە و ڕەوانبێژی خۆیەوە. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ١٤٢، د: ١٤)، (ل: ١٥٧، د: ١)، (ل: ٤٠٢، د: ٢)، (ل: ٤١٠، د: ٤)، (ل: ٤٦١، د: ٤)، (ل: ٧٩٠، د: ١)، (ل: ٨٩٣، د: ٣)، (ل: ١٠٠٢، د: ١).

## ٢/ ١-١-٢-٣. بەتەنکردن Embodi ment (التجسيم)

بەتەنکردن، واتا بەتەنکردنی ئەو شتانەی ژیرین و تەن و بارستایی و قەبارەیەکیان نییە، لێرەدا شتە واتاییەکان لە وێنە هونەرییەکاندا وەها خۆیان نیشاندەدەن، کە تەنێکن و قەبارە و بارستاییەکیان هەیە و شوێنێک داگیردەکەن، بەو شێوەیە شاعیر بەهۆی ئەندێشەی فراوانییەوە بە ئاسانی دەتوانێت وێنای شتە ژیرییەکان لە خەیاڵ و دەروونی پەیاموەرگردا بە شێوەی هەستیی بنەخشێنێت. ئەمەش پێیدەوترێت: بەتەنکردن. هەموو شتە هەستییەکان بە مرۆڤ و گیاندار و دار و بەردەوە قەبارەیەکیان هەیە، بەڵام بێگومان تەن، نە بە مرۆڤ و نە بە گیانلەبەر ناوترێت، بەڵکوو بەو شتە بێگیانانە دەوترێت، کە قەبارە و بارستاییان هەیە و بەر هەستەکان دەکەون. واتا (بەتەنکردن، ئەوەیە، کە کراسی هەستیی لەبەر شتە ژیرییەکان بکرێت و لە بیرە گشتییەکان و هەست و سۆز و هەڵچوونەکان و لە ئەندێشەی وەرگردا بخرێنەڕوو.)(الجبوری، ١٩٨٧: ٨٧) شاعیر شتگەلی واتایی و ژیریی وەها نیشانبدات، کە قەبارەیەکیان هەبێت. لە دیوانی سالمدا گەلێک وێنەی هونەریی تاکی بەتەنکراو دەبینین، کە نیشانەی سەلیقەی بەرزی هونەریی شاعیرن، بۆ نمونە لە دێڕێکدا دەڵێت:

**مەکانی تیرە، وەک تەرکەش، لە غەمزەت قەلبی بیمارم**
**لە لەوحی سینە بۆ تیری نیگاهی غەیرە جا نابێ** **(سالم، ٢٠١٥: ٩٥٨)**

(غەمزە)، ناوی چاوگە و لە چاوگی (غەمزەکردن)ەوە وەرگیراوە، تەنێک نییە، کە قەبارەیەکی هەبێت و شوێنێک داگیربکات. شاعیر چواندوویەتی بە(تیر). لە نیوەدێڕی دووەمیشدا (نیگا)، کە ناوی چاوگە و لە چاوگی (نیگاکردن)ەوە وەرگیراوە، دیسان بە (تیر) چوێنراوە و هەر هەمان وێنەیە و بەیارمەتی لێکچواندن، کە لە یەکەمجاردا لێکچواندنی درێژەی بەربڵاو و لە دووەمیاندا لێکچواندنی ڕەوانە و لە ڕێگەی بەتەنکردنەوە وێنەکە درووستکراوە. جگە لەوانە لە نیوەدێڕی دووەمدا (سینە) بە (لەوحە) چوێنراوە. لەڕاستیدا هەردوو وێنە تاکەکانی ناو ئەم دێڕە، وێنەی

دووبارەن و پێشتر زۆر بەکارهێنراون. بەڵام گەر لە کۆی گشتیی وێنە هونەرییەکەی دێڕەکە بڕوانین، دەبین شاعیر، وێنەیەکی نوێ و داهێنراوی خوڵقاندووە، بێگومان ئەوەش نیشانەی سەلیقەی بەرزی هونەری شاعیرە، کە لە وێنە کۆنەکانی ئەوانی تر وێنەی نوێی هێناوەتەبوون. لە دێڕێکی تردا (غەم) شاعیر پەرێشان دەکات و دەڵێت:

**شەططی میحنەت هات لە سەردا، سەددی هۆشی ڕاڕفاند**

**بادی غەم لێم بو بە شەرکێ، جیسری شادیم تێک شکا** (سالم، ٢٠١٥: ٢٨)

لەم دێڕەدا چەندین وێنەی تاک بەیارمەتی بەتەنکردن درووستکراوە. لێرەدا کۆمەڵێک چەمکی واتایی هاتوون، ئەوانەش (میحنەت، هۆش، غەم، شادی)، کە هەموویان لەڕێگەی عەقڵ و ژیرییەوە دەتوانین لێیان تێبگەین. ئەوانە لەڕێگەی چواندنیان بە کۆمەڵێک شتی هەستیی، وەکوو (شەط، سەدد، با، جیسر)، بەتەنکراون. شاعیر بە سوودوەرگرتن لە هونەری لێکچواندن، بەتایبەتی لێکچواندنی بڵاو، کۆمەڵێک چەمک و درکپێکراوی ژیریی، چواندووە بۆ شتگەلێک، کە بەر درکپێکراوی هەستیی دەکەون، واتا خۆیان واتایین و شاعیر کردوونی بە تەن و بەر هەستەکان دەکەون. بەمەش چوار وێنەی تاکی بەیارمەتی بەتەنکردن درووستکردووە. لێرەدا نەگبەتی و مەینەتی وەک سەیل و ئاوی باراناوی زۆر، هۆش و فیکری شاعیر، کە وەکوو بەنداوبوو هەڵیتەکاند، هەروەها بای غەم و خەفەت هات و شادی و ئاسوودەیی شاعیر، کە وەکوو پردێک بوو تێکیشکاند. لە دێڕێکی تردا شاعیر پەسنێکی زۆر جوانی خۆشەویستی دەکات و دەڵێت:

**کەس بە سەرحەددی بیابانی مەحەببەت نەگەیشت**

**وەکو من سالیکی ئەم ڕاهە، هەموو حەیرانن** (سالم، ٢٠١٥: ٥٨٩)

مەحەببەت (خۆشەویستی)، کە خۆی چەمکێکی واتاییە و لەڕێگەی ژیرییەوە لێی تێدەگەین، شاعیر چواندوویەتی بە (بیابان)، کە تەنێکە، قەبارە و ڕووبەرەکەی دیارە. واتا بەیارمەتی لێکچواندن و لەڕێگەی بەتەنکردنەوە ئاستی بەرفراوانی خۆشەویستی بۆ ئێمە پیشانداوە و وێنەیەکی تاکی بەیارمەتی بەتەنکردن درووستکردووە. بێگومان لە کرۆکدا (بیابان) دالێکە، کە مەدلولی نارەحەتی و کەم ئاوی و وشکی و ناخۆشی تێدایە، ئەمەش دەلالەت لە خۆشەویستی و عیشق دەکات و قوربانیدانی پێویستە و ئەگەری مردن لەو ڕێگایەدا هەیە. لە ڕاستیدا پەیوەستکردنی خۆشەویستی بە بیابانەوە لە ئەدەبی دەوروبەر و لە ئەدەبی کوردیشدا وێنەیەکی دووبارەیە و دەبینرێت، بەڵام لیرەدا سالم وێنەکەی وەکوو ئەوانەی پێشوو دووبارە نەکردۆتەوە و هەندێک گۆڕانکاری تێداکردووە. لە وێنەیەکی تردا شاعیر داوادەکات خۆمان ڕادەستی (نەفس)مان نەکەین و ڕووبەڕووی ببینەوە، ئەوەتا دەڵێت:

**چوست و چابوک وەرە ڕێی دوشمنی نەفست "سالم"**
**صیدقە خەفتان و وضوو مەرکەب و شوکرانە سەلیح (سالم، ٢٠١٥: ٢٤٨)**

لەم دێڕەدا چوار وێنەی تاک دروووستکراوە، کە لە بنیاتەکەیاندا سوود لە بەتەنکردن وەرگیراوە. لێچووەکان، کە بریتین لە (نەفس، صیدق، وضوو، شوکرانە) هەموویان چەمکی واتایین و لەڕێگەی ژیرییەوە دەیان ناسین، لەبەرانبەردا هەموو لەوچووەکانیان، کە بریتین لە (دوشمن، خەفتان، مەرکەب، سەلیح) شتگەلێکن، کە بەر هەستەکانمان دەکەون. بەم شێوەیە شاعیر لەم دێڕەدا چەمکە واتاییەکانی چواندووە بە شتی هەستیی، ئەمەش بێگومان بۆ ئەوەی وێنەکە جوانتر و باشتر بگات بە خوێنەر. لە دێڕەکەدا جگە لە لێکچواندنی یەکەم، کە (نەفس) بە ( دوشمن) چوێنراوە و دوشمنیش دەکرێ مرۆڤ بێت، بۆیە ئەمەی لەڕێگەی بەکەسکردنەوە دروستکردووە، ئەو وێنە تاکەکانی تر هەموویان لەڕێگەی بەتەنکردنەوە خوڵقێنراون. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمان کردن، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ٥، د: ١٠)، (ل: ٩، د: ٣)، (ل: ١١، د: ٤)، (ل: ١٤، د: ٣)، (ل: ١٩، د: ٣)، (ل: ٢٠، د: ٤)، (ل: ٢٣، د: ٧)، (ل: ٢٨، د: ١)، (ل: ١٠١، د: ١)، (ل: ١٤٥، د: ١)، (ل: ١٦٤، د: ٧)، (ل: ٢٦٩، د: ٣)، (ل: ٤٠٧، د: ٦)، (ل: ٤٢٣، د: ٢)، (ل: ٤٣٧، د: ٥)، (ل: ٤٨٥، د: ٥)، (ل: ٦٩٤، د: ٦)، (ل: ٧٤٥، د: ٣)، (ل: ٧٨٠، د: ٢)، (ل: ٨٤٢، د: ٢)، (ل: ٩٥٩، د: ٥)، (ل: ٩٧٥، د: ٦).

## ٢/ ١-١-٣. شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ Direct description (الوصف المباشر)

شاعیر لە مرۆڤی ئاسایی زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری سروشت و دیمەن و دیاردەکانی دەوروبەری. بێگومان باشتریش لە مرۆڤی ئاسایی دەتوانێت تەعبیر لەو شتانەبکات، کە دەکەونە بەر زوومی کامێرای چاوەکانی. ئەمانەش بێگومان لە وێنەی هونەریدا پیشان دەدات، بۆ بنیاتنانی ئەو وێنانەش وشەی زمانەکەی بەکاردەهێنێت، بەڵام هەندێکجار ئەو وشانە بۆ واتا بنچینەیی و فەرهەنگییەکانی خۆیان بەکارناهێنێت و لە ئاستێکی هونەریی بەرزدا لە قاڵبی هونەرە ڕوونبێژییەکاندا بۆ واتای دیکە بەکاریان دێنێت، هەندێکجاری تریش لە شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆدا وشە بۆ مانا فەرهەنگییەکەی خۆی بەکاردێنێت و پەسنێکی ڕاستەوخۆی ئەو دیمەن و دیاردانەی پێدەکات، کە دەیانبینێت، بەو مانایەی دیمەنگەلێک بەر هەستەکانی شاعیر دەکەوێت و تێکەڵ بە هەست و سۆز و دەروونی دەبێت و دواجار لە وەسفێکی ڕاستەوخۆدا بەبێ بەکارهێنانی هونەرە ڕەوانبێژییەکان و بەتایبەتی هونەرەکانی چواندن و خواستن و درکە لە وێنەی هونەریدا، کە کوتومت لە وێنە واقیعییەکە ناچێت نیشانی دەکات. بەڵام ئەم جۆرە وێنانە بەباشی (ناتوانن سۆز بورژێنێن، چونکە خاوەنی شتێک لە خەیاڵ نین.)(التميمي، ٢٠٠٣: ١٣٣) بەڵام بێگومان وردیی

و هونەرمەندیی شاعیر ڕۆڵیدەبێت لەوەی ئەم شێوازە وەها لە بنیاتی وێنە تاکەکانی ناو هۆنراوەکەیدا بەکاربهێنێت، کە کار لە دڵ و دەروونی وەرگربکات و وێنەی جوان و سەرنجڕاکێشی پێ بخوڵقێنێت. لەم جۆرە وێنانەدا مەرج نییە شاعیر ئەو دیمەنانەی بەر هەستەکانی دەکەوێت وەکوو خۆی بیانگوازێتەوە، بەڵکوو زۆرجار تێکەڵ بە هەست و سۆز و خەیاڵ و وێژدان و نەستی شاعیر دەبێت و لە ئەنجامدا وێنەیەکی جیاواز لەوەی پێشتر دێتە بوون. سالم یەکێکە لەو کەڵە شاعیرانەی کورد، کە زۆرجوان توانیویەتی شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ لە بنیاتی وێنەی تاکدا بەکاربهێنێت و لە کامێرای چاوەکانییەوە سەلیقەی بەرزی خۆیمان نیشانبدات. شاعیر لە دێڕێکدا دەڵێت:

**خولاصە جێبەجێ بوون: ڕیزێ لە خوار، ڕیزێ لە ژوور**

**هێنایان هەر بە دوو کەس سینیێ یاپراخ و کەباب** **(سالم، ٢٠١٥: ١٥١)**

لێرەدا شاعیر لە پیشاندانی وێنە و دیمەنەکاندا هیچ کام لە هونەرە ڕوونبیژییەکانی بەکارنەهێناوە. بەڵکوو وشەکانی لەڕوانگەی واتا بنچینەیی و فەرهەنگییەکانی خۆیانەوە بەکاربردووە و وێنەی کاتی دانیشتنی لەسەر سفرە و خوان باسکردووە، کە خۆی لە دوو وێنەی تاکدا دەبینێتەوە، کە یەکەمیان: بە دوو ڕیز بەرانبەری یەکتر دانیشتوون. دووەمیشیان: بۆ هەردوو کەسیان سینییەک یاپراخ و کەبابیان هێناوە. ئەو زمانەی شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا وێنە هونەرییەکەی پێ دروستکردووە، زمانێکی سادە و بێگرێ و گۆڵە و قابیلی پیدانی چەند واتای جیاوازی نییە، بەڵکوو زمانێکی ڕاپۆرتییە لەسەر ئەوەی شاعیر لەو کۆڕ و کۆبوونەوەیەدا بەرچاوی کەوتووە، لە شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆدا دوو وێنەی تاکی درووستکردووە وێنەی دێڕەکەی پێ بنیاتناوە. یان لە وێنەیەکی تردا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ داوایەکی لە کۆتر هەیە ودەڵێت:

**وەصییەتنامەیی دڵ سوویی دڵبەر کێ بەرێ، پەنهان؟!**

**بە قوربانی پەڕت بم، ئەی کەبووتەر! وەختی یاریتە** **(سالم، ٢٠١٥: ٧٤٩)**

شاعیر بە شێوەیەکی راستەوخۆ و بەبێ پشتبەستن بە بەکارهێنانی هونەرە ڕەوانبێژییەکان، وێنەی کاتی پێش مردنی و چۆنییەتی ناردنی وەسییەتنامەکەیمان بۆ دڵبەر بۆ باسدەکات، خۆی بە قوربانی پەڕی کۆتر دەکات و داوای لێدەکات، کە ئێستا کاتی ئەوەیە یارمەتی بدات و بە شێوەیەکی نهێنی وەسییەتنامەکەی بۆ بگەیەنێت بە یار. هەرچەن سەرەتا لە شێوەی پرسیارێکدا وتوویەتی: کێ ئەو کارەی بۆ دەکات؟ بەڵام لە نیوەدێڕی دووەمدا ئەو داوایە لە کۆتر دەکات، کە بە نهێنی ئەو کارەی بۆ بکات. گەر لە زمانی وێنەکە بڕوانین، دەبینین زمانێکی سادەی بێ گرێوگۆڵی ڕاستەوخۆیە، کە لە بنیاتی دوو وێنەی تاکدا پشتی بە شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ

بەستووە. شاعیر لە وێنەیەکی ڕاستەوخۆی تردا گلەیی لە خۆی دەکات، لەوەی پێشئەوەی بۆ تاران بڕوات باش بیری لێنەکردووەتەوە، بۆیە تووشی بەڵا هاتووە و دەڵێت:

**ئیبتیدا بۆ (ڕەی) کە هاتم، فیکری عەقڵیم لێ نەکرد**
**حەبسی تارانم گوناهی کاری بێ تەدبیرمە** **(سالم، ٢٠١٥: ٧٩٩)**

شاعیر باسی دوو کاتی جیاوازمان بۆ دەکات. یەکەمیان: لە نیوەدێڕی یەکەم دایە و بە دەلیلی بوونی هاوەڵکاری کاتی (ئیبتیدا)و قەدی کاری ڕابردووی سادەی تێنەپەڕ (هات) و نەرێی کاری ڕابردوویی لێکدراوی تێپەڕ (فیکر لێنەکردن)، باس لەو کاتە دەکات و پێیوایە، سەرەتا کە هاتووە بۆ (ڕەی)(ڕەی، بەشێکی سەر بە شاری تارانە و دەکەوێتە خوارووی تارانەوە، ئەم شارە لە پێشا ناوی "حضرت عبالعظیم" بوو، بەڵام کۆڕی زانیاری "فرهنگستان" ی ئێران، لەبەر کۆنیی ناوەکەی، ناوی نایەوە "شاری ڕەی".)(عارف، ٢٠٠٩: ٤٥٥) بەشێوەیەکی عاقڵانە بیری لێنەکردووەتەوە. دووەمیشیان: لە کۆتایی نیوەدێڕی دووەمدایە و (کاری ناتەواوی ((ە))ە، بۆ دەمی ئیستا)، ئەم ئیستایە لە نیوەدێڕەکەدا پەیوەستە بە گرێی ناوی (حەبسی تاران)م، واتا: لە ئێستادا (من لە تاران حەبسم، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە، کە لەپێشدا عاقلانە بیرم لێنەکردەوە، کە هاتم بۆ ڕەی). بەو شێوەیە، شاعیر بە زمانێکی سادە و ڕاپۆرتیانە بەبێ بەکارهێنانی هیچ هونەرێکی ڕەوانبێژی و بەیارمەتی شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ دوو وێنەی تاکی لە ڕابردوو و ئێستادا بۆ درووستکردووین وێنەی دێڕەکەی بۆ خوڵقاندووین. سالم لە دێڕێکی تردا لە دەقی وەڵامی نامە شیعرییەکەی (نالی)دا، لە وەسفی شاری سلێمانی بە دەستی عوسمانییەکانەوە دەڵێت:

**شەهرێکە پڕ لە ظوڵم و مەکانێکە پڕ لە شین**
**جاییکە پڕ لە شۆر و وڵاتێکە پڕ لە شەڕ** **(سالم، ٢٠١٥: ٣٣٨)**

ئەم دێڕە لە دەقێکدایە، کە خۆی نامەیەکی شیعرییە و وەڵامێکە بۆ ئەو نامە شیعرییەی، کە نالی لە ساڵی (١٨٥٣ ز) لە شامەوە بۆ سلێمانی ناردوویەتی، تاکوو سالم لە بارودۆخ و ژیان و گوزەرانی سلێمانی ئاگاداری بکاتەوە. سالمیش لەم دێڕەدا بەئاشکرا و بە زمانێکی سادە و ڕاپۆرتیانە و بەبێ بەکارهێنانی هیچ هونەرێکی ڕەوانبێژی، وەسفێکی شاری سلێمانی لە دەستی جەور و ستەمی عوسمانییەکان دەخاتەڕوو، کە بە پشتبەستن بە شێوازی وەسفیی ڕاستەوخۆ وێنەیەکی تاکی کێشاوە و باسی ئەو شەڕوشۆڕ و زوڵمەدەکات، کە عوسمانییەکان بەرانبەر بە سلێمانی ئەنجامیان داوە. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بە پێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ٢٤، د: ١١)، (ل: ٢٩، د: ٧)، (ل: ١٣٩، د: ٢)، (ل: ٥٢٧، د: ١٤)، (ل: ٥٧٩، د: ١٥)، (ل: ٨٦٦، د: ٧)، (ل: ٩٠٣، د: ٥)، (ل: ٩٨٨، د: ٤)، (ل: ١٠٠٣، د: ٥).

### ٢/ ١-١-٤. شێوازی لێکچواندن Simile style (اسلوب التشبیه)

یەکێک لەو هونەرانەی ڕوونبێژی، کە شاعیر لە بنیاتی وێنەی هونەریی تاکدا سودێکی زۆری لێوەردەگرێت، لێکچواندنە. شاعیر، دێت شتێک لە سیفەتێک یان چەند سیفەتێکدا لاوازە، دەیهێنێت و دەیچوێنێت بە شتێکی تر، کە لەو سیفەتەدا بەرز و بالایە، بەدەربڕینێکی تر (ئەگەر بتەوێ سیفەتێک بەلای کەسێکەوە یا شتێکەوە ساغ بکەیتەوە، لەگەڵ پیشاندانی وشەکاری و ئاشکرا کردنی ئەو سیفەتە، ئەچی بەشوێن شتێکی ترەوە ئەگەڕێیت، کە ئەو سیفەتەی زۆر بەئاشکرایی تیا بدرەوشێتەوە.)(گەردی، ١٩٧٢: ٢٢) ئەمەش بۆ ئەوە دەکات، تاکوو ئەو سیفەتە لە لێچووەکەشدا بەرز بکاتەوە. واتا هەروەک (ابو هلال عسکري) دەڵێت: ((وەسفێکە، یەکێک لە لاکان بە ئەوزارێکی چواندن هاوتای ئەویتر دەکرێت.))(عسکري، ١٩٥٢: ١٥٣) بۆ ئەم هاوتاکردنەش پێویستە لە شێوەدا لێکچوون لە نێوانیاندا هەبێت، چونکە هەروەک (عبدالقاهر الجرجانی) دەڵێت: ((لێکچواندن، چواندنی شتێکە بە شتێکی تر لەڕووی وێنە و شێوەوە.))(الجرجاني، ١٩٩١: ٩٠) بەڵام بێگومان دەبێت ئەو دوو شتە جیاوازیش هەبێت لە نێوانیاندا، چونکە دوو شت ئەگەر لەهەموو ڕووەیەکەوە لەیەکچوون ئەوە دەبن بەیەک شت و لێکچواندن لە نێوانیاندا ڕوو نادات. بێگومان کاتێک شتێک بە شتێکی تر دەچوێنرێت، ئەوە لە ئاستی خەیاڵدا دەکرێت و لە واقیعدا ڕوونادات. واتا (چواندن هاوتاکردنی شتێکە بە شتێکی تر، بە مەرجێک ئەو هاوتاکردنە بەیانکردنێکی درۆیانەبێت، نەک ڕاستیی.)(معمارزادە و بیرانوندن، ١٣٩٥: ٨٥)

شاعیر لە چواندندا وشە بۆ واتا فەرهەنگییەکەی خۆی بەکاردێنێت. بەومانایەی (لە چواندندا وشە بۆ واتا ڕاستەوخۆکەی خۆی بەکاردەهێنرێت و سەرنجمان بۆ دوو چەمکی واتاجیاواز ڕادەکێشێت.)(Томашевский, 1996: 60) ئەم هونەرە ڕۆڵێکی گەورەی لە بنیاتی وێنەی هونەریی تاکدا هەیە، هەربۆیە دەوترێت: (چواندن ناوەندی وێنەی هونەرییە، لەبەرئەوە هەموو وێنەیەک، بە شێوەیەک لە شێوەکان بە چواندنەوە پەیوەستە و بە ئاشکرا یان بە شاراوەیی هەوێنی لێوەرگرتووە.)(مبارک و حیدری، ١٣٨٩: ١٠١) بێگومان ڕێگایەکی ئاسانیشە بۆ شاعیر، چونکە (لێکچواندن، ئاسانترین جۆری ئەو پێکهێنەرە ڕەوانبێژییانەیە، کە وێنە بنیاتدەنێن.)(عەلی، ٢٠٠٧: ١٧٠) (سالمی ساحێبقڕان)، یەکێکە لەو کەڵە شاعیرانەی ئەدەبی کلاسیکی کوردیی، کە دەستێکی باڵای لە بەکارهێنانی ئەم هونەرە ڕوونبێژییەدا هەبووە و گەلێک وێنەی هونەری نایاب و نوێی لە دوو توێی دیوانە شیعرییەکەیدا پێخوڵقاندووە. شێخ مەردۆخی (شیوا) لە وەسفی شیعری سالمدا دەڵێت: ((شیعری سالم، جوان و ڕەوان و دڵگرە، تژی لە بیری ورد و خەیاڵی ناسک و شبهاندن و نواندنی نوێ و بەجێ.))(شیوا، ٢٠١١: ٤١٩) لێرەدا هەوڵدەدەین لە چەند جۆرێک لە

جۆرەکانی لێکچواندن نموونەیەک وەربگرین و شیکاری بکەین. دیمەنی بینینی یار دەبێتە هەوێنی وێنەیەکی هونەریی جوان، شاعیر دەڵێت:

**نیشانەی کەثرەتی بارانی ئەشکم، دیدەنی تۆ بوو**

**لە دەوری ماهی ڕوو زوڵفت کە ڕەنگی هالە دەڕژێنێ (سالم، ٢٠١٥: ١٠٢٥)**

شاعیر بەهۆی چەند لێکچواندنێکی سەربەخۆوە سێ وێنەی تاکی دروستکردووە، سەرەتا لە نیوەدێڕی یەکەمدا، (ئەشک)ی خۆی بە (باران) چواندووە. لە نیوەدێڕی دووەمیشدا، (ڕوو)ی یاری بە (ماه)و دواتریش (زوڵف)ی یاری بە (هالە) خەرمانە، چواندووە. بەو شێوازە چەند لێکچواندنێکی سەربەخۆ هاتوون، کە هەموویان (لێچوو)و (لەوچوو)ەکان، بەسەریەکەوەن و سەربەخۆن. بەڵام گومانی تێدانییە، کە تاک بەتاکی ئەو وێنە تاکانە دواجار بەشداری لە بنیاتی کۆی وێنەی دێڕەکەدا دەکەن. ئەم جۆرەش لەناو خانەی ئەو لێکچواندنانە دایە، کە بە پێی ژمارەی لاکان دیاری دەکرێن. بەم شێوەیە شاعیر بە پشتبەستن بە لێکچواندنی بڵاو، سێ وێنەی هونەریی تاکی نەخشاندووە، کە بەهۆی بینینی دڵبەرەوە، فرمێسکی شاعیر وەکوو باران دادەبارێت، نیشانەی ئەمەش ئەوەیە، کە ئێستا زوڵفی بە دەوری ڕوخساری مانگ ئاسایدا وەکوو خەرمانە خۆی دەنوێنێت. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەو دیاردە سرووشتییەی، کە هەندێکجار لە دوای بارانبارین بە دەوری مانگدا خەرمانە درووستدەبێت. شاعیر لە وێنەیەکی تردا لە وەسفی باڵای یاردا دەڵێت:

**دەڵێم وەک قامتت دڵگیرە سەرویش**

**ئەگەر سێب و گوڵ و سونبول ثەمەر دا! (سالم، ٢٠١٥: ٧)**

لەم دێڕەدا شوێنی (لێچوو) و (لەوچوو)ەکانی ئاوەژوو کردووەتەوە، چونکە هەمیشە واباوە، کە شاعیران بۆ پیشاندانی جوانی دڵبەر، هاتوون ئەندامانی لەشی یاریان چواندووە بە کەرەستە و ڕەگەزەکانی سروشت. بەڵام لەم وێنەیەدا دەبینین بە پێچەوانەوە، یەکێک لە کەرەستەکانی سرووشت، کە سەروو (سنەوبەر)ە، بە (قامەت) باڵای دڵبەر چوێنراوە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکوو کاتێک سەروو دەتوانێت وەکوو باڵای یار جوان و دڵگیربێت، کە (سێو و گوڵ و سونبول) بەرهەم بهێنێت، کە لە باڵای یاردا مەبەست لە (مەمک، ڕوومەت، زوڵف)ە، لە سرووشتیشدا (سەروو) توانای بەرهەمهێنانی (سێو، گوڵ، سونبول)ی نییە. بەم شێوەیە لەناو جۆرەکانی لێکچواندن بەپێی چۆنییەتی لاکان، شاعیر لە بنیاتنانی وێنە هونەرییەکەدا سوودی لە (لێکچواندنی ئاوەژوو) وەرگرتووە. ئەگەر سەروو بیتوانیایە (سێو، گوڵ، سونبول) بەرهەم بهێنێت، ئەوە ئەو کاتە دەیتوانی وەکوو باڵای دڵبەر جوان و دڵگیربێت، چونکە باڵا جوانەکەی ئەو (مەمکی وەکوو سێو و ڕوومەتی وەکوو گوڵ و زوڵفی وەکوو سونبول)ی گرتووە. بەمەش بەیارمەتی لێکچواندن

وێنەیەکی تاکی داهێنراوی خولقاندووە. شاعیر لە وێنەیەکی تردا نەخش و بۆنی زوڵفی دڵبەرمان نیشاندەدات و دەڵێت:

**گەر بە بۆ نیسبەتی طوڕڕەت بدەمە میشکی (خەتا)**
**بۆ (خەتا) فەخرە بەسا، بۆ منە بەس خەبط و خەطا** **(سالم، ٢٠١٥: ١١)**

لێرەدا شاعیر ئەگەرچی لە نیوەدێڕی یەکەمدا (بۆنی زوڵفی یار)ی بە میشک (میسک)ی خەتا (خەتا، خەطا، خطا: بە سەرووی وڵاتی چین دەوترا، کە شوێنی نیشتەجێبوونی تیرەکانی توورک بووە)(عارف، ٢٠٠٩: ٣٣٢) چواندووە. بەڵام لە نیوەدێڕی دووەمدا، بە دوو دەربڕینی جیاواز پەسەندی لێچوو کە (بۆنی زوڵفی یار)ە، داوە بەسەر لەوچوودا، کە (میشک)ە، ئەوەیش بەوەی کە وتوویەتی: ئەوە بۆ وڵاتی (خەتا) فەخر و شانازییە، هەروەها بۆ من دەبێتە هەڵە و سەرلێشێوان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە پەسەندی لێچوو دراوە بەسەر لەوچوودا. بەم شێوەیە شاعیر سوودی لە لیکچواندنی پەسەندیدە وەرگرتووە و لە بنیاتی وێنەیەکی هونەریی تاکدا بەکاریهێناوە. شاعیر لە دیرێکی تردا دەڵێت:

**نەهری ئەشک ئەمشەو لە دیدەم وا بە خوڕ دەڕژایە ڕوو**
**دڵ لە سینەم تا سەحەر سەنگ ئاسیا ئاسا گەڕا** **(سالم، ٢٠١٥: ١٤)**

شاعیر دوو وێنەی تاکی درووستکردووە، (ئەشک)ی بە (نەهر)و (دڵ)ی بە (سەنگی ئاسیاب)، چواندووە و لەناو لێکچواندنێکی وێنەیدا بەکارهێناوە، کە وێنەی یەکەم، کە لە هەمان کاتدا (لێچوو)ە، بریتییە لە: ڕژانی فرمێسکی بەخوڕ لە چاوەکانی شاعیرەوە بە درێژایی شەو بۆ سەر ڕوخسار و لەوێوە بۆ سەر سنگی و سوڕدانی دڵی شاعیر. ئەم وێنەیە چوێنراوە بە وێنەی دووەم، کە (لەوچوو)ە و بریتییە لە: هاتنی بەخوڕی ئاوی ڕووبار بەسەر سنگی زەویدا و سوڕدانی (سەنگ ئاسیا) بەردی ئاسیاو (ئاشی ئاو). بەو شێوازە شاعیر دوو وێنەی دروستکردووە و وێنەی یەکەمی بە دووەم چواندووە. بۆ ئەوەش سوودی لە لێکچواندی وێنەیی وەرگرتووە و بەهۆی دوو وێنەی تاکەوە وێنەیەکی هونەریی نایاب و داهێنراوی پێخولقاندووە. وێنەکە دەلیلی عیشقی گەورەی شاعیرە بۆ دڵبەر. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ٢، د: ٥)، (ل: ٩، د: ١)، (ل: ١٥، د: ٤)، (ل: ٢١، د: ٨)، (ل: ٤١، د: ٦)، (ل: ١٢٢، د: ١)، (ل: ١٦٢، د: ١)، (ل: ٢٠٩، د: ١)، (ل: ٢٥٥، د: ٥)، (ل: ٢٨٩، د: ٧)، (ل: ٢٩٧، د: ٢)، (ل: ٧٢٥، د: ٣)، (ل: ٧٥٩، د: ٤)، (ل: ٧٩٢، د: ٤)، (ل: ٨٦٧، د: ١).

## ٢/ ١-٢. وێنەی لێکدراو Compound image (الصورة المركبة)

هەندێ جار شاعیر ئەو بیرۆکەیەی، کە لە هزریدا گەڵاڵە بووە بە ئاوێتەکردنی لەگەڵ هەست و سۆز و خەیاڵیدا دەتوانێت لە بنیاتی وێنەی تاکدا جێگای بکاتەوە و مەبەستەکەی بگەیەنێت، بەڵام هەندێک جاری تر بیرۆکەکان ئاڵۆزترن لەوەی، کە شاعیر بتوانێت لە بنیاتی وێنەی تاکدا جێگایان بکاتەوە؛ هەر بۆیە ناچارە پەنا بۆ وێنەی لێکدراو، کە لە چەند وێنەیەکی تاک پێکهاتووە ببات. هەر لەبەرئەمەیە، کە (ئاستی هونەریی، زیاتر لە وێنەی لێکدراودا دەردەکەوێت تاکو وێنەی تاک.)(بکار، ١٩٧٩: ٦٦) ئەم جۆرە وێنەیە (پێکهاتەیەکی هونەرییە، کە لە بەیەکداچوونی کۆمەڵێک وێنەی تاکی گونجاو پێکدێت، کە ئامانجی پێشکەشکردنی سۆز، یان بیرۆکە یان هەڵوەستەیەکە، کە ئاڵۆزتر یان گەورەترە لەوەی، کە وێنەی تاک بتوانێت بیگەیەنیت.)(موسی، ٢٠٠٣: ١١٨) بۆیە شاعیر لە مەودای ئەم وێنەیەدا لە دوو وێنەی تاک یان زیاتر، وێنەی سێیەم درووستدەکات، ئەم وێنەیەش جیاوازە لەو واتایەی، کە وێنە تاکەکان پیشتر گەیاندوویانە، چونکە لێرەدا ئەندێشە بە شێوازێکی فراوانتر لە پێکەوە گرێدانی وێنە تاکەکاندا بەشداریکردووە و وێنەیەکی لێکدراوی وەهای دروستکردووە، کە جیاوازە و خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی. بە دەربڕینێکی تر (وێنەی لێکدراو، ئەنجامی کۆبوونەوەی دوو وێنەی تاک یان زیاترە و نزیکبوونەوەیان لەیەک بۆ پێشکەشکردنی بیرۆکە، هەڵوێست، سۆزێک، کە باگراوەندێکی دەروونیی یان ژیریی هەیە و کۆمەڵە هەڵوێستێکی ئاڵۆزتر دەردەبڕێت، لەوەی کە بتوانرێت بەوێنەی تاک دەرببڕدرێت.)(طە الطائي، ٢٠٠٥: ٢٢٠). وێنەی لێکدراو بە دوو شێواز دروستدەکرێت، کە ئەوانیش:

## ٢/ ١-٢-١. کەڵەکەبوونی وێنە Accumulation of images (تراكم الصور)

یەکێک لەو شێوازانەی، کە لە بنیاتی وێنەی لێکدراودا بەشداری دەکات و شاعیران وێنە ڕەنگاڵەکانی پێدەنەخشێنن، بریتییە لە کەڵەکەبوونی وێنە، کە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵە وێنەیەکی تاک پێکدێت. لەم جۆرەدا (کۆمەڵە وێنەیەکی تاکی جۆراوجۆر لەتەک یەک کەڵەکەدەبن بۆ ئەوەی بەگشتی وێنەیەکی لێکدراو بهێننەکایەوە، کە پەردە لەسەر لایەنێک لە لایەنەکانی ئەزموونی شیعریی هەڵدەداتەوە.)(گەردی، ٢٠٠٤: ١٤٩-١٥٠) هەر یەکە لەو تاکە وێنانە گرێدراون بە وێنەیەکی تاکی ترەوە و پێکەوە بنیاتی واتایی یەکتری تەواودەکەن. پەیوەندی نێوان وێنەکان لەخۆوە و هەڕەمەکی نییە، بەڵکوو سیستەمێکی پەیوەندی ڕێکوپێک پێکەوەیان دەبەستێتەوە و دواجار هەموویان پێکەوە لە بنیاتی وێنەی هونەریی دێڕە شیعرەکەدا بەشداریدەکەن. ئەم شێوازە لە بنیاتی

وێنەی هونەری لە شیعری (سالمی ساحێبقڕان)دا زۆر بەدیدەکرێت و دەستێکی باڵای لە خوڵقاندنی ئەم جۆرە وێنەیەدا هەبووە و گەلێک وێنەی نوێ و داهێنراوی پێ بەرهەمهێناوە. لێرەدا ئێمە هەوڵدەدەین چەند نمونەیەک لەو دێڕە شیعرانەی کە بنیاتی دروستبونی وێنە هونەرییەکانی شێوازی (کەڵەکەبوونی وێنە)ن، بە شیکارییەکی وردەوە بخەینە بەرچاو. سالم لە دێڕێکدا دەڵێت:

**سەهی قامەت، قەوی شەوکەت، قەمەر طەلعەت، مەلەک خەصڵەت**
**کەمان ئەبروو، نیگەهـ ئاهوو، فەڕەنگی خووی موو موشکین** (سالم، ٢٠١٥: ٦٠٢)

شاعیر کۆمەڵێک وێنەی تاکی خوڵقاندووە و کەڵەکەی کردوون بەسەریەکەوە. بە هەموو وێنەکان وێنەیەکی لێکدراویان دروستکردووە، کە بنیاتی وێنەی دێڕەکە پێکدەهێنێت. لە سەرەتای نیوە دێڕی یەکەمدا بە شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ لە دوولایەنەوە وێنەی دڵدارەکەی نیشاندەدات و دەڵێت: باڵای بەرز و ڕێک ڕوواوە، لە ڕاستیدا لە قوڵایی وشەی (سەهی)دا، کە لێرەدا شاعیر (قامەت) باڵای خستۆتە پاڵی، چواندنێک بە درەختی (سەروو) هەیە، چونکە لە بنەڕەتدا بەزۆری ئەم وشەیە لەگەڵ (سەروو)دا، بە شێوەی (سەروی سەهی) بەکاردەهێنرێت، بۆیە لەپشتی گرێی هاوەڵناوی چۆنییەتیی (سەهی قامەت)ەوە لەلای شاعیرانی کلاسیک و بەتایبەتی (سالم) مەدلولی (باڵای بەرزی وەک سەروو) هەیە. هەروەها دڵبەر شانوشکۆیەکی بەهێزی هەیە، کە ئەمەش لە گرێی هاوەڵناوی چۆنییەتیی (قەوی شەوکەت)دا دەرکەوتووە. لە هەموو لێکچواندنەکاندا ئەوزاری لێکچواندنی بەکارنەهێناوە، ئەمەش لێکچواندنەکەی سەرنجڕاکێشتر کردووە.

هەر لە نیوەدێڕی یەکەمدا، دەڵێت: دەرکەوتنی یار لە مانگ دەچێت و سیفەت و خەسڵەتیش لە فریشتە دەکات. دواتر لە نیوەدێڕی دووەمدا، برۆی بە کەوان و نیگای بە ڕوانینی ئاسک و خوو و هەڵسوکەتی لە ئەورووپیان و موویشی لە بۆنخۆشیدا لە میشک دەچێت. دەبینین شاعیر کۆمەڵێک وێنەی تاک و سادەی کەڵەکەکردووە، کە لە بنیاتی وێنەکاندا پشتی بە شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ و شێوازی لێکچواندن و بە سوودوەرگرتن لە بەتەنکردن و بەگیانلەبەرکردن و بە ئەبستراکتکردن (ڕووتکردنەوە) وەرگرتووە و هەموویانی پێکەوە خستووەتە خزمەتی وێنەی لێکدراوی دێڕە شیعرەکەوە. بەو شێوەیە لە کەڵەکەکردنی تەواوی وێنە تاکەکاندا وێنەیەکی لێکدراوی لە پەسنی دڵبەرەکەیدا بۆ نەخشاندووین. لە وێنەیەکی لێکدراوی تردا، کە لە کۆمەڵێک وێنەی تاک پێکهاتووە، تابلۆی دابڕانی خۆی و دڵبەرمان بۆ دەنەخشێنێت و دەڵێت:

**تا بەسەر باغی دڵا بێ، بای خەزانی فیرقەتت**
**عاریضم بۆ سێوی ڕوخسارت لە ڕەنگی بەی دەکا** (سالم، ٢٠١٥: ١٠٧)

لێرەدا کۆمەڵێک وێنەی سادە و تاک بەسەر یەکدا کەڵەکە کراون و وێنەیەکی لێکدراویان بۆ دێڕە شیعرەکە خوڵقاندووە، کە لە ڕوانگەی بیر و هەست و سۆز و خەیاڵەوە بەرزترە لە وێنە تاکەکانی ناو دێڕە شیعرەکە و ئامانجی شاعیریش زیاتر دەپێکێت. لەم دێڕەدا، سالم چوار وێنەی تاکی کەڵەکەکردووە، کە تێیدا (دڵ)ی بە (باغ)، و (فیرقەت)یش بە (بای خەزان)، و (ڕوخساری خۆی) بە (بەی)، و (ڕوخساری یار)یشی بە (سێو)، چواندووە. واتا بەگشتی هونەری لێکچواندنی لە دروستکردنی وێنە تاکەکاندا بەکارهێناوە و لە سێ لە وێنە تاکەکاندا سوودی لە ئەوزاری لێکچواندن وەرنەگرتووە، بەوەش وێنە لێکدراوەکەی سەرنجڕاکێشتر کردووە. هەروەها جگە لە (فیرقەت)، کە بە (بای خەزان)، چوێنراوە، کە بەتەنکردنە، بۆ ئەوانی تر سوودی لە بەڕووەککردن وەرگرتووە، کە دەڵێت: هەتا فیراق و دابڕانی تۆ وەکوو بای خەزان بەسەر دڵی وەکوو باغی مندا تێبپەڕێت، ئەوە ڕوخساری من بۆ ڕوخساری سێو ئاسای تۆ، وەکوو ڕەنگی بەی زەرد هەڵدەگەڕێت. بەو شێوەیە کەڵەکەکردنی وێنە تاکەکان توانایەکی بەرزی هونەریی بە شاعیردەدات، تاکو لە بنیاتی وێنەی لێکدراودا وێنەی هونەری نوێ و سەرنجڕاکێشی پێبخوڵقێنێت. لە وێنەیەکی تردا شاعیر عەشقی خۆی و دڵبەر تێکەڵ بە عەشقی لەیل ومەجنون و شیرین و فەرهاد دەکات و وێنەیەکی لێکدراوی ناوازە دەکێشێت و دەڵێت:

**موڵکی ڕەی (نەجد) و منم " مەجنوون" و "لەیلا" دڵبەرم**

**بێستوون (ئەلبورز) و من "فەرهاد" و "شیرین" یارمە (سالم، ٢٠١٥: ٧٩٨)**

لێرەدا لە نیوەدێڕی یەکەمدا، چەند وێنەیەکی تاک و سادە، کەڵەکەکراون و وێنەیەکی لێکدراویان درووستکردووە، کە سەرچاوەی درووستبوونەکەی داستانی دڵداری (لەیل و مەجنون)ە، لە نیوە دیڕەکەدا، موڵکی ڕەی (ڕەی، ئێستا بەشێکە لە تاران) چوێنراوە بە شاری نەجد (شارێکە لە حیجاز، مەجنون لەوێ ژیاوە)، دواتر، من (شاعیر) بە (مەجنون) و ئینجا (یار)یش بە (لەیلا) چوێنراوە. لە نیوەدێڕی دووەمیشدا، دیسان کۆمەڵێک وێنەی تاکی تر کەڵەکەکراون، کە سەرچاوەی دروستبوونەکەیان داستانی دڵداری (شیرین و فەرهاد)ە، لەم نیوەدێڕەدا، یەکەمجار بێستوون (کێوێکە لە کرماشان، کە دەڵێن: فەرهادی کۆهکەن، ئەوە مەبەست لە کێوی بێستونە)، چوێنراوە بە ئەلبورز (ئەلبورز: کێوی گەورە، شاخی بەرز، زنجیرە شاخەکانی سەرووی ئێران، کە سەرانسەری سەرووی ئێران لە ڕۆژاواوە بۆ ڕۆژهەڵات دەگرێتەوە و بەرزترین لوتکەی ئەم زنجیرەیە "دەماوەند"ە.)(عارف، ٢٠٠٩: ٦١). دواتر من (شاعیر) بە فەرهاد و (یار)یش بە شیرین چوێنراوە. هەموو ئەو وێنە تاکانەی لەم دێڕە شیعرەدا کەڵەکەکراون دواجار وێنەیەکی لێکدراویان دروستکردووە، کە بیر و ئەندێشەی شاعیر چڕتر دەکەنەوە و لە وێنەیەکی هونەری لێکدراوی ئاست بەرزدا، بە ئومێدی کاریگەرییەکی زیاتر لەسەر دەروونی بەرانبەر پێشکەشی دەکەن. لە دێڕێکی تردا شاعیر دەڵێت:

ڕووی جیهان بێ ڕەونەقە، یاران بڵێن با دەرکەوێ
سەروو قەددی جامە نەسرین، ماهـ ڕوویی گوڵ قەبا (سالم، ٢٠١٥: ٤٠)

لێرەدا کۆمەڵێک وێنەی سادەی کەڵەکەکردووە و وێنەیەکی لێکدراوی لێخوڵقاندوون، کە هیچ کام لە وێنە تاکەکان نەیاندەتوانی بە تەنها وێنەیەکی هونەریی وا، کە هەم زیاتر کاریگەری لەسەر گوێگر (خوینەر) دروستبکات، هەمیش لە ئاستێکی بەرزی هونەریدا پێکهاتبێت. سەرەتا لە نیوەدێڕی یەکەمدا، شاعیر بە شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ باسی بێڕەونەقی جیهان دەکات و داوای دەرکەوتنی کەسێک دەکات، بەبێئەوەی ناوی بهێنێت. بەڵام بە یارمەتی لێکچواندن کۆمەڵێک تایبەتمەندی ئەو کەسەی نیشانداوە، کە کەسێکە: باڵای وەکوو سنەوبەر و کراسی وەکوو گوڵی نەسرین و ڕوخساری وەکوو مانگ و کەواکەشی وەکوو گوڵ وایە. بەو شێوەیە، هەر یەکە لەو وێنە تاکانە بەشداریانکردووە لە بنیاتی ئەو وێنە لێکدراوەی، کە لە تەواوی وەسفەکانەوە گریمانەیمان کردووە. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ١٩، د: ٢)، (ل: ٣٦، د: ٨)، (ل: ٤١، د: ٤)، (ل: ٤٤، د: ٤)، (ل: ٥٣، د: ٧)، (ل: ٣٥٨، د: ٢)، (ل: ٧٢٨، د:٥)، (ل: ٨١٧، د: ٣)، (ل: ٨٩٣، د: ١)، (ل: ١٠١٠، د: ٢).

## ٢/ ١-٢-٢. لێکچواندنی لێکدراو Compound similie (التشبيه المركب)

شاعیر هەندێجار یەک شت بە یەک شتی تر دەچوێنێ و وێنەی هونەری پێ دروستدەکات. بەڵام هەندێکجاری تر دەیەوێت لێچوو زیاتر ڕوونبکاتەوە و دڵی بەوە پاراو نابێت، کە تەنها بەیەک شتی بچوێنێت، بۆیە بۆئەوەی لە دڵ و دەروونی وەرگردا زیاتر بیچەسپێنێت دێت بە دوو شت یان زیاتری دەشوبهێنێت. ئەمەش پێی دەوترێت: (لێکچواندنی لێکدراو)، کە یەکێکە لە شێوازەکانی بنیاتی وێنەی لێکدراو. بە دەربڕینێکی تر (لێکچواندنی لێکدراو، ئەوەیە کە چەند سیفەتێکی تیایە بۆ یەک وەسفکراو، واتا لەوچو چەند دانەیەکە، بەڵام لێچوو یەک دانەیە، ئەم جۆراوجۆری و ژمارەیە لە سیفەتدا بە مەبەستی دەرخستنی گشت وەسفەکانی لێچوو و تەواوکردنی وێنەی لێکدراو بە کێشانی لایەنەکانی بە تەواوەتی دەهێنرێت، یاخود هەندێجار دیمەنێکی لێکدراو بە دیمەنێکی تری لێکدراو دەچوێنرێت.)(گەردی، ٢٠٠٤: ١٤٩-١٥٠) بەو مانایەی لەم جۆرەدا یان یەک شت بە دوو شت دەچوێنرێت یان وێنەیەکی لێکدراو بە وێنەیەکی تری لێکدراو دەچوێنرێت. سالم شارەزایانە شێوازی (لێکچواندنی لێکدراو)ی لە بنیاتی وێنە هونەرییە لێکدراوەکاندا بەکارهێناوە، بەتایبەتی لە

لێکچواندنی وێنەییدا دەستێکی باڵای هەبووە و گەلێک وێنەی داهێنراوی پێخوڵقاندووە. لە دێڕێکدا دەڵێت:

**سەبزە وەک مەخمەڵ لە هەر جا، فەرشە بۆ صەحنی چەمەن**
**مەوسیمی عەیش و طەرەب بۆ مەیپەرستان هاتەوە** (سالم، ٢٠١٥: ٨٣٣)

لەم دێڕەدا شاعیر وشەی (سەبز)ی هێناوە، کە مەبەست لە سەوزاییە و لێرەدا (لێچوو)ە، جارێک بە (مەخمەڵ) چواندوویەتی و جارێکیش بە (فەرش). واتە: لێچوو یەک دانەیە و لەوچوو دوو دانە، ئەمەش پەیڕەوکردنی شێوازی (لێکچواندنی لێکدراو)ە، لە بنیاتی وێنەی هونەری لێکدراوی دێڕە شیعرەکەدا. وێنەی ناو دێڕەکە باس لە هاتنی وەرزی بەهار دەکات، شاعیر بە کامێرای چاوەکانی سرووشتێکی جوان و ڕازاوەی بۆ کێشاوین، کە بە چەشنێکە وەکوو ئەوەی چاوەڕوانی کەسێک بکرێت و فەرش لەبەر پێیدا ڕاخرابێت و بۆنە و ئاهەنگێکی بۆ سازدرابێت. خۆی لە ڕاستیشدا هەروایە، ئەم دەقە شیعرییە لە (٤٢) دێڕە شیعر پێکهاتووە. کە مژدەی ڕێپێدان و گەڕانەوەی (عبدالله پاشای بابان)ە، لە ئەستەمبوڵەوە بۆ عێراق و لەوێشەوە بۆ سلێمانی. هەندێکجاری تر شاعیر وێنەیەک بە وێنەیەکی تر دەچوێنێت، بۆ نموونە لە دێڕێکدا دەڵێت:

**نەکەن تا لەت لەتم، بۆسەی نیهانت، ڕاستی ناڵێم**
**بەڵێ، قەف قەف هەتا نەی نەیبڕێ، حاصڵ شەکەر نادا** (سالم، ٢٠١٥: ٣)

شاعیر لەم دێڕەدا دوو وێنەی هونەریی دروستکردووە، یەکەمیان، کە لە نیوەدێڕی یەکەمدایە، ڕوو لە دڵبەر دەکات و دەڵێت: هەتا لەت لەتم نەکەن من باسی ڕاستی تامی ماچە نهێنییەکانت ناکەم. ئەم وێنەیە (لێچوو)ەو چوێنراوە بە وێنەی دووەم، کە لە نیوە دێڕی دووەمدایە و دەڵێت: بەڵێ وایە قامیشی شەکر هەتا پارچە پارچە نەکرێت، بەرهەمی شەکرەکەیمان پێنادات. واتا شاعیر دەیەوێت بڵێت: من وەکوو قامیشی شەکر وام و باسی ماچە نهێنییەکانت وەکوو شەکری ناو قامیشەکەیە، هەر بۆیە وەک چۆن قامیشی شەکر شەکرەکەی ناویمان پێنادات منیش ئاوها باسی ماچە نهێنییەکانت، تەنها بە پارچە پارچە کردنم مەگەر بدرکێنم. ئەمەش چواندنی وێنەیەکە بە وێنەیەکی تر و سەرەنجام خوڵقاندنی وێنەیەکی لێکدراوە. ئەمەش بێگومان دەلیلی دڵسۆزی و پاراستنی دڵبەرە لەلایەن شاعیرەوە. لە دێڕێکی تردا شاعیر لە پەسنی زوڵفی یاردا وێنەیەکی جوانی بۆ خوڵقاندووین و دەڵێت:

**زوڵفی حەی پەروەردەیە "سالم" ئەبەد ئەیمەن مەبە**
**بەم قەرارە، شێتییە بازی بە حەلقەی ئەژدەها** (سالم، ٢٠١٥: ٢١)

لەم دێڕەدا شاعیر زوڵفی یاری چواندووە بە دوو شت، یەکەمیان لە نیوەدێڕی یەکەمدایە و بە (حەی) ماری چواندووە، دووەمجاریش بە (ئەژدەها). واتا: (لێچوو) یەک دانەیە و بریتییە لە (زوڵف) و (لەوچوو)ش دوو دانەیە و بریتین لە: (حەی، ئەژدەها). بەم شێوەیە شاعیر سوودی لە لێکچواندنی لێکدراو وەرگرتووە بۆ بنیاتنانی وێنەیەکی لێکدراو، کە تێیدا ڕوو لەخۆی دەکات و دەڵێت: ئەی سالم، هێندە لە زوڵفی یار دڵنیامەبە، چونکە ئەو وەکوو مار پەروەردە کراوە، هەروەها وەکوو ئەژدەها لولی خواردووە بۆیە شێت مەبە و هەوڵی یاریکردن لەگەڵیدا مەدە. لە وێنەیەکی تردا تابلۆیەکی ژیانی غەمگینی خۆی دەکێشێت و دەڵێت:

**جان موسافیر، تاجیرە، ئاهم بوخار و تەن مەتاع**

**گەمیە غەرقە، دوورە ساحیل، دڵ لە ڕێی بیم و بەڵا** **(سالم، ٢٠١٥: ١٩)**

شاعیر وشەی (جان) گیان، کە (لێچوو)ە، جارێک بە (موسافیر)و جارێکی تر بە (تاجیر)ی چواندووە، واتا: یەک لێچوو هەیە، کە (جان)ەو دوو لەوچوو هەیە، کە (موسافیر، تاجیر)ن، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا لێکچواندنی دیکەش هاتوون، کە لە بنیاتی وێنە هونەرییەکەدا بەشدارییان کردووە. ئاهم وەکوو بوخار وایە و جسمیشم وەکوو کەلوپەلە. بەو شێوازە شاعیر وێنەیەکی هونەریی نوێ دەخوڵقێنێت و دەڵێت: ڕۆحم موسافیرە و وەکوو بازرگانێکە، کە بازرگانی بە لەشمەوە دەکات، ئاهم دەمسوتێنێت، چونکە لە کەشتییەکدام، کە وا غەرق دەبێت و کەناریش لێمەوە دوورە؛ بۆیە دڵم لەڕێی ترس و بەڵایەکی گەورەدایە. بەو شێوەیە لە بنیاتی وێنە هونەرییەکەدا شێوازی لێکچواندنی لێکدراوی بەکارهێناوە و وێنەیەکی لێکدراوی داهێنراوی خوڵقاندووە. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەند وێنەیەکی تری هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ١١١، د: ١)، (ل: ٩٤٣، د: ٢)، (ل: ٩٦٨، د: ٢).

سەبارەت بە جۆری سێیەمی وێنە، کە (وێنەی گشتییە)، لە بونیاتی پێکهاتنی ئەم جۆرە وێنەیەدا هەندێک شێواز پەیرەو دەکرێن، وەکوو جۆرەکانی (بنیاتی درامیی، بنیاتی چیرۆکیی، بنیاتی واژۆیی، بنیاتی کۆپلەیی، بنیاتی بازنەیی کراوە و داخراو، بنیاتی پێچاوپێچ) کە بە دەگمەن نەبێت لە شیعریی کلاسیکی کوردیدا وێنەی هونەری پێ نەخوڵقاوە، بە تایبەتیش لەلای (سالمی ساحێبقڕان) ئێمە لەو تەکنیکانەمان بەرچاونەکەوت و نەشمانویست بەزۆر هەندێک شیعری بترنجێنینە ناو خانەی ئەم جۆرە وێنانەوە.

## ٢/ ٢.  وێنەی هونەری لە ڕووی هەستی و ژیرییەوە

ئەو وێنە هونەرییانەی شاعیران دروستی دەکەن، هەندێکجار بەهۆی ئەو شمەک و کەرەستانەی بەر هەستەکانی دەکەون و کار لەدەروونی شاعیر دەکەن و دەیوروژێنن و دەبنە هۆی پیکهێنانی وێنەی هەستیی. هەندێکجاری تر چەمک و ئایدیایەک، یان بابەت و واتایەک کار لە شاعیر دەکات و دەیوروژێنێت و دەبێتە هۆی پیکهێنانی وێنەیەکی هونەری، کە بەر هیچکام لە پێنج هەستەکەی ناکەوێت، بەڵکوو دەبێت لەڕێگەی عەقڵ و ئاوەز و بیر و ژیرییەوە لە واتای وێنە هونەرییەکە تێبگەین. لەم بارەیەوە جۆرج فریدریک (هیگڵ) دەڵێت: ((هونەر وێنای جیهانێکی ڕاستیی، یان ئایدیایەک دەکات، لە شێوەی بوونێکی هەستیی یان وێنەیەکدا.))( Гегель, 1968: 412) بەم شێوەیە وێنەی هونەری، یان وێنای شتە مادییەکانمان بۆ دەکێشێت، یان چەمکە واتاییەکانمان بۆ دەنەخشێنێت؛ هەربۆیە ڕەخنەگران لەم ڕوانگەیەوە وێنەی هونەرییان بەسەر هەردوو جۆری وێنەی هەستی و ژیریدا دابەشکردووە.

## ٢/ ٢-١.  وێنەی هەستی

وێنەی هەستی وێناکردنی هەموو ئەو شمەک و کەرەستە و شتە مادییانەی دەوروبەری ژیانی شاعیرە، کە بەر پێنج هەستەکەی (بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن، بەرکەوتن) دەکەون. هەر ئەو هەستانەشن، کە دەبنە ڕێگاکانی زانینی جیهانی هەستپێکراوەکان. لەم بارەیەوە (پۆتێبنیا) دەڵێت: ((وێناکردن، ناوەڕۆکی بیری ئێمەی هەڵگرتووە، بەڵام خۆی بۆخۆی ناتوانێت بگات هەتاکو لە شێوەیەک لە شێوەکانی وێنەی هەستیدا نەچێتە ناو ئاگاییمانەوە.)(Потебня, 1990: 328) ئەمەش پاش ئەوە دێت، کە شاعیر لەڕێگەی هەستەکانییەوە درک بە شتەکانی دەوروبەری دەکات و دەینێرێت بۆ ئاوەزی خۆی، چونکە هەرخۆی (درکپێکردن، پەیوەندی هەستەکانە بەجیهانی دەرەوە و گواستنەوەی پێدراوەکانە بۆ عەقڵ.)(نوفل، ١٩٩٣: ٢٨-٢٩) بە دەربڕینێکی تر (ئەوەی لە جیهانی دەرەوە دەستمان دەکەوێت لە زانیاری و ئەزموون، تەنها لەڕێگەی پێنج هەستەکەوە "بینین و بیستن و بۆنکردن و تامکردن و بەرکەوتن"  پێماندەگات؛ بۆیە هەستەکان بەم واتایە لە بری پردێکە، بۆ گەیاندنی جیهانی دەرەوە بە هەستەکانی ناوەوەمان.)(الكناني، ٢٠٠٩: ١٠٣) لەمەشدا بێگومان هەست ناسکی و وردیی شاعیر و خەیاڵ فراوانیی ڕۆڵی گەورەی دەبێت لە دۆزینەوەی خاڵە هاوبەش و ناکۆکەکان و پەیوەندییە شاراوەکانی نێوان ئەو ڕەگەز و شتانەی کە وێنە هەستییەکەی لێ پێکدێنێت. بەمەش دواجار دەبێتە هۆی بەرجەستەکردنی ناوەڕۆکی هونەری، چونکە (وێنەی هونەری، سیستمێکە لە ئامرازی تایبەتی هەستی، بەرجەستەکردنی ناوەڕۆکی هونەری ڕاستەقینەیە.)(Волков, 1995: 75)

بەم شێوەیە وێنەی هەستی (ئەو وێنەیەیە، کە شاعیر پشت بەپێنج هەستەکەی دەبەستێت، بەپێی بیرۆکە و دیدی تایبەتی خۆی و بە پشتبەستن بە چەند لایەنێکی جیاوازی وەکوو ژیانی مرۆڤایەتی، یان سروشت، یان بوارەکانی تری ژیانی ڕۆژانە.)(الکناني، ٢٠٠٩: ١٠٠) ئەو شتانە کار لە دەروون و هەست و سۆزی شاعیر دەکەن و دەیوروژێنن، بەڵام وەکوو خۆیان لە وێنە شیعرییەکانیاندا پیشانیان نادەن، چونکە (شاعیران، بە زیادکردنی دەستلێدانی هونەری بۆیان، دەستوەردان دەکەن لە پێکهاتنیاندا، بەوەش شاعیر بەپێی ئەزموونی خودی، وێنەکە دەگوازێتەوە و بەشداریش دەبێت لە بنیاتنانیدا.)(الوائلي، ١٩٩٢: ١٩٤) سروشت بە گشتی یەکێکە لەو بوارانەی کە بەشدارییەکی گەورە لە بنیاتی وێنە هەستییەکاندا دەکات. بەڵام بێگومان وێنە هەستییەکانی شاعیر (تۆمارکردن و لاسایکردنەوەیەکی فۆتۆگرافیانەی سروشت نییە،)(بطل، ١٩٨١: ٣١) بەڵکوو پاش ئاوێتە بوونیان لەگەڵ هەست و سۆز و نەستی شاعیردا ئەندێشە ڕۆڵی گەورەی دەبێت لە دووبارە پێکهێنانەوەیان بە شێوازێکی جیاواز لە وێنە هونەرییەکاندا.

وێنەی هەستی توانایەکی زۆری هەیە لە دروستکردنی کاریگەریی لەسەر گوێگر، چونکە (بەکارهێنانی وێنەی هەستی وشەکان، کاریگەری ئاخاوتنی قسەکەر بە ڕێژەیەکی بەرچاو لەسەر وەرگر زیاد دەکات.)(Стернин и Розенфельд, 2008: 225) ئەمە جگە لەوەی توانایەکی بەرچاویان لە جوانکردندا هەیە، هەر بۆیە (یەکەمین شتێک، کە پەیوەست بە شیعری کۆنەوە دەبێت ئاگاداری بین هەم لای شاعیران و هەم لای ڕەخنەگرانیش ئەوەیە، کە بۆ پیشاندان و باسکردنی جوانی بە تەواوی پشتیان بە هەستەکان دەبەست، هەر بە پشتبەستن بە هەستەکانیان ئازادانە وێنە شیعرییەکانی خۆیانیان دروستدەکرد.)(اسماعیل، ٢٠٠١: ٨٠) ئەگەرچی لە وێنە هەستییەکاندا وێنەی بینین (باوترین و بەرچاوترین هەستە بۆ دروستکردنی وێنە هەستییەکان، چونکە ئاسانترین ڕێگایە بۆ دەربڕین و هەندێک جاریش باشترین هەستەکانی مرۆڤە بۆ گوزارشتکردن و دەربڕین لە شتە واتاییەکان،)( Barry, Conlon, 2010: 4) چونکە توانای ئەوەی هەیە لەڕێگەی هونەرە ڕوونبێژییەکانی چواندن و خواستن و تایبەتمەندییەکانی وەک بەکەسکردن و بەرجەستەکردن و بەتەنکردنەوە، چەمکە واتاییەکان بکات بە شتی هەستی و بە ئاسانی کاریگەری لەسەر وەرگر پێ دروستبکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (وێنەی هەستی سەرکەوتوو نابێت و بەهای هونەری لە وێنەگرتنی جوانی و جێکردنەوەی لە دەروونەکاندا دەرناکەوێت، گەر شاعیر پشت بەیەک هەست ببەستێت.)(دمنهوري، ١٤٢٢: ١٩٨)؛ هەر بۆیە نابێت شاعیر لە وێنە هونەرییەکانیدا بایەخێکی زیاتر بەهەندێک لە هەستەکانی بدات و هەندێکی تریان پشتگوێ بخات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە ئەگەر لە هەستێک زیاتر لە پێکهێنانی وێنە هەستییەکاندا بەشداربێت، وێنەکە لەسەر دەروونی وەرگر سەرنجڕاکێش و کاریگەرتر دەبێت ، لەچاو ئەو وێنە هونەرییانەی کە یەک هەست لە پێکهێنانیاندا بەشداریکردووە. وێنەی هەستی دابەشدەبێت بەسەر ئەم جۆرانەی خوارەوەدا.

### ٢/ ٢-١-١. هەستی بینین

یەکێک لە دیارترین و بەرچاوترین و چالاکترین هەستەکانی مرۆڤ، هەستی بینینە، کە ڕۆڵێکی گەورەی لە دروستکردنی وێنەی هونەریدا هەیە؛ هەربۆیە (ئامرازی یەکەم و گەورەترینە بۆ هەستکردن بە جوانی و تێگەیشتن لە واتاکان.)(حمدان، ٢٠١١: ٤٨) ئەمەش لەبەرئەوەیە، کە ئاسانترین هەستە بۆ دەربڕین. وێنەی هەستی بینین، (شێوەیەکی هونەرییە، کە لەسەرەتادا شێوەکان دەخاتە ڕوو، دواتر دووری و قەبارە و ڕووبەر و ڕەنگ و جووڵەکان و هەموو ئەوانەی بە هەستی بینین درک دەکرێن دەردەخات.)(السلمي، ٢٠٠٩: ١٤٦) واتا (وێناکردنێکی فیزیائییە بۆ کەسێک، گیانلەبەرێک، شتێک کە بکێشرێت، یان بکۆڵدرێت، بەشێوەیەک، کە بینراوبێت.)(التونجي، ١٩٩٩: ٥٩٢) بەدەربڕینێکی تر وێنەی بینین: (لە وەسفی وێنەکانی سروشت، دەرکەوتنی کارەکتەرەکان، کەشی ڕەنگاوڕەنگی کردار پێکهاتووە.)(Домашнев, 1989: 43) واتا هەموو کەرەستە سروشتییەکان پاش ئەوەی هەڵچوونە تایبەتییەکانی شاعیریان دەچێتە سەر دەکرێ لە وێنەی هەستی بینیندا بەکاربهێنرێن. لە وێنەی هەستی بینیندا (ڕەنگ) ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت، ئەمەش لەبەرئەوەی (بەگرنگترین پێکهاتە هەستییەکان هەژمار دەکرێت و بەدیارترین ڕەگەزەکانی دروستکردنی بینراو، چونکە پانتاییەک لە بۆشایی گەردوونی وێنەدا دروستدەکات.)(رمضان، ٢٠١٣: ١٣٣) هەر بەهۆی جیاوازی ڕەنگەکانەوەیە، کە هەموو شتە جیاوازەکان بە شێوەیەکی جوان خۆیان لە وێنەی هونەری هەستیدا نمایشدەکەن. هەر بە سەیرکردنێکی خێرای دیوانی (سالمی ساحێبقڕان) خیرا هەست بەوە دەکەین، کە خاوەنی سەلیقەیەکی بەرزی گۆشەنیگای بینین و هەستێکی ناسکی وەهابووە، کە بووە بە بنەمایەکی گرنگ بۆ خولقاندنی وێنە هەستییەکان و بە تایبەتی وێنەی هەستی بینین. کە پانتاییەکی فراوانی وێنەی هونەری لای شاعیر داگیر کردووە. ئەوەتا لە دێڕێکدا دەڵێت:

**پەنجەت لە حەنا مەگرە، سوورێکی تەڵخ ڕەنگە**
**خوێنی دڵی من ئاڵە بۆ پەنجەیی شمشاڵت** **(سالم، ٢٠١٥: ١٩٩)**

لێرەدا شاعیر سەرەتا ویستوویەتی خوێنی دڵی خۆی بە حەنا (خەنە) بچوێنێت، تاکوو یار پەنجەی خۆیی وەک خەنە پێ ڕەنگبکات، بەڵام دواتر پەشیمان بووەتە و زەمی ڕەنگی (حەنا) دەکات و دەڵێت: سوورێکی تەڵخ ڕەنگە، بۆیە بە خوێنی دڵی من پەنجە شمشاڵییەکانت ڕەنگبکە، چونکە ئەم ئاڵ و جوانترە. شاعیر مەبەستێتی بڵێت: خوێنی دڵی من بە دەست و پەنجەی تۆ ڕژاوە، هەر بەو خوێنەش پەنجەکانت ڕەنگبکە با دیاربێت من کوژراوی دەستی تۆم، کە ئەمەش واتا پەنهانەکەی وێنەکەیە. خۆی لە ڕاستیدا شاعیر خوێنی دڵی خۆی بە شاراوەیی بە حەنا چواندووە بەڵام دواتر پەسەندی خوێنی دڵی خۆی بەسەر حەنا (خەنە)دا داوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ڕەنگی

خوین ئاڵ و جوانترە، دەرکەوتنی ئەم جوانییەش لەڕێگەی هەستی بینینەوە دەبێت، هەربۆیە وێنە هونەرییەکە بە یارمەتی هەستی بینین دروستکراوە. لە دێڕێکی تردا شاعیر فرمێسک بۆ دووری یار دەڕێژێت و دەڵێت:

**لە ئەشکی خوین بە یادی لێوی ئاڵت**
**کەنارم بوو بە کانی لەعل و یاقووت** (سالم، ٢٠١٥: ٢٢٣)

شاعیر، ئەشک(فرمێسک) ی چواندووە بە (خوێن)، کە بە هۆی غەم و خەفەت و یادکردنی لێوی ئاڵی یارەوە، هێندە گریاوە تا فرمێسکی وەکوو خوێنی لێهاتووە، دواتر ئەم فرمێسکانە ڕژاونەتە دامێنی شاعیرەوە بوون بە تۆوی سەوزبوونی دوو بەردی گرانبەهای ڕەنگ سوور، کە ئەوانیش (لەعل) و (یاقووت)ن. بەوەش جارێکی تر فرمێسکی بە ناڕاستەخۆیی بە (لەعل و یاقوت)چواندووە. لە لێکچواندنەکەدا پشتی بە ئەوزاری لێکچواندن نەبەستووە، ئەمەش زیاتر وێنەکەی سەرنجڕاکێش کردووە. لە دێڕە شیعرەکەدا (ئەشکی خوێنین، لێوی ئاڵ، لەعل، یاقوت) هەن، کە وێنە هونەرییەکەیان خوڵقاندووە و هەموویان ڕەنگیان تێدایە، بەر هەستی بینین دەکەون. هەستی بەرکەوتنیش بە ڕژانی فرمێسک بۆ داوێن بەشدارە، بەو شێوەیە شاعیر بە یارمەتی لێکچواندن و پشتبەستن بە هەستی بینین، وێنەیەکی هونەریی زۆرجوان و داهێنراوی خوڵقاندووە. لە دێڕێکی تردا لە بارەی نەبینینی دڵبەرەوە دەڵێت:

**کە تۆ غایب دەبی، تاریکە چاوم**
**دەڵێی نوقطەی بەصەرمە، خاڵی هیندووت!** (سالم، ٢٠١٥: ٢٢٦)

لێرەدا لێکچواندنێکی زۆر جوانی کردووە و خاڵی ڕەشی ڕوومەتی یاری بە گلێنەی ڕەشی چاوی خۆی چواندووە، بە شێوەیەک دەیەوێت بڵێت: گەر من خاڵە ڕەشەکەی ڕوومەتی تۆ نەبینم ئەوە وەکوو کوێر وام و هیچ شتێک نابینم. بەمەش خاڵی ڕەشی ڕوومەتی یار، کە ( لێچوو)ەو بەر هەستی بینین دەکەوێت، هەروەها (لەوچوو)ەکەش کە (گلێنەی چاو)ە، سەرەڕای ئەوەی کە خۆی دەبینرێت و بەر ئەو هەستە دەکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا سەرچاوە و توانای بینینی لەخۆیدا هەڵگرتووە و بینینی هەموو شتەکان لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. بەو شێوەیە شاعیر بە پشتبەستن بە هەستی بینین، وێنەیەکی داهێنراوی نوێ و جوانی خوڵقاندووە. لە وێنەیەکی تردا شاعیر ڕۆژی ڕوناکی لێدەبێت بە شەوی تار و دەڵێت:

**مەگەر باعیث بە هیجرانە، وەیا لێڵاوە بینایم؟!**
**کەوا ڕۆژی ڕوناک ئەمڕۆ لە بەرچاوم شەوی تارە** (سالم، ٢٠١٥: ٧٥١)

وەکوو لە پێشتریشدا باسمانکرد، وێنەی هەستی بینین بە ڕووناکییەوە پەیوەستە، ئەمەش لەبەر ئەوەی توانایی بینینی مرۆڤ لەگەڵ بوونی ڕووناکی کارا دەبێت و دەتوانێت شت ببینێت. لە وێنەی هونەری ئەم دێڕەدا زۆر بە جوانی ئەوە بەرجەستەکراوە، ئەویش کاتێک شاعیر لە نیوەدێڕی دووەمدا سەرسوڕمانی خۆی لەوە دەردەبڕێت، کە هەرچەند ڕۆژی ڕوناکە، کەچی لای ئەو وەکوو شەوی تاریک وایە. لە ڕاستیدا بوونی (شەوی تاریک) دالێکە بۆ مەدلولی (هیچ نەبینین). شاعیر لە نیوە دێڕی یەکەمەدا، هۆکاری ئەوەی، کە ڕۆژی ڕوناکی لێبووە بە شەوی تار و هیچ شتێک نابینێت، دەداتە پاڵ دوو گومان، پێیوایە لەو دوو ئەگەرە زیاتر نییە، ئەوانیش: دابڕانی لە دڵبەر، یان داهاتنی لێلایی بەسەر چاوەکانیدا. خۆی لە ڕاستیدا بوونی لێلاییەکەش هەر هۆکاری یەکەمە و دووری یارە لە شاعیرەوە. بەم شێوە شاعیر بە هۆی جوانی بایسەوە وێنەیەکی هونەریی بەرزی پێشکەش کردووین، کە خۆی لە ڕاستیدا لە باری ئاساییدا نەبوونی ڕووناکی دەبێتە هۆی نەبینین. بەڵام وێنەکە ئاوهایە: دابڕان لە یار مانای داهاتنی لێلایی بەسەر چاوەکاندا و هیچ نەبینین، هەر ئەوەش وا دەکات، کە ڕۆژی ڕوناکیش وەکوو شەوی تاریک بێت و شاعیر تێیدا هیچ نەبینێت. بەمەش لە خولقاندنی کۆی وێنەی دێڕەکەدا پشتی بە هەستی بینین بەستووە. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ٥، د: ٩)، (ل: ٤٧، د: ١٧)، (ل: ٦٧، د: ١٥)، (ل: ٨٣، د: ٤)، (ل: ٩٥، د: ١٠)، (ل: ١١٩، د: ٢)، (ل: ١٢٥، د: ٤)، (ل: ١٢٩، د: ٢)، (ل: ١٣٥، د: ٦)، (ل: ١٥٤، د: ٤)، (ل: ١٩٠، د: ١)، (ل: ٢٨٩، د: ٦)، (ل: ٣٤٤، د: ٢)، (ل: ٧٤٨، د: ٤)، (ل: ٧٥١، د: ٣)، (ل: ٨٢٤، د: ٤)، (ل: ٨٥١، د: ٤).

### ٢/ ٢-١-٢. هەستی بیستن

هەموو دەنگە جیاوازەکان لە دەنگی مرۆڤ و باڵندە و گیانلەبەر و ڕوبار و تاڤگە و مۆسیقا و هەموو دەربڕاوەکانی تر بە هەستی بیستن درکیان پێدەکرێت و ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینن لە دروستکردنی وێنەی هەستیی بیستندا. واتا (دەنگ، وشە، وەک جۆرێک لە کەرەستەی بنیاتنان لە دروستکردنی وێنەدا بەشداری دەکەن(Лукашевская, 2010: 3) و لەهەمان کاتیشدا (خۆیان وەک پارچەیەک لە مۆسیقا و تابلۆ و ڕۆمان و فیلم نمایشدەکەن.)(Пархоменко, 2001: 71) واتا ئەم جۆرە وێنەیە (لە گواستنەوەی دەنگ و ئاواز پێکهاتووە.) (Домашнев, 1989: 43) لەبەر ئەوەی پشت بە دەنگەکان دەبەستێت، بۆیە بە شێوازێک تایبەتمەندە، کە (دەتوانێت وێنای ئەوەی، کە لە ڕۆشنایی و تاریکیدا هەیە بکات. دەکرێت لە هەموو کاتێکدا و لە شەو ورۆژ و لە ڕووناکی و تاریکیدا بەکار بهێنرێت.)(دمنهوري،١٤٢٢: ٢١٢) بە پێچەوانەی وێنەی هەستی بینینەوە، کە تەنها لە

ڕووناکیدا کارادەبێت. هەستی بیستن لە شیعری سالمدا کارایییەکی زۆری هەیە و بووە بە هۆی بنیاتنانی گەلێک وێنەی هونەریی جوان و ناوازە، کە ئێمە لێرەدا هەندێک لەو نمونانە دەخەینەڕوو.

سالم لە دێڕێکدا، کە لە درێژترین قەسیدەی سالمدایە و خۆی لە (١٠١) دێڕە شیعردا دەبینێتەوە. هەر وەک لە دیوانەکەشدا ئاماژەی بۆ کراوە، باسی شەڕی (عەزیز بەگی بابان)ە، دژ بە (ئیسماعیل پاشای ڕۆم)، کە لە ساڵی (١٨٥٠ ز)دا ڕوویداوە و ویلایەتی بابان لەلایەن ڕۆمەوە داگیرکراوە، دەڵێت:

**هەی خودا ڕۆ، لەو دەمە چیی کرد غەوی تۆپ و تفەنگ**
**سەرزەمین تاریک و دونیا تۆز و کەڕ گوێی ئاسمان (سالم، ٢٠١٥: ٥٤٢)**

شاعیر لە سەرەتای نیوەی یەکەمدا، بە جۆرێک لە ناشکوریکردن لەو بارودۆخەی، کە بەسەر بابانەکاندا هاتووە، دەستی پێکردووە. وشەی (غەو)ی هێناوە، کە (دەنگێکی بەرز)ە، داویەتییە پاڵی (تۆپ و تفەنگ)، دواتریش باسی تاریکبوونی ناوچەکەی بەهۆی تەپوتۆزی شەڕەوە لەوکاتەدا کردووە. شاعیر زۆر جوان و هونەرمەندانە لەکۆتایی نیوەدێڕی یەکەمدا گرێی هاوەڵکاریی (غەوی تۆپ و تفەنگ)ی هێناوە و لادانێکی سینتاکسیشی لە پێشخستنی (چیی کرد) بۆ پێش گرێ هاوەڵکارییەکە کردووە، لە بەرانبەریشدا لە کۆتایی نیوە دێڕی دووەمدا ڕستەیەکی بە لادانی سینتاکسییەوە داناوە (کەڕ گوێی ئاسمان)، کە خۆی دەبوایە (گوێی ئاسمان کەڕ) بێت و کرداری ناتەواویشی بۆ دەمی ئێستا قرتاندووە. ئەوانە هەموو ڕۆڵێکی کاریگەریان بینیوە لە سازکردنی ئەو ئاوازەی، کە وێنە هونەرییەکەی لەخۆیدا هەڵگرتووە. ئەوانەش هەموو پێکەوە وێنەیەکی جوانیان خوڵقاندووە، کە تەواو تەعبیر لە وێنەی هەستی بیستن دەکات. لە وێنەکەدا (غەوی تۆپ و تفەنگ) هەیە، لە بەرانبەریشدا (گوێیەکی کەڕی ئاسمان) هەیە، هەر ئەمەش وای لە سالم کردووە، کە لە سەرەتای نیوەی یەکەمدا بڵێت: هەی خودا ڕۆ. شاعیر لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**شینە یا شادی لە کولبەی سینەتا "سالم" بڵێ**
**دێتە گوێم دایم بە ڕۆژ و شەو نەفیر و غولغولە (سالم، ٢٠١٥: ٧٩١)**

لێرەدا وشەکانی (شین، شادی، نەفیر، غولغولە)ی هێناوە، کە هەموویان دەنگن و بەهۆی هەستی بیستنەوە درکیان پێدەکەین. هەموو ئەو وشانە بەشدارن لە دروستکردنی وێنەی هونەریی دێڕە شیعرەکەدا، کە شاعیر لە شێوەی مۆنۆلۆگێکدا بەخۆی دەڵێت: ئایە ئەو دەنگەی کە هەمیشە لە سینەتدا دەنگدەداتەوە دەنگی شینە یان شادی؟ ئینجا هەر خۆی وەڵام دەداتەوە و دەڵێ (سالم) بڵێ: ئەوە دەنگی هاتوهاوار و ناڵە و زارییە، کە هەمیشە لە کولانەی سینەمەوە دێتەدەر و دەڕواتە گوێم. بەو شێوەیە لە دێڕەکەدا هەم دەنگ هەیە و هەمیش گوێ هاتووە، کە سەرچاوەی

دروستبوونی وێنەی دەنگییە، چونکە گوێ پەنجەرەی وەرگرتنی دەنگە جیاوازەکان و ناردنیانە بۆ ناوەوە بۆ تێگەشتن و جیاکردنەوەیان. یان لە دێڕێکی تردا لە وەسفی جوانیی یاردا دەڵێت:

**کەلامی وەصفی حوسنی تۆم دەخوێند، دوێ شەو بە تەنهایی**
**لە پەردەی غەیبەوە تا ڕۆژ بە گوێما دەنگی تەحسین هات (سالم، ٢٠١٥: ١٦٦)**

وشەکانی (دەخوێند) و (دەنگی تەحسین)، دەنگن و ڕۆڵێکی گەورەیان لە دروستکردنی وێنە هونەرییەکەدا هەیە. گەرچی وشەی (دەخوێند) دەکرێ بەتەنها بە چاویش بکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی لە نیوەدێڕی دووەمدا وەکوو وەڵامدانەوەیەک بۆ خوێندنەکەی ئەم (دەنگی تەحسین) دەنگی دەستخۆشی و ئافەرین هاتووە؛ بۆیە دەکرێ (خوێندن)ەکەش دیسان بە شێوەی دەنگ بووبێت، نەک بە چاو. بەیارمەتی ئەو دوو دەنگەی کە باسمانکرد، شاعیر پشتی بە شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ بەستووە و وێنەیەکی جوانی دروستکردووە، کە دەڵێت: کاتێک دوێنێ شەو من بە تەنها دانیشتبووم و وەسف و سەنای جوانی تۆم دەکرد، یان جوانی تۆ وەکوو کتێبێک وایە و تەواونابێت، بۆیە هەتا بەیان من کتێبی جوانی تۆم دەخوێندەوە و لەو دیوی (پەردەی غەیب)یشەوە تاکوو دەمەوبەیان ئافەرین و دەستخۆشیم بۆ دەهات. پەردەی غەیب، مەبەست لە جیهانی خوداوەند و فریشتەکانە. بەدەربڕینێکی تر شاعیر دەیەوێت بڵێت: تەنانەت خوداوەند و فریشتەکانیش پێیانخۆشە من باسی جوانییەکانی تۆ بکەم. لە وێنەیەکی تردا لە وەسفی گریانی خۆیدا بۆ دابڕانی لە دڵبەر دەڵێت:

**گریەیی دایم لە ئەشکا چاوی کردمە بەلبەلە**
**دڵ لە ناڵینی فیراقت، موتتەصیل، وەک بولبولە (سالم، ٢٠١٥: ٧٩٠)**

شاعیر لەم دێڕەدا وشەکانی (گریە، ناڵین)ی بەکارهێناوە، کە خۆیان وێنەی دەنگین و لە وێنەیەکی گەورەتردا بەکاریهێناون، کە وێنەی دێڕە شیعرەکەیە و دەڵێت: ئەی دڵبەر بەهۆی جیابوونەوەم لە تۆ من بە بەردەوامی دەگریم و چاوەکانیشم لە ناو فرمێسکدا شڵەژاون و دڵیشم بە بەردەوامی وەکوو بولبول دەناڵێنێ. وەک دەزانین، ئاواز ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕازاندنەوەی وێنەی هونەریدا هەیە. هەربۆیە شاعیر بۆ جوانترکردنی ئاوازی دێڕە شیعرەکە و ڕازاندنەوەی وێنە هونەرییەکە، کۆتایی هەردوو نیوە دێڕەکەی بە ڕەگەزدۆزییەکی ناتەواوی جودا هێناوە، کە خۆیان لە وشەکانی (بەلبەلە)و (بولبولە)دا دەبیننەوە. بەمەش شاعیر بەپشتبەستن بە هەستی بیستن و بەیارمەتی شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ و لێکچواندن وێنەکەی خوڵقاندووە. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمان کرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ١٨، د: ٦)، (ل: ٦٦، د: ١٢)، (ل: ١٠٥، د: ٨)، (ل: ١٢٧، د: ٥)، (ل: ١٨٢، د: ٧)، (ل: ٤٠٨، د: ٣)، (ل: ٥٠٢، د: ٤)، (ل: ٦٠٦، د: ٤)، (ل: ٨٦٠، د: ٦)، (ل: ٩٤٢، د: ٩).

### ٢/ ٢-١-٣. هەستی بۆنکردن

یەکێکی تر لەو هەستانەی، کە بەشدارە لە پێکهێنان و خوڵقاندنی وێنەی هونەریدا، هەستی بۆنکردنە. هەموو "بۆن"ەکان لەڕێگەی "لوت"ەوە درکیان پێدەکرێت و بە هەستی بۆنکردن ناسراون و هیچ کام لە هەستەکانی تر ناتوانن شوێنی بگرنەوە، بەم شێوەیە بەشداری لە درووستکردنی جۆرە وێنەیەکی هونەریدا دەکەن، کە جیاوازە لە هەموو ئەو وێنانەی تر، کە بە هەستەکانی تر دروستکراون. هەروەها (وێنەی بۆنکردن، ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە تێگەشتنی ڕاستییەکانی دەووروبەردا،)(الطرابولی، ٢٠٠٥: ٤٢٠) چونکە (بۆن، پەنجەرەیەکە لە پەنجەرەکانی درکی هەستی و هەستێکی دیاریکراوە لەمەڕ شتێک، کە وێنای دەکات.)(حمدان، ٢٠١١: ٤٨) لە شیعری (سالمی ساحێبقڕان)دا، بە شێوەیەکی گشتی لەو وێنە هونەرییانەی، کە بەهۆی هەستی بۆنکردنەوە دەربڕدراون، دراونەتە پاڵی زوڵف (گێسوو)ی دڵبەر. لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند نمونەیەکی شیعری وەربگرین. لە دێڕێکدا لە بارەی زوڵف و نیگای یارەوە دەڵێت:

**نیگاهت گەر بە ئاهووی چین بدەم نیسبەت، درۆی مەحضە**

**خەطایە گەر بڵێم: موشکی خەتا هەمبۆیی گێسووتە (سالم، ٢٠١٥: ٧٤٧)**

شاعیر فەزڵ و باشەی دڵبەر هەم لەڕوانگەی نیگاکردن و هەم لەڕووی بۆنخۆشی زوڵفییەوە دەدات بەسەر ئاسکی وڵاتی چیندا، بۆیە دەڵێت: دەبێت بە درۆیەکی ڕووت، ئەگەر بێت و نیگاکردنی تۆ بە هین ئاسکی وڵاتی چین بەراوردبکەم، بەهەمان شێوە هەڵە و نەگونجاوە ئەگەر (بۆنخۆشیی میشک)یووڵاتی خەتا و (بۆنخۆشی زوڵفی تۆ) وەکوو یەک پیشانبدەم، چونکە لە ڕاستیدا لە هەردوو ڕوانگەکەوە ئەوانەی تۆ بەرز و باڵاترن و بە ئاسکی وڵاتی چین بەراورد ناکرێن. بەم شێوەیە، شاعیر (بۆن)ی لە ئاستێکی بەراورددیدا لەنێوان (میشک، میسک)ی وڵاتی (خەتا) و (گێسوو)، زوڵفی دڵبەردا بەکارهێناوە و وێنەیەکی هونەری سەربە هەستی بۆنکردنی پێ بنیاتناوە و تێیدا سوودی لە لێکچواندنی ئاوەژوو وەرگرتووە. کە تاڕادەیک وێنەیەکی دووبارەیە و لە پێشتردا لای شاعیران بەکارهێنراوە. بەڵام وێنەکە بەو شێوازە ئاوەژووکراوە، نوێیە.

لە دێڕێکی تردا، کە لە دەقێکی (٣٢) بەیتیدایە، وەکوو لە کەشکۆڵەکەی نەجمەدینی مەلادا هاتووە، گوایە (لەپاش ڕووخانی حکومەتی بابان، (سالم) بە مەئموومییەت لە لایەن حکومەتی تورکەوە نێردراوە بۆ شاری (حلله)، چەند زەمانێک لەوێ ڕایبواردووە. ئەم هەڵبەستەی لەوێ وتووە، گلەیی لە ماڵەعەرەبێک کردووە، کە چووەتە ماڵیان و خزمەتیان نەکردووە)(ڕێبین، ٢٠١٢: ٣٦). دەڵێت:

**شاممە میغناطیسە بۆ بۆنی کەبابی سەرگوزەر**

**لێوی ئەسپم جازیبی پووشە بە میثلی کەهرۆبا (سالم، ٢٠١٥: ٤٨)**

شاعیر لە سەرەتای نیوە دێڕی یەکەمدا، شاممە (لوت)ی هێناوە و لەڕوانگەی هێزی ڕاکێشانەوە چواندوویەتی بە (میغناطیس) موگناتیس. بەڵام موگناتیس بۆ ڕاکێشانی کانزای ئاسن و (لوت)یش، وەکوو لە دێڕەکەدا دەردەکەوێت، بۆ ڕاکێشانی (بۆنی کەباب). واتا شاعیر دەیەوێت بڵێت: لوتی من وەکوو موگناتیس وایە و بۆنی کەبابی سەری کۆڵان و گوزەرەکەم بۆ ڕادەکێشێت. لە نیوەدێڕی دووەمیشدا لێوی ئەسپەکەی بە کاڕاکێش چواندووە، لە ڕاکێشان و کێشکردنی پووشدا. وێنەی نیوەدێڕی یەکەم بەهۆی (لوت)و هەستی بۆنکردنەوە دروستبووە. وێنەی نیوەی دووەمیش بەهۆی هەستی بەرکەوتنەوە. لە هەردوو وێنەکەدا سوود لە لێکچواندن وەرگیراوە و دەلیلی بوونی برسییەتییەکی زۆرە لەلای شاعیر و ئەسپەکەی. لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**ئەی سونبولی زوڵفت هەمەدەم عەطری مەشامم**

**وەی زێوەری سەرچەشمەیی چەم، قەددی نەمامت** **(سالم، ٢٠١٥: ٢٠١)**

شاعیر (عەطری مەشام)ی هێناوە، کە وێنەی هەستیی بۆنکردنە و (لەوچوو)ە، بۆ (لێچوو)یەک، کە لەسەرەتای نیوەدێڕی یەکەمدا هاتووە. واتا سەرەتا (زوڵف) بە (سونبول) چوێنراوە. دواتر ئەم لێکچواندنە، (سونبولی زولفت) واتا: زوڵفی وەکوو سونبول، ئەمجارە پێکەوە بووە بە (لێچوو) بۆ (عەطری مەشامم)، کە (لەوچوو)ە. لە نیوەدێڕی دووەمیشدا، شاعیر (قەد) باڵای بە (نەمام) چواندووە، کە هۆکاری ڕازاندنەوەی چاوە فرمێسکاوییەکانییەتی. لەم وێنەیەشیاندا سوود لە هەستی بینین وەرگیراوە. بەو شێوازە بە سوودوەرگرتن لە هەستی بۆنکردن و بینین و بەکارهێنانی هونەری لێکچواندن وێنەیەکی هونەری پێکهێنراوە. لەم دێڕەدا، کە لە وێنەی هونەریی دێڕە شیعرەکە ورد دەبینەوە، بەڕواڵەت وادێتە پێشچاو، کە بۆ ئافرەتێک نووسرابێت، بەڵام لە ڕاستیدا، ئەم دەقە شیعرییە لە وەڵامی نامەیەکی شیعری کوردیدا، سالم نووسیویەتی و لە (شێوەکەل)ەوە ناردوویەتی بۆ (کوردی). لە دێڕێکی تردا لە باسی برژانگ و زوڵفی یاردا دەڵێت:

**وەکوو موژگانی تۆ بەرگەشتەیە طالیع بە ڕووی مندا**

**پەرێشان زوڵفی موشکینت لەگەڵ ئەحواڵی من جووتە!** **(سالم، ٢٠١٥: ٧٤٣)**

شاعیر سەرەتا گلەیی لە بەختی خۆی دەکات و بە یار دەڵێت: وەکوو چۆن برژانگەکانت لێت هەڵگەڕاونەتەوە، ئاوها بەختی منیش دژی منە، هەروەها حاڵیشم وەکوو زوڵفە پەرێشانەکەی تۆ وایە، کە وەکوو میشک بۆنخۆشە، لێرەدا ڕوونە کە شاعیر لە دروستکردنی هەردوو وێنەکەدا سوودی لە هونەری لێکچواندن وەرگرتووە، لەپێشدا بەختی خۆی بە برژانگی یار چواندووە، لە هەڵگەڕاوەیدا و دواتر ئەحواڵی خۆی بە زوڵفی یار چواندووە لە پەرێشانیدا، بەڵام لەناو وێنەی دووەمدا سوودی لە هەستی بۆنکردن وەرگرتووە و زوڵفی بە میشک چواندووە لە بۆنخۆشیدا. بەمەش وێنەیەکی هونەری تا ڕادەیەک دووبارەی بەهۆی هەستی بۆنکردنەوە دروستکردووە. جگە

له وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ١١، د: ٢)، (ل: ٢٠، د: ٧)، (ل: ٩٤، د: ٦)، (ل: ١٤٠، د: ٩)، (ل: ١٥٥، د: ٧)، (ل: ١٦٣، د: ٦)، (ل: ١٨١، د: ٢)، (ل: ١٩٠، د: ٢)، (ل: ٢٧٢، د: ٥)، (ل: ٢٩٥، د: ٥)، (ل: ٤٠٣، د: ٥)، (ل: ٦٩٥، د: ٤)، (ل: ٧٤٠، د: ٣)، (ل: ٧٧٨، د: ٢)، (ل: ٨٨٧، د: ١٠).

## ٢/ ٢-١-٤. هەستی چەشتن

وێنەی هەستی تامکردن، ئەزموونکردنی ڕاستەوخۆی شاعیرە بەو شتەی وێنەکەی لێ دروستدەکات، ئەمەش تەنها لە بینین و بەرکەوتندا ناوەستێت، بەڵکوو دەبێت ئەو شتە بچێتە سەر زمان و تام بکرێت، شاعیر لەڕێگەی ئەم هەستەوە، وێنەی تاڵی و سوێری و شیرینییەکانی ژیانمان بۆ دەکێشێت، بە شێوازێک، کە هیچ کام لە هەستەکانی تر ناتوانن وێنەی لەو جۆرە بخوڵقێنن. سالم بەگشتی وێنەی هەستی چەشتنی لە بوارەکانی پەیوەست بە دڵبەر و هەندێک جاریش لە شیعری نیشتمانی و داشۆریندا وێنەی هونەری پێخوڵقاندووە. لە دێڕێکدا لە بارەی شیرینی لێوی یارەوە دەڵێت:

**شەهدی لەبی لەعلی یار، قیمەتی شەککەر شکا**
**دیدەیی مەستی نواند، ساغەری عەبهەر شکا** **(سالم، ٢٠١٥: ٩٣)**

شاعیر لە سەرەتای نیوەدێڕی یەکەمدا، (لێو)ی بە (شەهد)، ((شەهد: شیلەی هەنگ.))(دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٣٤) چواندووە. بەمەش بەهۆی بەڕەوانکردنەوە لادانێکی واتایی ئەنجامداوە و لە هەمان کاتیشدا (لێو)ی بە (لەعل) چواندووە. واتا: بەهۆی لێوی سووری دڵبەرەوە، کە وەکوو شیلەی هەنگوینە، قیمەتی شەکەر شکاوە. بەو شێوەیە بە یارمەتی هەستی چەشتن، وێنەیەکی جوانی خوڵقاندووە. لە نیوەدێڕی دووەمیشدا، (عەبهەر) نێرگس، بە (ساغر) پیاڵەی مەی، چوێنراوە، بەم شێوەیە نێرگسێک، کە هەرچەندە لە مەستیدا لە پیاڵەی مەی بچێت، ئەوە هێشتا لە بەرانبەر مەستیی دیدەی یاردا دەشکێت. بەو شێوەیە بۆ خوڵقاندنی وێنەی هونەری دێڕە شیعرەکە، جگەلەوەی لکچواندنی بەکارهێناوە سوودیشی لە هەستی چەشتن و هەستی بینین وەرگرتووە. سالم، لە دێڕێکی تردا لە بارەی فرمێسکی خۆیەوە دەڵێت:

**لە ئەشکی سوور و سوێری خۆم دەبینم**
**گوڵستانێ لە خاکی شۆرەزارا !** **(سالم، ٢٠١٥: ٧٨)**

له سەرەتای نیوە دێڕی یەکەمدا وشەی (ئەشک) فرمێسک، هاتووە، کە تامێکی سوێری تێدایە. بەهۆی ئەوەی، کە شاعیر زۆر گریاوە و فرمێسکی زۆر ڕشتووە، بۆیە فرمێسکەکانی خوێناوی و سوورن. بەو شێوەیە شاعیر بەهۆی هەستی بینین و چەشتنەوە وێنەیەکی نوێ و داهێنراوی گەلێک جوانی خوڵقاندووە، کە دەڵێت: پێم سەیرە، کە تەماشای فرمێسکە سوور و سوێرەکانم دەکەم، هەر ئەڵێی گوڵ و گوڵزارێکە و لە خاکێکی شۆرەکاتدا ڕوواوە. لە وێنەیەکی تردا شاعیر وێنای ئەوە دەکات، کە هەرخواردنێک، ئەگەر بە دەستی یار پێبدرێت، چۆنی دەبینێت، هەروەها هەر خواردنێکیش بەبێ ئەو، چۆنە بەلایەوە؟ بۆیە دەڵێت:

**بەدەست تۆ قەندە بۆم، زەهری هەلاهیل**

**لە لام زەهرە بەبێ تۆ لەذذەتی قەند** **(سالم، ٢٠١٥: ٢٦٠)**

وشەی (قەند) و (زەهری هەلاهیل)ی هێناوە، کە یەکەمیان (شیرین)و دووەمیان (تاڵ)ەو وێنەی هەستی چەشتنن. هەردووکیانی لەڕوانگەی خۆیەوە پەیوەست بە ئامادەبوون یان نەبوونی دڵبەرەوە باسکردووە و لەسەر بنەمای ئەو دوو تامە، کە یەکەمیان خۆشە و دوومیان تاڵ و کوشندەیە و وێنە هونەرییەکەی خوڵقاندووە. کە دەڵێت: ئەگەر زەهریش بە دەستی تۆ پێمبدرێ، ئەوە وەکوو قەند و شەکر وایە. کەچی ئەگەر قەند بخۆم بەبێ تۆ تامی لەلام وەکوو زەهرە. وێنەکە بە یارمەتی لێکچواندن دروستکراوە.

سالم لە شیعرێکی داشۆریندا، باس لەوەدەکات، کە لە ماڵی (مەلا بەکر) ناوێک، داوەتبووە و پیاوێکی زۆرخۆر (لە دەقەکەدا دیارنییە، کێیە)، لەسەر سفرەوخوان، کەوتۆتە تەنیشتی سالمەوە، ئەمیش لە یەکێک لە دێڕەکاندا وەها باسیدەکات و دەڵێت:

**دەروونی هاتە جۆش و مەطڵەبی دۆی ترشی دەکرد**

**کاسە دۆی نایە سەر و دوو قومی لێ دا بە شیتاب** **(سالم، ٢٠١٥: ١٥٢)**

لە نیوەدێڕی یەکەمدا (دۆی ترش) هاتووە، کە وێنەیەکی هەستی چەشتنە. کابرای بخۆر پاش ئەوەی لەو خواردنە گەرمانەی زۆر خواردووە، دەروونی گەرم داهاتووە، بۆیە ئارەزوی دۆی ترشی کردووە و کاسە دۆی ناوەتەسەر و بەخێرایی دوو قومی لە دۆی ترشداوە. بەو شێوەیە (ترش)، کە یەکێکە لە تامەکان، بووەتە هەوێنی دروستبوونی وێنەی هەستی چەشتن لەم دێڕە شیعرەدا. بەمەش لە دروستکردنی وێنەکەدا شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆی بەکارهێناوە. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ٥٩، د: ٦)، (ل: ١٠٣، د: ٢)، (ل: ١٠٧، د: ٧)، (ل: ١٥٦، د: ١٠)، (ل: ١٦٢، د: ٣)، (ل: ٧٣٨، د: ٣)، (ل: ٨٤٥، د: ٢)، (ل: ٩٥٦، د: ١).

## ٢/ ٢-١-٥. هەستی بەرکەوتن

یەکێکی تر لە هەستەکان، کە لە بنیاتنانی وێنەی هەستیدا بەشداریدەکات، هەستی بەرکەوتنە، کە (پشت بە پەیوەندی ڕاستەوخۆ دەبەستێت و بوارەکانی: بەرکەوتن، نەرمیی، زبریی، گەرمیی، ساردیی، شێ، هەستکردن بە ڕەقیی و تیژیی و ئازار)(الطرابولی، ٢٠٠٥: ٤٢٥) دەگرێتەوە. واتا هەموو ئەو وێنانەی بەهۆی دەستلێدان و بەرکەوتنەوە دروستبوون، دەچنە خانەی وێنەی هەستی بەرکەوتنەوە و وێنەی سەرنجڕاکێشی وا دروستدەکەن، کە هەستەوەرەکانی تر لە توانایاندا نییە لەو جۆرە وێنەیە بخوڵقێنن. هەر بۆیە (بەرکەوتن، هەستێکی گرنگە لە درککردن بە جوانی شتەکان و هەندێجار شوێنی هەستی بینین دەگرێتەوە و لەویش کاریگەرتر دەبێ بەوەی، کە ماوەی نێوان شتە درکپێکراوەکە و مرۆڤ نامێنێ.)(عبدوڕەحمان، ٢٠٠٦: ١٠١) لە شیعری (سالم) دا هەستی بەرکەوتن بەشدارییەکی کارای لە بنیاتی وێنەی هونەریی ناوازە و خوڵقێنراو و نوێدا هەیە. شاعیر لە دێڕێکدا لەبارەی ئەوەی، کە دڵبەر ماچی پێنەداوە، دەڵێت:

**لەبت بوو داروی جێ نێشی ماری زوڵفەکەت، نەددا**
**هەتا دەمرم، لە حەسرەت، با بدەم دەستم بە زانوودا (سالم، ٢٠١٥: ٦٠)**

لە نیوە دێڕی یەکەمدا شاعیر (زوڵف)ی یاری بە (مار) چواندووە، هەر ئەو مارەش گازی لە شاعیر گرتووە و برینداریکردووە. شاعیر بۆ چارەسەری جێی برینی ددانی مارەکە، وەک دەرمانێک، داوای لێوی یاریکردووە. (ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو چارەسەرە سرووشتییە خێرایەی، کە دوای پێوەدانی مار، بە مژینی خێرای شوێنی و جێددانی مارەکە، دەکرێ کەسەکە چارەسەر بکرێت و لە مردن ڕزگاری ببێت) بەڵام دڵبەر ئەوەی بۆ شاعیر نەکردووە. هەربۆیە دەڵێت: مەگەر لە داخ و حەسرەتدا هەتا مردن، من دەستم بە ئەژنۆمدا بکێشم. بە واتایەکی تر شاعیر دەیەوێت بڵێت: تۆ بە زوڵفە ڕەشەکانت منت گرفتار و بریندارکردووە، بۆ چارەسەریشم تەنها ماچێکی لێوەکانت دەرمانی منە، بەڵام ئەویشت پێمنەدا، بۆیە تا مردن گرفتارم و بە ئەژنۆکانمدا دەکێشم. بەو شێوازە لە هەردوو دەربڕینە جیاوازەکەدا، چ پێوەدانی مارەکە، چ مژینی شوێنی گەستنەکە یان ماچی لێوی یار، یاخود دەست بە ئەژنۆدا کێشان، هەموویان پشتیان بە هەستی بەرکەوتن بەستووە لە خوڵقاندنی ئەو وێنە تازە و سەرنجڕاکێشەدا. یان دەڵێت:

**بارە سایەی سونبولی گێسوو لەسەر غونچەی لەبت**
**بۆمنی پڕبارلەب، ئەو لێوە گەزتن موشکیلە! (سالم، ٢٠١٥: ٧٩٣)**

لە نیوەدێڕی یەکەمدا (بارە لەسەر لەب)و لە نیوەدێڕی دووەمدا (منی پڕبارلەب)و (لێو گەستن) وێنەی هەستی بەرکەوتنن و بونەتە هۆی دروستبوونی وێنەی هونەریی دێڕە شیعرەکە.

له وێنەکەدا (زوڵف) بە (سونبول)و (لەب)یش بە (غونچە) چوێنراون. شاعیر دەڵێت: ئەی دڵبەر سێبەری زوڵفی وەکوو سونبولت، بووە بە تۆز و بار بەسەر لێوی ناسکی وەکوو غونچەتەوە. بۆ منێکی دەردەدار و لێو پڕ بەبار، چۆن بتوانم لێوەکانت بگەزم؟! بەو شێوەیە هەستی بەرکەوتن، بووەتە هۆی دروستبوونی وێنەیەکی نایاب و جوان، کە لە خوڵقاندنیدا سوود لە چواندنی ڕەوان وەرگیراوە. لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**لە دەستم بەرمەدە دامەن، مەبادا بمکوژێ هیجرت**

**چ حاجەت خوێنێ ناحەق دامەنت بگرێ لە مەحشەردا (سالم، ٢٠١٥: ٥٩)**

شاعیر لە نیوە دێڕی یەکەمدا داوا لە دڵبەر دەکات (دەستی شاعیر لە دامەنی بەرنەدات)، لە نیوە دێڕی دووەمیشدا پێیدەڵێت: پێویست نییە لە مەحشەردا (خوێنێ ناحەق دامەنت بگرێ). هەردوو وێنەکە، کە (دامەن گرتن)ە، بەهۆی هەستی بەرکەوتنەوە دروستبووە. بەو شێوەیە بە یارمەتی وێنەی هەستی بەرکەوتن وێنەیەکی هونەریی ناوازە خوڵقێنراوە، کە شاعیر دەڵێت: ئەی دڵبەر بهێڵە با من دامەنت بگرم، چونکە دووری لە تۆ دەمکوژێت. ئاخر من لەبەر تۆمە، تاوانی کوشتنی کەسێکی بێتاوان، مەخەرە ئەستۆی خۆت، با لە ڕۆژی مەحشەردا، ڕشتنی خوێنێکی ناحەق دامەنت نەگرێت و تووشی کێشەت بکات. لە دێڕێکی تردا داوا لە دڵبەر دەکات، کە زوڵفی وەکوو تەوق شەوێک بکاتە ملی سالم و دەڵێت:

**چ حاصڵ ئەژدەهای زوڵفت بە دایم وەقفی گەردن بی؟**

**کەرەم کە، با ئەمانەت یەک شەوێ تەوقی ملی من بێ (سالم، ٢٠١٥: ٩٧٩)**

لە نیوەدێڕی یەکەمدا (زوڵف وەقفی گەردن)و لە نیوەدێڕی دووەمیشدا (تەوقی ملی من) هاتوون. هەردووکیان وێنەی هەستی بەرکەوتنن، شاعیر داوا لە دڵبەر دەکات و دەڵێت: کەی پێوستدەکات، زوڵفت وەکوو ئەژدەها هەمیشە لەملتەوە ئاڵابێ؟ بفەرموو با بە ئامانەتیش بێت شەوێک بیکە بەتەوق بەملی منەوە. لە ڕاستیدا ئەوە وێنە ڕووکەشەکەیە، دەنا لەپشتی دەربڕینەکەیەوە، شاعیر داوای لە دڵبەر کردووە، کە تەنها بۆ شەوێکیش بێت، لەگەڵیدا بنوێت. بەهەمان شێوە واتا شاراوەکەش بەهۆی هەستی بەرکەوتنەوە دروستبووە. لە وێنەکەدا (زوڵف)ی هەم بە (ئەژدەها)و هەمیش بە (تەوق) چواندووە و سوودی لە چواندنی کۆ وەرگرتووە. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمان کرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ٦، د: ١)، (ل: ٤٩، د: ٢٤)، (ل: ٥٢، د: ٥)، (ل: ٧٨، د: ٥)، (ل: ٨٣، د: ١)، (ل: ٩٢، د: ١١)، (ل: ١٢٢، د: ٤)، (ل: ١٢٩، د: ٤)، (ل: ١٤٩، د: ٢)، (ل: ١٧٨، د: ٣)، (ل: ٢٠١، د: ٣)، (ل: ٩٤٠، د: ٤).

## ٢/ ٢-٢. وێنەی واتایی Abstract image (الصورة المعنوية)

شاعیر بۆ دروستکردنی وێنەی هونەری تەنها پشت بە هەستەکانی نابەستێت، بەڵکوو ئاوەز و ژیریی لایەنێکی ترە، کە دەبێتە هۆی خوڵقاندنی وێنە. ئەو وێنانەش، کە بەهۆی عەقڵ و ژیرییەوە درووستکراون و هیچ ئاماژەیەکی هەستییان تێدا نییە، بە وێنەی واتایی ناسراون، چونکە (خاڵیین لە سرووشتی هەستەکان.)(الروخان، ١٩٨٨: ٢٢٩) بەو مانایەی لەڕوانگەی چەمک و واتا و تێگەشتنەوە دەتوانین لێیتێبگەین. لێرەدا قسە لەسەر ئەو وێنانەیە، کە بەهۆی بیر و ژیرییەوە دروستکراون و هەر بەهۆی عەقڵ و بیرکردنەوەشەوە دەتوانین شیبانبکەینەوە و لێیانتێبگەین نەک بەهۆی هەستەکانمانەوە. بۆ دروستکردنی ئەم جۆرە وێنانە پێویستە شاعیر زیاتر بیرتیژی بەکاربهێنێت بۆ دۆزینەوەی پەیوەندییە شاراوەکانی نێوان ئەو چەمک و واتایانەی وێنەکەی لێ پێک دێنێت. بەم پێیە هەتا شاعیر بیر و ئاوەزی فراوان بێت، زیاتر توانای بەسەر وێنە واتاییەکاندا دەشکێت و بە پێچەوانەشەوە هەتاکو لەو لایەنەوە لاوازبێت، ئەوە لە خوڵقاندنی وێنەی هەستیدا سەرکەوتووتر دەبێت؛ هەربۆیە (دروستکردن و پێکهێنانی وێنەی زیهنی، هەمیشە هاوڕێی داهێنان و دۆزینەوەی پەیوەندی نوێیە لە نێوان ئەواندا و دۆزینەوەی وێنەی نوێی وەهایە، کە ئاوەز پێشتر بەوجۆرەی کە وێناکردن هێناویەتییەبوون، لە جیهانی دەرەوەدا درکی پێنەکراوە. لەبەرانبەر ئەمەدا دەتوانین وێناکردن بە ماڵ و توانای داهێنانی ئاوەزی مرۆڤ بناسێنین.)(مظفری، ١٣٧٥: ١٥) توانای وێناکردنی ئاوەزی شاعیر ڕۆڵی گەورە لە خوڵقاندنی وێنەی واتایی داهێنراودا دەبینێت.

وێنەی هونەریی واتایی، لەبەرئەوەی بەر هیچ کام لە هەستەکان ناکەون و گەرمی و زبری و ڕەقی و تیژی و تونی و تاڵی و دەنگی بەرز و ئەو جۆرانەی تێدانابینرێت، زیاتر لەڕوانگەی واتا و ژیرییەوە لێیان تێدەگەین. هەربۆیە (ئەزموونی ڕۆژانە ئەوەمان پیشاندەدات، کە وێنەی ئاوەزی کەمتر وشک و زبرن لە وێنە هەستییەکان،)(Kosslyn, 1983: 309-310) چونکە وێنەی ژیریی (بەرهەمی لێکدراوی خەیاڵ و بیرە و لە ئاوەز و بیرکردنەوەوەی شاعیرەوە دەردەچێت.)(حمدان، ٢٠١١: ٣٣) نەک لە هەستەکانییەوە. هەر ئەمەش وادەکات، وەرگر واتای ئەم جۆرە وێنەیەی وەکوو وێنەی هەستیی بەئاسانی نەیەتەدەست، بەڵکوو (دەخوازێت وەرگر بۆ ئەوەی نهێنییەکانی هەڵوەشێنێتەوە لەوەی، کە تێدایەتی لە خەیاڵێکی قووڵ، زۆر لەسەری بوەستێت و لێی وردببێتەوە. ئەم جۆرە وێنەیە پەیوەستترە بە زەینەوە، چونکە وەرگر هەموو توانا وەرگرییەکانی خۆی، زیاتر لەوەی کە لە وێنەی هەستیدا پێویستییەتی بەکاردەهێنێت.)(الوائلي، ١٩٩٢: ١٩٧)

ئاستی ڕۆشنبیری و شارەزاییە تایبەتییەکانی شاعیر بۆ خوڵقاندنی وێنەی واتایی پێویستە، چونکە (بە ڕاستەخۆیی بەستراوەتەوە بە ئاوەز و بیر و دیدی تایبەتی و خودیی شاعیرەوە و بەپشتبەستن بەڕۆشنبیریی و شارەزایی هونەری و زانیارییەکانی هزری خۆی)(الكناني، ٢٠٠٩،

١٠٠) دەتوانێت وێنەی واتایی داهێنراو بخولقێنێت. شیعری سالم هەڵقولاوی واقیعی ژیانی خۆی و نەتەوەکەیەتی، ژیانێک، کە پڕە لە بەرزی و نزمی و تاڵی و شیرینی و سەختی و تێکۆشان. ئەمەش بە ئاشکرا لە شێوازی سەخت و ئاڵۆز و بیری چڕ و وردی پشت وێنە هونەرییەکانییەوە هەستی پێدەکرێت. ئەو شێوازەش لەژێر کاریگەری شێوازی سەبکی هندیدا، سالم لەڕێگەی کاریگەربوونی بە شاعیرانی ئەدەبی فارسی، لە وێنەی (حافز، سەعدی، کەلیم)ەوە وەریگرتووە و خۆشی لەناو ئەو شێوازە گشتییەدا شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەبووە. ئەو شێوازەش لە وێنەی هونەری و بە تایبەتیش لە وێنەی هەستیی و ژیریی لە شیعرەکانیدا بە ئاشکرا دەبینرێت. شاعیر زۆرجار لە دێڕە شیعرەکانیدا وێنەی هەستیی کردووە بە پاڵپشتیی تێگەشتن بۆ وێنە واتاییەکانی ناو دێڕەکە، چونکە لە بنەڕەتدا تێگەشتن لە چەمکە واتایی و ژیرییەکان ئاڵۆزترە لە هەستییەکان، بۆیە بە گشتی چەمکە واتاییەکانی بە شتی هەستیی دەرخستووە. ئەگەرچی گەلێک وێنەی واتاییش هەن لە شیعرەکانیدا، کە هەر بە چەمکی واتایی تر دەرخراون و تەنها لەڕێگەی ژیریی و عەقڵەوە دەتوانین لێیان تێبگەین. شاعیر لە دێڕێکدا دەڵێت:

**بە بێ تۆ زیندەگیم ناوێ، لە دووریی تۆ حەیات مەرگە**
**لە دەستم بەرمەدە دامەن، وەرە دەستم بە دامانت** **(سالم، ٢٠١٥: ٢١١)**

شاعیر، (حەیات) کە چەمکێکی واتاییە و لەڕێگەی عەقڵ و ژیرییەوە لێی تێدەگەین، چواندوویەتی بە (مەرگ)، کە دیسان چەمکێکی واتاییە و بەر هەستەکانمان ناکەوێ، بەڵکوو لەڕێگەی ژیرییەوە پێی ئاشناین، واتا شاعیر لەڕێگەی سوودوەرگرتن لە لێکچواندنی ڕەوان، کە تەنها لێچوو و لەوچوو هاتوون و بە بەکارهێنانی چەمکە واتاییەکان وێنەیەکی هونەری واتایی درووست کردووە. لە وێنەیەکی تردا دەڵێت:

**بەسەرچێ گەر حەیاتم، بێ زمستانی غەم و هیجران**
**دەکەم ڕۆژێ تەماشای باغ و گوڵزارم، وەلێ زەحمەت** **(سالم، ٢٠١٥: ٢٣٤)**

لێرەدا (زستانی غەم و هیجران)ی بەکار هێناوە، هەر دوو وشەی (غەم) و (هیجران) چەمکی واتایین و ئێمە لەڕێگەی ژیرییەوە دەتوانین لێیان تێبگەین، ئەم دوو وشە چوێنراون بەیەک وشە، کە ئەویش (زمستان)ە، وشەی زمستان وەرزێکی ساڵە و وەرزەکانیش هەستین. کەواتە لایەکی لێکچواندنەکە واتاییە و ئەویتر هەستییە، بەڵام شاعیر دوو لێچوو و یەک لەوچووی هێناوە؛ بۆیە بەیارمەتی لێکچواندنی تەخت وێنەیەکی هونەریی واتایی جوانی خولقاندووە. شاعیر لە وێنەیەکی تردا، کە پەسنی دڵبەری کردووە دەڵێت:

**سەراپا بەندە ئەندامم لە قەیدی سیحری جادوویێ**
**فەرەنگی مەزهەبێ، تەرسا میزاجێ، ئاتەشی خوویێ (سالم، ٢٠١٥: ١٠٣١)**

لە نیوەی یەکەمدا، شاعیر (سیحری جادووی) یار، کە چەمکێکی واتاییە بە (قەید) و کۆت چواندووە، کە هەموولەشی یاری بەندکردووە. لە نیوەی دووەمدا (مەزهەب، میزاج، خوو) هاتوون، هەموویان چەمکگەلی واتایی و ژیرین و بە (فەرەنگی، تەرسا، ئاتەشی) دەریخستوون، کە دیسان چەمکی واتایین. بەم شێوەیە لە نیوەدێڕی یەکەمدا یەک وێنەی هونەریی هەیە، نیوەی واتاییە و نیوەکەی تری هەستییە. لە نیوەدێڕی دووەمیشدا، سێ وێنە هەیە، کە هەردوو لاکانیان چەمکی واتایین و بە عەقڵ و ژیری درکیان پێدەکەین. شاعیر دەڵێت: دڵبەر بە مەزهەب لە ئەوروپایی و بە میزاج لە مەسیحی و بە خووش لە ئاگرپەرست دەچێت، هەر بۆیە خاوەنی سیحر و جادوویەکە، کە هەموو ئەندامانی جەستەمی بەندکردووە. یان دەڵێت:

**دڵ لە قەیدی ستەمت زارە بە دایم مەهـ و ساڵ**
**چەند ڕۆژێ بە وەفا تەرکی جەفا کەی، چ دەبێ (سالم، ٢٠١٥: ٩٨١)**

لەم دێڕەدا وشەکانی (ستەم، زار، وەفا، جەفا) هاتوون، کە هەموویان چەمکی واتایین و بە هۆی ژیرییەوە درکیان پێ دەکەین. بەو شێوەیە لەڕێگەی سوودوەرگرتن لە چەمکە واتاییەکان، وێنەیەکی هونەری دروستکردووە. زۆرجار شاعیر لە دێڕێکدا چەندین وێنەی هونەریی دروستکردووە، کە تێیاندا هەموو وێنە ژیرییەکان بە وێنەی هەستی دەرخراون، ئەمەش بە گشتیی شێوازێکی دیارە لەلای سالم. بۆ نمونە لە دێڕێکدا دەڵێت:

**شەططی میحنەت هات لە سەردا، سەددی هۆشی ڕاڕفاند**
**بادی غەم لێم بوو بە شەرکێ، جیسری شادیم تێکشکا (سالم، ٢٠١٥: ٢٨)**

لەم دێڕەدا شاعیر چوار وێنەی دروستکردووە. لە هەموویاندا نیوەی یەکەمی وێنەکە، کە لێچووەکەیە، ژیرییە. هەموویان بە شتگەلێک دەرخراون، کە هەستین و بەر هەستەکانمان دەکەون. لە نیوەی یەکەمدا (میحنەت، هۆش)، کە دوو چەمکی ژیرین، بە (شەطط، سەدد) چوێنراون، کە شتگەلێکن بەر هەستی بینین و بەرکەوتن دەکەون. لە نیوەی دووەمیشدا سەرەتا (غەم)ی بە (باد) دەرخستووە. دواتر (بادی غەم، شادی) دیسان ژیرین و بە (شەرکێ، جیسر)، کە هەستین، دەرخراون. لە دێڕەکەدا شاعیر بە هۆی چواندن و بەیارمەتی بەتەنکردن، وێنەیەکەی خوڵقاندووە. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ١٢٩، د: ١)، (ل: ٢٣٢، د: ١)، (ل: ٣٤٩، د: ٥)، (ل: ٧٤٣، د: ٥)، (ل: ٧٦٦، د: ٨)، (ل: ٩٨١، د: ١)، (ل: ١٠١٣، د: ٤).

## ٢/ ٣. وێنەی هونەری لەڕووی بابەت (ناوەڕۆک)ەوە

### ٢/ ٣-١. وێنەی دەروونی

زانستی دەروونناسی گرنگی بە شیکارکردنی بوارە دەروونییەکانی مرۆڤ دەدات، شیعر بە گشتی و وێنەی هونەری بەتایبەتی لە هەست و سۆزی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێت و نمایشی بارە دەروونی و ناوەکییەکانی شاعیر دەکات. بە دەربڕینێکی تر (شیعر زمانی دەروونیی شاعیرە و هەموو وێنە ڕیالیستییەکانی دەرەوەی "خود" بە کامێرای زمانی خۆی دەگرێت و لە پێشەنگایەکی سەرنجڕاکێشدا بە وێنە شیعرییەکان، وێنە دەروونییەکانی شاعیر نمایش دەکەن.)(ئەحمەد، ٢٠٠٤: ١٩٣) کەواتە لەوەتەی وێنەی هونەری هەیە پەیوەستبووە بە بارە دەروونییەکانی شاعیرەوە، چونکە (هەر نووسەرێک لە بەرهەمەکانیدا بەرجەستەی وێنەیەکی بنەڕەتیی دەروونی دەکات.)(Хрусталева, 2018: 156) بە واتایەکی تر (وێنەی هونەری دەربڕینی حاڵەتێکی دەروونی دیاریکراوە، کە شاعیر پێیەوە دەناڵێنێت، لەمەڕ هەڵوێستێکی دیاریکراو لە هەڵوێستەکانی ژیانی.)(الخلیل، ٢٠١٤: ٢٥٧) قسەکردنیش لەسەر ئەم پەیوەندییە مێژوویەکی کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ لای گریکەکان، بەڵام لە ڕەخنەی هاوچەرخدا بایەخێکی زیاتری پێدراوە بەتایبەتی لەدوای دەرکەوتنی زانای دەروونناس "فرۆید"و قسەکردن لە نەست و چەپێنراوە سێکسییەکانی مرۆڤ بەگشتی و هونەرمەند بەتایبەتی. لەم ڕووەوە لەبەر ڕۆشنایی (شیکردنەوەی دەروونیی و ئەوەی پەیوەستە پێیەوە لە نەست و ئارەزووە سێکسی و خەونە کەبتکراوەکان، "فرۆید" چووەناو جیهانی هونەر و هونەرمەندانەوە بۆ ئەوەی شمەکە سایکۆلۆجییەکانی بخاتەڕوو. لە کەسە سەرەتاییەکان بوو، کە بە تیۆری و کرداری پەیوەندی دەروونناسی بەئەدەب و هونەر و ڕەخنەوە بونیادنا. بە شیکردنەوەی دەروونیی، باسی کەسایەتی هونەرمەندان و کارە هونەرییەکانیان و پرۆسەی دروستکردنی هونەریی کرد.)(المختاري، ١٩٩٨: ١١) هەروەها (بە توێژینەوەکانی فرۆید دەربارەی عەقڵی ناوەوە و دیاریکردنی وێنەی شیعری بەوەی، کە هێمایەکە سەرچاوەکەی نەستە، هەروەها بیرۆکەی "یونگ" دەربارەی نموونە باڵاکان و بە توێژینەوە دەروونییەکانی، وێنە لای ڕۆژئاواییەکان فراوان بوویەوە.)(صالح، ١٩٩٤: ٣٢) بێگومان نابێت لەیادمان بچێت (فرۆید، دان بەوەدا دەنێت، کە شاعیر و فەیلەسووفەکان نەستیان دۆزیوەتەوە، ئەوەی ئەم دۆزییەوە ڕێبازێکی زانستیی بوو بۆ لێکۆڵینەوە لە نەست.)(الخطیب، ١٩٧٢: ٢٥٢)

بەڵام پێمانوایە فرۆید لەوەدا زیادەڕەوی کرد کاتێک تەواوی پرۆسەی داهێنانی هونەریی بە هەڵچوونە سێکسییەکانەوە پەیوەستکرد، چونکە لەو بڕوایەدا بوو "نەست" کە کەڵەکەبووی کەبتکراوە سێکییەکانی منداڵیی تێدایە، سەرچاوەی سەرەکی وێنە هونەرییەکانە و هەر ئەو وێنانەش ئاشکراکەری نەخۆشییە دەروونییەکانی شاعیرانن. دواتریش ئەو بیروڕایە سەلمێنرا، کە

(ڕەخنەگرانی کاریگەربوو بە ڕێبازی شیکردنەوەی دەروونیی لەو باوەڕەیاندا هەڵەیانکرد، کە شاعیر نەخۆشی دەروونیی هەیە، یان گرنگییەکانی غریزەکانی تێناپەڕێنێت، بۆیە مامەڵەیان لەگەڵ دەقە شیعرییەکاندا وەکو ئەوەی بەڵگەگەلێکی دەروونیی بێت و نەخۆشی و غەریزەی خاوەنەکانی ئاشکرادەکات؛ بۆیە زێدەڕەوییان کرد لە لێکدانەوەی وێنە شیعرییەکان تا ئەو ڕادەیە وا لەو کەسە دەکات، کە کتێبەکانیان دەخوێنێتەوە لە بەزەیی یان گاڵتەجاریی، پێیان پێدەکەنێت)(غیلان، ٢٠٠٣: ٢٦٧).

(شارل مورون ١٨٩٩– ١٩٦٦ز)، کە دامەزرێنەری ڕەخنەی دەروونییە، بە شێوەیەکی جیاواز لە فرۆید (شیکردنەوەی دەروونیی بۆ ئەدەب و هونەر دوورخستەوە لەوەی، کە تەنها شیکارییەکی "کلینکی"بێت و یاساکانی پزیشکی حوکمی بکات، هەروەها ئەدیب و هونەرمەندی دوورخستەوە لەوەی، کە لە هەموو بارەکاندا مرۆڤێکی دەماریی بێت، یان ئەدەبەکەی ئاشکراکردنی نەخۆشییەکانی بێت، سەرەڕای ئەوەی، کە هەندێک لە ئەگەرەکانی شیکردنەوەی دەروونی لە باسکردنی کەسایەتیی و کاری هونەری ئەدیبدا پشتگوێ نەخست.)(المختاري، ١٩٩٨: ١٦) بەو مانایەی نەست وەکوو ڕەگەزێک دەکرێ ببێت بەسەرچاوە بۆ خوڵقاندنی بەشێک لەو وێنە هونەرییانەی کە شاعیر دروستیدەکات و دەرخەری بارە دەروونی و ناوەکییەکانیەتی. بەڵام هەموو وێنە هونەرییەکانی شاعیر لە نەست و کەبتکراوە سێکسییەکانەوە سەرچاوە ناگرێت، ئەمە جگە لەوەی، کە نەست تەنها یادگەی پاراستنی بیرکرنەوە سێکسییەکان نییە.

بە بۆچوونی ئیرینا ئارنۆڵد (Arnold ١٩٠٨–٢٠١٠ز) وێنە لە ئاگاییدا لەدایکدەبێت و سەرچاوەکەشی ئەزموونە دەروونییەکانە، بۆیە دەڵێت: ((بیرەوەرییە هەستییەکان، بینراو، گوێگرتن، گەرمی و هەستەکانی تر، کە لە ئەزموونەوە وەرگیراون، پەیوەستن بە ئەزموونە دەروونییەکانەوە.))(Арнольд, 2002: 114) ئەمەش بەو مانایەی (وێنەی هونەری دەلالەتی دەروونی کاریگەرییە درککراوەکانی ڕابردووە، کە هونەرمەند بنیاتی ناوە لەڕێگەی وشەکانی ناو قەسیدەکەیەوە بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر بەرانبەر.)(اليافي، ١٩٨٢: ٦٩) ئەمەش بۆ ئەوەی وەرگر بخاتە هەمان بارودۆخی دەروونی خۆیەوە. وێنەی دەروونی دەرخەری لایەنە دەروونییەکانی شاعیرە، کە لە قوڵایی دەروونیدایە و لە وێنەکانیدا نەخشاندوونی. بەڵام بۆ دۆزینەوەیان و ئاشکرا کردنیان لەلایەن توێژەرەوە پێویستی بە وردیی و ئاگاییەکی زۆر هەیە، چونکە هەر خۆی (قوڵبوونەوەی تێڕوانین لە وێنەی هونەریدا، یەکێکە لە کلیلەکانی میتۆدی زانستی دەروونناسی،)(Ханифович, 2007: 3) کە بێگومان لەم شیکارکردنانەشدا پێویستە تایبەتمەندییەکانی سەردەمی شاعرەکە لەبەرچاو بگیرێت. چونکە هەروەک دەروونناسی هونەر

ڤیگۆتسکی لیڤ (Vygotsky, Lev ۱۸۹٦– ۱۹۳٤ز) دەڵێت: ((هەموو نەوەیەک و هەموو سەردەمێک بەشێوەی خۆی کاری هونەری بەکاردەهێنێت.))(Тамарченко, 1999: 31)

وێنەی دەروونی جیاوازنییە لە وێنەکانی تر لە ئامرازەکانی دەربڕیندا، کە پێیان دەردەبڕێت، ڕەنگە وێنەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ڕوونبێژیی یان هێماگەریی بێت، بەڵام جیاوازە لە دەربڕینی هەستەکاندا، کە دەروونی ئەدیبی لەسەر گۆشکراوە و لە وێنەیەکی هونەریدا دەیکێشێت و شاراوەکانی بەرجەستە دەکات و لە قاڵبێکی ئەدەبیدا دەیخاتەڕوو.(التميمي، ۲۰۰۳: ۱۲۷) بەو مانایەی دەکرێ لە درووستکردنی وێنەی دەروونیدا بە هەمان شێوەی وێنەکانی تر، هێما یاخود هونەرە ڕوونبێژییەکان بەکار بهێنرێت و هەست و سۆزی تێدابێت، بەڵام جیاوازییەکە لەو هەست و سۆزەدایە، کە وێنەکە هەڵیگرتووە و پەیوەستە بەو ڕایەڵە دەروونییانەی، کە حەز و ئارەزووە چەپێنراوەکانی پێوە گرێدراوە و لە نەستدا شاراوەتەوە و لە وێنە هونەرییەکەدا خۆی ئاشکرا دەکات.

لە دیوانی سالمدا ژمارەیەکی زۆر لەم جۆرە وێنە هونەرییەی تێدایە، بێگومان ئەمەش هۆکاری خۆی هەبووە. سەجادی دەڵێت: ((سالم، پیاوێکی بێهێز و لاوازبووە، بیری لە شت زۆر کردووەتەوە، غەم و پەژارەی نەفسی ئەوەندەی تر کاری تێکردووە، زۆر کەم لەشساغی بەخۆیەوە دیوە، تا دوا هەناسەی ژیانی هەر بە ئاهوناڵەبووە چە لە دەست نەخۆشی، چە لەدەست جەوری زەمان.))(سجادی، ۱۹۷۱: ۲٦٥) هەر لەم بارەیەوە، لە یەکەم دیوانی چاپکراوی سالمدا هاتووە، کە (ئەڵێن لەپێشا سالم لەقەبی ڕەنجوری و یەکێ ئەڵێ بیماربووە، گوایە لەسەر تەکلیفی دکتۆر گۆڕیویە و کردوویە بە سالم، کە عەلامەتی ساغوسەلیمی بێ، چونکە سالم پیاوێکی لاواز و بێتاقەت و مات و بێدەنگبووە و قنگەکێش بووە.)(دیوانی سالم، ۱۹۳۳: ۹) لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا (تێکچوون و ڕوخانی بنەماڵەی بابان دەبێتە هۆی داخ و دەرد لە دڵی ئەودا)(سەفی زادە، ۲۰۰۸: ۵۹۰) و جەوری زەمانە و بارودۆخی خراپی میرنشینی بابان چەندین جار تووشی ماڵوێرانی و ئاوارەیی کردووە، هەروەها غەم و ئازار و دەردی دابڕان لە دڵبەر بێگومان کاریگەری لەسەر دەروونی شاعیر بەجێهێشتووە. هەموو ئەمانە پێکەوە تووشی بارودۆخێکی دەروونیی تایبەتیان کردووە؛ هەر بۆیە لە دیوانی سالمدا گەلێک وێنەی هونەری بەرچاو دەکەون، کە دەربڕی باری دەروونی شاعیرن. ئەوەتا لە دێڕێکدا باس لەو غەمبارییە دەکات، کە سەراپای ژیانی داگیرکردووە و دەڵێت:

**خەمیری خاکی من ئەووەڵ بە بارانی فەرەح نەکرا**
**جەوانی و طیفلیی و پیریم، سەراسەر جوملەگی غەم بوو** **(سالم، ۲۰۱٥: ٦۳۷)**

لێرەدا شاعیر بە سوودوەرگرتن لە (سورة الرحمن) ئایەتی (١٤) کە دەفەرمێت: (خلق الانسان من صلصال کالفخار)، خودا مرۆڤی لە قوڕ دروستکردووە. شاعیر پیشانمان دەدات، کە ئەو قوڕەی ئەوی لێدروستکراوە بە ئاوی بارانی فەرحانی و خۆشی نەشێلدراوە، بەڵکوو بە ئاوی غەم خۆشکراوە؛ بۆیە منداڵی و گەنجی و پیرییەکەی هەموو پێکەوە بە غەم و خەفەت بەسەر بردووە. بە وێنەکەدا ڕوونە کە لە سەردەمی تەمەنی پیریدا نووسراوە و شاعیر لە ساتێکی ئەو تەمەنەدا وەستاوە و باری دەروونی خۆیمان لە سێ دەمی جیاوازدا پیشاندەدات. کە هیچ خۆشییەکی تێدانەبووە و غەم سەراپای ژیانی داگیرکردووە.

لە دێڕێکی تردا شاعیر باس لەو بارە دەروونییە قورسەی خۆی دەکات، کە بەهۆی دووری یارەوە دووچاری دەبێت. لە ڕاستیدا خودی عەشق ڕەگەزێکی دەروونییە، مرۆڤی عاشق گرفتاری بارێکی دەروونی وەهادەبێت، کە ئاسایی نییە و هەست بە بۆشایی دەروونی دەکات و لە غیابی مەعشوقدا خۆی بەکەم دەبینێت. ئەوەتا سالم دەڵێت:

**دوصەد عوقدەم لە دڵدایە بە بێ تۆ**

**درۆ ناکەم بە عوقدەی چینی گێسووت** **(سالم، ٢٠١٥: ٢٢٢)**

شاعیر ڕووی دەمی لە دڵبەرە. بەهۆی دەربڕینی (بی تۆ) لە کۆتایی نیوەی یەکەمدا، بۆمان دەردەکەوێت، کە لە مەعشوقەکەی دوورە، هەر ئەم دوورییە بارێکی دەروونی وەهای خوڵقاندووە، کە هۆکاری دروستبوونی (دووسەد عوقدە)گرێیە، لە دەروونی شاعیردا. ئەمەش بێگومان دانپێدانانی شاعیرە لە بارە دەروونییە ئاڵۆزەکەی، چونکە لە زانستی دەروونشیکاریدا یەک گرێش دەروونێکی نائارام دەخوڵقێنێت، ئەمە نەخوازەڵا ئەگەر دووسەد گرێ بێت! لە نیوەدێڕی دووەمدا وشەی (درۆ) هاتووە، کە دیسانەوە، ئاماژەی دەروونیی تێدایە. هەروەها (عوقدە)یەکی دیکە هاتووە، کە هەم مەبەستی گرێی پێچ پێچی زولفی یارە و هەمیش بووە بە گرێی دەروونیی بۆ شاعیر. بەو شێوەیە شاعیر وێنەیەکی دەروونیی داهێنراوی خوڵقاندووە. بە واتایەکی تر شاعیر دەیەوێت بڵێت: هۆکاری هەموو گرێکانی دەروونی من گرێکانی چین چینی زوڵفی تۆن.

لە دێڕێکی تردا بەهۆی هەڵچوونێکی سێکسییەوە شاعیر وێنەیەکی هونەریی خوڵقاندووە، کە تامەزرۆی زۆری ئەو بۆ بەدەستهێنانی یەکێک لە ئەندامە سێکسییەکانی دڵبەر پیشاندەدات. شاعیر دەڵێت:

**بەریم یەکسەر لە نیعمەتهایی فیردەوسی، لە دونیادا**

**کەرەم کەی گەر بە من لیمۆیی پوستانت لە بوستانت** **(سالم، ٢٠١٥: ٢٠٨)**

لەم دێڕەدا پاڵنەرێکی سێکسی، کە بارە دەروونییەکەی شاعیر پیشاندەدات بۆ گەشتن بە جەستەی یار، هۆکاری سەرەکی خوڵقاندنی وێنەکەیە. شاعیر بە ڕادەیەک تامەزرۆی مەمکی یارە، کە ئامادەیە، ئەگەر دڵبەر لە دنیای ڕووناکدا مەمکی خۆی پێبدات، ئەوە دەست لە هەرچی نیعمەتی بەهەشتی ئەو دنیا هەڵبگرێت. دەستهەڵگرتن لە نیعمەتەکانی بەهەشت لەبەر مەمکی یار دەرخەری فشاری زۆری غەریزەی شاعیرە لەسەر باری دەروونی ئەو. لە وێنەکەدا سوود لە لێکچواندن وەرگیراوە و مەمکی یار بە لیمۆ چوێنراوە.

خەون، پەنجەرەیەکی ترە بەڕووی دەروونی شاعیردا، چونکە بەهۆی بەربەستی کۆمەڵایەتییەوە شاعیران زۆرجار بەهۆی خەونەوە توانیویانە هەڵچوونی خۆیان لەلایەنە سێکسییەکانەوە دەرببڕن، چونکە (خەون، دامرکێنەری هەندێ لە تاسە و حەز و شەهوەتەکانی مرۆڤە و جۆرە ئارامییەک بە خەونبین دەبەخشێت.)(شەوڕۆ، ٢٠١٤: ٢٩) سالم لە دێڕێکدا دەڵێت:

**بێتە خەو هەر شەو حەبیبم، یا ئیلاهـ**

**بێ بەقەد ڕۆژی قیامەت طوولی شەو** **(سالم، ٢٠١٥: ٧١٢)**

دەبینین شاعیر تامەزرۆی گەشتنە بە یار، تەنانەت ئەگەر بە خەونیش بێت. بۆ ئەوە لە خودا دەپاڕێتەوە، کە ئەگەر دڵبەر شەوێک هاتە خەونی، ئەوە خودا ئەو شەوە بە قەد درێژی ڕۆژی قیامەت درێژ بکاتەوە. وەکوو ڕوونە پێکەوەبوونی شاعیر و یار لە شەودا و بەتایبەتیش ئەگەر شەوێکی وەها درێژبێت، ئەوە سەرەڕای تێربوونی خۆشەویستی بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە غەریزییەکانی شاعیریشە. لە قوڵایی واتاکەیدا گەر دڵبەر بێتە خەونی شاعیر ئەوە شەوی لا دەبێت بە ڕۆژ، بەلام کام ڕۆژ؟ ڕۆژی قیامەت، کە کەس جلوبەرگی لەبەر نییە. بەمەش شاعیر وێنەیەکی دەروونی خوڵقاندووە. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ٢١٨، د: ١٠)، (ل: ٢٢٧، د: ٨)، (ل: ٢٥٥، د: ٦)، (ل: ٢٥٨، د: ١١)، (ل: ٣٦٢، د: ٤)، (٤٣٨، د: ١)، (ل: ٧٨١، د: ٦).

## ٢/ ٣-٢. وێنەی فەلسەفی

فەلسەفە بوارێکی سەربەخۆیە و فەیلەسوفەکان تێیدا تاوتوێی بیری جیاوازدەکەن، بەشێوەیەکی ورد و چڕ، بیر لە تاقیگەی بیرکردنەوەی خۆیاندا شیکاردەکەن، ئەدەبیش بەگشتی و شیعر و وێنەی هونەری بەتایبەتی بیر دەکاتە یەکێک لە ڕەگەزە گرنگ و سەرەکییەکان لە خوڵقاندنی وێنەکانیدا، کەواتە فەلسەفە و ئەدەب لە "بیر"دا کە ڕەگەزێکی پێکهێنەر و بنیاتنەری هەردووکیانە هاوبەشن و بەیەکدادەچن، تەنها ئەوەندە هەیە بیر تاکە کەرەسەی بنچینەیی فەیلەسوفەکانە، بەڵام لای شاعیران بیر لەپاڵ ڕەگەزەکانی تری وەکوو سۆز و هەست و نەست و ئەندێشەدا ڕۆڵ دەبینێت و پێکەوە لەگەڵ ئەوانی تر وێنە هونەرییەکە پێشکەشدەکات. بەڵام ئەو وێنە هونەرییانەی بە وێنەی فەلسەفی لەقەڵەم دەدرێن، بیری بوون و نەبوون و گەردوون و ژیان و مردن بە شێوەیەکی چڕ لە هەناوی وێنەکەدا پێشکەشکراوە. بێگومان کۆی ئەو بیرانەش دواجار فەلسەفەی تایبەتی ئەو شاعیرە دەردەخەن، هەر ئەمەش وادەکات، کە لە کۆتایدا "وێنەی فەلسەفی" لەدایک ببێت، کە هەم ئەدەب و هەم فەلسەفەشی تێدا دەبینرێتەوە. لەمەشدا شاعیران و فەیلەسوفان زۆر لەیەک نزیک دەبنەوە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکوو لەم بارەیەوە ( شیللی) دەڵێت: ((شاعیران، فەیلەسوفن و گەیشتوونەتە باڵاترین پلە لە هێز، شیعریش ناوەند و چێوەی هەموو زانیارییەکە.))(کەریم، ٢٠٠٩: ١٤٨) بێگومان ئامانجی سەرەکی لەلای هەردووکیان خزمەتکردنی مرۆڤایەتییە، بەڵام گومانی تێدانییە هەر یەکەیان بە ڕێگای تایبەتی خۆیان ئەوە دەکەن.

لە فەلسەفەدا وێنە هەموو ڕەنگدانەوەکانی ژیانی مرۆڤە لە ئاگاییدا، واتا دەتوانین بڵێین ئەرەستۆ و ئەفلاتۆن هونەریان بە لاسایکردنەوەی سروشت لەقەڵەمدا، ئەوان وشەی سروشتیان بە ناوی واقعی ژیانی مرۆڤەوە ناوبردووە؛ هەربۆیە (لای فەیلەسوفەکان وێنە، تێڕوانینی کەسێکە بۆ دیاردەیەکی دیاریکراو، نوێنەرایەتیکردنی بیرێکی بەرجەستەکراوە لە ئاگایی بینراو و بیستراو و هەستەکانی تردا دروستدەبێت.)(Поспелова, 1988: 38) بەم پێیە وێنە لە فەلسەفەدا بە بیرێک لە قەڵەم دراوە، کە بەهۆی یەکێک لە هەستەکانەوە بەرجەستەکراوە، واتا تا ڕادەیەکی زۆر دەرخستنی بیری وێنە بە هەستەکانەوە پەیوەستکراوە. بەڵام بیر لە وێنەدا بە یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکان لە قەڵەم دراوە، کە شاعیر بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت پشتگوێی بخات. بێگومان بەهۆی بوونی بیرێکی چڕ لەلای شاعیر، کە بەدوای کێشەکانی بوون و گەردوون ژیان و مردنەوە بێت، وێنەی فەلسەفی لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا لەدایک دەبێت. بۆ ئەوەی ئەو بیرە تیژەش دروستببێت، دەبێت شاعیر خاوەنی ڕێچکەی تایبەتی خۆی بێت و لەڕوانگەی ئەو شێوازەی شیعری پێدەنووسێت بەرهەمی لە بەرهەمی شاعیرانی تر جیا بکرێتەوە، سالم یەکێکە لەو شاعیرە دیارانەی ئەدەبی کلاسیکی کوردیی ناوەڕاست (بابان)، کە خاوەنی شەقڵی تایبەتی خۆی بووە،

(کاکەی فەلاح) لەبارەی بەڵگەی ناسینی شیعری سالمەوە دەڵێت: ((بەڵگەی بەهێزم شێوەی داڕشتن و جۆری بیرکردنەوە و چۆنێتی بابەت و شەقڵ و سیمای سالم لە ئاوێنەی ئەو شیعرانەدا و چەشنی دەربڕین و ئەو کەرەسە و هەوێنانەیە، کە شیعرەکانی پێگیراوەتەوە.))(کاکەی فەلاح، ١٩٧٤: ٢) بەو مانایەی سالم، خاوەنی شێوازی تایبەتی داڕشتن و شەقڵی بیرکردنەوەی خۆی بووە، لەو ڕوانگەشەوە بیرکردنەوەی تایبەتی خۆی لە وێنە فەلسەفییەکانیدا خوڵقاندووە. لە دیوانی سالمدا گەلێک وێنەی هونەری وەها دەبینین، کە بیرێکی وردی فەلسەفی هەوێنی خوڵقاندنی بووە. بۆنمونە لە دێڕێکدا دەڵێت:

**خوداوەند چادری دونیای بە دوو نییەت سەراپا کرد**

**بیروون سوو سوور و ئایینە، دەروون ڕەنگی عەزا پەیدا** **(سالم، ٢٠١٥: ٦٤)**

شاعیر هۆکاری درووستبوونی دنیای لەلای خوداوەند باسکردووە، کە گوایە بۆ دوو مەبەستە. لەنیوە دێڕی یەکەمدا دنیای بە (چادر)ێک چواندووە، (بێگومان چادر، ڕەمزی ژیان و گوزەرانە). چادریش لەدەرەوە دیمەنێک و لەناوەوە دیمەنێکی جیاواز تری هەیە. بەو مانایەی گەردوون (ژیان) لەدەرەوە خۆی بەجوانی نمایشدەکات و خۆش دێتە بەرچاو، بەڵام لە ڕاستیدا لە ناوەوە وا نییە و پڕە لە ناخۆشی. ئەوەش فەلسەفە و بیری شاعیرە لەمەڕ ژیان. بە واتایەکی تر، دەقەکە نیشتمانییە و وەسفی (عەزیز بەگی بابانە، کە دژی عوسمانییەکان بووە و لە "بانی مەقان" ڕێگە لە والی بەغداد دەگرێ، بەڵام لەم شەڕەدا سەرناکەوێ و لەوێ دەکوژرێت و سلێمانیش دەکەوێتە دەستی عوسمانییەکان.)(خەزنەدار، ٢٠١٠: ٢٠٣) بەو شێوەیەش دەکرێ مانایەکی تریشی هەبێت، کە سلێمانی بۆ عوسمانییەکان شادی و جەژنە و لە ناوەوەش بۆ خەڵکی سلێمانی و ئەهلی بابان شین و ناخۆشییە. بەمەش شاعیر بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی لەمەڕ ژیان، کە لە دەرەوە خۆش دێتە بەرچاو و لە ناوەوەش پڕە لە ناخۆشی و ماتەم، قۆستییەتییەوە بۆ پیشاندانی دیمەنی شاری سلێمانی. بەوەش وێنەیەکی فەلسەفی بەیارمەتی لێکچواندن دروستکردووە. سالم شانازی بە فیکر و بیری خۆیەوە دەکات و لە ئاستێکی بەرزی وەهادا دایدەنێت، کە موعجیزە بخوڵقێنێت، هەروەک چۆن مووسا بە عەساکەی خوڵقاندی. ئەوەتا دەڵێت:

**سیحری فیکری من قەڵەم دێنێتە چەرخ**

**موعجیزەی مووسا بوو، چالاکیی عەسا** **(سالم، ٢٠١٥: ١١٥)**

شاعیر نیشانماندەدات ئەوەی قەڵەمەکەم دێنێتە هەڵسوڕان، ئەو سیحرەیە، کە لە بیر (فیکر)ی ئەودا هەیە. هەر وەک چۆن عەساکەی مووسا، کە خۆی دارێکی ڕەق و تەق بوو بەڵام ئەو پەرجووی پێدەخوڵقاند و سیحری ساحیرانی پێبەتاڵ دەکردەوە. منیش (سالم) بەو بیرەی لە قەڵەمەکەمەوە دەیخەمەڕوو پڕوپاگەندەی نەیارانمی پێبەتاڵ دەکەمەوە. بەیارمەتی لێکچواندنی

ناڕاستەوخۆ قەڵەمەکەی خۆی بە عەساکەی مووسا چواندووە و شانازی بە بیری ورد و پڕ ئەفسوناوی و فەلسەفیی خۆیەوە دەکات، کە دەتوانێت بەهۆیەوە پەرجو بخوڵقێنێت. بەوەش وێنەیەکی فەلسەفی بە یارمەتی لێکچواندن خوڵقاندووە. لە دێڕێکی تردا شاعیر باس لە هۆکاری دەمی مانەوەی ئادەم لە بەهەشتدا دەکات و دەڵێت:

**لەبەر تەعمیری ئەم وێرانە، جەننەت موڵکی ئادەم بوو**
**حەقیقەت پادشاهیی کرد، وەلێکین موددەتی کەم بوو** (سالم، ٢٠١٥: ٦٣٧)

شاعیر بەپێی بیر و فەلسەفەی خۆی باس لە هۆکاری ئەو ماوە کەمەی مانەوەی ئادەم لە بەهەشت دەکات. پێیوایە، خوداوەند بۆیە سەرەتا ئادەمی خستە بەهەشتەوە تاکوو لە جوانی بەهەشتەوە ئیلهام وەربگرێت و دواتر کە خرایە سەرزەوی، وەکوو بەهەشت ئاوەدانی بکاتەوە. بەڵام وەکوو ئەوەی دیارە مرۆڤ نەک ئەوەی نەکرد بەڵکوو بە خراپەکارییەکانی، زەوی وێرانترکرد. بەڵام دەشکرێ بە شێوەیەکی تر واتای دێڕەکە لێکبدەینەوە، کە ئەویش هۆکاری مانەوەی ئادەم، ئەوە بووە، تاکوو خودا لەو کاتەدا سەرزەوی بۆ چاک بکاتەوە و نۆژەنی بکاتەوە و ئامادەبێت بۆئەوەی نەسلی مرۆڤ (ئادەم و حەوا) بتوانن تێیدا بژین. شاعیر دەڵێت: هەرچەنە ماوەیەکی کەم لە بەهەشت مانەوە بەڵام پادشایانە ژیان. لە هەردوو واتاکەدا بیرێکی فەلسەفی قووڵ سەبارەت بە ژیانی مرۆڤ ئامادەیی هەیە. سێ وێنە لە دێڕەکەدا هەیە، کە لە دوانیاندا سوود لە وەسفی ڕاستەوخۆ و سێیەمیش (ئادەم) بە (پادشا) چوێنراوە. لە دێڕێکی تردا شاعیر هەرچەندە باسی برۆی دڵبەر دەکات، بەڵام دەیچوێنێ بە شاگردی یەکێک لە دیارترین فەیلەسوفەکانی یونانی کۆن و دەڵێت:

**هیلال ئاسا لە فیکرا خەم بووە ئەبرۆ، لە پاڵ چاوی**
**وەکوو شاگردی ئەفلاطوون لەسەر بالینی بیمارە** (سالم، ٢٠١٥: ٧٥٤)

لەم دێڕەدا شاعیر جارێک برۆی یاری بە هیلال و جارێکی تر بە شاگردی ئەفلاتۆن چواندووە. بەم شێوەیە سوودی لە لێکچواندنی کۆ وەرگرتووە لە نەخشاندنی وێنەکەیدا، کە تێیدا دەڵێت: برۆی دڵبەر وەکوو هیلال (مانگی یەک شەوە) وایە. جاری دووەم دەیچوێنێ بە شاگردی ئەفلاتۆن، بەوەی کە لە بیرکردنەوەی زۆردا نەخۆش کەوتبێت و لەسەر سەرین پاڵ کەوتبێت و چەمابێتەوە. شاعیر شارەزای ئەوەیە، کە ئەفلاتۆن فەیلەسوف بووە و دەبێت شاگردی ئەو هێندە بیر بکاتەوە نەخۆش بکەوێت، بەمەش بەشێکی وێنە هونەرییەکە پەیوەستێکی گەورەی بە بیرکردنەوەی قووڵ و ورد و فەلسەفییەوە هەیە. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەند وێنەیەکی تری هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ٤٦١، د: ١)، (ل: ٧٨١، د: ٤)، (ل: ٧٨١، د: ٧)، (ل: ٨٨٠، د: ٢)، (ل: ٨٨٠، د: ٣).

## ٢/ ٣-٣. وێنەی ڕەمزی

ڕەمز، کەرەستەیەکی گرنگە بە دەستی شاعیرەوە تاکوو بتوانێت بەهۆیەوە مەبەستی پشت وێنە هونەرییەکانی بە ڕاستەوخۆ و ئاشکرا پیشاننەدات، بەڵکوو لە چوارچێوەیەکی ناڕوون و ئاماژەییدا بیخاتەڕوو، چونکە (ڕەمز، لە بنەڕەتدا ئەو قسە شاراوەیەیە، کە نزیکە لە تێنەگەیشتنەوە.)(الجهني، ١٤٢٥: ١٥٤) بەومانایەی شاعیر بە واتا ئاشکراکە، کە لە ڕووکاری دەرەوەی وێنە شیعرییەکەدا نیشانیدەدات، مانا شاراوەکەی، کە بەهۆی ڕەمزەوە دروستیکردووە شاردۆتەوە. ئەمەش بێگومان شاعیر هەم بۆ جوانکردن و فرەڕەهەندکردنی واتا و هەمیش بۆ خۆ بواردن لە سانسۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی سوودی لێوەردەگرێت. بەم شێوەیە وێنەی ڕەمزی، (وێنەیەکی هەستی ئامانجدارە و ئاماژە بە مەغزایەکی دوور دەکات. باشترین جۆری ئەوەیە، کە ئاماژەیی بێت و ئاشکرا نەبێت.)(التونجي، ١٩٩٩: ٥٩٢) هەر لەم بارەیەوە (هیگڵ) دەڵێت: ((وێنە، بە ڕەمز ناو دەبرێت، بە شێوەیەکی سەرەکی تەنیا کاتێک وێنەکە بە ڕاستەوخۆی دەرنەبڕێت و لە خۆیدا ڕوون نەبێت،))(Гегель, 1969: 18) چونکە (وێنەی ڕەمزی، فرەواتایە، زۆر جار واتاکانی بە ناڕوونی هەستی پێدەکرێت. ناکرێ بە وشەیەک، یان بە چەمکێکی دیاریکراو گوزارشتی تەواوی لێبکرێت.)(Барковская, 2010: 31) ڕەمزیش ئەوە نییە تەنها لە ئەدەبدا بەکار بهێنرێت، (بەڵکوو لە هونەرە بینراوەکاندا "وێنە کێشان، پەیکەرسازی، شانۆ، سینەما" هەر کایەیەکی تری فیکری کۆمەڵگادا بەکاردەهێنرێت.)(Фарино, 2004: 88) بەڵام (وشەی ڕەمز (Symbol) لە وشەی یونانی (Symbolon)ەوە هاتووە، کە بە واتای (زمانی مەرجدار) دێت. لە یونانی کۆندا ناوەکە نیوەی ئەو دارە بڕدراوە بوو، کە لەگەڵ پارچەکەی تریدا یارمەتی خاوەنەکانیانی ئەدا تاکوو لە هەرکوێ بن یەکتر بناسنەوە.)(Лавкрафта, 2018: 1) وشەکە هەر لەکۆنەوە (یەکێکە لە چەمکە کۆنەکانی بواری زمانەوانی، زاراوەی (smbol) لە سەرەتای سەدەی (١٩)ەوە، لە کتێبی خوێندنی خوێندنگاکاندا هەبووە.)(Азбукина, 2001: 6)

ڕەمز، بە وشە دەر دەبڕدرێت، هەروەکوو (ڕۆمان یاکۆبسن)یش دەڵێت: ((هەموو وشەیەک ڕەمزێکە،)) (Якобсон, 1983: 117) چونکە لە بنەڕەتدا هەروەکوو (لۆتمان) وتوویەتی: ((زمان، وەک جۆرێک لە کۆد کاردەکات.))(Лотман, 1998: 14) بەڵام نابێت لەیادمان بچێت، کە (لە ڕەمزدا، وشە لە وشەی ئاسایی بەهێزترە.)(Егоровой, 2014: 88) هەروەها (هەموو ڕەمزێکیش وێنەیەکی هونەرییە، کە لە تێڕامانی دیاردەیەکی تایبەتەوە بۆ تێڕامانی باو و دنیا و دواجاریش ئەدەبیمان بەرز دەبێتەوە.)(Крылов, 2005: 159) بەم شێوەیە وێنەی هونەری و ڕەمز، دوو چەمکی زۆر لێکنزیکن، بە بۆچوونی سێرگێی ئەڤێرینتسێڤ (Averintsev, Sergey ١٩٣٧ – ٢٠٠٤ز) (هەموو ڕەمزێک وێنەیە و هەموو وێنەیەکیش لانیکەم تا ڕادەیەک ڕەمزە.)( Шелестюк,

(Титаренко, 2005: 195)(1998: 5 یان دەتوانین بڵێین: (ڕەمز، بریتییە لە وێنەیەک، کە بەهۆی کۆمەڵێک نیشانەوە گیراوە، هەر بۆیە وێنەیەکی فرە واتا پێکدەهێنێت)( Хвостова, 2014: 11) و یارمەتیدەرە لەوەی وێنە واتای زۆر هەڵبگرێت، لەمەشدا خوێنەر ڕۆڵێکی گەورەی هەیە، چونکە (هیچ ڕەمزێک نییە هەموو ناوەڕۆکەی بۆ یەک وەرگر ئاشکرا بکات.)(طه الطائي، ٢٠٠٥: ١٧١) ڕەمز لەیەککاتدا پەیوەستە هەم بە وێنەی هونەریی و هەم بە نیشانە و خوازەشەوە، لەمبارەیەوە (سێرگێی ئەڤێرینتسیڤ) لە ئینساکلۆپیدیای ئەدەبیدا، ڕەمز، بە (پۆلێنێکی جوانیناسی جیهانی پێناسە دەکات، کە دوو لایەنی هەیە، لەلایەکەوە لەگەڵ هاوپۆلەکانی وێنەی هونەری و لەلایەکی ترەوە لەگەڵ نیشانە و خوازە پەیوەستە.)(Хвостова, 2014: 11) هەروەها (ڕەمز، بۆ ئیڤانۆڤ ڤیاچیسلاڤ (Ivanov Vyacheslav ١٨٦٦– ١٩٤٩ز) نیشانەیەکە، ماناکەی لە ئەفسانەدا ئاشکرا دەبێت)(Корнеева, 2012: 41) ئەمەش لەبەرئەوەی زۆربەی زۆری ئەو ڕەمزانەی کە شاعیران لە وێنە هونەرییەکاندا بەکاری دەهێنن لە ئەفسانەکانەوە وەریاندەگرن. بەکارهێنانی ڕەمز لە وێنەدا هەندێک جار لەلای شاعیران پەیوەستێکی دەروونی هەیە؛ هەر بۆیە (جابر عصفور) دەڵێت: ((دەکرێت لەسەر بناغەیەکی دەروونی، جیاوازی لەنێوان وێنە و ڕەمزدا بکرێت، وێنە دەکرێت جارێک لەڕێی خوازەوە بوروژێنرێت، بەڵام گەر دووبارە بوویەوە ئەوە دەبێتە ڕەمز.))(ذیاب، ٢٠٠٣: ١٧١)

لە وێنەی ڕەمزیدا واقع هەڵدەوشێنرێتەوە و دووبارە بە شێوازێکی نوێ بنیات دەنرێتەوە، چونکە (هەموو ڕەمزێک، ڕەنگدانەوەی زیندووی واقیعە و تیژترین کەرەستەی دووبارە دابەشکردنەوەی واقیعە.)(Хвостова, 2014: 7) نەک هەر ئەوەندە، بەڵکوو (لە وێنەی ڕەمزیدا، ڕۆحی مرۆڤ دووبارە لەدایک دەبێتەوە.)(Халтрин-Халтурина, 2011: 341) ئەمەش بایەخی گەورەی وێنەی ڕەمزی دەردەخات، تەنانەت (ئیڤانۆڤ ڤیاچیسلۆف) دەڵێت: ((ڕەمز، بەرجەستە کردنی ڕاستییەکی خوداییە لەسەر زەوی.))(Сычева, 2000: 5). لەسیستمی هێمایی ڤاڵگینا (Valgina) (Валгина. 1998. 82) دا، سێ واتای جیاوازی وێنەی دیاری کردووە.

١ – وێنەی نیشانەبۆکراو (بە سوودوەرگرتن لە واتای ڕاستەوخۆی وشە).

٢ – وێنەی خوازەیی (واتای خوازەیی).

٣ – وێنەی ڕەمزی (واتاکەی بەگشتیی لەسەر بنەمای ئەو ئاماژە تایبەتیانەی هەڵیگرتووە دیاریدەکرێت).

بەمەش (ڤاڵگینا) سێ جۆر وێنەی دیاری کردووە، ئەوانەش وێنەی ڕاستەوخۆ و وێنەی خوازەیی و وێنەی ڕەمزییە، ئەمەی ئاخریشی بە ئاماژەکردنەوە پەیوەستکردووە.

ئەو ڕەمزانەی شاعیران لە وێنە هونەرییەکانیاندا بەکاریاندەهێنن، بەگشتیی بەسەر دوو جۆردا دابەشکراون، جۆری یەکەم: ڕەمزی خودیی (تایبەتیی): لەم جۆرە ڕەمزەدا شاعیر بەپێی ئەزموونی

خۆی شتە تایبەتی و خودییەکانی ژیانی خۆی لە شێوەی ڕەمزدا لە وێنە هونەرییەکانیدا بەکاردەهێنێت، واتا لەم جۆرەدا (بەشەکانی ژیانی مرۆڤ، لەڕوانگەی شاعیرەوە بەهایەکی ئاماژەییان هەیە، هەروەها هەموو مرۆڤایەتی بابەتێکە بۆ باری هزری و سۆزی ئاڵۆز، ناتوانرێت بەڕواڵەتی، یان ڕاستەوخۆیی مامەڵەی لەگەڵدابکرێت و هەژماربکرێت.)(طه الطائي، ٢٠٠٥: ١٨٤) هەربۆیە لە چوارچێوەی ڕەمزی خودیدا دەخرێتەڕوو. جۆری دووەم: ڕەمزی بابەتیی (گشتیی): لەم جۆرەدا شاعیر لەو شتانەی، کە تایبەتن بە کۆمەڵەوە کەڵک وەردەگرێت و ڕەمزیان لێوەردەگرێت و لە وێنە هونەرییەکانیدا بەکاریان دەهێنێت، واتا لە ڕەمزی بابەتیدا (گرنگترین پێدراوە بۆماوەییەکان کە ڕۆڵ دەبینن لە کێشانی وێنەی ڕەمزیدا، ڕەمزە فۆلکلۆرییەکانە، کە لە کەسایەتی مێژوویی و ئاینیی و کۆمولایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، ئەمە جگە لەوەی هەندێک لە ڕووداوە گەورەکان، کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگایەک بووەتەوە، لای شاعیران بەگشتی بوونەتە ڕەمزگەلێک، کە نمونەی خاڵی پێکەوەبەستنی نێوان ڕابردوو و ئێستایە، گرنگی گەورەی لە دەوڵەمەندکردنی وێنەدا هەیە، کە لە واقیعەوە دەستپێدەکات بۆ ئەوەی تێپەڕێنێت و زیاتر ڕوونتر و پەتیتر ببێتەوە، بەڵام ئەم ئاستی پەتیبوونە بەدینایەت بەپالاوتنی ڕەمز نەبێت، لە دەوروبەر و وردەکارییەکانی ماددەدا، چونکە لە واقیعەوە دەست پێدەکات بەڵام واقیع وەکوو خۆی ناکێشێت بەڵکوو دەیگێڕێتەوە بۆ خود و نیشانەکان و ماددە و تێیدا پەیوەندی بە سروشتەوە دەڕوخێت، بۆ ئەوەی لەسەر پاشماوە ڕوخاوەکانی پەیوەندگەلێکی نوێ و مەرجدار، بەدیدی خودی شاعیر بنیاتی بنێت)(طه الطائي، ٢٠٠٥: ١٧٣-١٧٤) و ڕەمزی بابەتی نوێی لێ درووست بکات. ئەم جۆرەش (بە ڕەمزە جیهانییەکان نوێنەرایەتی دەکرێن، کە لەسەر بنەمای ئەفسانە و فۆلکلۆر و کولتوور بە گشتی نەوە بۆ نەوە دەگوێزرێنەوە.)(Крупчанова , 2005: 33) سالم بە یەکێک لە ڕابەرە گەورەکانی قوتابخانەی شیعری کلاسیزمی کوردی ناوەڕاست (بابان) دەژمێردرێت، (لە کاتێکدا کە ڕەمزییەت یاخیبونێکە لە کلاسیزم، دەبینین (سالم) لە شیعرەکانیا زۆرجار پەنای بردۆتەبەر ڕەمز.)(حەمەکەریم، ١٩٨٦: ٣٢) بەگشتی لە دیوانی شیعری سالمدا ڕەمز بەشدارییەکی کارای لە بنیاتی وێنە هونەرییەکانیدا هەیە، تا ئەو ڕادەیەی (کەوا هیچ شاعیرێکی کلاسیکی کورد بەقەدەر سالم لە شیعرەکانیدا ڕەمز و ئاماژەی مێژوویی و داستانی و ئەفسانەیی بەکارنەهێناوە.)(دەشتی، ٢٠٢١: ١٤٦،١٤٧)

لە دیوانی شیعری سالمدا، گەلێک ڕەمزی جۆراوجۆر هەن، کە ئاماژەن بۆ لایەنی ئەفسانەیی و ئاینی و مێژوویی و داستانی (دڵداری و قارەمانییەتی) و فەرهەنگی و کلتووری. بێگومان لێرەدا دەرفەت نابێت هەموو جۆرەکانیان بخەینەڕوو، تەنها هەندێک لەو جۆرانە لە هەناوی شیعری شاعیرەوە باس دەکەین. لە دێڕێکدا دەڵێت:

**دەترسم بێ لە ناکادا سەمووم‌ێ**

**نە گوڵ بێڵێ، نە دڵ بێڵێ، نە گوڵزار** **(سالم، ٢٠١٥: ٢٩٥)**

لێرەدا شاعیر وشەی (سەمووم)ی بەکارهێناوە، کە (کە بایەکی گەرمە و هەندێک پێیانوایە، بەزۆری لە ڕۆژدا دێت، هەندێک جاریش لە شەودا هەڵدەکات)(دهخدا، ج٩، ١٣٧٧: ١٣٧٤٤) و شاعیر بۆ ڕەمزی ئافات و بەڵا بەکاریهێناوە، کە هەر بەهاتنی گوڵ و گوڵزاریش لەناو دەبات. ئەمەش ڕەمزێکی خودییە و شاعیر لەلای خۆیەوە (سەمووم)ی بۆ ئافات و بەڵا بەکارهێناوە. لەلایەکی تریشەوە دەکرێ شاعیر مەبەستی لە (سەمووم) ئاهو هەناسەی گەرمی خۆی بێت. لە دێڕێکی تردا شاعیر (ئابی بەقا)، کە ڕەمزێکی گشتییە و زۆر لە شاعیرانی پێش ئەو بەکاریان هێناوە، ئەمیش دیسان وەکوو ڕەمزی ژیان و مانەوە وێنەی ڕەمزی پێخوڵقاندووە، دەڵێت:

**طوڕڕە، بۆ ئابی بەقای چیهرە، دڵی برد بە شیتاب**

**بۆ دەلیلی ڕەهـ ئەگەر کاری "خضر" بێ لە غوراب** **(سالم، ٢٠١٥: ١٤٩)**

شاعیر، (ئابی بەقا) ی لەگەڵ (خضر) دا بەکارهێناوە. چیرۆکەکە ئەوەیە، کە گوایە (خضر: خدری زیندە، کە مەشهورە، ئاوی حەیات "ئاوی بەقای" ی خواردۆتەوە و تا قیامەت نامرێت.)(مدرس ، ١٣٨٠ هـ : ٣٦٧) لە (فەرهەنگی دهخدا)دا (بۆ هەموو وشەکانی (اب بقا، اب حیات، اب حیوان، اب خضر) هەر ئاوی ژیان بەکارهێنراوە.)(دهخدا، ج١، ١٣٧٧: ٤٧-٤٩) بەم شێوەیە (ئابی بەقا) بووە بە ڕەمزێک بۆ ژیان و نەمری و مانەوە. لە وێنەکەدا زوڵف و ئەگریجەی یار(طوڕڕە) بەپەلە دڵی ئەمی بردووە بۆ لای ڕووخساری یار، ئەو ڕووخسارەی، کە ئاوی بەقای تێدایە (ئابی بەقا) خوازراوە بۆ دەم و لێوی یار، دەم و لێو، کە (بۆخواستراو)ە نەهاتووە و (ئابی بەقا) کە (لێ خواستراو)ە، هاتووە، گونجاویش لە نێوانیاندا هەیە، بەمەش سوود لە خواستنی ئاشکرای ڕێک وەرگیراوە.

لە نیوەدێڕی دووەمدا دەڵێت: ئایە ئەو ئەگریجەیەی کە وەکوو قەلەڕەش ڕەشە، دەتوانێت کاری خدری زیندە بکات و ببێت بە دەلیلی گەیاندنی دڵی من بە ئابی حەیات، بەم شێوەیە ئەگریجەی هەم بە غوراب و هەمیش بە خضر چواندووە، بەمەش بە یارمەتی چواندنی کۆ وێنەی دووەمی دروستکردووە. شاعیر لە دێڕە شیعرەکەدا سوودی لە ڕەمز و خواستنی ئاشکرای ڕێک و چواندنی کۆ وەرگرتووە و وێنەیەکی هونەریی ڕەمزیی داهێنراوی جوانی خوڵقاندووە. شاعیر لە دێڕێکی تردا کێوی (طوور)ی بەکارهێناوە، کە ڕەمزێکی ئایینییە و دەلیلی باڵادەستی و هێز و توانای خودایە، دەڵێت:

**یەک ذەڕڕە عەکسی پەرتەو، دەرکەوت و طووری سووزاند**

**ئایینە سەختڕوو بوو، لەو عەکسە تابی هێنا** **(سالم، ٢٠١٥: ١٣٤)**

وشەی (طوور)ی بەکارهیناوە، وەکوو دیارە مەبەستی لەو کێوەیە، کە تێیدا خودا قسەی لەگەڵ حەزرەتی مووسادا کرد، ئەم کێوەش وەک ڕەمزێک بۆ گەورەیی و بەهێزی نووری خودا سەیردەکرێت، چونکە ئەوە بووە هۆی سووتاندنی کیوەکە. گەرچی وشەی (طوور) واتای قووڵتریش هەڵدەگرێت، بەڵام لێرەدا ئێمە مەبەستمان لە لایەنی ڕەمزی واتاکەیەتی. شاعیر لەم دیڕەدا ئەو ڕەمزەی بەکارهێناوە لە دروستکردنی وێنەیەکی هونەری گەلێک جواندا، کە تێیدا ڕوومەتی یاری چواندووە بە ئاوێنە، ئەمەش لەبەر پاکی و بێگەردییەکەی، بەڵام ڕوومەتی یار لە دێڕەکەدا دەرنەکەوتووە و (ئایینە) ئاوێنە، دەرکەوتووە، شاعیر لە دروستکردنی وێنە هونەرییەکەدا سوودی لە خواستنی ئاشکرا وەرگرتووە، چونکە بە ئاشکرا وشەی (ئایینە)ی بۆ ڕوومەت خواستووە و وێنەیەکی هونەری ڕەمزی جوانی خوڵقاندووە، لە وێنەیەکی تردا شاعیر هەندێک ڕەمزی خۆشەویستی و ئاینی بەکار هێناوە و دەڵێت:

**لە عیشقا هەر منم هەمدەرسی مەجنوون**

**لە صەبرا هەر منم ئوستادی ئەییووب** **(سالم، ٢٠١٥: ١٥٦)**

شاعیر دوو ڕەمزی بەکار هێناوە و بنیاتی وێنە هونەرییەکەی لەسەر پێکهێناوە. لە نیوەدێڕی یەکەمیاندا (مەجنوون)، کە ڕەمزێکە و ئاماژەیە بۆ داستانی خۆشەویستی (لەیل و مەجنوون)و خۆی بە هاوشانی مەجنوون دەبینێت لە خۆشویستنی یارەکەی. لە نیوەدێڕی دووەمیش (ئەییووب)ی بەکارهێناوە، کە ڕەمزی سەبر و ئارامگرتنە ئاماژەیە بۆ پێغەمبەر ئەیوب. شاعیر لێرەدا خۆی نەک وەکوو ئەیوب دەبینێت، بەڵکوو خۆی بە مامۆستای ئەویش ئەزانێت و وەهای نیشاندەدات، کە ئەو لە خۆشەویستی یاردا وەکوو مەجنوونە و لە ئارامگرتن و سەبریشدا وەکوو ئەیوبە و بگرە لەویش باشترە بۆ ئارامگرتن لەسەر ئەو بەڵا و ناخۆشییانەی، کە بەسەریدێت، هەر سوورە لەسەر خۆشویستنی یار و ئارام دەگرێت. لەبەرئەوەی لە وێنەی ڕەمزیدا ئەگەری زیاد لە واتایەک بوونی هەیە؛ بۆیە دەکرێ شاعیر لە نیوەدێڕی دووەمدا مەبەستی ئەوەشی هەبێت، کە ئەم وەکوو مامۆستایەک دەکرێ خەڵکی فێری ئارامگرتن بکات. بەمەش لە وێنە هونەرییەکەدا هەم سوودی لە ڕەمزی داستانی دڵداری و هەمیش لە ڕەمزی ئاینی وەرگرتووە و وێنەیەکی ڕەمزی پێ خوڵقاندووە. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمان کرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ١٥٩، د: ١)، (ل: ٢٩٥، د: ٧)، (ل: ٣٣٩، د: ٣٣)، (ل: ٣٤٩، د: ٤)، (ل: ٤٠٩، د: ٧)، (ل: ٤٢٠، د: ١)، (ل: ٤٢٥، د: ٤)، (ل: ٤٥٣، د: ٨)، (ل: ٥٠٨، د: ٦)، (ل: ٦٩٦، د: ٦)، (ل: ٨٤٣، د: ٧)، (ل: ٨٥٦، د: ٢)، (ل: ٨٦٣، د: ٤)، (ل: ٩٣٧، د: ١٧).

## ٢/ ٣-٤. وێنەی ئەفسانەیی

ئەفسانە، بیرکردنەوەی مرۆڤە سەرەتاییەکانە لەبارەی درووستبوونی ژیان و گەردوونەوە، هەربۆیە تەنها (لە ڕێگای وێنەی هونەری ئەفسانەییەوە دەتوانین لە شێوازی ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤە سەرەتاییەکان تێبگەین،)(Потебня, 1990: 302) کە بێگومان ئەو تێڕوانینانەش بۆ سەردەمی خۆیان لە ئاستێکی بەرزی فەلسەفیدا بوون، بەڵام بۆ ئەمرۆ هەم لەڕووی بیری فەلسەفییەوە و هەم لەڕووی لۆژیکییشەوە لە ئاستێکی نزمدایە. ئەگەرچی لە ئێستادا خۆنواندنی ئەفسانەکان لە وێنە هونەرییەکاندا لە بەرزترین ئاستدایە. بە دەربڕینێکی تر (وێنەی ئەفسانەیی، لە کۆندا وەک نزمترین ئاستی شێوەی بیرکردنەوە دەستی پێکردووە، لە کۆتایدا چەمکەکە لە شێوەی وێنەی شیعریدا وەک بەرزترین ئاستی خۆی کۆتایی پێدێت. لە سەردەمە کۆن و سەرەتاییەکاندا چەمکەکە وەک بەرزترین ئاستی بیرکردنەوە دەستی پێ کرد، بەڵام ئەوە ڕاستییە، کە لە ئێستادا بە نزمترین ئاستی بیرکردنەوە دەبینرێت.)(Фрейденберг,1998: 18) بەڵام بێگومان گەر لە ڕوانگەی سەردەمی خۆیانەوە و لە دیدگای مرۆڤی ئەو کاتەوە سەیریان بکەین، ئەوە لەگەڵ واقیعدا گونجاو بووە؛ هەر بۆیە (پۆتێبنیا) دەڵێت: ((وێنەی ئەفسانەیی، بەشێوازێک دروستکراوە، کە لە تێڕوانینی خەڵکی ئەو کاتەوە زۆر لە واقیعەوە نزیک بووە،))(Потебня, 1976: 13) چونکە (ئەفسانە لە ڕوانگەی ئەو کۆمەڵگایەوە، کە تێیدا سەریهەڵداوە ڕاستییەکی بنەڕەتی بووە.) (Доманина, 2014: 121) ئێمە لە ڕێگەی ئەفسانەکانەوە دەتوانین پێشکەوتنەکانی ئەندێشە و بیری مرۆڤایەتی ببینین، چونکە (خەیاڵی هونەری بەشێوەیەکی گشتیی وەکوو هونەر پەیوەندییەکی فراوانی بە ئەفسانەوە هەیە، هەر یەکە لەو ئەفسانانە هین نەتەوەیەکن و بەگشتی هەنگاوەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نیشاندەدەن.) (Борисов. 2013. 17) هەروەها هەم لە شیعر و هەم لە ئەفسانەدا خەیاڵ ڕەگەزی باڵا و زاڵە؛ هەر بۆیە پێکەوە دەگونجێن و شاعیران دەست بۆ چیرۆکە ئەفسانەییەکان دەبەن و لە چوارچێوەی ڕەمزدا وێنەی هونەرییان لێ دروستدەکەن.

وشەی ئەفسانە (میف myth) دەگەڕێتەوە بۆ وشەی کۆنی یۆنانی (mythos)، کە (ئەفسانە، داستان، چیرۆک) دەگرێتەوە(Борисов, 2013: 17) و (لە کۆندا هەموو شتێک بوو" بیر، شت، کردار، بوون، وشە" وەک تاکە شێوەی جیهانبینین خزمەتی دەکرد.)( Фрейденберг, 1998: 159) لەبارەی زاراوەکەوە (ڕۆلان بارت) دەڵێت: ((تایبەتمەندی بنچینەیی چەمکی میتۆلۆژی، مەبەستەکەیەتی))(Барт, 1989: 84) و (ئەگەر بەسادەیی و بە تەواوی ئێتمۆلۆژی بڵێم ئەفسانە چییە؟ ئەوە دەڵێم: وشەیە، گوتنێکە)(Барт, 1989: 72) و (جۆرێکە لە زمان و ناوەڕۆکێکی درۆودەلەسەی هەیە.)(Барт, 1989: 46) ئەفسانە گرنگییەکی گەورەی لە ئاشکراکردنی باری دەروونی خەڵک هەیە، لەم بارەیەوە خەیمن شتاینتال (Steinthal, Heyman ١٨٢٣- ١٨٩٩ز)

دەڵێت: ((بە لەبەرچاوگرتنی (ئەفسانە و زمان)، شیعر لە پەیوەندیدا وەک گوزارشتێکە لە سایکۆلۆژیای خەڵک.))(Жирмунский, 1979: 120) چونکە ئەو زمانەی کە ئەفسانەکانی پێدەربڕدراوە، دەربڕی باری دەروونیی خەڵکییە. ئەمەش لەبەرئەوەی هەر لە بنەڕەتدا بەرهەمهێنانی ئەفسانەکان بۆ ڕەوینەوەی ترس و ڕاڕاییەکانی خەڵکی بووە. هەر لەم بارەیەوە (کارل یونگ) دەڵێت: ((ئەفسانەکان کۆمەڵە ڕەمزێکن، کە ترس و هیوا و ئومێدەکانی خەڵکی تێیاندا ڕەنگی داوەتەوە.))(ال.گورین و ار.ویلینگهام، ١٣٧٧: ١٧٢)

لەلای شاعیران بەکارهێنانی ئەفسانە ئامانج نییە، بەڵکوو ڕەمزی لێوەردەگرێ و بیری شیعریی خۆیی پێدەگەیەنێت بە خوێنەرەکانی، هەروەها (تیۆرییە ڕەمزییەکەی ئەفسانە بەربڵاوە، لە سەدەی بیستەمدا بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە ئەفسانە لە کرۆکی خۆیدا لەگەڵ داهێنانی شیعری وەک یەکن.)(Ваганов, 1978: 3)، هەروەها (پۆتێبنیا) باوەڕی بەوە هەبوو، کە (هەموو وێنەیەکی ڕەمزی خواستنە، لە جەوهەردا وشەکە لە بیرکردنەوەیەکی خوازەییەوە داتاشراوە و ئەفسانەیەک دروستدەکات، کە لە ئایندا گەشەدەکات، بەم شێوەیە خۆی لەکۆنەوە بە ئێمە دەبەستێتەوە.)(Ваганов, 1978: 232) هەروەها ڕیچارد ڤاگنەر(Wagner ١٨١٣-١٨٨٣ز) کارەکتەرێکی جیهانی بە ئەفسانە بەخشی، ئەو وتی: ((ئاین و ئەفسانە، گوزارشت لە تەواوی بۆچوونە باوەکان لەسەر سروشتی شتەکان و مرۆڤ دەکەن.)(Ваганов, 1978: 233) دەتوانین بڵێین: ئەو ڕەمزە ئەفسانەییانەی شاعیران لە وێنە هونەرییەکانیاندا بەکاریاندەهێنن (ئەنجامی بیری مرۆییە بە درێژایی هەزارەها ساڵ؛ بۆیە بەهۆی ئاڵۆزییەوە بنیاتی هزر و شارستانی مرۆیی پێ وەسفدەکرێت.))(البدراني، ٢٠٠٥: ٩٥) سالم یەکێکە لەو شاعیرانەی ئەدەبی کلاسیکی کوردیی، کە بە بایەخەوە لە چیرۆک و بابەتە ئەفسانەییەکانی ڕوانییوە و ئاوێتەی شیعری خۆی کردووە و وێنەی هونەری ئەفسانەیی داهێنراو و نوێی پێخوڵقاندوون. لە دێڕێکدا، کە ئەفسانەی (چاڵی بابل، چاڵی هارووت و مارووت)ی بۆ بنیاتی وێنە هونەرییەکە بەکارهێناوە و دەڵێت:

**دڵی ساحیر، لەبەر زوڵف و زەنەخ، ناگاتە ڕوخسارت**
**لە یەک سوو حەلقەیی ئەفعا، لە یەک سوو چاهی هارووتە (سالم، ٢٠١٥: ٧٤٣)**

شاعیر لە پەسنی جوانی ڕوخساری یاردا وێنەیەکی هونەریی ئەفسانەیی جوانی دروستکردووە، زوڵفی یاری بە حەڵقەی مار و زەنەخ (چاڵی چەناگە)یشی بە (چاڵی هارووت) چواندووە، کە ئەفسانەیەکی سەردەمی بابلییەکانە و لە (فەرهەنگی دهخدا)دا دەڵێت: ((چاڵی بابل، ئەو چاڵەیە، کە هەردوو فریشتە (هارووت، مارووت) تێیدا بەندکراون.))(دهخدا، ج٦، ١٣٧٧: ٨٠٣٣) ئەم چاڵە، وەکوو بابەتێکی ئەفسانەیی لە ئەدەبیاتی ناوچەکەدا شوێنی خۆی داگیرکردووە. شاعیر سوودی لەو ئەفسانەیە وەرگرتووە و وێنەیەکی هونەریی نوێی لێخوڵقاندووە، کە تێیدا دەڵێت:

تەنانەت سیحربازیش بەهۆی زوڵفی لولتەوە، کە وەک حەڵقەی مار و چاڵی چەناگەت، کە وەکوو چاڵەکەی هارووتە، ناتوانێت بە ڕوخسارت بگات. بەمەش بە یارمەتی لێکچواندن وێنەیەکی ئەفسانەیی خوڵقاندووە.

شاعیر لە دێڕێکی تردا سوودی لە بیرکردنەوەی مرۆڤە سەرەتاییەکان وەرگرتووە لەبارەی گۆی زەوی و شێوەی وەستانی و شوێنی لەنگەرگرتنییەوە، دەڵێت:

**مەکانی دڵ لە گێسووتە، ئەبەد هەرگیز جودا نابێ**

**لە لەنگەردا، هەتا ماهی لەگەڵ گا جووتە، وا جووتە (سالم، ٢٠١٥: ٧٤٦)**

لێرەدا بە یارمەتی ئەو ئەفسانەیەی کە دەڵێت: گۆی زەوی لەسەر شاخی گایەکە و ئەویش لەسەر پشتی ماسییەکە و ماسییەکەش لەسەر ئاوە و ئاوەکەش لەسەر تاریکییە، وێنەیەکی هونەریی ئەفسانەیی زۆر جوانی نەخشاندووە. لە ناو وێنەکەدا دوو وێنە بوونی هەیە، یەکەمیان لە ڕوانگەیەکی ئەفسانەییەوە دیاریکردنی شوێنی زەوییە، دووەمیشیان مەکان و شوێنی دڵی شاعیرە، کە لە ناو زوڵف و ئەگریجەی یاردایە و هەتا نێوانی ماسی و گایەکە باش بێت ئەوە دڵی شاعیر لە زوڵفی یار جودا نابێت، بە واتایەکی تر دڵی شاعیر بەندی داوی ئەگریجەی یارە تاکوو ئەو کاتەی مەگەر دنیا ئاخیرببێت. بەو مانایەی هەتا زەوی لەسەر شاخی گایەکە لەنگەربگرێت، دڵی شاعیریش لە زوڵف و ئەگریجەی یاردا نیشتەجێیە.

لە وێنەیەکی تردا شاعیر سوودی لە ئەفسانەی زوحاک وەرگرتووە و لە بنیاتی وێنەیەکی هونەریی ئەفسانەییدا بەکاری هێناوە، دەڵێت:

**سەری زوڵفت سەری کردە دەماغم**

**لە دۆشت ئەژدەهای ضەححاکە ئەمشەو (سالم، ٢٠١٥: ٧٠٠)**

شاعیر لە پەسنی زوڵفی یاردا وێنەی ئەوەمان بۆ دەکێشێت، کە سەری زوڵفەکانی چووەتە ناو دەماغی ئەمەوە و مۆخی دەخوات. بۆ ئەوەی ئەم وێنەیەمان بە جوانی نیشانبدات هاتووە چواندوویەتی بە وێنەیەکی ئەفسانەیی بەناوبانگ، کە ئەویش ئەژدەها (مارەکان)ی سەرشانی زوحاکن، کە مۆخی گەنجانیان وەکوو خۆراک پێدەدان. بەو مانایەی دوو زوڵفی سەر شانەکانت وەکوو دوو مارەکەی سەرشانی زوحاکن و خەریکن دەماغی من دەخۆن. لێرەدا شاعیر بۆ خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکەی سوودی لە ئەفسانەی زوحاک وەرگرتووە. بێگومان دەکرێ دێڕە شیعرەکە واتای ئەوەش بگەیەنێت کە زوڵفەکانی یار هێندە جوان بوونە کاریان لە دەماغی شاعیر کردووە و بەردەوام بیریان لێدەکاتەوە، لەبەرئەوەی کە یار هیچ گوێ بە شاعیر نادات و بۆیە لە بێبەزەییدا وەکوو زوحاک وایە. بەمەش بە یارمەتی لێکچواندن و بە سوودوەرگرتن لە ئەفسانە

وێنەیەکی ئەفسانەیی خوڵقاندووە. لە وێنەیەکی تردا ئەفسانەی (ئاوی حەیات)ی بەکارهێناوە و دەڵێت:

**ئابی حەیاتی ئاتەشی ئەفسوردەیە دەمت**

**تەحریکی تۆیە گڕ لە تەنوورا کە دێتە سەر** **(سالم، ٢٠١٥: ٣٣٢)**

ئابی حەیات، ڕەمزێکە بۆ نەمری و ژیان و مانەوە، کە شاعیر لە دیوانەکەیدا نزیکەی(٢٦) جار و بە شێوازی جیاوازی وەکوو (اب حیات، ئابی حەیات، ئابی بەقا، ئاوی حەیوان، سەرچەشمەی حەیات، زلال جام فرسا) ناوی بردوون. بەڵام چیرۆکەکە بەستراوەتەوە بە (خدری زیندە)وە و زیاتر سیمایەکی ئەفسانەیی وەرگرتووە، کە گوایە خدری زیندە لەو کانییە ئەفسانەییەی، کە دەکەوێتە شوێنێکی تاریک لە باکور، ئاوی خواردووەتەوە و ئیتر بە نەمریی هەتا ڕۆژی قیامەت دەمێنێت. شاعیر لەم دێڕەدا لە وەڵامی نامەکەی نالی و لە پەسنی (بای سەحەر)دا هەناسەی نالی وەکوو ئاوی حەیات دەبینێت، کە بکرێ بەسەر ئاگرێکی خامۆش بوودا و زیندووی بکاتەوە و بیگەشێنێتەوە، هەر بەهۆی توانای تۆوەیە، کە گڕ لە تەنووردا بەرزدەبێتەوە. شاعیر لە دژیەکبوونێکدا واتایەکی جوان و داهێنراوی خوڵقاندووە، چونکە ئاو بۆ کوژاندنەوەی ئاگر بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەو لەبەرئەوەی وتویەتی (ئابی حەیات)، بۆیە بۆ گەشاندنەوە و خۆشکردن و گیانبەبەرداکردنی ئەو ئاگرە بەکاری هێناوە، کە خامۆشبووە. بەمەش وێنەیەکی هونەریی ئەفسانەیی بەیارمەتی لێکچواندن خوڵقاندووە. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ٤١٢، د: ١)، (ل: ٤٤٥، د: ٧)، (ل: ٤٥٠، د: ٧)، (ل: ٤٦٥، د: ٢)، (ل: ٧٣٨، د: ١)، (ل: ٧٧١، د: ٢)، (ل: ٩٢٨، د: ٩)، (ل: ٩٧٤، د: ٢)، (ل: ٩٩١، د: ٧).

## ٢/ ٤. وێنەی هونەری لەڕووی وەستان و جوڵانەوە

شاعیر لەڕێگەی وێنە هونەرییەکانییەوە وێنەی دیمەن و دیاردەکانی ژیان دەکێشێت، ئەو دیمەن و دیاردانەش دەکرێ لەباری وەستاو، یاخود بزاوتن و جوڵەدابن، بەمەش لەم ڕووەوە وێنە دابەش دەبێت بەسەر وێنەی وەستاو و وێنەی جوڵاودا. واتا (هەر یەک لە وێنە شیعرییەکان، لە ڕێکخستنیاندا جیاوازن، دەربڕی بارێکی پەسنین لەڕێگەی ڕوونکردنەوەی شاعیرەوە بە شێوەی وێناکردن، جا بە ڕوونی بێت، یان بە زمانێکی ئاڵۆز دەردەبڕدرێت. کۆی ئەو وێنانەی، کە لە جۆرەکانی خەیاڵەوە بە دەست دێن، لە دیوانی هەر شاعیرێکدا، کەم و زۆر دەربڕی ساتێکن، کە بە دەروون و دنیای دەروونی شاعیرەوە پەیوەندیان هەیە، بەوەی کە شاراوە و نهێنی و جوڵەدارە، یان بەوەی کە دەروونێکی وەستاو و ئارامی هەیە، یان بەوەی کە ژیانی لەباری ماددی و مەعنەویدا جوڵەدارە، یان بەوەی کە ژیانێکی وەستاو و بێ جوڵەی هەیە.)(کدکنی، ١٣٧٥: ٢٥٠) هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا (سی-دی-لویس) وەها پێناسەی وێنەی کرد، کە تابلۆیەکە کۆڵەکەکەی وشەکانە، خودی تابلۆ باری وێنەی وەستاو نیشاندەدات، بەڵام لەبەرئەوەی وتوویەتی کۆڵەکەکەی وشەکانە، وشەش بە بەراورد لەگەڵ ڕەنگدا کە تەنها باری وەستاو دەتوانێت نیشانبدات، ئەم دەتوانێت بارە جیاوازەکانی وەستان و جوڵەش لەناو وێنە هونەرییەکاندا بگرێت و نیشانی خوێنەری بدات. بەم شێوەیە لە ڕوانگەی وەستان و جوڵانەوە وێنە دابەش دەبێت بەسەر وێنەی وەستاو و وێنەی جوڵاو.

### ٢/ ٤-١. وێنەی وەستاو

وێنەی وەستاو، ئەو وێنەیەیە، کە شاعیر پشت بە وەسف دەبەستێت بۆ نیشاندانی دیمەنێک، کە لە ساتێکی دیاریکراودا بارێکی جێگیر و وەستاوی هەیە، بە شێوازێک، کە وێنەکە زیاتر لە تابلۆیەک دەچێت بە وشە کێشرابێت و ئاستی پێشکەوتن و گەشەکردنی تێدا وەستابێت. لەم جۆرە وێنەیەدا شاعیر، دیمەنێک کاری تێدەکات و هەست و سۆزی دەوروژێنێت و تێکەڵ بە ئەندێشەی دەبێت. بە شێوازی وەسف لە وێنەیەکی هونەریدا بەبێ ئەوەی کرداری جوڵەبەخشی تێدا بەکاربهێنێت و زیادەیەکی بخاتە سەر پێشکەشی دەکات. نەبوونی ئەو جۆرە کردارەش لە وێنەکەدا نەبزاوتن و وەستاوی بە وێنەکە دەبەخشێت. ئەم جۆرە وێنەیە زۆر کار لە خوێنەر ناکات و وەکوو وێنەی جوڵاو نایوروژێنێت، چونکە خوێنەر لەگەڵ خۆیدا ڕاناکێشێت بۆ بینینی هەنگاوەکانی

گەشەکردنی ڕووداو و دیاردەکە، یان بارە جیاوازەکانی وێنەکە و تەنها لەیەک گۆشەنیگاوە وێنەکە نیشاندەدات. واتا لەم جۆرە وێنەیەدا دەکرێ کرداریش هەبێت، بەڵام کردارێک، کە ناتوانێت وێنەکە لە وێنەی وەستاوەوە بگۆڕێت بۆ وێنەی جوڵاو، (چونکە لەڕووی چۆنێتییەوە یان بێهێزن یاخود کردارەکان واتای سەقامگیری و جێگیربوونیان تێدایە. بۆنمونە "وەستان، چەقین، نووستن، نەبزووتن، لەپێکەوتن، چاوەڕێکردن" ... هتد.)(کەریم، ٢٠٠٩: ١٩٢) هەربۆیە (وێنەی وەستاو زیاتر خۆی لە فریزی ناویدا دەبینێتەوە، واتا وێنەی وەستاو ئەو وێنەیەیە، کە توانای کرداری تێدا نییە جوڵەی تێبخات. لەو ڕێبازە ئەدەبییانەی کە لەلای ئەم جۆرە وێنەیە گیرساونەتەوە و کردوویانە بە بەرنامە و فەلسەفەی خۆیان لە بنیاتی شیعرییدا، ڕێبازی برناسییە، کە داوای وەسفی بابەتی دەکات.)(گەردی، ٢٠٠٤: ٢١٥) بەو مانایەی وێنەی وەستاو هەستی بینین بەکار دێنێت و پشت بە وەسفی بابەتی دەبەستێت لە پێکهێنانی وێنە هونەرییەکەدا. بە دەربڕینێکی تر (هەموو وێنەکی بینینە، کە لە وردەکارییەکانیدا پشت بە هەستی بینین ببەستێت، بەڵام بێ ئەوەی جوڵەی تێدا بێت.)(السلمي، ٢٠٠٩: ١٥٣) لە دیوانی سالمدا گەلێک وێنەی هونەری دەبینین، کە ئاستی جوڵە و بزاوتنی تێدا سفرە و تەنها بە زمانی پەسنیی دیمەنێکمان نیشاندەدات، کە هیچ بەرەوپێشەوە چوونێکی تێدا نییە و وەستاوە. بۆنموونە لە دێڕێکدا بە یارمەتی هونەری لێکچواندن دوو وێنەی هونەری وەستاوی دروستکردووە، کە دەڵێت:

**عەکسی ڕووت دایم لە ناو دیدەی پڕئاو**
**ظاهیرە وەک مەی لە توێی پەردەی زوجاج** **(سالم، ٢٠١٥: ٢٤٥)**

شاعیر دوو وێنەی خستووەتەڕوو، کە یەکەمیان وێنەی ڕووخساری یارە لە ناو چاوی پڕ لە فرمێسکدا، ئەمەی چواندووە بە وێنەی دووەم، کە وێنەی مەیە لە ناو پیاڵەی شووشەدا. ئەو دەیەوێت بڵێت: ئەی یار شێوەی تۆ هەمیشە لەناو چاوە پڕ لە فرمێسکەکانی مندا ئامادەیە، هەر وەک چۆن مەی هەمیشە لە ناو پیاڵەی شووشەدا ئامادەیە، بەم شێوەیە وێنەی یەکەم (لێچوو)ە، بەهۆی ئامرازی (وەک)ەوە چوێنراوە بە وێنەی دووەم، کە لە نیوەدێڕی دووەمدایە، بەڵام جگە لە لێکچواندنە وێنەییەکە، ڕوومەتی یار بە مەی و چاوی پڕ لە فرمێسکی یاریش بە پیاڵەی شووشەی مەی چوێنراوە. ئەگەر سەیری کۆی وێنە هونەرییەکە بکەین، دەبینین: ڕووخساری یار لە ناو دیدەی شاعیردا و بوونی مەی لە پیاڵەدا لە باری جێگیر و وەستاودان و هیچ جوڵەیەکیان تێدا نییە و کرداری تەواوی تێدا نییە تاکوو ببێتە هۆی بزاوت و جوڵە، بەم شێوەیە شاعیر بەیارمەتی هونەری چواندن وێنەیەکی هونەریی وەستاوی داهێنراو و جوانی خوڵقاندووە.

لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**دەڵێم: وەک قامەت و ڕووتە، مەهـ و سەرو**
**گەر ئەم صاحێب قەبا بێ، ئەو کولەهدار** (سالم، ٢٠١٥: ٢٧١)

بەگشتی شاعیران ڕوخسار بە مانگ و باڵایان بە سەروو چواندووە، بەڵام لەم دیرەدا شاعیر مانگی بە ڕووخسار و سەرو (سنەوبەر)ی بە قامەت(باڵا)ی یار چواندووە، واتە لێکچواندنی ئاوەژووی بەکارهێناوە، ئەمە جگە لەوەی مەرجی بۆیان داناوە و وتوویەتی ئەگەر سەرو کەوای لەبەردابێت و مانگ کڵاوی لەسەردابێت، ئینجا دەتوانن وەکوو تۆ وابن. وێنەکە هیچ بزاوتن و جوڵە و کردارێکی تێدانییە، بەڵکوو شاعیر بە یارمەتی لێکچواندنی پێچراوی ناڕێک و بەهۆی ئاوەژووکردنەوەی لێچوو و لەوچووەکانەوە وێنەیەکی هونەریی زۆر جوان و نایابی دروستکردووە کە لە ئاستی وەسفدایە و هیچ جووڵەیەکی تێدا نییە. هەر بۆیە وێنەیەکی وەستاوە.

شاعیر لە دێڕیکی تردا تاریکیی شەو و ڕەونەقی دنیا لە زوڵف و ڕوومەتی یاردا دەبینێت و وێنەیەکی هونەری پێ دەنەخشێنێت و دەڵێت:
**سەوادی قیرگوون شەبها لە نوسخەی عەنبەرین مووتە**
**سەراسەر ڕەونەقی دونیا لە عەکسی ئاینەی ڕووتە!** (سالم، ٢٠١٥: ٧٤٢)

لە نیوەدێڕی یەکەمدا، شاعیر شەوی وەکوو قیر ڕەشی بە مووی ڕەش و بۆنخۆشی دڵبەر چواندووە. لە نیوە دێڕی دووەمیشدا، ڕەونەق و ڕووناکی و جوانی دنیای بە ڕووخساری وەکوو ئاوێنەی دڵبەر چواندووە. لە هەردوو نیوە دێڕەکەدا کاری ڕستەکە ناتەواوە بۆ دەمی ئێستا و بریتییە لە(ە). دەبینین وێنە هونەرییەکە لە ئاستی وەستاو دایە و هیچ جوڵە و بزاوتنێکی تێدا نییە، بەڵکوو شاعیر پەسنی ڕەشیی شەو و جوانی دنیای لە ڕوومەت و زوڵفی یاردا وێناکردووە و وێنەیەکی هونەریی وەستاوی خوڵقاندووە. بەواتایەکی تر دەکرێ شاعیر مەبەستی ئەوەش بێت، کە ئەگەر یار ڕووی لێوەربگێڕیت، ئەوە دنیای لێدەبێت بە شەوێکی ڕەش و تاریک، ئەگەریش ئاوڕ لە شاعیر بداتەوە، ئەوە بە پێچەوانەوە. لە وێنەیەکی تردا شاعیر هەر چوار وەرزی ساڵی لە خۆیدا کۆکردووەتەوە و دەڵێت:

**چهار فەصڵی، لە هەر فەصڵا بە یەکدەم وا لە لای "سالم":**
**بەهار ئەشک و خەزان ڕەنگ و زمستان ئاهـ و دڵ هاوین!** (سالم، ٢٠١٥: ٦٠٣)

لەم دیرەدا شاعیر پەسنێکی جوانی هەر چوار وەرزەکەی ساڵی کردووە و پێکەوە لەیەک کاتدا کۆی کردوونەتەوە. ئەو دەڵێت: هەر چوار وەرزی ساڵ پێکەوە لە یەک وەرزدا لەلای من

بوونیان هەیە، چونکە لە ئەشکم تەقینی کانیاوەکانی بەهار و لە ڕەنگی زەردم پایز و لە ئاهـ و هەناسەی ساردم زستان و لە گڕی دڵی پڕ لە خۆشەویستیشما هاوین بوونی هەیە. بەڵام شاعیر هیچ کردارێکی لە دێڕەکەدا بەکار نەهێناوە و هیچ جوڵە و بزاوتنێک نابینین و تەنها پەسنی دیمەنەکانی هەر چوار وەرزی ساڵی کردووە. بەمەش وێنەیەکی هونەری وەستاوی جوان و داهێنراوی خوڵقاندووە. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ١٦، د: ٨)، (ل: ١٠٩، د: ٢)، (ل: ١٦٨، د: ٤)، (ل: ١٩٢، د: ٨)، (ل: ٣٥٣، د: ٤)، (ل: ٦٠٢، د: ١)، (ل: ٨١٢، د: ١)، (ل: ٨٥٣، د: ١).

## ٢/ ٤-٢. وێنەی جوڵاو

وێنەی جوڵاو، پێچەوانەی وێنەی وەستاوە، لەم جۆرە وێنەیەدا شاعیر تەنها بە وەسفکردنی دیمەن و دیاردەکەوە ناوەستێت، بەڵکوو کرداری جوڵەبەخش تێهەڵکێشی وێنە هونەرییەکە دەکات و هەنگاوەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی دیمەن و دیاردەکە بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە و تیشکی بە هەموو لایەکدا بڵاودەکاتەوە. ئەم جۆرە وێنەیە لە وێنەی وەستاو زیاتر خوێنەر دەورووژێنێت، چونکە وێنەکە لە باری بزاوتن و گەرموگوڕیدایە و خوێنەر بۆلای خۆی ڕادەکێشێ. واتا (لەم جۆرە وێنە شیعرییەدا، شاعیر پەنا بۆ ئەو جۆرە وشانە دەبات، یان ئەو وشانە لە بەیتە شیعرییەکەدا بەکاردەهێنێ، کە ئاماژە بە جووڵەدەکەن.)(ئەحمەد حەمە، ٢٠٠١: ١١١) جوڵە داینەمۆی سەرەکی ژیانە و پەیوەستە بە مادەوە، هەر بە هۆی جوڵەشەوە زیندوویەتی مادە و شتەکان دیاری دەکرێن. شاعیری لێهاتوو لە بنیاتی وێنەی جوڵاودا تەنها ئەو کەرەستە و مادانە نیشانناداتن، کە خۆیان خاوەنی توانای بزاوتنن، بەڵکوو بەیارمەتی زمانی خوازە و بەکەسکردن و بەمرۆڤکردن و بە ئاژەڵکردن ئەو کەرەستە و مادانە دێنێتە جوڵە، کە خۆیان لە بنەڕەتدا توانای جوڵەیان نییە، بەمەش شتێکی نوێ بۆ سەر ژیان و ئەدەب زیاددەکات. واتا ئەم جۆرە وێنەیە (ئاوازی واقیع دەگۆڕێت بە ئاوازی داهێنانی و لەودیو واقیعەکانی جیهانەوە، واقیعی دەوڵەمەندتر دەدۆزێتەوە. قەسیدەی مەزن جوڵەیە، نەک وەستان، پێوەری مەزنییەکەی لە ڕادەی ڕەنگدانەوە یان وێناکردنی جیاوازی شت و دیاردە واقیعییەکان نییە، بەڵکوو لە ڕادەی هەوڵدانێتی بۆ زیادەکردنی شتێکی نوێ بۆ ئەم جیهانە.)(صالح، ١٩٩٤: ٦٠) لەمەشدا بێگومان لێهاتوویی شاعیر ڕۆڵی گەورە دەگێڕێت، جوڵەی وێنەی جوڵاویش تەنها بەیەک ئاراستەدا نییە، بەڵکوو بەپێی سەلیقەی شاعیر و باری دەروونیی و هەڵچوونەکانی وێنەکە ئاراستەی جوڵەکەی خۆی دیاریدەکات. سالمی ساحێبقڕان

یەکێکە لەو شاعیرانەی کورد، کە هەر بە بنەماڵە کار و جوڵەی خەباتی نەتەوەییان هەبووە، هەروەها خۆی خاوەنی هەستێکی بەرزی نیشتمانی بووە و بەردەوام بیری لای جووڵەی شۆڕشی بابانەکان بووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی خۆشی ژیانێکی پڕ مەینەتی بردووەتەسەر و هەمیشە لە ئاوارەی و هاتووچۆی شارەکانی ئێراندا بووە. ئەوانە هەموویان وایانکردووە، کە سالم شاعیرێک بێت، لە بنیاتی گەلێک لە وێنە هونەرییەکانیدا جوڵە و کردار و بزاوتن ئامادەگییەکی بەرچاوی هەبێت. بۆ نمونە لە دێڕێکدا دەڵێت:

**لە بەحری ڕۆژی ڕەزما گەر نەهەنگی تیغی سەر هەڵدا**

**لەناو کەشتیی ئەتراکا، دەبێ شین و صەدا پەیدا** **(سالم، ٢٠١٥: ٦٩)**

شاعیر لەم دێڕەدا وێنەیەکی جوانی کاتی جەنگی نێوان سوپای (عەزیز بەگی بابان) و تورکەکان دەکێشێت. شمشێرەکەی دەستی (عەزیز بەگ) دەبێت بە نەهەنگ و لە بەحری شەڕدا لەناو کەشتیی تورکەکاندا قیژە و هاتوهاوار پەیدادەبێت. ئەگەرچی (ڕۆژی ڕەزم، نەهەنگ) کردار نین و یەکەمیان گرێیەکی ناوییە و دووەم ناوە، بەڵام لە هەناوی هەر یەکەیاندا جوڵە و کردار هەن، شاعیر شمشێر، (کە تەنێکی بێگیانە) چواندوویەتی بە نەهەنگ (کە گیانلەرەێکی پڕ جوڵەیە)، بەکەسی کردووە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە کرداری چاوگەکانی (سەرهەڵدان، پەیدابون) لە دێڕەکەدا هاتوون و ئاراستەی جوڵەکەیان بۆ سەرەوەیە و پەیوەستە بە هەڵچوونی شاعیر بەئومێدی سەرکەوتن بەسەر دوژمندا. هەموو ئەوانە وایانکردووە، کە وێنەیەکی هونەریی پڕ جووڵە و وزە و بەردەوامیی لە دێڕەکەدا بوونی هەبێت. لە دێڕێکی تردا شاعیر بێزاری خۆی لەو سەردەمە دەردەبڕێت، کە ئاوارەی خاکی تاران بووە، وەها وەسفی خاکی غەریبی دەکات و دەڵێت:

**شۆرەزاری خاکی (ڕەی) ئەمجارە دامەنگیرمە**

**ڕوو لە هەر وادی دەکەم، خاری وەکو زنجیرمە** **(سالم، ٢٠١٥: ٧٩٩)**

لە ڕێگەی فرمانەکانی (دامەنگیر، دەکەم) جوڵە و بەردەوامی بە وێنە هونەرییەکە دراوە، دەربڕینی (ڕوو لە هەر وادی دەکەم) سەلمێنەری ئەوەیە، کە شاعیر بەردەوام لە گەڕاندایە و هەر جارەی بۆ شوێنێک، بەڵام بێزارە لە خاکی غەریبی ناوچەی ڕەی (تاران)، چونکە هەموو شوێنەکانی پڕە لە درک، کە وەکوو زنجیر دامەنی شاعیر دەگرن و ناهێڵن ڕزگاری ببێت. ئاراستەی جوڵە لەم وێنەیەدا، ڕۆشتنە بە شێوەیەکی ئاسۆیی بە هەرچوارلادا، بەڵام ئاراستەیەکی تری جوڵە لە فرمانی (دامەنگیر)مە، هەیە، کە بۆ خوارەوەیە و هەوڵی ڕاگرتنی جوڵەی یەکەم دەدات بۆ ڕاگیرکردن و چەقبەستنی شاعیر، هەر ئەم ململانێیەش وزە و زیندوێتیی و جوڵەیەکی زۆری بە وێنەکە داوە و وێنەیەکی جوڵاوی نایابی خوڵقاندووە. لە دێڕێکی تردا شاعیر گلەیی لە نەهاتنی دڵبەر دەکات، هەرچەنە کەسیشی بەدویدا ڕاسپاردووە، بۆیە دەڵێت:

**کەسێکم ناردە دووی دڵبەر، یەکێ چوو بادە حاضرکا**
**نە ئەو هات و ئەمی هێنا، نە ئەم زوو دێت و ئەو دێنێ!** (سالم، ٢٠١٥: ١٠٢٤)

لێرەدا فرمانەکانی (نارد، چوو، حاضرکا، هات، هێنا، دێت، دێنێ) لە دێڕەکەدا هاتوون، ئەگەرچی بارودۆخەکە بە دڵی شاعیر نەبووە و نە دڵبەر هاتووە و نە ئەوانەشی ڕایسپاردوون، بە باشی کارەکەیان ئەنجامداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەو ژمارە زۆرەی کردار، وزە و جوڵە و بەردەوامییان بە دێڕەکە داوە و بوونەتە هۆی درووستبوونی وێنەیەکی هونەریی پڕ لە جوڵە. لە ئاراستەی جوڵەی وێنەکەدا، کردارەکان لە نێوان دوو شوێندان، لە شوێنی یەکەمەوە: بە فرمانەکانی (نارد، چوو) بۆ شوێنی دووەم و لەوێشەوە بە فەرمانەکانی ( هات، هێنا، دێت، دێنێ) گەڕانەوەیە بۆ هەمان شوێنی یەکەم. بەمەش بە یارمەتی شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ وێنەیەکی جوڵاوی خوڵقاندووە. لە دێڕێکی تردا گەڕان و هاتوچۆی یار لەناو سرووشت و گوڵ و گوڵزار بووەتە هەوێنی دروستبوونی وێنەیەکی هونەریی جوڵاو و دەڵێت:

**دوێنێ لە صەحنی چەمەن دڵبەری من هات و چوو**
**بۆ قەدی وەک سەروی ئەو، قامەتی عەرعەر شکا** (سالم، ٢٠١٥: ٩٤)

کردارەکانی (هات، چوو، شکا) هەوێنی درووستبوونی وێنەیەکی پڕ لە وزە و جوڵە و بەردەوامین. شاعیر بە یارمەتی چواندنی قولە، قەد و باڵای دڵبەری بە (سەروو) چواندووە، دواتریش خواستنی ئاشکرای لە (عەرعەر)دا بەکارهێناوە. کاتێکیش عەرعەر ئەو دەبینێت لە باخچەکەدا پیاسەدەکات، لەتاوا قامەتی دەشکێت. بەو شێوەیە وێنەیەکی هونەریی جوڵاو بەیارمەتی لێکچواندن و خواستن دروستکردووە. ئاراستەی جوڵەی وێنەکە هاتن و چونە لە شێوەی پیاسکردندا، هەر ئەو جوڵەیەش سەرچاوەی باری دەروونی ئارامی شاعیرە. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ٤٦، د: ١٤)، (ل: ٥٣، د: ٧)، (ل: ٥٨، د: ٣)، (ل: ٦٥، د: ٩)، (ل: ٧١، د: ٢٨)، (ل: ٩٠٥، د: ١٢)، (ل: ٩٣٣، د: ٣).

## ٢/ ٥.  وێنەی هونەری لەڕووی ڕوونبێژییەوە

### وێنەی ڕوونبێژی

ڕوونبێژی بەشێکی گرنگە لەناو سێ بەشەکەی هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا، کە زۆر لەمێژە خەڵکی لە گفتوگۆی ڕۆژانەیان و شاعیرانیش لە سەردەمە جیاوازەکاندا پەنایان بۆ بردووە و مەبەستە شیعرییەکانی خۆیانیان لەڕێگەیەوە دەربڕیوە. ڕوونبێژی بایەخێکی مێژوویی هەیە، تەنانەت (لە زانستی ڕەوانبێژی کۆندا بە هەرسێ بەشی (واتاناسی و ڕوونبێژی و جوانکاری) وتراوە ڕوونبێژی.)(عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٠: ٣٨) بێگومان (ڕوونبێژی باسێکی زۆر فراوانە، هەموو ئەو شتانە ئەگرێتەوە، کە پەردە لەڕووی گوزارە لائەدەن و ئەیخەنە بەرچاوەوە.)(گەردی، ١٩٧٢: ١٨) لە زانستی ڕوونبێژیدا یەک مانا بە شێوازی جیاواز دەردەبڕدرێت، هەر ئەو شێوازە جیاوازانەیە، کە هۆکاری جوانی و سەرنجڕاکێشی دەربڕینن. (القزويني) دەڵێت: ((ڕوونبێژی، ئەو زانستەیە، کە بە چەند ڕێگایەکی جیاواز هەمان واتا بگەیەنێت و واتای مەبەستدار ڕوون بکاتەوە.))(القزويني، ٢٠٠٣: ١٦٣) هەروەها (السكاكی) لە بارەی ڕوونبێژییەوە دەڵێت: ((هێنانەوەی یەک مانایە بە چەند ڕێگایەکی جیاواز، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی واتاکە.))(السکاکی، ١٩٨٧: ١٦٢) واتا (دەرخستنی هەمان واتا بە شێوەی جۆراوجۆر.)(غەفور، ٢٠١٥: ١٤٠) بەو شێوازە زیاتر جەخت لەوە دەکرێتەوە، شاعیر بەهۆی ڕوونبێژییەوە دەتوانێت یەک واتا بەچەند ڕێگایەکی جیاواز بگەیەنێت، کە ئەمەش هەمووی بۆ خزمەتکردنی جوانی و ڕوونکردنەوەی واتاکەیە، چونکە هەروەک (کرۆچە) دەڵێت: ((ڕوونبێژی و جوانی دوو واتا نین، بەڵکوو یەک واتا کە هەر یەکێک لەوان هاوواتای ئەوی تریانە و دەتوانین لەوەوە دەستپێبکەین.))(کدکنی، ١٣٧٥: ٢٤) ئەمەش بێگومان لە وێنەی هونەریدا دەکرێت، کە هەموو هونەرە ڕوونبێژییەکانی وەک (لێچواندن و خواستن و درکە) ڕۆڵی گەورە لە درووستکردن و بنیاتی ئەو وێنانەدا دەبینن، چونکە (زانستی ڕوونبێژی لە هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا بە ناونیشانی گرنگترین ئامرازی درووستکردنی وێنەی هونەرییە، کە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسایە و لە ڕێگای ئەوانەوە دەتوانرێت یەک مانا بە چەند جۆرێکی جیاواز ڕوون بکرێتەوە.)(مبارک و حیدری، ١٣٨٩: ١٠١) واتا (زانستێکە تێیدا لە لێکچواندن و خوازە و درکە دەکۆڵدرێتەوە.)(مستەفا، ٢٠١١: ١١٣) ئەو هونەرە ڕوونبێژیانە سەرچاوەی سەرەکی بنیاتی وێنەی هونەرین و شاعیران زۆر پشتیان پێ دەبەستن، بەڵام بێگومان بەکارهێنانی ئەو هونەرانە پێویستی بەشارەزایی باشی شاعیر هەیە، تاکوو بتوانێت وێنەی داهێنراو و تازەیان لێ پێکبهێنێت، چونکە هەروەک (سیسرۆ) دەڵێت: ((ڕوونبێژی ڕاستەقینە شتێکە، کە ئەنجامدانی قورسترە لەوەی کە دیارە. ڕوونبێژی لە زۆرزانین و کارامەییەوە لەدایک دەبێت، پیاو دەتوانێت باش بڵێت کاتێک شتێکی هەیە بۆ

وتن.))(Шехурдина, 2018: 13) هەر بۆیە وێنەی ڕوونبیژی بوو بە کەرەستەیەکی گرنگ بە دەستی ڕەخنەگرانەوە و (کردیان بە پێوەرێکی ڕەخنەیی بۆ دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی ئاستی شاعیران لە یەکدی.)(عبدلله، ٢٠٠٨: ٦١)

هەموو هونەرە ڕوونبێژییەکان ڕۆڵی گەورەیان لە بنیاتی وێنەی هونەریدا هەیە، بە تایبەتی خوازە؛ هەر بۆیە (کۆلریدج) دەڵێت: ((شیعر بەبێ خوازە قەبارەیەکی بێگیانە، چونکە وێنەی خوازەیی بەشێکە لەو وزەیەی، کە ژیان بە شیعر دەبەخشێت. بە هەمان شێوە (ڕۆبرت فرۆست) دەڵێت:"زۆر شت هەیە، کە دەتوانرێت لە پێناسەکردنی شیعردا بووترێت، بەڵام ئەوەی کە سەرەکییە تێیدا خوازەیە.))(عەلی، ٢٠٠٧: ١٦٨) هەر لەم بارەیەوە (تۆماشیڤسکی) دەڵێت: ((ئەو کاریگەرییەی کە لەلایەن خوازەوە بەرهەم دەهێنرێت، زۆرجار بە وشەی (وێنە) ئاماژەی بۆ دەکرێت. وێنە خۆی بۆخۆی خوازەیەکە))(Томашевский, 1996: 54) و (خوازە و هێما، بنەمای دروستکردنی وێنەن.)(Кассирер и Якобсон, 1990: 22 ) بەڵام دەبێت ئاگامان لەوە بێت، کە ڕاستە هەموو خوازەیەک وێنەیە، بەڵام هەموو وێنەیەک خوازە نییە، چونکە وێنە بە شێوازی تر لە دەرەوەی خوازەش بنیات دەنرێت.

بە بۆچوونی (ڕۆمان یاکۆبسن) (خوازە، جێگۆڕینی مانایەکە بە مانایەکی تر.)(مظفری، ١٣٧٥: ٩٦) ئەوەش نزیکە لە دەربڕینەکەی (ئەرەستۆ)وە، کە دەڵێت: ((خوازە، ئەوەیە ناوی شتێک بۆ شتێکی تر بەکار بێت، ئەمەش بەهۆی گواستنەوە دەبێ لە ڕەگەزەوە بۆ جۆر، یان لە جۆرەوە بۆ ڕەگەز، یان لە جۆرەوە بۆ جۆر، یان بۆی هەیە بەهۆی پەیوەندی هاوئەرکی بێت.))(أرسطو، ١٩٧٧: ١٨٦) بەڵام بێگومان نیشانەیەک پێویستە، کە نەهێڵێت وشە خوازراوەکە واتا بنەڕەتییەکەی بگەیەنێت، ئەوەتا (السکاکی) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((خوازە، وشەیەکە بەکاردێت بۆ واتایەکی تری دوور لە واتا بنچینەییەکەی، کە بە پێی جۆرەکەی دەیبەخشێت، سەرەڕای بوونی نیشانەیەک، کە ڕێگرە لەبەردەم ئەوەی وشەکە واتا بنچینەیەکەی بگەیەنێت.))(السکاکی، ١٩٨٧: ٣٥٩) ئەمەش بێگومان بە بەکارهێنانی زمان لە ئاستێکی بەرزدا دەکرێت، چونکە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، کە زمانی شیعری بە پێناسەی ڤینۆکور (Vinokur ١٨٩٦– ١٩٤٧ز)(ئەو شتەیە، کە بەزۆری پێیدەوترێت: زمانی خوازەیی.)(Винокур. 1991: 27) (زاراوەی خوازە"allegory"، وشەکە، لە وشەی" allegoria" ی گریکییەوە هاتووە، بە مانای "قسەکردن بە پێچەوانەوە". خوازە وەکوو یاسا بریتییە لە چیرۆکێک لە هۆنراوەدا، یان لە پەخشاندا بە دوو مانای جیاواز: مانای سەرەتا یاخود ڕووکەش و مانای ئەودیوی مانا ڕووکەشەکە".(Cuddon, 1999: 20) سالم یەکێکە لە شاعیرانی سێ کوچکەی بابان، کە شوێنێکی دیاری لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیی کرمانجی خواروودا هەیە، دەستێکی باڵاشی لە بەکارهێنانی هونەرە ڕوونبێژییەکان (لێکچواندن، خواستن، درکە) هەبووە و بۆ بنیاتنان و دروستکردنی وێنە هونەرییەکانی سوودی زۆری لێوەرگرتوون.

## ٢/ ٥-١.  وێنەی لێکچواندن

لێکچواندن، یەکێک لە گرنگترین و دیارترین هونەرە ڕوونبێژییەکانە، کە هەر زۆر لە مێژە لە گفتوگۆی ئاسایی خەڵکیدا بەکارهێنراوە، ئەوان بۆ دەرخستنی سیفەتی شتێک، کە خۆیان مەبەستیان بووە، هاتوون خستوویانەتە ئاستی بەراوردییەوە لەگەڵ شتێکی تر، کە هەمان سیفەتی تێدا بەرز و باڵا بێت. بەمەش وێنەکە لە مێشکی وەرگردا ڕوونتر و کاریگەرتر دەرکەتووە. هەر بۆیە (لێکچواندن، بە پێی بۆچوونی ڕەوانبێژان ڕەنگبێت یەکەمینی ئەو هونەرانەی ڕەوانبێژی بێت، بەرلەوەی ئەو زانستە ئاشکرا کرابێت و هونەرەکانی دەستنیشان کرابێت، یان باشترە بڵێین بەرلەوەی نووسین داهێنرابێت، ئادەمیزادە سەرەتاییەکان پەنایان بۆ بردبێت.)(مستەفا، ٢٠١١: ١١٥) دواتریش شاعیران کەڵکیان لەم شێوازە وەرگرتووە و لە دەقە شیعرییەکانیاندا وێنەی هونەرییان پێبنیاتناوە، چونکە (چواندن، ناوەندی وێنەی هونەرییە، لەبەرئەوە هەموو وێنەیەک بە شێوەیەک لە شێوەکان بە چواندنەوە پەیوەستە و بە ئاشکرا یان بە شاراوەیی هەوێنی لێوەرگرتووە.)(مبارک و حیدری، ١٣٨٩: ١٠١)

بێگومان لێکچواندن لەنێوان دوو شتدا دەکرێت، کە هەم لێکچوون و هەمیش جیاوازیان لە نێواندا هەبێت. هەر وەکوو (قدامة بن جعفر) دەڵێت: ((هیچ شتێک لە خۆی ناچێت و لە هەموو ڕوویەکەوە لە شتێکی دیکەش ناچێت، گەر دوو شت لەهەموو ڕوویەکەوە لەیەکچوون و هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نەبوو، ئەوە یەک دەگرن و دەبن بە یەک شت، ئەوە دەمێنێتەوە دەبێت چواندن لە بەینی دوو شتدا ڕوو بدات، کە لە نێوانیاندا هاوبەشی واتایی هەبێت و پێی وەسف بکرێن و هەریەکەیان لە چەند سیفەتێکدا جیاوازبن.))(جعفر، ١٣٠٢: ٣٦-٣٧) هەروەها (د.جابر عصفور) دەڵێت: ((لێکچواندن، پەیوەندییەکی بەراوردییە لەنێوان دوو لایەن بەهۆی لێکچوون و هاوبەشییان لە تایبەتمەندییەک، یان حاڵەتێک یان لە چەند تایبەتمەندی و حاڵەتێکدا، کە دەکرێت پەیوەندییەکەیان لەسەر بنەمای هاوبەشییەکی هەستی بێت، دەکرێت لەسەر بنەمای لێکچوون لە حوکم و پێویستییەکی ژیری، کە هەردوو لایەنە بەراوردکراوەکە بەیەکەوە دەبەستێت، بێئەوەی پێویست بەوە بکات دوو لایەنەکە لە جەستەدا و لە هەموو خاسییەتێکدا وەکوویەک بن.))(عصفور، ١٩٩٢: ١٧٢) بەو مانایەی، کە دەکرێ خاسییەتی هەستی هاوبەش، یان بنەمای ژیری لەیەکچوو لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام بێگومان دەبێت ئەو دوو شتە جیاوازیشیان هەبێت. هەروەک (عبدالقاهر الجورجانی) دەڵێت: ((چواندن، ناگاتە ئامانج تەنها بە باسکردنی لێکچوون نەبێ لەنێوان شتە جیاوازەکاندا و سەلماندنی ئەو شتانەی کە لە ڕەگەز و جۆردا هاوبەشن.))(الجرجاني، ١٩٩١: ١٤٨) واتا دۆزینەوەی هاوبەشییە لەنێوان شتە لێک جیاوازەکاندا و هەتا جیاوازی نێوان لێچوو و

لەوچووەکە زیاتر بێت باشترە، چونکە (باشترین لێکچواندن ئەوەیە، کە دووی لەیەک دوور لێک نزیک بخاتەوە هەتا بۆنەو هاوبەشییەک لەنێوانیاندا دروستببێت.)(گەردی، ٢٠٠٤: ٢٣٠)

لێکچواندن، بە بناغەی وێناکردنی ڕوونبێژی و سەرچاوەی دەربڕینی هونەری دادەنرێت، بەربڵاوترینی هونەرەکانی ڕوونبێژییە لەڕووی بەکارهێنان و واتاوە.(موسی، ٢٠٠٣: ٦٨) لە لێکچواندندا بەهۆی شتێکی ناسراو و دیارەوە شتێکی تر، کە شاعیر خۆی مەبەستێتی لەڕووی واتاوە ڕوون دەکرێتەوە، بە شێوازێک، کە (شتێکی ناسراو بکرێت بە پێوەر بۆ ڕوونکردنەوەی شتێک کە گومانی لێبکرێت.)(عەبدوڕەحمان، ٢٠٠٦: ٧١) ئەمەش بێگومان بۆ (هەڵدانەوەی پەردەیە لەسەر شتێکی نادیار، بۆ ئەوەی شتی نادیار لە ئارادا نەمێنێت.)(سەجادی، ٢٠١٩: ٤٨) لێکچواندن، یارمەتی ڕەخنەگر دەدات لەسەر دەرخستنی لێهاتوویی شاعیر و زاڵبوونی بەسەر زمانەکەیدا و ڕێگەکانی وەگەرخستنی واتای دەربڕاوەکان لەڕێگەی هۆنینەوەی لە شیعردا بۆ تیشکدانەویەکی زیندوو و کاریگەر، لەگەڵ ڕۆڵی گرنگی خەیاڵ لە چالاککردنی ئەو وێنانە، چونکە بنەمای دروستکردنی وێنەکان خەیاڵە و چواندنی لێچووش بە لەوچوو هەر لەناو ئەندێشەدا دەکرێت نەک واقیع؛ هەر بۆیە ئەندێشە ڕۆڵێکی گەورەی نەک هەر لە لێکچواندن بەڵکوو لە تەواوی هونەرە ڕوونبێژییەکاندا هەیە. (لێکچواندن، لەسەر چوار بنەڕەت دروستدەکرێت، کە ئەوانیش ( لێچوو، لەوچوو، لێکچوون، ئەوزار(ئامراز))ن. بەڵام لەو بنەڕەتانە (لێچوو و لەوچوو) دوو ستوونی پتەون و لێکچواندنیان ڕاگرتووە، ئەگەر یەکێکیان کەم بێت یا ئەوەتە لێکچواندنەکە ئەبێتە تەم و ئەڕەوێتەوە، یا ئەوەتە بەگوڕتر ئەبێ و ئەو حەلەش ئەبێتە (خواستن)، هەر چۆن بێت ناتوانین دەستبەرداری هیچێکیان ببین، ئەمێنێتەوە (ئەوزار) و(لێکچوون)، ئەم دووەش هەندێجار تاکەتاک دیار ئەبن و هەندێجاری تر ون ئەبن، هەروەکوو ئەوەشیان ئەبێت هەردووکیان پێکەوە ناویان بێت، وەکوو ئەشگونجێ هەردووکیان پێکەوە فڕێ بدرێن.)(گەردی، ١٩٧٢: ٣٤) بەو مانایەی بە بێ هەردوو بنەڕەتی (لێچوو، لەوچوو) لێکچواندن دروست نابێت، بەڵام گەر یەکێک لەم دووانە نەهات ئەوە هونەرێکی تری ڕوونبێژی، کە (خواستن)ە، دروستدەبێت، بەڵام دوو بنەڕەتەکەی تر (لێکچوون، ئامراز) لاوەکین و بە نەهاتنیشیان لێکچواندن هەر دروستدەبێت.

سالم، یەکێکە لە کەڵە شاعیرە بە توانا و لێهاتووەکانی ناو ئەدەبی کلاسیکی کوردیی کرمانجی ناوەڕاست (بابان)، کە زۆر شارەزایانە توانیویەتی لە ئاستێکی زۆر بەرفراواندا سوود لە هونەری (لێکچواندن) وەربگرێت و وێنەی هونەری پێدروستبکات و بیروڕاکانی خۆیی پێبگەیەنێت بە خوێنەر. ئەوەتا لە دێڕێکدا دەڵێت:

**دەزانم تا لە شیشەی دیدەما بێ، ئەشکی ئالوودەم**
**شەرابی (جەی) لە جاما ڕەونەقی خوێنی جگەر نادا** (سالم، ٢٠١٥: ٣)

لێرەدا شاعیر سوودی لە (لێکچواندنی ڕەوان) وەرگرتووە و دیدە (چاو)ی بە شیشە (پیاڵەی شووشە) چواندووە، دواتر ئەم چواندنەی لە ناو لێکچواندنێکی وێنەییدا بەکار هێناوەتەوە، کاتێک دەڵێت: ئەشکی ئالوودە (لیڵ و تێکەڵ) لە ناو پیاڵەی شووشەی چاومدا، ئەمەی چواندووە بە وێنەی دووەم: (شەرابی گەڕەکی جەی لە ئەسفەهان)، کە لەناو جامدا بێت. ئینجا پەسەندی ئەشکی چاوی خۆی داوە بەسەر شەرابی جەیدا، چونکە ئەو فرمێسکانە لەبەرئەوەی خوێنی جگەرن و لەوێوە هەڵقوڵاون، بۆیە ڕەونەق و جوانیان لە شەرابەکە زیاترە، بەڵام ئەمە کاتێک دەردەکەوێت، کە شاعیر ئەشکەکەی بڕێژێت. بەو شێوازە توانیویەتی بە سوودوەرگرتن لە (لێکچواندنی ڕەوان و لەناویەک) و لێکچواندنی وێنەیی، وێنەیەکی هونەریی لێکچواندنی زۆرجوان بخوڵقێنێت، لە خوارەوە بە هێڵکارییەک زیاتر ڕوونی دەکەینەوە:




سالم لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**دەڵێم وەک قامەتت دڵگیرە سەرویش**

**ئەگەر سێب و گوڵ و سونبول ثەمەردا** (سالم، ٢٠١٥: ٧)

بەگشتیی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا (قەدوباڵا) بە (سەروو) چوێنراوە، ئەمەش لەبەرئەوەی بەرزی و ڕێکی و جوانی سەروو هەموو کەس دەیزانێت و شتێکی ڕوونە. بەڵام لێرەدا شاعیر هاتووە بە پێچەوانەوە لە نیوەدێڕی یەکەمدا (سەروو)ی چواندووە بە (قامەت)ی یار و چواندنە

بنچینەییەکەی ئاوەژوو کردۆتەوە، بەوەشەوە هێشتا مەرجی بۆ ئەو چواندنە داناوە و وتوویەتی ئەگەر (سەروو) بتوانێت وەک قامەتی یار سێو و گوڵ و سونبول (کە مەبەستی لە مەمک و دەم وڕوخسار و ئەگریجەی یارە، لێرەدا بێگومان وشەی قامەت وادەکات ئەو وشانە بە شێوەی خواستن هاتبن و واتا بنچینەییەکەی خۆیان نەدەن) بگرێت. بەمەش شاعیر دووجار قامەتی یاری پەسەندتر کردووە بەسەر سەروودا، کە هەم قامەتی کردووە بە لەوچوو هەمیش مەرجی بۆ سەرو داناوە تاکوو بتوانێت بگات بە قامەتی یار. بەو شێوەیە بە یارمەتی لێکچواندنی ئاوەژوو و سوود وەرگرتن لە خواستن وێنەیەکی هونەریی داهێنراو و جوانی خوڵقاندووە. وەک لە هێڵکارییەکەی خوارەوەدا زیاتر ڕوون دەبێتەوە.




لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**زێوەری حوسنی دڵارامە، سەوادی خەمی زوڵف**

**نانوێنێ، کە نەبێ ظوڵمەتی شەو، شەوقی چرا** (سالم، ٢٠١٥: ٩)

لەم دێڕەدا شاعیر دوو وێنەی هونەری دروستکردووە و دواتر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، یەکەمی بە دووەم چواندووە. لە نیوەی یەکەمدا دەڵێت: زوڵفی پڕ پێچ و ڕەشی یار، کە چواردەوری لە ڕووخساری یار گرتووە، وایکردووە جوانی ڕووخساری یار زیاتر دەربکەوێ، ئەم وێنەیەی کردووە بە (لێچوو) و چواندوویەتی بە دەرکەوتنی جوانی شەوقی چرا لە ناو زوڵمەتی شەودا، کە بەهۆی ئەوەی تاریکی شەو دەوری چراکەی تەنیوە بۆیە ڕووناکییەکەی هێندەی تر جوانتر دەرکەوتووە. شاعیر یاری بە چرا و ڕووخساری بە ڕووناکی و پرچی ڕەشی بە تاریکی

شەو چواندووە و وێنەیەکی هونەری نایابی بە یارمەتی لێکچواندنی وێنەیی و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ پێکهێناوە. بە هێڵکارییەک لە خوارەوە زیاتر ڕوونی دەکەینەوە.




یان دەڵێت:

**سونبولی طوڕڕە کە پەرژینە بە پەهلوویی گوڵا**

**موو بە موو هەریەکە داوێکە لە ڕێی مورغی دڵا** **(سالم، ٢٠١٥: ١١١)**

لێرەدا بە کۆکردنەوەی چەند لێکچواندنێک وێنەیەکی هونەری نایابی خوڵقاندووە. سەرەتا (پەهلوویی) ڕوومەتی یاری بە گوڵ چواندووە، دواتر دڵی خۆیی بە (مورغ) پەلەوەر چواندووە، واتە دوو وێنەی بەیارمەتی (لێکچواندنی ڕەوان) دروستکردووە. جگەلەمە شاعیر وێنەیەکی تریشی دروستکردووە، (طوڕڕە) زوڵفی یاری سەرەتا بە (سونبول)، کە گیایەکی بۆنخۆشە، پاشان بە (پەرژین) بەدەوری ڕوومەتی وەک (گوڵ)ی یاردا، پاشانیش بە (داو)ی ڕاوچی چواندووە، بۆ گرتنی دڵی وەک پەلەوەری شاعیر، واتە یەک لێچوو(طوڕڕە)ی بە سێ لەوچوو، کە ( سونبول، پەرژین،

داو)ن، چواندووە. بەو شێوازە بە یارمەتی لێکچواندنی کۆ، وێنەیەکی هونەریی گەلێک جوان و نوێی خوڵقاندووە، کە تێیدا دەڵێت: زوڵفت کە وەک سونبول بۆنخۆشە، بووە بە پەرژین بە دەووری ڕوومەتی وەک گوڵت، هەروەها تاڵە تاڵەی ئەو مووانەی زوڵفت، بوون بە داو بۆ پەلەوەری دڵی من. لە هێڵکارییەکەی خوارەوەدا زیاتر تیشکی دەخەینە سەر.




سالم لە وێنەیەکی تردا دەڵێت:

**لە چنگ غەم صەیدە "سالم" وەک کەبووتەر!**

**لە دڵیا میخلەبی شاهینە بێ تۆ** **(سالم، ٢٠١٥: ٧٢٨)**

لێرەدا وشەی (غەم) کە خۆی چەمکێکی واتاییە لەڕێگەی ژێرییەوە لێی تێدەگەین، بە شێوازێک هاتووە، بەرجەستە کراوە و (چنگ) کە ئەندامێکی لەشی باڵندەیە، پێیدراوە، دواتریش (غەم) بووە بە لێچوو و چوێنراوە بە (شاهێن). جگەلەمە لە دێڕەکەدا لێکچواندنێکی درێژەی بەربڵاویش هاتووە، (سالم) چوێنراوە بە (کەبووتەر) و ڕووی لێکچوون (صەید)ەو ئامرازەکەش (وەک)ە، بەم شێوەیە شاعیر بەیارمەتی لێکچواندنی ڕەوان و لێکچواندنی درێژەی بەربڵاو وێنەیەکی هونەری لێکچواندنی تا ڕادەیەک دووبارەی خوڵقاندووە، کە تێیدا بە یارەکەی دەڵێت: بەهۆی ڕۆشتنی تۆوە، غەم وەکوو شاهێن هێرشی بۆم هێناوە و چنگی لەناو دڵمدایە، هەر بۆیە

من (سالم) وەکوو کۆتری ڕاوکراو وام ئێستا. بۆ تێگەشتنی زیاتر لە هێڵکارییەکەی خوارەوە پێشکەش دەکەین.




جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ١٢، د: ٧)، (ل: ١٤، د: ٢)، (ل: ٤٥، د: ١٠)، (ل: ٧٧، د: ١)، (ل: ٨٣، د: ٢)، (ل: ٩٩، د: ٥)، (ل: ١١٣، د: ٢)، (ل: ١٤٢، د: ١٧)، (ل: ١٧٨، د: ١)، (ل: ١٨٢، د: ٦)، (ل: ١٩٨، د: ١)، (ل: ٢٠٦، د: ٧)، (ل: ٢٠٨، د: ٦)، (ل: ٣٢٢، د: ٥)، (ل: ٧٣٢، د: ٦)، (٧٦٥، د: ٣)، (٨٢١، د: ٢)، (ل: ٨٨٣، د: ٦).

## ٢/ ٥-٢. وێنەی خواستن

خواستن، یەکێکی ترە لەو هونەرە ڕوونبێژیانەی ڕۆڵێکی گەورە و دیاری لە بنیاتی وێنەی هونەریدا هەیە، کە تێیدا وشە لە واتای دروستی خۆیەوە دەگوازرێتەوە بۆ واتایەکی خوازەیی، (الجاحظ) وەها پێناسەی دەکات، کە ((ناونانی شتێکە بە شتێکی تر ئەگەر شوێنی گرتەوە.))(الجاحظ، ١٩٩٨: ١٥٣) هەروەها (عبدالقاهر الجرجانی) لە (اسرار البلاغة)دا دەڵێت: ((دەربڕینی مانایە بە دەربڕاوێکی جیاواز لەوەی لە بنچینەدا لە زمانەکەدا بۆی دانراوە، ئەمەش لەسەر بنچینەی گواستنەوەی واتا دەبێت.))(الجرجاني، ١٩٨٤: ٤٣٤) (أبی هلال العسکری)یش دەڵێت: ((خواستن، گواستنەوەی دەستەواژەیە لە زماندا، لە شوێنی بەکارهێنانی بنەڕەتییەوە بۆ مەبەستێکی

تر.))(العسكري، ١٩٥٢: ٢٦٨) هەموویان جەخت لەوە دەکەنەوە، لە خواستندا وشە واتای درووستی لێ وەردەگیرێتەوە و واتایەکی خوازەیی پێدەدرێت، لەمەشدا پێویستە پەیوەندییەکی زمانی لە نێوان واتا دروست و واتا خوازراوەکەدا هەبێت، بە مەرجێک دەبێت ئەو پەیوەندییە زمانییە لەسەر بنەمای لێکچواندن دروستبووبێت. ئەمە جگەلەوەی پێویستە وشەیەک (قەرینەیەک) هاتبێت نەهێڵێت وشە خوازراوەکە واتادرووستەکەی بگەیەنێت. بەمپێیە خواستن، هونەرێکە سەر بە خوازەی زمانییە، هەربۆیە (عبدالقاهر الجرجانی) لە کتێبی (دلائل الاعجاز) دا دەڵێت: ((هەموو خواستنێک خوازەیە، بەڵام هەموو خوازەیەک خواستن نییە.))(الجرجاني، ١٩٩١: ٣٩٨)

هەموو خواستنێک لە بنچینەدا لێکچواندن بووە. هەر بۆیە ئیرینا ئارنۆڵد (Arnold ١٩٠٨–٢٠١٠ز) بۆچوونی وایە، کە ((خواستن، بەزۆری بە لێکچواندنێکی شاراوە پێناسە دەکرێت، کە بەکارهێنانی ناوی شتێکە بۆ شتێکی تر.))(Арнольд, 2002: 124) تەنها ئەوەندە هەیە لە لێکچواندندا هەردوو بنەڕەتە سەرەکییەکە (لێچوو) و (لەوچوو) بوونیان هەیە، بەڵام لە خواستندا تەنها یەکێکیان دێت. هەر ئەوەش وادەکات (لە وێنەی خواستندا شاعیر ئازادتر و سەربەستتر کۆدەکانی زمان دەبەزێنێ، چونکە وەکوو لێکچواندن خۆی بە هەموو بنەڕەتەکانەوە نابەستێتەوە.)(مستەفا، ٢٠٠٩: ١١٥) ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە بنچینەدا (شیعر، زمانی ئاسایی تێکدەشکێنێت بۆ ئەوەی وێنەیەکی تایبەتی بنیات بنێت و سەرلەنوێ زمان بنیات بنێتەوە، ئەمەش لەسەر خواستن دەچەسپێت، لەبەرئەوەی داڕشتنێکی زمانی تایبەتە و دەیەوێت وشە لە ژینگەی ناسراوی خۆی بگوازێتەوە بۆ ژینگەیەکی تری نەناسراو، ئەمەش بەهرەی شاعیری پێویستە بۆ ئەوەی بیخاتە بەردەم کردەیەکی لەپڕ و سەرنجراکێش لەڕێگەی داڕشتنە تازەکەی کە شاعیر وشەکانی تێدا ڕیز کردووە.)(حەوێزی، ٢٠٠٩: ١٩٨–١٩٩) واتا لە ڕاستیدا (شاعیر، کە پەنا دەباتە بەر خواستن هەر لەبەرئەوەیە گەلێ شت هەیە، ناتوانێت بە ڕێگاکانی تر دەریان ببڕیت،)(عیسا، ٢٠٠٩: ٩٤) چونکە دەربڕینی خوازەیی لەهەموو شێوازەکانی تر زیاتر کاریگەری لەسەر وەرگر درووست دەکات. بەو مانایەی (ئەگەر بەراوردێک لە ڕووی سیمانتیکەوە لە نێوان(خواستن) و (لێکچواندن) بکەین، دەبینین لێکچواندن زۆربەی زۆری بۆ ئاشکراکردن و ڕوونکردنەوە بەکاردیت، کە دەچێتە خانە و بابەتی وەسف بۆ دەربڕینی ئەندێشە، بەڵام خواستن زۆربەی بۆ هێز و توندی دەربڕین و کارتێکردنی لە گوێگران بەکار دەهێنرێ، لەم ڕووەوە لە (لێکچواندن) بەهێزترە.)(عثمان، ١٩٩١: ٩٦) ئەمەش لە ڕاستیدا بەهۆی ئەو پەیوەندییە تازە و داهێنراوانەیە، کە لەنێوان وشەکان و واتا نوێیەکانیاندا دروستکراوە؛ هەربۆیە (جوانی شیعر لە جوانی خواستن دایە، خواستنیش بەزۆری لە شیعری ویژدانیدا دێت.)(گەردی، ٢٠٠٤: ٢٣٩) ئەم جۆرە شیعرەش لەسەر وەرگر کاریگەری زیاتر دروستدەکات.

شاعیران هەر لە کۆنەوە هەتاکوو ئەمڕۆ بە شێوەیەکی چڕ هونەرە ڕوونبێژییەکان لە بنیاتی وێنە هونەرییەکانیاندا بەکاردەهێنن، بەڵام (ڕێژەی بەکارهێنان و بایەخدان بە خواستن و لێکچواندن لە هۆنراوە و ڕەخنەی کۆندا زیاترە لەوەی لەنێو هۆنراوە و ڕەخنەی نوێدا هەیە.)(گەرمیانی، ٢٠٠٤: ٢٣٧) ئەمەش بێگومان لەبەر ئەوەیە، کە لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا بایەخ پێدان بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە ئەدەبیاتی نوێ زیاتربووە. لەو وێنە هونەریانەی کە خواستن بنەمای درووستبوونیانە، (واتا) بە ئاسانی دەستگیری خوێنەر نابێ، چونکە تێیاندا زمان لە ئاستێکی بەرزی هونەریدایە و وشە بۆ واتا بنچینەییەکانی خۆیان بەکارنەهێنراون، ئەمە جگەلەوەی لە دوو بنەڕەتە سەرەکییەکەی لێکچواندن تەنها یەکێکیان هاتووە، هەربۆیە پێویستی بە وردی و سەرنجدانێکی زیاتری خوێنەر هەیە. واتا (خواستن، بەو مانایە ناسراوە، کە پانتایی شیعریی تا ئاستی ناڕوونی دەبات و هەر بەهۆی ئەو ناڕوونییەوە خوێنەر بەرانبەر شاعیر ناچار دەکات کاری ئاوەزی زیاتر ئەنجام بدات بۆ ئاشکراکردنی واتا خواستراوەکانی مەبەستی شاعیر و ئەگەر ئەم کردارە ئاوەزییە سەرکەوتووبێت، ئەوە چێژی ئاشکراکردنی ناڕوونییەکان زیاتر دەبیت.)(پشابادی، ١٣٩٦: ٩٢) ئەمە جگە لەوەی باشی خواستن بۆ شاعیر لەوەدایە، کە (لە هەر ساتێکدا بێت دەتوانێت وێنەی نوێ پێشکەش بکات و لە ئەنجامدا لە یەک وشە چەندین واتا بەدەست بهێنێت.)(عصمتی و صدری، ١٣٩٨: ٣٠) نەک هەر ئەوە بەڵکوو شاعیر (زیاتر ئازادتر دەبێت کاتێک پەنا دەباتەبەر ئەو وێنە شیعریانەی، کە ڕەگەزەکانی لە خواستن و خوازەوە وەردەگرێت.)(الطائي، ٢٠٠٥: ١٤٥)

زمانی سالم لە ئاستێکی بەرزی هونەریدابووە و شارەزاییەکی زۆر باشی لە هونەری خواستندا هەبووە، توانییویەتی زۆر لێهاتوانە لە ئاستێکی باڵادا وێنەی هونەریی خواستنی نایاب و داهێنراوی پێ بخوڵقێنێت، کە ئێمە لێرەدا هەندێک لەو وێنانە بە شیکردنەوەی وردەوە دەخەینە بەرچاو. لە دێڕێکدا دەڵێت:

**دەبینێ هەر نەظەر "سالم" لە ڕووتا**

**هیلال و ئافتاب و لەیلی دەیجوور (سالم، ٢٠١٥: ٣١١)**

سالم لە نیوە دێڕی دووەمدا سێ وشەی بۆ دوور لە واتا بنچینەییەکانی خۆیان بەکارهێناوە، کە ئەوانیش (هیلال، ئافتاب، لەیلی دەیجور)ن، کە یەکەمی بۆ (برۆ) و دووەمیش بۆ (ڕووخسار) و سێیەمیش بۆ(زوڵفی ڕەشی یار) خواستووە، ئەوەش لە دێڕەکەدا وایکردووە ئەو وشانە واتای خوازراو وەربگرن بوونی وشەی (لە ڕووتا)یە. شاعیر ڕووی دەمی لە یار دەکات و دەڵێت: هەر جارێ کە سەیرت دەکەم لە ڕووتا، برۆی وەکوو هیلال و ڕووخساری وەکوو خۆر و پرچی ڕەشی وەکوو شەوی تار دەبینم، بەم شیوازە بەڵام بۆخواستراوەکان نەهاتوون و

لێخواستراوەکان هاتوون، لەمەشدا لە خولْقاندنی وێنە هونەرییەکەدا سوودی لە خواستنی ئاشکرا وەرگرتووە، چونکە بەئاشکرا وشەی بۆ (بۆخواستراوەکان) خواستووە.

وەک لە هێڵکارییەکەی خوارەوەدا زیاتر ڕوون دەبێتەوە.




لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**کەی، لەبەر طوڕڕە، دەگا دەستی خەیاڵم بە ڕوخت؟**

**تۆ نەبی کێیە بکا دەستەیی سونبول بە قەڵا** (سالم، ٢٠١٥: ١٢)

شاعیر لەڕێگەی بەکارهێنانی (دەستی خەیاڵ)ەوە، سوودی لە خواستنی شاراوە وەرگرتووە و وێنەیەکی هونەری لێپێکهێناوە، بەشێکی وێنەکە ڕێگریکردنی زولفی یارە لەوەی شاعیر بە ڕووخساری یار بگات. وێنەیەکی تاڕادەیەک دووبارەیە و لە ئەدەبیاتی فارسی و کوردیدا بوونی زۆرە، بەڵام سالم توانیویەتی بە شێوازێکی نوێ وێنەکە بەکاربهێنێت، ئەویش ئەوەیە نەک شاعیر خۆی ناتوانێت بەهۆی پاسەوانی زولفەوە بە ڕووخساری یار بگات، بەڵکوو دەستی خەیاڵیشی بەو ڕووخسارە ناگات، بەمەش خەیاڵی بە شێوەیەکی شاراوە بە مرۆڤ چواندووە، چونکە ئەندامێکی لەشی مرۆڤ، کە (دەست)ە، پێیداوە، هەر بۆیە (خەیاڵ) بۆخواستراوە و (مرۆڤ) لێخواستراوە و

دەرنەکەوتووە، بەڵکوو پەیوەستێکی لێوەرگیراوە. بەم شێوازە بەهۆی خواستنی شاراوەوە وێنەیەکی هونەری خواستنی جوانی خوڵقاندووە.

لە هێڵکارییەکەی خوارەوەدا زیاتر ڕوونی دەکەینەوە.




سالم لە وێنەیەکی تردا دەڵێت:

**جوستەنی تیری ڕەوانت بە نەفەس طوولی نەما**

**وەک کەمان قامەتی پیری کە بە خەم هات و گوزەشت (سالم،٢٠١٥: ١٩٣)**

لە نیوە دێڕی یەکەمدا باڵای ڕێک و ڕاستی چواندووە بە (تیری ڕەوان)، بەڵام باڵای ڕێک نەهاتووە و تەنها (تیری ڕەوان) هاتووە، کە ئەویشی لە ڕێگای درکە لە سیفەتەوە وەرگرتووە، مادام بۆخواستراو نەهاتووە و لێ خواستراو هاتووە، کەواتە خواستنی ئاشکرای ڕێکە، چونکە بە ئاشکرا (تیری ڕەوان)ی بۆ باڵای ڕێک خواستووە، لە نیوەدێڕی دووەمیشدا (قامەتی پیری) باڵای کاتی پیری چواندووە بە (کەمان)، چونکە کەمان چەماوەتەوە، بەهۆی لێکچواندنی قولەوە، کە تەنها لێچوو و لەوچوو ئامراز هاتوون، وێنەی دووەمی دروستکردووە. هونەرمەندی و باڵادەستی شاعیر و شارەزای لە هونەرە ڕوونبێژییەکان لە درووستکردنی وێنەی هونەریدا بە تەواوەتی ڕوون و ئاشکرایە، چونکە لەیەک دێڕدا توانیویەتی سوود لە لێکچواندن و خواستن و درکەش وەربگرێ و وێنەیەکی هونەری خواستنی داهێنراوی پێبخولقێنێت. لە وێنەیەکی تردا دەڵێت:

**لەبی تیشنەی کوهەنزەخمم بە خوێنی تازە کەی تەڕ بێ**

**حەیا بۆ ماهی مەستوورم کە دەستووری نەظەر نادا (سالم، ٢٠١٥: ٤)**

لەم دێڕەدا شاعیر چەند وێنەیەکی درووست کردووە، لێوی تینووی کۆنە زاماری شاعیر چاوەڕێی خوێنی تازەی لێوی یار دەکات، تاکوو هەم تینویەتی بشکێنێ و هەمیش ببێتە مەرهەمی تیمارکردنی، ئەمەشی لەڕێگەی پرسیارێکەوە کردووە، کە لەڕاستیدا شاعیر خۆی چاوەڕێی وەڵامێک نییە، چونکە لە نیوەدێڕی دووەمدا وەڵامەکە ئاشکرا دەکات، کاتێک دەڵێت: یاری وەک مانگم لەبەر شەرم خۆی داپۆشیوە و تەنانەت ڕێگەی سەیرکردنێکیش نادات. لە نیوەی دووەمدا شاعیر (یار)ی بە (مانگ) چواندووە، (یار)، کە بۆخواستراوە نەهاتووە و (مانگ)یش، کە لێ خواستراوە هاتووە، بەم شێوەیە (مانگ)ی بۆ یار خواستووە، ئەوەشی وایکردووە مانگ واتا بنچینەییەکەی خۆی نەگەیەنێت، حەیاکردن و دەستووردان و خۆداپۆشینە، بەم شێوەیە شاعیر بە یارمەتی خواستنی ئاشکرای ڕێک، وێنەیەکی هونەری جوانی خوڵقاندووە. هەروەک لە هێڵکارییەکەی خوارەوەشدا دەتوانین ببینین.




لە وێنەیەکی تردا دەڵێت:

**حیجابت با بە ناری ئارەزوو، "سالم" نەسووتێنێ**

**لە چاکی جامە بۆ دەفعی تەبی، سا دەرخە لیموویێ** (سالم، ٢٠١٥: ١٠٣٣)

لە نیوەدێڕی دووەمدا شاعیر وشەی (لیمۆ)ی بەکارهێناوە، بەڵام بۆ واتا بنچینەییەکەی نا، کە جۆرێکی میوەی ترشە. بەڵکوو بۆ واتایەکی خوازراو بەکارهاتووە، چونکە لە نیوەدێڕی دووەمدا دەڵێت: لە دامێنی کراسەکەت بۆ نەهێشتنی تای شاعیر لیمۆکەت دەربخە. ئەمەش وا دەکات، کە وشەی (لیمۆ) خوازراوبێت بۆ (مەمکی یار). واتە مەمکی یاری چواندووە بە لیمۆ، مەمک نەهاتووە و لیمۆ هاتووە، کەواتە بۆخواستراو نەهاتووە و لێ خواستراو هاتووە، کەواتە خواستنی ئاشکرای ڕێکە، چونکە بە ئاشکرا وشەیەکی خواستووە و وێنەیەکی هونەریی جوانی لێدروستکردووە، کە دەڵێ: ئاگری ئارەزووی بینینی تۆ ئەی یار، تووشی تایەکی زۆری کردووم، لە دامێنی

کراسەکەتەوە مەمکی وەکوو لیمۆتم نیشانبدە، با تایەکەم دابەزێت و نەسووتێم. جێگای باسە ئەوە ڕاستی تێدایە، چونکە دەرکەوتووە، کە لیمۆ توانای دابەزاندنی پلەی گەرمی لەشی هەیە. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ٨، د: ٨)، (ل: ١٧، د: ٣)، (ل: ٢٤، د: ٨)، (ل: ٤٣، د: ١)، (ل: ٤٥، د: ١١)، (ل: ٧٨، د: ٦)، (ل: ١٠٢، د: ٧)، (ل: ١١٤، ٦)، (ل: ١٩٥، د: ١)، (ل: ٢٠٦، د: ٥)، (ل: ٢٢٧، د: ٩)، (ل: ٢٤٢، د: ٤)، (ل: ٣٦٨، د: ٨)، (ل: ٦٠٩، د: ٥)، (ل: ٦٨٩، د: ٥)، (ل: ٨١٩، د: ٤)، (ل: ٨٦٤، د: ٥)، (ل: ٨٨٧، د: ٩).

## ٢/ ٥-٣. وێنەی درکەیی

لەدوای هەردوو هونەری چواندن و خواستن، درکە جۆرێکی گرنگ و دیاری تری هونەرە ڕوونبێژییەکانە، کە بە شێوەیەکی بەرچاو هەم لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا سوودی لێوەردەگیرێت و هەم شاعیرانیش لە بنیاتی وێنەی هونەریدا کەڵکی لێدەبینن. تەنانەت (ئەو درکانەی لە ئەدەبدا بەکاردەهێنرێن لە زمانی خەڵکەوە وەرگیراون و ئەوانەی ئەم دیاردەی درکەیەیان هێنا خەڵکی بوون نەک قسەزانەکان.)(مبارک و حیدری، ١٣٨٩: ١٠٤) درکە لە ئاخاوتندا بەدیدێت، کاتێک (شاردنەوەی ئاشکرایەتییە لە دەربڕیندا، چونکە لەبری ئەوەی قسەکەر ئەندێشەی خۆی بە شێوەیەکی ئاشکرا و بە یەکجار لە قسەکانیدا بگونجێنێت و بە ڕوونی دەری ببڕێتەوە، دێت لە درکەدا حەشاری دەدات و بە شێوەیەکی نادیار و پۆشراو لە قسەکانیدا دەیهێنێتەوە.)(العزاوي، ٢٠١٠: ٣٣٠) واتە لە درکەدا قسەکەر ڕاستەوخۆ مەبەستی دەربڕینەکانی نادات بەدەستەوە و پۆشیویەتی. بەو مانایەی (درکە، ئەوەیە، شتێک بڵێیت و مەبەستت شتێکی تر بێت،)(قاسم و دیب، ٢٠٠٨: ٢٤١) یان (قسە لە شتێک بکەیت و شتێکی تر بگەیەنیت.)(الكناني، ٢٠٠٩: ١٩٢) واتە (لە زماندا بە مانای پۆشینی دەربڕین دێت، لە زاراوەی ڕوونبێژی و ڕەوانبێژیدا، درکە ڕێکخستنێکە، یان ڕستەیەکە، کە مەبەستی قسەکەر مانا دیارەکە نەبێت.)(سلاجقە، ١٣٩٣: ١٩) بەو مانایەی درکە ڕێکخستن و دەربڕینێکە، کە مەبەستی قسەکەر واتای ڕووکەشی ڕستەکە نییە، چونکە (لە درکەدا هەرگیز واتای دروستی وشە و دەربڕینەکان مەبەست نین.)(مستەفا، ٢٠١١: ٢٠٤) بەڵکوو واتای دووەمیش لە ئارادایە. ئەمەش وای کردووە دەربڕینی درکەیی لە ئاستێکی هونەریی بەرزدا بێت، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین: هونەری درکە، (هونەرێکی واتایی قووڵە و لە ئاستێکدایە لێکدانەوەی ئەم هونەرە پێویستی بە پاشخانێکی کولتووری و زمانی گرنگ هەیە)(حسێن، ٢٠١٤: ١٦٥) تاکوو بتوانرێت واتا مەبەستدارەکەی دیوی پشتەوەی دەربڕاوەکە ئاشکرا بکرێت. (درکە، بە یەکێک لە

ئامرازەکانی درووستکردنی وێنەی هونەری لە شیعردا هەژمار دەکرێت، چونکە هەڵگری واتاگەلێکی جوانکاری و ئاماژەگەلێکی شاراوەیە و لە دوورەوە بێئەوەی ئاشکرای بکات واتا دەردەخات و ئاماژەی بۆ دەکات، شاعیر پەنای بۆ دەبات کاتێک شێوازەکانی تر لەمەڕ هەڵوێستێک لە هەڵوێستەکانی ژیان توانای دەربڕینی هەستەکانی ئەویان نییە.)(الجهني، ١٤٢٥: ٣٨٦) هەربۆیە درکە، (لێهاتوویی شاعیر دەگەیەنێ لە داڕشتنی ماناکانیدا، بە شێوازێکی بەرز و زۆر کورت، کە جۆرە جوانییەک پێشکەشدەکات، کە بەبێ ئەو ناتوانرێت، دەربخرێت.)(حسن، ٢٠١٢: ١٠٩) بەڵام تێگەشتن لە (وێنەی درکەیی، پشت بە درککردنێکی قووڵی سیاقی قەسیدەکە یاخود دەقەکە بەگشتی دەبەستێت، هەروەها پەیوەندی ڕاستەوخۆی نیوان واتاکان ڕوون دەکاتەوە، لێرەوە پەیوەندی زمان بە ڕۆشنبیرییەوە دەردەکەوێت، کە بەهاکانی بیر و کۆمەڵایەتی و ڕەفتار لەخۆ دەگرێت، ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر لە هزر و هەڵچوونی خاوەن دەقە هاوچەرخەکاندا ئاسانە.)(الداية، ١٩٩٦: ١٤٣)

یەکێک لەو ئامرازانەی کە قسەکەر یان نووسەر لەڕێگەیەوە دەتوانێت، نەخشی خەیاڵ ئامێزی لەژێر کاریگەری خۆیدا بە جوانی بگەیەنێت، درکەیە. (شەمسی قەیس) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((درکە ئەوەیە، کە چۆن قسەکەر بییەوێت مانایەک لە ماناکان بگەیەنێت، بێت مانایەکی تر، کە شوینکەوتەی مانای یەکەم بێت، بهێنێت و لەمەوە ئاماژەی پێبکات، ئەم هونەرە لە کۆمەڵێک ڕستەی زمانی نزیک لە تایبەت و گشتیی باودا بەکاردەهێنرێت.))(محمدی و بانیانی، ١٣٩٥: ٢٨٦) بۆیە قسەکەر پێویستە شارەزاییەکی باشی لە بابەتی کولتووری و ڕۆشنبیری و زماندا هەبێت، چونکە نەک لە ناو نەتەوە جیاوازەکاندا بەڵکوو لە ناو یەک نەتەوەشدا ئەو دەستەواژە و ڕستە باوانەی لە دەربڕینی درکەییدا بەکاردەهێنرێن، جیاوازن و هەندێک جاریش گۆڕانیان بەسەردادێت.

(هومایی) لە ناساندنی درکەدا دەڵێت: ((درکە، لەزماندا بە مانای پۆشینی قسەکردن دیت. لە زاراوەشدا قسەیەک کە دوو واتای دوور و نزیکی هەبێت و ئەو دوو مانایە پێکەوە پەیوەست و یەکانگیربن، قسەکەر ئەو ڕستەیە بە شێوەیەک ڕێک دەخات، کە وا کار لە ئاوەزی گوێگر بکات لە مانای نزیکەوە بییات بۆ مانای دوور.))(معمارزادە و بیرانوندن، ١٣٩٥: ٨٦) واتە لەڕوانگەی گوێگرەوە، درکە هەروەک (ابو عبيدة معمر بن مثنى) دەڵێت: ((ئەوەیە کە لە ڕەوتی قسەکەدا شتێ تێبگەی بێئەوەی ئەو شتە بە ئاشکرا لە قسەکەدا هاتبێ.))(عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٠: ١١٧) بەو مانایەی لە درکەدا واتای ئاشکرا، کە واتا نزیکەکەیە واتایەکی دوور و شاراوەی هەڵگرتووە، کە شاعیر مەبەستێتی. ئەمەش بەبێ ئەوەی هیچ وشەیەک، یان ئاماژەیەک هەبێت وا بکات واتا دوورەکە مەبەست بێت، لەم بارەیەوە (د.عەزیز گەردی) دەڵێت: ((درکە، ئەوەیە وشەیەک یان کۆمەڵە وشەیەک بهێنیت، کە واتایەکی دروستی خۆی هەبێت، هەر لەوکاتەدا لە ڕستەکەدا مانایەکی تر

بدات به دەستەوە و مەبەست لەم مانایەی بەم دواییە بێت، دیسان ئەشێ واتا دروست و نەژادییەکەت مەبەست بێ، چونکە هیچ نیشانەیەک نییە بەرهەڵەستی ئەوە بکات، کە مانا نەژادییەکەت مەبەست بێت.))(گەردی، ١٩٧٢: ٨٨) ئەمەش خاڵێکی گرنگە بۆ جیاکردنەوەی خوازە و درکە لە یەکتری، هەروەک ( عەلادین سەجادی) دەڵێت: ((ئەگەر لە ڕستەکەدا نیشانە هەبوو بۆ ئەوە گوزارە ڕەسەنییەکە مەبەست نەبێ، ئەوە ئەو وشەیە ئەبێ بە خوازە، ئەگەر ئەو نیشانەیە نەبوو، واتە شتێک لە ئارادا نەبوو، کە وشەکە ببڕێ بەسەر گوزارە ڕەسەنییەکەدا و بیچەسپێنێ بەوەوە، ئەوە ئەبێ بە درکە.))(سەجادی، ٢٠١٩: ٦٠) لەلای ڕەوانبێژان بیروڕای جیاواز هەیە لەبارەی ئەوەی، کە ئایە درکە سەر بەخوازەیە یان نا؟ لەم بارەیەوە (هەندێکیان پێیان وایە، کە ناچێتە خانەی خوازەوە، لەبەرئەوەی دەکرێ بە واتای ڕاستەقینەش لێکبدرێتەوە، بەڵام هەندێکیان پێیان وایە لە ناو جەرگەی کردەی خوازەدایە، چونکە لە بنەڕەتەوە مەبەست لە درکە واتا خوازراوەکەیە.)(مستەفا، ٢٠٠٩: ١٢١)

سالم زۆر جوان توانیویەتی هونەری درکە لە گەیاندنی بیروڕاکانیدا بەکار بهێنێت و وێنەی هونەریی داهێنراو و نایابی پێبخوڵقێنێت. لە دێڕێکدا دەڵێت:

**ئاخری دێ هەردولا، دەوڵەت و بێ دەوڵەتی**
**پەیکی فەنا طەی دەکا، هەرچی فەراز و نەشیب** **(سالم، ٢٠١٥: ١٦٠)**

لە نیوە دێڕی دووەمدا، شاعیر (پەیکی فەنا)ی بەکارهیناوە، کە واتا نزیکەکەی (نامەبەری مردن)ە، بەڵام جگە لەوە واتایەکی دووریشی هەیە، کە ئەویش مانای درکەییە و (ئیزرائیل)ی فریشتەی گیان کێشانە. ڕاستە لە دێڕەکەدا هیچ ڕێگرییەک نییە، کە مانای (نامەبەری مەرگ)یش بگەیەنێت، بەڵام بێگومان واتا دوورەکە گونجاوترە، چونکە ئەوە (ئیزرائیل)ە، کە هەژار و دەوڵەمەند نازانێت و هەموو جێگاکان دەگەڕێت و گیانی هەمووی دەکێشێت، بەو شێوەیە بەهۆی سوود وەرگرتن لە درکە لە خودەوە وێنەیەکی درکەیی خوڵقاندووە، کە تێیدا دەڵێت: ئاخرییەکەی دەوڵەمەندی و هەژاریی کۆتایی دێت و فریشتەی گیان کێشان (ئیزرائیل)، کە هەژاری و دەوڵەمەندی نازانێت و هەموو جێگاکان دەگەڕێ و گیانی هەمووی دەکێشێت.

لە وێنەیەکی تردا سالم دەڵێت:

**ئاسمان "سالم" لەگەڵ یەک خەندە، صەد شیوەن دەدا**
**دڵ نەصیحەت کە: بڵا قەد مەیلی مەغرووری نەکا** **(سالم، ٢٠١٥: ١١٠)**

لێرەدا وشەی (ئاسمان) بۆ واتای درووستی خۆی بەکارنەهێنراوە، بەڵکوو مانایەکی درکەیی هەیە، کە مەبەست لێی (فەلەک) یان (خودا)یە، هەر چەندە لە قوڵایی واتای فەلەکدا دەسەڵات و باڵادەستی خوداوەند بوونی هەیە، چونکە تەنها ئەو دەتوانێت لەگەڵ یەک دڵخۆشی سەد بەڵا و ناخۆشی بدات، هەر بۆیە سالم ئامۆژگاریمان دەکات، کە لە ساتە خۆشەکانی ژیانمان لەخۆبایی و مەغروور نەبین، چونکە لە هەمان ئەو کاتەدا خودا دەتوانێ سەد بەڵامان بەسەردا بێنێت. بەو شێوەیە شاعیر بە سوود وەرگرتن لە درکە لە خود وێنەیەکی هونەری جوانی دروستکردووە.

یان دەڵێت:

**ئەی ڕەفیق کۆزیلکەیە، بێن، وەک حەصار دەورم بدەن**
**بێ جڵەو سوارم، وەرن سەیرکەن لە بارگیری قەضا** **(سالم، ٢٠١٥: ٢٩)**

شاعیر لە نیوەی دووەمدا وشەی (بارگیر) ی هێناوە، کە دوو واتای هەیە، واتا دیار و ڕووکەشییەکەی هەر شتێکە، کە باری لێ باربکرێت، بەڵام واتایەکی دووریشی هەیە، کە مانا درکەییەکەیەتی و (هێستر)ەو مەبەست لەمە، بەم شێوەیە بە سوود وەرگرتن لە هونەری درکە و لە جۆری (درکە لە خود) وێنەیەکی هونەری جوانی دروستکردووە، کە تێیدا داوا لە هاوڕێکانی دەکات بێن دەوری لێ بدەن تاکوو بۆیان باسبکات، کە چۆن بەبێ جڵەو سواری (هێسترە بەڵا) بووە؟ چی لێ بەسەر هاتووە؟ لە وێنەیەکی تردا دەڵێت:

**مولووکی تەنگ دەستە، من نەبم، دڵبەر لەگەڵ ئەغیار**
**بەبێ ڕەنگی طەلاکارم ڕەواجی شەهرەوا دێنێ** **(سالم، ٢٠١٥: ١٠١٨)**

لە نیوەی یەکەمدا شاعیر (تەنگ دەست)ی بەکارهێناوە، گەرچی مانایەکی ئاشکرای نزیکی هەیە، بەڵام شاعیر بۆ واتایەکی درکەیی بەکاری هێناوە، کە مەبەست لێی هەژاری و نەدارییە. واتە شاعیر لێرەدا بە سوودوەرگرتن لە (درکە لەسیفەت) وێنەیەکی هونەری زۆر جوانی نەخشاندووە، کە تێیدا دەڵێت: یار لەگەڵ ناحەزان و بێگانەکان ئەگەر من نەبم وەکوو پادشایەکی هەژار وایە و هیچ دەسەڵاتێکی نییە، کەچی بەبێ ڕەنگە زەرد و ئاڵتوونییەکەم خەریکە وەک سکەی قەڵپی ڕەواجپێدراوی شا، ڕەواج بەخۆی دەدات. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ١٧، د: ٤)، (ل: ٦٠، د: ٢)، (ل: ١٣٩، د: ١)، (ل: ١٦٥، د: ١)، (ل: ٢٣١، د: ٩)، (ل: ٥١٩، د: ١)، (ل: ٨٢٠، د: ٥)، (ل: ٨٤٤، د: ٩)، (ل: ١٠٢٤، د: ٦).

## ٣/ (بەشی سێیەم) سەرچاوەی وێنەی هونەری لە شیعری (سالم) دا

وێنەی هونەری کۆڵەکەیەکی سەرەکی بنیاتی دەقی شیعرییە، بەڕادەیەک لە هیچ سەردەمێکدا شیعر نەیتوانییوە دەستبەرداری ببێت، بەڵکوو بووە بە ڕەگەزێکی گرنگی هونەری وەها، کە شیعر بەهۆی ئەوەوە توانیویەتی بەردەوام بێت و زیاتر سەرنجڕاکێش بووە و باشتریش کاریگەری لەسەر هەست و سۆز و دەروونی وەرگر داناوە. شاعیر تاکێکی کۆمەڵایەتییە، وەکوو هەر تاکێکی تر لەناو کۆمەڵگادا دەژێت و لەژێر کارتێکردنی دەوروبەرەکەی لە ژینگە و ئاووهەوا و کولتور و فەرهەنگ و ڕۆشنبیری و مێژوو و ئاین بەدەرنابێت. هەموو ئەوانە بە ئەندازەی جیاواز کاریگەری لە یادگە و هەست و نەست و خەیاڵی شاعیردا دادەنێن و لە ساتێک لە ساتەکاندا بە یارمەتی ئەندێشەی داهێنەرانەی شاعیر دەبن بە سەرچاوە و هەوێنی خوڵقاندنی وێنەی هونەری. هەموو ئەو سەرچاوانە، دواجار لە دەروونی شاعیردا بە ڕایەڵەی بەهێز پەیوەستن پێکەوە، بۆیە مەرج نییە تەنها یەک سەرچاوە ڕۆڵی هەبووبێت و بووبێت بە هەوێنی وێنەکە، بەڵکوو دەکرێ یەک یان دوو یان زیاتر لەو سەرچاوانە ڕۆڵی لەپێشینەیان هەبووبێت لە خوڵقاندنی وێنەکەدا، دەنا سەرچاوەی تریش بەشێوەی ناڕاستەوخۆ بەشدارییان کردووە.

ئەزموونی گشتی ژیانی شاعیر بە تایبەتمەندییە خودی و بابەتییەکانییەوە، دەبن بە سەرچاوە بۆ خوڵقاندنی وێنەی هونەری. شاعیر هەروا لەخۆوە و هەڕەمەکی دەست بۆ هەڵبژاردنی چاوگی وێنە هونەرییەکانی نابات، ئەمە جگە لەوەی هەندێکجار ڕاستەوخۆ لەو سەرچاوانە دەکات بە هەوێنی پێکهێنانی وێنە هونەرییەکانی و هەندێکجاری تریش ڕەمزیان لێوەردەگرێت و لە بنیاتی وێنەکانیدا بەکاریان دەهێنێت. ئەو هۆکارانەش وادەکەن دیاریکردنی سەرچاوەی وێنەی هونەری لەلای توێژەر کارێکی هێندە ئاسان نەبێت، بەڵکوو پێویستە بە وریایی و وردییەوە دەست ببرێت بۆ دەستنیشانکردنیان. ئەزموونی خودی و بابەتی زۆر و دنیابینیی و ڕۆشنبیریی بەرفرانی شاعیر، دەرگای سەرچاوەیەکی زیاتر بەڕووی ئەندێشەی شاعیردا دەکاتەوە، تا لەوێوە سوودیان لێوەربگرێت و لە خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکانیدا بەکاریان بهێنێت. بێگومان تەنها زۆری سەرچاوەی وێنە بۆ شاعیر بەس نییە، بەڵکوو سەلیقەی شاعیر لە گونجاندنی ئەو چاوگانەدایە لەگەڵ هەست و سۆز و بیری ئەودا و سەرەنجام دروستکردنی وێنەی هونەری داهێنراو. (سالمی ساحێبقڕان) وەکوو شاعیرانی تری قوتابخانەی شیعری بابان، بەهۆی سەلیقەی جوان و بیری ورد و ئەزموونێکی دەوڵەمەندەوە، گەلێک لایەنی جۆراوجۆری ژیان، سەرنجی ڕاکێشاوە و بووەتە هەوێن و سەرچاوەی خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکانی، ئەوانەش دابەش دەبێتە سەر دوو جۆردا، کە (سەرچاوەی خودی، سەرچاوەی بابەتی)ن.

### ٣/ ١. سەرچاوەی خودی

سەرچاوەی خودی بەشێکی گرنگە لەو سەرچاوانەی، کە دەبنە هەوێنی خولّقاندنی وێنەی هونەری. ئەوەش بێگومان بەشێکی زۆری لە ئەزمونی تایبەتی شاعیرەوەیە و بەشێکی تریشی لە ئەوانی ترەوەیە، دواجار بە ئاوێتەبوونی لەگەڵ هەست و سۆز و ئەندێشە و بیری شاعیردا بەشێوەیەک پەیوەندی نوێ و درک نەکراو دەدۆزێتەوە و لە هەڵچوونێکی دیاریکراودا لە دەروونی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێت و دەبێتە هۆی لەدایکبوونی وێنەیەکی هونەری وا، کە لە وێنەی شاعیرانی تر ناچێت و مۆرکی تایبەتی و خودی شاعیرەکەی پێوەیە. ئەمەش بەو مانایەی سەرچاوەی خودی (تێڕوانینی تایبەتی شاعیرە بۆ ئەزموونەکان، لەبەر ئەوەشە گرنگی ئەرکی شاعیر بەوە دیاری دەکرێت، کە تا چ ڕادەیەک ئەزموونە دەرەکییەکان بۆ ئەزموونی ناوەکی (یان شیعری) وەردەگێڕێت.)(حسێن، ٢٠٠٥: ٨٣) شاعیر کاتێک دەتوانێت وێنەی خودی بەرهەم بهێنێت، کە خاوەنی شێوازێکی تایبەت بە خۆی لە تێڕوانین و بیرکردنەوە لەبارەی ژیان و گەردوونەوە بێت، یان بارە دەروونییە تایبەتەکانی خۆی لە قاڵبی وێنەی نەبینراودا بخاتە ڕوو. ئەوەش کاتێک دەبێت، کە شاعیر دوور بکەوێتەوە لەو وێنانەی پێشتر، چ لەلای خۆیەوە بێت، یان لەلای شاعیرانی ترەوە دروستکرابێت، خۆ ئەگەریش سوودی لەوانە وەرگرت هەوڵ بدات پەیوەندی نوێ و نەبینراو لەنێوان پێکهاتەکانی وێنەکەدا بدۆزێتەوە، چونکە گەر وانەکات ئەوە وێنەی دووبارەی وەها پێک دەهێنێت، کە توانای کاریگەری و وروژاندنی بەرانبەریان نابێت. سالم وەکوو هەر شاعیرێکی تر هەندێک جار وێنەی دووبارە لە بنیاتی دەقی شیعرەکانیدا دەبینرێت، بەڵام وەک (دیارە ئەم جۆرە وێنانە کەمترن و ئەوەی داهێنانی خۆیەتی گەلێ زیاترن.)(خەزنەدار، ٢٠١٠: ١٦٥) بەو مانایەی، کە (( سالمی ساحێبقڕان شارەزایانە داهێنانی لە ئەفراندنی هونەری شیعردا کردووە، کە خۆی لە خولّقاندنی وێنەی جوانی دڵڕفێن و چێژ و لەزەتبەخشیدا ئەبینێتەوە.)(خەیات، ٢٠١٢: ١٧) هەر بۆیە توانایەکی باشی هەبووە لە خولّقاندنی ئەو جۆرە وێنانەی، کە سەرچاوەکانیان بیری ورد و ئەندێشەی داهێنەرانەی خودی شاعیر خۆیەتی و لە لای هیچ شاعیرێک بەو شێوازە نابینرێت. لەم جۆرە وێنانە لە شیعری سالمدا زۆرە و ئێمە لێرەدا تەنها چەند نمونەنەیەک دەخەینەڕوو. لەم دێڕەی خوارەوەدا بە شێوازێک جوانی ڕووخسار و ئەگریجەی یاری کردووە بەسەرچاوەی وێنەیەکی هونەری داهێنراو و دەڵێت:

**لەسەر ڕوو لادە تاری طوڕڕەیی موشکینی تاتارت**

**حەبەش دەستی تەطاول ڕانەکێشێ، با بەسەر ڕووما** **(سالم، ٢٠١٥: ١٢٥)**

لەم دێڕەدا شاعیر ڕوو(ڕووخسار)ی یاری بە وڵاتی (ڕووما)، کە مەبەستی تورکانە و خەڵکەکەی سپین، چواندووە، طورڕە (ئەگریجە ی ڕەشی یار)یشی بە وڵاتی (حەبەشە) چواندووە،

کە خەڵکەکەی پێستیان ڕەشە. شاعیر بەیارمەتی لێکچواندنی وێنەیی، وێنەیەکی هونەری داهێنراوی دروستکردووە، کە داوا لە یارەکەی دەکات، نەهێڵێت تاڵ تاڵی ئەگریجەی، کە وەکوو خەڵکی حەبەشە ڕەشە و وەکوو موشکی وڵاتی تاتار بۆنخۆشە، بێتە سەر ڕووخساری تورکئاسای و داگیری بکات. ئەمەش وێنەیەکی داهێنراوە و سەرچاوەکەی بیری ورد و ئەندێشەی خودی شاعیر خۆیەتی. لە دێڕێکی تردا بیری ورد و چڕی خودی شاعیر بووەتە سەرچاوەی وێنەیەکی لێکدراوی داهێنراوی نوێ و دەڵێت:

**زەورەقە دڵ، دیدەیە دەریا و مەردوم ناخودا**
**جۆشی خاطر وەک شەپۆل و غەم نەهەنگ، لەنگەر جەفا** **(سالم، ٢٠١٥: ١٩)**

دیمەنی گشتی وێنەکە، کە خۆی لە پێنج وێنەی تاکدا دەبینێتەوە، پیشاندانی تابلۆی گەشتی کەشتییەکە بە دەریادا. لێرەدا شاعیر سوودی لە لێکچواندنی بڵاو وەرگرتووە و (دڵ)ی بە (زەورەق) کەشتی، (دیدە)ی بە (دەریا)، (مەردووم) گلێنەی چاوی بە (ناخودا) کەشتییەوان، (جۆشی خاطر) جۆشی دڵی بە (شەپۆل)، (غەم)ی بە (نەهەنگ)، (جەفا)ی بە (لەنگەر)، چواندووە. دڵی شاعیر لە دەریای چاوەکانیدایە و گلێنەشی کەشتییەوانەکەیە و دڵەڕاوکێکانیشی وەکوو شەپۆلە شێتەکانی دەریایە و غەم و خەفتیشی لێبووە بە نەهەنگ و جەور و جەفای ڕۆژگاریش وەکوو لەنگەر دامەنی دەگرێت. وێنەکە دۆزینەوە و نیشاندانی کۆمەڵێک پەیوەندی نوێیە لەنێوان پێکهێنەرەکاندا، کە دەربڕی بارەدەروونییە نائارامەکەی شاعیرە و سەرچاوەیەکی خودی هەیە و بەیارمەتی لێکچواندن خوڵقێنراوە. لە دێڕێکی تردا شاعیر دوو وێنەی تەواو دوور و پێچەوانە دەکات بە تەواوکەری یەکدی و لە هەناو و قووڵایی دڵتەنگییەوە دیمەنی گوڵ و گوڵزار دەنەخشێنێت و دەڵێت:

**بە یادی ماهی گوڵڕوخ ئەشکی خوێن وا دێ لە دیدەمدا**
**کەنارم هەر تەرەف، تێ دەفکرم، وەک عەینی گوڵزارە** **(سالم، ٢٠١٥: ٧٥٤)**

شاعیر لە یادکردنەوەی مانگەکەی، وەک ڕوونە مەبەستی لە یارەکەیەتی، کە ڕوخساری وەکوو گوڵ وایە، فرمێسکی خوێنین لە چاوەکانی دەچۆڕێت، ئەمەش وەها دێتە پێشچاوی شاعیر ئەو فرمێسکە ئاڵانە، کە دەڕژێنە لاتەنیشتەکانی وەکوو کانییەک دەردەکەون، کە گوڵ و گوڵزاریان پێکهێنابێت، ئەم جۆرە وێنەیە، کە لە ئەنجامی فرمێسکڕشتنی شاعیر گوڵ و گوڵزار دروستبووبێت، وێنەی نوێیە و سەرچاوەکەی خودییە و تایبەتە بە شاعیر، کە ئەوەش بێگومان خەیاڵ و بیر وردی شاعیرە بووەتە هۆی نەخشاندنی. لە خولقاندنی وێنەکەدا لە بەکارهێنانی (ماهـ)دا خواستنی ئاشکرا و لە (گوڵڕوخ)یشدا لێکچواندنی ڕەوانی بەکارهێناوە. لە وێنەیەکی تردا سالم وەکوو قوتابخانەیەک

لە عیشق دەڕوانێت، خۆشی بە خوێندکارێکی ئەو قوتابخانەیە دەزانێت و تا ئاستی گیانفیدایش ئامادەی قوربانیدانی بۆ دڵبەر تێدایە، ئەوەتا دەڵێت:

**نەنووسراوە لە مەکتەبخانەیی عیشقا حورووفی " نا "**
**لە جوابت هەر "بەڵێ" بۆ "سالم"ە، گەر ئەمری مردن بێ (سالم، ٢٠١٥: ٩٨٠)**

لە دەربڕینی (مەکتەبخانەی عیشق)دا سوود لە لێکچواندنی ڕوان وەرگیراوە و عیشق بە قوتابخانەیەک چوێنراوە، کە لەناو پیتەکانیدا (نا) بوونی نییە، سالم خوێندکارێکی دڵسۆزی ئەو قوتابخانەیەیە و ئەگەر فەرمانی دڵبەر مەرگی ئەم بێت، ئەوە ئەم هەر بەڵێی لەسەرە. دروستکردنی وێنە هونەرییەکە و بەتایبەتی (مەکتەبخانەی عیشق) بەتەواوی لە داهێنانی شاعیر خۆیەتی و سەرچاوەیەکی خودی هەیە و پێشتر لەم جۆرە وێنەیە نەبینراوە.

لە دیوانی سالمدا زۆر وێنەی داهێنراوی هونەری وا دەبینرێت، کە ماڵ و موقیمی دڵی شاعیر پێچی ئەگریجەی یارە، بەڵام لەم دیڕەدا وێنەیەکی جیاواز لەوانەمان بەرچاو دەکەوێت، کە دڵ لە ئانوساتی ڕۆشتندایە و وەکوو موسافیرێک بۆ ماڵی خۆی، کە (زوڵف و ئەگریجەی چین چین)ـە، دەڕوات، بەڵام لە ڕێگادا هەوای ماچی لێوی یار سەر لە دڵ دەشێوێنێت و ئاراستەی لە چینی زوڵفەوە بۆ ماچی لێوەکان دەگۆڕێت. ئەوەتا دەڵێت:

**هەوای ماچی لەبت ڕێی بەندەری زوڵفی بە دڵ ون کرد**
**موسافیر بۆ سیاحەت سوویی (چین) چوو، تووشی (ماچین) هات (سالم، ٢٠١٥: ١٦٥)**

لێرەدا چواندنی زوڵف بە بەندەری ئارامگرتنی دڵ، وێنەیەکە، کە پێشتر بە شێوازی تر بوونی هەبووە، لێرەدا پەیوەندی نوێ لەنێوان پێکهاتەکانی وێنەکەدا خراوەتەڕوو، گەرچی دڵ وەکوو موسافرێک بۆ گەشتکردن بەرەو زوڵفی چین چین ڕۆشت، بەڵام لە ڕێگادا (ماچین) شوێنی ماچکردن، (مەبەست لێوی یارە) پێ باشتربووە و لەوێ لایداوە. دێڕەکە دەتوانێت ئەو واتایەشمان بداتێ، کە دڵی شاعیر ماچی لێوی یار نادات بە وڵاتی چین. دەکرێ لەسەر بنەمای لێکچواندنی وێنەی، دێڕەکە شی بکەینەوە، کە لەنیوەی یەکەمدا: ئارەزووی دڵی شاعیر زیاتر ڕووی لە ماچکردنی لێوی یارە تاکوو بەندبوونی لە چینی زوڵفی یاردا، ئەمەی بە وێنەی نیوە دێڕی دووەم چواندووە، کە موسافیر بۆ گەشت بەرەو چین ڕۆشتووە و ڕێی لە ماچین (چینی گەورە) کەوتووە. لە هەردوو بارەکەدا وێنەی داهێنراوە و سەرچاوەکەی ئەندێشەی خودی شاعیر خۆیەتی. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەند وێنەیەکی تری هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ٣، د: ٢)، (ل: ١٤، د: ٢)، (ل: ٢٠، د: ٤)، (ل: ٣٥١، د: ١)، (ل: ٤٣٠، د: ٤)، (ل: ٤٦٨، د: ٢).

## ٣/ ٢. سەرچاوەی بابەتی

سەرچاوەی بابەتی، جگە لە سەرچاوەی خودی شاعیر، هەموو سەرچاوەکانی تر دەگریتەوە. واتا سەرچاوەی خۆماڵی و سەرچاوەی مرۆڤایەتی، کە هەر یەکەیان ژمارەیەکی زۆر جۆریان لێدەبێتەوە سەر بەم جۆرە سەرچاوەیەن. سەلیقە و هونەرمەندی شاعیر ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت، لەوەی کە بە چ شێوەیەک شاعیر دەست بۆ ئەم سەرچاوانە دەبات و وێنەی هونەرییان لێ پێکدێنێت و پەیامەکەی بە وەرگر دەگەیەنێت. شاعیر هیچ کام لەو سەرچاوانە کوتومت وەکوو خۆیان بەکارناهێنێت، بەڵکوو بەپێی شارەزایی و هونەرمەندییەکەی بەشێوەی نوێ لە وێنە هونەرییەکانیدا بەرجەستەیان دەکات. لەوەشدا مەرج نییە بۆ وێنەیەک تەنها یەک جۆر سەرچاوە بەکاربهێنێت، بەڵکوو دەکرێت چەند سەرچاوەیەک بکاتە هەوێنی خوڵقاندنی وێنەیەکی هونەری. ئەمەش وادەکات جیاکردنەوەی سەرچاوە بابەتییەکان بۆ توێژەر کارێکی ئاسان نەبێت و پێویستی بە وردی و ئاگادارییەکی زۆر هەبێت. (سالمی ساحێبقڕان) یەکێکە لە کەڵەشاعیرانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی کرمانجی خواروو، کە خاوەنی ڕۆشنبیری و دنیابینییەکی فراوانبووە، هەر ئەمەش وای لێکردووە، کە سەرچاوەی وێنە هونەرییەکانی هەمەڕەنگ بێت، چونکە هەر بەچاوخشانێک بە دیوانەکەیدا دەبینین (لە زۆربەی شیعرەکانیدا لە هەر بەیتێکدا چیرۆکێ، داستانێ، ڕووداوێکی مێژوویی، بابەتێکی فەلسەفی، بەند و باوێک، قسەیەکی نەستەق، ئایەتێک، حەدیسێک، بەیتێک لە شیعری شاعیرانی پێشوو .. وەستایانە لە چوارچێوەی بەیتەکەدا ساچاندووە)(قەرەداغی، ٢٠٠٩: ٥) و (لە وەسفی هەر بابەتێکی شیعردا ئێجگار ورد و بەسەلیقە و ئەندازیارانە وێنە شیعرییەکانی دروستکردووە.)(عوسمان، ٢٠٢١: ١٧) ئەمەش بێگومان نیشانەی دەوڵەمەندی سەرچاوە بابەتییەکانی وێنەی هونەرییە لای ئەم شاعیرە. بەگشتی سەرچاوە بابەتییەکان لە شیعری سالمدا دابەش دەبێت بۆ ئەمانەی لای خوارەوە:

### ٣/ ٢-١. سەرچاوەی خۆماڵی

#### ٣/ ٢-١-١. سەرچاوەی ئەدەبی پێشین

دیاردەی کاریگەری ئەدەبی پێشوو، تەنها شتێک نییە پەیوەندی بە ئەدەبی کوردییەوە هەبێت، بەڵکوو لە ئەدەبی جیهانیشدا شتێکی بەرچاوە. ئەوەتا (بێزرۆکۆڤ) دەڵێت: ((ئەدەبی کۆن دەبێتە بناغەیەک بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی ئەدەبی ئەورووپی نوێ، بەم پێیە خوێندنی ئەم سەردەمە گرنگە بۆ پێشکەوتنی وشیاریی هونەری ئەورووپیی لە سەردەمەکانی دواتردا، دانەرانی دێرین (هۆمیرۆس سەدەی ٩- ٨ پ.ز، ئەسخیلۆس٥٢٥ – ٤٥٦ پ.ز، سۆفۆکلیس٤٩٦ – ٤٠٦ پ.ز، یۆرپیدس٤٨٠ – ٤٠٦ پ.ز، ئەنکریۆنت ٥٥٩ – ٤٧٨ پ.ز، ساپۆ ٦٢٥ – ٥٦٩ پ.ز، پیندار ٥١٧ –

٤٣٧ پ.ز) شاكار دروستدەكەن و دەبنە بنەما و نمونە بۆ نەوەكانى داهاتوو.))( Безруков, 2016: 3) بێگومان بۆ ئەدەبی کوردیش بە هەمان شێوەیە.

هیچ شاعیرێک نییە کاریگەری شاعیرانی پێش خۆی لەسەر نەبووبێت، چونکە لە بنەڕەتدا بەهۆی خوێندنەوەی زۆری بەرهەمی شاعیرانی پێش خۆیەوە فەرهەنگی شیعری خۆی دەوڵەمەند کردووە و سەلیقەی خوڵقاندنی وێنەی هونەری پێش خستووە. سالمیش وەکوو هەر شاعیرێکی تر بێبەش نییە لە کارتێکردنی شاعیرانی پێش خۆی و توانیویەتی سوود لە شێوازی بنیاتی وێنە هونەرییەکانی ئەو شاعیرانەی، کە پێیان کاریگەربووە وەربگرێت. (د.زاهیر لەتیف) لەبارەی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەنێوان (نالی) و (سالم) و (کوردی)دا، دەڵێت: ((هاورێیەتی نێوان نالی و سالم و کوردی و هاونشینیکردنی یەکتری بەجۆرێ، کە ئاڵوگۆڕی تێڕوانینی یەکتری لێبکەوێتەوە، بۆخۆی بنەمایەکی گرنگی پێکهاتەی قوتابخانە شیعرییەکەیان بووە.))(تۆفیق، ٢٠١٣: ٤٤) ئەمەش وای کردووە، کە تایبەتمەندی شیعری ئەو قۆناغە بەتایبەتی لەڕووی ڕوخسارەوە لای شاعیران ئەوە بووە، کە (زیاتر گرنگی بە ڕازاندنەوەی وێنە دراوە، نرخی وێنە لە پێش ناوەڕۆکەوە هاتووە.)(سەعید، ٢٠١٧: ٢٧) ئەوانەش بەگشتی وایانکردووە، کە وێنە هونەرییەکان شێوەیان لەیەک بچێت، بۆ نموونە (لە شیعری کلاسیکیدا ئەو وێنانەی، کە بۆ لێو، زوڵف، برۆ، چاو، دڵ، برژانگ، ناوچەوان، ڕوومەت، گۆنا، قەد، بەژن، ... هتد، کێشراون، دەبینین هەموویان یەک وێنە و یەک مەبەستن و تەنها بە شێوەی جیاواز خراونەتەڕوو و پێشکەشکراون.)(حەمەکەریم، ١٩٨٦: ٨٩) بەڵام بێگومان لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شاعیرانە خاوەنی وێنەگەلێکی وەهان، کە سەرچاوەکانیان خودیین و بەو شێوازە لای شاعیرانی تر نەبینراون و (سالم، لە هۆنراوە هۆنینەوەدا پەیڕەویی لە هۆنەرانی دەوری خۆی کردووە و لە ڕاستەقینەدا دەتوانین بڵێین لاسایی ئەوانی کردووەتەوە، بەڵام لەلایەن شێوە و ئاواوە شتێکی تازە و تایبەتی داهێناوە.)(بۆرەکەیی، ٢٠٠٨: ٥٩٢) بەو مانایەی ئەگەریش (لە شیعری سالمدا هەست بە وێنەیەکی وەرگیراو یا لاسایی شاعیرێکی تر بکرێ، ئەو وێنەیەی وەستایانە بەگیانی خۆی قانگداوە.)(خەزنەدار، ٢٠١٠: ١٦٥) لە شاعیرانی کورد کاریگەری مەولانا خالید و نالی بەسەر سالمەوە هەبووە، (بەتایبەتی مەفتونی شیعری نالی بووە.)(سجادی، ١٩٧١: ٢٦٢،٢٦٣) ئەمەش بە ئاشکرا لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و پێنج خشتەکی لەسەر شیعری هەردووکیان هۆنیوەتەوە و تا ئەو ڕادەیە بە نالی کاریگەر بووە بە (حەزرەت) ناوی هێناوە. ئەوەتا داوا لە بای سەحەر دەکات، کە بە نالی بڵێت دەخیلیبم تاکوو سلێمانی وێران و ژێردەسەی تورکانە نەیەتەوە بۆ ئێرە:

**توو خوا بڵێ بە حەضرەتی "نالی" : دەخیلی بم**
**بەم نەوعە قەد نەکا بە سولەیمانییا گوزەر !!** **(سالم، ٢٠١٥: ٣٤٠)**

تەنانەت هەندێکجار خۆی بە خوێندکار و شاگردی بەردەستی نالی زانیوە و ئەوی وەکوو مامۆستایەکی خۆی سەیرکردووە، ئەوەتا دەڵێت:

**کە "نالی" تەوسەنی طەبعی بە طەرزێ گەرم جوستەن بوو**
**بە چەوگانی خیرەد گۆی دانشی دەرکرد لە مەیدانا**
**کە ڕەخشی طەبعی ڕامی هاتە سەر میقراضەکی تەعلیم**
**ڕیکابی پای بۆسن "سالم" و "مەشوی" لە دەورانا (سالم، ٢٠١٥: ١٣٢)**

جگەلەوە بە وردبوونەوە لە هەندێک وێنەی هونەری سالم هەست دەکەین سێبەری وێنەی هونەری شیعری نالی بەسەرەوەیە. ئەوەتا نالی لە دێڕێکدا دەڵێت:

**لیباسم ماتەمە، شینە، لە شیندام**
**سوروشکم سوورە، ڕەنگم زەردە بێ تۆ (نالی، ١٩٧٦: ٣٧٩)**

سالم دەڵێت:

**سروشکم قرمز و دیدەم سفیدە**
**ڕوخم زەرد و لیباسم شینە بێ تۆ (سالم، ٢٠١٥: ٧٢٨)**

ئەم دێڕە هۆنراوەیەی سالم کاریگەرییەکی زۆری دێڕە شیعرەکەی نالی پێوە دیارە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکوو دەڵێی کۆپییەکی ئەو وێنەیەی ئەوە. نالی دەربڕاوەکانی (لیباسم ماتەمە شینە، سروشکم سوورە، ڕەنگم زەردە، لە شیندام بێ تۆ)ی بەکارهێناوە. سالمیش دەربڕاوەکانی (لیباسم شینە، سروشکم قرمزە، ڕوخم زەردە، لە شیندام بێ تۆ)ی بەکارهێناوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە ئەگەر لەکۆی وێنە هونەرییەکەی دێڕە شیعرەکەی سالم ورد ببینەوە، دەبینین شاعیر بەهۆی دووری یارەوە لەشین و ماتەمدایە و هێندە گریاوە فرمێسکەکانی بووە بە خوێن و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە و جلی ماتەمی پۆشیوە. بە هەمان شێوە لە دێڕە شیعرەکەی نالیشدا هەمان وێنەی هونەری کێشراوە. هەروەها لە دێڕێکی تردا نالی باس لە کەوانەیی برۆی یار دەکات، کە بە شێوەیەکە تەنانەت (مانی) نیگارکێشیش توانای کێشانی وێنەیەکی وای نییە، دەڵێت:

**(مانی) نییەتی قووەتی تەصویری برۆی تۆ**
**ئەم قوسە بە دەستی موتەنەفیس نەکشاوە (نالی، ١٩٧٦: ٥٣٥)**

سالم سوودی لەو وێنەیەی نالی وەرگرتووە، بەڵام گۆڕانی تێداکردووە پێیوایە، کە تەنها (مانی) مەگەر بتوانێت وێنەی برۆی یار بکێشێت. دەڵێت:

**بەجوز "مانی" موصەوویر قەوسی ئەبرۆی تۆی نەکێشاوە**
**کە "مانی" نەقشی کێشابێ، دەبێ هەروا کەمانی بێ (سالم، ٢٠١٥: ٩٩٤)**

له ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا، کاتێک شاعیرێک بە شاعیرێکی تری پێش خۆی، یان هەمان سەردەمی خۆی کاریگەربووە، هاتووە پێنج خشتەکی لەسەر شیعری ئەو شاعیرە هۆنیوەتەوە و لەڕوانگەی خۆیەوە لەژێر کاریگەری وێنەی ئەو دەقەی پێنج خشتەکییەکەی لەسەر دروستکردووە، وێنەی تری بۆ زیادکردووە، کە نزیکبێت لەوێنەی شاعیرەکەی پێشوو. سالم لەسەر شیعرێکی نالی پێنج خشتەکییەکی هۆنیوەتەوە و دەڵێت:

**ئەی حاریث، ئەگەر دەوڵەت و جاهـ و حەشەمت بوو**

**دووڕ و گوهەر و لوئلوء و لەعل و درەمت بوو**

**مەهرِوویی سیەهموویی سەمەن بوو، خەدەمت بوو**

**((هەرچەند کە عومری "خضر" و عەیشی "جەم" ت بوو**

**چونکە ئەمەلت زۆرە، چ عومرێکی کەمت بوو؟! ))** (سالم، ٢٠١٥: ٦١٩)

ئەم پێنج خشتەکییەی سالم لەسەر شیعری نالی، تەنها چوار دێڕی شیعرەکەی نالی گرتۆتەوە، کە خۆی حەوت دێڕە، یان دەتوانین بڵێین: هەر ئەو چوار دێڕەی بەردەستە ئێستا، ئەگەرچی د.مارف خەزنەدار دەڵێت: ((گومانی تێدا نییە سالم هەموو شیعرەکەی تەخمیس کردووە، ئەوەی لەبەردەستماندا نییە، ونبووە. سالم هەوڵدەدا هەندێ لە ڕەمزەکانی نالی ڕوونبکاتەوە، یاخود درێژە بە کورتی ماناکان دەدا، هەروەها وێنەکان لە تەرکیزەوە دەباتە فراوانی و درێژەپێدان. سالم لە شاعیرە گەورەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم بوو، شاعیرێکی ئەوەندە گەورە بوو نالی دانیپێدانابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەگەشتبووە پلەی نالی بەتایبەتی لەم پێنج خشتەکییەیدا.))(خەزنەدار، ١٩٨٤: ١٩١،١٩٢) هەر لەم بارەیەوە (د.ئاڤان عەلی میرزا) دەڵێت: ((ئەگەر ئەم تەخمیس کردنەی (سالم) لەسەر شیعری (نالی) بۆخۆی ببێتە بەڵگەی یەکخستنی سیمای گشتی شیعرەکانیان ئەوا لەلایەکی ترەوە دەبنە بەڵگەی کاریگەری نالی لەسەر سالم.))(تۆفیق، ٢٠١٣: ٤٩)

سالم کاریگەربووە بە شیعرەکانی (مەولانا خالد) و لەسەر دەقی ئەویش پێنج خشتەکی هۆنیوەتەوە. لە دەقێکدا (مەولانا خالد) بە خۆی دەڵێت: ئەگەر تۆ دێوانە نیت، ئەوە تۆ لەکوێ و کابوڵ و خەزنەین و قەندەهار لەکوێ! سالمیش لە غوربەتابووە و خەریکی خویندنەوەی ئەو شیعرەی مەولانابووە و پێنج خشتەکییەکی لەسەر هۆنیوەتەوە و درێژە بە هەمان وێنە شیعرییەکەی ئەو دەدات و دەڵێت: منیش وەکوو مەولانا لە دەرد و مەینەتی غوربەتدا تەنها کەوتووم. ئەوەتا دەڵێت:

**کەس نەبێ "سالم" لە دونیادا وەکوو من تووشی دەرد**

**بێ نەوا کەوتوومە غوربەت، ناتەوان و ڕەنگ زەرد**

**شیعری "مەولانا" دەڵێم و هەڵدەکێشم ئاهی سەرد:**

**(("خالدا" گر نیستی دیوانه و صحرانورد**
**تو کجا و کابل و غزنین و خاک قندهار))** **(سالم، ٢٠١٥: ٢٧٨)**

یەکێکی تر لەو شاعیرانەی، کە سالم پێی کاریگەربووە و هەندێکجار وێنە هونەرییەکانی بووە بە سەرچاوەی خولْقاندنی وێنە لای ئەم، (کوردی)یە، کە هەم خزمی خۆشی بووە، چونکە (سالم لە بنەماڵەی ساحێبقڕانە و ئامۆزای کوردییە.)(موکریانی، ١٩٧٢: ٦) تەنانەت هێندە (کوردی)ی خۆشویستووە و سەرسامی بووە، نامەیەکی شیعری بۆ دەنووسێت و خۆی دەیبات بۆی، لە نامەکەدا لە وێنەیەکی پڕ لە دڵسۆزیدا ڕێگای چوون بەرەو کوردیی شاعیر بە ڕێگای کەعبە دەچوێنێت و دەڵێت: گەر بێدەستوپاشبم هەر بەسەر نامەکەمی بۆ دەبەم، ئەوەتا دەڵێت:

**تەلاشی طەییی ڕاهی کەعبەیی کۆی یارە مەقصوودم**
**منی بێ دەست و پا، لازم کە پا بۆ ئەم ڕەهە سەرکەم** **(سالم، ٢٠١٥: ٤٧٦)**

هەندێک وێنەی هونەری لای کوردی ئیلهامبەخش بووە بۆ پێکهێنانی وێنەی هونەری لای سالم. کوردی لە وێنەیەکدا، کە باس لە دەرد و مەینەتییەکانی خۆی دەکات و بە سوودوەرگرتن لە خواستنی شاراوە و بەکارهێنانی بەتەنکردن و بەرجەستەکردنی (غەم)، وێنەیەکی هونەری جوانی خولْقاندووە. شاعیر بەهۆی غەمخواردنەوە بەردەوام دەگری، بەلام بەهۆی ئەوەی غەمیش لە ناوەوە خوێنی جگەری ئەو دەخوات، بۆیە فرمێسکە خوێناوییەکانی دەرناکەوێت. ئەوەتا دەڵێت:

**من غەمم خوارد و غەمیش خوێنی جگەرمی خواردەوە**
**بۆیە گریام چەند بە چەند فرمێسکی خوێنینم نەهات** **(کوردی، ٢٠١٠، ب١: ١١٥)**

سالمیش سوودی لە بیرۆکەی وێنە هونەرییەکەی کوردی وەرگرتووە و بە کەمێک گۆڕانکارییەوە، کە ئەمیش دیسان سوودی لە خواستنی شاراوە وەرگرتووە و دروستیکردووەتەوە و دەڵێت: فرمێسکی خوێناویم بۆیە وردە وردە کەم دەکات، چونکە غەم لە دڵمدایە و خوێنم دەخواتەوە. ئەوەتا دەڵێت:

**لە دڵدا چونکە هەر خوێنم دەخوا غەم**
**بە تەدریج ئەشکی خوێنینم دەکا کەم** **(سالم، ٢٠١٥: ٤٦٥)**

لە وێنەیەکی تردا، کە لە دیوانی کوردیی لێکۆڵینەوەی محمد مستەفا (حەمەبۆر) دا، لەسەری نووسراوە: (نامەی مستەفابەگی (کوردی) لە سلێمانییەوە بۆ (سالم)ی ناردووە لە تاران. وەلامەکەشی لەدوای ئەم چامەیەوە نووسراوە. بڕوانە دیوانی کوردی، ٢٠١٠، بەرگی یەکەم، ل ٣٣٩). لە دێڕی یەکەمی شیعرەکەدا دەڵێت:

**ڕەفیقی کونجی میحنەت، عاجزن هەر شەو لە ناڵینم**
**گوریزانن لەبەر لێشاوی مەوجی بەحری ئەسرینم** (کوردی، ٢٠١٠، ب١: ٣٣٩)

کوردی لەم وێنەیەدا باری قورسی غەم و پەژارەی خۆی دەردەبڕێت، بە شێوەیەک، کە هاوڕێ نزیکەکانیشی لە هاتوهاوار و ناڵینی بێزاربوونە و بە شەوان لەبەر شەپۆلی فرمێسکی ئەم، کە وەکوو بەحر وایە، هەڵدێن و دوور دەکەونەوە. سالمیش لە وەڵامی ئەو نامەیەی (کوردی)دا، دیسان لە دێڕی یەکەمدا، هەمان وێنەی هونەری بە کەمێک گۆڕانەوە دروستکردووەتەوە. تەنها لەبەرئەوەی (سالم) لە تاران بووە، دەڵێت: ڕەفیقی گۆشەی غوربەت، هەروەها فرمێسکەکانی سالم بەحری خوێنیان دروستکردووە، سەرینەکەشی بەر شەپۆلەکانی ئەو بەحرە کەوتووە. ئەوەتا دەڵێت:

**ڕەفیقی گۆشەیی غوربەت هەراسانن لە ناڵینم**
**لە ئەشکی دیدە ئەمشەو-باز- لە خوێنا مەوجە بالینم** (سالم، ٢٠١٥: ٤٥٢)

دیسان کوردی لە نامەیەکی شیعریدا، لە سلێمانییەوە بۆ سالمی ناردووە، کە لە تاران لە بەندیخانە بووە. لە کۆتایشدا وەڵامەکەی (سالم) دەبینرێت. بڕوانە (دیوانی کوردی، ٢٠١٠، ب١: ٤٧٢-٤٧٧)، کە تێیدا باسی تەنهای و بێکەسی و زەلیلی خۆی دەکات و دەڵێت:

**لە کونجی بێ کەسیدا فەردم ئەمڕۆ**
**زەلیل و زار و بێ هەمدەردم ئەمڕۆ** (کوردی، ٢٠١٠، ب١: ٤٧٢)

کە سالم وەڵامی ئەداتەوە بە هەمان شێوە لە دێڕی یەکەمدا باسی بێکەسییە و پاشسەرۆای (ئەمڕۆ)شی بەکارهێناوە. تەنها جیاوازییەکی وێنەکەی سالم ئەوەیە، کە لە بەندیخانەیە و ئەسیر و زەلیلی خەڵکی ناکەس و دڵڕەقە. ئەوەتا دەڵێت:

**لە زیندانا کە بێ هەمدەردم ئەمڕۆ**
**ئەسیری ناکەس و دڵبەردم ئەمڕۆ** (سالم، ٢٠١٥: ٧٣١)

## ٣/ ٢-١-٢. سەرچاوەی کەلەپوری میللی

کەلەپوری میللی، هەموو ئەو بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییانە دەگریتەوە، کە لە باوباپیرانەوە نەوە بۆ نەوە بۆمان ماوەتەوە. ئەو بەرهەمانەش گەلێک جۆرن و بەپێی سەردەمە جیاوازەکان شتی تازەی خراوەتە سەر و شتیشی لێلادراوە. گواستنەوەی ئەو بەرهەمانە بەشێوەی زارەکیی بووە، ئەمەش وایکردووە تایبەتمەندی نووسەرە بنچینەیەکەی لەسەر نەمێنێت و لە کاتی گواستنەوەیاندا گۆڕانی بەسەردابێت. ئەوەش هۆکاری سەرەکییە لەوەی ئەم بەرهەمانە شەقڵی میللی پێوە دیاربێت، لەبەر دیارنەبوونی خاوەنەکانیشیان بە ئەدەبی میللەت لەقەڵەم دراون و بە ناوی فۆلکلۆرەوە ناسێنراون. (وشەی فۆلکلۆریش زاراوەیەکی زانستی بەبنچینە ئینگلیزییە، بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٨٤٦ ز) دا، لەلایەن زانای ئینگلیزی "ولیام تۆماس"ەوە، بە بەکارهێنانی زانستیی ناسرا. لە وەرگێڕانی ئەدەبیدا فۆلکلۆر واتە "حیکمەتی خەڵک، مەعریفەی خەڵک".)(Соколов, 2007: 11) هەربۆیە کاریگەرییەکەشی تەنها لەسەر تاک نامێنێتەوە، بەڵکوو (فۆلکلۆر، هونەرێکی دەستە جەمعییە، بابەتی کۆنووسی هونەری لێرەدا شتێکە، کە کاریگەری لەسەر بەرژەوەندی نەک تاک، یان کەسایەتی یان گرووپێک لە کۆمەڵگا، بەڵکوو بە دڵنیاییەوە لەسەر کۆی گشتی کۆمەڵگا هەیە،)(Астахова и Базанов, 1960: 29) چونکە (فۆلکلۆر دەستهاتی ئەزموونی گەورەی مرۆڤایەتییە، زەخیرەیەکی زانیاری هەمیشە زیندو و پایەدارە، سامانی زانیاری گرانبەهایە، کە لە سەدان ساڵ پێش ئەوڕۆوە ئەو خەڵقە دروستیانکردووە.)(حوسێن، ٢٠٠٧: ٥)

ئەو بەرهەمانە لە ناو خەڵکیدا زۆر بڵاون و (چ لەڕووی زمان و چ لە ڕووی دەربڕینەوە، شەقڵی تایبەتی ئەو گەلە یان زمان و دەورەی خۆیی پێوەیە.)(ڕەسووڵ، ١٩٧٩: ٨) بە شێوازێکی سادە نووسراون و هەموو چینەکانی کۆمەڵگا توانای تێگەشتنیان بۆی هەیە. شاعیریش تاکێکی کۆمەڵایەتییە و  هەر لە منداڵییەوە ئاشنایان بووە و کاریان لە دەروونی کردووە و دواتریش پێویستە بەباشی بیانخوێنێت و شارەزایان بێت، ئەمەش بۆ ئەوەی لە شێوازی ژیانی کۆمەڵگاکەی شارەزابێت، چونکە (ڕەوڕەوەی مێژووی میللەت نازانرێت هەتاوەکوو فۆلکلۆرەکەی نەزانرێت.)(ڕەسووڵ، ٢٠٠٨: ١٨٢) دواجار ئەو بەرهەمە فۆلکلۆریانە یارمەتی پێشخستنی بەرهەمی نووسراو دەدەن، چونکە شاعیران دەستیان بۆ درێژ دەکەن و نمونە و وێنەیان لێهەڵدەهێنجن و بەپێی تایبەتمەندی شاعیرەکە و گونجاندنی لەگەڵ سەردەمی نوێدا بەکاریان دێنن. هەربۆیە دەبینین (زۆربەی هەرە زۆری یەکەمین بەرهەمی کلاسیکی نەتەوەکان و گەلێ لە شاکارە ئەدەبییەکانیان سەرچاوەی یەکەمیان ئەدەبی فۆلکلۆری بووە.)(خەزنەدار، ٢٠١٠: ١٧٩،١٨٠) بەکارهێنانەوەی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان لە لایەن شاعیرانەوە وادەکات بەرهەمی نوێ شەقڵی نەتەوەیی و ڕەسەنی

خۆی ون نەکات و هەمیش دەبێتە ڕایەڵەیەکی پتەو بۆ ئاشناکردنی نەوە و خوێنەواری سەردەم بە شێوازی ژیانی باوباپیریان. بەڵام بێگومان دەبێت شاعیران بە وریاییەوە ئەو کارە بکەن و بیکەن بە هەوێنی پێشخستنی ئەدەبەکەیان، نەک ببێتە لەمپەر لەبەردەم نوێبوونەوەی ئەدەبەکەدا.

میللەتی کورد لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانیش خاوەنی فۆلکلۆرێکی دەوڵەمەندە، ئەمەش بێگومان بەهۆی بوونی چەند دیالێکتێکی جیاواز و درەنگ پەیدابوونی ئەدەبی نووسراو و چەند هۆکارێکی ترەوە بووە. ئەوەتا (ماڕ) دەڵێت: ((فۆلکلۆری کوردی تەنیا لەناو کورد خۆیدا بڵاو نییە، بەڵکوو لەناو گەلانی تری ڕۆژهەڵاتیشدا، وەک عەرەب و فارس و ئازەربایجانی و ئەرمەنی و ئاسووریدا بڵاوە.)(ڕەسووڵ، ١٩٧٩: ١٠) دەوڵەمەندنی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیی دەتوانین لە هەمەڕەنگی و جۆراوجۆری بابەتەکانیدا ببینینەوە، کە خۆی لە (مەتەڵ، پەندی پێشینان، قسەی نەستەق، یاری، داب و نەریت، سیحر، داستان، گۆرانی، ئەفسانە، نوکتە) دەگرێتەوە. (سالمی ساحێبقڕان) یەکێکە لە سێکوچکەی شاعیرانی قوتابخانەی شیعری بابان و خاوەنی ڕشنبیری و دنیابینییەکی بەرفراوان بووە و بابەتە فۆلکلۆرییەکان بایەخی گەورەیان بۆی هەبووە و بوونەتە سەرچاوەی خولقاندنی گەلێک وێنەی هونەری لە شیعرەکانیدا. لێرەدا هەوڵدەدەین لە گرنگترین ئەو بابەتە فۆلکلۆریانەی، کە ئیلهامیان بە شیعری سالم داوە بخەینەڕوو. لەوانەش سەرەتا باس لە شیعری فۆلکلۆری کوردی دەکەین.

### ٣/ ٢-١-٢-١. شیعری فۆلکلۆری کوردی

شیعری فۆلکلۆر، لە ئەدەبیاتی هەموو نەتەوەکاندا، کانگا و سەرچاوەی سەرەکی شیعرە، هەربۆیە بایەخێکی گەورە و گرنگی هەیە و شاعیران ناتوانن دەستبەرداری ببن. شیعری فۆلکلۆر بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و شێوازی ژیانی باوباپیران و لایەنی ئەویندای لەخۆیدا بۆ پاراستووین. لەمەشدا بە گەڕانەوەی شاعیران بۆ ئەم سامانە کەلەپوورییە دەوڵەمەندە و بە پێدانی ڕەهەند و پەیوەندی نوێ بە ڕەگەزە جیاوازەکانی بووە بە سەرچاوەیەکی گرنگ و پڕ بایەخ بۆ دەوڵەمەندکردنی وێنەی هونەری. لەوانەش (گۆرانی فۆلکلۆر، داستان، بەیت، لاوک، حەیران)ن و ئێمە لێرەدا تەنها باسی (گۆرانی فۆلکلۆر، داستان) دەکەین، چونکە ئەوانی تر نەبوونەتە سەرچاوەی وێنەی هونەری لای (سالمی ساحێبقڕان).

### ٣/ ٢-١-٢-١-١. گۆرانیی فۆلکلۆری کوردی

گۆرانی فۆلکلۆر، ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵگایە لە ڕۆژگاری کۆندا، خۆشی و ناخۆشی و شیرینی و تاڵییەکانی ڕۆژگارە، بەزم و شادییەکانی مرۆڤە سەرەتاییەکانە، کە بە زمانێکی سادە و ئاسان دەربڕدراون و بە هەست و سۆز و خەیاڵ و ویژدان بارگاوی کراون و دەرخەری واقیعی ژیانی کۆنی میللەتانن. هەروەها هەموو نەتەوەکان خاوەنی گۆرانی خۆیانن، کە شەقڵی تایبەتی نەتەوەکە و بلیمەتی و بیرکردنەوەی لە ئاستی دەستەجەمعیدا پێوەدیارە. بەم پێیە ((گۆرانی، کۆنترین بەشی ئەدەبی فۆلکلۆرە، هەروەک بەشێکی دیاری هۆنراوەی لیریکە. ئەم هونەرە لەزۆر کۆنەوە پەیدابووە، هەر لەو کاتەوە، کە هێشتا هۆشیاری گەل لە ڕادەیەکی نزمدا بووە.))(ڕەسووڵ، ١٩٧٩: ٧٥) بێگومان گۆرانی بەبێ هۆنراوە نابێت، هۆنراوەی گۆرانی فۆلکلۆر لەڕووی ڕوخسارەوە خۆی لە تاقە دێڕێک، یان سێ نیوە دێڕ، یان دوو دێڕدا، یان قاڵبی تردا دەبنێتەوە، کە هەڵگری تابلۆیەکی سەرنجڕاکێشی تایبەتییە و لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە باس لە ئیشوکار، یاخود ئاینی و پەرستن، یان ئەویندارى دەکات. گەلی کورد خاوەنی فۆلکلۆرێکی زۆر دەوڵەمەندە و لەو نێوەندەشدا گۆرانی فۆلکلۆر شوێنێکی دیاری هەیە. چونکە ((لە فۆلکلۆری کوردیدا گۆرانی بە دەوڵەمەنترین بەش ئەژمێردرێ لەڕووی زۆری بڵاوبوونەوە، هۆی ئەمەش تەنها ئەوە نییە، کە ئەدەبیاتی نووسراو نەختێک درەنگ لەناو کوردا پەیدا بووبێت، بەڵکوو ژیانی تایبەتی گەلی کورد و وێنەی جیاواز و گۆڕانی زوو بە زوو لەم وێنەدا بوونەتە هۆی ئەم دەوڵەمەندییە، هەروەک بوونی چەند دیالێکتێک هێندەی تر دەوڵەمەندی کردووە. هەروەها باری تایبەتی وایکردووە، کە بەشی زۆری ئەدەبی میللی بەناوی خاوەنەکەیەوە بڵاو نەبێتەوە و ئەمەش دەماودەم و پشتاوپشت بمێنێتەوە و بچێتە سەر گەنجینەی فۆلکلۆرمان.))(ڕەسووڵ، ٢٠٠٨: ٨٥) بەمەش بووە بە سەرەچاوەیەکی گرنگ و سەرەکی لەوەی شاعیرانمان ئاوڕی لێبدەنەوە و دەستی بۆ درێژبکەن. سالمی ساحێبقڕان ئاگاییەکی باشی لەهەمبەر فۆلکلۆر بەگشتی و گۆرانی بەتایبەتی هەبووە و وەکوو سەرچاوەیەکی گرنگ لێیڕوانیوە و لە پەیوەندی نوێدا بەکاریهێناوە و بە شێوازێکی نوێ لەنێو وێنە هونەرییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. لە دێڕێکی گۆرانی فۆلکلۆردا هاتووە:

**ئەستێرەی ئاسمان هەمووی تەواوە**
**ئەستێرەکەی من لە گەڵ جێماوە** **(تۆفیق، ٢٠٠٠: ١٧)**

سالم سوودی لەم وێنەیە وەرگرتووە و کردوویەتی بە هەوێنی خوڵقاندنی وێنەیەکی نوێ و پەیوەندی نوێی بە ڕەگەزەکانی داوە و دەڵێت:

**دوصەد جار وەضعی چەرخی ئاسمان گۆڕا بە سەعد و شووم**
**ستارەی نەحسی من سالم ! لە قەڕنێکا نەبوو ئاوا** (سالم، ٢٠١٥: ١٢١)

لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکەدا (ئەستێرە) دەلالەت لە دەرنەکەوتنی (ئەستێرەی بەخت)، یاخود (یار)ە، لە زاری بوێژەوە. سالم سوودی لە ڕەگەزەکانی وێنەکە وەرگرتووە و بۆ هەمان مەبەستی گلەییکردن لە چەرخی گەردوون بەکاری هێناوەتەوە، کە هەرچەند زەمانە دەگۆڕێت بەرەو دڵخۆشی و نەگبەتی، کەچی ئاسمان ئەستێرەی نەگبەتی من ئاوا ناکات. لەلای سالم تاکوو ڕادەیەک وێنەکەی هەڵگەڕاندووەتەوە، لەوەی باسی ئەستێرەی بەختی نەکردووە، بەڵکوو پێچەوانەکەی، کە (ئەستێرەی نەگبەتی)یە، خراوەتە ڕوو، کە هەمدیسان لە قوڵایدا مەبەست لە هەڵنەهاتنی ئەستێرەی بەختی شاعیرە. لە خوڵقاندنی وێنەکەدا سوود لە شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ وەرگیراوە.

لە دێڕێکی تری گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا دوودیو نیشاندەدات، کە لەلایەک باسکردنە لەم دنیا و بوێژ ئارەزوویەکی گەورەی هەیە بەوەی بە یار بگات. لە دیوی دووەمدا لە ئەگەری بەدیهاتنی ئەو ئاواتەیدا بێمنەتی نیشاندەدات، کە ئەگەر بێت و لەودنیاش بەهەشتی نەدەنێ و دۆزەخ جێگای بێت. ئەوەتا دەڵێت:

**خۆزگەم لەم دنیا تۆیان بایە پێم**
**چش! با لەو دنیا دۆزەخ بایە جێم** (ڕەسووڵ، ١٩٧٩: ٩٣)

سالم سوودی لەم وێنەیە وەرگرتووە، بەڵام ڕەگەزەکانی وێنەکەی لە پەیوەندی نوێدا بەکارهێناوە. شاعیر دیسان باس لەوەدەکات، کە تاکوو ئەو کاتەی یاری هەبێت و بتوانێت لە تەنیایدا لەگەڵی بێت و ڕێگای پێکەوە بوونیان لێنەگیرێت. ئەوە ئەو ئارەزووی گەیشتن بە قەسر و حۆری بەهەشت ناکات. دەبینین لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکەدا دەڵێت: گەر ئێستا تۆم هەبێت، ئەوە چش با لەو دنیا دۆزەخم بدەنێ. سالمیش دەڵێت: گەر ئێستا تۆم هەبێت و لەگەڵت بم، ئەوە لەو دنیا قەسر و حۆریی بەهەشتم ناوێت، بەو مانایەی دۆزەخیشی پێبدرێت بەلایەوە ئاساییە. لێرەش دیسان لە خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکەدا سوودی لە شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ وەرگرتووە و گۆرانییەکی فۆلکلۆری کردووە بە سەرچاوەی خوڵقاندنی وێنەکە. ئەوەتا سالم دەڵێت:

**تا مەحرەمم بە بەزمی ویصالت لە خەڵوەتا**
**ناکەم هەوایی قەصری بەهەشت و لیقایی حوور** (سالم، ٢٠١٥: ٣١٥)

لە دێڕێکی تری گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا وێنەیەکی نزیک لەوەی پێشوو دەبینرێت، بەڵام بەبێ بەستنەوەی بە بەهەشت و دۆزەخەوە. کە تێیدا بوێژ جگە لە باڵای یار (کە مەبەست لە خودی یارە) داوای هیچ شتێکی تر ناکات. لە گۆرانییەکەدا هاتووە:

**نە گەنجم دەوێ نەماڵی دنیا**

**باڵای تۆم دەوێ بە تاقی تەنیا** **(زامدار، ٢٠٠٩: ٨٢)**

ئەم وێنەیە لەلای سالم ڕەنگی داوەتەوە، تەنها ئەوەندە هەیە، کە ئەم بۆ گەشتن بە یار داوا لە خودا دەکات، کە ئەو ئاواتەی بهێنێتە دی و جگەلەوەی یاری پێبدات هیچی تری ناوێت. لە پێکهێنانی وێنەکەدا سوود لە شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ وەرگیراوە. سالم دەڵێت:

**طەڵەب ناکەم لە قاپیی کردگارا**

**بە غەیرەز وەصڵی دڵبەر، هیچ مەطڵەب!** **(سالم، ٢٠١٥: ١٥٨)**

لە دێڕێکی تری گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا، بوێژ لەبارەی زێد و مەنزڵگای خۆیەوە، کە (مەریوان)ە، دەدوێت و دەشتی ئەو شارە بەبێ باڵای یار بە وێرانە دەبینێت و دەڵێت:

**دەشتی مەریوان کاکی بە کاکی**

**دوور لە باڵاکەت وێران بێ خاکی** **(ڕەسووڵ، ١٩٧٩: ٩٠)**

هەمان وێنە کاریگەری لەسەر سالم هەبووە، بەڵام ڕەهەندی نوێی بە وێنەکە بەخشیوە و ڕەگەزەکانی وێنەکەی لە پەیوەندی نوێدا بەکارهێناوەتەوە. لەوەی سالمدا شارەکە لە (مەریوان)ەوە گۆڕاوە بۆ (سنە) و باس لە جوانی نازدارانی ئەو شارە دەکات، کە وەکوو گوڵستانێک پڕە لە ئافرەتی جوان. کەچی بەوەشەوە بەبێ بوونی دڵبەری شاعیر لە بەرچاوی ئەو وەکوو شوێنێکی وێران وایە. ئەمەش دەلیلی خۆشەویستییەکی گەورەیە لای شاعیر، کە هیچ کەس ناتوانێت جێگەی یاری بۆ پڕ بکاتەوە. شاعیر لە وێنەکەدا سوودی لە شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ و هونەری لێکچواند وەرگرتووە، کە دەڵێت:

**لە حوسنی دڵبەران، گەرچی (سەنەندوج) گوڵستانێکە**

**بەبێ دڵبەر لە بەرچاوم چ وێرانەمەکانێکە؟!** **(سالم، ٢٠١٥: ٧٨٥)**

جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەند وێنەیەکی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ١٩٠، د: ٣)، (ل: ١٩٢، د: ٩)، (ل: ٧٥٥، د: ٩)، (ل: ٧٩٠، د: ١)، (ل: ٩١٧، د: ١)، (ل: ٩٧٧، د: ١)، (ل: ٩٨٦، د: ٤).

### ٣/ ٢-١-٢-١-٢. داستان

داستان، بەشێکی گرنگی ئەدەبی فۆلکلۆر پێکدێنێت، کە لە ئەدەبی جیهانیدا (ئیپۆسی) پێ دەوترێت و (د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) دەڵێت: ((بەرهەمێکی چیرۆک ئامێزە، لە فۆرمی وێنەدا، باری ژیان و بوونی گەل و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و نەخشەی بەرەوپێشچوونی مێژوویی دەرئەخا.))(ڕەسووڵ، ١٩٧٩: ٣٢) لە بارەی فۆرمی داستانەوە، (هیگڵ) دەڵێت: ((ئەو فۆرمەی، کە داستانەکە بەمانای وشە دەکات بە داستان ئەوەیە، کە وەک چەند جارێک وتم، ڕووداوێکی تاکەکەسی بێت.))(Гегель, 1971: 461) ڕووداوێکی تاکەکەسی گرنگە، کە دەتوانێت بمێنێتەوە و ببێتە نمونەیەکی باڵا، کە گەل چاوی لێبکات، جا لەبواری قارەمانێتی بێت، یان دڵداری یان ئاینی، بەم جۆرە لە ئەدەبی فۆلکلۆردا داستانی قارەمانێتی و دڵداری و ئاینیش هەیە. هەروەک دەکرێ داستانی دڵداری قارەمانێتیشی تێبکەوێت. داستانەکان سەرەتا وەکوو ڕووداو لەناو کۆمەڵگادا ڕوویان داوە و لە فۆلکلۆردا جێگیر بوونە و پاشان کەسانێک هاتوون لە فۆرمی شیعردا، کە ناوەڕۆکێکی چیرۆک ئامێزی هەبێت دایان ڕشتووەتەوە. دەکرێ داستانەکان نەتەوەی بن و ڕووداو و کەسایەتییەکان سەر بە کوردبن، وەک (قەڵای دمدم) و(شیرین و فەرهاد) و (مەم و زین) هتد، هەروەک دەشکرێ بیانیی بن وەک (لەیل و مەجنون) و (یوسف و زولەیخا) و (شێخی سەنعان). مەبەستی شاعیران لە سوودوەرگرتن لەم داستانانە تەنها پیشاندانی داستانە فۆلکلۆرییەکە نییە، بەڵکوو وەک (د.شەفیع کەدکەنی) دەڵێت: ((زیاتر بایەخێکی هێمایی هەیە لە بەکارهینانێکی دروستی وێنەی هونەری باڵادا))(کدکنی، ١٣٧٥: ٢٣٧) و گرێدانییەتی بە مەبەستێکی تایبەتییەوە، کە لە وێنە هونەرییەکەدا نیشاندراوە. (سالمی ساحێبقڕان) زۆر بایەخی بە داستان داوە، بە تایبەتی داستانی ئاینی و ئێرانی و ڕۆژهەڵاتی. ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین نمونەی ئەو داستانانە وەربگرین، کە بە درێژای مێژوو لە مۆرکە نەتەوەی و ناوچەیی تایبەتەکانی خۆیان دابڕاون و بوون بە بەشێک لە ئەدەبی فۆلکلۆر و کلتوری هەموو گەلانی ڕۆژهەڵات. بە تایبەتیش داستانەکانی (شیرین و فەرهاد) و (لەیل و مەجنون)و (یوسف و زولەیخا)، کە تێکەڵ بە فۆلکلۆر و کلتوری نەتەوەی کورد بوونە.

#### شیرین و فەرهاد

ئاشکرایە، کە (شیرین و فەرهاد) یەکێکە لە داستانە دڵدارییە پڕ سۆزەکانی ڕۆژهەڵات، کە بە داستانی (شیرین و خوسرەو)یش بەناوبانگە و باس لە خۆشەویستیی پاک و بەئاکام نەگەشتوی نێوان شیرین و فەرهاد دەکات. (شوێنەواری وا لە کێوی بێستوون و لە خاکی کوردستاندا و ناوی قارەمانانی کوردییە.)(موکری، ١٩٨٤: ٥٨) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (ناتوانین بڵێین، داستانی دڵداری

کوردی هیچ شتێکی هاوبەشی لەگەل داستانی ڕۆژهەلاتدا نییە، بەڵکوو (شا)داستانەکانی فۆلکلۆری کوردی، یا لە ناوی قارەمانیدا، یا لە ڕووداویدا، هاوبەشییەکیان لەگەڵ هاووێنەکانی خۆیاندا لە ئەدەبی فۆلکلۆری گەلانی تری ڕۆژهەڵاتدا هەیە. ڕەنگە ئەم داستانەیان هەر لەڕووی بەسەرهاتەوە بکەین بە کوردی، چونکە تاکوو ئێستا کێوی بێستوون هەر لە خاکی کوردا ماوە و ئەو وەستایی و بەردتاشییەش، کە ئەڵێن کرداری فەرهادە هەرماوە)(ڕەسووڵ، ١٩٧٩: ٦٠،٦١) و لە ئەدەبی کوردیدا و بە تایبەتی ئەدەبیاتی کلاسیکیدا و لە ئەدەبیاتی ناوچەکەشدا ڕەنگی داوەتەوە. شاعیران گرنگییان پێیداوە و بووە بە سەرچاوەیەکی گرنگ و لە بنیاتی وێنە هونەرییەکانیاندا بەکاریان هێناوە. لە دیوانی سالمدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە شێوەی بەکارهێنانی (شیرین، فەرهاد، کوهکەن، کوەکن، خوسرەوی خوبان، کەیخوسرەو) (٥٩) جار ئاماژە بەم داستانە دراوە ئەمەش بێگومان بەڵگەی بایەخپێدانی (سالم) بووە بە داستانی دڵداری (شیرین و فەرهاد). لە دێڕێکدا دەڵێت:

**نە "فەرهاد" کەوتە شۆری من، نە "شیرین" گەییە حوسنی تۆ**

**لە دڵ من نەقشی تۆم هەڵکەند و ئەو کێشای بە ڕووی بەردا (سالم، ٢٠١٥: ٥٧)**

شاعیر لە وێنەکێشانی عەشقی خۆی و جوانی یارەکەیدا، یەکێک لە بەناوبانگترین داستانە دڵدارییەکانی هێناوە و کردوویەتی بە پێوەرێک بۆ پیشاندانی ئاستی بەرزی ئەو عەشقەی هەیەتی لەگەڵ دەرخستی جوانی یارەکەیدا. لەم ڕێگەیەوە وێنەیەکی هونەری نایاب و نوێی خوڵقاندووە، کە تێیدا نەک هەر ناڵێ من لە فەرهاد دەچم و یارەکەم لە شیرین، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەوە شیرین و فەرهادن، کە ناتوانن بگەن بەو عەشق و جوانییەی لای شاعیر و دڵبەر هەیە، چونکە من (سالم) وێنەی تۆم لەسەر دڵم هەڵکۆڵی، بەڵام ئەو وێنەی شیرینی لەسەر بەرد کێشا. هەروەها شیرینیش نەیتوانی بگات بە ڕەونەق و جوانی تۆ. بەمەش لە دروستکردنی وێنەکەدا سوودی لە لێکچواندنی پەسەندیدە وەرگرتووە. لە وێنەیەکی تردا لە جیاتی ئەوەی ناوی (فەرهاد) لەگەڵ (شیرین)دا بهێنێت، نازناوەکەی بەکارهێناوە، کە (کۆهکەن)ـە و دەڵێت:

**بێ ڕەحم و جەفاکاری بۆ کۆهکەنی غەمگین**

**"شیرین"ی زەمان! ئامان، ڕەحمێ بە پەشێوحاڵت (سالم، ٢٠١٥: ٢٠٠)**

لە نیوە دێڕی یەکەمدا شاعیر، (کۆهکەن)ی بەکارهێناوە، کە نازناوی فەرهادە، بەڵام ڕووی دەمی لە یارەکەی خۆیەتی و مەبەستی ئەوەیە بڵێت: ئەی یار، تۆ بێڕەحم و زاڵمی بەرانبەر منی غەمباری وەک فەرهاد، لێرەدا (شاعیر) کە ( لێچوو)،( بۆخواستراو)ە، لە دێڕەکەدا نەهاتووە، بەڵام (کۆهکەن) کە (لەوچوو)،(لێ خواستراو)ەو هاتووە. لە نیوەدێڕی دووەمیشدا بە هەمانشێوە، (یار) چوێنراوە بە (شیرین) بەڵام وشەی یار، کە (بۆخواستراو)ە نەهاتووە و شیرین، کە (لێ

خواستراو)ە، هاتووە، لە هەردوو خواستنەکەدا بۆخواستراو و لێ خواستراو هەستین، بەو پێیە شاعیر لەم دیڕەدا بە یارمەتی خواستنی ئاشکرای ڕێک و بە سوود وەرگرتن لە داستانی دڵداری شیرین و فەرهاد وێنەیەکی هونەری جوانی دروستکردووە.

## لەیلا و مەجنوون

ڕووداوەکانی چیرۆکی (لەیلا و مەجنوون) عەرەبییە و دەنگوباس و هەواڵی قەیسی کوڕی ملووحی کوڕی موزاحمی عامیری، کە بە مەجنوونی لەیلا (شێتی لەیلا) لە ساڵی (٦٨٨ ز مردووە) لەلای عەرەب و نەتەوەکانی تر ناسراوە. باباییکی عەرەبی خەڵکی نەجد بووە و شیعری وتووە و لەیلای کچی سەعدی ئامۆزای خۆی خۆشویستووە، بەڵام باوکی نەیداوەتێ و ئەمیش سەری خۆی بۆ بیابانەکانی شام و نەجد و حیجاز هەڵدەگرێت. حیکایەتی لەیلا و مەجنوون لە ناوچە جیاوازەکانی وڵاتی کوردەواری لە پاش بڵاوبونەوەی ئاینی ئیسلام کەوتە ناوەوە(خەزنەدار، ١٩٨٤: ١٦٤) و (لە ناو کورددا چەند سەدەیەک هەر فۆلکلۆری گەل بوو، تا لە دوایدا ئەویش چووە ڕیزی ئەدەبی نووسراوەوە.)(ڕەسووڵ، ١٩٧٩: ٦٢) داستانی دڵداری (لەیلا و مەجنوون) بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕەنگی داوەتەوە، بێگومان لەلای کوردیش بەتایبەتی لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا زۆر ئاماژەی بۆ کراوە، بەڕادەیەک کەم شاعیری سەر بەم ڕێبازە هەیە بۆ درووستکردنی وێنە هونەرییەکانی سوودی لەم داستانە وەرنەگرتبێت. بێگومان ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە (تێکستی فۆلکلۆری کوردی حیکایەتی "لەیلا و مەجنوون" کارێکی گەورەی کردۆتە سەر بەرهەمی کلاسیکی نووسراو.)(خەزنەدار، ١٩٨٤: ١٧٨) نەک هەر ئەوەندە، بەڵکوو ناوی (لەیلا) وەکوو ڕەمزێکی لێهاتوە و شاعیران بۆ ئاماژەکردن بە یار و مەعشوقەکانیان بەکاریان هێناوە. سالمیش یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە بایەخێکی زۆری بەم داستانە داوە، بە ڕادەیەک، کە لە دیوانی سالمدا بە شێوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ حیکایەتی (لەیلاو مەجنوون) (٢٤) جار لە ژێر ناوی لەیلا، کۆیی لەیلا، لەیلای عەرەب لەیلاوەش، هەروەها "مەجنوون" بە شێوەی مەجنوون، مەجنوونی بیابان، چۆڵگەردی هاموون، مەجنوونی صەحرایی، مەجنوونی دڵم، قەیس، ئاماژەیان بۆ کراوە. ئەوەتا سالم لە دێڕێکدا دوو وێنەی دروستکردووە، لە نیوەی یەکەمدا ڕەنگ زەردی سالم هۆکاری جوان بوون و گەشانەوەی یارە. ئەمە چوێنراوە بە وێنەی دووەم لە نیوەدێڕی دووەمدا، کە ڕۆژە ڕەشەکانی مەجنوونە و بووە بە سورمە بۆ جوانکردنی چاوی لەیلا. ئەوەتا دەڵێت:

**خەزانی ڕەنگی زەردم باعیثی نەشئوونومای تۆیە**

**سیاهیی ڕۆژی "مەجنوون" سورمەیە بۆ دیدەیی "لەیلا"** (سالم، ٢٠١٥: ١٢٠)

لەم دێڕەدا شاعیر (سیاهیی ڕۆز) کە بە واتای ڕۆژی ڕەشی مەجنوون، ئەوەش شتێکی واتاییە و لەڕێگەی ژیرییەوە لێی تێدەگەین، بەڵام شاعیر بۆ ئەوەی ڕادەی ڕەشی ڕۆژەکانی مەجنوونمان بۆ باسبکات، هاتووە چواندوویەتی بە (سورمە)، کە تەنێکی بەرجەستەیە و زۆر ڕەشە و لەیلا چاوی پێ کل دەکات. بەمەش شاعیر لەڕێگەی بەتەنکردنەوە و بە یارمەتی هونەری لێکچواندن و بە سەرچاوەی داستان وێنەیەکی هونەری زۆر جوانی دروستکردووە. سالم لە دێڕێکی تردا گلەیی لە بەختی خۆی دەکات، کە تەنانەت وەکوو مەجنوونیش نەبووە، بەڵکوو ناڵەی ئەم نەبڕاوەیە، دەڵێت:

**مەجنوونی بیابانی زوو ڕاهی نەجاتی دی**
**ناڵینی منی بەدبەخت جاویدە لە کۆهسارا** (سالم، ٢٠١٥: ٨١)

سالم کە بەراوردی خۆی لەگەڵ (مەجنوون) دەکات، هەست بەوە دەکات هێشتا ئەو حاڵی لە ئەم زۆر باشتر بووە، چونکە ئەو خێرا ڕێگای نەجاتی دۆزییەوە، بەڵام حاڵی ئەم گریان و ناڵەی نەبراوەیە لە شاخ و کێوەکاندا. لە درووستکردنی وێنەکەدا سوود لە جواندنی ناڕاستەوخۆ وەرگیراوە، چونکە لە قوڵای وێنەکەدا من(سالم) بە (مەجنوونی بیابانی) چوێنراوە. بەم شێوەیە بە بەکارهێنانی (مەجنوونی بیابانی) سالم لە خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکەدا سوودی لە داستانی (لەیلا و مەجنوون) وەرگرتووە.

## شێخی صەنعان

شێخی سەنعان، یەکێکی ترە لەو داستانانەی، کە ئەگەرچی عەرەبییە بەڵام زۆر لە مێژە لەناو حیکایەتی فۆلکلۆری کوردیدا جێگای خۆی کردووەتەوە، ئەمەش پاش ئەوە دێت، کە (فەقێی تەیران ١٥٤٩-١٦٣١ز داستانی "بەیتا شێخی سەنعانی" لە ساڵی ١٦٢٠ز، دا لە (٣٦١) بەندی چوارینەدا هۆنیوەتەوە.)(دەشتی، ٢٠٢١: ١٨٠) شاعیرانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی بایەخێکی گەورەیان بەم داستانە داوە. (سالمی ساحێبقڕان) بە بایەخەوە لەم حیکایەتەی ڕوانیوە و بە ناوی (صەنعان، شێخی صەنعان، تەرسا، دوختی تەرسا، تەرسای مەسیحی)یەوە، کردوویەتی بەسەرچاوەی هۆنینەوەی وێنە هونەرییەکانی. سالم لە دێڕێکدا بۆ پیشاندانی خۆی و دڵبەر، هەرسێ داستانی (شێخی صەنعان) و (شیرین و فەرهاد) و (لەیلا و مەجنوون) دەکاتە سەرچاوە و هەوێنی خوڵقاندنی وینەیەکی هونەریی ناوازە و دەڵێت:

**بە دین صەنعانم و غەم کۆهکەن، مەنزڵ لەلای مەجنون**
**بە خوو تۆ دوختی تەرسایی، بە موو لەیلا، بە ڕوو شیرین** (سالم، ٢٠١٥: ٦١٤)

عەشقی سالم بۆ دڵبەرەکەی عەشقێکی پیرۆزبووە، بەڕادەیەک لەیەککاتدا وەکوو شێخی سەنعان دینی خۆی لەبەر دڵبەر دەگۆڕێت و وەکوو فەرهادی کۆهکەن غەمی دڵبەر لەکۆڵ دەگرێت و وەکوو مەجنوونیش بێماڵوحاڵ بووە. لە نیوەی دووەمدا شاعیر ئینجا وێنەی دڵبەرمان بۆ دەکێشێت، کە بە خوو و ڕفتاری وەکوو کچی تەرسایی شێخی سەنعانە و بە زوڵف و ئەگریجەی لە لەیلای مەجنوون دەچێت و بە ڕووخسار و ڕوومەتیش دەڵێی شیرینی فەرهادە. لەیەککاتدا هەرسێ داستانەکەی کردووە بە سەرچاوەی خوڵقاندنی وێنەکە. شاعیر سوودی لە لێکچواندنی کۆ وەرگرتووە و لە نیوەدێڕی یەکەمدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاک (م)ەوە، کە مەبەست لە خۆیەتی، چوێنراوە بە سێ کەس (شێخی سەنعان) و (فەرهاد) و (مەجنوون). لە نیوەی دووەمیشدا، جێناوی سەربەخۆی بۆ کەسی دووەمی تاک (تۆ)، کە مەبەستی دڵبەرە، دیسان بە سێ کەس چواندووە، کە (دوختی تەرسایی) و (شیرین) و (لەیلا)ن. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ٨٦، د:٥)، (ل: ١٠٧، د:٤)، (ل: ١٥٦، د:٩)، (ل: ١٦٦، د: ٦)، (ل: ١٩٨، د: ٢)، (ل: ٢٢٩، د: ١)، (ل: ٢٢٥، د: ٤)، (ل: ٢١٣، د: ١)، (ل: ٣٤٩، د: ٧)، (ل: ٣٧٣، د: ٤)، (ل: ٤٣٩، د: ٧)، (ل: ٤٦١، د:٥)، (ل:٧٣٩، ٥)، (ل: ٨٤٣، د:٥)، (ل: ٨٥٦، د: ٣)، (ل: ٩٤٩، د: ٣).

### ٣/ ٢-١-٢-٢. ئەفسانە

ئەفسانە، بیروباوەڕی مرۆڤی کۆنە لەسەر شێوەی ژیان و گەردوون، توانای دنیابینی مرۆڤە سەرەتاییەکانە، بیرکردنەوەیەکی فەنتازیانەیە بۆ دیاردەکان؛ هەر بۆیە یارمەتیدەری سەرەکییە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبدا، چونکە ((هەروەکوو شێوەکانی تری هونەر، ئەدەب لە ئەفسانەوە لەدایکبووە.))(Коротких, 2007: 15) هەر بۆیە ئەدەب ناتوانێت دەستبەرداری ببێت. بەڵام بێگومان ئەفسانەکان وەکوو خۆیان ناخرێنەوەڕوو، بەڵکوو شاعیران مەزراندنیان دەکەن و بە شێوەیەکی نوێ پێشکەشیان دەکەنەوە، یاخود ڕەمزیان لێوەردەگرن و دەیکەن بە هەوێنی وێنەی سەرنجڕاکێش، چونکە (ئەفسانە لە بواری فەلسەفی و دەروونناسییەکاندا، دەنگی هێمایانە بە شیعر دەبەخشێت.)(Поплавская, 2010: 248) شاعیران دەست دەبەن و ڕووداو و بەسەرهات و ڕەمەزیان لێوەردەگرن و گیانێکی نوێیان بەبەردا دەکەن و دەیانکەن بە هەوێنی وێنەی هونەری و مەبەستەکانی خۆیانیان پێدەردەبڕن.

ئەفسانە، سەرچاوەیەکی گەلێک دەوڵەمەندە و ڕەنگدانەوەی لەناو شیعری هەر شاعیرێکدا پەیوەستە بە شارەزایی شاعیر لەمەڕ ئەفسانە جیهانی و ناوچەیی و نەتەوەییەکان و لێهاتویی

شاعیر لە چۆنییەتی سوود لێوەرگرتنیان بەشێوازێک، کە لەگەڵ سەردەمی شاعیردا بگونجێت. بەو شێوازە شاعیر دەتوانێت بیکات بە سەرچاوەیەکی گرنگی وێنە هونەرییەکانی. لە شیعری (سالمی ساحێبقڕان)دا، ئەفسانە ڕەنگدانەوەیەکی گەورەی هەیە و ڕەهەندی نوێی پێبەخشیوە و وێنەی هونەری خۆی پێ دەوڵەمەندکردووە. سالم هێندە بە ئەفسانە کاریگەربووە، کە پێی وایە ژیانی خۆی شێوەیەکی ئەفسانەیی وەرگرتووە، هەر بۆیە داوا لە خەڵکی دەکات، کە گەر چیرۆکی ئەفسانەییتان دەوێت، ئەوە لە هەموو شوێنێک گوێ بۆ ژیانی سالم هەڵبخەن، کە سەرتاپا ئەفسانەیە، بەمەش (داستانی حالی سالم) چوێنراوە بە (ئەفسانە) و ناوەڕۆکی تێگەشتنی ئەفسانەی کردووە بە سەرچاوەی خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکە. ئەوەتا دەڵێت:

**گوێ گرن یاران لە بازاڕ و مەحەللە و چار سوو**

**داستانی حاڵی "سالم" هەر طەرەف ئەفسانەیە** (سالم، ٢٠١٥: ٨٦٠)

شاعیر لە دێڕێکی تردا لە یەکێک لە وێنە هونەرییەکانیدا سوودی لە چیرۆکی عەنقا (سیمورغ) وەرگرتووە، کە ((باڵندەیەکە لە شانامە و ئاوێستا و داستانە پەهلەوییەکاندا بە شێوەیەکی ئەفسانەیی باسی لێوە کراوە، کە گوایە ئەم باڵندەیە (زاڵ)ی باوکی ڕۆستەمی بردووە بۆ کێوی (قاف) و لەگەڵ بێچوەکانی خۆی گەورەی کردووە و دواتر پەڕێکی لای (زاڵ) بەجێ هێشتووە، هەرکات (زاڵ) و (ڕۆستەم) پێویستیان بە یارمەتی هەبوایە بەو پەڕە بانگیانکردووە و ئەویش هاتووە یارمەتی داون و ڕزگاری کردوون))(یاحقی، ١٣٩١: ٥٠١). ئەم ئەفسانەیە لە ئەدەبیاتی ئێرانیدا زۆرجار بەکارهێنراوە و دواتر پەلی کێشاوە بۆ ناو ئەدەبیاتی ناوچەکە و لە ئەدەبی کوردیشدا زۆرجار بووە بە سەرچاوەیەک بۆ شاعیران و لە بنیاتی وێنە هونەرییەکانیاندا سوودیان لێی وەرگرتووە. ئەوەتا دەڵێت:

**شەهـ کێیە لە لای مەعشووق؟ عوششاقی گەدا شاهن**

**ئارێ لە نەظەر ئەودا عەنقا بە مەگەس نابێ** (سالم، ٢٠١٥: ٩٦١)

لەم دێڕەدا شاعیر سوودی لە ئەفسانەی باڵندەی (عەنقا) وەرگرتووە و، وێنەیەکی هونەری جوانی پێنەخشاندووە، کە تێیدا سەرەتا لە شێوەی پرسیاردا دەڵێت: کێ لە لای یار پادشایە؟ ئینجا هەر خۆی وەڵام دەداتەوە، کە عاشقانی فەقیر و کەم درامەت شان، چونکە بە گەورەی و بچوکی نییە، تەنانەت باڵندەی (عەنقا) بەو گەورەییەی خۆیەوە لەلای یار ناگات بە مێشێکیش. بەمەش شاعیر ئەفسانەکەی لە پەیوەندی نوێدا بەکارهێناوە و وەزیفەی تازەی پێبەخشیوە. یان لە دێڕێکی تردا شاعیر وشەی (ڕووبین تەن)، کە واتای (لەش پۆڵاین) دەگەیەنێت، بەکارهێناوە، کە ئەمەش لە بنەڕەتدا پەیوەستێکی ئەفسانەیی هەیە، چونکە (لە بنیاتدا لە ئەفسانەی "ئاشیل –ئاخیل" ی قارەمانی شەری "تەروادە" وە وەرگیراوە، کە گوایە دایکی بە منداڵی لە ڕووباری "ئەستیکس"ی ژەندووە، کە

لەژێر زەویدابووە، تاکوو ببێت بە ڕووبین تەن، ئەمەش بۆ ناو ئەدەبیاتی فارسی گوستراوەتەوە و ئەوانیش داستانێکی ئەفسانەیی هاوچەشنی وایان هەیە، کە بە ناوی "ئەسفەندیار" هوەیە، کە گوایە جگە لە چاوەکانی هەموو لەشی ڕووبین تەن بووە.)(دەشتی، ٢٠٢١: ١٦٩) ئەوەتا دەڵێت:

**لە غەمزەی تۆوە دڵ ڕووبین تەنێکە**
**بەجێ ماوە لە تیرت بەسکی پەیکان** **(سالم، ٢٠١٥: ٤٩٧)**

شاعیر لەم دێڕەدا سوودی لەو ئەفسانەیە وەرگرتووە و کردوویەتی بە سەرچاوە بۆ خوڵقاندنی وێنەیەکی هونەری جوان و دەڵێت: بە هۆی ئەو غەمزانەوە، کە وەکوو تیر لە دڵت گرتووم، هەمووی لە دڵمدا بەجێ ماوە بەو هۆیەوە دڵم وەکوو تەنێکی ئاسنی لێهاتووە. بەمەش لە خوڵقاندنی وێنەکەدا سوودی لە لێکچواندنی ڕەوان وەرگرتووە، (غەمزە) ی بە (تیر) و (دڵ)ی بە (ڕووبین تەن) چواندووە. دەکرێ شاعیر مەبەستیشی لەوە بێت، کە بە یارەکەی بڵێت: ئەوەندە ئازارت داوم، دڵم وەکوو پۆڵای لێهاتووە، ئیدی هیچ بەلامەوە گرنگ نییە و دڵم بەرگەی هەموو ئازارێک ئەگرێت، چونکە وەکوو پۆڵا ڕەق بووە. بەکارهێنانی ئەفسانەی (ڕووبین تەن) بۆ باسکردن لە دڵڕەقبوونی خۆی، پێدانی وەزیفەی نوێیە بە ئەفسانەکە. لە وێنەیەکی تردا شاعیر سوود لە ئەفسانەی باڵندەی (سەمەندەر) وەردەگرێت، کە (گیانلەبەرێکی وشکانی و ئاوی کلکدارە و باڵایەکی مامناوەندی هەیە و دەگاتە ٢٥ سم، لە شوێنی شێدار و تاریک و ئەشکەوتەکاندا دەژی و جڕ و جانەوەر و کرم دەخوات و دەڵێن: لەناو ئاگردا ناسووتێت و ژیانی لەناو ئاگردایە، هەندێک جاریش دەڵێن: وەک باڵندە وایە.)(عارف، ٢٠٠٩: ٥٤٤) دەوترێت، کە زیندەوەرێکی ئەفسانەیی بێت، چونکە هیچ زیندەوەرێک نییە بە ئاگر نەسووتێت. ئەوەتا دەڵێت:

**خۆشڕەنگە خاڵی هیندوویی فەردت لە عاریضا**
**ثابیت قەدەم موقیمە لە نارا سەمەندەری** **(سالم، ٢٠١٥: ٨٩٦)**

شاعیر (سەمەندەر)ی بەکارهێناوە و بووە بە سەرچاوەیەک بۆ درووستبوونی وێنەیەکی هونەریی نوێ و داهێنراو و دەڵێت: تاقە خاڵی ڕەشت لەسەر ڕووخساری گەشاوەت، هەر ئەڵێی (سەمەندەر)ە، لەناو ئاگردا و شوێنی خۆی گرتووە و ناسووتێت. بە دەربڕینێکی تر دوو وێنەی هێناوە، ڕووخسارێکی گەشاوە خاڵێکی ڕەشی تێدایە، ئەوە وێنەی یەکەمە و چوێنراوە بە وێنەی دووەم، کە سەمەندەرێک لە ناو ئاگردا نیشتەجێیە و شوێنی خۆی گرتووە بەبێ ئەوەی بسووتێت. بەمەش سوودی لە لێکچواندنی وێنەیی وەرگرتووە و (سەمەندەر)، کە باڵندەیەکی ئەفسانەییە کردوویەتی بە سەرچاوە و وەکوو ڕەمزێک بۆ نەسووتان بەکارهێناوە و وێنەیەکی هونەریی داهێنراو و ناوازەی پێخوڵقاندووە. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ٤٢، د: ٨)، (ل:

٤٧، د: ١٩)، (ل:٦٦، د: ١٢)، (ل: ٦٩، د: ٢٢)، (ل: ١٤٩، د: ١)، (ل: ١٨١، د: ٣)، (ل: ١٨٢، د: ٦)، (ل: ٢٠٥، د: ٤)، (ل: ٢١٠، د:٥)، (ل: ٢١٣، د: ٥)، (ل: ٧٤٥، د: ٢)، (ل: ٧٩٠، د: ٣).

### ٣/ ٢-١-٢-٣. پەندی پێشینان

پەندی پێشینان، لقێکی گەورە و دیاری فۆلکلۆرە و سەرچاوەیەکی گەورەی ڕۆشنبیرییە، کە شاعیران لە شیعرەکانیاندا بەرجەستەی دەکەن. پەندی پێشینان نیشانەیەکی دیار و گرنگی پەیوەندی و ئاگاداربوونی شاعیرە بەو ژینگەیەوە، کە تێیدا دەژێت، بەوەش ئەوەی بیستوویەتی یان بینیویەتی لە پەندە باو و ناسراو و گرنگەکان لە ناو خەڵکیدا وەریدەگرێت و بە شێوازی تایبەتی خۆی، کە لە ڕەمز و کۆد بچێت لە شیعرەکانیدا دایدەڕێژێتەوە، چونکە هەروەکوو (گەسپارۆڤ) دەڵێت: ((پەند، هەم گەورەترین یەکەی زمانی بەکۆدکراوە، هەم کورتترین پێکهاتەی شیعرییە لەناو قسەکردنماندا.))(Гаспаров, 1987: 8) بەو شێوازە هەم دەیکات بە هەوێن و سەرچاوەی وێنە هونەرییەکانی و هەمیش دەبێتە پەیوەست و ڕایەڵەیەکی گرنگ بۆ گواستنەوەی ئەزموونی هەزاران ساڵی مرۆڤ بۆ خوێنەرانی سەردەم، چونکە لە ڕاستیدا (پەندی پێشینان، بەرهەمی کەسانێکی ڕۆشنبیر و دانایە، لەپاش ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی زۆر بەهۆی خۆشی و ناخۆشییەوە هاتوونەتە کایەوە، سینگ بە سینگ و نەوە بۆ نەوە پشتاوپشت پارێزراون و دەماودەم لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر، گوێزراونەتەوە.)(کاکەیی، ٢٠٠٨: ٣) سالم لەگەڵ ئەوەی شاعیرێکی دیاربووە ڕۆشنبیرێکی گەورەی سەردەمەکەی خۆشی بووە، بۆیە فۆلکلۆر بەگشتی و پەندی پێشینانیش بە تایبەتی بایەخی هەبووە بەلایەوە و کردوویەتی بە هەوێنی خولقاندنی وێنە هونەرییەکانی و نهێنی و ئەزموونی ژیانی ڕابردوو و سەردەمەکەی خۆی پێگرێداوە. لێرەدا نموونەی هەندێک لەو پەندانە دەخەینەڕوو. بۆ نموونە (لەگەڵ گورگا شایی دەکا و لەگەڵ مەریش شیوەن دەکا.)(خاڵ، ٢٠٠٧: ٣٦٤) ئەم پەندە، بە یەکێک دەوترێت، کە دووڕووبێت، هەم لەگەڵ تۆ بێت و هەمیش لەگەڵ دووژمنەکەت بێت. سالم دەڵێت:

**گەهێ هەمدەردی ئەتراکن، گەهێ هەمعەیشی ئەکرادن**
**لە یەک لا مادەری بەڕڕەن، لە یەک لا یاری گورگانن** **(سالم، ٢٠١٥: ٥٨٨)**

سالم سوودی لە ناوەڕۆکی ئەو پەندە وەرگرتووە و بەکاریهێناوە بۆ ڕەخنەگرتن لە بازرگانەکانی ئەو سەردەمەی شاری سلێمانی لەو کاتەدا، کە میرنشینی بابان بەدەستی تورکە عوسمانییەکان دەڕوخێت و سلێمانی داگیردەکەن. هەندێک لە بازرگان و کاسپکارەکانی شار لەلایەکەوە خۆیان بە دڵسۆزی بابان نیشانداوە و لەلایەکی ترەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان مەراییان

بۆ عوسمانییەکان کردووە. شاعیر بە شێوازی خۆی هەندێک گۆڕانکاری لە پەندەکەدا کردووە و دەڵێت، لەلایەک دایکی بەرخن و لەلایەکی ترەوە هاوڕێی گورگن. لە وێنەکەدا ناڕاستەوخۆ (ئەتراک) تورک، بە گورگ و (ئەکراد) کورد، بە (مادەری بەڕڕە) دایکی بەرخ چوێنراوە. بەمەش لە خوڵقاندنی وێنەکەدا هەم سوود لە لێکچواندن و هەمیش لە پەندی پێشینان وەرگیراوە.

(کەری دێز حەز بە تۆپینی خۆی و زەرەری خاوەنی ئەکات.)(خاڵ، ٢٠٠٧: ٣٠٦) ئەم پەندە بە یەکێک دەوترێت، کە زیان بە خۆی بگەیەنێت، بۆ ئەوەی زەرەر لە یەکێکی تر بدات. سالم سوودی لە ناوەڕۆکی ئەو پەندە و تاڕادەیەکی زۆریش وەکوو خۆی بەبێ گۆڕانکاری بەکاریهێناوە و وەسفی ئەسپەکەی (حەمە ئەحمەد) ناوێکی پێکردووە و دەڵێت:

**وەک کەری دێز فەوتی خۆی و ڕەنجشی خێوی دەوێ**
**هەر لە ناکادا، بە عەمدەن، خۆی لە خمخۆڕک دەخا** (سالم، ٢٠١٥: ٣٢)

لەم دێڕەدا شاعیر هیچ گۆرانکارییەکی لە پەندەکەدا نەکردووە و تاڕادەیەکی زۆر وەکوو خۆی لە نیوەدێڕی یەکەمدا بەکاریهێناوە، تەنها ئەوەندە نەبێت، کە سوودی لە لێکچواندن وەرگرتووە و ئەسپەکەی چواندووە بەو کەرە دیزەیەی حەز بە تۆپینی خۆی دەکات بۆ ئەوەی زیان بە خاوەنەکەی بگەیەنێت. هەربۆیە بە دەستی ئەنقەست خمخۆڕک دەکات بۆئەوەی بکەوێت. لێرەدا شاعیر لە بەکارهێنانی پەندەکەدا هیچ هونەرمەندییەکی نەنواندووە و تەنها کردوویەتی بە سەرچاوەیەک بۆ خولقاندنی وێنە هونەرییەکە.

(عوزر لە قەباحەت خراپترە.)(خاڵ، ٢٠٠٧: ٢٧٦) بە یەکێک دەوترێت، کە هەڵەیەک بکات و لەپاشا عوزرێکی وای بۆ بێنێتەوە لە هەڵەکەی ناشرینتربێت. سالم سوودی لە ناوەڕۆک و شێوەی داڕشتنی ئەو پەندە وەرگرتووە و بە هەندێک دەستکارییەوە بۆ ئەو مەبەستەی، کە خۆی دەیەوێت بەکاری هێناوە و دەڵێت:

**مایەیی فیتنە دڵە و تازە دەڵێ: لادە لە عیشق!**
**لە خەطا بەدترە تا صەد دەرەجە، عوذری قەبیح** (سالم، ٢٠١٥: ٢٤٧)

شاعیر لە نیوەدێڕی دووەمدا سوودی لە پەندەکە وەرگرتووە و کردوویەتی بە سەرچاوە بۆ خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکەی. بەهۆی پەندەکەوە توانیویەتی سەرزەنشتی دڵی خۆی بکات. بەسوود وەرگرتن لە خواستنی شاراوە و بە بەکارهێنانی بەکەسکردنەوە، توانج لە دڵی خۆی دەدات و وایدەبینێت، کە هەر لەسەرەتاوە خەتاکە بەهۆی دڵەوە بووە، کەچی ئێستا هاتووە تازە دەڵێت: خۆت لە عیشق لا بدە، هەر هیچ نەڵێیت باشترە، چونکە عوزر لە قەباحەت سەد جار خراپترە.

### ٣/ ٢-١-٢-٤. داب و نەریت

نەتەوەی کوردیش وەکوو هەموو نەتەوەکانی تری دنیا خاوەنی کۆمەڵێک دابونەریتی تایبەت بەخۆیەتی و جیایدەکاتەوە لە نەتەوەکانی تر. دابونەریت پەیوەندییەکی گەورەی بە کات و شوێنەوە هەیە، بەو مانایەی لە کاتێکی دیاری کراودا لە شوێنێکدا جۆرە بیرکردنەوە و ڕفتارێک بەهۆی چاولێکەرییەوە دەبێت بە نەریت و ئیتر خەڵکی لەسەری دەڕۆن. کورد خاوەنی گەلێک دابونەریتە، کە هەندێکیان سەرهەڵدانەکەیان بۆ مێژوویەکی زۆرکۆن دەگەڕێتەوە. نەریتەکان مەرج نییە هەمیشە وەکوو خۆیان بمێننەوە، چونکە بەپێی تێپەربوونی کات، یان کاڵ دەبنەوە، یان بە تەواوی لەناودەچن و نەریتی تر شوێنیان دەگرنەوە. سالم لە هەندێک لە دێڕە شیعرەکانیدا چاوی کامێرای وشەکانی خستووەتە سەر داب و نەریتە باوەکانی سەردەمی خۆی و کردوونی بە سەرچاوە و هەوێنی خوڵقاندنی گەلێک وێنەی هونەری جوان. ئێمە لێرەدا هەندێک لەوانە دەخەینەڕوو. لە ڕۆژگاری ژیانی سالمدا وەکوو نەریتێکی ئەو سەردەمە زۆر باوی (ڕاوشکاری و واشەگیری) هەبووە، کە شێوازی دانانی داو و دان و دانەوێڵەکان پێویستی بە هونەرمەندی هەبووە تاکوو بتوانرێت ئەو پەلەوەر و باڵندەیەی پێ ڕاوبکرێت، کە مەبەستبووە. سالم سوودی لەو دابونەریتە وەرگرتووە و لە بنیاتی وێنەیەکدا دایڕشتووەتەوە و دەڵێت:

**لەسەر ڕوو دانەیی خاڵت بە فەن داناوە، دەیزانم**

**بە قەصدی مورغی دڵ زوڵفت بە دەورا داوە، دەیزانم** (سالم، ٢٠١٥: ٤٤٩)

شاعیر لە وێنەکەدا باس لە خاڵی سەر ڕوومەتی دڵبەر دەکات، کە زوڵفی ئەڵقەی لە دەوری خاڵەکە داوە. بەڵام بەو سادەییە باسی لێوە نەکردووە، بەڵکوو بەیار دەڵێت: دەزانم تۆ ڕاوکەرێکی لێهاتوویت و باش دەزانیت ڕاوبکەیت، هەر بۆیە بە دەوری خاڵی سەر ڕوومەتتدا ئەڵقەی زوڵفت داناوە تاکوو کۆتری دڵی من بۆ دانەکە بێت و ئەڵقەی زوڵفیشت وەکوو داوی ڕاوکەران ڕاوی بکات و بیگرێت. دەربڕینی (بە دەورا داوە) زۆر هونەرمەندانە بەکارهێنراوە و دوو واتا هەڵدەگرێت: (بە دەوریدا کێشاوە) و (بە دەوریدا وەکوو داوی ڕاو داتناوە). تەواوی وێنەی ئەم دێڕە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چوێنراوە بە وێنەی شێواز و هونەرمەندی لە دانانی داوی ڕاوشکاری و واشەگیریدا و ڕەگەزەکانی وێنەکە بۆ بوارێکی جیاواز لە وێنە بنچینەییەکە بەکارهێنراوە. هەروەها لە وێنەکەدا سوود لە چواندنی ڕەوانیش وەرگیراوە و (دڵ) بە (مورغ) و (زوڵف) بە (داو) چوێنراون. جگە لە دابونەریت گۆرانی فۆلکلۆریش بووە بەسەرچاوە بۆی کە دەڵێت: هاتم بەبۆنەی خاڵت تووشی داوی زوڵفت بووم – تەیرێکی نابەڵەد بووم نەمزانی دانە و داوە.

له دابونەریتی کوردەواریدا ئەو نەریتە باوە، کە (پشیلەی ڕەش) باش نییە و شووم و نەگبەتی بۆ ماڵ و خێزان دەهێنێت، ئەمە لای شاعیر بووە بە سەرچاوەی درووستکردنی وێنەیەکی هونەری و دەڵێت:

**زەمانە قەت لەگەڵ ئەولادی ئادەم باوەفا نابێ**
**وەکوو گوربەی سیەهـ ئەصڵەن بە مەردوم ئاشنا نابێ (سالم، ٢٠١٥: ٩٥٨)**

لەم دێڕەدا دوو وێنە خراونەتەڕوو، لە نیوەدێڕی یەکەمدا بێوەفایی زەمانەیە بەرانبەر بە نەوەی ئادەم. ئەم وێنەیە بەیارمەتی لێکچواندنی وێنەیی چوێنراوە بە وێنەی نیوەدێڕی دووەم، کە لە دابونەریتەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەویش: پشیلەی ڕەشە و قەت لەگەڵ خەڵکی نابێتە هاوڕێ. هەروەها لە نەریتی کوردەواریدا وا باوە، کە (مانگی صەفەر) مانگێکی شوومە، دەبێتە هۆی هێنانی بەدبەختی و نەگبەتی، شاعیر سوودی لەم بیروباوەڕە نەریتییە وەرگرتووە و دەڵێت:
**دیدەنی ئەبروویی تۆ، فیتنەیی شەهری صەفەر**
**دیدەیی جادوویی تۆ، مایەیی حیلە و فەریب (سالم، ٢٠١٥: ١٥٩)**

لەم دیڕەدا شاعیر داب و نەریتی کوردەواری کردووە بە سەرچاوە بۆ دروووستکردنی وێنە هونەرییەکە، چونکە برۆی یاری چواندووە بە مانگی سەفەر و هەر بینینی برۆیی دڵبەر دەبێتە هۆی فیتنە و ئاشووب. شاعیر ڕەگەزەکانی وێنە بنەڕەتییەکەی گواستۆتەوە و لە بواری دەرخستنی جوانی برۆی یاردا بەکاریهێناوە و وێنەیەکی هونەریی جوانی پێخوڵقاندووە. لە دێڕێکی تردا سالم باس لە نەریتی کاتی ژن گواستنەوە دەکات و دیمەنی گۆرانی گوتنی پۆیلەی بووک و بەربووک و دەنگی خڕنگەی بازنگ دەکاتە سەرچاوەی خوڵقاندنی وێنەیەکی هونەری، کە پشتی بە شێوازی وەسفی ڕاستەخۆ و لێکچواندنیش بەستووە و دەڵێت:

**لەگەڵ کارواندا ئاوازی پۆیلە وەک جەرەس هەستا**
**لە دەست زاوا، لە دەست بووکا، خڕنگەی بازنە ئەمشەو (سالم، ٢٠١٥: ٧٠٧)**

جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ٤٦١، د: ١)، (ل: ٥٨١، د: ٢٢)، (ل: ٦٤٥، د: ١)، (ل: ٦٦١، د: ٩)، (ل: ٦٦٣، د: ١٧)، (ل: ٧٣٣، د: ١)، (ل: ٧٨٢، د: ٩، ١٠)، (ل: ٨١٨، د: ٥)، (ل: ٩٠٥، د: ١١).

### ٣/ ٢-١-٣. سروشت

سروشت، پانتاییەکی بەرفراوانە و بێشکەی لە ئامێزگرتنی نەوەی ئادەمە، کە بێگومان بەبێ سروشت نەیدەتوانی درێژە بە ژیان بدات، هەربۆیە کانت (Kant ١٧٢٤– ١٨٠٤ز) دەڵێت: ((مرۆڤ پێویستە سروشت بناسێت و لەوە تێبگات، کە خۆی بەشێکە لە سرووشت،))( Кругликова, 2002: 11) چونکە (مرۆڤ و سرووشت، پەیوەندییەکی جیانەکراوە و مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە.)(Борис, 1961: 123) هەربۆیە سەرەڕای پێویست بوونی سروشت بۆ مرۆڤ، هەمیشە جێگای بایەخیشی بووە و لەبواری هونەر و ئەدەبدا پشتی پێبەستووە، ئەوەتا (ژیرمۆنسکی) دەڵێت: ((هەموو هونەرێک، هەندێ ماددەی قەرزکراو لە جیهانی سروشت بەکاردەهێنێت.))(Жирмунский, 1928: 23) بەومانایەی سروشت، (ماددە دەداتە شاعیر لە پێناو دروستکردنی هونەردا.)(طنوس، ١٩٩٣: ٥٨) ئەمەش بەتایبەتی لە وێنەی هونەریدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەتا (د.شەفیع کەدکەنی) دەڵێت: ((لەهەر بارێک لەبارە مەعنەوییەکانی شیعر، لە وێنەی شیعریدا، ڕەگەزی سروشت زۆرترین پشکی هەیە.))(کدکنی، ١٣٧٥: ٣٢١) هەروەها (باختین) دەڵێت: ((زۆربەی جار بابەتی وێنە، دیاردەیەکی سروشت، یان مێژووە.))(Бахтин, 1982: 66)

هەر گۆشەیەکی ژیانی مرۆڤ بگریت، پەیوەندییەکی پتەوی بە سروشتەوە هەیە، لەو پەیوەندییە جۆراوجۆرەشدا ئاوەزی شاعیر لەڕێگەی هەستەکانییەوە، هەرجارەی لایەنێکی ئەو سروشتە کاری تێدەکات و دەبێتە سەرچاوەی خوڵقاندنی وێنەیەکی بەرزی هونەری، چونکە (بەتایبەتی لە سروشت دایە، کە شاعیر پاکترین سەرچاوەی ئیلهامی شیعری خۆی دەدۆزێتەوە.)(Эпштейн, 1990: 14) بەڵام شاعیر، سروشت وەکوو خۆی لە وێنەکاندا بەکارناهێنێت، بەڵکوو هەڵیان دەوەشێنێت و جارێکی تر پەیوەندییەکی تازە بە ڕەگەزەکان دەبەخشێت. ئەوەش پێویستی بە لێهاتوویی هەیە، لەبەرئەوەی هەر وەک (پۆتێبنیا) دەڵێت: ((کاتێک شاعیر سروشت بۆ ناو شیعرەکانی بەرزدەکاتەوە و بەکاریدەهێنێت، دەبێت زۆر بەوریاییەوە ئەوە بکات، چونکە سروشت و شیعر هەمان بواری یەکترنین و بە هەمان پێوانەش ناپێورێن.))(Потебня, 1990: 31) بەڵام شاعیر لێهاتووانە بەپێی سەلیقەی خۆی دەست بۆ کەرەستەکانی سروشت لە خۆر و مانگ و ئەستێرە و گوڵ و چیمەن و دار و بەرد و دەریا و ڕووبار و کانی و هەور و بەفر و باران و تەرزە و کەژ و کێو و دۆڵ و دەشت و بیابان و بۆنی گوڵ و خوڕەی قەڵبەزە و دەنگی بولبول و باڵندە و گیانلەبەر و کەروێشک و ئاسک و ڕەگەزەکانی تر دەبات و سەرچاوەیان لێوەردەگرێت و وێنەی هونەریی سەرنجڕاکێشیان پێدەخوڵقێنێت. سالم لەم مەیدانەدا هەم بە مەبەستی پیشاندانی جوانییەکانی سروشتی کوردستان و هەمیش بۆ

وێناکردنی جوانی دڵبەر، گەلێک وێنەی هونەری ناوازەی خوڵقاندووە، کە ئیلهامیان لە سروشتەوە وەرگرتووە. ئەوەتا لە دێڕێکدا دەڵێت:

**دەنگی صەد ڕەنگی کوڵنگ و قاز و سۆنە و بۆرچین**
**سازوەش هەر سوو لە گوێی سەبزە و شەتاوان هاتەوە** (سالم، ٢٠١٥: ٨٣٢)

شاعیر لەم دێڕەدا لە دڵخۆشی مژدەی ئازادبوون و گەڕانەوەی (عەبدوڵڵا پاشای بابان) لە ئەستەمبووڵەوە، بەهارێکی پیشانمانداوە، کە تێیدا دەنگی سەدجۆری پەلەوەری وەکوو قاز و قوڵینگ و مراوی، لە هەموو ناوچە سەوزای و گوێ ئاو و کانییەکانەوە وەکوو دەنگی ساز دێتە گوێ. لە دێڕەکەدا سوود لە ڕەگەزەکانی سروشت وەرگیراوە بەیارمەتی هونەری لێکچواندن، وێنەیەکی هونەریی گەلێک جوان و ناوەزەی بۆ خوڵقاندووین. لە دێڕێکی تردا شاعیر دوو جوانیمان نیشاندەدات، جوانی یەکەم: هین سروشتە و دووەمیش هین دڵبەرە، لە هەردووکیان وێنەیەک دەخولقێنێت و دەڵێت:

**لەسەر سەبزەی چەمەن یاری سەهی قەددم کە جیلوەی کرد**
**لە سوجدەی خاڵی لای لێوی، بەنەفشە گەردنی خەم بوو** (سالم، ٢٠١٥: ٦٣٨)

دوو وێنە لە دێڕەکەدا کێبڕکێ دەکەن، وێنەی دووەم دەرکەوتنی یاری باڵا ڕێکە و خاڵێک لە تەنیشتی لێوێتی. بۆ دەرکەوتنی ئەو وێنەیە سوود لە ڕەگەزەکانی سروشت وەرگیراوە، کە وێنەی یەکەم دەنوێنێ، بریتییە لە باخ و چیمەن و سەوزای و گوڵی وەنەوشە. جوانی دووەم، کە سروشتە ملکەچی جوانی دڵبەر دەبێت و تەنانەت وەنەوشە گەردنی بۆ خاڵی دڵبەر کەچ دەکات. وێنەی نیوەدێڕی یەکەم لەڕێگەی وەسفی ڕاستەوخۆوە پیکهێنراوە، بەڵام لە نیوەی دووەمدا بەهۆی سوجدە بردنی وەنەوشەوە، سوود لە خواستنی درکاو وەرگیراوە. ڕەگەزەکانی سروست لە پەیوەندی تازەدا بەکارهێنراون و ئەرکی نوێیان پێسپێردراوە. لە کۆی وێنەی دێڕە شیعرەکەدا، سروشت سەرچاوەی سەرەکی پشت خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکەیە. لە دێڕێکی تردا شاعیر بۆ وێناکردن و پیشاندانی هەندێک لە ئەندامەکانی جەستەی دڵبەرەکەی سوود لە کەرەستەکانی سروشت وەردەگرێت و دەڵێت:

**غەبغەب و خاڵ و لەب و طوڕڕەیی یار**
**سونبول و سیب و بەنەفشە و گوڵنار** (سالم، ٢٠١٥: ٣٠٦)

شاعیر لە نیوەدێڕی یەکەمدا ویستوویەتی ئاستی جوانی دڵبەرەکەیمان بۆ وێنابکات. بۆ ئەمەش هاتووە لە نیوەدێڕی دووەمدا بەرانبەر هەر یەکێک لەو ئەندامانە هەندێک ڕەگەزی سروشت و گوڵ و گوڵزاری هێناوە. لە خوڵقاندنی وێنەکەدا سوود لە لێکچواندنی پێچراوی نارێک

وەرگیراوە و (غەبغەب) بە (سێو) و (ئەگریجە) بە (سونبول) و ( خاڵ) بە (وەنەوشە) و (لێو)یش بە (گوڵ هەنار) چوێنراون. شاعیر ڕەگەزەکانی سروشتی لە پەیوەندییەکی نوێدا بەکارهێناوە. بەو جۆرە سەرچاوەی سەرەکی بۆ وێنەکێشانی یار تەنها سروشتە و هەر ئەویش هەوێنی خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکەیە. لە دێڕێکی تردا سالم تەواوی گۆڕانکارییەکانی سروشتمان لە ماوەی ساڵێکدا لەیەک وێنەدا بۆ کۆدەکاتەوە و دەڵێت:

**چهار فەصڵی، لە هەر فەصڵا بە یەک دەم وا لە لای "سالم":**
**بەهار ئەشک و خەزان ڕەنگ و زمستان ئاهـ و دڵ هاوین!        (سالم، ٢٠١٥: ٦٠٣)**

هەر وەک ڕوون و ئاشکرایە، کە ساڵ لە هەر چوار وەرزی (بەهار، پایز، زستان، هاوین) پێکدێت و هەر وەرزێکیش خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی و بەوە لە وەرزەکانی تر جیادەبێتەوە. ئەو تایبەتمەندییانەش وادەکەن، کە وەرزەکان خاوەنی سروشتی تایبەت بە خۆیانبن و جیاوازبن لەوانیتر. لە واقیعدا بەهۆی تایبەتمەندی جیاوازی وەرزەکانەوە ناتوانرێت پێکەوە کۆبکرێنەوە. بەڵام سالم لە ئاستی خەیاڵدا و لە یەککاتدا لە خودی خۆیدا هەر چواریان پێکەوە کۆدەکاتەوە. شاعیر بۆ وێناکردنی خۆی سروشتی گۆڕاوی چوار وەرزی ساڵ دەکاتە سەرچاوە و سوود لە لێکچواندنی بڵاو وەرگرتووە و (ئەشک)ی بە (بەهار) و (ڕەنگ)ی بە (خەزان) و (ئاه)ی بە (زستان) و (دڵ)ی بە (هاوین) چواندووە. شاعیر ڕەگەزەکانی سروشتی هەڵوەشاندووەتەوە و جارێکی تر لە پەیوەندییەکی نوێدا دایڕشتووەتەوە و کردوونی بە هەوێنی خوڵقاندنی وێنەیەکی هونەری ناوازە. سالم هەندێک جاری تر دیمەنی وێرانکردنی سرووشتی جوانی کوردستانی لە لایەن عوسمانییەکانەوە بۆ گواستوویەنەتەوە و لە هەستێکی پڕ لە ڕۆحی نەتەوەییەوە، ئازار و غەمی خۆیمان لەپشتی وێنەکانەوە پیدەگەیەنێت. ئەوەتا لە وەڵامی نامە شیعرییەکەی نالیدا، کە لە شامەوە بۆ سالمی ناردووە. سروشتی (کانی ئاسکان) ی سلێمانی لە دوو کاتی جیاوازدا (پێش هاتنی ڕۆم بۆ سلێمانی) و (دوای هاتن و داگیرکردنی سلێمانی لە لایەن ڕۆمەوە) بۆ نالی باسدەکات و دەڵێت:

**ئەوسا مەکانی ئاسکە بوو (کانی ئاسکان)**
**ئێستە لە دەنگ و ڕەنگی ئەڕۆمی پڕە لە کەر        (سالم، ٢٠١٥: ٣٣٧)**

سالم بۆ نالی باسدەکات، کە پێش داگیرکردنی سلێمانی لەلایەن تورکەکانەوە، (کانی ئیسکان) شوێنی کۆبوونەوەی ئاسکەکان بوو، بەڵام ئێستا ئەوەنە خەڵکی ڕۆمی لێیە پڕە لە (کەر)، لە نیوەی یەکەمدا دەکرێ بڵێین لەسەر بنەمای وەسفی ڕاستەوخۆ دروستکراوە، کە کانی ئاسکان ئاسکی عادەتیی لێبووبێت. گەرچی دەکرێ ئاسکە، درکە بێت لە کچێکی جوان. لە نیوەی دووەمیشدا ڕۆم بە کەر چوینراوە. واتە دەست بۆ ڕەگەزی واقیع براوە و سوود لە وەسفی ڕاستەوخۆ و درکە و

لێکچواندن وەرگیراوە بۆ خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکە، کە دەرخەری هەستێکی قووڵی نەتەوەییە لەلای شاعیر. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ١٦٠، د: ٥)، (ل: ١٦٩، د: ٥)، (ل: ١٩٣، د: ٢)، (ل: ٢٢٥، د: ١)، (ل: ٢٣٠، د: ٥)، (ل: ٢٣٢، د: ٣)، (ل: ٢٤١، د: ١)، (ل: ٢٧٣، د: ١٠)، (ل: ٢٩٧، د: ١)، (ل: ٣٠٦، د: ١)، (ل: ٣٠٧، د: ٤)، (ل: ٣٣٦، د: ٢٢)، (ل: ٤٢٩، د: ٣).

## ٣/ ٢-١-٤. واقیع (کەتوار)

واقیع، یەکێکی ترە لەو سەرچاوە بابەتییانەی، کە ڕۆڵێکی زۆر گرنگی لە پێکهێنانی وێنەی هونەریدا هەیە. شاعیر تاکێکی کۆمەڵایەتییە، ئەوەی لە واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریدا ڕوو دەدات، کاریگەری بەسەر ئەویشەوە دەبێت. هەر لەکۆنەوە لەبابەتی ناساندنی ئەدەبەوە وتراوە بریتییە لە ڕەنگدانەوەی واقیع، یان ئەدەب ئاوێنەی ئەو واقیعەیە، کە تێیدا سەرهەڵدەدات. چاوەکانی شاعیر دەبنە کامێرایەک و ئەوەی دەیبینێت لە خۆشی و ناخۆشی و تاڵی و ترشی سەرکەوتن و نوشست، وەریدەگرێت و لە ئاوەزدا گۆڕان بەسەر ڕەگەزەکانیدا دێنێت و لە پەیوەندی نوێدا دەیخاتەگەڕ. بێگومان ئاوەزیش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، چونکە (وێنەی هونەری یەکگرتنی واقیع و ئاوەزە.)(Борев, 2002: 12) ئەو یەکگرتنەش پەیوەندی نوێیان بۆ پێکدێنێت و دواجار لە وێنەی هونەریدا پێشکەشیدەکات، چونکە وێنە، ئامرازی هونەریی شاعیرە، کە لە ڕێگەیەوە شتەکانی دەوروبەری لە گەردووندا، یان ئەزموونێکی تایبەتی خۆی و دیمەنەکانی ژیانی و واقیعی دەوروبەری و کۆمەڵگاکەی و نەتەوەکەی لەڕێگەی وێنەوە دەکێشێت. بێگومان نابێت وێناکردنی واقیع وەکوو خۆی بێت، چونکە (وێنەی هونەری، تەنها لێکدانەوەیەکی دەرەکی نییە بۆ واقیع، بەڵکوو لە شێوەی هەڵوێستێکی داهێنەرانە بۆ واقیع خۆی بەرجەستەدەکات. وەک ڕێگایەک بۆ ئەندێشەکردن و تەواوکردنی ژیانی ڕاستەقینە.)(Серикова, 2010: 98) ئەندێشە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دووبارە تەوزیفکردنەوەی ڕەگەزەکانی واقیع لە ناو وێنەی هونەریدا هەیە و شاعیری سەرکەوتوو بەو واقیعە ڕازی نابێت، بەڵکوو باشتر لەو واقیعە لە ئەدەبەکەیدا پێشکەشدەکات. بەو مانایەی هەرچەندە ((شاعیر بەواقیعێکی ماددی هەستپێکراو دەستپێدەکات و زۆربەی وێنە شیعرییەکانی لێیەوە وەردەگرێت، بەڵام ئەم واقیعە دەقاودەق ناگوازێتەوە، بەڵکوو لێیەوە دەستپێدەکات بۆ ئەوەی تێیپەڕێنێت و بیگۆڕێت بۆ واقیعێکی شیعری.))(بابکر، ٢٠٠٠: ٢٥)

سالمی ساحێبقڕان خاوەنی ڕوانینێکی ورد و ئاوەزێکی قووڵ و ئەندێشەیەکی داهێنەرانەبووە و لەگەڵ ئەوەشدا واقیع حاڵ و بینەری زۆربەی ڕووداوە ناخۆشەکانی

سەردەمەکەی بووە، هەروەک (عەلائەدین سەجادی) دەڵێت: ((بەتایبەتی کە دێتە سەر باسی بابان و تورکان، بەجۆرێ باست بۆ ئەکا لاتوا ئەبێ کەوتۆتە شریتی سینەماوە و تۆ دانیشتویت سەیرئەکەیت.))(سجادی، ١٩٧١: ٢٦٦) بەمەش سالم لە گواستنەوەی واقیعی بارودۆخی خەڵک و باری سیاسی و ژیانی تایبەتی خۆی بۆ نەوەکانی داهاتوو بەیەکێک لە باشترین شاعیرانی ئەدەبی کلاسیکی کوردیی دەژمێردرێت. ئەوەتا (د.مارف خەزنەدار) دەڵێت: ((بەڕاستی دەکرێ سالم بە گەورەترین شاعیر بژمێررێ لە ڕووی ئەوەی ژیانی ناوچەی سلێمانی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا لە شیعری ئەودا ڕەنگیداوەتەوە.))(خەزنەدار، ٢٠١٠: ١٥٧) لێرەدا هەوڵدەدەین نمونەی هەندێک لەو وێنانە وەربگرین، کە واقیع سەرچاوەی بەدیهاتنیان بووە. سالم لە دەقێکدا باس لە شەڕی نێوان (عەزیز بەگی بابان) و (ئیسماعیل پاشای ڕۆمی) دەکات و وێنەی شەڕەکە و واقیعی تاڵی ئەو کاتەی کوردەکان باسدەکات و دەڵێت:

**هەی خودا ڕۆ، لەو دەمە چیی کرد غەوی تۆپ و تفەنگ؟**
**سەرزەمین تاریک و دونیا تۆز و کەڕ گوێی ئاسمان** **(سالم، ٢٠١٥: ٥٤٢)**

شاعیر بە دڵگرانییەوە ڕوو لە خودا دەکات و دەڵێت: ئەو کاتە دەنگیناڵەی تۆپ و تفەنگ قیامەتیان هێنابوو دنیا هەموو تۆز و غوباربوو هیچ دیارنەبوو، کەچی فەلەک هەر گوێی لە ناڵە و هاواری کورد نەبوو. شاعیر وەکوو شایەتحاڵێک سوودی لە واقیعی شەڕەکە وەرگرتووە و پەیوەندی نوێی بۆ ڕەگەزەکانی دروستکردووە و لە وێنەی هونەریدا تەوزیفی کردووەتەوە. لە نیوەدێڕی یەکەمدا سوودی لە شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ وەرگرتووە و لە نیوەی دووەمیش لە دەربڕینی (گوێی ئاسمان)دا سوودی لە خواستنی درکاو و تەکنیکی بەرجەستەکردن بینیوە و واقیعی حاڵی ئەو سەردەمەی سلێمانی کردووە بە سەرچاوەی خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکە. سالم پێ بە پێ واقیعی شەڕەکە دەگوازێتەوە و لە دێڕێکی تردا شکستی بابانەکان لەسەر دەستی ڕۆمەکان وێنا دەکات و دەڵێت:

**حاکمە ڕۆمی لەسەر تەختی (سولەیمانی)، دریغ!**
**کەوتە دەستی دێوی دوون، موهری سولەیمان ((الأمان))** **(سالم، ٢٠١٥: ٥٢٨)**

لێرەدا شاعیر ئەسەف بۆ ئەوە دەخوات، کە ئێستا ئیتر ڕۆمەکان لەسەر تەختی پاشای سلێمانی، (کە مەبەستی بابانەکان) حاکمی شارن. ئەمەش هەروەکوو ئەوەیە ئەنگوستیلەی حەزرەتی سلێمان کەوتبێتە دەستی دێو. شاعیر لە نیوەی یەکەم و دووەمیشدا سوودی لە شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ وەرگرتووە. بەڵام نێوان هەردوو وێنەکەی بەهۆی لێکچواندنی ناڕاستەوخۆوە پەیوەست کردووە و سوودی لەسەرچاوەی واقیع وەرگرتووە. تەواوی قەسیدەکە گواستنەوەیەکی

ورد و دەقیقی شەڕەکەیە و تەواوی ڕووداو و کەرەستەکانی شەڕ و شوێنەکان و عەشیرەت و کەسایەتییەکان کەوتوونەتە بەر زوومی کامێرای وشەکانی شاعیر و لە چوارچێوەی وێنەی هونەریدا بۆ نەتەوەکەمانی پاراستووە. واقیعی تاڵی سیاسی ئەو کاتەی کورد و بەتایبەتی دەسەڵاتی بابان و پەیوەندی بەهێزی سالم لەگەڵ میرانی بابان و بەتایبەتی (عەبدوڵڵا پاشا) و (عەزیز پاشا)ی بابانەوە. زوڵم و زۆری عوسمانییەکان بەسەر میرنشینی بابانەوە، دواجاریش ڕوخاندنی و بەیەکجاری لەناوبردنی. سالم دەخاتە واقیعێکی تاڵ و پڕ لە غەمەوە و بۆیە بڕیاری جێهێشتنی سلێمانی بەرەو تاران دەدات و لە دەقێکدا دەڵێت:

**((الوداع)) ئەی موڵکی (بابان) ((الوداع))**
**((الوداع)) ئەی جایی جانان ((الوداع))** **(سالم، ٢٠١٥: ٣٩٨)**

واقیعی پڕ زەحمەت و تاڵی ژیانی سالم دوای ئاوابوونی ئەستێری میرنشینی بابان وا لە سالم دەکات، کە ماڵئاوایی بکات لە ناوچەی بابان و لەو شوێنەی، کە جێگەی ئازیزانییەتی. سالم لە تارانیش ئارام ناگرێت و بەردەوام بیر و هۆشی لەلای موڵکی بابان و سلێمانییە و لە چەند وێنەیەکدا پەستی واقیعی ژیانی و بێزاری لە تاران دەردەبڕێت و دەڵێت:

**شۆرەزاری خاکی (ڕەی) ئەمجارە دامەنگیرمە**
**ڕوو لە هەر وادی دەکەم، خاری وەکو زنجیرمە** **(سالم، ٢٠١٥: ٧٩٩)**

شاعیر لە تاران لە واقیعێکی تاڵدا بووە بۆیە وەها بێزاری خۆی دەردەبڕێتن کە گوایە خاکە سوێرەکەی دامەنی شاعیریان گرتووە و بۆ هەر کوێش دەچێت دڕکی خاکی ڕەی وەکوو زنجیر دەیگرێت و ناهێڵێت بڕوات. شاعیر لەسەر بنەمای وەسفی ڕاستەوخۆ و لێکچواندن وێنەکەی دروستکردووە. لە وێنەیەکی تریشدا بێزاری خۆی لە تاران دەردەبڕێت، بە ئاواتەوەیە بزانێت کەی لەو واقیعە ناخۆشەی خاکی غەریبان نەجاتی دەبێت و دەڵێت:

**خۆزگە دەمزانی لە تارانێ نەجاتم کەی دەبێ؟!**
**کۆیی یارە مەشهەدم، یا مەدفەنم هەر ڕەی دەبێ؟!** **(سالم، ٢٠١٥: ٩٨٣)**

لە چەندین وێنەی تریشدا دیسان واقیعی کردووە بە سەرچاوەی خوڵقاندنیان لەوانە: (ل: ٣٣٣، د: ١٤)، (ل: ٣٣٧، د: ٢٧)، (ل: ٥٣١، د: ٢٦، ٢٧)، (ل: ٥٨٧، د: ٤٦)، (ل: ٧٣٥، د: ٥)، (ل: ٨٣٧، د: ٢٧).

## ٣/ ٢-٢. سەرچاوەی مرۆڤایەتی

هەر وەک چۆن سەرچاوە بابەتییەکان ڕۆڵیان هەبوو لە بنیاتنانی وێنەی هونەریدا، ئاوهاش سەرچاوە مرۆڤایەتییەکان بایەخێکی گەورەیان لای شاعیران هەیە، چونکە شاعیریش وەکوو مرۆڤ و تاکێکی دانەبڕاو هەموو بابەتە مرۆڤایەتییەکان لە وێنەی مێژوو و ئاین و ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دەوروبەر، سەرنجی ڕادەکێشن و دەبن بە هەوێن و سەرچاوەی وێنەی هونەریی جوان و سەرنجڕاکێش بۆی.

## ٣/ ٢-٢-١. سەرچاوەی مێژوویی

### ٣/ ٢-٢-١-١ ڕووداوی مێژوویی

مێژوو بۆ شاعیران وەکوو کەنزێکە، کە پڕبێت لە بەرهەمی هەمەڕەنگ و دەتوانن شیعری خۆیانی پێ پاراوبکەن و وێنەی هونەریی نایابی لێهەڵبهێنجن. لەمێژوودا هەموو ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوودا ڕوویانداوە (جا مێژووی مرۆڤایەتی بێت، یان نەتەوەیی) بە کارەکتەرەکانیانەوە هەڵگیراون و بە خویندن و بەرگوێکەوتنی ئەو ڕووداوانە و ئەوانەشی لە سەردەمەکەی خۆیدا ڕوویانداوە دەبن بەجێی سەرنجی شاعیر و هەوڵدەدات بیکات بە هەوێنی وێنە هونەرییەکانی خۆی. هەندێکجار ڕاستەوخۆ لە شیعرەکەیدا جێگای ڕووداوەکان دەکاتەوە و هەندێکجاری تر بە شێوەی وەرگرتنی ڕەمز لێیانەوە سوودیان لێ وەردەگرێت. بەڵام بێگومان ڕوودا و دیاردەکان وەکوو خۆیان نیشاننادات، بەڵکوو بەرگێکی ئەدەبیان بەبەردا دەکات و پەیوەندی تازە لەنێوان ڕەگەزەکانیدا دروستدەکات و ڕەهەندێکی نوێیان پێدەبەخشێت، چونکە ئەوە مێژوونووسەکانن، کە ڕووداو و بەسەرهاتەکان وەکوو خۆیان دەگێڕنەوە نەک شاعیران. بەڵام لەوەدا لەگەڵ مێژوونووسان هاوئامانجن، کە مەبەستیانە نەوەی ئەمڕۆ بە مێژووی خۆیان ئاشنا بکەن و ڕووداوە گرنگەکانی مرۆڤایەتی یان نەتەوەی لەیادنەکرێن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ببێت بە دەرس و پەندێک و ژیانی ئێستای پێ پێش بخرێت. شاعیر وەکوو تاکێکی ڕۆشنبیر و نەتەوەپەروەر هەمیشە بە بایەخەوە لە ئایندەی نەتەوەکەی دەڕوانێت و دەشزانێت بۆ بەدیهاتنی ئایندەیەکی باش پێویستمان بە شارەزابوونی ڕابردوومان دەبێت، تاکوو ببێت بە دەرس و پەندی لێوەربگیرێت.

لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا بە دەگمەن شاعیرێکی تر دەبینین هێندەی (سالمی ساحێبقڕان) نیشتمانپەروەر بووبێت، ((لە سلێمانیدا لەدایکبووە و هەر لەوێش گەورەبووە. شارەکەی و وڵاتەکەی تا ڕادەی پەرستن خۆش ویستووە.))(تاهیر، ٢٠١٩: ١٨٢) ئەمە جگە لەوەی خۆی کارەکتەرێکی نزیک لە میرانی بابان و بە تایبەتی (عەبدووڵڵا پاشا) و (عەزیز پاشا)بووە،

ئەمەش وای لێکردووە، ڕووداوە مێژووییەکانی ئەو سەردەمە، کە خۆی شایەتحاڵی بینینیانبووە، بە تایبەتیش شەڕ و ململانێکانی نێوان میرنشینی بابان و عوسمانییەکان، بووەتە جێگای بایەخی و لە هەستێکی پڕ نەتەوەییەوە کردوونی بە سەرچاوەی خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکانی. ڕووداوە مێژووییە ناخۆشەکانی ئەو دەمە کاریگەری ڕاستەوخۆیان بەسەر ژیانی سالمەوە هەبووە، ئەوەتا لەم بارەیەوە (ڕەفیق حیلمی) دەڵێت: ((ڕووخانی حکومەتی بەبە، کە لە هەموو کوردێکی ئەو دەورە زیاتر کاری لە دڵی سالم کردووە، وەکوو بولبولی باڵشکاو و هێلانەڕووخاو یەتە فەریاد و ناڵە و بووەتە هۆی کۆچی ئێجگاری بە چەشنی شتێکی وێڵ و سەرگەردان، ڕووی کردووەتە تاران.)(حیلمی، ٢٠١٠: ١٤٩) هەر لەم بارەیەوە (گیوی موکریانی) لە چاپی دووەمی دیوانی سالمدا دەڵێت: ((سالم کە تەماشایکرد لەوەپتر توانای دیتن و هەڵگرتنی ئەو هەموو کارەسات و هەنگامانەی نییە، کە توورکەکان بەسەر خاکی پاکی بابانیان داهێناوە، ناچار بە پەرێشانی و لێقەوماوی سەری خۆی هەڵگرت و ڕووی لەناو خزمەکانی کوێستانی کرد.))(موکریانی، ١٩٧٢: ١٦) بەم شێوەیە (هۆی دەربەدەرێتی سالم، ڕووخانی میرنشینی بابانەکان بووە.)(سعید، ١٩٩١: ١٩)

سالم بۆ ڕووداوی ناخۆشیی سەرکەوتنی (ئیسماعیل پاشای ڕۆمی) بەسەر (عەزیز بەگی بابان) و ڕوخاندنی میرنشینی بابان بە دەستی تورکەکان، قەسیدەیەکی درێژی (١٠١) دێڕی هۆنیوەتەوە و بە وردی بە کامێرای وشەکانی وێنەی زۆرێک لەو ڕووداوە ناخۆشانەی بۆ تۆمار کردووین. لەم دەقەدا هێندە جوان ڕووداوە مێژووییەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە و دیمەن و وێنەکانی لە هەستێکی نیشتمانپەروەرییەوە دەگوازێتەوە، وای لە (عەلادین سەجادی) کردووە بە مێژوونوسی دابنێت و بڵێت: ((سالم لە تەنیشت ئەوەوە، کە بووە بە مێژوونووس، دڵیشی لەڕووی شعورێکی قەومییەوە بووە بە نیشتمانپەروەر و بە پسپۆڕێکی "تەمسیل-لاسای"ش.))(سەجادی، ١٩٧١: ٢٧٢) بێگومان سالم مێژوونووس نەبووە، بەڵکوو ڕەگەزەکانی ڕووداوەکەی لە پەیوەندی نوێدا بەکارهێناوە و ڕەهەندی تازەی پێبەخشیون و بەرگێکی ئەدەبی بەبەردا کردوون. شاعیر لەم دەقەدا هێندە بە جوانی و وردی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، وای لە ڕەفیق حیلمی کردووە لە بارەیەوە بڵێت: ((ئەو (قەسیدە)یە، کە (مێژوو)یەکی کورت و ڕاستی ڕووخانی حکوومەتی ((بەبە))و حکایەتی لەدەستچوونی سەربەخۆیی کوردستانی عێراقە، حیکایەتێ، کە وەکوو شریتی سینەما بەسەرهاتی کوردەکانی ئەو دەورەمان نیشانئەدا.))(حیلمی، ٢٠١٠: ١٥٠) بەو شێوەیە (ئەنجامی ئەم شەڕە ناهاوسەنگە کۆتایی هێنانە بە دەسەڵاتی میرنشینی بابان (١٨٥٠ز) و تەسلیمکردنەوەیەتی بە دەسەڵاتی بەغدا و عوسمانییەکان و پلە و پۆستی عەبدوڵا پاشاش لە پاشایەتی بابانەوە بۆ قایمقامی سلێمانی دیاریدەکرێت.)(عوسمان، ٢٠٢١: ٧) ئەمانەش وامان لێدەکەن بڵێین ڕووداوە مێژووییەکان بە یەکێک لە دیارترین سەرچاوەکانی وێنەی هونەری لە شیعری سالمدا دەژمێردرێن. ئەوەتا دەڵێت:

**لێم گەڕێن با گۆشەگیر بم، دەستەوئەژنۆ، کەفزەنان**
**گێژەڵووکەی بای نەدامەت تاری کرد صەفحەی جیهان** (سالم، ٢٠١٥: ٥٢٤)

دەقەکە بە دێڕێکی پڕ لە وێنەی نائومێدی و غەم و خەفەت دەست پێدەکات. زۆربەیجار مێژووی سیاسی نەتەوەی کورد مێژوویەکی تاڵ و پڕ مەینەتیبووە و سالمیش شاعیرێک بووە خاوەنی هەستێکی بەرزی کوردانە بووە؛ بۆیە دەڵێت: بۆ ئەم نەگبەتییەی بەسەر قەومەکەمدا هاتووە وازم لێبهێنن با لە گۆشەیەکدا بۆخۆم دەست بە ئەژنۆکانمەوە بگرم و غەم بخۆم. وێنە هونەرییەکە لەنیوەی یەکەم لەسەر بنەمای وەسفی ڕاستەوخۆ و لەنیوەی دووەمیش بەهۆی بەتەنکردنەوە دروستبووە. هەر لەو قەسیدەیەدا لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**تورکی قورصی خۆر کە طالیع بوو، طولووعی کرد بە ڕەقص**
**کەوکەبی ماهی مورادی ئەهلی(بابان) بوو نیهان** (سالم، ٢٠١٥: ٥٢٦)

لێرەدا شاعیر دوو وێنەی دژ و پێچەوانەی یەکتری پیشانداوە، لە نیوەدێڕی یەکەمدا دەرکەوتنی خۆری تورکە، کە مەبەست لێی رۆژ ڕۆژی تورکە و خۆری ئەوان هەڵهاتووە، لەبەرانبەردا وێنەی نیوە دێڕی دووەم ئاوابوونی مانگی ئاواتەکانی خەڵکی بابانە. لە نیوەدێڕی یەکەمدا سوود لە شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ و لە دەربڕینی (طولووعی کرد بە ڕەقص)یشدا سوود لە بەکەسکردن وەرگیراوە. لە نیوەی دووەمیشدا سوود لە لێکچواندن وەرگیراوە و ئاواتی ئەهلی بابان بە مانگ چوێنراوە. بەوەش مێژووی ئەو شەڕە و سەرکەوتنی عوسمانییەکان بەسەر بابانەکان بووە بە سەرچاوەی سەرەکی و لەگەڵیشیدا سوود لە دیاردەی سرووشتی هەڵهاتنی خۆر و ئاوابوونی مانگ وەرگیراوە، کە ئەو دوانە پێکەوە نابینرێن. لە وێنەکەدا لە دەربڕینی (طالیع بوو) و (بوو نیهان) دا دژیەک بەکارهێنراوە و لە دەربڕینی (بوو نیهان)یشدا لادانی ڕێزمانی کراوە کە دەبوو (نیهان بوو) بوایە. ئەمانە هەموویان وایانکردووە وێنەکی جوان و داهێنراو و سەرنجراکێش بەپشتبەستن بە سەرچاوەی ڕووداوی مێژوویی بخوڵقێت.

لە دێڕێکی تری هەمان قەسیدەدا سەرکردەی بابانەکان نیشاندەدات، کە (عەزیز بەگی بابان)ە و بە شێری دەچوێنێ و ئەسەف دەخوات، کە ڕیزی سوپاکەی توندوتۆڵ نەبوونە و هەرزوو لەبەریەک هەڵوەشانەوە. سالم لەم دەقە شیعرییەدا ((وێنەیەکی زیندووی جوڵاوی ڕووداوەکان، کە دەربڕی قارەمانییەتی عەزیز بەگە نیشاندەدات.))(رسول، ٢٠١٠: ٧٤) بەڵام بێگومان تەنها بە کامێرای وشەکانی دیوی دەرەوەی ڕووداوەکانمان پیشان نادات، بەڵکوو پشتی ڕووداوەکانیشمان بۆ دەگێڕێتەوە و هۆکاری سەرەکی ڕووخان و شکستی بابانەکان باسدەکات و دەڵێت:

**شێری بێشەی موڵکی(بابان) بوو "عەزیز" ئەمما دریغ**
**وەک گرێی داموسکی بێ، ئاو قەومەکەی زوو هەڵوەشان (سالم، ٢٠١٥: ٥٤٨)**

لە نیوەی یەکەمدا (عەزیز) بە (شێر) و لە نیوەی دووەمیشدا (قەومەکەی) بە (گرێی داموسکی) چوێنراوە، کە مەبەست لە شلوشێواوی و پێکەوە پەیوەست نەبوونی سوپاکەیەتی. سالم لەم دێڕەدا بە ئاشکرا باسی خۆخۆری و دووبەرەکی نێوان کورد دەکات. بەمەش بە پشتبەستن بە لێکچواندن و سوودوەرگرتن لە ڕووداوە مێژووییەکان وێنەیەکی هونەریی جوانی خوڵقاندووە.

سالم لە قەسیدەیەکی تردا، کە دیسان بۆ یەکێک لە ڕووداوە گەورەکانی مێژوویی ئەو دەمەی میرنشینی بابان دەگەڕێتەوە، کە لە (٤٢) دێڕ پێکهاتووە و مژدەی گەڕانەوەی (عەبدوڵڵا پاشای بابان)ە، لە ئەستەمبووڵەوە بۆ بەغداد و دواتریش لەوێوە بۆ سلێمانی، بەڵام والی بەغداد ڕێگە بەوە نادات و دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەستەمبوڵ. لە (دیوانی سالم) ی بنکەی ژیندا، بەپێی ژماردنی ئەبجەدی دوا دێڕ، کە سالم خۆی ئاماژەی بۆ کردووە، ساڵی نووسینی قەسیدەکە و گەڕانەوەی عەبدوڵڵا پاشا بە (١٨٥٣-١٨٥٤ز) دەستنیشان کردووە، (دیوانی سالم، ٢٠١٥: ٨٤١)، کە هەروەک (محمد ئەمین زەکی) دەڵێت: (( دواجار ساڵی ١٨٥١ز (نامق پاشا) عەبدوڵڵا پاشای بانگکرد بۆ بەغدا و بە کۆتکراوی ناردی بۆ ئەستانە و بەم شێوەیە فەرمانڕەوایی بابان کۆتایی پێهێنرا.))(امین زەکی، ٢٠٠٥: ٢٨٨) لە دێڕی یەکەمدا شاعیر پەسنی کاتەکە و سرووشتەکەمان بۆ دەکات و دەڵێت:

**تیرەوەش دەی مەهـ گوزەشت و عەهدی نەیسان هاتەوە**
**بولبولی بێ دڵ، لە دەوری گوڵ، بە ئەفغان هاتەوە (سالم، ٢٠١٥، ٨٣٠)**

لە نیوەی یەکەمدا شاعیر کات و سروشتەکەمان نیشاندەدات، کە مانگی سەرما و سۆڵەی زستان وەکوو تیر ڕۆشت و بەهار تەشریفی هێناوە. لە نیوەی دووەمدا وێنەکە لە ئاستی ڕووکەشدا تەواو دەکات و دەڵێت: ئیتر بەهار گوڵی هێناوە و بولبولیش لەبەرئەوەی کە پێشتر گوڵ نەبوو، بێ دڵ بووە و ئێستا گوڵ پەیدابووە و ئەویش لە خۆشیدا بە دەوریدا دەستی بە گۆرانیگووتن کردووە. گەرچی وێنەکە لە ڕووکەشدا دیمەنی سرووشت دەنوێنێ بەڵام لە ڕاستیدا هاتنەوەی (عەبدوڵڵا پاشای بابان) بەهاری هێناوە و وەکوو گوڵ وایە و شاعیریش، کە پێشتر لەبەر نەبوونی ئەو بێ دڵ بوو، ئێستا بوولبولێکە و بە دەوری ئەودا گۆرانی دەڵێت. لە تەواوکردنی وێنەکەدا لە قوڵایی واتای دیڕەکەدا سوود لە خواستن وەرگیراوە. لە دێڕێکی تری هەمان قەسیدەدا دەڵێت:

**ئاصەفی ثانی مورەخخەص بوو، بە ئەمری پادشاهـ**
**بۆ نیظامی موڵکی بەینی ڕۆم و ئێران هاتەوە** **(سالم، ٢٠١٥: ٨٣٤)**

لەو ساڵەدا کە ئەم قەسیدەیە نووسراوە حکومەتی عوسمانی لە سەرێکەوە لە شەڕی (قەرم)دا بووە لەگەڵ ڕووسەکان و لەلایەکی تریشەوە فارسەکان چاوی تەماحیان لە ڕۆژهەڵاتەوە بڕیبووە خاکەکەیان، بۆیە بیریان لە گەڕاندنەوەی (عەبدوڵڵا پاشای بابان) کردەوە بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی هیچ نەبێت لای ڕۆژهەڵاتی لە دژی فارسەکان پێ بپارێزن. لە دێڕەکەدا (عەبدوڵڵا پاشا) بە (ئاصەفی ثانی) کە وەزیری دەستە ڕاستی حەزرەتی سلێمان بووە چوێنراوە. بە فەرمانی پادشای عوسمانی بۆ ئاگاداربوون و پاراستنی سنوورەکانی عوسمانی لە ئێرانییەکان ئازادکراوە. بەمەش شاعیر سوودی لەو ڕووداوە مێژووییە وەرگرتووە و وێنەی پێ خوڵقاندووە.

سالم هەندێک جار دەستی بۆ ڕووداوە مێژووییە جیهانییەکان بردووە و وێنەی هونەری لێهەڵهێنجاوە. (ئەسکەندەری مەقدۆنی) سەرکردەیەکی جیهانییە، کە بە (ذوالقرنین) بەناوبانگبووە و لە یەکێک لە ڕووداوە بەناوبانگەکاندا دیوار و بەستەرێکی بەدەووری قەومی (یەئجووج و مەئجووج) دا کێشاوە تاکوو هەڕەشە و زۆردارییەکانی ئەو قەومە بۆ سەر چواردەورەکەیان کەم بکاتەوە. سالم سوودی لەم ڕووداوە مێژووییە وەرگرتووە و لە وێنەیەکی شیعریدا دەڵێت:

**یەئجووجی غەم لە عالەمی دڵ با نەگا بە جان**
**سەد بەستە بێ تا بە ویصاڵت سکەندەری** **(سالم، ٢٠١٥: ٨٩٧)**

شاعیر لە نیوەدێڕی یەکەمدا سوودی لە لێکچواندن وەرگرتووە و (غەم)ی بە قەومی (یەئجوج) چواندووە و لە نیوەی دووەمیشدا یار، کە (ت) جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکی لێیەوە وەرگرتووە و چواندوویەتی بە (ئەسکەندەر). شاعیر داوا لە دڵبەر دەکات، کە ببێتە ئەسکەندەر و بە دیوارێک ڕێ لە هێرشی غەم بگرێت بۆسەر گیانی شاعیر، چونکە ئێستا غەم باڵی بەسەر دڵیا کێشاوە. بەوەش شاعیر ڕووداوە مێژووییەکەی کردووە بە سەرچاوەی خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکە و بە شێوازێکی جیاواز تەوزیفی کردووەتەوە و لە پەیوەندی نوێدا بەکاری هێناوەتەوە و بەرگێکی ئەدەبی بەبەرداکردووە. دەتوانین ئاماژە بە چەند وێنەیەکی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ٥٢٠، د: ٨)، (ل: ٥٤٦، د: ٨٩)، (ل: ٥٧٦، د: ١)، (ل: ٨٣٩، د: ٣٧)، (ل: ٨٤١، د: ٤٢)، (ل: ٩٤٤، د: ٤).

### ٣/ ٢-٢-١-٢. کەسایەتی مێژوویی

یەکێکی تر لەو سەرچاوە مرۆڤایەتییانە بریتییە لە کەسایەتی مێژوویی. شاعیر وەکوو مرۆڤێکی ڕۆشنبیر ئاگای لە مێژووە و کەسایەتییە مێژووییەکان بەپێی تایبەتمەندی خۆیان دەناسێت و دەزانێت چ ڕۆڵێکیان بە ئەرێنی یان نەرێنی لە ڕەوڕەوەی مێژوویی مرۆڤایەتیدا بینیوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو تایبەتمەندییانەیان دەیانگوازێتەوە بۆ ناو بواری ئەدەب و لە پەیوەندی نوێدا بەکاریان دەهێنێت و ڕەهەندی تازەیان پێدەبەخشێت و دەیانکات بە سەرچاوەی خوڵقاندنی وێنەی هونەریی نوێ. واتا شاعیر پەنا دەباتەبەر وەگەڕخستنی کەسایەتییە مێژووییەکان، بۆ ئەوەی دەربڕینێکی لە هەڵوێستێک پێبکات. یان بۆ ئەوەی دادوەریی لەسەر سەردەم و کەموکورتییەکانی بدات، لەوەشدا ئەو کەسایەتییانە هەڵدەبژێرێت، کە گونجاوی ناوەڕۆکی ئەزموونەکەین، بە شێوەیەکی قووڵ پەیوەندی پێیەوە دەکات و ئیلهامە مێژووییەکانی دەکاتە وێنەیەکی هێماکراو بۆ ئەو بابەتەی کە خۆی مەبەستێتی، بەشێوەیەک شاعیر، ڕەنگی بیر و هێڵەکانی بۆچوونی خۆیی تێدا دەچەسپێنێت. سالمی ساحێبقڕان یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی بەرزبووە و تا ڕادەیەکی باش ئاگاداری ڕۆڵی کەسایەتییە گرنگەکانی ناو ڕەوڕەوەی مێژوویی نەتەوەکەی و جیهانیش بووە و کردوونی بە سەرچاوەی خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکانی. لە دێڕێکدا لە بارەی عەزیز بەگی بابانەوە دەڵێت:

**پەناهم شەهسوارێکە، گوزەر کا گەر بە ئەلبورزا**
**دەکا ضەربی سمی ئەسپی لە خارا تووتیا پەیدا** (سالم، ٢٠١٥: ٦٥)

نیشانەی هونەرمەندی شاعیر لە وێنەکێشانی ئەو سەرکردە قارەمانەی بابانەکاندا، کە بە شاسوار ناوی بردووە و مەبەست لە (عەزیز بەگی بابان)ە، بە ڕوونی دەردەکەوێت، وێنەی قارەمانێتی ئەو سەرکردەیەمان بۆ دەکێشێت، کە ئەگەر بە سواری ئەسپەکەی بە چیای ئەلبورزدا تێبپەڕێت، بەردی ڕەقی ئەو چیایە بەهۆی لێدانی بەهێزی سمی ئەسپەکەیەوە دەبێت بە کلی چاو وەها ورد و خاشی دەکات. بە مانایەکی تر ئەو بە سمی ئەسپەکەی دەتوانێت لە شتێکی بێ نرخی وەکوو بەردی چیا، کلی چاو بخوڵقێنێت. شاعیر بەشێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ و سوودوەرگرتن لە کەسایەتی مێژوویی وێنە هونەرییەکەی خوڵقاندووە. لە دێڕێکی تردا شاعیر سوود لە پەیوەندی فیرعەون و هامانی وەزیری بەدکاری وەر دەگرێت و لە پەیوەندییەکی نوێدا بەکاری دێنێت و وێنەی هونەری پێدەخوڵقێنێت و دەڵێت:

**لەگەڵ من جەوری خۆت کەم بوو، ڕەقیبیش بوو بە هەمڕازت!**
**دەخیل فیرعەونی عەصری خۆت، مەکە سا گوێ لە هامانت** (سالم، ٢٠١٥: ٢١٠)

لێرەدا دوو کەسایەتی مێژوویی ناویان هاتووە، کە (فیرعەون)ی پادشا و (هامان)ی وەزیری بووە. فیرعەون بە سیفەتی زاڵمیی و بێبەزەیی ناسراوبووە و هامانیش بۆ ئەو خراپەکاریانە هانیداوە. شاعیر لە تایبەتمەندی و پەیوەندییەکانی نێوانیان سوودی وەرگرتووە و دڵبەری بە (فیرعەون) و ڕەقیبیشی بە (هامان) چوواندووە لە چۆنییەتی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ شاعیردا. بۆیە لە یار دەپاڕێتەوە، کە هەر هیچ نەبێت با لە جەور و ستەمی بەرانبەر بە شاعیر گوێ لە ڕەقیب نەگرێت. بەو شێوەیە شاعیر سوودی لە لێکچواندن وەرگرتووە و کەسایەتی مێژوویی جیهانی کردووە بە سەرچاوەی خولقاندنی وێنە هونەرییەکەی. لە دێڕێکی تردا پەیوەندی توندوتۆڵ و خۆشەویستی نێوان سوڵتان مەحمودی غەزنەوی و ئەیازی ڕاوێژکاری کردووە بە سەرچاوەی بنیاتی وێنە هونەرییەکە و دەڵێت:

**چەسپیدە با هەمن دڵ و عیشقت، هەمیشە وەک**

**زوڵفی "ئەیاز" و گەردەنی "مەحموودی غەزنەوی"** **(سالم، ٢٠١٥: ٩٢٩)**

مەحموودی غەزنەوی (ابو القاسم بن سبکتکین) ناسراو بە (سیف الدوله) یان (یمین الدوله) لە ساڵی (٣٦٠ هـ . ق) لە شاری (غزنین) لەدایکبووە و لە ساڵی (٤٢١ هـ . ق) بە نەخۆشی سیل کۆچی دوای کردووە.(دهخدا، ١٣٧٧: ٢٠٤٥٣) ئەم سوڵتانە پەیوەندییەکی زۆر دۆستانەی لەگەڵ (ئەیاز) ی ڕاوێژکاریدا هەبووە. شاعیر لێرەدا ئەو پەیوەستبوونەی نێوانیانی لە پەیوەندییەکی نوێدا بەکار هێناوە و ڕەهەندێکی نوێی بە ڕەگەزەکانی بەخشیوە. عەشقی دڵبەر وەها بە دڵی شاعیرەوە پەیوەستە وەکوو چۆن زوڵفی ئەیاز بە گەردنی سوڵتان مەحموودەوە پەیوەستە. لێرەدا سوود لە لێچواندنی وێنەیی وەرگیراوە و کەسایەتی مێژوویی کراوە بە سەرچاوەی خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکە. شاعیر لە دێڕێکی تردا ناوی (هۆلاکۆ) دێنێ، کە پادشایەکی مەغۆلەکان و شەڕکەرێکی دیاری خوێنڕێژ و زاڵم و ناسراوە لە جیهاندا. شاعیر سوودی لە ئەو وێنە زاڵمییەی ئەو سەرکردە مێژووییە وەر گرتووە و لە پەیوەندی نوێدا وێنەی هونەری پێبنیاتناوە و دەڵێت:

**بۆ ظوڵمی لەئەندازەبەدەر وەک یەکی خوڵقاند**

**خەللاقی ئەزەل مەشرەبی تۆ و طەبعی هۆلاکوو** **(سالم، ٢٠١٥: ٦٦٨)**

شاعیر لە وەسفی بێ بەزەیی و دڵڕەقی یاردا هاتووە یەکێک لە کەسایەتییە زاڵمەکانی مێژووی مرۆڤایەتی وەرگرتووە و سیفەتەکانی لە پەیوەندی نوێدا بەکارهێناوە و یاری پێیچواندووە. بەمەش ئاستی دڵڕەقی و بێبەزیی یاری نیشانمانداوە. بەوەش بە یارمەتی لێکچواندن و سوود وەرگرتن لە کەسایەتی مێژوویی وێنە هونەرییەکەی خوڵقاندووە. هەروەها بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی دەتوانین ئاماژە بە هەندێکی تر بدەین: (ل: ١٩٤، د: ٥)، (ل: ٢٣٠، د: ٧)، (ل: ٥٠٧، د: ٢)، (ل: ٧٥٦، د: ٤)، (ل: ٧٦١، د: ٢)، (ل: ٨٦٩، د: ٩)، (ل: ٨٩٩، د: ٢).

## ٣/ ٢-٢-٢. سەرچاوەی ئایینیی

هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی مرۆڤ لەسەر زەوی پەیوەندییەکی بەهێزی بە ئایینییەوە هەبووە. مرۆڤ لە یەکەم هەنگاوی ژیانیدا بەدوای هێزێکی پاڵپشتدا گەڕاوە، کە گەورەتربێت لە خۆی و سەرچاوەی ئارامیی بێت بۆ ترس و دڵەڕاوکێ و بارە دەروونییەکەی. لەو ڕوانگەیەوە ئاین و کۆمەڵگە دوانەیەکی لێکدانەبڕاون و یەکتر تەواودەکەن. ئەوەتا (دیڤد هیوم ١٧١١-١٧٧٦ ز) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((لە مێژووی مرۆڤایەتیدا خێڵێک نەبووە ئاینی نەبووبێت، بۆیە مرۆڤایەتی لە سەرانسەری جیهاندا ئاینی بوون و ئایینین، چونکە ئاین شتێک دەدات بە مرۆڤ کە لە هیچ سەرچاوەیەکدا دەستناکەوێت.))(ئەنوەر، ٢٠١٢: ٢٧) هەر لەم بارەیەوە (هنری دێرۆش) دەڵێت: ((بە درێژایی مێژوو، ئاین مۆرکی هەموو کۆمەڵگەکانە، ئێمە کۆمەڵگەیەکی بێ ئاینمان دەستناکەوێت، کۆمەڵگەی بێ ئاین هەرگیز درووست نابێت.))(هیرڤێو و ویلیەم، ٢٠٠٨: ٢٠٨) ئەم پێوستییەی مرۆڤ بە ئاین وایکردووە لە کۆمەڵگا جیاوازەکانی ناوچە بەرفراوانەکانی سەر زەویدا ژمارەیەکی زۆری ئاینی ئەرزی و ئاسمانی بوونیان هەبێت. هەر وەک لە فیکری (جۆرج زمیل)دا ((ئاین بریتییە لەو فۆرمەی وەک هەریەکێک لە فۆرمەکانی دیکە (هونەری، زانستیی و هتد) هەوڵدەدات بە شێوەیەکی گشتگیرانە گوزارشت لە کۆی ژیان بکات.))(هیرڤێو و ویلیەم، ٢٠٠٨: ١٥٤) ئەمەش وایکردووە لەناو ئەو ئاینانەدا بە هەزارەها وێنە هەڵگیراون، کە بەپێی شارەزای شاعیر دەستیان بۆ دەبات و لە پەیوەندی نوێدا بەکاریان دەهێنێت و ڕەهەندی تازەیان پێدەبەخشێت و دەیکات بە سەرچاوەی بنیاتنانی وێنە هونەرییەکانی خۆی. ئاین بە شێوەیەکی گشتیی لە شیعری سالمدا یەکێکە لەو سەرچاوە گرنگانەی، کە بووەتە هۆی لەدایکبوونی وێنەی هونەریی گەلێک جوان و ناوازە، لەناو ئاینەکانیشدا زەردەشتی و یەهودی و مەسیحی و ئیسلامی زیاترکردووە بە هەوێنی وێنە هونەرییەکانی.

## ٣/ ٢-٢-٢-١. ئاینی زەردەشتی

یەکێک لەو بیروباوەڕ و ئاینە کۆنانەی، کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا مێژوویەکی زۆرکۆنی هەیە، ئاینی (زەردەشتییە). ("زەردەشتی" بە یەکێک لەو بیروباوەڕانەی مێژوو دەژمێردرێت، کە لەلایەن کەسایەتییەکی کوردی بە ناوی (زەردەشت کوڕی پورشاسپ) سەریهەڵدا، هەر بەناوی ئەویشەوە ناونرا زەردەشتی. ناوی تەواوی (سیتاما کوڕی پورشاسپ) بوو، دایکی ناوی (دۆغدا)یەو ساڵی (٦٦٠ پ.ز) بەپێی زۆرێک لە سەرچاوەکان لە خێزانێکی ئاسایی نزیک دەریاچەی

ورمێ، هەرێمی ماد لەدایکبووە. لە تەمەنی بیست ساڵیدا ڕوویکردە تەنیایی و لە چیای (سبلان) دەستی داوەتە خواپەرستی، لە دوای دە ساڵ لە تەمەنی (٣٠) بانگەشەی پەیامبەریی کرد و خەڵکی بۆ خوداپەرستی هاندا.)(ئەنوەر، ٢٠١٢: ٦٩،٧٠) لەبارەی ناوی زەردەشتەوە (د. خەسرەو خەزاعی) لە کتێبی (گاتاکان، سرووده ئەهوورایییەکانی زەردەشت)دا لە زاری توێژەری شارەزای کورد (عماد الدین دەوڵتشاهی)یەوە دەڵێت: ((وشەی "زەرەتاوشەترا" لە زمانی هەورامیدا یانی: ئەی ئەو کەسەی کە وەک تیشکی خۆر ئەدرەوشێی و ئەبارێی. هەروەها "زەرەتاوش" یانی: کەسێک، کە زێڕ و ئاڵتوون دەسازێنێ، زێڕینگەر، کەسێک، کە گیانی مرۆڤەکان لە ژەنگ و ژار دەپارێزێ و وەکوو زێڕ خارا و پوختەیان دەکا. دواجار ناوی "زەرەتاوشەترا" بە شێنەیی و بە تێپەڕبوونی کات سوا و گۆڕانی بەسەردا هات و لە زمانی کوردیدا بوو بە "زەردەشت" و لە زمانی فارسیشدا بوو بە "زرتشت".))(خەزاعی، ٢٠١٢: ٦،٧)

کتێبی پیرۆزی ئاینی زەردەشتی ناوی (ئاڤێستا)یە، کە سەرجەم بنەما و بیروڕا و ڕێنمایییەکانی زەردەشتی تێدایە و لەسەر دوو بنەمای بەهێز بنیاتنراون، کە یەکەمیان (ئاهورامازدا) بە مانای (خودای چاکە) و دووەمیان (ئەهریمەن) بە واتای (خودای شەڕ). (ئاڤێستا)ش بەمانای (بنەما و بنیاتنان) و (داڵدەدان) و هەروەها (فێربوونی زانست) هات. ئەم کتێبە لە (دوو) بەشی گەورە و (بیست و یەک) پارچە پێکهاتووە، کە هەر هەموویان بۆ (پێنج) بەشی سەرەکی دابەشبوون، کە ئەوانیش (یسنا، یشتا، ویسپرد ڤیسپارد، خوردە ئاڤێستا، وندیداد)ن، لەوانەش (یسنا) کە لە (گاتا)کان پیکهاتووە، گەورەترینیانە و لە (حەفتا و دوو) بەند پێکهاتووە.(ئەنوەر، ٢٠١٢: ٧١-٧٣) هەروەها کتێبی ئاڤێستا (ئەلفوبێکەی ٤٨ پیتە و "دین دەبیرە" یان "خەتی دەبیرە"ی پێدەوترێت. "زەندو پازەند"یش گوزارشت و پەرچەڤەیەکە لە ئاوێستا و بە زمانی پەهلەویشە و لە سەردەمی ساسانییەکاندا نووسراوەتەوە. "پازەند" ڕوونکردنەوەیەکی زەندە، بە زمانی فارسی دەری نووسراوەتەوە، هەرچەندە چەند واژەیەکی ئارامیشی تێدایە. لە ئەدەبیاتی دەرەوەدا بە زۆری بە ئاوێستا دەڵێن "زەند و ئاوێستا".)(ئابادانی، ٢٠٠٤: ٦٩) لە (گاتا)کاندا (زەردەشت باسی خودای تاقانەی خۆی و تایبەتمەندییەکانی ئەو، لە فەلسەفەی چاکە و خراپە، لە جیهانی مادی و مەعنەوی، لە درووستکاری و کارە ئاوەدانییەکان، لە پاکداوێنی و باشی دەکات و بە کەمی باسی مێژوو و شتگەلی دیکە دەکات.)(جەعفەری، ٢٠١٥: ٧٢) هەندێکجار بەهەڵە ئەوە دەوترێت، کە باوەڕدارانی ئاینی زەردەشتی ئاگر دەپەرستن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە دوورە لە ڕاستییەوە و (ئەوان هەرگیز ئاگر ناپەرستن و ناشی کەن بەخوای خۆیان، بەڵکوو لەپاڵ خۆردا بە ڕەمزی هێزی ئەو خوایەی دادەنێن، کە کەس نایبینێت.)(شناوی، ١٩٦٧: ٦١) بەو مانایەی ئاینێکە بڕوای بە یەکتاپەرستیی و یەک خودای هەیە. هەروەها (ئاینی زەردەشتی سێ کۆڵەکەی گرنگی هەیە، کە ئەوانیش بیری چاک و گوفتاری چاک و کرداری چاکە. ئەمە جگەلەوەی باوەڕ بە زیندووبوونەوە

و جیهانێکی تر و پردی سیرات و بەهەشت و دۆزەخ بەڕوونی تێیدا دەبینرێت.)(معین، ١٣٦٠، ج٥: ٦٤٩)

سالمی ساحێبقڕان شارەزای لەسەر ئەم ئاینە هەبووە و هەندێکجار سەرنجی ڕاکێشاوە و کرووپەتی بە سەرچاوەی وێنە هونەرییەکانی، بەتایبەتی لە بەکارهێنانی وشەکانی (مەجووسی، زەردەشتی، ناری زەردەشتی، زەند و پازەند)دا سوودی لێوەرگرتووە. ئەوەتا لە دێڕێکدا دەڵێت:

**پڕچینی زوڵف و پەرچەم نەخشن لە ڕوویی یارا**
**وەک میللەتی مەجووسی، هەر دێن بە دەوری نارا** **(سالم، ٢٠١٥: ٧٩)**

شاعیر سوودی لەو وێنەیە وەرگرتووە، کاتێک پەیڕەوکەرانی ئاینی زەردەشتی بە دەووری ئاگردا هەڵقە دەبەستن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە وەکوو باسمانکرد ئاگر و خۆر دوو لە ڕەمزە دیارەکانی دەسەڵاتی خودان لەو ئاینەدا، نەک لەبەرئەوەی کە گوایە دەیپەرستن. سالم سوودی لەو دیمەنە وەرگرتووە و بە یارمەتی چواندنی وێنەیی وێنەیەکی تری پێ چواندووە، کە ئەویش ئەڵقەبەستنی زوڵف و پەرچەمی یارە بەدەووری ڕووخساری وەکوو ئاگر گەشاوەیدا. لێرەدا سەرچاوەی درووستکردنی وێنە هونەرییەکە ئاینی زەردەشتییە. لە دێڕێکی تردا شاعیر بەراوردی ئاگری زوڵم و زۆری یار بە ئاگری زەردەشتی دەکات و پێیوایە، کە ئەوەی یار بەتینترە لەوەی زەردەشتی. ئەوەتا دەڵێت:

**ئاگری جەوری دڵارامم هەتا دێ خۆش دەبێ**
**ناری زەردەشتی بە دائیم کەی دەگاتە خوویی دۆست** **(سالم، ٢٠١٥: ١٩١)**

لێرەدا شاعیر (ناری زەردەشتی) بەکارهیناوە، کە یەکێکە لە ڕەمزە دیارەکانی دەسەڵاتی خودا لە ئاینی زەردەشتیدا. لە نیوەدێڕی یەکەمدا (جەوری دڵارام) چوێنراوە بە ئاگر و دواتر ئاگری زوڵم و جەوری یار بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە (ناری زەردەشتی) چوێنراوە، بەڵام شاعیر پەسەندی ئاگری زوڵم و ستەمی یاری بەسەر ئاگری زەردەشتیدا داوە و دەڵێت: گەرچی ئاگری زەردەشتی بەدایم دەگرێت، کەچی ناگاتە خووڕەوشتی یار، کە مەبەست لە زوڵم و ستەمەکەیەتی. بەمەش شاعیر ڕەگەزێکی دیاری ئاینی زەردەشتی کردووە بە سەرچاوە و سوودی لە چواندنی پەسەندیدە وەرگرتووە بۆ بنیاتنانی وێنە هونەرییەکە. لە دێڕێکی تردا شاعیر سوود لەو وێنەیە وەردەگرێت، کە پەیڕەوکەرانی ئاینی زەردەشتی لە کاتی بەجێهێنانی نەریتی ئاینی خۆیان لە دەوری ئاگر کۆدەبنەوە و بۆ پیشاندانی ملکەچییان بۆ یەکێک لە ڕەمزەکانی دەسەڵاتی خودا بە ملکەچی ڕادەوەستن. شاعیر دەڵێت:

**لە دەوری ناری ڕوو، زوڵفت مەجووسانی سەرەفگەندەن**
**لە تابی بەرقی مەی ئەو کافرانە جوملە هەڵسێنە** **(سالم، ٢٠١٥: ٨٢٦)**

لە نیوەی یەکەمدا ڕووخساری دڵبەر بە ئاگر و زوڵفیش بە پەیڕەوکەرانی زەردەشتی، کە سەریان بۆ لای ئاگرەکە شۆڕ کردووەتەوە، چوێنراوە. لە نیوەی دووەمیشدا سوودی لە خواستنی ئاشکرا وەرگرتووە و بە ئاشکرا وشەی (مانگ)، (لە دێڕەکەدا بە هەڵە "مەی" نووسراوە، چونکە هەر بە وەسفی "تاب، بەرق"دا بێت، هەر دەبێت "مانگ" بێت.) بڕوانە دیوانی سالم (کەسنەزانی، ١٣٩٦: ٥٠٨) بۆ ڕووخساری دڵبەر خواستووە. بەمە شاعیر لە نیوەی یەکەمدا سوودی لە چواندنی بڵاو و لە نیوەی دووەمیشدا لە خواستنی ئاشکرا وەرگرتووە و ئاینی زەردەشتیشی کردووە بە سەرچاوەی خولقاندنی وێنە هونەرییەکە و دەڵێت: زوڵفەکانت وەکوو پەیڕەوکەرانی زەردەشتی دەوریان لە ڕووخساری وەکوو ئاگرتداوە و سەریان شۆڕ کردووەتەوە. دە ئەی یار دەستێک لە زوڵفت بدە با ڕووخساری مانگ ئاسات دەربکەوێت و بێباوەڕان بەبڕوا بهێنە و خەبەریان بکەرەوە و ئێمەش لە دیدارت بێبەش مەکە. لە وێنەیەکی تردا سالم ئەوە دەخاتەڕوو، کە لە مەتن و لە لێکدانەوەکانی ئاینی زەردەشتی شارەزایە و دەڵێت:

**مەجووسی! ناری عیشقت ناگورێزە**

**دەزانم مەتن و مەعنای (زەند و پازەند)** **(سالم، ٢٠١٥: ٢٦٠)**

(مەجووسی)، بە پەیڕەوکەرانی ئاینی زەردەشتی دەوترێت، بەڵام لێرەدا درکەیە لە خود و مەبەست لە یارە. شاعیر لە نیوەی یەکەمدا عەشقی یاری بە ئاگر چواندووە، کە ناچارییە و واز لە شاعیر ناهێنێت. لە نیوەی دووەمیشدا لە ڕووکەشدا بە دڵبەر (کە سەر بە ئاینی زەردەشتی بووە) دەڵێت: من شارەزای کتێبە پیرۆزەکەی ئێوە هەم، کە ناوی (زەند و پازەند)ە و یەکەمیان مەتن و دووەمیشیان مەعنا و لێکدانەوەی مەتنەکەیە، بەڵام لە قوڵایی واتاکەدا دەیەوێت بڵێت: دڵبەر من ڕووکەش و ناوەڕۆکی تۆ دەناسم. شاعیر ئاینی زەردەشتی کردووە بە سەرچاوە و سوودیشی لە درکە و لێکچواندنی ڕەوان وەرگرتووە بۆ بنیاتنانی وێنە هونەرییەکە.

### ٣/ ٢-٢-٢-٢. ئاینی جوو (یەهوودی)

یەکێکی تر لەو ئاینە کۆنانەی مێژووی مرۆڤایەتی و بەتایبەتی ڕۆژهەڵات، ئاینی جوو (یەهوودی)یە، کە بە ئاینێکی ئاسمانی ناسراوە و پێش ئاینی مەسیحییە و (ناسرانیشی بە ئاسمانی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پەیامەکە لەلایەن پەروەردگارەوە بەهۆی یەکێک لە فریشتەکانییەوە، کە "جوبرەئیل" بووە نێردراوە بۆ یەکێک لە پەیامبەرەکانی، ئەویش (موسای کوڕی عیمران ١٥٧١-١٤٥١ پ.ز) بووە و ناوەڕۆکی پەیامەکەش لە کتێبێکدا کۆکراوەتەوە و بۆ ئەو پەیامبەرە نێردراوە، کە ناوی "تەورات"ە.)(ئەنوەر، ٢٠١٢: ٩٧) باوەڕدارانی سەر بەم ئاینە لە کۆنەوە لە کوردستانی باشوور نیشتەجێ بوونە و بەڕادەیەک (هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن، کە لەگەڵ دەستپێکی سەدەی دووی زاینیدا، جولەکایەتی ڕەگی خۆی لە کوردستانی ناوەڕاستدا سەقامگیرکرد و تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، وەک گرووپێکی گەورەی دانیشتوان لە کوردستان مایەوە.)(ئیزەدی، ٢٠٠٢: ٨٩) پەیڕەوکەرانی ئاینی جوو بە ئازادی لە کوردستاندا ژیاون و پەیوەندی و تێکەڵاوی باشیان لەگەڵ باوەڕدارانی سەر بە ئاینەکانی تردا هەبووە. سالمیش وەکوو کەسێکی ڕۆشنبیر و وریای سەردەمەکەی خۆی، ئاگای لەم ئاینە هەبووە و شارەزای بووە و ناسیونی و کەسایەتی و ڕووداو ڕەمزەکانی ئەو ئاینەی لە هەندێک لە وێنە هونەرییەکانیدا بە دەربڕینی (مووسا، عەسا، فیرعەون، هامان، ظوڵمی فیرعەون، ثوعبانی مووسا، کەلیم، مووسا و طوور، کێوی طوور، طووری سینا، یەهوود، ثوعبانی کەلیم، عەصای مووسا) لە وێنە هونەرییەکانیدا بەکارهێناوە و ئاینی جووی کردووە بە سەرچاوەی خوڵقاندنیان. ئەوەتا لە دێڕێکدا دەڵێت:

**وەک یەهوود دونیا گرێی وا دا لە ڕشتەی طالیعم**
**حەضرەتی "ئیدریس" بە ناخون سەعی کا، ناکرێتەوە!** **(سالم، ٢٠١٥: ٨٤٥)**

وەک دیارە لە دێڕەکەدا (یەهوود) هاتووە، کە مەبەست لە قەومی جوولەکەیە و خودا (مووسا)ی بە پێغەمبەر بۆیان ناردووە، لێرەدا لە نیوە دێڕی یەکەمدا شاعیر بەختی خۆیی بە قەومی یەهوود چواندووە، بەو مانایەی، کە وەک چۆن قەومی جولەکە لە دنیادا گرێی بەختیان بەستراوە (وەک ڕوونە لە سەردەمی ژیانی شاعیردا قەومی جولەکە خاوەنی کیان و دەسەڵاتی سەربەخۆی خۆیان نەبوون) هەر بەهەمان شێوە چەرخی گەردوون گرێیەکی وای لە بەختی من داوە، تەنانەت پێغەمبەر (ئیدریس)ی کوڕەزای ئادەمیش وەک دەڵێن لە هەموو زانستێکی زانیوە، گەر بە نینۆک تێیی بکەوێت، هێشتا ناتوانێت ئەو گرێ کوێرەیەی بەختی من بکاتەوە. لێرەدا قەومی یەهوودی بووە بە سەرچاوەی خوڵقاندنی ئەو وێنە هونەرییە ناوازەیە. سالم لە دێڕێکی تردا سوودی لەو وێنەیە وەرگرتووە، کە لە سەردەمی دەسەڵاتی فیرعەوندا موعجیزەکانی (موسا) بە

سیحر لەقەڵەم دەدرا، بۆیە (فیرعەون) داوا لە ساحیرەکانی میسر دەکات، لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا ئەوە بسەلمێنن، کە (موسا) پێغەمبەر نییە و ئەویش ساحیرێکە. بەڵام موسا عەساکەی هەڵدەدات و دەبێت بە مارێکی زۆر گەورە و ماری ساحیرەکان دەخوات. سالم سوودی لەم وێنەیە وەرگرتووە و دەڵێت:

**زەمزەمەی عیشقە لەناو میصری وجوودم، هەمە جا**
**ئاتەش ئەفشانە هەناسەم وەکوو ثوعبانی کەلیم (سالم، ٢٠١٥: ٤٩١)**

لە نیوەدێڕی یەکەمدا (عیشق) بە (زەمزەمە) هەرا و هوریا و وجوود (بوون)ی شاعیر بە (میسر) چوێنراون. لە نیوەی دووەمدا (هەناسە) بە (ثوعبانی کەلیم)ماری مووسا  چوێنراوە، لە ئاگربارانکردندا. لە نیوەی یەکەمدا سوود لە چواندنی بڵاو و لە نیوەی دووەمیشدا سوود لە چواندنی درێژەی بەربڵاو وەرگیراوە. شاعیر (میسر) و (ثوعبانی کەلیم)ی بەکارهێناوە، کە مەبەست لە (ماری مووسا) کە (عەسا)کەی دەستی بووە و بە خوڵقاندنی موعجیزە کردوویەتی بە مار، هەروەها لەبەرئەوەی (مووسا) ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ خودادا کردووە، بۆیە (کەلیم الله)یە. بەو شێوەیە شاعیر سوودی لە ئاینی جوو (یەهوودی) وەرگرتووە و وێنە هونەرییەکەی خوڵقاندووە. بەمەش شاعیر وێنە ئاینییەکەی لە پەیوەندی نوێدا بەکارهێناوە. ئەوەتا ئەو هەرایەی جاران فیرعەون لە میسردا بەرپای‌کرد ئێستا عەشق لە وجوود و ناوەوەی من(سالم)دا درووستی کردووە هەناسەم وەکوو دەمی مارەکەی مووسا لە عیشقدا ئاگری لێئەپرژێت. لە دێڕێکی تردا شاعیر هەمان ئەو پەرجووەی عەساکەی دەستی مووسا دەیخوڵقێنێت لە بەرانبەر ئەو پەرجووەی یار بە بەردەوامی دەیخوڵقێت بەکەم بایەخ دەبینێت و دەڵێت:

**سەهلە گەر مووسا عەصای کردە حەی و سەهمی نوواند**
**موعجیزەی وا دڵبەرم هەردەم بە مووی گێسوو دەکا (سالم، ٢٠١٥: ٩٩)**

لێرەدا دوو وێنە بوونیان هەیە، وێنەی یەکەم مووسا عەساکەی دەستی دەکات بە مار و سام و ترس دەخاتە دڵی فیرعەون و ساحیرەکانەوە. وێنەی دووەم، یار بە ئاسانی بە بەردەوامی زوڵفی دەکات بە مار. لێرەدا وێنەی دووم لێچووە و بە وێنەی یەکەم چوێنراوە. بەڵام شاعیر بە سوود وەرگرتن لە چواندنی پەسەندیدە و بەهۆی بەکارهێنانی وشەی (سەهلە) لە وێنە (لەوچوو)ەکەدا و وشەی (هەردەم) لە وێنە لێچووەکەدا، وای‌کردووە، پەسەندی لێچووەکەی بەسەر لەوچووەکەدا داوە. بەمەش شاعیر سوودی لە ئاینی جوو (یەهوودی) وەرگرتووە و وێنە هونەرییەکەی پێخوڵقاندووە.

سالم لە هەندێک لە وێنەکانیدا وشەی (طوور)ی بەکارهێناوە، کە مەبەست لە کێوی طووره لە بیابانی سینا، کە بووە بە ڕەمزی گەورەی شەوق و نووری خودا، چونکە پێغەمبەر مووسا لەو کێوەدا قسەی لەگەڵ خودادا دەکرد، کاتێک مووسا داوای کرد و وتی خودا خۆتم نیشانبدە تا بتبینم. خودا فەرمووی: هەرگیز من نابینیت، بەڵام سەیری شاخەکە بکە، خۆ ئەگەر چیاکە لە شوێنی خۆی ما ڕەنگە من ببینیت، کاتێک خودا خۆی نیشانی کێوەکە دا، کێوەکە پارچە پارچە بوو و سووتا و مووسا بە بێهۆشی کەوتە سەر زەوی. خودا دەفەرمێت: ((ولما جاء موسي لميقاتنا وكلمه ربه (كلم الله) قال رب ارنی انظر اليک قال لن تراني ولكن انظر الي الجبل فان استقر مكانه فسوف تراني فلما تجلي ربه للجبل جعله دكا و خر موسي صعقا))(سوورەتی اعراف ٧، ئایەتی ١٤٣). سالم سوودی لەم ڕووداوەی ناو ئاینی جوو وەرگرتووە و لە دێڕێکدا دەڵێت:

**یەک ذەڕڕە عەکسی پەرتەو، دەرکەوت و طووری سووزاند**

**ئایینە سەخت ڕوو بوو، لەو عەکسە تابی هێنا (سالم، ٢٠١٥: ١٣٤)**

لێرەدا شاعیر یارەکەی تا ئەو ئاستە بەرز دەکاتەوە، کە شەوق و ڕووناکییەکەی وەکوو هین خودای تێدایە، چۆن کێوی (طوور)ی سوتاند، ئاوا یەک زەڕەی دەرکەوت، دڵی شاعیری سووتاند، کەچی سەیرەکە لەوەدایە ئاوێنە چۆن ناسووتێت، کاتێک تۆ خۆتی تێدا دەبینیت؟! شاعیر وێنە ئاینییەکەی لە پەیوەندی نوێدا بەکارهێناوە و ڕەهەندی تازەی پێبەخشیو. مەبەستێتی بڵێت دڵبەر تۆ شتێکت لە نووری خودا تێدایە، بۆیە منت وەکوو کێوی توور سوتاند، بەمەش ڕاستە ئەوە لە قورئاندا باسیکراوە، بەڵام خودی ڕووداو و چیرۆکەکە سەر بە ئاینی یەهوودییە، واتا ئەو ئاینەی کردووە بە سەرچاوە و سوودیشی لە لێکچواندنی ناڕاستەوخۆ وەرگرتووە و وێنەیەکی هونەریی جوانی پێبنیاتناوە. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ١٧، د: ٢)، (ل: ١٢٠، د: ٤)، (ل: ١٣٤، د: ٢)، (ل: ١٧٧، د: ٤)، (ل: ٢٨١، د: ١)، (ل: ٣١٢، د: ٤)، (ل: ١٠٢٦، د: ٦).

## ٣/ ٢-٢-٢-٣. ئاینی مەسیحی

ئاینی مەسیحی یەکێکە لە ئاینە ئاسمانییەکان، کە خودا لە دوای ئاینی جوو (یەهوودی) بۆ گەیاندنی پەیامەکە، پێغەمبەر (عیسا)ی ناردووە، گومانی تێدانییە، کە بەشی زۆرینەی پەیڕەوکەرانی ئەم ئاینە ڕۆژئاواییەکانن، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست و ناوچەکانی خۆشمان لە زۆر کۆنەوە شوێنکەوتەی خۆی هەیە، هەربۆیە لە ئەدەبیاتی ناوچەکەدا و لە ئەدەبیاتی کوردیشدا ناوی (عیسا د.خ) و هەموو ئەو ناو و چەمک و وەسف و سەنا و پێناسراوانەی سەر بەم ئاینەن کەم تا زۆر ڕەنگیانداوەتەوە و شاعیران لە بنیاتنانی وێنە هونەرییەکانیاندا سوودیان لێوەرگرتوون، هەروەها لە

دیوانی سالمدا زۆرجار بە دەربڕدراوەکانی (عیسا، عیسای مەریەم، تەرسا، کڵێسا، ڕوخساری مەسیحایی، چەلیپا، عیسا نەفەس ... هتد) ئاماژە بەم ئاینە کراوە و بووە بە هەوێنی خوڵقاندنی وێنەی هونەری. سالم لە دێڕێکدا دەڵێت:

**عەقیم ئاسا لە زگ وەستایەوە، حەملی نەما ئیتر**

**لە پاش تۆ دایەیی دونیا بە میثلی مادەری "عیسا"** (سالم، ٢٠١٥: ١١٩)

لێرەدا شاعیر چەند وێنەیەکی دروستکردووە. لە نیوەدێڕی دووەمدا (دونیا) ی بە (دایە) چواندووە، دواتر (دایەی دونیا)ی کردووە بە لێچوو، سەرەتا چواندوویەتی بە (عەقیم)، کە مێینەی نەزۆکە و دواتر چواندوویەتی بە (مادەری عیسا). بەو شێوەیە لە بنیاتی وێنەی دێڕەکەدا سوودی لە چواندنی کۆ وەرگرتووە. وێنەکە پێمان دەڵێت، کە لە دوای دڵبەر ئیتر دونیا وەکوو ژنێکی نەزۆک یان وەکوو دایکی عیسای لێ هاتووە، چونکە جوانێکی تری نەهێنایە بوون. بەو شێوەیە سوود لە ئاینی مەسیحی وەرگیراوە لە خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکەدا. لە دێڕێکی تردا شاعیر گلەیی لە کچە مەسیحییەک دەکا، کە ئەوەندە غەمی پێداوە پیری کردووە. ئەوەتا دەڵێت:

**داغی کردم بە جەفا لالەڕوخێ، زێبایێ**

**پیری کردم بە ستەم لامەذەبێ، تەرسایێ** (سالم، ٢٠١٥: ١٠٢٩)

شاعیر وشەی (تەرسا)کچی مەسیحیی بەکارهێناوە، کە ڕوخساری وەکوو گوڵی لالە جوانە، بەڵام دەرد و غەمێکی زۆری بە شاعیر داوە و پیری کردووە. لە خوڵقاندنی وێنەکەدا هەم سوود لە چواندن و هەمیش لە شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ وەرگیراوە و پەیڕەوکەرانی ئاینی مەسیحیش بووە بە سەرچاوەی بنیاتنانی وێنە هونەرییەکە. لە دێڕێکی تردا شاعیر سوود لە هەردوو ئاینی ئیسلام و مەسیحی وەر دەگرێت و لە پەیوەندییەکی نوێدا بەکاریان دەهێنێت و ڕەهەندی نوێیان پێدەدات و دەڵێت:

**شەڕیانە لە ئەندێشەی موو، موئمین و تەرسا**

**کێشاویە لەسەر مەصحەفی ڕوو، شەکڵی چەلیپا** (سالم، ٢٠١٥: ٨٥)

لێرەد وشەکانی (موئمین) و (تەرسا)، پەیڕەوکەرانی ئاینی (ئیسلام) و (مەسیحی)ن، بەکارهاتوون، کە بەهۆی خەیاڵی زوڵفی یارەوە ناکۆکی و شەڕ لە نێوانیاندا دروستبووە. ئەمەش لەبەرئەوەی زوڵفی دڵبەر وەکوو سەلیبێکی مەسیحییەکان لەسەر ڕووخساری وەکوو قورئانی یار خۆی دەنوێنێت. دەتوانرێت بە چەندین شێوەی جیاواز واتای دێڕەکە لێک بدرێتەوە، بەڵام ڕەنگە لە هەمووی دیارتر ئەوەبێت، کە جوانی ڕووخسار و ئەگریجەی دڵبەر دەتوانێت ناکۆکی لەنێوان دوو ئاینی گەورەی ئاسمانی وەکوو ئیسلام و مەسیحی دروستبکات و بەشەڕیاندا بدات. هەروەها

داپۆشینی قورئان بە سەلیبی مەسیحییەکان بۆ ئیسلام قبوڵ نەکراوە و ئەوەش بە ڕوونی دەرکەوتووە، کە شاعیر خۆی موسوڵمانە، چونکە ڕووخسار، کە سپی و جوانە بە قورئان چوێنراوە و زوڵف و پەرچەمیش، کە ڕەشە و تارماییە بە سەلیبی ڕەمزی پیرۆزییەکانی مەسیحی چوێنراوە. لە دێڕەکەدا سوود لە چواندنی ڕەوان و قوڵە وەرگیراوە و ئاینی ئسلام و مەسیحیش کراوە بە سەرچاوەی خولقاندنی وێنە هونەرییەکە. لە دێڕێکی تردا شاعیر لە وەسفی جوانی یاردا دەڵێت:

**صەد مەولەوی بە فەتوەیی دڵ دەبنە عیسەوی**

**گاهێ ئەگەر لە کیسوەتی تەرسا بەدەرکەوی!** **(سالم، ٢٠١٥: ٩٢٩)**

لێرەدا وشەکانی (عیسەوی "عیسای کوڕی مەریەم") مەسیحی و (کیسوەتی تەرسا) پۆشاکی مەسیحی، بەکارهێناوە. پەسنی جوانی یار دەکات و پێیدەڵێت: ئەگەر یەکجار لە جلوبەرگی مەسیحییەکاندا خۆت دەربخەیت، ئەوە سەد دانە ڕابەری گەورەی ئاینی ئیسلامی وەکوو (مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی)یش لە دینی ئیسلام هەڵدەگەڕێتەوە و لەبەر جوانی تۆ دەبێت بە مەسیحی. بێگومان لە بارە ئاینییەکەوە شاعیر دەزانێت ئەوە شتێکی ڕێپێدراو نییە، بۆیە دەڵێت: بە فەتوای دڵ، بەو مانایەی لە عەشقدا ئەوە شتێکی چاوەڕوانکراوە و ڕێپێدراویشە. شاعیر لە بنیاتی وێنە هونەرییەکەدا لەگەڵ ئەوەی ئاینی مەسیحی کردووەتە سەرچاوە، هەروەها سوودی لە شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆش وەرگرتووە. جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بەچەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ٧٩، د: ٢)، (ل: ٢٢٩، د: ٤)، (ل: ٢٤٤، د: ١)، (ل: ٤٣٩، د: ٨)، (ل: ٤٦٦، د: ٧)، (ل: ٨١٠، د: ٥)، (ل: ٨٥٦، د: ٢)، (ل: ٨٦٦، د: ٥).

لە ڕاستیدا ئەوەی تێبینی دەکرێت، لەو وێنە هونەرییانەی، کە سەرچاوەی خولّقاندنیان ئاینی مەسیحی بووە، شاعیر نەڕۆشتووەتە ناو فەلسەفە و قوڵایی ئاینەکەوە و بە گشتی تەنها ڕەمز و ناوەکانی ئەو ئاینەی وەرگرتووە و لە بنیاتی وێنە هونەرییەکانیدا بەشداری پێکردووە.

## ٣/ ٢-٢-٢-٤. ئاینی ئیسلام

ئاینی ئیسلام یەکێکی ترە لەو سەرچاوە گرنگانەی، کە بە دەیان ڕووداو و ڕەگەز و ڕەمزی تێدایە و سالمیش لەبەرئەوەی لە حوجرە و مزگەوتەکاندا فێری خوێندن و خوێنەواری بووە، بۆیە ڕووداوەکانی ئەم ئاینە لەوانیتر زیاتر کاریی لێکردووە و هەم لە ژیانی ڕۆژانە و هەمیش لە وێنە هونەرییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئاینی ئیسلام بەپلەی یەکەم لە (قورئانی پیرۆز) و دواتریش لە (فەرموودەکانی پێغەمبەر د.خ) پێکهاتووە. ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین نموونەی ئەو دێڕانە وەربگرین،

کە ڕاستەوخۆ قورئان، یان فەرموودەکانی پێغەمبەر کراوە بە سەرچاوەی خوڵقاندنیان. قورئانی پیرۆز، یەکێکە لەو سەرچاوە دەوڵەمەندانەی کە ژمارەیەکی زۆر ڕووداو و چیرۆک و ڕەمز و ڕەگەزی جیاواز و وێنەی لەخۆیدا هەڵگرتووە، کە بەشێوەیەکی گشتی لە نیشاندانیاندا سوود لە هونەرە ڕوونبێژییەکان وەرگیراوە. شاعیرانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی بەگشتی و شاعیرانی قوتابخانەی بابان بە تایبەتی سەرچاوەی خویندنیان حوجرە و مزگەوتەکان بووە و بە باشی شارەزای قورئانی پیرۆز بوونە و سوودیان لە ڕووداو و وێنەکانی وەرگرتووە و پەیوەست بە بابەتی خواپەرستی، یاخود گواستوویانەتەوە بۆ بواری تر و ڕەهەندی نوێیان پێبەخشیوە. سالمی ساحێبقڕان یەکێکە لەو شاعیرانەی قوتابخانەی ئەدەبی بابان، کە (وەکوو هاوسەردەمەکانی خۆی لە حوجرەی فەقێیان خوێندوویەتی، بەڵام تەواوی نەکردووە)(سجادی، ١٩٧١: ٢٦٢) و نەبووە بە مەلا، لەگەڵ ئەوەشدا شارەزاییەکی باشی لە ئاینی ئیسلام و بە گشتیی و قورئان و فەرموودەکان بەتایبەتی هەبووە و وێنە و ڕووداوەکانی لە وێنە هونەرییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، جا ڕاستەوخۆ بێت بە وێنەی ناوهێنانی ئەو ئایەتەی، کە مەبەستی بووە، یان بە سوود وەرگرتن لە وێنە و ڕووداوی ناو ئایەت و فەرموودەکان بێت. لێرەدا ڕووداوێکی مێژوویی ئاینی بووەتە سەرچاوە بۆ بنیاتنانی وێنەی هونەری ئەویش لە قورئانی پیرۆزدا لە سوورەتی (الانبیاء) ئایەتی (٥٨) کە دەفەرمووێت: {فَجَعَلَهُمْ جُذَاذًا إِلَّا كَبِيرًا لَهُمْ لَعَلَّهُمْ إِلَيْهِ يَرْجِعُونَ (٥٨)} باسی لێوەکراوە، کە چۆن پێغەمبەر (ئیبراهیم) بتەکانی (ئازەر)ی باوکی خۆیی شکاندووە. بە سوودوەرگرتن لەم ڕووداوە سالم وێنەیەکی هونەری دروستکردووە و دەڵێت:

**گەرچی بە جان و بە دڵ، لەم دەرە هەر تۆی خەلیل**

**خاطری سالم لە ڕووت وەک بتی ئازەر شکا** (سالم، ٢٠١٥: ٩٥)

شاعیر لە دروستکردنی وێنەکەدا سوودی لە ڕەمز وەرگرتووە، چونکە ( بتی ئازەر) ڕەمزە بۆ بتەکانی ئازەری باوکی پێغەمبەر ئیبراهیم. سالم گلەیی لە دڵبەر دەکات و دەڵێت: گەرچی لەم دنیایەدا تەنها تۆ دۆست و خۆشەویستی منی، کەچی خاتر و قەدر و قیمەتی من لەلای تۆ وەکوو بتە شکاوەکانی ئازەر وایە و نرخ و بەهای نەماوە. بەم شێوەیە داستان و بەسەرهاتەکانی ناو قورئانی پیرۆز بوون بەسەرچاوەی بنیاتنانی وێنە هونەرییەکە. لە وێنەکەدا سوود لە لێکچواندن وەرگیراوە، یار بە (خەلیل)، کە مەبەست لە پێغەمبەر ئیبراهیمە و قەدر و قیمەتی سالمیش بە بتە شکاوەکانی ئازەری باوکی چوێنراون. لێکدانی دوو وێنەی تاک بنیاتێکی لێکدراوی بە وێنەی دێڕە شیعرەکە بەخشیوە. سالم خاوەنی ئیرادەیەکی بەرز بووە و هەمیشە بەئومێدەوە لە ژیانی ڕوانیوە، تاکوو ئەو ڕادەیەی ئاماژەی بە وشەیەکی سوورەتی (الزمر) کردووە و لە نیوەدێڕی دووەمدا

تەفسیری ئایەتەکەی کردووە. وەک دیارە ئایەتی (٥٣)یە، کە خودا دەفەرموویت: {قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنفُسِهِمْ لا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ}، شاعیر دەڵێت:

**تەرجەمەی ئایەیی ((لاتقنطوا)) ئەم شیعرە دەکا**
**با نەویدێ لە غەفووریی ڕەحیمت بدەمێ** **(سالم، ٢٠١٥: ١٠١٥)**

لە وێنەکەدا پشت بە شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ بەستراوە و وشەیەک لە سوورەتی (الزمر) وەکوو مژدەیەک لە بەخشندەیی و میهرەبانی خودای گەورە خراوەتەڕوو، کە خودا داوا لە بەندەکانی دەکات لە میهرەبانی و بەخشندەیی خودا بێئومێد نەبن. شاعیر بە ئاماژەکردن بەو ئایەتە زۆر لە بارە ئاینییەکەی دووری نەخستووەتەوە و تاڕادەیەک لە هیوابەخشین بە ڕۆژی دوایدا بەکاریهێناوەتەوە. لە بنیاتی وێنەکەدا پشتی بە شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ بەستووە. لە قورئانی پیرۆزدا لە سوورەتی (القمر)دا باس لە پەرجوویەکی پێغەمبەر (د.خ) دەکات، کە چۆن بۆ بەرپەرچدانەوەی بێباوەڕان و سەلماندنی پێغەمبەرایەتی خۆی و دڵنیاکردنی ئەوان لەسەر تاک و تەنهایی خودا، بە ئیشارەتکردنی پەنجەی، مانگ دوو لەت دەکات. ئەم ڕووداوە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە و خودا دەفەرموویت: {اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ (١)} هەر ئەمەش بووە بە سەرچاوەی خوڵقاندنی وێنەی هونەری لای سالم و لە دێڕێکدا دەڵێت:

**ویصالت پایەیی میعراجە بۆ من**
**لە ڕووتا، گەر لەبم ((شَقّ القَمر) کا** **(سالم، ٢٠١٥: ٩٢)**

لە نیوەدێڕی یەکەمدا شاعیر گەیشتن بە یاری بە (میعراج) و لە نیوەی دووەمیشدا ڕوومەتی یاری بە مانگ چواندووە، کە گەر لێوی شاعیر بۆ ماچکردن بەری بکەوێت، ئەوە وەکوو چۆن پێغەمبەر بە ئیشارەی پەنجەی، مانگی لەت کرد، ئاوها ڕوومەتی یاریش لە ناسکیدا شەق دەبات. شاعیر سوودی لە پەرجووەکەی پێغەمبەر وەرگرتووە و گواستوویەتییەوە و بۆ بابەتی عەشقی خۆی بۆ دڵبەر بەکاریهێناوە و ڕەهەندی نوێی پێبەخشیوە. بەو شێوەیە دوو وێنەی تاکی لەیەک داوە و بنیاتێکی لێکدراوی پێخوڵقاندووە، بۆ ئەوەش سوودی لە ڕووداوەکانی ناو قورئان وەرگرتووە و کردوویەتی بە سەرچاوەی بنیاتنانی وێنە هونەرییەکە. (محمد مستەفا) کۆتا پێغەمبەرە و بە دابەزاندنی قورئان هەموو کتێبە ئاسمانییەکانی تر سڕدرایەوە، ئەمەش لە سوورەتی{المائدة} ئایەتی (٤٨) دا باس کراوە. خودا دەفەرمووێ : {وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْه} ئەمەش بووە بە هەوێنی درووستکردنی وێنەیەکی هونەری لای سالم و دەڵێت:

**ڕووبەڕووی نەقش و نگینی موصطەفا**
**نەسخە تۆماری جەمیعی ئەنبییا** **(سالم، ٢٠١٥: ١٣٩)**

لەم دێڕەدا شاعیر وشەی (نەقش و نگین)ی بەکارهێناوە و داویەتییە پاڵ ناوی (موصطەفا)، وەک دەزانین مەبەست لە (محمد مستەفا) ی پێغەمبەری ئیسلامە (د.خ)، لەوەشدا (نەقش و نگین)ی وەکوو درکەیەک لە خود بەکارهێناوە، کە مەبەست لە (قورئانی پیرۆز)ە، چونکە لە نیوەدێڕی دووەمدا وتوویەتی: تۆماری هەموو پێغەمبەرانی تر سڕاوەتەوە، بەو مانایەی کتێبە ئاینییەکانی گشت پێغەمبەرانی تر لە بەرانبەر قورئانی پیرۆزی (محمد د.خ) سڕاوەتەوە. بەو شێوەیە بە بەکارهێنانی جۆرێکی درکە و بە سوود وەرگرتن لە قورئانی پیرۆز وێنەیەکی هونەری جوانی خوڵقاندووە. هەروەها خودا لە سوورەتی (النجم) ئایەتی (٣٩)دا دەفەرمووێت: {**وَأَن لَّيۡسَ لِلۡإِنسَٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ**} مرۆڤ جگە لە هەوڵ و کۆشش هیچ شتێکی تری نییە، خودا هانی مرۆڤەکان دەدات، کە پشت بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان ببەستن. هەوڵدان و تێکۆشان لە کرۆکی بیرکردنەوەی سالمدایە بۆیە ئەم ئایەتەی قورئان کاری لێدەکات و یەک وشەی تێهەڵکێشی دێڕێکی خۆی دەکات و دەڵێت:

**بە خاڵی مەصحەفی "سالم" تەکاسول غەیرە مەقدوورە**
**بە ئەمری سیرعەتی کۆشش کە ئایەی ((ماسعی)) دێنێ** **(سالم، ٢٠١٥: ١٠١٩)**

شاعیر دڵبەری تا ئاستی پیرۆزی خۆش ویستووە، بۆیە لە نیوەدێڕی یەکەمدا (مصحف) ی خواستووە بۆ ڕوخساری یار و سوێندی بە خاڵی ئەو ڕوخسارە خواردووە، کە ئیتر تەمەڵیکردن مەحاڵە و ڕێ پێنەدراوە، چونکە خوداش لە ئایەتی (ما سعی)دا فەرمان بە هەوڵدان و کۆششکردن دەکات. بەمەش فێرمان دەکات، کە مرۆڤ بەبێ هەوڵ و ماندووبوون هیچ بەهرەیەکی نییە و هیچ بەدەست ناهێنێت. لە بنیاتی وێنە هونەرییەکەدا شاعیر سوودی لە خواستنی ئاشکرا وەرگرتووە و قورئانیش ڕاستەوخۆ بووە بە سەرچاوەی خوڵقاندنی. هەندێکجار (فەرموودەکانی پێغەمبەر د.خ) بووە بە سەرچاوەی خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکانی، ئەوەتا لە دێڕێکدا دەڵێت:

**بە قەصدی کوشتنی "سالم" چ بێڕەحمانە کۆشیون؟!**
**حەدیثی ((یرحم وترحم)) لە شەئنی ئاشنا کوێ چوو؟!** **(سالم، ٢٠١٥: ٦٥٨)**

لێرەدا سالم (یرحم وترحم)ی بەکارهێناوە، کە ئاماژەیە بۆ فەرموودەی (إرحموا من في الارض، یرحمکم من في السماء)(الترمذي، ٢٠١٤: ٤٨٣)، کە داوا لە خەڵکی دەکات، ڕەحەم بە درووستکراوەکانی خوای گەورە لەسەر زەوی بکەن، بەڵکوو خوداش لە ئاسمانەوە ڕەحمتان پێبکات. سالم گلەیی ئەوە دەکات، کە چواردەوری هیچ ڕەحمیان پێینەکردووە و هەوڵی کوشتنیان داوە، بۆیە دەڵێت: ئەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرتان لەبیرچووە؟! بەمەش بە بەکارهێنانی شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ و سوودوەرگرتن لە فەرموودەی پێغەمبەر وێنە هونەرییەکەی خوڵقاندووە.

له دێڕیکی تردا شاعیر فەرموودەی (من كنت مولاه، فعلی مولاه)(الترمذي، ٢٠١٤: ٧٩)ی کردووە بە سەرچاوەی خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکەی و دیسان شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆی بەکارهێناوە و بە دڵی خۆی دەڵێت: هەرکەس پرسیاری لە مەولات کرد، بڵێ: حەزرەتی عەلییە. ئەوەتا دەڵێت:

**دڵا! هەر کەس دەپرسێ لێت: لە "مەولا" کێیە مەقصوودت؟**

**بڵێ: مەولایی دەروێشان، عەلییی عالییی ئەعلا (سالم، ٢٠١٥: ٢٧)**

جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین: (ل: ٦، د: ٣)، (ل: ٤١، د: ٥)، (ل: ١٣٩، د: ٢)، (ل: ١٤٠، د: ٨)، (ل: ١٦٢، د: ٤)، (ل: ٣٦٧، د: ٣)، (ل: ٥٧٩، د: ١٣)، (ل: ٦٢٢، د: ٤)، (ل: ٧٦٢، د: ٤)، (ل: ٨٥٧، د: ٦)، (ل: ١٠٢٨، د: ٥).

### ٣/ ٢-٢-٣. سەرچاوەی ئەدەبی دەوروبەر

لە سەرچاوەکانی دەوروبەری ئەدەبی کوردی، کە پێکدێن لە ئەدەبی فارسی و عەرەبی و تورکی، شیعری کلاسیکی کوردیی کرمانجی خواروو (قوتابخانەی بابان) زیاتر سوودی لە ئەدەبی فارسی وەرگرتووە. چونکە لە سەردەمی دەسەلاتی بابانەکاندا (زمانی فارسی باڵادەست و بەربڵاو بووە لەناو میرنشینەکەی باباندا و زمانی ڕەسمی میرنشینەکە بووە تەنانەت لەو کات و سەردەمانەشدا، کە دەسەڵاتی تورکە عوسمانییەکان جڵەوکێشی کاروباری میرنشینەکە بوو، چونکە چ پاشایانی بابان و چ ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە فارسیان بە پەسەندتر زانیوە وەک لە تورکی و بەمەبەست نەیانویستووە پێیبدوێن.)(ڕیچ، ١٩٩٢: ٩٥-١٠٠) هەر لەم ڕووە و لە بوارە ئەدەبییەکەوە (ڕەشید نەجیب) لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (غەزەل نووسی و ژیانەوەی سەقافەتی کورد و ئێرانی)، بزوتنەوەی شیعری قوتابخانەی بابان بە (ئەدەبی دەستەی خەواص) دادەنێت و دەڵێت: ((بەشی عولەما و مونەوەرانیش ڕویانکردە لای سەقافەتی کورد و ئێران، ڕابردووی خۆیان هاتەوە بیر و ئایندەیان خستەوە بەرچاو، ئەمە لە عەسری هەژدەمین و نۆزدەمیندا بوو، ئیدارەی حکومەتی بابان بۆ ئەم بوژانەوەی سەقافەتی کورد و ئێرانییە تەئسیرێکی موهیمی هەبوو، لەو زەمانەدا زمانی ڕەسمی بوو بە فارسی، دانشمەندان و ئودەباکانمان جگە لە ئەدەبیات و علومی عەرەبی دەستیانکرد بە تەتەبوعی ئاثاری شاعیرەکانی فورس. ئەشعار و دیوانی حافز، کەلیم، سەعدی، نظامی و سائرە دیسان هێنرانەوە مەیدان. منداڵ و گەورە و فەقێ و قوتابی، شاعیر و عالم

بە شەوق و زەوقەوە خۆیان هاویشتە باوەشی ئەدەبیاتی کورد و ئێرانی.))(میرزا تۆفیق، ٢٠١٣: ١٩) هەر لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا دەڵێت: ((قاڵبی شیعری بابان لاسایکردنەوەی قاڵبی شیعری فارسییە و بە چاولێکەری ئەوان قاڵبی عەروزی بووەتە باو.)(ئەمین، ٢٠١٢: ٤٤٥)

شیعری سالم بەتایبەتی لە ناو شاعیرانی بزوتنەوەی شیعری کرمانجی خوارووودا، بەگشتی زۆرتر کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەدەبی فارسییەوە، واتا (ئەو سەرچاوە شیعرییانەی کە لە بەردەستیدابوون تا وشەی شیعرییان لێهەڵبهێنجێ و فەرهەنگە شیعرییەکەی خۆی دەوڵەمەندبکات پێیان، شیعری کلاسیکی فارسی و عەرەبی بووە، وەک ئێمەش هەستمان پێکردووە، زیاتر ڕووی لە سەرچاوە کلاسیکییەکەی شیعری فارسی کردووە و لەوێوە وشە و دەربڕینی شیعری هەڵهێنجاوە و بە شیعری فارسی زاخاوی تاقیکردنەوەی شیعری خۆی داوەتەوە.)(میرزا تۆفیق، ٢٠١٣: ٩٤) هەروەها لە دیوانی سالمدا هیچ تێهەڵکێشێک (مولەمەع)ی لەسەر شیعری هیچ شاعیرێکی ئەدەبی عەرەبی نییە و ئەوەی هەیە لە چوارچێوەی بەکارهێنانی وشە و زاراوەی عەرەبی تێناپەڕێت. هەربۆیە ئێمەش لێرەدا بۆ سەرچاوەی وێنە هونەرییەکانی شیعری سالم لە ئەدەبیاتی دەوروبەر، تەنها ئەدەبی فارسی وەردەگرین.

### ٣/ ٢-٢-٣-١. ئەدەبی فارسی

ئەدەبی فارسی کاریگەرییەکی دیار و بەرچاوی لەسەر شیعری سالم هەبووە، چونکە سالم وەکوو یەکێک لە ڕابەرەکانی قوتابخانەی شیعری بابان شارەزاییەکی باشی لە زمانی فارسیدا هەبووە و گەلێکجار هاتوچۆی تارانی کردووە. لە چاپی یەکەمی دیوانی سالم (کوردی و مەریوانی)دا، کە لە ساڵی ١٩٣٣ لە بەغداد چاپکراوە، لەبارەی پەیوەندی سالم بە ئێرانەوە نووسراوە: ((منشیء فاملیای ساحبقران کوردستانی ئێرانە، فاملیای سالم لەگەڵ سالمدا اغلب ئەچوون بۆ ایران بۆ سەردان لە خزمەکانیان، بەڵام لەپاش ڕوخانی حکومەتی بابان لەگەڵ فاملیاکەیا ئەچنە ایران و لە تاران زۆر ئەمێننەوە.))(دیوانی سالم، ١٩٣٣: C) لە چاپی دووەمی دیوانەکەی، کە (گیوی موکریانی) لە ساڵی ١٩٧٢ لە چاپخانەی کوردستان چاپی کردووە، لەم بارەیەوە وتراوە بنەمەماڵەی سالم (لەڕووی ئەوەوە کە لە بنچینەدا کوێستانیی بوون، هەمیشە هاموشۆی کوێستانیان دەکرد.)(موکریانی، ١٩٧٢: ٦) وەک ڕوونە مەبەست لە کوێستان، کوردستانی ڕۆژهەڵاتە. هەر لەو دیوانەدا هۆکاری سەردانیکردنی بۆ ئێران وەها ڕوونکراوەتەوە (سالم کە تەماشای کرد لەوە پتر توانای دیتن و هەڵگرتنی ئەو هەموو کارەسات و هەنگامانەی نییە، کە توورکەکان بەسەر خاکی پاکی بابانیان داهێناوە، ناچار بە پەرێشانی و لێقەوماوی سەری خۆی هەڵگرت و ڕووی لە ناو خزمەکانی کوێستانی کرد.)(موکریانی، ١٩٧٢: ١٦) هەروەها عەلادین

سەجادی دەڵێت: ((گەلێ جار هاتوچۆی (سنە) و (تاران) ی کردووە. هۆی ئەمەش لەلایەکەوە دیدەنی کردنی بووە لە خزمەکانی کوردستانی ئێران، لە لایەکیشەوە کردەوەی تورکەکان بەرانبەر بە سولەیمانی زۆرتر ناچاری کردووە بەم هاتوچۆیە.))(سجادی، ١٩٨١: ٢٦٣،٢٦٤) هەروەها (ڕەفیق حیلمی) لەبارەی کاریگەری ئەدەبی فارسی و بەتایبەتی (حافزی شیرازی) لەسەر سالم دەڵێت: ((شیعری غەرامی و غەزەلیاتی سالم جار جار لە (قائانی) و بەین بەین لە (حافیزی شیرازی) ئەچێت، هەر بەمەدا دەرئەکەوێ، کە (سالم) شاعیرێکە لە ڕیزی حافیز.))(حیلمی، ٢٠١٠: ١٥٧) هەروەها دکتۆر عوسمان دەشتی دەڵێت: ((کاریگەربوونی بە زمان و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی فارسی زۆر بەڕوونی بە شیعر و بەرهەمەکانییەوە دیارە، شەیدای شاعیرانی فارسی زمان لە وێنەی (حافز و سائیب و جامی)بووە و زۆرجار لە شیعرەکانیدا ناوی بردوون.))(دەشتی، ٢٠٢١: ٦٧) هەربۆیە دەتوانین بڵێین ((زۆری بەکارهێنانی وشەی فارسی لە شیعرەکانیا ئەگەڕێتەوە بۆ پێوەندیی زۆری بە ئەدەبیاتی فارسییەوە.))(سعید، ١٩٩١: ٢٣) وەک دەبینین بەزۆری توێژەران هۆکاری سەردانیکردنی (سالم)یان بۆ ئێران بۆ دوو هۆکار گەڕاندووەتەوە، ئەویش بنەماڵەی سالم خۆی لە بنچینەدا خەڵکی دەوروبەری سنە بوونە و خزم و کەسیان لەودیو زۆر هەبووە. هۆکارێکی تریش داگیرکاری توورکەکانەوە بووە بۆ ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بابان. بەگشتی ئەو سەردانە زۆرانەی سالم بۆ ئێران هۆکاری سەرەکی نزیکبوونەوە و کاریگەربوونییەتی بە شاعیرانی ئەدەبی فارسی. ئەگەرچی لەچەندین دێرە شیعردا ناچاری لە ڕۆشتنەکانیدا دەبینرێت و بێزارە لە ئێران. ئەوەتا دەڵێت:

**شۆرەزاری خاکی (ڕەی) ئەمجارە دامەنگیرمە**

**ڕوو لە هەر وادی دەکەم، خاری وەکو زنجیرمە** **(سالم، ٢٠١٥: ٧٩٩)**

یان دەڵێت:

**خۆزگە دەمزانی لە تارانێ نەجاتم کەی دەبێ؟!**

**کۆیی یارە مەشهەدم، یا مەدفەنم هەر ڕەی دەبێ؟!** **(سالم، ٢٠١٥: ٩٨٣)**

یان دەڵێت:

**لەگەڵ دڵ شەرطە "سالم" گەر نەجاتم بێ لە (تاران)ا**

**بەهەشت ئەر بێتە دەشتی (ڕەی)، بە ئێرانا گوزەر ناکەم** **(سالم، ٢٠١٥: ٤٧٥)**

یەکێک لەو ئەدیبانەی پێشوو، کە کاریگەربوونی سالمی بە ئەدەبی فارسی باس کردووە، (عەبدوڵڵا گۆران)ی شاعیرە، کە لە دەقی (بۆ سالم)دا، ناوی دوو شاعیری فارسی وەکوو (کەلیم)و (حافز)ی هێناوە و سالم دەخاتە ئاستی ئەوانەوە. ئەوەتا دەڵێت:

**له دائیرەی سەلەفا ئەی قەریحە ڕوون و ڕەوان**
**کەسم نەدی کە وەکوو تۆ خوڕەی بێ ئاهەنگی**
**بە حوزنی پڕ لە بەدیعە وەکوو کەلیم گریان**
**ئەگەرچی وێنەیی حافظ بە غەلغەلەو شەنگی          (دیوانی گۆران، ١٩٨٠: ١١٧)**

لە دیوانی سالمی بنکەی ژیندا (١٩) دەقی شیعری فارسی هەیە، کە بە گشتی لە چوارچێوەی غەزەلدان (ئێمە لێرەدا قسە لەسەر شیعرە فارسییەکان ناکەین، چونکە لە دەرەوەی سنووری توێژینەوەکەی ئێمەن) ئەمە جگە لە بوونی (٢٦) پارچە شیعری تێهەڵکێش (مولەمەع) ی (کوردی- فارسی)، کە (٣) دانەیان هەم دێڕە کوردییەکە و هەمیش فارسییەکە هین شاعیر خۆین.(دیوانی سالم، ٢٠١٥: ٢٩٨، ٩١٢، ٩٢٢) ئەوانی تر لەسەر شاعیرانی فارسی وەک (حافز، سەعدی، ئوحەدی مەراغەیی، جامی، مەولانا خالد، شەوکەت)، هۆنراونەتەوە، کە هەندێک لەوانە شاعیر نیوەدێڕی یەکەمی فارسییەکەی لاداوە و نیوە دێڕێکی خۆی بە کوردی بۆ زیادکردووە، یان لە شێوەی پێنج خشتەکیدا بووە و سێ نیوە دێڕی خۆی بە کوردی خستووەتەسەر دوو نیوەدێڕی شیعرە فارسییەکە. لەمەشدا شاعیر هەم لەڕوانگەی ناوەڕۆک و بابەتەوە و هەمیش وێنە هونەرییەکانی نزیکبووە لەوەی دەقە فارسییەکەوە. لەوانەش لەسەر شیعری (حافزی شیرازی) (١٤) دەقن، کە لە دیوانی بنکەی ژیندا (سالم، ٢٠١٥: ٧٤، ١٣٦، ١٤٧، ١٨٤، ١٨٧، ٢٥١، ٢٨٣، ٢٨٥، ٣٨٦، ٤٥٩، ٦٥٢، ٧٩٤، ٩١٩، ٩٤٥)، هەروەها لەسەر شیعری (سەعدی) (٤) دەقن (سالم، ٢٠١٥: ٢٦١، ٤٥٤، ٥٩٩، ٩٩٦) و لەسەر شیعری (ئوحەدی مەراغەیی) (٢) دەقن، کە لە دیوانی بنکەی ژیندا (سالم، ٢٠١٥: ٣٧٨، ٤١٦) بە هین (حافزی شیرازی) ناوبراون (ئێمە لە دیوانی حافزدا بەرچاومان نەکەوت) بەڵام لە (دیوانی سالم، ١٣٩٦: ٢٤٢، ٢٦٩) بە هین (ئوحەدی مراغەیی) لەقەڵەم دراون. هەروەها لەسەر شیعری (جامی) (١) دەقە، کە لە (دیوانی سالم، ٢٠١٥: ٣٨٤)، لەسەر شیعری (مەولانا خالد) (١) دەقە، کە لە (دیوانی سالم، ٢٠١٥: ٢٧٥)، هەروەها لەسەر شیعری (شەوکەت) (١) دەقە، کە لە (دیوانی سالم، ٢٠١٥: ٩٥٣). جگە لەوانەش سالم زمانی فارسی زۆر بە باشی زانیوە وشە و دەستەواژەیەکی زۆری ئەو زمانەی بەکارهێناوە. لەم ڕووەوە ڕەفیق حیلمی دەڵێت: ((سالم لە فارسیدا دەستێکی باڵای هەبووە و ئەم زمانە بەتەواوی تێکەڵ بە کوردییەکەی بووە و لەگەڵێ لە شیعرەکانیدا وشەی فارسی لەگەڵ کوردی بەبێ فەرما بەکارهێناوە.))(حیلمی، ٢٠١٠: ١٦١،١٦٢) ئەمەش بێگومان یارمەتیدەرێکی باشی بووە لەوەی لە چێکردنی شیعردا بە ئاسانی دەست بۆ فەرهەنگی زمانی فارسیش ببات و گەلێک وشەی ئەو زمانە تێکەڵ بە زمانی شیعری خۆی بکات. ڕاستە ئەم شێوازەی بەکارهێنانی زمان لە بزوتنەوەی شیعری کلاسیکی کرمانجی خوارووودا بەگشتی لای (نالی و کوردی)ش دەبینرێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی لای سالم هەیە جیاوازە لەوانی تر و بووە بە سیمایەکی دیاری دەنگە شیعرییەکەی. لێرەدا ئێمە هەوڵدەدەین ئاماژە بۆ چەند

وشەیەک بکەین، کە زۆرجار بەکاریهێناوە و ڕۆڵیانبینیوە لە بنیاتی وێنە هونەرییەکانیدا، لەوانە ( بەسکە، بەجوز، غیرەئەز، بەعدەزئین..هتد)، ئەوەتا شاعیر دەڵێت:

**ڕەها بێ گەر لە بەندی زوڵفی یارا گەردنم، سالم**
**بە سەهلی ((بعد ازین)) بازی بە حەلقەی ئەژدەها ناکەم** (سالم، ٢٠١٥: ٤٧٢)

یان دەڵێت:

**چەوانانی سەهی قەد بەسکی داماون لە بێ چیزی**
**لەژێر باری غەما هەریەک، لە خەمدا میثلی چەوگانن** (سالم، ٢٠١٥: ٥٧٦)

یان دەڵێت:

**لەضەربی نەبضی ئاشوفتە و لەبی خوشکم، موحەققەق بوو:**
**بەجوز بۆسەی لەبت، دەردم بە صەد حیکمەت دەوا نابێ** (سالم، ٢٠١٥: ٩٥٨)

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، سالم لەڕوانگەی هەستێکی نەتەوەیی بەرزەوە بە خۆشەویستە فارسەکەی دەڵێت:

**((مە پارس زبانم گفت: سالم، شرح حالت گوو))**
**وتم: جانا ! بەڵەد نیم ئیصطیلاحی ئێوە، من کوردم** (سالم، ٢٠١٥: ٤٣٥)

سالم، لە بەشێک لە دێڕە شیعرەکانیشیدا کەوتووەتە ژێر کاریگەری وێنەی هونەری شاعیرانی فارسەوە. ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین سەرچاوەی شیعری فارسی لەسەر هەندێک لە وێنە هونەرییەکانی شیعری سالمدا بخەینەڕوو، کە لەژێر کاریگەری شیعری شاعیرانی ئەدەبی فارسیدا بەتایبەتی (حافزی شیرازی، سەعدی شیرازی، صائبی تەبریزی، کەلیمی کاشانی) بنیاتی ناون. بێگومان لە هەموو شاعیرانی تری فارس بە (خواجە حافزی شیرازی) کاریگەربووە، بۆیە ئێمەش لە ئەوەوە دەست پێدەکەین. حافز لە وێنەیەکدا ڕووی دەمی دەکاتە هاوڕێیانی تەریقەت و باسی ئەوەیان بۆ دەکات، کە پیر (گەورە) ی تەریقەتەکەیان لە مزگەوتەوە بۆ مەیخانە ڕۆشتووە، ئەی یارانی تەریقەت تەکبیری ئێمە چی دەبێت؟ بێگومان دەکرێ حافز مەبەستی لە (شێخی سەنعان) بووبێت. ئەوەتا حافز دەڵێت:

**دوش از مسجد سوی میخانه أمد پیر ما**
**چیست یاران طریقت بعد ازین تدبیر ما** (حافظ، ١٣٨٩: ٢٦)

هەمان ئەو بیرەی لە وێنەکەی حافزدا هەیە کاریگەری لەسەر سالم دروستکردووە. بەڵام لەلای ئەم وێنەکە ڕەهەندی نوێی پێدراوە، لێرەدا سالم باس لە (پیری تەریقەت) ناکات، خۆی دەبێت بە کارەکتەری خوڵقاندنی وێنەکە. لە هەردوو وێنەکەدا گۆڕینی ئاراستە هەیە لە

(مزگەوت)ەوە بۆ (مەیخانە)، کە دوو شوێنی دژ و پێچەوانەی یەکترن. لە هەردوو وێنەکەشدا پشت بە شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ بەستراوە. سالم دەڵێت:

**بۆ تەوبە سوویی مەسجید هاتم بچم لە ڕێدا**
**بۆ کۆیی مەیفرۆشان، عەزمم شیتابی هێنا** (سالم، ٢٠١٥: ١٣٥)

حافز لە وێنەیەکی تردا باس لەوەدەکات، کە لەسەر لەوحەی دڵی، مامۆستاکەی جگە لە حەرفی ئەلیف، کە وەکوو باڵای یارە هیچی تری فێری نەکردووە، ئەوەتا دەڵێت:

**نیست بر لوح دلم جز الف قامت دوست**
**چه کنم؟ حرف دگر یاد نداد استادم** (حافظ، ١٣٨٩: ٣٤٤)

هەمان ئەم وێنەیە بووە بە سەرچاوە و ئیلهامی وێنەیەکی هونەری لە شیعری سالمدا، تەنها ئەوەندە هەیە، کە لەلای ئەم لەجێگەی (لەوحەی دڵ)، (لەوحەی تەربییەت) هاتووە، بەمەش سالم گۆڕانکارییەکی زۆر کەمی لە وێنەکەی (حافز) دا کردووە. ئەگەرچی گۆڕانکارییەکی جوانە، چونکە تەربییەت (پەروەردە) پەیوەندی زۆری بە (ئوستاد، مەکتەب)ەوە هەیە. لە هەردوو وێنەکەدا پشت بە هونەری لێکچواندن بەستراوە و باڵای یار بە (ئەلف) چوێنراوە. ئەوەتا سالمیش دەڵێت:

**لە لەوحی تەربییەت نەیخستە یادم**
**بەجوز ئەلفی قەدت، ئوستادی مەکتەب** (سالم، ٢٠١٥: ١٥٧)

لە دێڕێکی تردا (حافز) دڵی خۆی ئاگادار دەکاتەوە، کە پەلەپەلی گەیشتن بە سێوی چەناگەی یاری نەبێت و ئاگاداربێت، کە چاڵ لە ڕێگایدا هەیە، کە مەبەست لێی چاڵی چەناگەیە، شاعیر لە خوڵقاندنی وێنەکەدا سوودی لە لێکچواندن وەرگرتووە و چەناگەی یاری بە سێو چواندووە. دەڵێت:

**مبین به سیب زنخدان که چاه در راه است**
**کجا همی روی ای دل بدین شتاب؟ کجا؟** (حافظ، ١٣٨٩: ١٨)

ئەم دێڕە کاریگەری لەسەر سالم هەبووە و وێنەیەکی تەواو نزیکی لەوەی (حافز)ی پێکهێناوە، بە هەندێک گۆڕانکارییەوە، کە وایکردووە وێنە هونەرییەکەی (سالم) لەوەی (حافز) جوانتربێت، چونکە ئەم دڵی خۆی ئاگادار دەکاتەوە، کە لەڕێگای گەشتن بە سێوی چەناگە چاڵێکی وەکوو (چاڵی هارووت) هەیە، کە دەرباز بوون لێی مەحاڵە. سالمیش بە هەمانشێوە بۆ خوڵقاندنی وێنەکە سوودی لە لێکچواندنی ڕەوان وەرگرتووە. ئەوەتا دەڵێت:

**هەوای سێبی ذەقەن، ئەی دڵ، نەکەی قەت**
**موهەییایە، لە ڕێتا، چاهی هارووت!** (سالم، ٢٠١٥: ٢٢٥)

حافز لە دێڕێکی تردا، ئارەزووی ئەوە دەکات، کە خاکی سەرەڕێی یار بە نووکی برژانگەکانی بماڵێت و ئەمەش بە شەرەف و ڕێزێکی گەورە بۆ خۆی دازانێت، ئەوەتا دەڵێت:

**از برای شرف به نوک مژه**
**خاک راه تو رفتنم هوس است** **(حافظ، ١٣٨٩: ٤٥)**

ئەم وێنەیە بووە بە سەرچاوە و هەوێنی وێنەیەکی هونەریی زۆر جوان لای سالم، بە ڕادەیەک جوانتر لەوەی (حافز)یش، چونکە وێنەکە لای سالم گرێدراوی خۆشەویستییە و برژانگەکانی بە دەزووی دڵ پێکەوە دەبەستێتەوە و ئینجا هەموو ڕێگاکانی هاتوچۆی دڵبەری پێ گسک دەدات. سالم دەڵێت:

**موژەم باهەم بە ڕشتەی دڵ دەبەستم**
**دەکێشم ڕەهگوزاری جوملە، جارووب** **(سالم، ٢٠١٥: ١٥٥)**

(سەعدی شیرازی) لە دێڕێکدا وێنای ئەوە دەکات، کە هەروەک چۆن هەنگ هەنگوین دەدات، ئاوها تۆش لە لێوە شیرینەکەتەوە هەنگوین دەبەخشیت و ناوقەدێکی باریکی وەکوو زەردەواڵەت هەیە. لە پێکهێنانی وێنەکەدا سوود لە هونەری لێکچواندن وەرگیراوە. سەعدی دەڵێت:

**انک عسل اندوخته دارد مگس نحل**
**شهد لب شیرین تو زنبور میان را** **(کلیات سعدی، ١٣٩٧: ٣٦٩)**

ئەم وێنەیە کاریگەری لەسەر سالم هەبووە و بووە بە هەوێنی خوڵقاندنی وێنەیەکی هونەری تەنانەت جوانتر لەوەی (سەعدی)ش، چونکە سالم لەگەڵ ئەوەی وتوویەتی یار لە هەنگ دەچێت و لەسەر لێوییەوە هەنگوێن دەدات، لە هەمان کاتدا برژانگەکانی وەکوو چزوی زەردەواڵە بەئازارە، بەمەش گۆڕانکاری لە وێنەکەدا کردووە و هەندێک لە ڕەگەزەکانی وێنەکەی لە پەیوەندی نوێدا خستووەتەڕوو. سالمیش بە هەمانشێوە لە خوڵقاندنی وێنەکەدا سوودی لە هونەری لێکچواندن وەرگرتووە و دەڵێت:

**نۆشی حاضر لە لەبا، نێشی لە موژگانی سیاهـ**
**مەگەسی نەحلە بە صەنعەت بوتی زەنبوورمیان** **(سالم، ٢٠١٥: ٥٥٠)**

(صائبی تەبریزی) زوڵفی یار بە دەووری ڕوخساری وەکوو مانگی یاردا بە هالە (خەرمانە)ی دەوری مانگ وێناکردووە و دواتریش وەکوو بازنەی ماتەمگێڕان دەیبینێت. وێنەیەکی هونەری بە یارمەتی لێکچواندن خوڵقاندووە. دەڵێت:

**تا خت بەدور ماه رخت هاله بسته است**
**از هاله مەبه حلقه ماتم نشسته است** **(فرهنگ اشعار صائب، ١٣٧٣: ٤٢١)**

ئەم وێنەیە کاریگەری لەسەر سالم هەبووە و بووە بە سەرچاوە و هەوێنی وێنەیەکی هاوشێوە، بێگومان سالم هەندێک لە ڕەگەزەکانی وێنەکەی گۆڕیوە و وەکوو خۆی نەیهێشتووەتەوە. سالم زوڵفی دڵبەر سەرەتا بە سونبول دەچوێنێ و دواتریش ئەو سونبولە بە هالە (خەرمانە) بە دەوری ڕوخساری مانگ ئاسای یاردا وێنا دەکات. بە هەمانشێوە لە خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکەدا سوودی لە هونەری لێکچواندن وەرگرتووە. سالم دەڵێت:

**دەوری ڕووی داوە، خەمی سونبولی موو**
**هەروەکو هالە بە گەردی قەمەرا** **(سالم، ٢٠١٥: ٨٣)**

(کەلیمی کاشانی، هەمەدانی) لە دێڕێکدا دوکەڵی هەناسەی خۆی لە زوڵفی یار ئاڵۆزکاوتر و بەختی ڕەشی خۆشی بە ڕووی خۆیدا لە برژانگی یار هەڵگەڕاوەتر دادەنێت، لە خوڵقاندنی وێنەکەشدا سوودی لە هونەری لێکچواندنی پەسەندیدە وەرگرتووە، دەڵێت:

**پیچیده ترز طره او دود اه ماست**
**برگشته تراز ان مژه بخت سیاه ماست** **(کلیم کاشانی، ١٣٦٩: ١١٠)**

هەمان ئەو وێنەیە کاریگەری لەسەر سالم هەبووە و بووە بە سەرچاوەی خوڵقاندنی وێنەیەکی هونەری، بەڵام سالم هەندێک لە ڕەگەزەکانی گۆڕیوە و لەجێی دوکەڵی هەناسەی خۆی، ئەحواڵی خۆی بەکارهێناوە لەگەڵ زوڵفی پەرێشان و بۆنخۆشی دڵبەردا هاوتای کردوون. بەهەمان شێوە ئەمیش لە خوڵقاندنی وێنەکەکەدا هونەری لێکچواندنی بەکارهێناوە بەبێ پەسەندکردنی هیچ لایەکی لێکچواندنەکە. ئەوەتا دەڵێت:

**وەکو موژگانی تۆ بەرگەشتەیە طالیع بە ڕووی مندا**
**پەرێشان زوڵفی موشکینت لەگەڵ ئەحواڵی من جووتە!** **(سالم، ٢٠١٥: ٧٤٣)**

جگە لە وێنەی ئەو دێڕانەی باسمانکرد، دەتوانین ئاماژە بە چەندین وێنەی هاوشێوە بەپێی لاپەڕەی دیوانەکە و ژمارەی دێڕەکەی بکەین، لەوانە: (ل: ٦، د: ١)، (ل: ٥٢، د: ٥)، (ل: ٦٠، د: ٣)، (ل: ١٩١، د: ٦)، (ل: ٢٠٣، د: ٩)، (ل: ٢٢٦، د: ٧)، (ل: ٢٣٤، د: ١)، (ل: ٦١٥، د: ١)، (ل: ٧٣٤، د: ٣)، (ل: ٧٤١، ٥)، (ل: ٧٥٣، د: ١)، (ل: ٨٠٩، د: ١)، (ل: ٨٣٣، د: ١٤).

# ئەنجام

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا بە چەند ئەنجامێک گەشتووین، کە بە خاڵ دەیانخەینەڕوو.

١ – وێنەی هونەری کۆنە و مێژووەکەی بە سەرهەڵدانی شیعرەوە پەیوەستە و لە خوڵقاندیشیدا وشە ڕۆڵی بنچینەیی دەگێڕێت و دروستبوونیشی تەنها بۆ جوانکردنی شیعر نییە، بەڵکوو کۆمەڵێک ئەرکیش جێبەجێ دەکات. لە ڕەخنەی کۆنی ئەوروپیدا پەیوەست بە ڕەوانبێژییەوە قسەی لەسەر کراوە. لەگەڵ پێشکەوتنی شیعر، وێنەش گەشەی کردووە و لە ڕەخنەی ئەدەبی نوێدا لە چەندین لایەنی جیاوازەوە قسەی لەسەر کراوە و ئەم پێشکەوتنانەی وێنەی هونەری بۆ ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیش گواستراوەتەوە. بێگومان وێنەی هونەری هەروا لەخۆوە دروست نەبووە، بەڵکوو لە خوڵقاندنیدا، ڕەگەزەکانی (زمان، بیر، ئەندێشە، سۆز، واقیع، نەست) ڕۆڵی بنەڕەتی دەبینن.

٢ – سالم لە بنیاتی خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکانیدا، پشتی بە (بنیاتی تاک، بنیاتی لێکدراو) بەستووە و زیاتریش یەکەمیانی بەکارهێناوە. لە بنیاتی وێنە تاکەکانیدا شێوازەکانی (لێکچواندن، وەسفی ڕاستەوخۆ، هەستگۆڕکێ، ئاڵوگۆڕکردنی درکپێکراو)ی بەکارهێناوە. لەڕووی چەندێتیشەوە یەکەم و دووەمیانی لەوانیتر زیاتر بەکارهێناوە. لە بنیاتی وێنە لێکدراوەکانیشیدا، شێوازی (کەڵەکەبوونی وێنە)ی لە (لێکچواندنی لێکدراو) زیاتر بەکارهێناوە.

٣ – سالم لە هەمانکاتدا هەم خاوەنی هەستێکی ناسک بووە و هەمیش بیرێکی ورد و قوڵی هەبووە و هەر ئەمەش وایکردووە وێنەی هەستی و ژیری جوان و ناوازە بخوڵقێنێت. لەڕووی چەندێتییەوە وێنە هەستییەکانی زۆرترن و لەڕووی ڕیزبەندییەوە هەرپێنج هەستەکانی (بینین، بیستن، بۆنکردن، بەرکەوتن، چەشتن)ی بەکارهێناوە. وێنە واتاییەکانی لەڕووی چۆنێتییەوە لە وێنە هەستییەکانی وردتر و ئاڵۆزترن و لەژێر کاریگەری (شێوازی سەبکی هندیدا) زۆرجار وێنە واتاییەکانی بە وێنەی هەستی دەرخسووە.

٤ – لە شیعری سالمدا چەند جۆرێک وێنە هەن، کە لەڕووی بابەت (ناوەڕۆک)ەوە، لەیەتری جیاوازن. لەوانە: (وێنەی ڕەمزی)، کە لەڕووی چەندێتییەوە لەمەدا ڕەنگە سالم لەپێشی شاعیرانی تری کلاسیکەوە بێت، کە تێیاندا ڕەمزەکانی لە (مێژوو، سروشت، ئەفسانە، داستان، ئاین، کلتوور) وەرگرتووە. لەبەر کۆمەڵێک هۆکار، کە پێشتر باسکراون، گەلێک (وێنەی دەروونی)یش لە شیعری سالمدا دەبینرێت. هەروەها شارەزایی زۆری سالم لەسەر ئەفسانەکان بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتییەکان وای کردووە گەلێک وێنەی ئەفسانەیی لە شیعری سالمدا ببینرێت. جگەلەوانە سالم خاوەنی بیرێکی ورد و دنیابینی تایبەت بەخۆی بووە، ئەمەش یارمەتیدەری بووە لە خوڵقاندنی وێنەی فەلسەفی باڵادا.

٥ – لە دیوانی سالمدا گەلێک وێنە دەبینین، کە ئاستی بزاوتن و جوڵەیان تێدا سفرە و تەنها وەسفی دیمەنەکە دەکەن و کرداری بێهێزیان تێدایە، یاخود خاوەنی کرداری چەقبەستووی بێ جووڵەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سالم سەر بە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ بووە و لە خەبات و جوڵەی

ڕزگاریخوازی نەتەوەیی سەردەمی باباندا بەشداربووە و سەرجەمی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە کاریگەرییان لەسەری هەبووە و دواجاریش ڕۆڵیان هەبووە لە خوڵقاندنی گەلێک وێنەی هونەری جوڵاودا، کە هەم ئاستی هونەرییان لە وێنە وەستاوەکان بەرزترە و هەمیش ژمارەیان زۆرترە.

٦ – سالم شارەزاییەکی باشی لە هونەرە ڕوونبێژییەکاندا هەبووە و توانیویەتی لە بنیاتی وێنەی داهێنراودا سوودی گەورەیان لێوەربگرێت. بەپلەی یەکەم سوودی لە لێکچواندن وەرگرتووە و بەشی هەرەزۆری وێنە هونەرییەکانی پێ خوڵقاندووە و هەموو جۆرەکانی لێکچواندنی بەکارهێناوە. لەدوای ئەویش سوودی لە خواستن و بەتایبەتتر خواستنی ئاشکرا وەرگرتووە و دواتریش درکەی لە خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکانیدا بەکارهێناوە.

٧ – سالم دوو جۆر سەرچاوەی لە خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکانیدا بەکارهێناوە، کە ئەوانیش (سەرچاوەی خودی، سەرچاوەی بابەتی)ن. توانایەکی باشی هەبووە لە خوڵقاندنی ئەو جۆرە وێنانەی سەرچاوەکانیان بیری ورد و ئەندێشەی داهێنەرانەی خودی شاعیر خۆیەتی. ئەو وێنانەش لەڕووی چۆنییەتییەوە بەزۆری ئەوانەن، کە ناوەڕۆکەکەیان عەشق و جوانی دڵبەر پەیوەست بە سرووشتەوە و هەندێ لە وێنە فەلسەفییەکان و هەندێکی تر لەو وێنانەی لە ئەنجامی هەستی نەتەوەیی شاعیرەوە سەرچاوەیان گرتووە. لەڕووی چەندییەتیشەوە سەرچاوە خودییەکان لە سەرچاوە بابەتییەکانی کەمترن.

٨ – لە سەرچاوە بابەتییەکانیشدا، کە سەرچاوەی خۆماڵی بەشێکی گەورەی پێکدێنێت. یەکێک لەو سەرچاوانەش (ئەدەبیاتی پێشین) یان هاوسەردەمی شاعیرە. سالم توانیویەتی سوود لە شێوازی بنیاتی دروستکردنی وێنە هونەرییەکانی شاعیرانی وەکوو (مەولانا خالد، نالی، کوردی) وەربگرێت و هەندێکجار وێنەی هاوشێوەی ئەوانەی ئەوان دروستبکات. بێگومان سالم کۆپی وێنەکانی ئەوانی نەکردووە، بەڵکوو زۆرجار گۆڕانکاری تێدا کردوون، یان هەندێ لە ڕەگەزەکانی ئەو وێنانەی لە پەیوەندی نوێدا بەکارهێناوەتەوە و وێنەیەکی تاڕادەیەک نوێی خوڵقاندووە. لەڕووی چەندێتیشەوە ژمارەی ئەو وێنانە زۆر نین.

٩ — لە سەرچاوە خۆماڵییەکاندا سوودی لە (کەلەپووری میللی) وەرگرتووە، کە یەکێک لە تەرزەکانی (شیعری فۆلکلۆر)ە. لەمەشیاندا دەستی بۆ (گۆرانی فۆلکلۆر، داستان) بردووە. لە خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکانیدا تاڕادەیەک گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی بەشێوەیەکی سادە بەکارهێناوە. لە داستانەکانیشدا زۆرتر سوودی لە ڕۆژهەڵاتییەکانی وەکوو (شیرین و فەرهاد، لەیلا و مەجنون، شێخی سەنعان) بینیوە و زیاتر ڕەمزی لێوەرگرتوون. لەڕووی چۆنییەتیشەوە ئەو وێنانەی داستان بوون بە سەرچاوە بۆیان ئاستی هونەرییان بەرزترە لەوانەی شیعری فۆلکلۆری.

١٠ – لە تەرزەکانی تری کەلەپووری میللی، سالم دەستی بۆ (ئەفسانە، پەندی پێشینان، دابونەریت)یش بردووە و وێنە و ڕەمز و ڕووداوی لێوەرگرتوون و کردوونی بە سەرچاوەی خوڵقاندنی گەلێک وێنەی هونەریی نایاب. لە ئەفسانەکاندا زیاتر ئەوانەن، کە لە ناو گەلانی

ڕۆژهەڵات بڵاون وەکو (عەنقا، سیمورخ، سەمەندەر، چاهی هارووت، ماری زوحاک، خدری زیندە، ئابی حەیات، ڕووبین تەن، زەوی و شاخی گا و ماسی... هتد). پەندی پێشینانیش بایەخی گەورەی لای سالم هەبووە و شارەزا بووە لەسەری و هەندێکجار وەکوو خۆیان و هەندێکجاری تر گۆڕانکاری تێداکردوون، بەڵام بەگشتی فەلسەفەی پشتی پەندەکانی پاراستووە. هەروەها دابونەریتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری جێگای سەرنجی سالم بوونە، لەوانە (ژنوژنخوازی، ڕاوشکاری، واشەگیری، هەندێک بیروباوەڕی خورافی ...هتد) بوون بە سەرچاوەی خوڵقاندنی هەندێک وێنەی هونەریی ناوازە. لەڕووی چەندێتیشەوە بە پلەی یەکەم ئەفسانە دێت، دوای ئەویش دابونەریت و ئینجا پەندی پێشینان.

**١١**– سروشت و واقیع دوو سەرچاوەی تری خۆماڵیی گرنگن بۆ سالم. شاعیر هەندێکجار بۆ پیشاندانی جوانی سروشتی کوردستان، یان وێرانکردنی ئەو سروشتە لەلایەن عوسمانییەکانەوە، یاخود پیشاندانی جوانی دڵبەر لەڕێگەی سروشتەوە سوودی لێوەرگرتووە. ئەو کارەکتەرێکی دیاری بەرجەستەکەری واقیعی ژیانی سەردەمەکەی خۆی بووە، بەتایبەتی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمی فەرمانڕوایەتی بابانی زۆر بەجوانی لە وێنەکانیدا نەخشاندووە، بەڕادەیەک ڕەنگە هیچ شاعیرێکی کلاسیکی نەدۆزینەوە وەکوو ئەو بێت لەو بوارەدا. لەڕووی چەندێتیشەوە واقیعی لە سرووشت زیاتر کردووە بە سەرچاوەی خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکانی.

**١٢** – سالم دۆستی نزیکی میرانی بابان بەتایبەتی (عەبدوڵڵا پاشا، عەزیز بەگ)بووە. ئەوەش هاوکاربووە لەوەی خۆی واقیعحاڵ و بینەری ڕووداوە مێژوویەکانی سەردەمی ژیانی خۆی بووە. ئەو ڕووداوانەش دەکرێ ناوخۆی بووبن، لەوانە (ڕووداوە مێژووییەکانی نێوان میرنشینی بابان و عوسمانییەکان) یاخود دەکرێ ڕووداوی مێژوویی بیانی بن. بەهەمان شێوە بۆ کەسایەتییە مێژووییەکانیش لەوێنەی میرانی بابان یان کەسایەتی مێژوویی جیهانی، بوون بە سەرچاوەی خوڵقاندنی گەلێک وێنەی هونەری. لەڕووی چەندێتیشەوە ڕووداوە مێژووییەکان لە کەسایەتییە مێژووییەکان زیاتر بووەنەتە سەرچاوەی خوڵقاندنی وێنە هونەرییەکانی.

**١٣** – ئاین بەشێوەیەکی گشتی یەکێکە لەو سەرچاوە گرنگانەی پشت بنیاتی وێنە هونەرییەکانی سالم. لەوانە لەڕووی چەندێتییەوە (ئاینی ئیسلام) لە پێش ئەوانی ترەوە دێت، لەمەشدا شاعیر هەندێکجار ناوەڕۆکی ئایەتێک، یان فەرموودەیەک، یان وشەیەک یان دەستەواژەیەک یان چیرۆکێکی لێوەرگرتوون و کردوونی بە هەوێنی خوڵقاندنی وێنەی هونەری. لەدوای ئەوە (ئاینی مەسیحی) دێت، کە زیاتر وشەکانی (عیسا، عیسای مریەم، تەرسا، کڵێسا، ڕوخساری مەسیحایی، عیسا نەفەس، چەلیپا، ... هتد)ی بەکارهێناوە. لەدوای ئەویش (ئاینی یەهوودی) دێت، کە زیاتر وشەکانی (مووسا، عەسا، فیرعەون، هامان، ظوڵمەتی فیرعەون، ثوعبانی مووسا، کەلیم، مووسا و طوور، کێوی طوور، طووری سینا، یەهوود، عەسای مووسا...هتد) بەکارهێناوە. لەدوای ئەویش ئاینی زەردەشتی دێت، کە زیاتر وشەکانی (مەجووسی، زەردەشتی، ناری زەردەشت، زەند و پازەند...هتد) بەکارهێناوە.

**١٤ –** له سەرچاوەکانی ئەدەبی دەورووبەر، ئەدەبی فارسی کاریگەرییەکی گەورە و بەرچاوی لەسەر شیعر بەگشتی و وێنەی هونەری لەلای سالم بەتایبەتی هەبووە. لە دیوانی سالمدا (١٩) دەقی شیعری فارسی هەیە و (٢٦) پارچە شیعری تێهەڵکێش (مولەمەع) ی (کوردی–فارسی) هەیە، کە سێ دانەیان فارسییەکەشیان هین خۆین، بەڵام ئەوانی تر لەسەر شیعری شاعیرانی فارس (حافز، سەعدی، ئوحەدی مەراغەیی، جامی، شەوکەت) هۆنراونەتەوە، لەناو ئەوانەشدا زۆرترینیان لەسەر شیعری (حافز)بووە. جگە لەوانە هەندێ وێنەی شیعری (حافز، سەعدی، صائب، کەلیم ...هتد) بوون بە هەوێن و سەرچاوەی وێنە لە شیعرەکانیدا. لە شیعری سالمدا گەلێک جاریش وشەی فارسی بەشدارە لە دروستکردنی وێنەی هونەریدا. بەڵام بۆ ئەدەبی عەرەبی جگە لە بەکارهێنانی هەندێک وشە و زاراوە هیچ ئاماژەیەک نییە، کە سالم بە ئەدەبی عەرەبی کاریگەر بووبێت و وێنەی هونەری شاعیرانی عەرەب بووبێت بە سەرچاوەی خوڵقاندنی وێنە لە شیعرەکانیدا.

# سەرچاوەکان

- قورئانی پیرۆز

## ١/ کتێب

### ١/ ١. کوردی


- ئابادانی، عەبدوڵڵا موبلغی (٢٠٠٤)، مێژوویی ئایینی زەردەشت، و: وریا قانیع، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی.
- ئادلەر، ئالفەرد (٢٠٠٨)، ناسینی سرووشتی مرۆڤ، و: سیدۆ داود عەلی، فرمێسک ڕزگار محمد، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.
- ئاشنا، ئومێد (٢٠٠٢)، گۆران، نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- ئیزەدی، میهرداد (٢٠٠٢)، ئاین و تایفە ئاینییەکان لە کوردستاندا، و: کامەران فەهمی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی.
- ئیستۆپ، ئانتۆنی (٢٠١٩)، نەست لە دەروونشیکاری فرۆید و لاکاندا، و: وەلید عومەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی.
- ئەحمەد، پەخشان عەلی (٢٠٠٩)، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- ئەحمەد، خورشید ڕەشید (١٩٨٩)، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.
- ئەحمەد، دیلمان قادر (٢٠٢٠)، چەمکی داهێنان لە تێڕوانینی شاعیرانی کورددا (کرمانجی خوارو ١٩٢٠-١٩٧٠)، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، سلێمانی.
- ئەحمەد، فازیل کەریم و چەند نووسەرێکیتر (٢٠٠٤)، خەیاڵ و ڕۆح، چەند تێڕوانینێک بۆ شیعری کوردی، بڕوانە: تێڕوانینی شێرکۆ بێکەس بۆ ژن و کۆمەڵگا لە قۆناغی باڵندەییدا، نووسینی: مەهاباد قەرەداخی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- ئەحمەد، هەرشەمی، فازیل کەریم، ، شاسوار و ئەوانی تر (٢٠٠٤)، خەیاڵ و ڕۆح (چەند تێڕوانینێک بۆ شیعری کوردی)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- ئەحمەدی، بابەک (٢٠٠٨)، هەقیقەت و جوانی، و: مەسعود بابایی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- ئەمین، عەبدولقادر محمد (٢٠٠٢)، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- ئەمین، نەوشیروان مستەفا (٢٠١٢)، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی یەکەم، الدار العربية للعلوم ناشرون، بیروت.
- ئەنوەر، د.کەیوان ئازاد (٢٠١٢)، مێژووی ئاینەکان، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- امین زکی، محمد (١٩٣١)، کورد و کوردستان، جلد (١-٢-٣)، چاپخانەی (دار السلام)، بغداد.

- امین زەکی، محمد (٢٠٠٥)، مشاهیر الکرد وکردستان، بنکەی ژین، السلیمانیة.
- بابان، جەمال (٢٠١٨)، بابان لە مێژوودا و گەورە پیاوانی بابان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
- بارت، ڕۆلان (٢٠١١)، خۆشی دەق، و: محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- البصیر، د.کامل (١٩٨٣)، ڕەخنەسازی مێژوو و پەیڕەوی کردن. چاپی یەکەم، چاپخانەی( کۆڕی زانیاری عێراق)، بەغداد.
- البصیر، د.کامل (١٩٨٠)، شێخ نوری شێخ صالح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی وێژەیی و ڕەخنەسازیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بغداد.
- بۆرەکەیی، سدیق (٢٠٠٨)، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
- بەسیر، د.کامل حەسەن (٢٠١٥)، میژووی ڕەخنەسازی، چاپی یەکەم، ناوەندی خەزەلنووس، چاپخانەی تاران، تاران.
- بەصیر، د.کامل حسن (١٩٨١)، لاسایکردنەوە و ڕەسەنی لە ڕەخنەسازیی کوردیدا، گۆڤاری ( کۆڕی زانیاری عێراق_ دەستەی کورد)، بەرگی هەشتەم.
- بەصیر، کامل (١٩٨١)، زانستی ئاوەڵواتا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.
- پیربال، د.فەرهاد (٢٠٠٤)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
- تاهیر، محەمەد ئەحمەد (٢٠١٩)، راسپاردە بە با دا (خوێندنەوەیەکی تر بۆ شیعرنامەکەی نالی و وەڵامەکەی سالم)، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران.
- تۆفیق، محمد حەمەصالح (٢٠٠٠)، هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواری، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەژین، سلێمانی.
- جەعفەری، د.عەلی ئەکبەر (٢٠١٥)، زەردەشت و دینی بهدنیان لەگەڵ پەیامی زەردەشت، و:هیوا میرزایی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی، تاران.
- جەلالی، مصلح مصطفی (١٩٨٤)، شێخ نوری، دەنگی ڕەسەنی شیعر، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد.
- حسێن، جەبار ئەحمەد (٢٠٠٨)، ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی (کوردستانی عێراق ١٩٥٠ – ١٩٧٠)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- حسێن، هەژار فەقێ سلێمان (٢٠١٤)، ڕوونبێژی لە شیعری مەحوی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- حوسێن، د.هیمداد (٢٠٠٧)، ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی (دەق و لێکۆڵینەوە)، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، هەولێر.
- حوسێن، د.هەڤاڵ ئەبوبەکر (٢٠١٠)، پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکیی لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

- حیلمی، ڕەفیق (٢٠١٠)، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، هەولێر.
- حەمە بۆر، محمد مستەفا (٢٠١٠)، دیوانی کوردی، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
- حەمەد، پەخشان سابیر (٢٠١٢)، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستانی عێراقدا (١٩٧٠-١٩٩١)، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- حەمەکەریم، حەمەسەعید (١٩٨٦)، دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، دار الحرية للطباعة، بەغداد.
- حەوێزی، دەریا جەمال (٢٠٠٩)، وێنەی ڕوونبێژی لە کۆمەڵە شیعری (شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات) ی قوبادی جەلیزادەدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
- خاڵ، شێخ محمد (٢٠٠٧)، پەندی پێشینان، چاپی چوارەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- خەزاعی، د.خەسرەو (٢٠١٢)، گاتاکان، سرووده ئاهوراییەکانی زەردەشت، و: هادی محەمەدی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- خەزنەدار، د.مارف (١٩٨٤)، لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی( المؤسسة العراقية للدعاية والطباعة)، بەغدا.
- خەزنەدار د.مارف (٢٠١٠)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- خەزنەدرا، د.مارف (٢٠١٠)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- خەیات، کاروان عوسمان، (٢٠١٢)، بەشێک لە دیوانی سالم لەبەر ڕۆشنایی کەشکۆڵی سەیید عەلی و نەجمەدین مەلا، پێداچوونەوە و پێشەکی: د.عەبدڵڵا ئاگرین، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.
- دیوانی سالم (١٣٩٦) ئیسماعیل کەسنەزانی، پێداچوونەوە: کامیل کەسنەزانی، چاپی یەکەم، ئالای ڕووناکی، سنە.
- دیوانی سالم (١٩٣٣)، کوردی و مەریوانی، چاپخانەی أيتام، بەغدا.
- دیوانی سالم (١٩٧٢)، گیوی موکریانی، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.
- دیوانی سالم (٢٠١٥)، ساغکردنەوە و لێکدانەوە: مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس و فاتیح عەبدولولکەریم و محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی (١،٢)، ئامادەکردن: سدیق ساڵح، بنکەی ژین، سلێمانی.
- دیوانی کوردی (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوەی: محمد مستەفا (حەمەبۆر)، دوو بەرگ، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- دیوانی گۆران (١٩٨٠)، سەرجەمی بەرهەمی گۆران، کۆکردنەوە وئامادەکردن و پەراوێزی: محمدی مەلاکریم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

- دیوانی نالی (١٩٧٦)، ساغکردنەوە و لێکدانەوە: مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس و فاتیح عەبدولولکەریم و محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
- دەشتی، د.عوسمان (٢٠٢١)، سالمی ساحێبقڕان (باس و لێکۆڵینەوە)، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
- رسول، شوکریە (١٩٨٩)، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، زانکۆی سەڵاحەدین، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر.
- ڕیچ، کلاودیۆس جەیمس (١٩٩٢)، گەشتی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و: محەمەد حەمە باقی، تەورێز.
- ڕەسووڵ، د.شوکریە (٢٠٠٨)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
- ڕەسووڵ، د.عیزەدین مستەفا (١٩٧٩)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- زامدار، مەحمود (٢٠٠٩)، بۆنی هەڵاڵان دێ (گۆرانی فۆلکلۆری کوردی)، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- سابیر، د. پەریز (٢٠٠٦)، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نویکردنەوەی شیعر، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
- سالح، ڕەفیق (٢٠٠٥)، یادگاری لاوان و دیاری لاوان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- ساڵەیی، موعتەسەم (٢٠٠٧)، ئەدەب وهونەر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
- سجادی، علاءالدین (١٩٧١)، مێژووی ئەدەبی کوردی (مێژوو، ئەدەب، زانیاری)، چاپی دووەم، چاپخانەی معارف، بەغداد.
- سیاپۆش (١٩٣٣)، شاعیرەکانمان، یادگاری لاوان، چاپخانەی کەرخ، بەغداد.
- سەجادی، عەلائەدین (١٩٦٧)، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معارف، بەغداد.
- سەجادی، عەلائەددین (٢٠١٩)، خۆشخوانی (گوزارەکاری، ڕەوانکاری، جوانکاری)، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە.
- سەعید، د.ناز ئەحمەد (٢٠١٧)، دەنگی مستەفابەگی کوردی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
- سەفی زادە، سدیق بۆرەکەیی (٢٠٠٨)، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس. هەولێر.
- شناوی، أحمد (١٩٦٧)، زەردەشت، و: شاکر فتاح، چاپخانەی سلمان الاعظمي، بەغداد.
- شیوا، بابە شێخ مەردۆخ ڕۆحانی (٢٠١١)، مێژووی ناودارانی کورد (عارفان، زانایان، وێژەوانان، شاعیران)، چاپی یەکەم، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- شەوڕۆ، فازیل (٢٠١٤)، ڕەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم. هەولێر.

- عارف، د.محمد نوری (٢٠٠٩)، فەرهەنگی دیوانی شاعیران (نالی، سالم، کوردی)، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
- عوسمان، د.ڕەئوف (٢٠٢١)، عەزیزبەگی بابان لە ئەستانەی سالمی ساحێبقڕاندا، چاپی یەکەم، دەزگای جەمال عیرفان، چاپخانەی تاران، سلێمانی.
- عومەر، د.موحسین (٢٠١٢)، فەرهەنگە ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.
- عیسا، هاوژین سلێوە (٢٠٠٩)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- عەبدوڵڵا، د.ئیدریس (٢٠١٠)، شێواز و شێوازگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- عەلی، د.دڵشاد (١٩٩٨)، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلیمانی.
- عەلی، د.دڵشاد (٢٠٠٧)، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- فەیضی بەگ، ئەمین (١٩٨٣)، ئەنجومەنی ئەدیبان، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.
- قادر، د.خانزاد عەلی (٢٠١٢)، زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شیخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولیر.
- قەرەداغی، محمد عەلی (٢٠١٠)، بەرکوتێک لە خەرمانی شیعری سالم، (چەپکێک شیعری بڵاونەکراوەی سالم، پاشکۆیەکی دیوانی نالی)، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
- قەرەداغی، محەمەد عەلی (٢٠٠٩)، هەنگاوێک لەسەر ڕێگای لێکۆڵینەوەی (دیوانی سالم)دا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- کاکی، حەمە نوری عومەر (٢٠٠٨)، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
- کاکەی فەلاح (١٩٨٠)، کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی حسام، بەغداد.
- کاکەیی، هەردەوێڵ (٢٠٠٨)، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی شەبەک، چاپی یەکەم، ئینستیتیوتی کەلەپوری کورد–دهۆک، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- کریم، د. ئازاد عبدالواحد (٢٠١٧)، شیعرییەتی دەق (مەودایەک بۆ ناساندنی زمان)، چاپی یەکەم، کەرکوک.
- گەردی، د. سەردار ئەحمەد حەسەن (٢٠٠٤)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠–١٩٩١)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- گەردی، د.عەزیز (١٩٧٢)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، بەرگی(یەکەم)، چاپی یەکەم، چاپخانەی(دارالجاحظ)، بەغدا.

- گەرمیانی، د.عادل (٢٠٠٤)، وێنەی بابەتی لە شیعرەکانی گۆران و سەیابدا (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری ڕەخنەییە)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- ماردن، ئورایزن سویت (٢٠٠٨)، سەرکەوتنی بیر، و: ڕێباز مستەفا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕاند، سلێمانی.
- الماضي، شکری (٢٠١٠)، تیۆری ئەدەب، و: سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.
- محمود، د.فازیل (٢٠٠٧). سروشت لە شیعری گۆراندا، چاپی (یەکەم)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- محەمەد، مەسعود (٢٠٠٧)، چەپکێک لە گوڵزاری نالی، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولیر.
- مستەفا، د.ئیدریس عەبدوڵلا (٢٠١١)، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، بە نموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- موکری، کامەران (١٩٨٤)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- میراودەلی، د.کەمال (٢٠٠٥)، فەلسەفی جوانی هونەر (ئیستاتیکا)، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی.
- میرزا تۆفیق، د.ئاڤان عەلی (٢٠١٣)، فەرهەنگی شیعرەکانی سالم لەبەر ڕۆشنایی ئەدەبی فارسیدا، چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
- مەلازادە، د. ڕێبوار محمد (٢٠١٩)، شێوازناسی لە ئەدەبدا (هێڵی شێوازی گشتی لە " دەقی شیعری، چیرۆک، ڕۆمان" دا)، چاپی یەکەم، هەولێر.
- مەلازادە، د.ڕێبوار محمد (٢٠٢٠)، تیۆری ئەدەبی (دەقی شیعری کوردی لە تیۆری ئەدەبیدا)، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر، هەولێر.
- مەولود، د.عەبدوڵلا خدر (٢٠٠٤)، لێکۆڵینەوەیەک لە شیعری حەمدی، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- مەولود، ڕێزان سالح (٢٠٠٩)، ئەندێشەی شیعریی لە نێوان ڕێبازی کلاسیک و ڕۆمانتیکی کوردی لە کرمانجی خواروودا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
- هۆراس (١٩٧٩)، هونەری شیعر، و: حمید عزیز، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا.
- هیرڤێو و ویلیەم، دانیال، ژان پۆل (٢٠٠٨)، ئایین چییە؟ (پرۆژەی تێگەشتن و ڕاڤەکردنی ئاین)، وەرگێڕان و لێکدانەوەی: عادل باخەوان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- هەوری، أ.ب (١٩٧٤)، شیعری کۆن و نوێ، دەزگای هاوکاری بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

## ١/ ٢. عەرەبی


- ابراهيم، د.صاحب خليل (٢٠٠٠)، الصورة السمعية في الشعر العربي قبل الاسلام، من منشورات اتحاد الكتاب العرب.
- ابن الزملكاني (١٩٦٤)، التبيان في علم البيان، تحقيق: أحمد مطلوب وخديجة الحديثي، بغداد.
- ابن سينا (١٩٨٩)، رسالة حي بن يقظان، تحقيق ميكائيل بن يحيى المهرانى، طبعة ليدن، مطبعة بريل.
- ابن قتيبة (١٩٨٢)، الشعر والشعراء، تحقيق وشرح أحمد شاكر، الجزء الاول، دارالمعارف.
- ابن منظور (١٩٩٩)، لسان العرب، تصحيح: امين محمد عبدالوهاب، محمد الصادق العبيدي، الجزء السابع، ط ٣، دار احياء التراث العربي، بيروت.
- أبو رضا، د.سعد (١٩٨١)، الاتجاه النفسي فى نقد الشعر العربي اصوله و قضاياه، مكتبة المعارف، الرياض.
- أرسطو (١٩٥٣)، فن الشعر، تحقيق عبدالرحمن بدوي، دارالنهضة المضرية، القاهرة.
- أرسطو (١٩٧٧)، فن الشعر، ترجمة وتقديم وتعليق: د.ابراهيم حماده، مكتبة لانجلو المصرية، القاهرة.
- ارسطو، طاليس (١٩٨٠) الخطابة، ترجمة: د.عبدالرحمن بدوى، دار الرشيد للنشر، بغداد.
- اسماعيل، الدكتور عزالدين (٢٠٠١)، الادب وفنون (دراسه ونقد)، دار الفكر العربى، القاهره.
- اسماعيل، د. عزالدين (١٩٩٤)، الشعر العربى المعاصر(قضاياه وظواهره الفنية والمعنوية)، ط ٥، مكتبة الاكاديمية، القاهرة.
- اسماعيل، د.عزالدين (١٩٨١)، التفسير النفسي للأدب، ط ٤، ناشر دار العودة، الاسكندرية.
- اسماعيل، د.عزالدين (١٩٨٤)، التفسير النفسي للأدب، ط ٤، الناشر مكتبة غريب، القاهرة.
- أطميش، د.محسن (١٩٨٢)، دير الملاك، دراسة النقدية للظواهر الفنية فى الشعر العراقى المعاصر، دار الرشيد للنشر، بغداد.
- الامام، غادة (٢٠١٠)، جماليات الصورة - جاستون باشلار، ط ١، التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.
- أمون، جال (٢٠١٣)، الصورة، ترجمة: ريتا الخورى، ط ١، المنظمه العربية للترجمة، بيروت.
- أمين، أحمد (١٩٨٣)، النقد الادبي، ط ٥، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.
- أمين، أحمد (٢٠١٢)، النقد الادبي، ناشر مؤيية هنداوي للتعليم والثقافة، القاهرة.
- بدوي، عبدالرحمان (١٩٧٩)، افلاطون، دار العلم والمطبوعات الكويت، بيروت.
- البصير، د.كامل (١٩٨٧)، بناء الصورة الفنية فى البيان العربي، المجمع العلمى العراقى، بغداد.
- بطل، على (١٩٨١)، الصورة في الشعر العربي حتى اخر القرن الثاني الهجرى.، ط ٢، دارالاندلس للطباعة والنشر والتوزيع، الاندلس.
- البطل، علي (١٩٨٠)، الصورة في الشعر العربي حتى أخر القرن الثاني الهجري، الطبعة الاولى، دار الاندلس، الاندلس.
- بكار، د.يوسف حسين (١٩٧٩) البناء الفني في القصيدة العربية، القاهرة.
- البيطار، هدية (٢٠١٠)، الصورة الشعرية عند خليل حاوي، ط ١، دار الكتب الوطنية، أبوظبي.
- الترمذي، محمد بن عيسى بن سورة بن موسى بن الضحاك (٢٠١٤)، سنن الترمذي، تحقيق: محمود محمد نصار، مركز البحوث و التقنية المعلومات، دار التأصيل، القاهرة.
- تليمة، د. عبدالمنعم (١٩٨٣)، مقدمة في نظرية الادب، ط ٢، دار العودة، بيروت.
- تليمة، عبدالمنعم (١٩٨٧)، مداخل الى علم الجمال الادبي، طبعة الثانية، الدار البيضاء.
- التميمي، كاظم هاني (٢٠٠٣)، شعر أبي عبداللة بن الحداد الاندلسي (دراسة غنية)، كلية التربية، جامعة بغداد، بغداد.
- التونجي، د. محمد (١٩٩٩)، العجم المفصل في الادب، الجزء الاول، ط ٢، دار الكتب العلمية، بيروت.

- جاحظ، ابى عثمان عمرو بن بحر (١٩٩٨)، البيان والتبين، تحقيق وشرح: عبدالسلام محمد هارون، ج١، ط٧، مطبعة المدني، القاهرة.
- الجاحظ، ابي عثمان (١٣٣٢هـ)، البيان والتبين، الجزء الاول والثانى والثالث في مجلد واحد، تحقيق ومراقبة طبع: محب الدين الخطيب، مطبعة الجمالية، القاهرة.
- الجاحظ، ابي عثمان (١٩٦٥)، الكتاب الحيوان، بتحقيق وشرح: عبدالسلام محمد هارون، الجزء الاول الطبعة الثانية، شركة مكتبة ومطبعة مصطفى البابى الحلبى وأولادخ بمصر.
- الجرجاني، أبى بكر عبدالقاهر(١٩٨٤)، دلائل الاعجاز، قرأه وعلق عليه: محمود محمد شاكر.
- الجرجاني، عبدالقاهر (١٩٩١)، أسرار البلاغة، قرأة وعلق عليه: محمود محمد شاكر، الطبعة ١، مطبعة المدنى، القاهرة.
- الجهني، د.زيد غانم (١٤٢٥هـ )، الصورة الفنية في المفضليات (أنماطها وموضوعاتها ومصادرها وسماتها الفنية)، ط ١، الجزء الاول، الجامعة الاسلامية بالمدينة المنورة، عمادة البحث العلمي، المدينة المنورة.
- حمدان، أحمد (٢٠٠٨) دلالات الوان في شعر نزار قباني، جامعة نجاح الوطنية، كلية الدراسات العليا.
- حمدان، فاطمة سعيد (١٩٨٩)، مفهوم الخيال (ووضيفته فى النقد القديم والبلاغه)، جامعة أم القرى، كلية العربية.
- الخال، يوسف (١٩٧٨)، الحداثة في الشعر، ط١، دار الطليعة، بيروت.
- الخطيب، د.حسام (١٩٧٢)، الادب الاوروبى، ب ط، مكتبة اطلس، دمشق.
- الخليل، د.سمير (٢٠١٤)، محاولات التجديد في شعر أحمد الصافي النجفي، ط ١، دار بغداد للطباعة والنشر والتوزيع، بغداد.
- الداية، د.فايز (١٩٩٦)، جماليات الاسلوب (الصورة الفنية في الادب العربي)، ط ٢، دار الفكر المعاصر، بيروت.
- ذياب، محمد علي (٢٠٠٣)، الصورة الفنية فى شعر الشماخ، ط ١، تصدرها وزارة الثقافة المملكة الاردنية الهاشمية، عمان.
- الرباعى، عبدالقادر (٢٠٠٩)، الصورة الفنية في النقد الشعري، دار جرير للنشر والتوزيع، الاردن.
- الرباعي، عبدالقادر (١٩٩٨)، في تشكل الخطاب النقدي (مقاربات منهجية معاصرة)، الطبعة الاولى، الاهلية للنشر والتوزيع، عمان.
- الربيعى، محمود (١٩٩٨)، فى نقد الشعر، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.
- رسول، د.عزالدين مصطفى (٢٠١٠)، الواقعية في الادب الكردي، الطبعة الثانية، من منشورات ئاراس، أربيل.
- الزهاوي، مؤيد أمجد (٢٠٠٧)، الصورة الشعرية فى نقد الشعر العربي القديم فى ضوء الفكر الفلسفي، جامعة بغداد، مجلس كلية الاداب.
- سارتر، جان پۆل ( بێ ساڵ)، ما الأدب، ترجمة: الدكتور محمد غنيمى هلال، دار نهضة مصر للطبع والنشر، القاهرة.
- السعدنى، د.مصطفى (١٩٨٧)، التصوير الفنى فى شعر محمود حسن اسماعيل، الناشر ( المعارف بالاسكندرية)، الاسكندرية.
- السكاكى، أبي يعقوب يوسف ابن ابي بكر (١٩٨٧)، مفتاح العلوم، ضبطة و كتب هوامشة وعلقعليه: نعيم زرزور، طبعة الثانية، دار الكتب العلمية، بيروت.
- سي دي-لويس (١٩٨٢)، الصورة الشعرية، ترجمة: أحمد نصيف جنابي، مالك ميري، سلمان حسن ابراهيم، دار الرشيد للنشر، منشورات وزارةت الثقافة والاعلام، بغداد.
- الشايب، احمد (١٩٩٤)، أصول النقد الادبى، ط ١٠، مكتبة النهضة المصرية، قاهره.
- صالح، بشرى (١٩٩٤)، الصورة الشعرية في النقد العربي الحديث، ط ١، الدار البيضاء، المركز الثقافي العربي، بيروت.
- ضيف، د. شوقي (١٩٧٦)، في النقد الادبي، ط٤، دارالمعارف، القاهرة.

- الطاهر، د.على جواد (١٩٧٩)، مقدمة في النقد الادبي، الطبعة الاولى، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.
- طبانه، د. بدوى (١٩٨٤)، قضايا النقد الادبى، دار المريخ، الرياض.
- الطرابولى، د.محمد ساير (٢٠٠٥)، المكان فى الشعر الاندلسى (من عصر المرابطين حتى نهاية الحكم العربى ٤٨٤هـ – ٨٩٧ هـ)، ط ١، الناشر(مكتبة الثقافة الدينية)، القاهرة.
- الطربولى ، د. محمد (٢٠٠٥)، الاعمى التطيلى، شاعر عصر المرابطين (دراسة موضوعية فنية)، ط ١، الناشر مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة.
- عباس، د.احسان (١٩٥٩)، فن الشعر، ط ٢، دار الثقافة، بيروت.
- عبدالتواب، د.صلاح الدين (١٩٩٥)، الصورة الادبية فى القران الكريم، ط ١، شركة ابو الهول للنشر، القاهرة.
- عبداللة، د.محمد (١٩٨١)، الصورة والبناء الشعرى، دار المعارف، القاهرة.
- العسكرى، أبى هلال الحسين (١٩٥٢)، كتاب الصناعتين (الكتابة والشعر)، تحقيق: على محمد البجاوى، محمد ابوالفضل ابراهيم، ط ١، دار اخياء الكتب العربية.
- عصفور، د.جابر (١٩٩٢)، الصورة الفنية فى التراث النقدي والبلاغي عند العرب، ط ٣، المركز الثقافي العربي، بيروت.
- علوش، د.سعيد (١٩٨٥)، معجم المصطلحات الادبية المعاصرة (عرض و تقديم و ترجمة)، ط ١، الدار البيضاء، بيروت.
- غزوان، د.عناد (١٩٩٤)، مستقبل الشعر وقضايا نقدية، ط ١، دار الشؤون الثقافية عامة، بغداد.
- فضل، د.صلاح (١٩٩٨)، نظرية البنائية فى النقد الادبى، ط ١، دار الشروق، القاهرة.
- قاسم، د.محمد و ديب، د.محى الدين (٢٠٠٨)، علوم البلاغة، المؤسسة الحديثة للكتاب، لبنان.
- القاضى الجرجاني (١٩٦٦)، الوساطة بين المتنبي و خصومة، ط ١، تحقيق وشرح: محمد ابو الفضل ابراهيم و على محمد البجاوى، مطبعة عيسى اليابى الحلبى وشركاء.
- قدامة بن جعفر، أبى فرح (١٣٠٣ هـ)، كتاب نقد الشعر، الطبعة الاولى، مطبعة الجوائب، قسطنطينية.
- القزويني، الخطيب (٢٠٠٣)، الايضاح في علوم البلاغة (المعانى والبيان والبديع)، وضح حواشية: ابراهيم شمس الدين، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت.
- الكاتب البغدادي، قدامة بن جعفر (١٩٦٣)، نقد الشعر، تحقيق: كمال مصطفى. مصر، مكتبة الخانجى.
- كبابه، د.وحيد (١٩٩٩)، الصورة الفنية في شعر الطائيين بين الانفعال و الحس، منشورات اتحاد الكتاب العرب.
- لابن منظور ( بىّ سالّ)، لسان العرب، كامل المجلدات، دار المعارف، القاهرة.
- محمد، الولي (١٩٩٠)، الصورة الشعرية في الخطاب البلاغي والنقدي، المركز الثقافي العربي، بيروت.
- المختاري، زين الدين (١٩٩٨)، مدخل الى نظرية النقد النفسي (سيكولوجية الصورة الشعرية في نقد العقاد)، مطبعة اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
- المرعي، د.فواد (١٩٩٦)، المدخل الى الادب الاوروبية، ط ٢، منشورات جامعة حلب، حلب.
- مسعود، زكية (١٩٩٩)، الصورة الفنية في شعر ابن المعتز، ط ١، منشورات جامعة قار يونس، بنغازي.
- مكاوى، د.عبدالغفار (١٩٧٨)، قصيدة وصورة، الشعر والتصوير عبر العصور، المجلس الوطنى للثقافة والفنون والادب، كويت.
- نوفل، د.نبيل (١٩٩٣)، العلاقات التصويرية بين الشعر العربى والفن الاسلامى، مركز الدلتا للطباعة، الاسكندرية.
- هلال، د.محمد غنيمى (١٩٩٧)، النقد الادبى الحديث، دار نهضة مصر للطباعة و النشر و التوزيع، القاهره.

- هلال، محمد غنيمی ( بیٰ سالٰ)، دراسات ونماذج فی مذاهب الشعر ونقده، نهضة مصر.
- اليافي، د.نعيم (١٩٨٢)، مقدمة لدراسات الصورة الفنية، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي، دمشق.
- يعقوب ، د. اميل . عاصي، د.ميشال (١٩٨٧)، المعجم المفصل فی اللغة والادب، المجلد الاول، الطبعة الاولی، دار العلم للملايين، بيروت.

## ۱/ ۳. فارسی

- ال.گورين، ار.ويلينگهام، ويلفرد، جان (۱۳۷۷)، راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ترجمه: زهرا میهن خواه، انتشارات اطلاعات، تهران.
- بوشهر، واحد (۱۳۹۳)، بررسی صور خیال در اشعار محمود مشرف ازاد تهرانی، فصل نامه تحقیقاتی تعلیمی و غنایی زبان و ادب فارسی، شماره پیاپی: بیست و دوم، دانشگاه ازاد اسلامی
- دهخدا، علی اکبر (۱۳۷۷)، لفت نامه، ۱۵ جلد، چاپ دوم، مؤسسه لغت نامه دهخدا: تهران.
- دیوان کلیم کاشانی (۱۳٦۹)، با مقدمه: پرتو بیضائي، باتصحیح: بیژن ترقی، چاپ دوم، از انتشارات: چاپخانه حیدری، تهران.
- شمیسا، د. سیروس (۱۳۷۳)، کلیات سبک شناسی، چاپ دوم، چاپخانه رامین، انتشارات فردوس.
- طنوس، د.وهيب (١٩٩٣)، نظام التصوير الفني في الادب العربي، منشورات جامعة حلب، حلب.
- فرهنگ اشعار صائب (۱۳۷۳)، جلد اول، تالیف: احمد گلچین معانی، چاپ دوم،مؤسسه انتشارات امیر کبیر، چاپخانه سپهر، تهران.
- کدکنی، د.محمد شفیعی (۱۳۷۵)، صور خیال در شعر فارسی، چاپ ششم، مؤسسه انتشارات أگاه، تهران.
- کلیات سعدی (۱۳۹۷)، مشرف الدین مصلح بن عبدلله سعدی شیرازی، براساس نسخه محمد علی فروغی، چاپ دوم، انتشارات فرهنگ جامع، چاپ و صحافی: فرازاندیش سبز، تهران.
- مبارک و حیدری، د. وحید، فرحناز(۱۳۸۹)، صور خیال در شعر شفیعی کد کنی، نامه پارس، شماره ٥٤.
- محمدی، محمد حسین (۱۳۹٤)، کارکرد عنصر عاطفه و خیال در شعر موسوی گرمارودی، مجموعه مقاله‌های دهمین همایش بین المللی ترویج زبان و ادب فارسی ٤– ٦ شهریورماه، دانشگاه محقق اردبیلی.
- معین، د. محمد (۱۳٦۰)، فرهنگ فارسی، ٦ جلد، چاپ چهارم، انتشارات امیر کبیر، تهران.
- مهدوی فر، سعید (۱۳۹٥)، فرهنگنامه صور خیال در دیوان خاقانی، چاپ اول، انتشارات زوار، تهران.
- یاحقی، د.محمد جعفر (۱۳۹۱)، فرهنگ اساطیر و داستان واره‌ها، چاپ چهارم، مؤسسه فرهنگ معاصر، تهران.

## ١/ ٤. ئینگلیزی

- Barry, Conlon (2010), Imagery in Literature, introduction to literature 125, ENG, November 29.
- Connell, J (1913), STUDY OF POETRY, The John Stratton Gilman Memorial Fund, Norwood, Mass, U. S. A, JOHNS HOPKIS UNIVERSITY.
- Cuddon, J.A (1999), Dictionary of LITERARY TERMS & LITERARY THEORY, (revised by C.E. Preston), PENGUIN BOOKS, London.
- Lewis, C. Day (1961), The Poetic image, Tenth impression, The AIDEN Press, London.

## ١/ ٥. ڕووسی

- Аверинцев, С. С. (1996), РИТОРИКА И ИСТОКИ ЕВРОПЕЙСКОЙ ЛИТЕРАТУРНОЙ ТРАДИЦИИ, Школа «ЯЗЫКИ РУССКОЙ КУЛЬТУРЫ», Москва.
- Алексеев, Михаил (1986), РУССКАЯ ЛИТЕРАТУРА И ЗАРУБЕЖНОЕИСКУССТВО, АКАДЕМИЯ НАУК СССР, ИЗДАТЕЛЬСТВО «НАУКА», Москва.
- Аминева, В.Р (2014), Теория литературы, Конспект лекций, Иниститут Филологии и межкультурной коммуникации, Кафедра русской литературы и методики преподавания, Казань.
- Арнольд, Ирина (2002), Стилистика, Современный английский язык: учебник для студентов лингвистических вузов и факультетов иностранных языков, Издательство «Наука», Москва.
- Артамонова, Е.И. и други (2018), ЯЗЫК И АКТУАЛЬНЫЕ ПРОБЛЕМЫ ОБРАЗОВАНИЯ, МАНПО, Москва.
- Астахова, А.М. и Базанов, В.Г. (1960), РУССКИЙ ФОЛЬКЛОР МАТЕРИАЛЫ И ИССЛЕДОВАНИЯ, том V. ИЗДАТЕЛЬСТВО (АКАДЕМИИ НАУК. СССР), Москва.
- Барковская, Нина (2010), поэзия серебряного века, Издание 3-е, дополненное, Екатеринбург.
- Барт, Ролан (1989), ИЗБРАННЫЕ РАБОТЫ (Семиотика, Поэтика), Перевод: Г. К. КОСИКОВА, Редакция литературы по гуманитарным наукам, МОСКВА.
- Бахтин, Михаил (1975), ВОПРОСЫ ЛИТЕРАТУРЫ И ЭСТЕТИКИ, ИССЛЕДОВАНИЯ РАЗНЫХ ЛЕТ, ( Художественная литература), Москва.
- Бахтин, Михаил (1982), ФОРМАЛЬНЫЙ МЕТОД В ЛИТЕРАТУРОВЕДЕНИИ, SILVER AGE PUBLISHING, НЬЮ-ЙОРК.
- Бахтин, Михаил(2002), ПРОБЛЕЬЫ ПОЭТИ ДОСТОЕВСКОГО, WERDEN-VERLAG, МОСКВА.
- Бахтин, Михаил. (2000), Фрейдизм Формальный метод в литературоведении, Марксизм и философия языка, "Лабиринт, МОСКВА.
- Безруков, А.Н. (2009), ВВЕДЕНИЕ В ЛИТЕРАТУРОВЕДЕНИЕ, Издание пятое, Бирск. гос. соц.-пед. Акад, Бирск.
- Безруков, Алексей (2016), ИСТОРИЯ ЗАРУБЕЖНОЙ ЛИТЕРАТУРЫ Античность, Средние века, Возрождение), Башкирский государственный университет, БФБашГУ, Бирск.

- Белинский, Виссарион (1981), Избранные статьи [Текст], Детская литература, 224, Москва.
- Белянин, В.П (2003), Психолингвистика, Флинта, Москва.
- БЕРТЕЛЬС, АНДРЕЙ (1935), ХУДОЖЕСТВЕННЫЙ ОБРАЗ В ИСКУССТВЕ ИРАНА IX-XV веков, (Слово изображение), «Восточная литература» РАН, Москва.
- Борев, Юрий (2002), Эстетика, «Высшая школа», Москва.
- Борис Михайлович (1961), СТАТЬИ О ЛЕРМОНТОВЕ, Академии наук СССР, Ленинград.
- Борисов, Б.Н (2013), ОСНОВЫ ТЕОРИИ ЛИТЕРАТУРЫ, «МОСКОВСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ УНИВЕРСИТЕТ ПУТЕЙ СООБЩЕНИЯ», МИИТ, Москва.
- Бородина, Наталья (2018), Языковое воплощение поэтического образа (на материале американской поэзии XX века), «Уральский государственный педагогический университет», Институт иностранных языков, Екатеринбург.
- Бразговская, Е. Е. (2019), Семиотика Языки и коды культуры, Учебник и практикум для академического бакалавриата, Юрайт, Москва.
- Брик, Осип. и Поливанов, Евгений (1919), петроград, лештукого 13.
- Будаев, Э.В., Чудинов, А.П. (2006), Метафора в политическо минтердискурсе, Урал. гос. пед. ун-т, Екатеринбург.
- Бураго, Дім Дмитра ( 2013). НАУКОВА СПАДЩИНА О.О. ПОТЕБНІ У СЛОВ'ЯНСЬКОМУ КУЛЬТУРНОМУ ПРОСТОРІ, НАН України, Київ.
- Ваганов, В. Г. и другий (1978), МИФ Фольклор ЛИТЕРАТУРА, (НАУМ), ЛЕНИНГРАД.
- Валгина, нина (1998), Теория текста: учебное пособие, Изд-во МГУП «Мир книги», Москва.
- Василькова, Я.В. и Кисилиера, М.Л.(2010), ПОЭТИКА ТРАДИЦИИ, Санкт-Петербургский государственный университет, ЕВРОПЕЙСКИЙ ДОМ, САНКТ-ПЕТЕРБУРГ.
- Вербицкая, Людмила. и другие (2017), ТЕКСТ КУЛЬТУРЫ И КУЛЬТУРА ТЕКСТА, РОПРЯЛ, Санкт-Петербург.
- ВИКТОР, ШКЛОВСКИЙ (1929), О ТЕОРИИ ПРОЗЫ, ИЗДАТЕЛЬСТВО (ФЕДЕРАЦИЯ), МОСКВА.
- Виноградов, Виктор (1927), К построению теории поэтического языка, В кн. Поэтика, Сб. статей, III. J I.
- Виноградов, Виктор (1959), О языке художественной литературы, Гослитиздат, Москва.
- Виноградов, Виктор (1963), Стилистика, Теория поэтической речи, Поэтика, Изд-во АН СССР, Москва.
- Винокур, Григорий (1990), ФИЛОЛОГИЧЕСКИЕ ИССЛЕДОВАНИЯ (ЛИНГВИСТИКА И ПОЭТИКА), (НАУКА), АКАДЕМИЯ НАУК СССР ОТДЕЛЕНИЕ ЛИТЕРАТУРЫ И ЯЗЫКА, МОСКВА.
- Винокур, Григорий (1991), О языке художественной литературы, Высшая школ, Москва.
- Волков, И.Ф. (1995), Теория литературы: учеб. пособие для студентов и преподавателей, Просвещение, Москва.

- волошинов, В. К (1993), (М. М. Бахтин) МАРКСИЗМИ ФИЛОСОФИЯ ЯЗЫКА. «Лабиринт», Москва.
- Выготский, Лев (1968), ПСИХОЛОГИЯ ИСКУССТВА, Издательство «Искусство», Москва.
- Гаспаров, Михаил (1987), Роман Якобсон РАБОТЫ ПО ПОЭТИКЕ, ПРОГРЕСС, МОСКВА.
- Гегель, Георг (1968), Эстетика в 4-х томах, Т. 2. [Текст], Искусство, 426с, Москва.
- Гегель, Георг (1968), ЭСТЕТИКА, Перевод: Столпнер, Б. Г. В 4-х ТОМАХ Том 1-й, СССР, Искусство, Москва.
- Гегель, Георг (1969), ЭСТЕТИКА, Перевод: Столпнер, Б. Г. В 4-х ТОМАХ Том 2-й, СССР, Искусство, Москва.
- Гегель, Георг (1971), ЭСТЕТИКА, Перевели: Чернышев, Б. С. и другии, В 4-х ТОМАХ, Том 3-Й, СССР, Искусство, Москва.
- Гегель, Георг (1973), ЭСТЕТИКА, Перевели: С. Васильев и другии, В 4-х ТОМАХ, Том 4-й, СССР, Искусство, Москва.
- Гей, Николай и Мясников (1983), КОНТЕКСТ, 1982 Литературно-теоретические исследования, ИЗДАТЕЛЬСТВО (НАУКА), МОСКВА.
- Горшков, Александр (2018), ЯЗЫК КАК МАТЕРИАЛ СЛОВЕСНОСТИ (XXI НАУЧНЫЕ ЧТЕНИЯ), «Литературный институт имени А. М. Горького» Кафедра русского языка и стилистики, «Центральная универсальная научная библиотека имени Н. А. Некрасова», Москва.
- Гринцер, П. А. (1983), ВОСТОЧНАЯ ПОЭТИКА (Специфика художественного образа) ИНСТИТУТ МИРОВОЙ ЛИТЕРАТУРЫ им. А. М. ГОРЬКОГО, АКАДЕМИЯ НАУК СССР, МОСКВА.
- Доманина. С.А., Хазина. А.В. (2014), СРАВНИТЕЛЬНАЯ МИФОЛОГИЯ, ФГБОУ ВПО, Нижний Новгород.
- Домашнев, А.И. и другии (1989), Интерпретация художественного текста [Текст], Просвещение.192 , Москва.
- Дубровская С. А. и другии (2016), М. М. БАХТИН В СОВРЕМЕННОМ МИРЕ, МАТЕРИАЛЫ VI МЕЖДУНАРОДНЫХ САРАНСКИХ БАХТИНСКИХ ЧТЕНИЙ, ПОСВЯЩЕННЫХ 120-ЛЕТИЮ СО ДНЯ РОЖДЕНИЯ УЧЕНОГО, МОРДОВСКОГО УНИВЕРСИТЕТА, САРАНСК.
- Евтюгина, А. А. (2019), РУССКИЙ ЛЕКЦИЙ ЯЗЫК И КУЛЬТУРА РЕЧИ, РГППУ, Екатеринбург.
- Егорова, Людмила (2014), ИСТОРИЯ РУССКОЙ ЛИТЕРАТУРЫ XX ВЕКА ПЕРВАЯ ПОЛОВИНА, Издательство «ФЛИНТА», Москва.
- Жерар, Женетт (1998), Фигуры, том 1- 2, ИЗД.ВО.ИМ, собашниковых, Москва.
- Жирмунский, Виктор (1928), ВОПРОСЫ ТЕОРИИ ЛИТЕРАТУРЫ, Статьи 1916—1926, (AC ADEMIA), ЛЕНИНГРАД.
- Жирмунский, Виктор (1979), СРАВНИТЕЛЬНОЕ ЛИТЕРАТУРОВЕДЕНИЕ (ВОСТОК И ЗАПАД), (НАУКА), ЛЕНИНГРАД.
- Иванов, Вячеслав (2003), ЕВРАЗИЙСКОЕ ПРОСТРАНСТВО Звук, слово, образ, МОСКОВСКИЙ государственный университет им, М. В. ЛОМОНОСОВА, МОСКВА.

- Ильин, Евгений (2009), Психология творчества, креативности, одаренности, СПб, Питер.
- Камалова, Алла (2019), ЭМОЦИИ КАК ПРЕДМЕТ ЛИНГВИСТИЧЕСКОГО ИЗУЧЕНИЯ (НА МАТЕРИАЛЕ РУССКОГО ЯЗЫКА), Uniwersytet Warmińsko-Mazurski w Olsztynie, PRZEGLĄD WSCHODNIOEUROPEJSKI X/2. с 349–360.
- Карпов, Д. Л.(2015), ВВЕДЕНИЕ В ЛИТЕРАТУРОВЕДЕНИЕ (Учебное пособие), Ярославский государственный университет им. П. Г, Демидова, ЯрГУ, Ярославль.
- Кассирер, Э. и Якобсон (1990), ТЕОРИЯ МЕТАФОРЫ, Переводы под редакцией: Н.Д. АРУТЮНОВОЙ и М.А. ЖУРИНСКОЙ, Вступительная статья и составлениеН.Д. АРУТЮНОВОЙ, (ПРОГРЕСС), МОСКВА.
- Киров Е.Ф. и другии (2017), Риторика и культура речи в современном научно-педагогическом процессе и общественно-коммуникативной практике, Сборник материалов XXI Международной научной конференции по риторике, 1–3 февраля 2017 г, ГОСУДАРСТВЕННЫЙ ИНСТИТУТ РУССКОГО ЯЗЫКА им. А.С, ПУШКИНА, Москва.
- Кожин, А. Н (1985), Структура функционирование поэтического текста, «НАУКА» СССР, МОСКВА.
- Кононенко, Б.И. (2003), Большой толковый словарь по культурологи [Текст], Вече, 512с, Москва.
- Константин, Баршт (2019), ИСКУССТВО И РЕВОЛЮЦИЯ: СТО ЛЕТ СПУСТЯ, Издание осуществлено при финансовой поддержке Министерства образования, науки и технологического развития Республики Сербии, Белград.
- Коротких, А.В. (2007), ОСНОВЫ ТЕОРИИ ЛИТЕРАТУРЫ УЧЕБНО-МЕТОДИЧЕСКИЙ КОМПЛЕКС, «Полоцкий государственный университет» ОСНОВЫ ТЕОРИИ, «ПГУ», Новополоцк.
- Крошнева, М. Е. (2007), ТЕОРИЯ ЛИТЕРАТУРЫ, УЛЬЯНОВСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ ТЕХНИЧЕСКИЙ УНИВЕРСИТЕТ УлГТУ, УЛЬЯНОВСК.
- Крупчанова Л. М.(2005), Введение в литературоведение, Издательство Оникс, 416, Москва.
- Крылов, Василий (2005), РУССКАЯ СИМВОЛИСТСКАЯ КРИТИКА: ГЕНЕЗИС, ТРАДИЦИИ, ЖАНРЫ, КАЗАНСКИЙ ФЕДЕРАЛЬНЫЙ УНИВЕРСИТЕТ ИНСТИТУТ ФИЛОЛОГИИ И МЕЖКУЛЬТУРНОЙ КОММУНИКАЦИИ ИМ, ЛЬВА ТОЛСТОГО, Казань.
- Кузьминой, О.В. (2005), Риторика Учебно-методическое пособие для студентов вечерней и заочной форм обучения, СПб ГУ ИТМО, Санкт-Петербург.
- Кучукова З. А. и другие (2015), НАЦИОНАЛЬНЫЕ ОБРАЗЫ МИРАВ ХУДОЖЕСТВЕННОЙ КУЛЬТУРЕ, МАТЕРИАЛЫ Международной научной конференции, посвященной 85-летию со дня рождения литературоведа, философа, культуролога Г.Д. Гачева (1929–2008), КАБАРДИНО-БАЛКАРСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ УНИВЕРСИТЕТ им. Х. М, БЕРБЕКОВА.
- Лавкрафта и Бирса, А.Г. (2018), Семантика художественного символа на материале Г.Ф, Выпускная квалификационная работа, «Уральский государственный педагогический университет»,ФГБОУ, Екатеринбург.
- Левинтон, Георгий (2017), СТАТЬИ О ПОЭЗИИ РУССКОГО АВАНГАРДА, Unigrafi a, Helsinki.

- Левит, Светлана и другии (2004), Жак Маритен, Творческая интуиция в искусстве и поэзии, РОССПЭ, Москва.
- Лидия, Гинзбург (1974), О ЛИРИКЕ,  ИЗДАНИЕ ВТОРОЕ, СССР по делам издательств, Ленинград.
- Лотман, Юрий (1972), анализ поэтического текста (структура стиха), ( просвещение), ленинград.
- Лотман, Юрий (1996), О поэтах и поэзии: Анализ поэт текста, Искусство-СПб, 846с, Санкт-Петербург.
- Лотман, Юрий (1998), Структура художественного текста, (Искусство – СПБ), Москва.
- Лукашевская, Я. Н. (2010),  Понятие «художественный образ» и проблемы его изучения в первобытном искусстве [Электронный ресурс],  Я. Н. Лукашевская, Блог Археология.РУ, Режим доступа: http://www.archaeology.ru/ stone/st_lib_00.html (02.07.2010), свободный. – Загл. с экрана. – Яз. рус.
- Малыгиной И.В. и Зориловой Л.С. (2015), Эстетика и теория искусства, Московский государственный институт культуры, Москва.
- Маркина, Наталья (2017), Художественный образ Индии в оригинале и переводе (на примере романа Грегори Дэвида Робертса «Шантарам»), Челябинск, «ЮЖНО-УРАЛЬСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ ГУМАНИТАРНО-ПЕДАГОГИЧЕСКИЙ УНИВЕРСИТЕТ» (ФГБОУ ВО- ЮУрГГПУ).
- Мясников, Александр (1974), Образ [Текст], Словарь литературоведческих терминов, Просвещение. С. 241-24, Москва.
- Николаев, Андрей (2011), Основы литературоведения: учебное пособие для студентов филологических специальностей, ЛИСТОС,  255 с, Иваново.
- Николюкин, Александр (2001), литературная энциклопедия терминов и понятий, НПК.Интелвак, Москва.
- Ожегов С.И., Шведова Н.Ю (1994), Толковый словарь русского языка, 4-е изд, АЗЪ, Масква.
- Озерова Е.Г.(2017), ОБРАЗНОЕ ПРОСТРАНСТВО ПРОЗАИЧЕСКИХ ТЕКСТОВ И.А. БУНИНА, «БЕЛГОРОДСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ НАЦИОНАЛЬНЫЙ ИССЛЕДОВАТЕЛЬСКИЙ УНИВЕРСИТЕТ», (БелГУ), БЕЛГОРОД.
- Пархоменко, И. Т. И Радугин, А. А. (2001), Культурология в вопросах и ответах для зачетов и экзаменов: учеб. Пособие, Центр,  336, Москва.
- Поплавская, И. А. (2010), ТИПЫ  ВЗАИМОДЕЙСТВИЯ ПОЭЗИИ  И ПРОЗЫ В РУССКОЙ ЛИТЕРАТУРЕ ПЕРВОЙ ТРЕТИ XIX «ТОМСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ УНИВЕРСИТЕТ», в.Издательство Томского университета, ТОМСК.
- Попова, 3. Д. И Стернин, И. А. (2007), ОБЩЕЕ ЯЗЫКОЗНАНИЕ, Издание второе, ВОРОНЕЖСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ УНИВЕРСИТЕТ, Восток – Запа, Москва.
- Поспелов, Геннадий (1988), введение в литературоведение, высшая школа, Москва.
- Потебня, Александр (1914), О НЕКОТОРЫХЪ СИМВОЛЪ ВЪ СЛАВЯНСКОЙ НАРОДНЙ ПОЭЗИ, ВТОРОЕ ИЗДАНИЕ, МИРНЫЙ ТРУДЪ, ХАРЬКОВЪ.
- Потебня, Александр (1976), ЭСТЕТИКА И ПОЭТИКА, Редакционная коллегия: Председатель :м. Ф. Овсянников и другые, Издательство «Искусство», МОСКВА.

- Потебня, Александр (1989), Мысль и язык, Составление, подготовка текста и примечания ТОПОРКОВА, А. Л, «Правда», Москва.
- Потебня, Александр (1990), Теоретическая поэтика, Высшая школа, Москва.
- Пригарина, Наталья (2011), МИР ПОЭТА, МИР ПОЭЗИИ (Статьи и эссе), Институт востоковедения РАН, Москва.
- Роднянская И. Б. и Кожинов В. В. (1968), Образ, Краткая литературная энциклопедия, Гл. ред. А. А. Сурков. Со,. Энцикл, Москва.
- Рубинштейн, Сергей (1946), Мастера психологии, Основы общей психологии, (изд. 2-е), Янко Слава, 720 с, Питер.
- Сергун, Яна (2014), ОБРАЗЫ НАСЕКОМЫХ В ПОЭЗИИ XIX ВЕКА, Дипломная работа, (Алтайская государственная академия образования имени В.М. Шукшина), Бийск.
- Серикова, Т. Ю (2010), ПРОБЛЕМА ХУДОЖЕСТВЕННОГО ОБРАЗА В ИСКУССТВОЗНАНИИ, ВЕСТНИК Челябинской государственной академии культуры и искусств,4 (24). С ( 95 – 98 ).
- слюсарева, Наталья (1982), Лингвистика речи и лингвистика текста, Аспекты общей и частной лингвистической теории текста, (наука), Москва.
- Соколов, Александр (1964), Художественный образ в лирике Лермонтова, (Творчество М. Ю. Лермонтова: 150 лет со дня рождения, 1814—1964), Наука, Москва.
- Соколов, Александр (1968), ТЕОРИЯ СТИЛЯ, Издательство «Искусство», Москва.
- Соколов, Юрий (2007), РУССКИЙ ФОЛЬКЛОР, 34е издание, МГУ им. М.В. Ломоносова, Москва.
- Солганик, Григорий (1987), Значение слова и представление, (Семантика слова и синтаксической конструкции), Воронеж.
- Солодилова, И.А. (2004), смысл художественного текста, словесный образ как актуализатор смысла, (на примере романов Р.Музиля "Смятения воспитаника Тёрлеса" и " человек без свойств", Оренбургский государственный университет, Оренбург.
- Стернин, И.А. (1985), Лексическое значение слова в речи, Воронеж.
- Стернин, И.А. и. Розенфельд, М.Я.(2008), Слово и образ, (Научное издание), (Истоки), 243 с, Воронеж.
- Сухих С.И. (2001), «ТЕХНОЛОГИЧЕСКАЯ» ПОЭТИКА ФОРМАЛЬНОЙ ШКОЛЫ, КиТиздат, Нижний Новгород.
- Сухих, С.И. (2001), ПСИХОЛОГИЧЕСКОЕ ЛИТЕРАТУРОВЕДЕНИЕД.Н, ОВСЯНИКО-КУЛИКОВСКОГО, «КиТиздат», Нижний Новгород.
- Сычева, С. Г. (2000), Проблема символа в философии, Томскго Универстета, Томск.
- Тамарченко Н.Д. (1999), Теоретическая поэтика, Понятия и определения, 291с, Москва.
- Тамарченко, Н.Д (2008), ПОЭТИКА, СЛОВАРЬ АКТУАЛЬНЫХ ТЕРМИНОВ И ПОНЯТИЙ, Кулагиной Intrada, Москва.
- Тимофеев, Л.И. и Тураев, С.В. (1974), Словарь литературоведческих терминов, «Просвещение», Москва.
- Титаренко, Инна (2005), ЭСТЕТИКА (Учебное пособие), Изд-во ТРТУ, Таганрог.

- Томашевский, Борис (1996 ), ТЕОРИЯ ЛИТЕРАТУРЫ ПОЭТИКА, АСПЕНТ ПРЕСС, Москва.
- Томилиной, Елены (2018), ЛЕКСИЧЕСКОЕ СВОЕОБРАЗИЕ ПОЭТИЧЕСКИХ ТЕКСТОВ М. ХЛЕБНИКОВОЙ, «БЕЛГОРОДСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙН АЦИОНАЛЬНЫЙ ИССЛЕДОВАТЕЛЬСКИЙ УНИВЕРСИТЕТ», НИУ (БелГУ), БЕЛГОРОД.
- Тынянов, Юрий (1924), ПРОБЛЕМА СТИХОТВОРНОГО ЯЗЫКА, « ACADEMIA », ЛЕНИНГРАД.
- Тынянов, Юрий (1977), ПОЭТИКА ИСТОРИЯ ЛИТЕРАТУРЫ КИНО, ИЗДАТЕЛЬСТВО (НАУКА), МОСКВА.
- Тынянов, Юрий (1993), Литературный факт, (Высшая школа), Москва.
- Тюпа, Валерий (2009), АНАЛИЗ ХУДОЖЕСТВЕННОГО ТЕКСТА, 3-е издание, Издательский центр «Академия», Москва.
- Ушакова, Т. Н. (2011), РОЖДЕНИЕ СЛОВА ПРОБЛЕМЫ ПСИХОЛОГИИ РЕЧИ И ПСИХОЛИНГВИСТИКИ, Издательство «Институт психологии РАН, Москва.
- Фарино, Ежи (2004), ВВЕДЕНИЕ В ЛИТЕРАТУРОВЕДЕНИЕ (Учебное пособие), Издательство РГПУ им. А. И. Герцена, Санкт-Петербург.
- Фомина М.И. (1978), современный русский язык, Лексикология, Высшая школа, 256 с, Москва.
- Фрейденберг, Ольга (1998 ), МИФ И ЛИТЕРАТУРА ДРЕВНОСТИ, Второе издание, Янко Слава, Москва.
- Фрейденберг, Ольга (1998), МИФ И ЛИТЕРАТУРА ДРЕВНОСТИ, Второе издание, Янко Слава, Москва.
- Хализев, Валентин (2004), Теория литературы, учебник– 5-е изд, испр. и доп, Высш, Шк, Москва.
- Халтрин-Халтурина, Елена (2011), ПОЭЗИЯ ВООБРАЖЕНИЯ" В АНГЛИИ КОНЦА XVIII –НАЧАЛА XIX В, (СТИЛЕВАЯ ДИНАМИКА В ЭПОХУ РОМАНТИЗМА), ИНСТИТУТ МИРОВОЙ ЛИТЕРАТУРЫ ИМ, А. М. ГОРЬКОГО РАН, Москва.
- Ханифович, Галиев (2007), Изучение художественного образа в условиях взаимодействия литературы и живописи, муниципальное общеобразовательное учреждение (Гимназия №2 с. Бураево), Бураево.
- Чернец, Л. В. и др (1999), Введение в литературоведение, Литературное произведение: основные понятия и термины, Наука, 556 с, Москва.
- Шахбаз, Самир (2010), ОБРАЗ И ЕГО ЯЗЫКОВОЕ ВОПЛОЩЕНИЕ (на материале английской и американской поэзии), АВТОРЕФЕРАТ, «Московский государственный университет имени М. В. Ломоносова», Москва.
- Шехурдина Т. А. (2018), РИТОРИКА (Конспект лекций), РОССИЙСКИЙ УНИВЕРСИТЕТ ТРАНСПОРТА (МИИТ), МОСКВА.
- Шкловский, Виктор (1990), Гамбургский счет, Статьи, воспоминания, эссе (1914-1933), Советский писатель, Москва.
- Шпет, Густав (2006), Внутренняя форма слова: Этюды и вариации на темы Гумбольта, Изд. 3-е. Академия Фундаментальных Исследований, 216 с, МОСКВА.

- Штайн, К.Э. и Петренко, Д.И. (2011), Филология: История Методология Современные проблемы, Ставропольский государственный университет, ФИЛОЛОГИЧЕСКАЯ КНИГА (С Г У), Ставрополь.
- Штокмар, М.П. (1933), БИБЛИОГРАФИЯ РАБОТ ПО СТИХОСЛОЖЕНИЮ, ГООУДАРСТВЕННОЕ ИЗДАТЕЛЬСТВО ХУДОЖЕСТВЕННОЙ ЛИТЕРАТУРЫ.
- Эйхенбаум, Борис (1987), О ЛИТЕРАТУРЕ, (РАБОТЫ РАЗНЫХ ЛЕТ), СОВЕТСКИЙ ПИСАТЕЛЬ, МОСКВА.
- Эпштейн, Михаил (1990), ПРИРОДА, МИР, ТАЙНИК ВСЕЛЕННОЙ Система пейзажных образов в русской поэзии, «Высшая шкала», Москва.
- Якобсон, Роман ( 1996). ЯЗЫК И БЕССОЗНАТЕЛЬНОЕ. МОСКВА. «ГНОЗИС». МОСКВА.
- Якобсон, Роман ( 2011), ФОРМАЛЬНАЯ ШКОЛА И СОВРЕМЕННОЕ РУССКОЕ ЛИТЕРАТУРОВЕДЕНИЕ, (РФФИ), МОСКВА.
- Якобсон, Роман (1977), Поэзия грамматики и грамматика поэзии, москва.
- Якобсон, Роман (1983), В ПОИСКАХ СУЩНОСТИ ЯЗЫКА, Семиотика, С.102-117, Москва.
- Якобсон, Роман (1996), ЯЗЫК И БЕССОЗНАТЕЛЬНОЕ, «ГНОЗИС»,
- Янбаева, Эльвина (2017), Художественный образ писателя и его лингвистическая репрезентация в романе «Искупление» («Atonement») Йена Макъюэна (Ian MacEwan), «ЮЖНО-УРАЛЬСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ ГУМАНИТАРНО-ПЕДАГОГИЧЕСКИЙ УНИВЕРСИТЕТ»(ФГБОУ ВО (ЮУрГГПУ), Челябинск.

## ٢/ نامەی زانکۆیی (ئەکادیمی)

### ٢/ ١. کوردی

- ئەحمەد حەمە، هیتلەر (٢٠٠١)، وێنەی شیعری لای نالی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.
- ئەحمەد، ڕێحان ڕەسوڵ (٢٠١٧)، شێوازی شیعری (حەریق)، نامەی ماستەر، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران.
- امین، عبدالقادر(٢٠٠٠) وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانتیکی کوردیدا. کۆلێژی زمان, زانکۆی سلێمانی, سلێمانی.
- حسن، عطا رشید (٢٠١٢)، بنیاتی دەق لە درامای کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١ ڕاپەڕین)، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە/کەلار، زانکۆی سلێمانی.
- حەمەکریم، هۆگر (٢٠١٧)، وێنە لە تاقیکردنەوەی شیعری عەبدوڵڵا پەشێودا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین.
- سعید، نوزاد وقاص (١٩٩١)، شیعری نیشتمانی سالم (١٨٠٥-١٨٦٩)، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.
- عثمان، نوزت أحمد (١٩٩١)، ڕوونبێژی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، بە نموونەی مەلای جەزیری و نالی، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

- عەبدوڕەحمان، عەبدولسەلام (٢٠٠٦)، وێنەی هونەری لە شیعری (شێخ نوری شێخ ساڵح) دا، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- عەبدولڕەحمان، عەبدولسەلام سالار (٢٠٠٠)، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- عەزیز، سامان جەلال (٢٠١٠)، شیعری گۆران و چەمکی ئیمەیجیزم، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- غەفور، شنۆ ئەحمەد (٢٠١٥)، بنیاتی هزری و هونەری لەشیعرەکانی "صابری" دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.
- کەریم، فەرهاد قادر (٢٠٠٩)، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- مستەفا، خەلیل ئیبراهیم (٢٠٠٩)، شیعرییەتی دەق بە نموونەی شیعرە کوردییەکانی (مەحوی)، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.

### ٢/ ٢. عەرەبی

- احمدی، عمر خليل (١٩٩٦)، البناء الشعرى عند ابن زيدون، رسالة الماجستير، كلية التربية، جامعة النبار.
- بابكر، مركز (٢٠٠٠)، لصورة في الاتجاه الواقعي في الشعر السوداني الحديث (دراسة الاسلوبية)، رسالة دكتوراه، كلية اللغة العربية، الجامعة الاسلامية العالمية اسلام اباد.
- البدراني، حسين عليوي (٢٠٠٥)، الصورة الشعرية عند شعراء البديع، رسالة الماجستير، كلية التربية، جامعة ديالى.
- بوعامر، كريمة. ز. يونس (٢٠٠٢)، الصورة في شعر السياب (أنشودة المطر أنموذجا)، رسالة الماجستير، كلية الاداب العربى و اللغات، جامعة الجزائر.
- الجبورى، جاسم، ثامر محمد (١٩٨٧)، الصورة الشعرية عند شوقى، رسالة الماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد.
- الحمداء، جمال (٢٠١٠)، التصوير البياني في شعر جران العود النميري، رسالة الماجستير، كلية الغة العربية، جامعة أم القرى.
- حمدان، سهام (٢٠١١)، الصورة الشعرية فى شعر ابن الساعاتي، رسالة الماجستير، عمادة الدراسات العليا، جامعة الخليل.
- دمنهوري، غادة عبدالعزيز (١٤٢٢هـ)، الصورة الاستعارية في شعر طاهر زمخشري، رسالة الماجستير، كلية اللغة العربية، جامعة أم القرى.
- راشد، عطا (٢٠٠٨)، كتاب البديع فى وصف الربيع (دراسه تحليليه فنيه)، رسالة الماجستير، كلية التربية، الجامعة المستنصرية.
- رمضان، يحيى (٢٠١٣)، الصورة الفنية في شعر الفتوحات الاسلامية في عهد الخلفاء الراشدين، رسالة الماجستير، كلية الاداب، الجامعة الاسلامية-غزة.
- الروخان، محمد (١٩٨٨)، الصورة الشعرية عند العميان فى العصر العباسى، رساله الماجستير، كليه الغه العربيه، جامعه أم القرى.
- السلمي، سليم بن ساعد (٢٠٠٩)، الصورة الفنية في شعر الخنساء، رسالة الماجستير، كلية الغة العربية، جامعة مؤتة.
- صبح، على (١٩٧٣)، الصورة الادبية فى شعر ابن الرومى، رسالة دكتوراه، كلية اللغة العربية، جامعة الازهر.

- الطالب، خالد (٢٠٠٧)، الصورة الادبية وخصائصها اللغوية بين البلاغيين والاسلوبيين، رسالة الدكتوراه، كلية الاداب واللغات، جامعة الجزائر يوسف بن خدة.
- طه الطائي، رفل (٢٠٠٥)، الصورة الشعرية عند الجواهري، رسالة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة المستنصرية.
- عبدالله، كاوه اسماعيل (٢٠٠٨)، الصورة الشعرية في شعر ابن حمديس، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة السليمانية.
- العزاوي، محمد عباس (٢٠١٠)، القيم الجمالية في شعر العصر العباسي حتى نهاية القرن الرابع الهجري (دراسة بلاغية)، رسالة دكتوراه، كلية التربية، جامعة بغداد.
- العكيدي، محمد (٢٠٠٥)، الصورة في شعر المولدين حتى نهاية القرن الثالث الهجري، رسالة الماجستير، كلية التربية، جامعة الانبار.
- عواد، احمد (٢٠٠٧)، الصورة الفنية في أدب الرافعي النثري، رسالة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة المستنصرية.
- غيلان، حيدر (٢٠٠٣)، الصورة الشعرية فى النقد العربى الحديث فى ضوء تأثير النقد الانجليزي، رسالة الدكتوراه، كلية الاداب، جامعة بغداد.
- فارس، لزهر (٢٠٠٥)، الصورة الفنية في شعر عثمان لوصيف، رسالة الماجستير، كلية الاداب واللغات، جامعة منتوري – قسنطينة.
- الفهداوي، سلام عبدفياض (١٩٩٨)، شعر الحكيم (أبي الصلت أمية بن عبدالعزيز الداني ٤٦٠-٥٢٩)، رسالة الماجستير، كلية تربية للبنات، جامعة الانبار.
- كروش، فيروز (٢٠١١)، الصورة الشعرية في ديوان عاشق من فلستين لمحمود درويش، رسالة الماجستير، كلية الاداب والغات، جامعة منتورى-قسنطينة.
- الكناني، دلال هاشم كريم (٢٠٠٩)، الصورة الشعرية في شعر الغزل العذري في العصر الاموي، رسالة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة بغداد.
- محمد، اواز (١٩٩٩)، الصورة الفنيهة فى شعر عبدالوهاب البياتي، رسالة الماجستير، مجلس كلية اللغات، جامعة السليمانية.
- الملكي، أحمد سلمى (٢٠٠٦)، الصورة الفنية في شعر الراعي النميري (دراسة تحليلية نقدية)، رسالة الماجستير، كلية اللغة العربية، جامعة أم درمان الاسلامية كلية الدراسات العليا.
- موسى، صاحب رشيد (٢٠٠٣)، الصورة البيانية في الشعر الاندلسي عصر المرابطين والموحدين ٤٨٤ هـ – ٦٦٨ هـ، رسالة دكتوراه، كلية التربية، جامعة الانبار.
- النصراوي، كريم جاسم (١٩٩٠)، شعر علماء الاندلس في القرن الرابع الهجرى اتجاهاته وسماته، رسالة الماجستير، كلية التربية، جامعة بغداد.
- نصيرة، بلحسيني (٢٠٠٦)، الصورة الفنية في القصة القرانية (قصة سيدنا يوسف- عليه السلام- نموذجا)، رسالة الماجستير، كلية الاداب و العلوم الانسانية و العلوم الاجتماعية- قسم اللغة العربية و ادابها، جامعة أبي بكر بلقايد- تلسمان.
- الوائلي، رعدنا عبود (١٩٩٢)، رثاء المدن فى الشعر الاندلسى عهد الموحدين، رسالة الماجستير، كلية الادب، جامعة الموصل.
- ياخي، ربح (٢٠١٦)، الصورة الشعرية فى ديوان سعال ملائكة متعبين ل " خالد بن صالح"، رسالة الماجستير، كلية الاداب واللغات، جامعة محمد بوضياف بالمسيلة.

**٢/ ٣. فارسى**

- سلاجقه، طاهره ( ١٣٩٣)، صوره خيال در غزليات خواجوى كرمانى، استاد راهنمار: دكتور هوشمند اسفنديار پور، ماسترنامه، دانشگاه ازاد واحد بردسير اسلامى.

- مظفری، علیرضا ( ۱۳۷۵)، صوره خیال در دیوان حافظ، به راهنمایی: دکتور محمد جاوید، دکتور وحیدیان کامیار، پایان نامه دوره دکتری، مشهد، دانشگاه فردوسی مشهد، دانشکده ادبیات و علوم انسانی دکتور علی شریعتی.

## ٢/ ٤. ڕووسی

- Азбукина, Алла (2001), Образ-символ "соловей" в русской поэзии XIX века. Автореферат, диссертации на соискание учёной степени кандидата филологических наук, КАЗАНСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ УНИВЕРСИТЕТ, Казань.
- Борисова, Екатерина (2010), Художественный образ в английской литературе XX века: типология–лингвопоэтика – перевод- диссертация на соискание ученой степени доктора филологических наук. Самара.
- Гладилина, И.В. (2019), СЛОВО: сборник научных работ студентов, магистрантов и аспирантов, Тверь, (Тверской государственный университе).
- Кругликова, Галина (2002), ПРОБЛЕМА ЧЕЛОВЕКА В ФИЛОСОФИИ ИММАНУИЛА КАНТА И ФИЛОСОФСКО-ПЕДАГОГИЧЕСКИХ КОНЦЕПЦИЯХ РУССКИХ МЫСЛИТЕЛЕЙ ВТОРОЙ ПОЛОВИНЫ XIX – ПЕРВОЙ ТРЕТИ XX ВЕКА, Диссертация на соискание ученой степени кандидата философских наук, Нижневартовский государственный педагогический институт, Нижневартовск.
- Львов, Василий (2014), ЛИТЕРАТУРНАЯ КРИТИКА ФОРМАЛЬНОЙ ШКОЛЫ (Ю.Н. ТЫНЯНОВ, В.Б. ШКЛОВСКИЙ, Б.М. ЭЙХЕНБАУМ), Диссертация на соискание ученой степени кандидата филологических наук, Московский государственный университет имени М. В. Ломоносова, Москва.
- Надежкин, Алексей (2015), КОРНЕВОЙ ПОВТОРВ ХУДОЖЕСТВЕННОЙ РЕЧИ М.И. ЦВЕТАЕВОЙ, Диссертация на соискание ученой степени кандидата филологических наук, «Нижегородский государственный университет им. Н.И. Лобачевского», Нижний Новгород.
- Наумова, Наталья (2009), ЯЗЫКОВЫЕ СРЕДСТВА СОЗДАНИЯ ОБРАЗА П. И. ЧИЧИКОВА (НА МАТЕРИАЛЕ ПОЭМЫ Н. В. ГОГОЛЯ «МЕРТВЫЕ ДУШИ»), Автореферат, диссертации на соискание ученой степени кандидата филологических наук, Киров «Вятский государственный гуманитарный уннверситет»
- Плотников, Иван (2019), МЕТАФОРИЧЕСКИЕ МОДЕЛИ И ИХ ПЕРЕВОДЧЕСКИЕ ТРАНСФОРМАЦИИ В ХУДОЖЕСТВЕННОМ ТЕКСТЕ: ЛИНГВОКОГНИТИВНЫЙ АСПЕКТ, Диссертация на соискание ученой степени кандидата филологических наук, Уральский государственный педагогический университет, Екатеринбург.
- Davies Стручалина, Галина. (2018), ПЕРЦЕПТИВНАЯ МЕТАФОРА В РУССКОЙ ЯЗЫКОВОЙ КАРТИНЕ МИРА: ДИНАМИКА И ЛИНГВОПРАГМАТИЧЕСКИЙ ПОТЕНЦИАЛ, ДИССЕРТАЦИЯна соискание учёной степени кандидата филологических наук, «БЕЛГОРОДСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ НАЦИОНАЛЬНЫЙ ИССЛЕДОВАТЕЛЬСКИЙ УНИВЕРСИТЕТ». Белгород.
- Хвостова, Анастасия (2014), ХРИСТИАНСКИЕ ОБРАЗЫ-СИМВОЛЫ В ПРОЗЕ Б.К, ЗАЙЦЕВА. Магистерская диссертация. Алтайская государственная академия образования имени В.М. Шукшина, (ФГБОУ ВПО «АГАО»), Бийск.

- Хрусталева, Анна (2018), МЕТОДЫ РУССКОЙ ЛИТЕРАТУРНОЙ КРИТИКИ ПЕРВОЙ ТРЕТИ XX ВЕКА, Диссертация на соискание ученой степени доктора филологических наук, Саратовский национальный сследовательский государственный университет имени Н.Г. Чернышевского, Саратов.
- Шелестюк, Елена. (1998), Семантика художественного образа и символа (на материале англоязычной поэзии XX века), Диссертация на соискание ученой степени кандидата филологических наук, МОСКОВСКИЙ ПЕДАГОГИЧЕСКИЙ ГОСУДАРСТВЕННЫЙ УНИВЕРСИТЕТ, Москва.

## ٣/ گۆڤار

## ٣/ ١. كوردی

- حیلمی، ڕەفیق (١٩٥٨)، شیعرء شیعرو نووسینی كوردی، گۆڤاری (شەفەق)، ژمارە(٤)، بەرگ (١)، نیسان.
- شارەزا، كەریم (١٩٨٩)، وێنەی شیعری لە دیوانی (كە گڵ ئەبێتە هیمۆگلۆبین)دا، گۆڤاری كاروان، ژ: ٨١ ی كانونی یەكەم، ساڵی هەشتەم.
- كاكەی فەلاح (١٩٨٦)، وێنەی شیعری چییە؟، گۆڤاری (كاروان)، ژ(٤٩)، تشرینی یەكەم، ساڵی پێنجەم.
- كاكەی فەلاح، (١٩٧٤)، لە شیعرە بڵاونەكراوەكانی (سالم)، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٢٥)، چاپخانەی (الزمان)، بغداد.
- گۆران (١٩٧٥)، مەولەوی و شیعری مناسەبات، گۆڤاری (بەیان)، ژ(٣١)، تشرینی دووەم.
- گۆران (١٩٦١)، كۆنی و تازەیی لە هەڵبەستا، گۆڤاری هیوا، ژ(٣١)، ساڵی (٤)، كانوونی دووەم.
- گۆران (١٩٦٣)، نامەكەی گۆران بۆ پیرەمێرد، گۆڤاری (هیوا)، ژمارە(٣٨)، ساڵی(٦)، شوبات.
- گۆران (١٩٩٧٠)، مێژووی ڕەخنە بە كورتی لە كوردیا، رۆژنامەی (ژین)، ژمارە(٤)، ساڵی(١)، پێنجشەممە.
- م.نوری (١٩٢٦)، ئەدەبیاتی كوردی. ڕۆژنامەی (ژیان). ژمارە (٣٨)، ساڵی(١). ٢١ تشرینی اول.
- م.نوری (١٩٢٧)، ئەدەبیاتی كوردی، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە(٥٩)، ساڵی (١)، ٢٤ ی مارت.

## ٣/ ٢. فارسی

- بهمنی، یداللّه و شادی، مهران (١٣٩٠)، صور خیال و صنایع ادبی در غزلیات عرفی شیرازی، مطالعات زبانی بلاغی، شماره چهارم، سال دوم.
- پاشازانوس، د.احمد. رحمانی، عاطفه (١٣٩٥)، بررسی عنصر تصویرپردازی در خطبه اشباح نهج البلاغه، فصلنامه مطالعات ادبی متون اسلامی، ص (١٢٧– ١٤٦).
- پشابادی، یدلله (١٣٩٦)، تخیل خلاقانه و تصویرپردازی مبتنی بر ان در شعر شیرکو بیکس و محمود درویش (با تکیه بر دەربەندی پەپوولە و مدیح الظل العالی)، پژوهش نامه ادبیات کردی، سال دوم، شماره ٣، ص (٨٣ – ١٠٩).

- خان محمدی، محمد (١٣٩٤)، کارکرد عنصر عاطفه و خیال در شعر موسوی گرمارودی، مجموعه مقاله‌های دهمین همایش بین المللی ترویج زبان و ادب فارسی، دانشگاه محقق اردبیلی، ص ( ١ – ١١).
- داراب پور، عیسی و گبانچی، نسرین (١٣٩٥)، أرایه‌ی تشخیص و نقش أن در تصویر أفرینی شعر فریدون مشیری، یازده‌مین گروسجالی بین المللی انجمن ترویج زبان و ادب فارسی ، شماره ٧٣، دانشگاه گیلان
- عصمتی (مینا صدری)، حسین (١٣٩٨)، ترجمان تصویری صور خیال ادبی در شش نگاره شاهنامه تهماسبی، فصلنامه علمی نگره، شماره ٥٢، ص (٢٥ – ٣٧).
- قائمی، مرتضی. طهماسبی، زهرا (١٣٨٩)، جلوه‌های هنری تصاویر تشبیهی در خطبه‌های نهج البلاغه، پژوهش نامه علوی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال اول، شماره دوم. ص( ٧٥- ٩٦).
- محمدی، بانیانی، د.محمد، مهدی (١٣٩٥)، تشابهات و تمایزات صور خیال بیدل دهلوی با نیما. نشریه ادب و زبان، دانشگاه شهید باهنر کرمان، سال ١٩، شماره ٤٠، ص ( ٢٧٣ – ٢٩٤).
- معمارزاده، پیمان و بیرانوندن، نسرین (١٣٩٥)، صور خیال در اشعار قیصر امین پور، مطالعات ادبیات، عرفان و فلسفه، شماره ٢، دوره ٢.

## ٣/ ٣. ئینگلیزی

- Kosslyn, Stephen Michael (1983), Imagery in minds and poems, Poetics Today, Vol, 4, No. 2, Duke university press.

## ٣/ ٤. ڕووسی

- Беляев, Н.И. (2007), ОБРАЗ ЧЕЛОВЕКА В ИЗОБРАЗИТЕЛЬНОМ ИСКУССТВЕ: ИНДИВИДУАЛЬНОЕ И ТИПИЧНОЕ, ВЕСТНИК ОГУ №7/ИЮЛЬ`2007, Оренбургский государственный университет.
- Борисова Е.Б. (2009), О СОДЕРЖАНИИ ПОНЯТИЙ ХУДОЖЕСТВЕННЫЙ ОБРАЗ И ОБРАЗНОСТЬ В ЛИТЕРАТУРОВЕДЕНИИ И ЛИНГВИСТИКЕ Филология, Искусствоведение № 35 (173). Вестник Челябинского государственного университета. Вып. 37. С. 20–26.
- Корнеева Т.А. (2012), ТЕОРЕТИЧЕСКИЕ АСПЕКТЫ ПОЭТИЧЕСКОГО СЛОВОТВОРЧЕСТВА СИМВОЛИСТОВ, Филология и культура, Philology and Culture, Универсальная десятичная классификация. №1 (27). - С.38-42.

## ٤/ ماڵپەڕی ئەنتەرنێت

- http://philologos.narod.ru/classics/jakobson-qel.htm
- http://dar.bibalex.org/webpages/mainpage.jsf?PID=DAF-Job:197466
- https://www.livelib.ru/author/180316-aleksandr-potebnya
- https://biographiya.com/potebnya-aleksandr-afanasevich

## الملخص

تعتبر الصورة إحدى العناصر المهمة والرئيسة والمشاركة في بناء النص الشعري, ولا وجود للنتاج الشعري عند عدم وجود هذا العنصر, ومن خلال الصورة الفنية استطاع الشعر منذ آلاف السنين أن يحافظ على تجربة الإنسان وفلسفته في الحياة وتفكيره وحالاته النفسية وواقعه وأساطيره وملاحمه ورؤيته للطبيعة وتاريخه ومعتقداته الدينية, فضلا عن أن للصورة الفنية دور فعال في الشعر وتؤدي إلى خلق بنية جمالية للنص الشعري وحفظ شعرية النص. وفي النقد الحديث تعد الصور الفنية إحدى المقايس المهمة للناقد في تمييز وتحديد المستوى الفني للشعر. تتناول هذه الدراسة الصورة الفنية في شعر أحد رواد الأدب الكلاسيكي ومدرسة بابان الشعرية في الأدب الكوردي وهو (سالم صاحبقران), بعنوان (بناء الصورة الفنية في شعر سالم), اعتمدت الدراسة المنهج الوصفي التحليلي.

تتألف الدراسة من مقدمة وثلاثة فصول, ثم النتائج التي وصلت إليها الدراسة وقائمة المصادر والمراجع. ففي الفصل الأول (مصطلح ومفهوم وعنصر ودور الصورة الفنية) وهو الفصل النظري, في بداية الفصل تناولنا (مصطلح الصورة الفنية ) و(مفهوم الصورة الفنية), ثم دور الصورة وعلاقتها باللفظ, وعرض للصورة الفنية في الأدب الغربي والعربي والكوردي وعناصرها (اللغة, الفكر, الواقع, العاطفة, اللاشعور).

أما الفصل الثاني (أنواع الصورة الفنية في شعر سالم), وهو فصل تطبيقي, في هذا الفصل من الدراسة قمنا بتحديد وإستخراج وتحليل كل نوع من أنواع الصورة الفنية في شعر سالم بصورة دقيقة, حيث تناولنا الصورة الفنية من حيث كيفية بناءها, وينقسم انواع الصورة الفنية في شعر سالم إلى (بناء الصورة المفردة) والتي تتشكل من خلال (تراسل الحواس, تبادل المدركات, الوصف المباشر, السلوب التشبيه) مع عرض كل تلك العناصر وتلك التقنيات التي تشكل تبادل المدركات والتي تشمل (التجسيم والتجسيد والتشخيص) ثم (بناء الصورة المركبة) والتي تتشكل من خلال (التشبيه المركب) و(تراكم الصور), ويتناول هذا الفصل أنواع الصورة الفنية من حيث (الصورة العقلية والصورة الحسية) وكذلك أنواع الصورة الحسية والتي تشمل الحواس الخمس (البصر, السمع, الشم, اللمس, التذوق), وأنواع الصورة من حيث الموضوع (المحتوى) وتشمل الصورة (النفسية, الفلسفية, الرمزية, الأسطورية), وأنواع الصورة الثابتة والمتحركة أيضا, وفي يتناول في نهايته الصورة الفنية من جهة البلاغة (التشبيه والإستعارة و الكناية), وتحليل كل تلك الأنواع بأمثلة من شعر الشاعر.

الفصل الثالث وهو فصل تطبيقي أيضا بعنوان (مصادر الصورة الفنية في شعر سالم) ويشمل تحديد كل تلك المصادر التي اعتمدها الشاعر في صوره الفنية, وتنقسم على (ذاتي وموضوعي), بداية تناولنا تلك الصور التي مصدرها ذات الشاعر مع تحليلها, ثم المصادر الموضوعية (المحلية والإنسانية), في المصادر الموضوعية المحلية تناولنا أدب السلف, ثم المصادر الشعبية والتراثية حيث ترجع بعضها إلى (التراث الكوردي) واستخدمها سالم كـ(أغنية من التراث الكوردي) وكـ(ملحمة), وفي المصادر الشعبية والتراثية تناولنا ( الأسطورة, الأمثال, العادات والتقاليد) وفي المصادر المحلية تطرقنا إلى (الطبيعة, الواقع) أيضا, وفي المصادر الإنسانية بداية تطرقنا إلى (المصادر التاريخية) والتي تشمل (الحدث التاريخي, الشخصية التاريخية), وتشمل المصادر الدينية كلا من الديانة (الزردشتية والمسيحية واليهودية والإسلامية), ومن المصادر الأدبية للأمم المجاورة التي استطاع الشاعر الإستفادة منها (الأدب الفارسي), كل تلك المصادر حللت بأمثلة من شعر الشاعر.

توصلت الدراسة في النهاية إلى مجموعة من النتائج, قمنا بعرضها على شكل نقاط, ثم قائمة المصادر والمراجع المرتبة ترتيبا هجائيا, ومن ثم ملخص الدراسة باللغتين العربية والإنجليزية.

# Abstract

Imagery is the most prolific element in creating poetry; it has been invented along with the invention of poetry, and without it poetic writing would have been impossible. Through imagery, poetry has preserved the human experience of imagination, thought, and philosophy of life, psychological and factual conditions, legends and myths, man's perspective of nature, of the history of existence and of religious beliefs for thousands of years. Moreover, imagery implies various significant tasks which result in creating aesthetic codes in poetry, as well as preserving the poeticality of a text. Despite all these, in modern criticism, imagery is an important criterion by which the values of the craft of verse are appraised. In this thesis, imagery in the poetry of one the leaders of classical Kurdish literature from Baban school, who is Salim-i-Sahebqran, is discussed. The thesis is entitled "The Structure of Artistic Imagery in Salim's Poetry", and it is written based on descriptive analytic method.

The thesis consists of an introduction, three chapters, conclusions and the references. The first chapter, which is the theoretical part of the thesis, is entitled 'The Concept, the Element and the Task of Imagery'. The concept of imagery is tackled first, and then the notion of imagery, followed by the task of imagery and finally the links between words and images. After that, imagery in Western, Arabic and Kurdish literary criticism is presented, and then the elements of imagery which include language, thought, imagination, reality, emotion and subconscious.

The second chapter of the thesis is a practical part, and it is entitled 'Types of Imagery in Salim's Poetry'. In this chapter, the types of imagery have been extracted from Salim's poetry, and they have been analysed according to their types and characteristics. Firstly, imagery on the bases of the quality of their structure has been presented, and this, in return, is divided into two types in Salim's poetry; the structure of plain imagery, and the structure of complex imagery. The first one is made up by synesthesia, perceived changes, plain description and simile, and they are all discussed in this part along with the techniques which constitute perceived change including personification, embodiment and objectification. Then the structure of complex imagery have been shown, which is made through both the simile of complex imagery and the succession of plain imagery. The second chapter also tackles the types of imagery in terms of senses and cognition. Sensory imagery, which is discussed, here includes visual imagery, auditory imagery, olfactory imagery, gustatory imagery and tactile imagery. Then cognitive imagery has been depicted with its many elements; psychological, philosophical, symbolic, and mythical. This is followed by the depiction of the types of static and dynamic imagery. Finally, imagery in

eloquence which includes simile, metonymy and metaphor, have been presented along with examples and their analyses.

The third chapter, which is also a practical one, is entitled 'The Sources of Imagery in Salim's Poetry'. It covers all the sources which inspired Salim in his use of imagery in poetry. The sources are divided into subjective and objective. At first the images that came directly from the poet himself have been analysed. Later the objective sources, which are divided on local and universal, have been discussed. Out of the local sources, we have started with folklore in poetry and songs, as well as epics which were used by Salim. Then as parts of cultural traditions, other genres such as myths, proverbs and social norms have been tackled, followed by depicting nature and reality as parts of local sources. As for the universal sources, first the historical sources have been tackled which include historical events and historical characters. Following that, the religious sources, including Zoroastrianism, Judaism, Christianity and Islam, are covered, and finally sources from literature of the neighbouring nations, which, in Salim's case, consists only of Persian literature, are presented. All these have been depicted and analysed with examples from his poetry.

In the end of the thesis, the conclusions are presented in several points, followed by the list of references, which are sorted alphabetically, and the thesis is wrapped up with an abstract in both Arabic and English languages.